بریڤانی24رۆژەی شەڕی شاری سنە

# بریڤانی24رۆژەی شەڕی شاری سنە



ن.دیاکۆ زەندی

**ئەم نووسراوەم پێشکەش دەکەم بە گیانبەختکردوان و خەباتکارانی ڕێگای ئازادی و سەرفەرازی. ئەو بەڕێزانەی کە لەم بریڤانییەدا بەشداربوون و ناویان هاتوە، و لەوانە ئەم خۆشەویستانە: ئارام، ئاران، ئاسیرتا، میترا، ئاریز، شاهۆ، شوان، سەی ئەیوب، خەسرەو، و حەمامینی سۆفیپوور...**

## پێشەکی

بەڵگە و دیکۆمێنت نووسنی هەر گەلێک بە پێنووسی خودی ئەو گەلە، یان نووسەرێکی بێلایەن کە بەرژەوەندی تێدا نەبێت، هیچ کەلێنێک لە مێژووی راسڵ پڕناکاتەوە. ئێمە وەکوو گەلی کورد بە چەند هۆییەکی تایبەتیەوە مێژوومان لە لایەن داگیرکەرانەوە چەواشەکراوە. ئەوانیش بە قازانجی خۆیان، یان بە پێچەوانە تۆماریان کردوە.

بە درێژایی مێژووی پاش ئیسلام گەلی کوردیان بە نەتەوەی جن و دێو، دواتر جیایخواز تۆمار کردوە. گەر بە چاوێکی رخنەگەرانە و سەربەست سەیری رەوەندی مێژووە نووسراوەکەمان بکەین. بەباشی مێشکی نووسەرە چاوچنۆکەکانی رابوردوو بۆمان روون دەبێتەوە.

بۆ وێنە لە پەڕتووکی تاج العروسدا لە سەر وشەی کورد وا نووسراوە "ریشەی کورد لە جن هاتوە و یەک لە چواربەشی هەر کوردێک کە لە سەر گویَ زەویندا دەژین، لە تووی جنن. هۆوەکەشی، کوردان لە نەتەوەی بلقیسن. دایکی بلقیسیش جن بووە ... "

ابوالمعین نسفی لە بحرالکلام دا دەڵێت "جنگەڵ چوونە نێو حەرەمی سلیمان و داگیریان کرد. لەویَ کورد دروست بوو... "

مسعودی لە پەڕتووکی بە ناوبانگی خۆی مروج الزهب دا دەڵێت: "هەندێک لە سەر ئەو بڕوان کە کوردان لە منداڵانی کەنیزەکانی سلیمانی کوڕی داودن. کاتێک دەستەڵاتی لە دەستدا نەما. شەیتانی بەناوبانگ، دەچێتە لەشی کەنیزەکانی. ئەوانەی کە پەنایان بە خۆدا هێنا رەزگاریان بوو. بەڵام ئەوانەی کە کافر و منافق بوون بە شەیتان کۆڵیاندا و لیَ دووگیان بوون. جارێکی دیکە کە سلیمان دەستەڵاتی گرتەوە دەست. ئەو کەنیزانە کە لە شەیتان دووگیان بوون شار بەدەر کران، و تاراوەی چیا و دۆڵەکان بوون. لەویَ هێدی هێدی نەتەوەیان زێدە بوو و کوردانیش پەیا بوون."

ئەم نووسروانە نەیان توانی بەتەواوی ئازایەتی و نیشتمان پارێزی کوردان بشارێنەوە. ئەمجارە بە شانازییەوە کوردیان کردوە بە هاوەڕگەزی خۆیان، واتە عەرەب. هەر لە تاج العروسدا، مسعودی دووبارە لە سەر وشەی کورد دەنووسێت "باپیری کوردان، کورد کوری ئۆمەر مزیقیا بووە. "یان هەر لەویَ دەنووسیَ "رەگەزێکی عەرەب بە هۆی دژایەتی لە گەل سلیمان یاخی دەبن و بەرەو وڵاتی عەجم هەڵدێن. کە کوردیان لێدروست دەبیَ." مسعودی لە پێشدا زۆر هەوڵی داوە کە کورد بکات بە جن. بەڵام لەبەر

تێگەشتن و ئازایەتیان دواتر ئەوانی کردوە بە هاونەتەوەی خۆی واتە عەرەب، لە هەمان پەڕتووکدا.

لە سەدەی بیستەمدا و سەرەڕای پەیوەندیە خێراییەکانی جیهانی، نووسەرانی وڵاتی نەتەوەی داگیرکەر وەکوو کەو سەری خویان دەکەتە بن بەفرەوە، و ئاشکرا حاشا لە راستییەکانی خەباتی رەوای گەلان دەکەن. لە پێش چاوی تکنولۆژیکی نوێژەنی رۆژ درۆ دەنووسن. کەسایەتیان ورد دەکەن. شانازییەکانیان دەروخێنن. بۆ ئەوەی کە بڕوایان بە خۆیان نەمێنێ. تا بەبێ دژایەتی کردن سەری خۆیان شۆڕ بکەنەوە و بە دوای پاروە نانێکی رەق و تەقدا سەرگەردان بن. هەروەها هیچ کاتێکیان بۆ نەمێنێتەوە کە بیر لە ژیانی پڕ لە چەرمەسەرێ خۆیان بکەنەوە.

داگیرکەر بەپێی بەرنامەی داڕێژراو و سیستماتیک لە نێو کۆمەڵگادا بە گاڵتە و ناوناتگەنان کەسایەتی نەتەوەکانی ژێردەست، بە دیدی رەگەز پەرەستانەوە دەشکێنن. بۆ وێنە کەسایەتی گەلی تورکی ئازەری، بەم چەشنە وردی دەکەن" لە جۆکەکانیان دا هەمیشە تورک خرە( کەرە) و ئیسفەهانی ئازا و زیرەکە. زمانی فارسی شەکەرە و تورکی گوز خرە ( تڕی کەرە)." بەم شێوازە کەسایەتی منداڵی تورک یان نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە نێو کۆمەڵگادا دەشکێنن، و وردو خاشی دەکەن، تا ئەو رادەیە کە لە خۆی و نەتەوەکەی بێزاربێ و شەرمی پێبکات. بۆئەوە بە ئاسانی لە نێو نەتەوەی داگیرکەردا بتوێتەوە. گەر بە وردی سرنجی کاردانەوەی ئامانجی ئەو کارەی داگیرکەر بدەین، بەباشی هەستی پێدەکەین.

کە لە دەرەوەی ئێران لە هەر تاکە کەسێک پرسیار بکرێت لە کوێیەوە هاتوی؟ لە وڵامدا دەڵێت لە تارانەوە. چۆن پێیان وایە جگە لە تاران شوێنەکانی دیکەی ئێران خەڵکی نەفام و دواکەوتوون. نەتەوەی باڵادەست وا بەئاشکرا، بوونی گەلانیتر نکولی دەکا، جا چۆن مێژووی خەباتیان بۆ بنووسێت؟!

بە داخەوە زۆربەی رووناکبیرانی ئێمەش، کە لە رێکخراوە رامیارییەکاندا کاربەدەستن. لەباری رەوانییەوە، تایبەت بە ئەو خاڵەی کە گەشەی خۆدی تاکەکەسە، و لە سەردەمی منداڵیدا خۆی دەناسێنەوە، گەشەی ئەوتۆیان نەکردوە. یان زۆر کزن. لەو قوناخەی کە منداڵ لە دایک دەبڕێت و کەسایەتی خۆی دەبینێتەوە و خودی خۆی دەناسێت، و بڕوا بەخۆکردن و لێبڕان لە ئامێزی دایکدا. کە لە تەمەنی گەورەتردا دەبێت بە بڕوا بە خۆکردن، لە ئەواندا کەم بەدی دەکرێ.

ئەوەیە دواتر کە دەبن بە بەرپرسیاری رێکخراوەیەکی رامیاری یان کاربەدەستی جێگایەک. ناتوانن سەربەخۆ ئەرکەکانیان بەجێبێنن. ئەوەیە کە هەمیشە مێشک و زمانیان لە ئیختیاری سیخورەکانی نەتەوەی باڵادەستدایە. کڕنۆشیان بۆ دەبن. دەبن بە خۆڵی ژێر پێیان. بەرژەوەندیان دەپارێزن و دەبن بە چاو، دەست و پێنووس ئەوان. چۆن بڕوایان بە خودی خۆیان نییە. ئەمەش هۆی سەرەکی تێشکانی ئەم هێزانە بووە کەدەیبینین و ژانی دەچەشین.

ساڵانی ساڵ لە سەر نووسینی ئەم پەڕتووکە راوستام. هۆوەکەشی ئەوە بوو کە چەندکەس لە بەرپرسیارانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەڵێنیان پێدام کە لە ئارشیوی پاریسی حیزب، هەواڵنامە یان زانیاریەکانی شەڕی یەکمانگەی سنەم بۆ بێنن.

بەداخەوە ئەو بەڵێنانە قەد بەدی نەهات. پاش چەند ساڵ چاوەڕوانی، بۆم دەرکەوت کە ئەو ئارشیوەی پاریس تراویلکەیەک بوو لە بیاوانی گەرمدا. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە کە چەند ساڵ کاتم بەچاوەڕوانی بەفیڕو بچێت.

لەم پەڕتووکەدا هیچ بەڵگەیەکم لە نووسراوەکانی حیزبی دیموکراتوە نەنووسیوە. لەو لاپەڕانەی کە ناویان هاتوە، لە هەواڵنامەی کۆمەڵەدا ناو براون، یان لە زاری خەڵک و هاوکات بۆ خۆم نووسیمە لە گەرماگەرمی رۆژانی بریڤانیدا.

چریکە فیدایەکانیش دوای بەجێهێشتنی شار تۆشی دابەش بوون. نووسراوەکانیشیان وەکوو بیر و بڕوایان پارچە پارچە و لە ئاکامدا ون بوون.

کۆمەڵە بە هۆی رێکوپێکی ئەو سەردەمە، ئارشیوی هەواڵنامەکانی مابوو. لە ساڵی82ی زایینیدا بەیارمەتی چەند هاوڕێیەکی پێشمەرگەی کۆمەڵە، هەواڵنامەی رۆژانی شەڕی سنەمان بە دەست نووسییەوە. لە ئێرەدا رێز و سپاسی خۆم ئاراستەی ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە لە نووسینەوەی هەواڵنامەکاندا ئاریکاریان کردم. هەر چەند بەداخەوە ئەمڕۆ چەند کەسیان نەماون و گیانی خۆیان لەڕێی ئامانجەکانیاندا بەختکرد. جێگایان خالی دەبینم و یاد و رێزیان هەمیشە لە دڵمدا زیندوە.

زۆرترین سەرچاوەی نووسراوەکانم، هی ئەو کاتەی رۆژانی شەڕ بوو، کە بە کورتی دەمنووسییەوە بەکات و رۆژژمێر تۆمارم کردوبوو. چۆن هەر ئەو کاتە بەنیاز بووم لە دەرفەتێکدا بیکەم بە پەڕتووکێک، تا وەک مێژووی ئەم بریڤانییە بمێنێتەوە.

هەر لەکاتی شەڕەکەی نێو شاردا بە یارمەتی چەند هەڤاڵی دڵسۆز، چەند کاتژمێر فیلمی بەڵگەیمان لە شەڕ و بارودۆخی ژیانی خەڵکی نێو شار تۆمار کرد. هەر وەها هاوڕێکی چریکیش کە بەداخەوە دوای چەند مانگێک تیرباران بوو. دوو کاتژمێرێک فیلمی پێدام، لە کاتی بەجێهێشتنی شاردا. من ئەو هەموو فیلمە دیکۆمنتانەم دا بە کۆمەڵەی ناچەی سنە، کە بیان پارێزی بۆ رۆژانی داهاتو. بەداخەوە ئەوانیش وەکوو رەنجی کورد بوون بە دووکەڵ و چوونە ئاسمانی شپرزی و بایەخ نەدان بە بەڵگە و دیکۆمنتدا. یان هێشتا ماون و بێسەر و شوێنن.

لەم پەڕتووکەدا لە وشەگەلی جوان و رەوانی هەموو زاراوەکانی کوردیم کەڵک وەرگرتوە. تەنها بە وشەگەلی رەق و تەقی زاراوەی سۆرانی(کوردی ناڤین) رازی نەبووم. بۆ وێنە وشەگەلی راستەقینە، لێکۆڵینەوە... کە لە خوێندنەوەی ئەم چەشنە وشانەدا لەبەر هەڵتەک و داتەک زار بەباشی کۆ نابێتەوە. ئەمن لە وشەگەلی ساکار وکورت وەکوو راسڵ و پەیجۆر کەڵکم وەرگرتوە. لە زاراوەکانی باکوورەوە وەک زازایی و کرمانجی بگرە، هەتاکوو دێتەوە باشووری رۆژهەلات واتە سنەیی، هەورامی و کەلهۆری کەڵکم وەر گرتوە.

ناوی رۆژانم بە ناوە رەسەنەکانی میترایی ئەوێستایی کە بۆ هەر رۆژێکی مانگ ناوی ئێزەدیکە هێناوە. بۆ ئەوە بە دووپات کردنەوە وەبیری خەڵکیان بهێنمەوە.

هەروەها ناوی رۆژانی هەفتە کە پاش هێرشی ئیسلام گۆڕدرا بە(1،2،3،4،5شەمە)، جمعە. وەکوو ناوە مێژوویەکانی خۆی کە هەزاران ساڵ باو بووە، و لە سەر ناوی رۆژانی هەفتەی لاتینیش کارا و باندۆرا بووە نووسیومەتەوە.

دیارە ئەم نووسراوەش، لە هەڵەی نووسین و کەموکۆڕی ڕێزمان بێبەش نییە. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لەوە نەترسێت کە رەنگە هەڵەی نووسینی بێت. گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ بوێریێ بنووسێت، و راستیەکان بخاتە پێش چاوان. هەموو رخنەیەکی راسڵ بەسەر چاوانم. کە بۆ خۆی یارمەتیدەرە بۆ نووسینێکی تر، و هەروەها بۆ زمانێکی یەکگرتو.

لەم پەڕتووکە بەسەرهاتە مێژووییەدا، نەمویستوە وەکوو گێرانەوەی هەواڵنامە یان شەڕنامە کارەسات و خەباتی بریڤانی بێ وێنەی خەڵکی شاری سنە بنووسمەوە. خوێنەریش بە خوێندنەوەی ماندو بکەم. ئەمن لەناخی ژان و ئەوین، خۆشی و پەرۆشەکانی ژیانی خەڵکم، لە ژینگەی شەڕی ئەو 27 رۆژە نووسییوە. چارەنووسی راسڵی ئەو گەلەم خستوە بەر چاوان، کە لە ژێر بۆردوومانی چڕ و دڕی دوژمندا ژیاون. هەروەها چونیەتی ئاریکاری خەڵک، بۆردوومانی نەخۆشخانەکانی نێو شار. حەوشی ماڵانێک کە ببوون بە گۆڕستانی خۆشەویستانیان، یان ژورەکان ببوون بە نەخۆشخانەی بریندارانیان، و باری دەروونی و رەوانی منداڵان لە سووچی تاریکی ژێرخانەکاندا نووسیوە.

هەروەها بەسەرهاتی ژیانی راسڵی چەند کەسێکی خەباتکار لە رەوەندی رۆژانی شەڕی بریڤانیدا نووسیوە ، تا هەڵبژاردنی رێگای خەباتی دژ بەداگیرکەر و چەوسێنەر.

ئەمە دڵۆپێکە لە زریای خەبات و تێکۆشانی گەلێک کە تامەزرۆی دیموکراسی و ئازادیە. کە بۆ وەدی هێنانی، تەنانەت خۆشەویسترین کەسیان، سامان و رەنجی چەندساڵەیان بەختکرد. بە خوێنی دڵیان دڵسۆزی و شۆڕشگێڕی خۆیانیان بە مێژوو سەلماند، بۆ رەزگاری چینی چەوساوە و نیشتمانە داگیرکراوەکەیان.

لە کوتاییدا سپاس و پێزانینی خۆم، ئاراستەی بەڕێزان کاک رەحیمی ئەمینی دەکەم بۆ بە سەرداچوونەوەی ئەم پەڕتووکە.

هاوینی٢٠٠٠ ن.دیاکۆ زەندی

## بەشی ١

**یەکشەمە(میتراڕۆژ)ی ٣١ی مانگی خاکەلێوەی٢٦٨٠ی کوردی رۆژی ئەنارام (رووناکی بێسنوور)٢٠ی ئاپریلی ١٩٨٠**

---

هەموو رۆژانی هفتە، پێش کازیوەی بەربەیان، پوڵ پوڵ گەنج ولاوان، وەکوو هەمیشە لە ماڵان وەدەردەکەوتن و رێگای چیای ئاوییەریان دەگرتەپێش. پێش ئەوەی کەوی کێوستان بقاسپێنێ و هەتاویش بە تیشکی خۆی سروشتی تەزیوی شەو لە ئامێز بگرێ ، کۆمەڵە لاوێک لەسەر کەڵەکەبەردەکانی لۆتکەی ئاوییەری بوچک بە بەرزایی٢٢٥٠ میتر و لە ژێر باڵی ئاوییەری گەورە٢٥٦٠ میتردا لە بەرەی زریاوە، دانیشتوبوون، و سەیری دیمەنی شاری سنە و چیاکانی دەوروبەریان دەکرد.

بۆنی خۆشی گوڵ و مەرزەکێوی، بۆنی ژاری دووکەڵی نێو شاری دامرکاندوە. شنەی بای دەمەوبەیان، کزەی سەرمای کلیلە بەفری دەهێنا. ماندویی و شەکەتی دەڕەواندەوە و لەشی ماندوی ڕێبۆاری دەبووژاندەوە.

لۆتکەی چیاکان لەسەردەمی دەستەلاتی ساواکدا واتە پۆلیسی نەهێنی شاە، جێگای ئاخەفتن و دەربڕینی بیروڕای رامیاری ڕووناکبیرانی ئەم باژێرە و دەڤەرە بوون.

سیروان سەیری دارتەلەکانی نێوشاری دەکرد،کە هێشتا تیشکی ڕووناکیان دەهاویشت. هێدی هێدی بە هەڵاتنی تیشکی زەرد و سووری ئەرخەوانی هەتاو، لە نێوانی دووچیای شاخەچەرمگ و یوسۆسیاوە، لەزەنجیرە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی شار. تەمومژ بەسەرشار و دۆڵەکانی ئەو دەڤەرە پەرەی دەسەند. بەگەرم بوونی تیشکی هەتاو پڕتر چڕتر دەبوو، تا ئەو رادەیە شار و چیاکانی ژێر ٢٢٠٠میتری داپۆشاند و نەدەبینران. هەروەها لە بن دەریایەکی پەمەیی سپیدا بە یەکجاری نوقوم بوون. بەس چیا بەرزەکانی دەوراندەوری شار وەکوو دوورگەی سپی سەریان لە توێی زریای تەمومژدا دەرهێنا بوو،بە باشی بەم جۆرە دەبینران.

لەرۆژهەڵاتی باکورەوە چیای خلیچیان لۆتەکانی وەکوو، کوچکەرەشی نادر، خەفت سێدارە(سەیارە). لەڕۆژهەڵاتەوە چیای شاخەچەرمگ بەبەرزایی٢٥٥٠م تاکوو کێوەکانی کانی گوڵزار، کۆرکۆرە و شیشەرێ وچەند لۆتکەی دیکەی ئەم زەنجیرە چیایەی نێوان شاخە چەرمگ و شیشەرێ. هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی باشورەوە چیای کۆژە(٢٦٦٦)م، خەسرەوکۆژ(٢٧٢٨)میتر،سوڵتان سەراجەدین(٢٨٤٦م)کانیشێخە٢٨١٠میتر.

لەباشوری شارەوە چیای ئەوالان و دوندی هەوارەبەرزە٢٩٥٠م، لەباشوری ڕۆژئاواوە زەنجیرە چیاکانی ژاوەرۆ و لۆتکەی کوچکسار(٢٩٤٦م)، دوورتر زەنجیرەچیای شاهۆ بە بەرزایی ٣٢٢٥میتر.

لەرۆژئاواوە لۆتکەی پیاژەی کۆرەمیانە٢٩٥٢میتر لە باکوری ڕۆژئاواوە کێوەکانی ئاربێز تاکێوی هەنگەژالە (٢٤٤٠م و لە دوورەوە زەنجیرە چیاکانی چلچەمە ٣١٧٠م چیای قادەرکوژیاگ٢٩٤٦م و هەزارمەردە٣١٢٦م، چیای باینچو شێخمارف٢٨٩٥میتر لە چیاکانی ساراڵ لە باکوری شارەوە وەکوو ملوانکێکی مرواری بازنەی دەوری سنەیان بە لۆتکە بەفرینەوە رازاندوبووەوە. ئەوان بەسەر تەمومژدا زاڵ ببوون، و لە بەر تیشکی خۆرەتاوەوە و لە ژێر ئاسمانی شینی سۆرمەییدا دە دورشانەوە.

هەتاو تیشکی زێڕینی بەربەیانی میترایی خۆی لە چیای شاخەچەرمگەوە هاویشتە سەر لۆتکەی ئاوییەر. ڕەنگی کەوەگ و دێزی مژەکەی سەر شاری، هێدی و ئارام بەرەو ڕەنگی زەرد، سوور و زێڕین دەگۆڕا. ڕەنگی بۆر و چڵکنی تارمایی شەوی لە سەر دیمەنی تەمومژەکە دەسڕیەوە. ئەمجارە وەک زریایەکی دەمەوئێوارە پڕ لە شەپۆلی زەرد و نارنجی ڕەنگی دەنەخشاند. تەنی چاڵایی وکەڵێنی مژەکە ڕەنگی دێزی سێبەری پێووە مابوو، کە وەک شەپۆلی ئێوارانی زریا دەهاتە پێش چاوان.

سیروان و هەڤاڵانی کە پاش ئەوەی ماوەیەک لە سەر کوچکە چوارپاڵوەکانی ئەو کەڵەکەبەردانە رونیشتو بوون و سەیری دیمەنی جوانی سروشتیان دەکرد، هەستانە سەرپێ و بەرەو ئامانیە چوونە خوارەوە.

هەندێک ڕێگا ڕۆیشتن تا کوو گەیشتنە هەور و مژەکە. مژەکە بە بارسایی چل تا پەنجا میتر بوو. ئەوان لە نێو مژەکەوە ڕێگای خۆیان درێژە پێدا.
ئارێز پێوا بوو کە مژەکە خەستە و ڕەنگە بەرپێ خۆی نەبینێت، و خەزی دەکرد لە نێو هەورەوە بڕوات چۆن لە تەمەنیدا سواری فرۆکە نەبووە. تا بەسەر هەوران و تۆی هەوردا بفڕیت، و بزانێت چۆنە.
هەورومژیان بەجێهێشت. وایش ئەستەم نەبوو. بەڵام ئیتر هەتاوی زێڕین و ئاسمانی شینیان نەدەبینی. شێ و شەونمی مژەکە لەسەر گەڵا و گوڵپەڕی گوڵ، دڵۆپەیان بەستو بوو و لەبەر تیشکی ڕووناکی ڕۆژەوە دەدۆشانەوە.
کاتێک گەیشتنە ئامانیە کەوش و پوزەوانەکانیان بە خوناوی شێ بەیانی خووسا بوو. ئارێز و شاهۆ لە تەک ئاکۆدا چوونە نێو چایخانەکەی مامەیارە. بۆ خواردنی ناشتای بەیانی.
سیروان لەئاوی کانیاوەکەی ئەوێ چەند قومێک ئاوی پڕ بە هەر دوو لەپی دەستی خواردەوە. ئەوسا دەستو دەموچاوی لێشۆرد. لە کاتێکدا بەرەو لای دار ئەرخەوانەکانی ئامانیە دەرۆیشت، بە دەستماڵە هەورێشمەکەی گیرفانی دەموچاوی وشک کردەوە.
دار ئەرخەوانەکان تازە گوڵیان پشکوتو بوو. بە لێوی ئەرخەوانی ڕەنگیان بزەی بەهاریان پێووە دیار بوو.
سیروان کاتێکی کورت لە ژێر ئەو دارانەدا دانیشت. سرنجی لەق و پۆی یەکپارچە گوڵی خۆشرەنگی ئەو دارانەی دا. لە پڕ پەپولەی خەونی سیروان بە سەر پەڵە گەنمە ئاوییەکەی لای دەستی فڕی و سەیری ئەو پەڵە گەنمەی دەکرد، کە چۆن بە دەم شنەی باوە دەشنێ و کەرویێشکەیان دەکرد. دار و پەڵە گەنم، بە ئاهەنگی شمشالی لورەی با و خشە و خرپەی گەڵا، سەمایان دەکرد.
جریوە وقاسپەی باڵەندەکان، جوانترین سەمفۆنیای سرۆشتیان بۆ دەژەند. گوڵەگەنمەکان پێکەوە لە ئامێزی یەکتردا سەمایان دەکرد. خۆیان دەلەرزاندەوە و ئارەقەی شەونم و خوناوی شەویان لە سەر برژانگی داسۆیان دەسڕی. کە وەکوو چاوی ئەوینداران لە تاریکی جێژواندا وریشەیان دەهات.
سیروان ئەو هەموو دیمەنە دڵڕفێنەی لەچەپکە گوڵێکدا دەبینی. بۆیە خێرا هەستا و چەند لەق و چڵی پڕگوڵی لە دار ئەرخەوانەکانی کەندەوە و چەپکە گوڵێکی لێچێکرد. بەدەستماڵەکەی بەستیەوە بە ئاوی جۆگەلەکەش خووساندی بۆ ئەوە تیشکی گەرمای هەتاو سیسی نەکات. ئەم دار و گوڵە بزەی خۆشەویستی و یادی ڕابوردووی سیروانی دەبووژاندەوە.
لە ناکاو دەنگی شاهۆ گۆمی مەنگی خەونی سیروانی شەڵەژاند و وتی: سیروان! وەرە شیرەکە سارد دەبێتەوە، هەمووومان لە سەر تۆ ڕاوستاوین.
سیروان کە هاتە نێو چایخانەکە، بەگەرمی سڵاو و خۆشدۆشی لەتەک خاوەنی چایخانەکە کرد. ئەوان دەمێک بوو، ببوون بە دۆست و ئاشنا. بە هۆی ئامشۆی سیروان بۆ ئەوێ. واتە ئەو مشتەرییەکی هەمیشەیی بوو. هەموو ڕۆژێک پێش جوونە سەرکار ناشتای لەوێ دەخوارد.

مامە یارە پیاوێکی بە تەمەنە، و سالانی ساڵە لەوێ کار دەکا و بژیوی ماڵو منداڵی بەو کارەی دەردێنێ. بە روو خۆشیکەوە پەرداخێکی پڕ لە شیری گەرم کە دوو زەردێنەی هێلکەی تێکردو بوو. لەتەک دوو نانی تازەی ساجی، کە هاوسەرەکەی لە سەرتەنووری تەنیشت چاخانەکە لە سەر سێڵ برژاندوبوی. لەگەڵ هێلکەی کوڵاو، و رۆنەکەرەی مەشکە لە نێو سینی و کەشەفێکدا نایە بەر دەستی سیروان. وتی: فەرمو دۆستی بە ئەمەک و هەمیشەی.

مامە یارە پاش ئەوەی یەک، دووکەسی دیکەی وەرێخست گەڕایەوە لای سیروان و لەسەر کورسیەکەی تەنیشتی دانیشت و دەستی لە سەر شانی سیروان نا و وتی: ئەرێ سیروان دەتوانم پرسیارێکت لێبەکەم؟

سیروان: فەرمو مامە یارە! تکایە!

مامە یارە: هۆی ئەوە چییە، ئەمە دوو بەهارە کە تۆ تەنیا گوڵی ئەرخەوان دەبەیتەوە و بەس؟ ئەگەر لە بیرت بێت پاری بەهار ئەو دوو دارە ئەرخەوانم بە تۆ پێشکەش کرد.

سیروان قاقا پێکەنی و هاوکات روومەتی سوور هەڵگەڕا. بەڵام بێ ئەوەی خۆی بدوڕێنێ وتی: ئەی...مامەیارە! هەرکەس خەز لە شتێک دەکات و مینش لە گوڵی ئەرخەوان. بۆ ئەوە لە ئامێزی بۆن و رەنگیدا دەبووژێمەوە. ئەم گوڵە کە دەیبینی، رەمزی ئەویندارێە. بۆیە خۆشم دەوێت.

مامەیارە: ئا... ئێستە تێگەیشتم. رۆژی هەینی وەرە بۆ ئێرە دوو نەمامی ئەرخەوانت بۆ دەردێنم تۆیش لەگەڵ خۆت بیبە و لەحەوشی ماڵی خۆتان شینی بکە. لەوێ بە باشی گەشە دەکات.

سیروان زۆرخۆشحاڵ بوو و وتی: زۆر سپاس! ئیتر تۆیش لە دەستی من رەزگارت دەبێ و لەق و پۆی ئەم دارانەش ناشکێنمەوە.

مامەیارە: دار چییە، زەوی و زارم هەموو شایانی تۆی نییە. من بۆ خۆم هەموو ساڵێک لە مانگی خاکەلێوەدا لەق و پۆی ئەم دارانە هەڵدەپاچم بۆ ئەوە بە هێزتر بێ و باشتر گوڵبدات.

پاش ئەوەی ئەم لاوانە کەژی ئاوییەریان بڕی بوو، و لە هەوای پاخشی سروشتی بەهاری تێر و پڕیان هەڵمژی بوو، فرەیش برسیان ببوو. بۆیە خواردنەکە لە هەوای ئازاد و خاوێندا باشتر بەتامو چێژ بوو.

هەڤاڵان هەستانە سەرپێ و ماڵ ئاوایان لە مامەیارە کرد، و بەرەو ئەمیریە دابەزین.

شاهۆ: ئێژیتا ئیمرۆ خۆڵی مردویان بە سەر شاردا پژاندوە. ئەم تەمومژە زۆر کاری تێکردوم. خۆرپەی دڵم توندتر و خێراتر لێدەدات. چاوانم دەفرێ. ئێوە بێژن کە توشی رێکەوتێکی نالەبار نەبین؟

سیروان: شاهۆ وازمان لێبێنە! گوڵی هەستی هۆنراوەت ئەمرۆ ژاکاوە. بە چاوێکی پرهیواوە سەیری ئەم بەهارە رەندە بکە، کەخۆشترین وەرزی ساڵە. بڕوانە وەرزی ژیانەوەیە، بووژانەوە و ئەویندارییە. پێڵوی چاوانت بە پەرۆشەوە مەبزوێنە! ئاسۆی سووری شیشەڕێ. هەتاوی بێ تین و ورتە ژان و دڵەخۆرپێ ناهومیدی تۆ، هەموویان پێکەوە بوون بە دێوزمەیەکی هار، کە دەیانەوێ تەلەزمە لە دەروونتدا پێکبێنن. تاکوو

ورەت برووخێنن. تۆ دەبێت گەشبین بیت نە رەشبین. گەر دەتەوێ بە شێوەی ئاسای بژیت؟

ئارێز رووی لە شاهۆ کرد و وتی: سیروان راستدەکات. ماڵت نەشێوێت رەنگە تۆ ئاگات نەبێت، دوێنێ شەو من و سیروان کاتێک لە بنکە دەگەڕاینەوە بۆ ماڵی سیروان. توشی چەند ناسیاوێک بووین، کە دەیانگوت هێزێکی زۆری چەکداری رژیم بە تانگ و تۆپخانە، لە کرماشانەوە هاتون و لە فڕۆکەخانەی سنە ستارۆ بوون و ماونەتەوە. دەڵێن " گۆم هەرچێ قووڵتربێت مەلەی خۆشترە ". رەنگە ئەمڕۆ داوین جاربێت کە پێکەوە هاتوین بۆ ئاوییەر و ئەوا دەگەڕینەوە بۆ نێو شار.

ئاکۆ مژێکی قووڵی لەجگەرەکەی دا و بەرەو ئاسمان فۆی کرد و چەند بازنەیەکی لە دووکەڵەکە نەخشاند. بە زەردە خەنەیەکی تایبەتی خۆی وتی: ئەزانن چەس؟ سەر ئێشەی گەرەک نییە! ئەها تواشای خۆرەتاوەکە بکەن. بە هەڵاتن و گەرم بوونی تەمومژەکە خەریکە ئەڕەوێتەوە. خەمی چەتە شاهۆ؟ ئیسە شەڕی نێوانی گەشبینی و رەشبینیە. خۆ ئەوێنین کە رۆشنایی بە سەر تاریکی و تارمایدا زال دەبێت. لە کاتێکدا سەیری شاهۆی دەکرد بەم چەشنە درێژەی بە وتەکانی دا. با بچینە سەر بەزمی خۆمان. گیانی تاتەت (باوکت) گۆرانییەکی سیاچەمانەمان بۆ بچرە. رێگاکەمان سەرو خوار و نشیوە وا بزانە لە کەژ و دۆڵەکانی هەوراماندابن.

شنەی بای شەماڵ دەبزووت، شەونم و خوناوی سەر پرچ و پۆپی گیا و گوڵە کێویەکان، وریشەیان دەهات. هەموو سرنجی چاوی وردبینانەیان بەرەو لای خۆیان رادەکێشا. دڵۆپەی شەتاو لە کلیلە بەفرەکانی نزارەوە تک تک دەرژایە سەر زیخ و خۆڵی سەرڕێ. کۆ دەبوونەوە، و دەبوون بە تووڵەمارێکی زێوین و دەخشایە نێو گژ و گیای داوێنی چیا. تاوێک ون دەبوو دەمێک لە شوێنێکی تر دەهاتەوە پێشچاوان.

کەوی دەنووک سووری هەتاو پەرەست، قاسپە قاسپ دەیخوێند بە سۆز و پڕ هەست. لاژە و حەیرانی بۆ بەهار دەچری بە گەشبینی ژیانێکی سروشتی پڕ هیوا. هەموو مەل و پەلەوەرێک بە هیوای ژیان ئاهەنگی ژیانەوەیان دەخوێند و هێلانە و هێلێنی خۆیان چێدەکردوە. هەموو گوڵ و گیا بە نیازی پەرەپێدان بە رەوتی ژیان، و بووژانەوەی رەگەزی خۆیان، گوڵی ئامانجیان دابوو.

هەرچێ بەرەو شار نزیکتر دەبوونەوە ئاهەنگی بووژانەوەی سروشت کەمتر و کزتر دەبوو. شاری سنەیش کشومات دەهاتە پێش چاو. دارتەلەکان ئارام و هێدی رووناکی هەڵپرووزاوی بەرتیشکی رۆژیان بە رەنگ زەردیەوە دەهاوێژتە دەوروبەری خۆیاندا. هێشتا تاک و تووک، هاتوچووی خەڵک وەگەڕ کەوتو بوو. ئەوان ئەوکەسانە بوون کە بەیانی زوو دەچوونە سەرکار. یان ئەوانە بوون کە کارێکی تایبەتیان هەبوو.

تەمومژی سەرئاسمانی شار بەگشتی شیرازەیان لەیەک پچرا بوو. وەکوو هەڵمی تینی گەرمای زستان لە نێو سینگی ئاسماندا توانەوە. مژی داوێنی چیاکانیش ببوونە پشتوێنێکی سپی لە دەوری کەمەری کەسکی کێوەکاندا.

ئاسۆی رۆژهەڵات بەیەکجاری چاوی هەڵهێنا. تیشکی زێڕینی هەتاو تاجی فەڕی میترایی لە سەر لۆتکەی ئاوییەر دانا. دۆڵ و دارستانی هۆڤ، کپ وکڕ و بێدەنگ بوون. بۆ دەمێکی کورت نەفڕین، نەپرمین، نەبزوین لەسەر لەشی تەزیوی سروشت بەدی

نەدەکرا. هەموو چاوەڕوانی مزگانی ڕۆژ بوون. بۆ بووژانەوە لە سەر لەشی تەزیو و سڕی سەرمای شەو.

خەڵکی شار هێدی هێدی لە خەوی شەو ڕابوون. ورووژمەی هاتوچووی خەڵک زۆرتر پەرەی دەسەند. خەڵکی سنە لە جووڵانەوەیەکی نائاسایی پڕ هەیەجاندا بوون. پوڵ پوڵ پێکەوە پچەیان دەکرد، و ئاگاداریەکیان بە یەکتر ڕادەگەیاند.

پیرە پیاوێکی سەروڕدێن سپی، کە چەند نانێکی تازە برژاوی سەنگەکی بە دەستەوەیە. لەڕێی گەڕانەوە بۆماڵ تووشی چەند ناسیاوێکی بوو. پاش خۆشدۆش کردن وتی: دەڵێن ڕژیم بە هێزێکی زۆرەوە هاتووەتە نێو فڕۆکەخانەی گرێزە! دەیەوێت بێتە نێو شار و شەڕمان پێ بفرۆشێ. یەکی لە دۆستانی کە تەمەنی سەرەوەی 65 ساڵ بوو بە هێمنی وتی: ئەزانی چیە برا گیان؟ ئێمە کوردین! کوردیش بەشی بە شەڕ و سەرکوت کردن بڕاوەتەوە. ئەمن تاکوو بیستومە و لەبیرم بێت هەرشا و گزیرێک هاتوەتە سەر دەستەڵات، زەبرو زەنگی خۆیان بۆ ئەم گەلە بە دیاری هێناوە. دەستی خوێن ڕێژیان بە هوونی گەشی لاوانمان نەخشاندوە. ئێستەش وا بیرمەکەنەوە کە ئەم کۆلکە مەلایانە بە ئاسانی وازمان لێبێنن. جاران بە تاوانی جیاییخوازی ملمان مێوانی پەتی سێدارە دەکرا. بەڵام ئێستا تاوانی بێدینیشمان پێ زێدە کراوە. چارەنووسمان کەوتوتە ژێر دەستی ئاخوند و مەلا. ئەوان کە خۆڕایی خۆری سەرخوانی خەڵک بوون و ئێستە بوون بە سەرەخۆری خەڵک.

پیرە پیاوێکی تر کە لە هەموویان بە تەمەنتر بوو بە یارمەتی گۆچان بە سەرپێیەوە وستا بوو. لۆێ ڕەشتیەکەی تاکوو سەرشاڵ و پشتوێنەکەی شۆڕ ببووەوە، خستییە دەوری ملی. هەناسەێکی هەڵکێشا و وتی: ئەی برایەڵ! من گرانیەکەم باش وەبیرە واتە شەڕی یەکەمی جیهانی. ئەو کاتە داگیرکەرانی جیهان، کوردستانیان کردوبوو بە گۆڕەپانی شەڕی بەرژەوەندخوازی خۆیان. پتر لە یەک میلیون مرۆڤی کوردی تێدا کوژران یان لە برسیدا مردن. شەڕ واتە ماڵ وێرانی، قاتوقڕی، هەژاری و گرانی، نەخۆشی و مردن. ئەمانە هەموو دیاردە و بەرهەمی شەڕن. دوژمن هێزی خۆی بۆ شەڕ هێناوە و هاتوەتە بن گوێ ئێمە. ئەگینا ڕێگای سنووری ئێراق لە نێو شاری سنەوە ناچێت.

هەر چەند شەڕیش لاوەکانمان تەلبرژێن دەکا، بەڵام چارە تەنیا کۆڵنەدانە. شەڕ هاتووە بەر ماڵەکەت، ئەگەر بێدەستەڵات دانیشی، دەتکوژێت و ماڵت بەسەردا دەروخێنێت. هەشت مانگ لەمو پێش هەر ئەم ڕژیمە بەیارمەتی لایەنگیرەکانی موفتیزادە کە هاتنە نێو شار، خۆ لە بیرتانە چییان کرد؟ ڕەشبگیری ئەم ماڵو ئەو ماڵ، تیربارانی شۆڕە لاوانمان لە فڕۆکەخانە بە فەرمانی خومەینی و خاڵخاڵی و ئەرێکردنی مەلا ئەحمەو موفتی زادە.

شوێن نەما نەیکەن بە زیندان و پڕی نەکەن لە کوڕ و کچانی ئەم شارە، بەتاوانی بێدین بوون و کورد بوون. سپاس بۆ یەزدان ماوەی دەستەڵاتی ڕەشیان زۆرکورت بوو. پێشمەرگە شاری لێیان گرتەوە، و کەوتەوە دەستی خەڵک. ئەم ڕژیمە چاوی دیتنی خەڵکی کوردی نییە کە چۆن بەبێ پۆلیس و ژاندارم و سەرباز، بە هێمنی و ئارامی و ئازادی دەژین. لە هەمان کاتدا دیکتاتوری دینی باڵی ڕەشی بە سەر هەموو ئێراندا

ڕاکێشاوە. چۆن جیقلدانی ئەوەیان هەیە کە لە کوردستان خەڵک بە ئاشتی و دیموکراسی بژی و ببێ بە رووگەی شۆرشگێرانی ئێران.

پیاوە ریش سپیەکە نانە سەنگەکیەکانی خستە سەر ئەو باڵەکەی دیکەی لە کاتێکدا هێشتا هەڵمی گەرمی لێ هەڵدەستا و بۆنی سیاوڵەکانی چێژی خواردنی ناشتای بەیانی زۆر دەکرد. وتی: کازۆراو راست دەکەی. بەڵام ئەمن تێناگەم کە ئەم هێزە ئاوا زوو و بەبێ شەڕ چۆن وا بە ئاسانی گەیشتە فرۆکەخانە؟ هێزی پێشمەرگە لە کوێ بوون و چییان دەکرد؟

مامۆ زۆراو: تۆ راست دەکەی کا سوارە! ئەوەش بۆ من و هەموو خەڵکی ئەم شارە پرسیارە. چۆن بەبێ شەڕ گەیشتنە بن گوێمانەوە؟ بەڵام ئەمن پەیجۆری بووم. واش بۆم روون بووەوە کە ئەم هێزە لەڕێ هەمەدانەوە هاتووە. ئەم رێگایە واتە نێوان قوروە و کەلی سەلواتاوا تەنها دیموکراتی لێبوو. ئەوانیش هیچ پێشیان پێ نەگرت، ئاگاداریشی لێدەکەن تاکوو دەگاتە گرێزە. جا بۆ چی؟ رەنگە بەرپرسانی دیموکراتیان لە پێشەوە ئاگادار کردوبێت و ئەوانیش ئەم رێگەیان بۆ هەڵبژاردوە. هۆوەکەشی ئەوەیە کە ئەو پیاوەی بەرپرسیاریان لەسنە ناوی چیە؟ ئا وەبیرم هاتەوە ئەویش ئەحمەوی ناوە بە جێی موفتی ئەم عەزیزیە. بەئاشکرا و بەبێشەرم کردن، رایگەیاند کە ئەوان هیچ کە دژ بە شەڕن لە تەک هێزی رژیمدا، ئامادەن رێگای سنوور یان پادەگانیان پێ پیشان بدن. کاربەدەستانی حیزبیدیموکرات چاوەڕێ ئەوەیان دەکرد بەشکۆ رەحمی خومەینی بفیسێ ئەوان بکا بە کوێخا و گزیری خۆی لە کوردستاندا. بەڵام منالێکی ساوایش دەزانێت کە دەستەڵاتدارانی تاران و قوم، هەر پێیان دەڵێن دژ بەشۆڕش.

کا سوارە: ئەرێ منیش راوێژی ئەو پیاوەم لە بیرە. رۆژێک چوم بۆ بنکەی دیموکرات برێک باس و ئاخەفتنمان پێکەوە بوو. لە ئاکامدا وا تێگەیم کە ئەم کابرایە بارێ گوێزی لێبنە بێ ئەوەی خرەی لێ بێت، دەیباتە مەقسەد. لێگەڕێ مێشکی خۆت بە هیچەوە ماندو مەکە. با بچینە سەر باسی ئەو ئەحمەدەکەیتر واتە مەلاکەیان. ئەو شەوەتان لە بیرە کە ساواک گیرا و پەیکەرەکانی حەمە رەزاشا یەک لەدوای یەک سەروژێرکران. هەر ئەو ئێوارەیە بوو کە مەلا ئەحمەو هاتە سەر شاشەی تێ وێ (تەلەڤزیون)ی سنە. لە کاتێکدا لە سەر کورسیەکی ئاسنگی دوومشقی دابوو، بە دەموقوپانی (پانتۆڵ) قاوەی و کراسی سپی لە تەک کۆتێکی رەشدا رووی لە بینەرانی تێ وێ کرد، و وتی: " ئارام بن خۆدموختاریەکە ئەها وا لە بەخەڵمدایە."

مامۆ زۆراو: ئەرێ رووی رەش بێت. خۆدموختاریەکەی لە بەخەڵیدا گەنی و ڕزی. بۆگەنیوەکەشی گێژ وکاسی کردووە، بۆیە خەریکی هەڵیت و پەڵیت وتنە. بەوبەختە تەنانەت مەنێکی جۆیشیان پێنەدا کە بەڵییان پێدابوو.

ئەمن تەمەنی خۆمم کردووە و لە هیچێک ناترسم. بەڵام بەس خەمی ئەو لاو و گەنجانەمە کە ئەگەر و گرتمان هاتو رژیم شاری گرتەوە، پیاوانی موفتی بیانگرن و بیدەنە دەستی جەلادان و خوێنرژانی تاران و قوم.

ماوەیەکی لەمەوبەر چەکێکی باشم لە بازاری فەیزاوا کڕیوە. ئێستا دەچم هەڵی دەگرم و تا داوین هەناسەم لە ماڵ و زیدی خۆم پارێزگاری دەکەم.

لەم کاتەدا ماشینێکی جیب کە پێنج پێشمەرگەی تێدا بوو لە چەق دەرگای مزگت و بنکەکەی ئەو گەڕەکە راوستان و چواریان خێرا دابەزین. مامۆ زۆراو کە ئەمەیە دی قسەکانی بڕی و بانگی کرد، کاکی پێشمەرگە دەنگوباس چییە؟ ئەم هەموو هەرا و بەزمە کە دەڵێن کە هێزی دوژمن هاتووە گەیشتوەتە کوێ؟ ئێوە دەتانەوێ چی بکەن؟
یەکی لە پێشمەرگەکان کە لە هەموویان بە تەمەنتر بوو وتی: رژیم هێزێکی زۆری بە چەکی سووک و گرانی نۆژەن تەیار کردووە، و دەیەوێ لە ناڤینی شاری سنەوە بڕۆات بۆ سەر سنوور.!؟ ئێمە وەک کۆمەڵە لە گەڵ خەڵک و هێزە رامیاریەکانی نێوشار بڕیارمان داوە ئەم دەستکەوتە ئازادی و دیموکراسیە، کە بە بەهای خوێنی سەدان گیان بەختکردوو وەدەستمان هێناوە بپارێزین. ببوورن ئێمە بە پەڵەین دەبێ بچین بەرەو گریاشان و بلوار چۆن خەڵکێکی زۆر بەرەو ئەوێ چوون و دەچن. ئەوانیش پێویستیان بە پاراستنی ئێمەیە. سواری ماشینەکەیان بوون و بە پەڵە لە پێش چاوان وون بوون. کاسوارە سەری لەقاند و وتی دەک جەرگت بسووتێ خومەینی کە لە خوێن رژشتن تێر نابیت. لەگەڵ پیاوە پیرەکان پێکەوە کاتیان دانا کە ئەوانیش بچن بۆ پێشگرتن لە هاتنی کارەوانی هێزی دوژمن. مامۆ زۆراو وتی ئەمن بە پێ بڕی گریاشان ناکەم دەبێت کەسێک پەیا بکەین بە ماشین بمانگەێنێتە ئەوێ.
کاسوارە: خەمی ئەوەتان نەبێت بە ئازادی کوڕەزام ئێژم بە ماشینەکەی بمان باتە ئەوێ. ئەوسا بانگی کرد ئازاد! رۆڵە گیان وەرە ئێرە. کە ئازاد هاتە پێشەوە پاش سڵاو و لێپرسین گوتی: کارێکت هەبوو باوەگەورە؟
کاسوارە: ئەرێ رۆڵە گیان ئێمە دەمانەوێ بچین بۆ گریاشان، تۆ زەحمەت بکێشە ئێمە بگەینە ئەوێ.
ئازاد:بەسەرچاو!
مامۆ زۆراو رووی لە هەڤاڵانی کردو وتی: نیوە کاتژمێرێکی دیکە باشە؟ هەموویان وتیان گەلێک باشە و هەرکە بەرەو ماڵی خۆیان بڵاوەیان کرد .
دەنگۆ و واتۆوری هاتنی هێزەکانی رژیم بۆ نێو شار دەم بە دەم لە هەموو گەڕەک و دەڤەری شاردا بڵاو ببووەوە. خەڵک پۆڵ پۆڵ و دەستە دەستە لە دەوری یەکتر کۆ دەبوونەوە و بەرەو باشووری شاری سنە، واتە گریاشان و بلوار دەڕۆیشتن.
فڕۆکە جەنگیە فانتۆمەکان و هەلیکۆپتەرە کۆبراکانی رژیم بەسەر شاردا پسا پسا دەسووڕانەوە و خەڵکیان دەترساند. کاربەدەستانی رژیم لە رادیو و تی وی یەکانیانەوە پڕۆپاگەندەی ژاراوی خۆیان دژ بە گەلی چەوساوەی کورد نەدەبڕیەوە، لەراستیدا وتەکانیان هەڕەشە و پەیامی شەڕ بوو، دژ بە نەتەوەی ئاشتی خوازی کورد، کە بەس مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەویست. رژیم دەیەویست شەڕێکی نابەرانبەر و وێرانکەر بە سەر ئەم نەتەوە خۆڕاگرە داسەپێنێ.
ئەو لەشکەرە مەزنە بە سەدان ماشین، تانگ و تۆپ، چەکی گران و سووکی نۆژەن بۆ چی رێگای نێو شاریان هەڵبژاردوە؟ بیانوەکەشی بۆ هەمووان روون و ئاشکرا بوو. بۆ گرتن و دەست بەسەردا راگرتنی شاری سنە و هەموو ناوچە رەزگارکراوەکانی کوردستانە. تا شەوارەی رەشی شەوەزەنگی ئەهریمەنی خۆیان بە سەر خەڵکدا

داسەپێنن. کەڵبەیان وەک ئاژەڵی هۆڤ لە خەڵک ریچ دەکردەوە. تاکوو دوا چۆڕی خوێنیان هەڵمژن و چاو ترسێنیان بکەن.

سیروان لە ژووری کارەکەی ئەم سەر و ئەو سەر هەر دەهات و دەچوو. ئوقرە و ئارامی لێبڕا بوو. روی لە هاوکارانی کرد و بە ئارامی وتی: ئیتر ژوری کارەکەم لێبووە بە هودەی بەندیخانە، یان بە شێوەیەکی ئاسانتر بووە بە قەفەسێکی تەسک و تەنگ. ئیتر ناتوانم تێدا بجوولێمەوە، هەناسە هەڵکێشم یان بفڕم. ناتوانم لە ئەگرە بێدەستەڵات و دوورە پەرێز دانیشم و چاوەڕێ بم، تا بزانم خەڵک و نیشتمانەکەم، شارەکەم تەنانەت خۆمیش توشی چ چارەنووسێک دەبین. ئەمنیش تاکە کەسێکم لە کۆمەڵگای ئەم زید و نیشتمانەدا، دەبێت لە تاڵی و سوێری، یان خۆشی ئەم گەلەدا بە دڵو بە گیان بەشداربم. ناتوانم بە گەستنی زمانم، خۆم بێدەنگ کەم. بە بەستنی چاوانم خۆمی لێکوێر کەم. نامەوێ چارەنووسی ژیانم ببەستم بە خوازی دوژمن یان بە ریتمی ئاهەنگی ئەوان سەمای ئاواتەخوازی مردن بکەم. هەر ئێستا من لە کار و ژیانی ئاسایی خۆم واز دێنم و رێگای خەبات و تێکۆشان هەڵدەبژێرم.

ئێستا من دەچم بۆ پێش گرتنی کارەوانی دوژمن. رەنگە ئەم کاتە دواین جار بێت کە یەکتر دەبینین و دوایین رۆژی کارمیشم بێت لە لای ئێوە. لای ئێوە خۆش و سپاسیش بۆ ئەم ماوەیە کە هاوکارێکی باش بوون. خوازیاری ژیانێکی سەربەرزانە و سەربەستانەتان بۆتان دەکەم. رێگاکەش زۆر دوور نییە. ئێوەش ئەگەر پێتان خۆشە و هەست بە بەرپرسیاری دەکەن و بە ئەرکی سەر شانتان دەزانن، دەتوانن لە تەک مندا یان دواتر بێن بۆ بەرگیری کردن لە هێرشی دوژمن.

کاتێک سیروان ویستی ژوورەکە بەجێبهێڵێت چەند هاوکارێکی بەدەنگ بەرز بانگیان لێکرد راوستە سیروان با پێکەوە بچین. سیروان و هاوکارانی پێکەوە بەرەو گریاشان شوێنی کاریان بە جێهێشت و ماڵ ئاوایان لە کار و ژیانی ئاسایی خۆیانکرد.

سیروان لاوێکی نیشتمانپەروەر و لەسەر خەباتی دژ بە نابەرابەری چینایەتی، و چەوسێنەران سوور و خاراو بوو. ئەو چەرمەسەری و تاڵی و سوێری ژیانی زۆر کێشا بوو. سەرەڕای تەمەنی کورتی لاوێکی کارامە و تێگەیشتو بوو. ئەم دیو و ئەودیوی(کوردستانی رۆژهەلات و باشوور و باکوور)ی زۆرکرد بوو. لەگەڵ بزووتنەوەکانی سەردەمی ژیانیدا ئاریکاری نزیک، و تەنانەت پێشمەرگایەتیشی بۆ کرد بوون. سەرەڕای ئەوە دوو جاران لە لایەن ساواکەوە بە تاوانی شۆڕشگێڕی بۆ ماوەی سێ مانگ زیندانی کرا بوو، بۆیە هەمیشە لە ژێر چاودێری ساواک و روکنی دووی ئەرتەشدا کنتۆڕۆل دەکرا. لە راپەرینەکانی دژ بە رژیمی شادا هەمیشە لە پێشەوە، ئاڵا هەڵگر و دروشم بەدەست، ئەرکێکی گەورە و پڕ مەترسی بە ئەستۆ دەگرت. چەند جارێکیش دژ بە ساواک و چەکدارانی شا شەڕی چەکداری کردو بوو. لە بزووتنەوەی یەکەم دژ بە کۆماری ئیسلامی هەڵوەدای چیاکان دەبێت. پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە کاری گەشەدان بە فەرهەنگی نەتەوەکەی ئاگادارکردنەوەی خەڵک درێژە پێدەدات. لە سەرەتای گەنجیەوە بارودۆخی کۆمەڵگای وادەبینی، کە رۆژێک دێت کە بەبێت بە پێشمەرگە. لای هەڤاڵانی نزیکی خۆی گوتو بووی دەبێت رۆژێک هەڵوەدای چیاکان بم و چەکی پێشمەرگایەتی هەڵبگرم تا لە پێناوی نیشتمان و ئامانجەکانمدا بۆ نەهێشتنی

نابەرابەری کۆمەڵایەتی، چەوسانەوەی چینی ژێردەست و زەبروزەنگی دژ بە مرۆڤ، تا دابین کردنی دیمکراسی و ژیانێکی پڕ لە سەربەستی خەبات کەم.

کاتێک سیروان و ئەوان گەیشتنە گریاشان، دەیان هەزار کەسیان دیی لە وردو دروشت، لە پیر و منداڵ، هەموو پێکەوە مشتیان گرێ کردووە. پێکەوە دیوار و شۆرەیەکی لە ئێسک و گۆشت، سەختتر و پتەوتر لەپۆلا و ئاسنیان چێکردووە لە پێش کارەوانی هێزی داگیرکەردا. خەڵک لە پێشەوە و ئەملا و ئەولای هێزی دوژمنیان تەنی بوو. هەموو بە یەک دەنگ دژ بە رژیم دروشمیان دەدا. کەلە چیاکانەوە بەتایبەت چیای ئاوییەر زایڵەی دەسەند و دەنگی دەدایەوە، چۆکی دڕندەکانی پادەگانی لەشکەری ٢٨ی رژیمی دەلەرزاند. بەرە بەرە لە هەموو دەڤەرەکانی شارەوە کۆمەڵ بە کۆمەڵ خەڵک دەهاتنە سەر رێگای کارەوانی هێزی دوژمن، و دیوارە پۆلایەکەیان پتەوتر دەکرد. بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد" ئێمە شەڕ خوازنین، ئاشتی خوازین، رێگای سنووری ئێراق لە سنەوە ناچێ. مردن و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی و خومەینی. مردن بۆ ئەرتەشی دژ بەخەڵک، نەمان بۆ سپای پاسداران..." گەنجەکان بە رەنگ لە سەر تانگ و تۆپ و ماشینەکانی رژیم دروشمی دژ بە رژمیان لە پێش چاوی ئەفسەران و فەرماندەکانی کارەوانی ئەرتەشی داگیرکەر دەنووسی. ئەوانیش بە سەر شۆڕییەوە تەنیا سەیریان دەکرد و لە ترسدا چۆکیان دەلەرزی. سەربازەکان کۆرپیان کردو بوو و وشک راوستا بوون. فەرماندەکانی سپا نەیان دەزانی چیبکەن. بۆ خەڵک وەک ئاوی خواردنەوە ئاسان بوو کە چەکیان بکەن. بەبێ ئەوەی مەودای ئەوەیان بێ کە دەست بکەنەوە.

بەڵام خەڵکی سنە شەڕخواز نەبوون و نەیان دیەویست شەڕ دەست پێبکات. بۆیە کارەوانەکەیان چەک نەکرد. لە کاتی قاوەتون واتە دەمو نیوەڕۆ هێزەکانی رژیم ناچار بوون بەرەو دواوە بۆ فرۆکەخانە پاشەکشێ بکەن.

خەڵک پاش کشانەوەی هێزەکانی رژیم، بڵاوەیان کرد. بەشێکی زۆری خەڵک گەڕانەوە سەرکار و ئەرکی رۆژانەیان. کۆمەڵێکی زۆریش لێبڕاوانە کە هەستیان بە بەر پرسیاری دەکرد و دەیانزانی کە دوژمن بەرنامەی شەڕی هەیە و بۆ شەڕ ئەو هەموو هێزەی لە چوار گۆشەی ئێرانەوە هێناوەتە بەر دەروازەی شاری سنە. ئەو خەڵکە بەرەو شوێنە ستراتیژیەکانی رێگای هاتنە نێو شار رۆیشتن. بۆ چێکردنی پارێز و سەنگەر، بۆ پاتیاری و پاراستنی شارەکەیان، کە ئەگەری ئەوەی بوو دوژمن لەو رێگانەوە هێرش بێنێت.

ئەو شوێنە ستراتیژیانە بریتین لە:

١..جادەی سنە فرۆکەخانەی گرێزە. کە لە دوورێیانی جامی جەمەوە و بلۆار و جادەی ٢٤ی رێبەندان کە دێتە ناڤینی شار. نزیکترین رێگایە بۆ پادەگان(سەربازخانە) کە لە باکووری رۆژ ئاوای شار هەڵکەوتووە، بە پانتای ٢٤کیلومیتری چوار گۆش کە مۆڵگەی لەشکەری ٢٨ی رژیمە، کە هەزاران چەکداری تێدایە. لە تەنیشتی لەشکەری ٢٨دا، پادەگانی ژاندارمری چێکراوە کەئەوانیش هێزێکی زۆرن و ئەمڕۆ پڕە لە پاسدار. لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا کاربەدەستانی شەڕخوازی دوژمن بە هیلکۆپتر پسا پسا هێزێکی زۆری پاسدار و هێزی خوازیاری شەڕیان هێنابووە ئەم دوو پادەگانە.

لە سالآنی رابردوودا بۆ پەرەسەندنی پادەگان زەوی و مەزرا، تەنانەت ماڵی خەڵکی دێی کەمێزیان کە دەکەوێتە نێوان پادەگان و چیای ئاوییەری گەورە، بە زۆر داگیرکرد و بە خەڵکی کەمێزیان چووڵ کرد بوو. ئەو دەڤەرەیان کرد بوو بە مەیدانی تیر،و هاتو و چووی خەڵک بۆ ئەویَ پاوەند کرا بوو.

٢...شوێنی پادەگان لە خۆشترین جێگای شار هەڵکەوتووە. ئەم شوێنە لە نێوان گوندەکانی کەمێز و ئاوییەری گەورە لە رۆژئاوا. دێی سوورەئەزە لە رۆژهەلآت و دێی ئاجگەرە لە باکوورەوە. لە باشوورەوە گەرەکی گردیگەڕۆڵی شار، کە تەنیا پانتایی جادەی مەریوانیان لە نێواندا بوو. لە باکووری رۆژئاواوە زەنجیرە تەپۆڵکەکانی نێوان سەربازخانە و چۆمی نەوەڕەیە، کە زۆربەی ئەم کێوەنزمانەیان کرد بوو بە زاخە و نێوەکەشیان پڕ کردبوو لە کەرەسەی چەک و تەقەمەنی کە بەشی چەند ساڵ شەڕی دەکرد.

٣...رێگای چەم شار: واتە لە فرۆکەخانەی گرێزەوە بە درێژایی٣٠ تا ٣٥ کیلومیتر رێگا. لە بناری رۆباری چۆمیشار قشلآخ (سیروان) بە نێو دارستانی چڕ و پڕی گوندەکانی گرێزە، ئاساوڵە، قشلآخ، بەرازان، نایسەر و باوەرێز تا دەگاتە دێی نەنەڵە. لە نەنەڵەوە شێوەی رێگای دارستانی دەگۆڕدرێت بە رێگای نێوان تەپۆڵکە و مەزرای دێیەکانی نەنەڵە و سوورەئەزە تاکوو دەگاتە پادەگان. هەر چەند لەم رێگاشەوە چوار رێی دیکە بەرەو نێو شار جیا دەبێتەوە. وەکوو رێی چەمی گریاشان و دگەران، دوو رێگای تازە و کۆنی قشلآخ. هەروەها جادەی بەرەو شاری سەقز لە کەلی فەیزاواوە بۆ نێو شار. ئەم رێگەیە لە راستیدا رێگای بەرەو گۆرستانە نە زیندومانە، بۆ هێزەکانی رژیم. لە سەر ئەم رێگەیە دوو پردی مێژوویی هەیە. یەکەم پردی ئەمانولآخانی ئەردەلآن کە لە چوار کیلومیتری رۆژهەلآتی شاردایە و بە درێژایی ٨٥میتر و پانایی شەش میتر و بەرزی لە بەرەی ئاوی چۆمەکەوە دوانزە میترە. ئەم پردە لە شەش پاکڵەی گەورە و شەش پاکڵەی بچووک بە ئاجۆر واتە خشتی سوور چێکراوە.

پردی دووهەم واتە پردی شێخ کە ئەویش لە خشتی سوور لە سەر هەمان چۆم سەدان ساڵە چێکراوە و خەڵکی ئەو دەڤەرە بە سەریدا ئامشۆی شار دەکەن.

٤.. لە باشووری رۆژئاواوە واتە رێگای گرێزە بەرەو قەرەیان و خانەگا تا دەگاتە سەر جادەی حەسەن ئاوا و نێو شار ئەم رێگایە دە کیلومیتر دەبێت.

٥..قەلآی نێو شار: ئەم قەلآیە لە سەر تەپۆڵکەیەک بە بەرزایی بیست میتر لە بەرەی شارەوە چێکراوە. قەلآ دەروانێتە سەر گەڕەکەکانی: ناودۆمەکان،سەرتەپۆڵە، ئاخەزەمان و ناوگەورەکان(گاوەر)، قەتارچیان، بازار و چەمی دەرەبەیان، سەرپردی مەلاوەیسی و شەفەقەتشا. ئەم قەلآیە لە سەردەمی دەستەلآتی سلێمان خانی ئەردەلآندا لە سالّی ١٦٣٢ی زاینی دروست کراوە. لەو کاتەوە تاکوو چەند دەیەیەک لەموپێش ناوەندی دەستەلآتداری حکومەتی کوردستان بووە. هەر حاکمێک پاش سلێمان خان هاتوەتە سەر دەستەلآت ئەم قەلآیەیان گەورەتر و جوانتر رازانوەتەوە. ئەمانولآخان سالۆن و کوشکێکی تایبەتی لێ دروست کردووە. کە بنەکەی بە مەرمەڕی روون و سپی فەرش کردووە و، لە سەر دیوارەکانیدا وێنە و پەیکەری هەڵکەندرویان هەڵواسی بوو. هەر وەها لە نێو هۆڵەکاندا وێنەی مرۆڤە بەناوبانگەکانی جیهان وەک وێنەیەکی زۆر گەورەی

ناپلیونی مەزنی فەرانسی و ئەلەکساندری ئەمپراتووری رووس و چەند دیمەنێک لە وێنەی شەڕە بە ناوبانگەکان لە سەر دیوارەکاندا کێشرا بوون. وێنەی یانزە والی(پاشا)ی ئەردەڵان و تابلۆیەکی جوانی دیمەنی رۆبار و پردی قشلاخیان هەڵواسی بوو. دایرەتو مەعارفی ئیسلامی نووسیوەتی کە ئەم تابلۆ و وێنانە هەتاکوو ساڵی١٩١٧ز مابوونەوە. ئەم بینا مەزنە درێژایەکەی نیوەی ئەم خیابانەی ئەمڕۆی شاپوور بووە. لەوێ جێگای چەند باخی مەزن و دوو گەرماو دەیان ژوور و هۆڵی گەورە، چەند ئەستێر(هەسێڵ)ی بووە کە چەتەکانی رەزاشا وێران و تاڵانی دەکەن. هەموو شتی ئەنتیک و زێڕ، شوێنەواری پڕبەهای دەبەن بۆ تاران و دەیفرۆشن بە موزەخانەکانی جیهان.

ئەوان بە بەرد و کەرەسەی ئەو قەڵا مێژوویە یانەی ئەفسەران و ستادی ئەرتەش و شارەوانی(شارەداری) چێدەکەن.

قەڵا شوێنێکی ئێجگار ستراتیژی نێو شارە. لە سەر قەڵاوە مرۆڤ دەکارێ بە باشی خیابانەکانی دەوروبەری ناوەندی شار تا هێزی چەک بڕ بکا کۆنترۆڵ بکات.

دوای پاشەکشێ دوژمن و بڵاوە بوونی خەڵک بەرەو گەڕەک و شوێنە ستراتیژیەکانی شار بۆ چێکردنی بریکارد و سەنگەر، خیابانی٢٤ی رێبەندان واتە جادەی بلوار،لە ئاستی ماڵە بەردینە سازمانیەکانەوە تاکوو بلوار، بوو بە شوێنی دروست کردنی مەتەرێز.

کاتێک تینی گەرمای رۆژ، لەشی تەزیوی شەوی دەبووژانەوە و گەرای ژیانەوەی سروشت گەشەی دەکرد. کۆمەڵ، کۆمەڵ خەڵکی ورد و دروشت، هەموو پێکەوە شان بە شانی یەکتر، خەریکی کار بوون. کاری بەگەل کردن. پیرە پیاوێکی سەر و ریش سپی لە تەک چەند گەنجێکدا خەریکی هێنانی بەرد و ئاسن بۆ سەر جادە قیرتاوەکە بوون. پۆلێکی ژن و کیژ خەریک بوون گۆنی و تەلیسیان لە خۆڵ و زیخ پڕ دەکرد. چەند پیاوێکیش دەیان بردە سەر جادەکە و لە بەر دەستی چەند کەسێک کە لە چنین و چێکردنی دیوار و مەتەرێزدا شارەزا بوون دایان دەنا. بەم شێوەیە هەموو بە یارمەتی یەکتر لە دروستکردنی سەنگەر و بەستنی جادە و رێگاکان بەشداربوون، کارەکە بە خێرایی دەچووە پێشەوە.

ئەمڕۆ شاری سنە تایبەتمەندێکی ئەوتۆی هەبوو. کە هەموو پێکەوە وەک یەک گیان بن لە یەک جەستەدا، بەباشی رێکدەکەوتن و ئاریکاری یەکتریان دەکرد. هەموو هەستیان بە بەرپرسیاری دەکرد. بەرپرسیاری لەوەی کە بە هەر چەشنێک بێت دەبێ ئەو ئازادی و دیموکراسیە کە لە کوردستاندا ستارۆ و سەقامگیر بووە بیپارێزن. رێ بەداگیرکەر نەدەن کە بێت ئەم ئازادی و سەرفەرایە لێیان بستێنێ.

ئەمڕۆ هەموو خوێندگەکان داخرا بوون، خوێندەوار و ماموستاکان لە مەیدانی پراکتیک و کاردا ئامۆژیان دەبینی. هەروەها وانەی پاراستنی نیشتمان و ئازادیان بە کردەوە تاقیان دەکردەوە. رواڵەتی شار سەرنجڕاکێش بوو، مرۆڤ کاتێک ئەوەی دەبینی ئەسرین و فرمێسکی شادی لە چاوانی خۆیدا هەست پێدەکرد. شادی بۆ ئەو هەموو ئاریکاریە. شادی بۆ ئەوەی کە گەورە و بچووک هەست بە بەرپرسیاری دەکەن. شادی بۆ ئەوەی کە هەموو بە دڵخوازی خۆیان کاریان دەکرد بەبێ ئەوەی کەسێک فەرمایان پێبدات.

دەمەو نیوەڕۆ واتە کاتی خواردنی فراوێن، هەر کەس خواردنێکی پێبوو دەیخوارد ئەوانەش کە هیچیان پێنەبوو، دڵیان نەدەهات کارەکەیان نیوە و ناتەواو بەجێبهێڵن و بۆ خواردن لە وێ دوور بکەونەوە.

لەم کاتەدا واتووری بڵاو بووەوە کە چەند سەربازێک لە نێو هێزی دوژمن هەڵهاتوون و خۆیان داوە بە دەستی پێشمەرگەوە هەواڵی تازەی هێزەکانی دوژمنیان هێناوە بۆ هێزە رامیاریەکانی نێو شار.

ئارێز بە ئاماژەی دەستی، سیروانی بە میترا پیشان دا و وتی: میترا ئەوە سیروانە کە تەلیسێکی خۆڵی بە سەر شانەوە هەڵگرتووە، وەرە تاکوو بچین بۆ لای. میترا و چنوور چەند دانە ساندەویجییان کڕی بوو، و لە تەک خۆیاندا هێنایا بوویان بۆ سیروان و ئارێز. ماوەیەکی زۆر ئەملا و ئەولا گەڕابوون تا لەئاکامدا لە وێ دەیان بیننەوە. کاتێک سیروان گۆنیە خۆڵەکەی دانا و ویستی بچێت یەکێکی دیکە بێنێت، ئارێز بانگی لێکرد سیروان! وەرە بۆ ئێرە!

سیروان بەرەو دەنگی ئارێز ئاوری دایەوە، کە میترای دی، روومەتی پڕ لە ئارەق و تۆزی سوور هەڵگەڕا بوو. گورج چوو بۆ لایان. چنوور و میترا هاتنە پێشێ و سڵاو و ماندو نەبوویان لێکرد. سیروان بەگەرمی وەڵامیانی داوە و بە میترای وت ئەمڕۆم لە بیرم بوو، دەمەویست دوای کار بتبینم بەڵام ئەم کارەساتەی ئەمڕۆ بەرنامەی تێکدام سەرەڕای ئەوە، دامناوە هەر ئەم ئێوارەیە بتبینم.

میترا وتی: دەزانم! ئەم ماوەیە کە پێکەوین باش تۆم ناسیوە پێویست بەوە ناکا سیروان گیان کە وا بێژیت. ئێستە وەرن با لە سەر ئەو سەنگەرە نزیکە دانیشین کەمێک خواردنمان هێناوە تا خراپ نەبووە با پێکەوە بیخوین .

هەر چواریان لە تەنیشی یەکتر رونیشتن. میترا لە نێو نایلۆنێکدا چەند پاروە نانی ساندەویجی دەرهێنا و بەشی هەر سێیکیانی دا یەکێکی بۆ خۆی هەڵگرت.

چنووریش چوار شوشەی خواردنەوەی کولای لە نێو جانتاکەی شانی دەرهێنا و دابەشی کرد.

میترا: ببوورن خوارنەکە سارد بوتەوە و خواردنەوەکانیش گەرم بووگن. هۆوەکەشی ئەو بوو کە بە مەزەنە، ماوەی دوو کاتژمێرە بە دواتاندا دەگەڕین خانەی ژینۆ ئاوەدان بێت کە وتی ئێوەی لە ئێرە دیوە.

سیروان: دەستتان خۆش بێ کەوا لە بیری ئێمەدا بوون. سپاسیش بۆ ئەم فراوێنە کە بۆ ئێمەتان سەندووە. هێشتا خواردنەکەیان تەواو نەکرد بوو ژینۆ لە دوورەوە بە بزەی سەر لێوانی، وەکوو هەمیشە بە دەفرێکی گەورە، پڕ لە خواردنەوەی کولا کە بە زەحمەت دەجوولایەوە هاتە پێشەوە لای سیروان و هەڤاڵانی. پاش خۆشدۆش و لێپرسین وتی: تاوێکی لەموبەر لە دوورەوە تۆ و ئارێزم دی کە لە نێو خۆڵ و ئارەقدا خووسا بوون. هەستم کرد کە لە بەر ئەم خورەتاوەوە چەندە تینووتانە. ئەمن لە بەر ژانی دەستم کارم پێ نەدەکرا. ئەوەم بە باش زانی کە بچم تا دەتوانم خواردنەوەی ساردتان بۆ بکڕم. چەند دوکان گەڕام تەنانەت تا بەر کافە شیرینیش رۆیشتم تاکوو سی دانە خواردنەوەم پەیدا کرد .

ژینۆ چوار دانە کولای ساردی تەرزەیی لە نایلۆنێک پێچا بوو دەری هێنا دای بە سیروان و وتی: کاکە گیان! ئەمانە تایبەتی ئێوەیە لە نێوی سەهۆڵ و یەخدان دەرم هێناوە، سەیرکە هێشتا نیوەی رچیاگە و بەستویەتی ئەوانی دیکەی دەبەم و لە نێوانی ئەو خەڵکە دابەشی دەکەم.

ژینۆ دەفرەکەی بردە چەند هەنگاوێکی ئەولاتر، یەک کولای بۆ خۆی هەڵگرت و ئەو بیستوپێنجەکەی تری دابە دەستی پیاوێکی بە تەمن و وتی: مامۆ گیان! زەحمەت بکێشە ئەمانە بدە بەو کەسانە کە تینوویانە. ئەوسا گەڕایەوە بۆ لای سیروانی هەڤاڵی. بە سیروانی وت: دیاریەکەتم لە دوکاندا هەڵگرتووە! کەی دەبیێتەوە؟ تالە وێ بم .

سیروان: لەکاتی زەردەپەڕی ئێوارەدا لە وێ بە، من دێم بۆ ئەوێ. باشە؟ کەی و چکاتێک پێت باشە پێم بێژە ؟

ژینۆ: باشە ئێوارە کاتژمێری پێجونیو.

سیروان باشە، بەڵام ژینۆ دەزانیت ئەمڕۆ تۆ لە دوکاندا کارت زۆرە؟

ژینۆ: بە سەرسووڕمانێکەوە وتی کاری چی؟

سیروان: ئەوە بزانە کە ئەمشەو دوژمن هێرش دێنێتە سەر خەڵک. بەیانیش شار دەبێ بە ئاگربارانی چەکەکانی دوژمن. تەنها ئەمڕۆ تۆ دەتوانی کەڵ و پەلی نێو فرۆشگەکەت بگۆزیتەوە ماڵێ. لە بیرت نەچێ بڕۆ هەر ئێستا ئەو کارە بکە.

ژینۆ ماوەێک راما و بیری لێکردەوە. پاشان وتی: سپاس سیروان! راست دەکەیت. دەبێ بچم بە ماشین هەموو شتێک بگۆزمەوە ماڵێ، چۆن سۆزی(بەیانی) دەرفەتی ئەوەم نابێت. ئیدی بە یارمەتیتان؟ لای ئێوە خۆش تا ئێوارە.

ئارێز و چنوور پێکەوە کاریان دەکرد و سیروان و میترایش شان بە شانی یەکتر بە دەم کارکردنەوە دەردی دەروونی ئەویندارى خۆیان بۆ یەکتر هەڵدەرشت. ئەوان حەزیان دەکرد ئەم کات و رۆژە قەد تەواو نەبێ. واتە کات و زەمان بەوستایە، تاکوو زۆرتر پێکەوە بن. لە هاتنی ئێوارە و شەو بێزار بوون چۆن جیایی بەدواوە بوو.

ژنێکی دووگیان و پاوەمانگ، سرنجی سیروانی بە خۆەوە راکێشا کە بەبێ پارێز خەریکی کاری گران بوو. سیروان ئارامی لێبڕا. لەگەڵ میترا چوونە پێشەوە و پاش سڵاو پرسیاریان لێکرد ببوورە ناوت چییە؟

گۆتی ناوم تریفەیە! بۆ چی کارێکتان بوو؟

سیروان: نا تریفە خانم! دەمەوێ تەنیا شتێکەت پێ بڵێم.

تریفە: فەرمو!

سیروان: ئەوەش دیارە کە ئەمڕۆ رۆژی ئاریکاریە، و خۆ پاراستنە لە بەر هێرشی دڕندانەی هێزی داگیرکەری رژیم. هەر چەند مرۆڤ هەست بە ماندویی ناکات، بەڵام نابێ هەموو بێ پارێز وەکوو یەک کاری سەخت و گران بکەن. بە تایبەت ئێوە کە دووگیانن. جا چۆن ئاوا خۆت دەپڕووکێنیت و شتی قورس هەڵدەگریت؟ ناترسی مناڵەکەت زیان کەیت ؟ تۆ دەتوانیت کاری سووکتر بکەی و کاری گران دانە بۆ ئێمەگەل

تریفە: کاکە گیان جا چیبکەم؟ من ناتوانم بەتاڵ دابینشم و چاو لە خەڵک بکەم. یان پەنجە لە سەر ئەژنۆ هەڵپێکم. ئەمنیش تاکە کەسێکم لە دانیشتوانی ئەم شارە. شایی و

شیوەن هی هەموومانە. من ناتوانم خۆمی لێ گێل کەم. دەمەوێ منیش وەکوو ئەم مرۆڤانە کە دەیبینین گیانی خۆم و منالێشم لە پێناوی پاراستنی نیشتمانم و ئامانجەکانیدا بەخت بکەم.
میترا: بژی تریفە خانم! تۆ تێبکۆشە ئەو منداڵەت ساق و تەندوروست بێ، ئەوسا باش پەروەردەی بکە، کە لە داهاتودا ببێ بە پاڵپشتی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی نیشتمانەکەت. ئەوەیە راژ و خزمەتێکی مەزن. باشترە بگەڕێتەوە گەڕەکی خۆتان، لەوێ خەباتی خۆت بۆ بەرز راگرتنی ورەی هاوسێیەکانت درێژە پێبدە.
تریفە: دادەگیان ببوورە دڵم نای ئەم دیمەنە جوانە بەجێبهێڵم.
سیروان: خۆت دەزانی! بەڵام ئاگات لە تەندروستی خۆت و کۆرپەکەت بێت. بە یارمەتیت ئێمە دەبێ بچین کار کەین. ماڵاوایان لێکرد و بە جێیان هێشت.
لە گەرماگەرمی کاردا بوون، کچێک وتی سڵاو کاک سیروان! سیروان ئاوری داوە وتی: سلاو زیلان خانم! ئەتۆ لە ئێرە چدەکەی و لە مێژە هاتوی؟
زیلان: منیش وەکوو ئێوە و ئەو هەموو خەڵکە. ئێوارە لە یانەی ماموستایان کۆبوونەوەیەک هەیە سەبارەت بە بار و دۆخی ئەمڕۆ، و هەلومەرجی ئەگەری ئەم شەڕە کەرژیم هێناویەتە دەروازەی شار. گەر بتوانن بین زۆر خۆشحال دەبین. کاتەکەیشی چواری پاش نیوەڕۆیە. لە بیرت نەچێت چاوەڕێتین.
سیروان: زۆر سپاس بۆ ئاگاداریت! باشە، لەوێ دەتبینین. بە یارمەتیت زیلان خانم! ئێمە دەمان ئەوێ بچین بۆ خیابانی جامی جەم تا لە وێ مەتەرێز و پارێز چێبکەین. چۆن ئیتر کارێکمان لە ئێرە نەماوە.
زیلان: ئەگەرهەندێک کارم نەبۆایە منیش لە گەڵتان دەهاتم. هەتاکوو ئێوارە لای ئێوە خۆش.
سیروان و هەر سێ هەڤاڵەکەی پاش ماڵ ئاوایی لە زیلان، بەرەو جادەی جامی جەم لە رێگای خیابانی ویلاپارکەوە کە نزیکترین رێگا بوو وەرێ کەوتن .
کاتێک ئەمان گەیشتنە جامی جەم کۆمەڵێکی خەڵکیان دی کە خەریکی کار بوون. چەند کەسێک بە بۆلدیزێر خەریکی هەڵکەندنی خۆڵی قەراخی جادەکەبوون. پولێکیش لە گەنج ولاوان بە پێمەرە و خاکەناز گۆنی و تەلیسیان لێپڕ دەکرد، و کۆمەڵێک دەیان گواستەوە سەر جادەکە بۆ چێکردنی سەنگەر یان بەستنی رێگای هاتنی ماشینەکانی دوژمن. ئەمانیش کە گەیشتنە ئەوێ، شانیان لێ شل کرد و، لەگەڵ خەڵکی ئەوێ بە خێرایی کاریان دەکرد.
سیروان سەرەڕای ئەوە خۆشەویستەکەی لە لای بوو، بەڵام دەروونی پڕ لە تاسەی خەمی میترا بوو. لەوە دەترسا کە ئەمڕۆ رەنگە دوایین رۆژ بێت کە وا بە ئاسانی میترا لە نزیکەوە دەبینیت. جار و بار سرنجی جوانی میترای دەدا، سەیری بەژنو باڵای باریک و بەرزی دەکرد و، لە بینینی تێر و تەسەل نابوو. بۆ سیروان چەندە جوان بوو روومەتی پرشنگداری میترا لە نێو ئەو کراسە کوردیە گوڵخار رەنگە، کە پڕ بوو لە گوڵی وردیلانەی سپی رەنگ، وەکوو ئەستێرەکانی ئاسمانی دەمو بەیان دەدرۆشانەوە.
سیروان میترای لە سەر بەردێکی گەورە دانا. تێر و پڕ سەیری روومەتی دلڕفێنی ئەوینەکەی کرد. لەم چرکەیەدا دڵی سیروان خێراتر لێدەدا. حەزی دەکرد لە ئامێزی

بگریێ و تێرووپڕ کۆڵمە کەشەکانی و ولی تازە پشکوتی گوڵباخی لێوانی رامووسی. لە کاتێکدا هەردوو دەستی میترای نابووە نێو هەر دوو لەپی دەستی وتی: میترا تۆ نازانیت ئەم تۆز و خۆڵەی سەر رووومەتت، چەندە تۆی دلڕفێن و جوانتر کردووە؟ باری تۆز لە سەر شەپۆڵی بەرویی رەنگی قژە کرژەکەت، لە سەر برۆ و برژانگەکانت کە رەنگی لێگۆراوە لەتەک چاوانی کەسکتدا ژیانی نێو دارستانی وەرزی هاوین وەبیر دێنێتەوە. ئەو وردە دلۆپە ئارەقەی نێو تەوێل وسەر کۆڵمی سوور و گەردەنی زەردت، وەک مرواری لە بەر تیشکی خۆرەتاو دەدورشێنەوە. ئای چەندە خۆشتم دەوێت و دەتپەرەستم ...دەنگی چنوور رازی ئەویندارى سیروانی گۆڕا و وتی: ببوورە کاک سیروان و میترا! وەرن با بچین بۆ ماڵی خۆشکی ئارێز کە بانگهێشتی کردوین بۆ خواردنی نیوەڕۆژە.

کات بەرەو سێی پاش نیوەڕۆ خواردەبووەوە. ئەوانیش هەستیان بە ماندویی و برسیەتی دەکرد سەرەڕای ئەوە ئیتر کارێک نەمابوو بیکەن.

سیروان و ئارێز لە کاتی چواری بەیانیەوە تا ئێستا بە سەرپێیەوە بەبێ پشوودان خەریکی کار و جووڵانەوە بوون. لەم ماوەیەدا ناشتایان لە ئامانیە خواردووە و ساندویجێک نیوەڕۆ.

هەر چواریان بەقەد سەد مێترێک لە کۆڵانێکی هەورازدا سەرکەوتن تاکوو لە سەر تەپۆڵکەیەک و لە ئاستی دەروازەیەکی ئاسنی گەورە، کە تایبەت بۆ هاتنەوە ژووری ماشین چێکرابوو راوستان. ئارێز لە زەنگی دەروازەکەی دا. کاتێک پاڵی پێیەونا دی نەبەستراوە، کردیەوە کە بچێتە ژووری سەیری کرد خۆشکی شیرین خەریکە دێتە بەروپیریانەوە. هەرلەدوورەوە سڵاوی کرد و گوتی خۆش هاتن سەرچاوان! فەرمون وەرنە ژوورەوە.

میترا کە یەکەم جاری بوو دەهاتە ئەوێ شەرمی دەکرد بەڵام چنوور لە بەر خزمایەتی ئامشۆیان بوو و یەکتریان دەناسی. سیروانیش بە هۆی ئارێزەوە چەند جار چووبووە ئەوێ و ببوون بە ناسیاوی یەکتر. تەنها میترا پێویستی بە ناساندن بوو.

پاش ناساندن هێشتا گۆنای میترا وەکو گوڵاڵەی بەهار سوور و گەرم هەڵگەڕابوو. سیروان وەپێشی خۆی خست و بەئەسپایی پچاندی بە گوێدا، شەرمی ناوێ! خۆشکی ئارێز بێگانە نییە. راحەت بە و هەست بە ئارامی بکە، باشە دڵەکەم؟

میترا: باشە!

هاتنە نێو حەوشێکی گەورە کە ئەستێرێکی خڕی بازنەیی تێدا چێکرابوو. لەوێ دەست و دەموچاویان شۆرد و تۆزی سەر قژ و چل و بەرگەکانیان تەکاند. ئەوسا چوونە ژوورەوە. ئارێز بە شیرینی وت: میترا خانم هاوکلاسی چنوورە و دۆستی نزیکی کاک سیروانە و هەم چاوی راستی ئێمەیە.

شیرین: هەمووتان خۆش هاتن سەرچاوانم، بەتایبەت میترا خان، پێڵاوی بە سەر پێڵۆی چاوانم. هیوادارم ئێرە وەکوو ماڵی خۆیان بزانێت و شەرم نەکات. فەرمون دانیشن با ماندویتان دەرچێ.

خانۆەکەیان نوێ و تازە چێکرابوو. پانتایی ژووری روونیشتنەکەیان سی مێتری چوارگۆش دەبوو. هەروەها رووناک و ئاوەدان. بنەکەشی بە مافوری دەستکردی سنە

وەکوو لاکێش، جوقەچارەکی، جوقەی دووگرێ و تۆپی، گوڵمیزا ئەلی، گوڵو بۆڵبۆڵ، کڵاوفەرەنگ، سێ تورنج و ماسی دەرهەم فەرش کرابوون. ئەم مافورانە کە شێوازی هونەری ژنانی هونەرمەندی کوردستانن، وێنەی سروشتی نیشتمانەکەیان بە ئەو پەڕی جوانکاری هونەریەوە، تێدا نەخشاندو بوون.

لە قالییەکی سێ لە چوار میتری ماسی دەرهەم دا، کە لە ژێری سیروان و هاوڕێیانی ڕاخرابوو، ئەو ژن و کەنیشکە تەونکەرانە سروشتی زیدەکەیان بەم چەشنە بە هیلمە و تان و پۆ نەخشاندو بوو. لە ناڤینی مافورەکەدا زێیەکی شەش پالوی پڕ لە ئاوی بەفراوی چیاکانی دەوروبەریان چنی بوو. کە پڕ بوو لە گیانداری ئاوژی. بەتایبەت لە ماسی ڕەنگاورەنگ، لێوەلەر بوو لە شەپۆلی ژیان و مانی سروشت. لە نێوانی زێیەکە و بازنەی زەنجیرە چیاکاندا، دەشت و مەرزای پڕ لە گوڵ و بەرهەمی بژیوی ژیان تێکەڵ بە ماڵ و کۆخ و وارگەی مرۆڤ. لەچیاکاندا کلیلە بەفر و لەوەڕگا و گوڵ، کە هەمیشە پاڵپشتی گەلی کورد بوون، لە بەر هێرش و تالانی داگیرکەران. پشتی چیاکان دەشت و مەرزا چۆم و ڕۆباری پڕ لە ئاو، ڕەوەی گیانلەبەرانی کێوی و دەستەمۆ. ئەو هونەرمەندە تەونکەرانە، خۆشەویستی خۆیان بۆ نیشتمانەکەیان بە تانوپۆی دەزو و بەن بە کەرەستەی سروشتی خۆمخانە ڕەنگکراو ڕازاندوتەوە. ئەگەر ڕۆژێک ئەندازیارانی شارەوانیەکان سرنجی ئەم هونەرەی ژنان بە دیدێکی هونەری بدەن، زۆر شتی لێ فێر دەبن، بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان. بەڵام هەموو چاوێک وەکوو یەک نابینێت و هەر پەنجەیەک کارامەی هونەر ئافراندنی نییە.

دەوراندەوری دیوارەکانی ژوورەکەش بۆ پاڵدانەوە، پشتیان دانابوو. پشتییەکان بە ئەستوری دەستو پەنجەیەک و پانایی نیو مێتر و درێژایی مێترێک چێکرا بوون. هەموویان لە نەخشی ماسیدەرهەم بوون. نێوی پشتییەکانیش لە کوڵەشی گەنمە ئاوی ئاخنرابوون. کە لە زستاندا گەرم و لە هاویندا فێنکە. هەر وەها بۆ پاڵدانیش نەرم و خۆشن. مرۆڤیش پاش ماوەیەک هەستی بە ماندویی نەدەکرد و ڕەنگی سپیاوی دیوارەکانیش پشتی ڕەنگ نەدەکرد.

شیرینیش بە بزەوە سەرەڕای ئەوە کە هێشتا ماندویی کار و ئەرکی نێو ماڵ و منداڵ پێیەوە دیار بوو، وەکوو پەپووڵە بە دەور و پشتی مێوانەکانیدا بەبێ پشوودان دەسووڕایەوە. پاش هێنانی میوە و خواردنەوەی سارد، چای هێنا. ئەوسا گەڕایەوە بۆ ژووری چێشت لێنان تا کارەکەی نیوە چڵ نەمێنێ.

سیروان پاش خواردنەوەی چاییەکەی، پیالەکەی هەڵگرت و چوو بۆ لای شیرین، وتی شیرین خانم بەبێ خۆڵک، حەز دەکەم چ کارێک لە دەستم بێ پێم بڵێ با یارمەتیت بدم وا بزانە من ئارێزم.

شیرین: نا! سپاس! هیچ کارێکم نەماوە. تەنیا چەند پرسیارێکم لە سەر ئارێز هەیە. ئەگەر وڵامم دەدەیتەوە تاکوو پرسیارت لێبکەم؟

سیروان: فەرمو تکایە بێژە!

شیرین: جاران ئارێز و چنوور هیچ نێوانێکیان نەبوو. پێکەوەش ناسازیان، بەکورتی دانەیان بە یەکەوە ناکۆڵیا و هەر خەریکی شەڕ بوون. بەڵام ئێستا زۆر کۆکن. هەر چەند زۆرم پێخۆشە، بەڵام حەز دەکەم بزانم چ باسە؟

سیروان پێکەنی و وتی شیرین خانم ئەو دەمە ئەوان منداڵ بوون. ئێستا گەورەن و جۆرێکیتر بیردەکەنەوە. شتێکت پێ دەڵێم باش گوێم لێبگرە. کات و زەمان زۆر ناسک و کورتە. رەنگە ئەمە دواجار بێت کە یەکتر دەبینین. مرۆڤ نازانێت لەم هەڵومەرجەدا تاوێکی دیکە چ پێش دێت. ئارێزی برات لە تەک چنووردا شێت و ئەویندارى یەکترن، هەردووکیان لە سەر ئەوە ساقبووەوە کە هاوین پێکەوە زەماوەند بکەن، پاش تەواوبوونی خوێندنی چنوور. ماوەی ساڵ و نیوێکە ئەوان شەیدای یەکترین. تەنیا من و میترا بە رازی خۆشەویستی ئەوان دەزانین. حەز ناکەم بێژی بۆ ئارێز لای منەوە باسی نەکردووە. ئێستا کاتی ئەوە نییە، دەتوانی دوایی لە خۆی پرسیار بکەی. لە زۆر کاتدا هەڤاڵی نزیک جێ متمانە و رازدارترە لە ئەندامانی بنەماڵە. ئەوەش تۆ بۆ خۆت باش دەزانیت.

لە کاتێکدا شیرین لە خۆشیدا نەیدەزانی چیبکات. هەندێک ئەم پێ و ئەو پێ کرد. تیشکی خۆشی لە روومەت و چاوانیدا دەگەشایەوە. ویستی بڕوات و هەر دووکیان لە ئامێز بگرێ و تێر ماچیان بکاتەوە. بەڵام سیروان پێگوت: لە سەر خۆبە! چۆن چنوور فرە شەرمێن و هەستیارە، دەبێت زۆر بە هێمنانە پاش ماوەیەک ئاخفتن و وتو وێژ خۆتی لە نزیک بکەوە ئەوسا بە ئارامی پیروزبایی پێ بڵێ. ئەگینا لێت زیز دەبم. ئەوەش دەدەم بە دەستی خرەد و ژیری خۆت. ئێستە من دەچمە ئەو دیو، ئارێزت بۆ بانگ دەکەم، و چنووریش تێدەگەێنم کە وا تۆیش دەزانی و پێم گۆتویی.

سیروان هاتەوە نێو ژووری دانیشتن بۆ لای هەڤاڵانی و بە سەرخۆ بە ئارێزی وت: ئارێز ئێستا نۆرەی تۆیە کە یارمەتی خۆشکت بدەیت.

چنوور هەستا سەرپێ و وتی ئێوە دانیشن ئەمن دەچم یارمەتی شیرین خانم دەدەم.

سیروان: نا ! با ئارێز بچێت، چۆن من کارم بە تویە پاشان نۆرەی تۆیش دەگات.

دوای ئەوەی ئارێز ئەوانی بەجێهێشت، سیروان رووی لە چنوور کرد و وتی: کچێ گۆێ بگرە بزانە دەڵێم چی. هیچ دەزانیت لە دڵی شیریندا جێگای خۆتت باش کردوتەوە؟ چۆن ناوی تۆی داناخست. راستەکەی ئەوەیە من هەموو شتێکم پێگوت لە نێوانی تۆ و ئارێز و رازی ئەویندارێتان. چنوور مات و بێدەنگ بوو. رووومەتی گەشی وەکوو بڵێسەی ئاگر سوور هەڵگەڕا، دڵۆپەی ئارەقی شەرمی نێو چاوانی وەک شەونمی سەر پەڕەی گوڵ تیشکی دەدایەوە. چاوە شینە جوانەکانی لە تۆی برژانگی رەشدا هەڵهێنا و لێوە ئاڵەکانی وەکوو ولی گوڵەباخ پشکوت. بە دەنگێکی پڕ سۆز گوتی: کاک سیروان بریا باست نەکردبایە، ئیدی نازانم بڵێم چی.

میترا: ئەوە راسڵ و راستییکە، کە هەر رۆژێک بێت دەبێت نێوانتان ئاشکرا بێت. ئەویندارێش ئەرکێکە کە حاشا هەڵناگرێ. باشە تۆ شانس و بەختت هەیە بە هۆی خزمایەتیەوە دەتۆانن ئامشوی یەکترین بکەن. من لام سوورە کە ماڵباتی هەردوولاتان رێخ ناخەنە سەر رێگای بە یەک گەیشتنتان.

مەگەر لە سەر ئەوە رێک نەکەوتون کە هاوین پێکەوە زەماوەند بکەن؟ ئەوە دوو، سێ مانگی تر هاوینە. دەبێت رێگای بۆ خۆش بکەن، تەنانەت ئێستاش هەر درەنگە و کاتیش زۆر ناسکە.

سیروان لە کاتێکدا دەستی میترای لە نێوانی لەپی دەستی چەپی نابوو و بە دەستی ڕاستی بە ئارامی دەیولاّیی، درێژەی بە وتەکانی میترای دا و وتی: من و میترا هەر وەکوو مەم و زین بەبێ یەک ناتوانین بژین. هەروەها هەموو ئەویندارى راستەقینەش وا بیر دەکەنەوە. ئەوین تاوان نییە، بەڵکوو هەست و کردەوەیەکی پیرۆزە. هاوکات کۆڵەکەی مرۆڤایەتیە. ئەوینە کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە. ئەوەی کە لە ئەوین تێناگات لە نێو دۆزەخی رەق و قینی دەروونی خۆیدا دەسووتێ و دەیەوێ هەموو جیهان بە نەخۆشی دەررونی خۆیەوە بسووتێنێ. یان بیانکا بە وشکە سۆفی مێشک پوچەڵ. دەزانم چنوورخان کە ئەم کەم روویە و شەرمە لە کوێیەوە ئاو دەخواتەوە. بۆیە تۆ و کچانی تری جیهانی سێهەم بە تایبەت کۆمەڵگایەک کە ئایین بە سەر داب و نریتدا زاڵە، شێوەی پەروەردەکردنی کۆمەڵیش دەگۆڕێت. ئەو سوچ و تاوانە بە ئەستۆی فەرهەنگی پاشەڕۆی بەسەردا سەپێنراوی کۆمەڵگاکەمانە. کە بووە بە هۆی ئەوە کە ژنان نەوێرن داخوازی دڵیان باس بکەن. بێدەنگ و ماف خوراو بن. دەبێ ئێوە ژنان بۆ وەدەست هێنانی مافی رەوای خۆتان خەبات بکەن، چاوەڕێ چارەنووستان بە دەستی کەس و کارتان نەکەن. چۆن داب و نەریتی ئایینێ کۆمەڵایەتی رێگەیان پێنادا دان بە مافی ئێوەدا بنن. تۆ دادە گیان! نازانم، رووم نییە، چی بڵێم... هیچ دەردێک دەرمان ناکات. لە سەرخۆ و ئارام راز و خوازی دەروونت باسکە. قەد مەترسە، چۆنکو هەر کەس ترسا دۆڕاندی.

چنوور: باشە! بەقسەت دەکەم بەلاّم بە یەکدەست چەپڵە لێ نادرێت.

سیروان: منیش دەڵێم ئەگەر بە یەکدەست چەپڵە لێبدرێت دەنگی نایت. بۆیە تاکوو دەنگی بێت و گوێ کۆنەپەرەستان کەڕ بکات دەبێ چەند دەستێکی دیکەش بێن و ببن بە هاو دەست و هاو دەنگ. ئێوە هەنگاوێک هەڵبگرن ئێمەش شان بە شانی ئێوە پشتیوانیتان لێدەکەین. ئەوە نییە کە خەبات بۆ گۆڕان دەکەین. ئەوەش بزانە کە تۆ (ئێوە) تەنیا نین. وەک کەژەوانێکن کە لە ئاستی زەنجیرە چیایەکی سەختدا راوستاون. ئەگەر بێتو هاوار بکەن دەیان جار بە دەنگێکی بەرزتر زایەڵەی دەنگی خۆتان دەبیستنەوە. واتە ژیان ئەو زەنجیرە چیا سەختەیە کە هەمیشە ئامادەیە، بەس یەکەمکەس دەبێت هاوار بکات تاکوو ئەوانیش بە هاواریەوە بێن.

چنوور: تۆ و ئارێز وەک یەک بیر دەکەنەوە، چەند خۆش بوو هەموو کەس وەکوو ئێوە هاو بیر و ڕامان بوایە.

سیروان: چنوور گیان زۆربەی خەڵکی ئەم شارە وا بیر دەکەنەوە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران لێمان گەرێ.

هەندێک جار چەند کەس یان کوڕ و کۆمەڵێک لە باری هات و چوو، خۆ و خدەوە وەکوو یەک دێنەوە واتە هاوڕەوشت دەردێن. ئەم پۆلە دەتوانن پێکەوە زۆر نزیک ببنەوە. جا بۆ بە هێز کردنی ئەم دۆستایەتیە ڕێبازێک پێویستە. ئەگەر ئەم کوڕ و کۆمەڵە هەموویان یەک ڕێبازیان بێت دەبن بە یەک گیان و یەک مێشک لە چەند جەستەدا. یەکیان ئێش و ژانی بێت، هەموویان هەست بە ژان دەکەن. یەکیان شاد بێت هەموویان بە شادی ئەوەوە شاد و سەربەستن. ئێمەش زۆرمان خاوەنی یەک رامانین بۆیە وەکوو یەک بیر دەکەینەوە. ئاکار و کردەوەمان بە شیمانە وەکوو یەکە.

من پێم باشە کە چنوور بچێت بۆ لای ئارێز و شیرین. ئەوسا رووی لە میترا کرد و وتی: تۆ رات چییە بچی یان نا ؟

میترا: منیش وام پێ باشە کە بچێت. چنوور هەستا سەرپێ و بەرەو ژووری چێشت لێنان رۆیشت و ئەمانی بە تەنها بە جێهێشت. هەر چەند میترا و سیروان زۆریان پێ خۆش بوو، کە ساتێک بە تەنیا بن تا دەردی ئەویندارى خۆیان بۆ یەکتر هەڵرێژن.

میترا بە نیگەرانیەکەوە وتی: سیروان گیان! من زۆر نیگەرانم کە شەڕ دەست پێبکات و ئیتر نەتوانم بە ئاسانی بتبینم! سەرەڕای ئەوە کە چەندە دەترسم کە زوانم لاڵ بکوژرێ، یان ئەگەر و گرتمان رژیم شار داگیر بکا، ئەوسا تۆ ئیتر ناتوانیت لە نێو شاردا بمێنیتەوە و هەڵوەدای چیاکان دەبیت. ئەوسا من چیبکەم؟ چۆن بەبێ تۆ بژیم؟ ئەویندارى و ئەمەکداریم چی لێدێ؟ خەریکە مێشکم بتەقێت. بۆیە حەز دەکەم ئەوەندە لێت نزیک ببمەوە کە دەنگی خورپەی دڵ و رەوتی خوێنی نێو دەمارەخوێنبەرەکانت بژنەوم و هەستی پێبکەم.

میترا پاش قسەکانی ئەسرین لە نێو چاوانیدا قەتیسما بوو. سرنجی چاوانی لە هی خۆی نیگەرانتری سیروانی دا و لە پڕ بە گەرمی لە ئامێزی گرت و تێر و پڕ ماچی کردەوە. دڵۆپەی ئەسرینەکانی بوو بە فرمێسکی گەرم و خوڕخوڕ بە سەر گۆنای سوور و ناسکتر لە گوڵپەری گوڵەباخ شۆڕ ببووەوە. تەنانەت رومەتی سیروانیشی پاراو کرد. سیروان کە هەستی بە فرمێسکە گەرمەکانی چاوانی میترا کرد، گۆرج فرمێسکی سەر گۆنا و چاوانی میترای سڕی و وتی: ئەی میترا، خۆشەویستەکەم! من حەز ناکەم ئەو چاوە کەسک و جوانەت سوور و پڕ لە فرمێسک ببینم. تۆ خۆت دەزانیت کە چەندە خۆشتم دەوێت! چەندە پێمخۆشە کە ڕوومەتی گەشی هەتاویت بە زەردەخەنەوە هەمیشە ببینم. کە بۆ من لە هەموو دیمەنێکی سروشت جوانترە. دوبارە سەر کوڵمە گەشەکانی وشک کردەوە و رایمووسی، دوایی سەیری چاوانی کرد و وتی: گیانەکەم! پەیمانم پێبدە ئیتر ئەو چاوە جونانەت بە فرمێسکەوە نەبینم، جگە لە زەردەخەنەی بە سەر ئەو لێوە ئاڵ و دڵرفێنەت نەبێت. باشە گیانەکەم؟

میترا کە هێشتا دڵی پڕ و کەیل بوو نەیتوانی بە زمان وڵام بداتەوە، بەس بە سەر بەلێنی دا.

سیروان: دەزانیت ئەمرۆ چ رۆژێکە بۆ من و تۆ؟

لە کاتێکدا هێشتا میترا دەنگی نووسا بوو بە ئەسپایی بە بزەوە گوتی: ئەرێ یادی خۆش. پارێ ئەمرۆ ئێمە پێکەوە ئاشنا بووین ئەویندارییمان دەستی پێکرد. ئەم ماوەی یەک ساڵە چەندە خۆش بوو. ئای لە شەڕ کەماڵوێرانکەرە و هەموو شتێک دەگۆرێت. تەنانەت چارەنووسی مرۆڤیش لە دەستی خۆدی مرۆڤ دەتەرازێنێت.

سیروان: دەزانم گیانەکەم شەڕ هۆی کۆشتن و ماڵوێرانیە، تاراوەیی و دەربەدەریە، و هەزاران بەوبەختی و هۆکاریتر. بۆیە ئێمە وەک گەلی بندەست و چەوساوە، شەڕخواز نین چۆن بەرژەوەندی ئێمەی تێدا نییە. ئەوە داگیرکەر و سەرکوتگەرە کە شەڕخوازە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دەستەڵات و تاڵان کردنی کان و سامانی نیشتمانی ئێمە و هەروەها چەوسانەوەی هێزی کارمان. ئەوان بۆ راگرتنی دەستەڵاتی دژ بە مرۆڤانەیان ئامادەن خوێن برێژێنن. ئەگەر ئەمجارە نەبێ بە جەنگ، هیوادارم کە نەبێت. دەبێ من و

تۆ ڕێگا چارەیەک بۆ دەردی ئەویندارییمان ببینینەوە. بابت حەز دەکا کە تۆ درێژە بە خوێندن بەدەی. زۆر باشە ئەمنیش دژی ئەوە نیم بە پێچەوانە زۆریشم پێ خۆشە. ئەمن چاوەڕێت دەبم.

ئەگەر بوو بە شەڕ ئیتر چارەنووس بە دەستی کارەساتە. گەر زیندو بمێنم هەر چاوەڕێت دەبم و بە ئەوینی خۆم ئەمەکدارم. لە پڕ ئارێز هاتو گوتی وەرن خواردن ئامادەیە!

سیروان و میترا سەیری یەکتریان کردو پێکەوە وتیان ئەمجارەش قسەکامان تەواو نەبوو...هەستان و پێکەوە چوون بۆ ژووری خواردن، لە ڕێگەدا سیروان بە میترای وت: ئەوەت لە بیر بێ کە ورەی باش، برینی ناسۆری ئەوینمان زون و سارێژ دەکات.

کە هاتنە ژووری خواردن، سیروان سرنجی هەڵسو کەوتی شیرین و چنووری دا. چنوور وەکوو ئاسکەمامزی کێوی، خەرامان خەرامان دەهات و دەچوو. دوو چاوە ڕەشەکانی شیرین ببوو بە سەرنجی پڕ لە تاسە و مات و مەنگی بژنو باڵای چنوور. چنووری باریکەڵەی باڵابەرز هەر وەکوو گوڵی چنووری نێو تاشە بەردەکانی چیاکانی شاهۆ بە دەم کارەوە دەشنیا. کراسە کوردیە سۆرمەیی ڕەنگەکەی کە پڕ بوو لە گوڵی سوور و وردیلانە. لە هەر جوولانەوەیەکی بەژنۆ و باڵایدا دەتگوت، زریای پڕ شەپۆلی ئاوە و گوڵباران کراوە. لفکەکانی بە سەر شانیەوە گرێ دابوو، قژە شۆر و خاوەکەی بە سەرشانیدا بستوبوو. شیرینیش لە نێوانی ئاسمانی بێبن و زریای بێ سنووری خەون و ئارووداا خۆی ون کردوبوو. چاوانی ڕەشی شیرین لە گۆمی شینی چاوانی چنووردا نوقم ببوو. ئەو چنوورەی کە هەزاران جار لەمەوپێش دیبووی. بەڵام هیچ کاتێک بە چاوی ئەوڕۆ سەیریی نەکردو بوو.

سیروان شیرینی لە نێو خەونەکانی ڕاچەڵەکاند و گوتی: ئەری شیرین خانم تورشی هەفتە بیجارەکەتان لە کوێیە، تا هەندێک بێنم؟

شیرین وەکوو تازە لە خەو هەستابێت وتی: ئا ...ئا...لە...وێیە چوو دوو پیالەی پڕ لە هەفتەبیجاری هێنا و بە زەردخەنەوە وتی ببوورن لە بیرم چوو بوو.

سیروان: ئا ... دەزانم بۆ لە بیرت چووا قسەی خۆمان بێ باش بە دڵتەوە چەسپیوە، ئەوەندە بیری لێمەکەوە. لەم کاتەدا ڕووی لە ئارێز کرد و وتی وانییە ئارێز؟

بەڵام ئارێز خۆی لێ گێل کردو گوتی: نازانم مەبەستت چییە! پاش خواردنی نیمەڕۆژە واتە پاشنیوەڕۆ، ویستیان یارمەتی شیرین بدەن لە ششتنی دەوریەکاندا، بەڵام شیرین سوێندی خوارد کە نابێ. دەبێ ئێوە بچنە ئەو دیوو بەحەسێنەوە ئەمنیش چاییتان بۆ دێنم و دێم بۆ لاتان دادەنیشم.

شیرین بە سینییەکی پڕ لە چاییەوە هاتەوە لای مێوانەکانی و وتی: لەو کاتەوە کە زانیم ئارێز و چنوور یەکتریان خۆش دەوێ، لە خۆشیدا خۆمم ون کردوە و پێم زەوی ناگرێ. پڕ بە دڵ لە قووڵای دەروونمەوە پیرۆزبایان پێدەڵێم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. هەر لە ئێستاوە خۆم ئامادە و تەیار دەکەم بۆ ڕۆژی زەماوەندەکەیان کە ئەم هاوینە بێ یان هەر وەرزێکی تر.

چنوور گۆنای سوور هەڵگەڕابوو، مەردە ئارەقی ساردی شەرمێنی نێو تەوێلی تیشکی هەتاوی نێو پەنجەرەکانی ژوورەکەی پەرچ دەدایەوە. خێرا و زوو زوو بە لفکە و

سۆرانیەکەی دەیسرِی. بەبێ دەنگ چاوی لە نەخشی ماسیدەرهەمی مافورەکەی ژێری بڕی بوو. ئاریێزیش لە نێو شەپۆلی زریای پڕ لە باگژی خەونەکانیدا مەلە و ئاڤژەنی دەکرد. قامچی شەپۆلی شەڕ و نادیاری و ونی چارەنووس، سەری تەزاندو بوو. لە روالەتی رووەمەتیدا هەست پێدەکرا کە چەندە لە شەڕ بێزارە. سەرەڕای زیانەکانی شەڕ بە کۆسپێکی دەزانی لە سەر رێگای ژینی خۆشی و ئەویندارییدا. ئەوەی دەزانی کە لە شەڕدا کەس نایباتەوە،رەنگە ئەویش بیدۆرنێت.

سیروان ئەو بێدەنگیەی کە بە سەر هەمووان‌دا زاڵ بوو شکاندی و گوتی: هاوڕێیان کاتی رۆیشتنە!

ئاریێز: دادە منالەکان نەهاتنەوە کە کەمێک کایەیان لە گەڵدا بکەم.

شیرین: لە گەڵ باوکیاندا چووگن بۆ ماڵی باپیریان. لەوانەیە تاوێکی تر بگەڕێنەوە. ئێوە پەلەی چیتانە دانیشن بۆ خواردنی شێو، زۆر خۆشحاڵ دەبین.

مێوانەکان سپاسیان لە شیرین کرد و ئاریێز بە نوێنەرایەتی هاوڕێیانییەوە وتی: کارمان زۆرە دەبێ بچین بۆ کۆبوونەوە. سپاس ماڵتان ئاوەدان بێ.

کە گەیشتنە یانەی ماموستایان سەیریان کرد کە پڕ و جمکوتە لە خەڵک، بە پیر و گەنج، ژن و پیاو و چەند کەسێک لە نوێنەرانی هێزە رامیاریەکانی نێو شار. ناورۆک و جەوهەری کۆبوونەوەکە لە سەر بارودۆخی هێرشی دوژمن بوو. پاش ماوەیەکی وتووێژی درێژ لە سەر ئەوە ساق بوونەوە کە چۆن شار بپارێزن لە هێرشی سپای داگیرکەر. ئەم دیمۆکراسیە کە بە خوێنی هەزاران مرۆڤی کورد وەدەستمان هێناوە دەبێ بیپارێزین. تا ئەو جێگایە بۆمان دەکرێ رێ نەدەین بە دەستەڵاتی رەشی ئەهریمەنی رژیمی داگیرکەر.

پاش تەواو بوونی کۆبوونەوەکە تازە تیشکی زەردەپەڕی خۆرئاوا دەیەویست لە سەر لۆتکەی شیشەرێ ماڵئاوایی لە شاری سنە بکات. سیروان و هەڤاڵانی بەرەو نێو شار وەرێ کەوتن تاکوو لە ئاستی دووکانی ژینۆی هاورێیان راوستان. ژینۆ هەموو کەلوپەلی نێو دووکانەکەی گواستو بووە. بەس چاوەڕێ سیروانی دەکرد.

کە سیروان و هاوڕێیانی دی، بە چەپکەگوڵە ئەرخەوانەکەی سیروانەوە خێرا هاتە دەرەوە بۆ لایان پاش سلاو و لێپرسین گوتی: فەرمو کاک سیروان، ئەمە سپاردەکەت.

سیروان: سپاس کاک ژینۆ وا دیارە بە هۆی منەوە لە دووکاندا ماویتەوە، ببوورە چاوەڕێت کردم.

ژینۆ: نا ! من هەر کارێک بۆ ئێوە بکەم هێشتا کەمە. تۆ شایانی هەموو شتێکی، راستی شتێکم لە دووکاندا نەماوە کە خۆڵکتان بکەم. ئەوە دەرگاکەی دادەخەم و دەچمەوە ماڵێ.

سیروان و هاورێیانی ماڵئاوایان لە ژینۆ کرد بەرەو گەڕەکی چوارباخ وەڕێ کەوتن. پاش ئەوەی چەند سەد مێترێ لە ژینۆ دوور کەوتنەوە سیروان رووی لە میترا کرد و گۆتی: خۆشەویستەکەم ئەم چەپکە گوڵە ئەرخەوانە بە یادی رۆژی ئاشنا بوون و ئەویندارییمان لە ژێر ئەم دارە ئەرخەوانە، کە گوڵی تایبەتی هەر دووکمانە پێشکەشت دەکەم. بە هیوام بە دڵت بێت.

میترا: ئای سیروان تۆ ئەو رۆژە گرنگانەمان وەبیر دەخەیتەوە و منی پێ خۆشحاڵ دەکەی. سپاس هەزاران سپاس! ئاریز و چنووریش پیرۆزباییان پێگوت .

که گەیشتنە چوارباخ میترا و چنووریان تاکوو بەر دەروازی ماڵەکانیان رەوانە کرد و ماڵئاوای نابەدڵیان لە خۆشەویستەکانیان کرد. دوایی ئاریز لەگەر سیرواندا لە ژێر کزنگی چرای دار تەلەکان کۆلان بە کۆلان چوون بۆماڵی سیروان.

سیروان تەلەفۆنەکەی دا بە دەستی ئاریز و وتی فەرمو بنەماڵەکەت ئاگادار بکە، کە لە ئێرەی با نیگەرانت نەبن. ئاریز دایکی ئاگادار کردەوە کە ئەو شەو لە ماڵی سیرواندا دەمێنێتەوە و چاوەڕێ نەبن. پاش خواردنی شێو سیروان شەپۆلی رادیوەکەی پسا پسا دەگۆرا بەشکو لە شوێنێکەوە دەنگ و باسی تازە ببیسن. رادیوەکانی ئێران هەموو پروپاگەندە و مارشی شەڕیان لێدەدا. وتەکانی خومەینی و بەنیسەدریان دژ بە گەلی چەوساوەی کورد بڵاو دەکردەوە. خەڵکی کوردیان کردوبوو بە کافر، دژ بە ئینقلابی ئیسلامی مەلایانی تاران... فەرمانی جهادی خومەێنی و فەرمانی سەرکۆمار بەنی سەدر کە پسا پسا دیانگوت " قەیتانی پوتینەکانتان مەکەنەوە تاکوو کوردستان سەرکوت دەکەن ".

رادیوەکانی جیهانیش، خۆیان دا بوو لە گێلی، وەک ئەوەی لە گوێ گادا نوستبن. چون بەرژەوەندی ئابووری خۆیان بۆ گرنگبوو نە گەلی ستەم لێکراوی کورد. ماندویی پێڵۆی چاوانی ئاریز و سیروانی قورس کردو بوو. وایان بە باش زانی کە بخەون و ئەو کارەشیان کرد، هەر چەند لە دڵە خورپێدا بوون.

## بەشی٢

دووشەمە(**مانگرۆژ**)ی یەکی گوڵانی2680ی کوردی. رۆژی ئورمەزد (ئەهورەمەزدا) ئافەرینەر. 21ی ئاپریلی 1980

---

لە پێش کازیوەی بەربەیانی، خیرا ئارام لە بنکە هاتەوە ماڵێ. سیروان و ئاریزی لە خەو هەستاند و گوتی: ئەمشەو هێزە داگیرکەرکانی رژیم لە چەم شارەوە هێرشیان هێناوە. بە درێژایی گرێزە تاکوو چۆمی باوەرێز خەڵک و پێشمەرگە پێشیان پێ گرتون. تا ئێستا شەڕ گەرم و درێژەی هەیە. لە هەموو بنکەکانەوە خەڵک دەچن بۆ بەرگیری و یارمەتی پێشمەرگە و خەڵکی ئەو گوندانەی کە توشی شەڕ بوون. هەروەها خەڵکی دێ باوەرێز ئاوی چۆمەکەیان بەرداوەتەوە نێو زەوی و مەرزاکانیان. ئێستا بەشێکی زۆری لە ماشینەکانی سپای داگیرکەر لە قوڕ و هەرگ چەقیون. لە نزیکی قشلاخ چەند تریلی کەرەسەی خواردەمەنی و کەلوپەل لە تەک تانگکرێکی بەنزین وەدەست کەوت گیراون و هێناویانە نێو شار.

من بۆ ئەوە نەهاتوم کە هەواڵی شەڕ و دەستکەوتتان بۆ بڵێم. ئێستا ئێمە چەند کەسێکین کە خۆمان تەیار کردوە بچین بۆ یارمەتی و بەرگیری لە هێرشی سپای دوژمن. ئەگەر ئێوەش پێتان خۆشە، وەرن با پێکەوە بچین بۆ چەمی شێخ. پاش چارەکە کاتژمێرک ئێمە لە بەر بنکەی گەڕەکی خۆمان بۆ رۆیشتن کۆ دەبینەوە.

سیروان: زۆر باشە ئارام گیان! ئێمەش خۆمان تەیار دەکەین و خێرا دێن بۆ ئەویَ، ئێوە چاوەڕێمان بن.

ئارام: باشە هەموویان حەزیان دەکرد ئێوەش لەگەلماندا بێن. ئارام بە چەک و رەختەکەیەوە گەڕایەوە بۆ بنکە.

ئاریَز: ئەریَ سیروان، من چیبکەم چەکەکەم لە ماڵی خۆمانە، کە تاکوو بچم و بیهێنم ماوەی کاتژمێرێک دەخایێت. ئێوەش وا بە پەلە خەریکن بچن.

سیروان: جا تۆ چەکت بۆ چیە، کە ئەو هەموو ریگا ببڕی. ئەمن چەکی زێدێم لە ماڵدا هەیە پێت دەدەم.

ئاریَز: زۆر سپاس!

سیروان خێرا چەکی بۆ خۆی و ئاریز هێنا لە گەل تەقەمەنی پێویست. گۆرج و بە پەلە چەکەکانیان بەست ئیتر ماوەی ئەوەیان نەبوو کە دانیشن تا ناشتا بخون. لەو ماوەیەدا تا ئەوان خۆیان گۆرج کردەوە، ئامێدیا خانم دایکی سیروان خێرا تۆشەوەرەیەکی خواردەمەنی و خواردنەوەی لە کۆڵەپشتیەکەی سیروان نا و دای بە کۆڵیدا و گوتی: رۆڵەکانم ئەوەش لە گەڵ خۆتان بەرن تاکوو برسی و تینوتان نەبیَ. ئاگاتان لەیەکتر و خۆتان بیَ تایبەت لە ئارام کە زۆر گەنجە. دەبڕۆن کوڕەکانم یەزدان پشت و پەناتان بێت. ئامێدیا خانم تا بەر دەروازە لە تەکیاندا رۆیشت.

تازە رووناکی کازیوەی بەربەیان لە سەرلۆتکەی شاخەچەرمگ و یوسۆسیاوە پرشنگی سەرەتایی خۆی لە ئاسمانی پڕ ئەستێرەی سنە رادەوەشاند. هێدی هێدی تارمایی شەوی دەتاراند. ئەستێرەکانیش لە بەر رووناکی تیشکی زێڕینی بەربەیان رەنگیان دەپەڕی یەک لەدوای یەکتر هەڵدەپرووزان. رەنگی شینی سۆرمەیی ئاسمانی بەرەو فیرەزەیی رەنگی دەنەخشاند.

ئەم کۆمەڵە لاو و گەنجە هەوراز و نشیوی دۆڵ و کەمەری تەپۆڵکە و کێوەکانی کوچکەرەشیان دەبڕی و بەرەو چەم شێخ نزیک دەبوونەوە. رووناکی هێدی و بەسەرخۆ بەرزایی و لۆتکەی چیاکانی دەئاخنیەوە. ئیدی ئەمرۆ دەنگی مەل و قاسپەی کەو نەدەهات تا گۆرانی راز و نیازی خۆیان بۆ هەتاو بچرن. دەنگی ئاژین بوونی تۆپ و قرچەی چەک و قەناسە گویَ سروشتی کەڕ کردوبوو. ئاهەنگی خەمگینی چەمەری دەژەند کە گەلیَک نا ئاسایی بوو. بۆنی باروت، بۆنی خۆشی شەوبۆ و گوڵەکێویەکانی دیکەی دامرکاندو بوو. سروشتی ئەمڕۆ زۆر نامۆ لە رەوتی خۆی بوو. ئیتر ئاسک و مامزی چیاکان جێگەیان بۆ پێشمەرگە چۆڵ کردو بوو، و رەوەی ران و دووکەڵی شوان ببوو بە کارەوانی تانگ و تۆپ و دووکەڵی سووتانی کەرەسەی جەنگی دوژمن.

کارەوانی هەڤاڵانی سیروان پاش ماوەیەک ریَپێوان گەیشتنە ئاسۆی سەر کەڵی نێوانی شار و چەم شێخ. هێشتا تیشکی گڵۆپی دارتەلەکانی نێو شار وەکوو سینگی ئاسمانی پڕ ئەستێرە دەدروشانەوە. شنەی فێنکی شیبا، لە چۆمەوە شەونمی سەر پرچی گژ و

گیای لانساری سەرڕێ دەهێنا بەرەو ڕوومەتی ئارەقاوی ڕێبوارانی ڕێ ئازادی. کوڕگەل بەرەو چۆم دابەزین ڕێگاکەشیان هەموو سەروخوار و نشیو بوو.

وارام کە لە هەموویان بە تەمەنتر بوو بە دەنگی بەرز کە گشت هەڤاڵانی گوێیان لێ بێ وتی: هاوڕێیان! کوڕگەل! ئێستا ئەم چەمە ئاوی زۆرە. بەبێ بۆوار ئەگەر لێدەین ئاو دەمانبات! ئەمن بە هاوین و زستان بەم ڕێگەیە هاتوچووی زۆرم کردوە، بۆوارەکەش دەزانم و دەیناسمەوە، بۆیە تکاتان لێدەکەم پەلە مەکەن با تووشی زیان نەبین.

ئەم کۆمەڵە چەکدارە٢٣کەسن و تەمەنیان لە نێوانی ١٥ تا ٢٥ ساڵدابوو. هەموویان دەنگیان بە وارام دا، کە چۆن شارەزایە بواریان بۆ بشکێنێ و هەتاکوو کەوسوار بیانبات. هەرچەند سیروان ئەم ڕێگا و بوارەشی دەزانی بەڵام دەنگی نەکرد. ئەوەی بە باش زانی وارام کە شارەزاترە لەم دۆڵ و چۆمە، با ئەو ببێ بە چاو ساقی کارەوانەکە.

تەم و مژ هەموو چۆمە کەی لە ئامێز گرتوبوو. تیشکی هەتاوی بەربەیان ڕەنگی دێزی شەوی سەر مژەکەی وەکوو خورییەک کە تازە هەلاجی کرابێ ڕووناکی و سێبەری دەخستە پێش چاوان. دار چنارەکان سەر و ملی باڵایان لە نێو مژەکە دەرهێنا بوو. ڕەنگی کەسکی گەڵاکانیان لە بەر شنەی بای نێو چۆمەکەوە سەمایان دەکرد و بە چەپڵەلێدان تیشکی ڕووناکی ڕۆژیان وەک ئاوێنە بەرپەرچدەدایەوە. شەونم و خوناوی سەرڕێ پێڵاوی ڕێبوارانی خووساندو بوو. کاتێک گەیشتنە بناری ڕۆبارەکە، بەرایی کارەوانەکە لە تەنیشت ئاوی ڕۆبارەکە وستان، تا هەموویان لەوێ کۆبوونەوە. یەک لەدوای یەک کەوشەکانیان کەند و شواڵ و پانتۆڵەکانیان تا سەر ئەژنۆیان هەڵکرد ئەوسا چەک و پێڵاوەکانیان بە سەر شانەوە ڕاگرت و بە دوای وارامدا لە بواریان دا و پەڕینەوە ئەو بەری ڕۆبارەکە. بۆوارەکە ئاوەکەی ئارام و مەنگ بوو. هەتاکوو سەرەوەی ئەژنۆیان دەهات. بەڵام چەند میترێکی خوارتر ئاوی چۆمەکە خوڕ بوو و کەفی دەچڕاند. ئاوەکە ئەوەندە سارد و تەرزەیی بوو، کە جگە لەپێ سەریشی دەتەزاند، و ماندویی ڕێگای بە یەکجاری ڕەواندەوە. پاش ئەوەی هەموو لە چۆمەکە پەڕینەوە بە شوێنی وارامدا، لە نێو باخە دارشلانەکاندا(قەیسی)و تووڵەڕێ نێوان پەڵە گەنمەکاندا بەرەو تەپۆڵکەی کەوسوار کە٤٠٠میترێک دوور بوو ڕۆیشتن. ئیدی ڕووناکی هەموو دۆڵەکەی پڕکردوبوو. هەتاویش تیشکی زێرینی خۆی بە سەر دارستانەکاندا دەباراند.

لە بناری کەوسواردا، پێشمەرگەیەک ڕایانی گرت و وتی: من ناوم هیوایە! بووەستن! ئێمە لە ئێرە داو و بۆسەمان بۆ هێزەکانی دوژمن داناوە، زەحمەت نەبێ ئێوە لە ئێرە ڕاوستن تاکوو من فەرماندەکەمان بانگ دەکەم.

سیروان: زۆر باشە پێ بڵێ ئێمە هاتوین بۆ یارمەتی.

هەرکەس بە گوێرەی ماندویی خۆی لە سەر گیای بناری کەوسوار دانیشتو لاقی لێدرێژ کردەوە. یان ئارەقی نێو چاوانی دەسڕی. هەوای نێو چۆمەکە هێشتا سارد بوو کزەی فێنکی بەهاری لەشی گەرمی ڕێبواری ماندووی دەتەزاند. تینی تیشکی هەتاویش گوڕ و هێزێکی ئەوتۆی نەبوو. چۆن هێشتا گیا و زەوی خووساوی شیبای شەو بوون، هەوای ڕۆژ خوناو و دڵۆپەی شەونمی شەوی هەڵنمژی بوو. جگە لە سیروان کە پێشمەرگایەتی کوردستانی باشووری کردو بوو، ئەوانی دیکە تا ئێستا لە گۆرەپانی

شەڕی راسڵ و راستەقینەدا بەشداریان نەکردوبوون. هەرکامیان بە گوێرەی خۆی دڵەخۆرپەی گۆرەپانی شەڕیان بوو.
هیوا لە گەڵ سەرپەلەکەی لە دوورەوە وەدەرکەوتن و بەخێرایی بەرەولای ئەمان دەهاتن. ئەو سەرپەلە، لاوێکی کورتە باڵا و داکوتیاگ بوو، سیروان و ئاریێزی دەناسی و بەگەرمی سڵاو و هەواڵپرسیان کرد و وتی: هاوڕێیان فرە خۆشهاتن سەری چاوان. من ناوم ئەشۆیە، بەرپرسیاری سەربازی ئەم پەلەم، کە هەر ئێستا لە سەنگەردا دانیشتون و چاوەڕێ هاتنی هێزەکانی دوژمن دەکەن. هەندێک لە ستراتیژی شوێنەکەی باس کرد بە قسەکانی درێژەی دا بە هاتنی ئێوە و کاک سیروان ئێمە زۆر خۆشحاڵین. ئەمن کاک سیروان لە مێژە دەناسم، زانست و کارامەیی ئەو لە شەڕی پێشمەرگایەتیدا لە من زۆرترە. بۆیە داواتان لێدەکەم لە رێنمایەکانی کەڵک وەربگرین ئەوەشتان پێ بڵێم سەرکەوتن لە شەڕدا پێویستی بە ئاریکاری، رێکوپێکی و گوێراێڵی هەیە. کەس بۆی نییە بە ئارەزووی دڵی خۆی هەرجۆرێک پێخۆش بێت شەڕ بکا. ئێمە هەموومان لە ئاستی گیانی یەکترین وەکوو یەک بەرپرسیارین، نابێ فەراموشی بکەین .
ئەشۆ رووی لە سیروان کرد و وتی: ئەگەر ماندو نیت وەرە با شوێنی ستراتیژی مەتەرێزەکانت پێ پیشان بدەم، تا پێکەوە پلانی داوێکی باش بۆ هێزەکانی دوژمن دارێژین؟
سیروان: نا من هیچ ماندو نیم. فەرمو لە خزمەتتدام. ئاریێز لە گەڵ سیروان و ئەشۆدا رۆیشتنە سەر پەرێزەکان و جێگای پاراز و راوستانی پێشمەرگەکانیان دیاری کرد، هەر وەها لەگەڵ پێشمەرگەکانی نێو سەنگەرەکاندا ئاشنا بوون. شوێنەکانیان بە باشی لێکداوە و بەوە گەیشتن کە هەر دوو پێشمەرگەی تازە و کۆن پێکەوە بەم شێوەیە لە پەرێزەکاندا جێگیر بکەن. چوارکەسیان لە سەنگەری لای راستی داوەکە دانا بۆ پاد و بینین، کە دوویان بە دووربین هاتنی دوژمن بە ئەشۆ راگەینین. ئەو دووکەسەکەی دیکەش پاراستنی لای راستی داوەکەیان بەئەستۆ بێ. لە دوندی کەوسوار سەنگەرێکیان چێکرد بۆ رەشاشی ژ3 کە ئارام و سێ کەسی دیکە ئەو سەنگەرەکەیان بە ئەستۆ گرت. هەروەها بە لەق و پۆی دار شاراوەیان کرد. ئەم سەنگەرە بۆ دوور خستنەوەی هێلیکۆپترەکان چێکرابوو. نۆ کەسیان لە نێو دار شڵانەکانی لای چەپی داوەکە دامەرزاند بۆ سووتان و تێشکاندنی ئەو ماشینانە کە لە داوەکە دەرباز دەبن.
هەر وەها بۆ پاراستنی داوەکە و ئەگەری پاشەکشێ پێشمەرگەکان لە کاتی تەنگانەدا. ئەم سەنگەرە پەنجا مێترێک لە پارێزی سیروانەوە دوور بوو. ئەشۆ و سیروان لای راست و چەپی کەوانەی داوێنی کەوسواریان گرتو بوو، تاکوو بە باشی پێشمەرگەکان و کەوانەی جادەکەیان لە ژێر چاودێریدا بێ. یەکی دوو پێشمەرگەیان لە گەڵدا بوو. لە نێوانی ئەشۆ و سیرواندا جۆگەیەکی هەڵکەندراو هەبوو خاوێنیان کردەوە کە بەباشی پ. م. دەیتوانی تێدا بەچۆکەوە دانیشێت. لە درێژایی ئەم جۆگەیەدا شەش سەنگەریان دیاری کرد و لە هەرکامیاندا سێ کەسیان دانا. لە سەرەوەی ئەم جۆگەیەدا مەتەرێزی ئاریێز و سێ کەسی تر چێکرا. کە سەنگەری ئەشۆ و سیروانیان بە باشی دەدی. کاریشیان پاراستنی سەنگەری جۆگەکە بوو، هەروەها راگرتنی پەیوەندی نێوانی سیروان و ئەشۆ. سێ کەسی دیکەشیان لە لای هیوا دامەرزاند لە پشتی کەوسوارەوە

بۆ پاراستنی پشتی پێشمەرگەکان و ڕێنەدان بە ئەگەری هاتنی خەڵکی تازە بۆ نێو سەنگەرەکان. خێرا هەموو پێشمەرگەکان لە شوێنی دیاری کراویاندا پاڕێزیان گرت و چاوەڕێ هاتنی هێزە داگیرکەرەکانی ڕژیمیان دەکرد.

جادەکە کە ڕێگای نێوانی شار و گوندەکانی باوەڕێز، کۆڵەهەرد و مزرە و... زۆرتر لە بیست ساڵە کێشراوە. جادەیەکی باریک و پێچاوپێچە کە هێشتا قیرتاو نەکرابوو. جادەی بۆسەکە لە پێچی بناری داوێنی رووتەلی لێژایی کێوەکانی خلێچیان داتاشرا بوو، وەکوو دیوار ئەو بەری جادەکەی گرتو بوو. لەم بەریشەوە تەنیا 20تا 40 مێتر لە سەنگەری پێشمەرگەکانەوە دوور بوو. هێزەکانی دوژمن هیچ بەختی زندومانەوە و سەنگەر گرتن یان دەرباز بوونیان نەبوو. مەگەر بە ماشین یان تانگ لە داوەکە دەربازبن.

پێشمەرگەکان چەکی گرانیان نەبوو. تەنیا دوو چەکی ئارپیجی بە شەش گوللەوە کە ئەشۆ و سیروان هەر کامیان سێ گوللە و ئارپیجیەکیان هەڵبژارد. پلانی شەڕیان وا دارژتو بوو یەکەمین تەقە بە دەستی سیروان بێت. تا ئەو بە ئارپیجی تەقە نەکات کەس بۆی نەبوو دەست بکاتەوە. ئەمەیان بەهەموو پێشمەرگەکانیان راسپارد. هەموویان لە سەر ئەوە ڕێککەوتو بوون کە سیروان یەکەم تانگ یان ماشین بسووتێنێ تاکوو ڕێگای دەرباز بوویان ببسترێ. ئەشۆیش تا بۆی دەکرێ لە دواین ماشینی کارەوانەکە بە ئارپیجیەکەی لێبدات تا ڕێگای پاشەکشەیان لێ ببڕی.

سیروان هەموو پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە و گوتی: لە کاتی نزیک بوونەوەی هێلیکۆپترەکان ورەی خۆیان لە دەست نەدەن، شتی بریقەدار وەک چەک و کاتژمێر... بشارێنەوە. نابێ کەس بەخۆڕایی تەقە بکات. چۆن هەر فیشەکێک بایی گیانی پاسدارێکە. تادەتوانن تەقە لە شوێنی پومپ بەنزینی ئەرابەکانی دوژمن بکەن. ئەوەش بزانن کە گوللە و فیشەکی زێدیمان نییە، ئەوەندەیە کە هەتانە و بەس. ڕەنگە شەڕ زوو تەواو نەبێت و ئێمە بکەوینە گەمارۆی هێزی یارمەتیدەری دوژمن، کە لەو بەری دێ نەنەڵەوە خۆیان دامەرزاندوە. هەر ئێستاش خەریکن ئەم چۆمە بە چەکی گران بۆردومان دەکەن.

هەموویان چاوەڕێی هاتنی هێزەکانی دوژمن بوون. دەیان زانی کە بەشێکی زۆر لە ماشین و تانگەکانی هێزی داگیرکەر لە مەرزاکانی دێی باوەڕێزدا لە قوڕ و هەڕگ چەقیون. هەرواش بوو زۆربەی ئەرابە جەنگیەکانی دوژمن لە نێو هەڕگدا گیریان کردو بوو، و بەئاگری چەکی خەڵک و پێشمەرگە سووتێنرا بوون یان زیانێکی ئەوتۆیان لێکەوتو بوو کە چەکدارانی بەو چۆمەدا هەڵهاتو بوون، یان کوژرا و دیل ببوون. چەند دانە لە هێلیکۆپتر و فرۆکە جەنگیەکانی ڕژیم لە مەودایەکی بەرزدا دەسووڕانەوە و لە خۆوەوە تەقەیان لە نێو دارستانەکان دەکرد. لە خولی هێلیکۆپترەکاندا مرۆڤ شیمانەی ئەوەی دەکرد تاکوو کوێ هاتونە پێشێ .

هێزێکی فرە لە پادەگانەوە بۆ یارمەتی و ڕەزگاری ئەم هێزە تێشکاوە لە ڕێی سوورەئەزەوە بەرەو نەنەڵە هاتوبوون. ئەوان کە دەڤەرەکەیان دەناسی نەیان دەوێرا خۆیان توشی شەڕی نێو دارستانەکانی چۆم بکەن. بۆیە لە سەر جادەی سنە سەقز ستارۆ بوون و شەڕی دوورە پەرێزیان هەڵبژارد. واتە بە تۆپ و کاتیوشا بە ڕێنموونی هێلیکۆپترەکان شوێنی پێشمەرگەیان لە نێو دارستانەکاندا بۆردومان دەکرد.

کاتژمێر خێرا تێدەپەڕی، فێنکی شنەی بەیانیش، لەبەر تیشکی گەرمی هەتاوی نیوەڕۆ هێزی خۆی لە دەست دابوو. هەموو هەستیان بە برسیەتی و تینویەتی دەکرد. ئەوەی کە قۆمقۆمەی ئاوی هەبوو تەواوی کردو بوو. سیروان و هاوڕێیانی هەر کامیان کە تۆشەوەرەیان بوو لە نێوان یەکتردا دابەشیان کرد.

سیروان بانگی لە وارام کرد و گوتی: کاکە گیان! ئەرێ تۆ کانی لەم نزیکانەوە شک دەبەیت؟

وارام: ئا کانییەک لە نێوانی ئێرە و رۆبارەکەدایە. لەوانەیە سەدوپەنجا مێترێک دوور بێت.

سیروان: زۆر باشە! ئەگەر تۆ زەحمەت بکێشی لە گەڵ چەند هاوڕێیەکدا قۆمقۆمەی پێشمەرگەکان بەرن و لە ئاوی کانیاوەکە پڕی بکەن و بۆیان بهێنەوە، خزمەتێکی گەورەتان کردووە؟

وارام: بە سەر چاوانم ئەوە بە ئەرکی خۆم دەزانم.

سیروان: سپاس بارام گیان!

ئەشۆ کە لە تەنیشت سیروان دانیشتو بوو، کەسی نارد هەموو قۆمقۆمەکانی کۆ کردەوە و لە کۆڵە پشتییەکی گەورەی خست، و دای بە وارام گوتی: کاک وارام لەو چوار کەسەی سەنگەری پشتەوە دوو کەسیان لە گەل خۆت ببە، بەڵام لە ژێر دارەکانەوە برون با هێلیکۆپترەکان شوێنەکەمان نەدوزێتەوە.

وارام: ئا! خۆم ئاگاداری ئەوە هەم کاک ئەشۆ دڵنیا بە.

وارام بە کۆڵێکی پڕ لە ئاوی چایک، سارد وەکوو تەرزە گەڕایەوە، و بەسەر پێشمەرگەکاندا دابەشیکرا.

لە کاتێکدا چاوەروان بووندا، لە شەقەی باڵی هێلیکۆپترەکان هەستیان بەوە دەکرد کە کارەوانی هێزەکانی دوژمن نزیک بوەتەوە.

کاتژمێر بەرەو پاش نیوەڕۆ واتە نیوەڕۆژە خوار بووەوە. سەنگەری پاد و دیدەوانەکە، ئەشۆیان ئاگادار کردەوە کە چەند ماشین و زرێپۆش بەرەو ئێرە دێن. ئەشۆیش ئاریێز و ئاریێزیش سیروانی ئاگادار کرد. هەموو بەشدارانی داوەکە زوو ئاگادار کرانەوە. ئەو کارەوانەی کە لە سەردەمی بەیانیەوە چاوەرێیان دەکرد خەریک بوو نزیک ببێتەوە. ئەو پێشمەرگانەی کە تا ئێستا بەشداری گۆرەپانی شەڕیان نەکردو بوو، دڵەخۆرپەیەکی ئەوتۆ و تازە لە دەروونیاندا داگرسا. بەڵام هەموویان لە سەر ئەوە سووربوون کە دەبێ بەرپەرچی هەموو چەشنە دەستدرێژییەک بدەنەوە کە دەکرێتە سەر کۆمەڵ و نیشتمانکەیان. بۆ هەندێکیان جێ سرنج بوو کە ورە و لێبووردویی خۆیان لە رۆژی تەنگانەدا تاقی بکەنەوە. دەنگی گرمە و هاژەی زرێپۆش و ماشینەکانی سپای داگیرکەر لە هەر چرکە و خولێکدا نزیکتر و بەرزتر دەهاتە گوێ. تا ئەو رادەیە لەق وپۆی دار و تەنانەت زەویەکەش دەلەرزایەوە.

پێشمەرگەکان بە گشتی چاوەرێ فەرمانی تەقەی ئارپیجی سیروان بوون و کەسیش نەدەبزووت، بەس سەیری کارەوانەکەیان دەکرد کە لە بیست مێترییانەوە دەیانەویست دەربازبن لە داوەکە. تانگی یەکەم هات و بە دوایدا ماشینێکی زیل کە بە خێوەت سەری داپۆشرا بوو. پاش ئەوە تانگێکی دیکە و زیلێکی تر نزیکی سەنگەری لای سیروان

بوونەوە. بە دوایاندا جیبێک کە رەشاشی کالیبر ٥٠ی لە سەر دابسترا بوو لەگەڵ پێنج پاسداردا. لە پێچی جادەی لای راست دوو زیل و یەک تانگ دەبینرا. دوایی کارەوانەکە نادیار بوو. کاتێک زرێپۆشی یەکەم لە کەوانەی پێچی جادەکە بەرەو سەنگەری سیروان بایداوە و نرکەی ئارپیجیەکەی سیروان و ئاژین بوونی تانگەکە، بوون بە یەک دەنگ. دووکەڵ وگڕی ئاگر و سووڕانی تۆپی تانگەکە بەروهەڵکەندراوی جادەی بناری کێوە رووتەلەکە، جادە باریکەکەی بە باشی ئاخنی و بەستی. رێژنەی چەکی پێشمەرگەکان وەکوو تاوەبارانی بەهاران بە سەر کارەوانی دوژمندا باری. هەر لە دەستریژی یەکەمدا هەر پێنج پاسداری نێو جیبەکە کوژران و خودی جیبەکەش کەوتە نێو کەلێنی نێوان جادەکە و سەنگەری پێشمەرگەکا.

ئەشۆیش زرێپۆشی سێهەمی بە گوللەی ئارپیجیەکەی ئاگر تێبەردا و رێگای گەڕانەوەیانی بەربەست کرد. شوانەی هاوسەنگەر و یارمەتیدەری سیروان خێرا راکتێکی تری بۆ سیروان ئامادە کرد. سیروان بە گورجی و ئەرڤانی راکتەکەی گۆڕی و ویستی کە  نیشانە لە تانگی دووهەم بگرێت لەم کاتەدا زرێپۆشەکە خۆی لە پشتی زیلەکە و دووکەڵی تانگی یەکەم کە تەوژمی با بەرەو رۆژهەڵاتی جادەکەی دەبرد و جار و بار کارەوانەکەی لە دیدی پێشمەرگەکان ون دەکرد شاردەوە. تایبەت لە سیروانەوە بە باشی نەدەبینرا. ئەویش خێرا لە زیلەکەی دا. دەنگی تەقینەوە و ئاژین بوونی کەرەسەی نێو زیلەکە وەک فش فشەی شەوی جەژنی نەورۆز، جادە و دەروبەری خۆی کرد بە چراخان. چەک و تەقەمەنی کارەوانەکە، کە لەو زیلەدا بار کرا بوو بە هەموو شوێنێکدا دەتەقییەوە و ئاگر و دووکەڵ بە هەموو شوێنێکدا بڵاو دەبوونەوە. تەنانەت بەسەر پەرێزی پێشمەرگەکانیشدا. ئەم دووکەڵ و ئاگرە بەرزە، بوو بە هۆی ئەوە کە هێلیکۆپترەکان بەرەو گۆرەپانی شەڕ راکێشێ. هەر وەها لە لایەن هێزەکانی پادەگانەوە کە لە نزیک دێی نەنەڵە جێگیر ببوون، دەڤەری کەوسوارییی بە خەستی تۆپباران بکەن. شوانە دواین و سێهەمین راکتی بۆ سیروان ئامادە کرد، بەڵام تانگەکە لە پشتی ماشین و تانگە سوتاوەکە خۆی حەشار دابوو و هیچ وزەیەکی نەدەکرد وا دیار بوو لە دەرفەت دەگەڕا کە دەرباز بێت. هێلیکۆپترە کۆبراکانیش کەوسواریان لە سێ لاوە دەکوتا تۆزی کەوسوار و دووکەڵی کاروانە سووتاوەکەی رژیم ئەو دەڤەرەی لێڵ کردو بوو. ئەشۆ پاش ئەوەی کە تانگێکی سووتاند ماشینێکی گەورەی پڕ لە سەرنشینیشی ئاگرتێبەرا. دواین راکتی ئارپیجیەکەی دانا بوو بۆ ئەو تانگ و زیلەی پاش کارەوانی نێو داوەکە کە بەرەو دوا گەڕابوونەوە لە دوورەوە پارێزی کەوسواریان تۆپباران دەکرد.

لەبەر ئاگری خەستی هێلیکۆپترەکان و بۆردومانی کەوسوار ئاگری چەکی پێشمەرگەکان کەم ببووەوە هەر کەس لە چارەی پاراستنی خۆیدا بوون. لەم کاتەدا گولله هاوەنێک لە نێو جادەکە و بە سەر ماشینێکی دوژمندا دەتەقێتەوە و پرش و بڵاوی دەکاتەوە.

سیروان لەم کاتەدا کە بە دوای تانگی دووهەم لە نێو دووکەڵەکە دەگەڕا بیری لەوە کردەوە نەکات ئەو زیلە کە هێشتا نەسوتێنراوە لە نێو ئەم ئاگربارانەدا دەرباز بێت، بۆیە دواین راکتی ئارپیجی پێوەنا و ئاگریدا. تا ئێستا دوو زرێپۆش و چوار ماشینی گەورە و

جیپێک سوتێنراون و بەس یەک تانگ ماوە کە لە پشتی تانگ و ماشینە سووتاوەکە خۆی شاردوتەوە. ئاگری دوژمن لە سەر کەوسوار خەستر و خەستر بوو چمەس تانگەکە پەیوەندی بە فەرماندەی هێزەکانەوە کردوە کە یارمەتی بدەن تا دەرباز بێت. لەم ماوەیەدا تانگەکە جووڵەی لێکەوت و بە خێرایی پاڵی نا بە تانگی سوتاوی نێو رێکاکەی تا توانی بۆ خۆی رێگا بکاتەوە. وا بە خێرا لێ دەخۆری نزیک بوو بکەوەتە نێو کەنداوی لای جادەکەوە، کە زوو خۆی راست کردەوە و بەرەو پردی شێخ لە ژێر پاراستنی ئاگری دوو هێلیکۆپتری دیکە کە هاتبوون بۆ یارمەتیی توانی دەرباز بێت. بەڵام تەقەی چەکی سووکی سەنگەری سیروان و نێو دارشلانەکان هیچ کارامەیەکی نەبوو.

سیروان و شوانە لە گەل سێ پێشمەرگەی دیکەدا بەرەو گۆرستانی کارەوانەکە چوون بۆ نێو جادەکە بۆ هێنانی دەستکەوت، و یارمەتی برینداەکانی دوژمن. کاتێک لە کەنداوی نێوان جادەکە و کەوسواردا ویستیان سەرکەون راکتێکی هێلیکۆپتر لە سەر برکە بەردێک لەو نزیکیەوە تەقیەوە. بوو بە هۆی بریندار بوونی لاقی سیروان و دەستی شوانە کە لە پێشەوە بوون. ئەشۆ و ئارێز خێرا خۆیان گەیاندە لای ئەوان و زوو گواستیانەوە نێو سەنگەری جۆگەکە. سەنگەری پارێزی رەشاشی ژ3یەکەش بە درێژای شەڕ تەقەی لە هێلیکۆپترەکان کرد و رێ پێ نەدان لە نزیکەوە بفرن. بۆیە رێژنەی ئاگری کالیبر٧٥ی هێلیکۆپترەکانیان ئەوەندە کارا نەبوو. هەرچەند هاوڕێیانی ئەو سەنگەرەش برینداریکی سەختیان دابوو، بەڵام ئەرکی خۆیان بەباشی جێبەجێ کردوبوو. وریا کە لاوێکی ٢٢ساڵەیە بە گوللەی کالیبر٧٥رانێکی ورد وخاش دەبێت. ئارام بە دەسمالەکەی رانی لە بنەوە دەبەستێ بۆ ئەوە خوێنی زۆری لێنەرژێ و ئاگاشیان لێبوو کە بێهۆش نەبێت.

ئەشۆ و چەند هاورێیەک چوونە سەر جادەکە و هەندێک دەستکەوت کە نەسووتێنرا بوون هێنایان. لەم ماوەیەدا سیروان بە شوانەی وت: باڵت بەرز بکەوە و پاشان بە ئەسپایی سوڕیبدە تاکوو بزانم نەشکاوە. شوانە ئەو کارانەی کرد کە سیروان پێ گوتو بوو.

سیروان: باشە هەردوومان بەخت یارمان بوو، کە برینەکەمان زۆر ساکارە و جێگای هیچ مەترسێک نییە.

سێبەری چیاکانی کوچکەرەش دارستانی نێو چۆمەکەی داپۆشی بوو. تەقەی دەسرێژی چەکی سووک لە دوورەوەی کەوسوار و مەزراکانی باوەرێز دەهاتە گوێ، هێلیکۆپترەکانیش بەرەو دەنگی تەقەکە فڕین. تانگەکەش لە نزیکی پردەی مێژوویی شێخ کەوتە بەر رێژنەی چەکی خەڵک و پێشمەرگە. ئیتر بە بەمانەوە دیار نەبوو کە چی بە سەردا هاتووە.

سیروان و ئەشۆ بڕیاریان دا بگەڕێنەوە بۆ شار، تا شەوەزەنگی تاریکی شەو بە سەریاندا زاڵ نەبووە. بە نۆرە وریایان بە کۆڵ هەڵدەگرت تاگەیشتنە نێو دار بی و چنارەکانی قەراخی رۆبارەکە. سیروان بانگی لە وارام کرد لە کاتێکدا وارام خەریکی تاشینی داردەست بوو بە خنجەرەکەیەوە هات بۆلای سیروان و گوتی: ئەرێ کاک سیروان ئەوە تاسەمت کردو بوو؟

سیروان: جا کێ تاسەی خنجەری دوو دەم ناکات، لە رۆژانی تەنگانەی وەک ئەمڕۆدا!
وارام: ها فەرمو ئەم داردەستەم بۆ تۆم تاشیوە کە بە داردەست و شەلان شەلان چۆمی سیروانمان بۆ شەقکە، رێگای بەرەو شارمان بۆ خۆشکە.
سیروان: باشە ئەوە داری بێشەی کام بەوبەختە کە شکاندوتەوە ؟
وارام : خەمی ئەوەت نەبێت، ئەو بێشەیە دەبینی کە ئاماژەم پێکرد، ئەوە بێشەی خاڵۆی خۆشبەختمە کە دارەکەشی لە رۆژی وا بە کەڵکدێت.
سیروان: دەستو گەلێک خۆش بێت. لە تەک ئارام و ئاریزدا زەحمەت بکێشن دارتەرمێک بۆ هاوڕێ خۆشەویستمان وریا دروست بکەن، با بە ئاسانی بۆمان بچێتەوە نێو شار.
وارام: بە سەر هەردوو چاوی مژمۆرم خاڵۆ گیان.
سیروان خنجەرەکەی خۆی دا بە ئارام تاکوو لە ماوەیەکی کورتدا ئەو کارە بکەن .
ئەشۆ: بەراستی بەخت یارمان بوو لەو هەموو ئاگربارانە هیچ زیانی گیانیمان نەدا. من دامنا بوو لای کەم پێنج کوژراو بەدەین تەنها پێنج بریندارمان داوە کە تەنیا برینی وریا سەختە، سپاس بۆ ئاریکاریتان! سپاس بۆ ورەی پۆلاینتان کە ئەمڕۆ مێژووتان ئافراند. هەرگێز شتێکی وام بە خەونیش نەدەدی و بە بیرمدا نەدەهات کە ئەمڕۆ دیم. ئەوسا رووی لە سیروان کرد و وتی وا نییە کاک سیروان؟
سیروان: بەراستی وایە. ئەمڕۆ ئێمە هەموومان پێکەوە لە شەڕی راسڵدا بە ئەو پەڕی لێبووردوییەوە بەشدار بووین. هەمووتان دیتان کە شەڕ، شتێکی وا سەیر نییە. مرۆڤ بۆ پاراز و پارێزی نیشتمانەکەی بڕوا و ورەی پتەوی دەوێ، کە ئەوەی بوو سەردەکەوێ. رێگای سەرکەوتن ئەوەیە کە مرۆ هەست بە بەرپرسیاری بکا، و رامیار بێ لە چارەنووسی کۆمەڵ و نیشتمانەکەی بەشدار بێ. تا بتوانێ پلەی ژیاری کۆمەلایەتی بباتە سەر و گەشەی پێبدات. ببێ بە ئامۆژ و رێ پیشاندەر. گەشبین بێ بۆ سەرکەوتن و سەربەستی. منیش بەش بە حالی خۆم سپاسی هەمووتان دەکەم.
ئاریو کە برین پێچی پەلەکە بوو، خەریکی شۆشتن و بەستنی برینی وریا و شوانە بوو دوایش هی سیروان. برینی رەشنۆ و ئارتایشی شۆرد و بانداژی لە سەریان دانا.
وارام لە گەڵ ئاریز و ئارامدا دارتەرمێکیان چێکردوبوو لە داری بێشەی مالی خاڵۆی. هێنایانە لای وریا کە لە تەنیشت سیرواندا راکشا بوو. دار تەرمەکەیان لە تۆێکڵی داری چەقەبیی و داری چنار بە نێر و مێ کردن لە یەکتر بەستو بووەوە. هەر وەها بۆ ئەوەی کە لە یەک نەپچڕێ بە شالی ئاریز و وارام گرێ درابوو.
ئەشۆ سپاسی هەر سێکیانی کرد و رووی لە پێشمەرگەکان کرد و وتی: دەبێ ئێمە هەمووکمان پێکەوە چوار چوار ئەم دارتەرمە هەلگرین و زوو زوو بیگۆڕین تاکوو مانو نە بین و هێزی چوونی ئەو هەورازەمان بێ.
ئاریز و ئارام چەک و دراخەکانی سیروانیان هەلگرد و هاوکات بن باڵیانگرت، لە ئاوی ساردی بواری ئەرخەوانەسووری رۆبارەکەیان دا و پەڕینەوە ئەوبەر لای هەورازەکە. هەتاو خۆی بۆ ماڵ ئاوایی تەیار دەکرد. شنەی ساردی ئێوارە لەرز و مووچرکێ دەخستە لەشی ماندوی رێبوارانی رێی ئازادی. جوولانەوەی ئەوان بەپێی رەوتی دارتەرمەکە بوو چۆن لە باریکە رێگای پێچاوپێچی هەورازەکەوە زۆر ئەستەم بوو کە

دوو کەس لە تەنیشک یەکترەوە بە دارتەرم لە سەر شان بتوانن ڕێگاکە بە خێرایی بپێون. سیروان برینی لاقی دەئێشا و لە هەر هەنگاوێکدا جەرگی دەرزیاژن دەکرد. بەڵام ئەو دانی بە سەر جەرگیدا دادەنا و بە رووی خۆیدا نەدەهێنا تا گەیشتنە سەر کەلی ڕێگا. ئەمجارە شنەی پڕ لە دووکەڵی بارووتی بۆردومانی نێو شار، ئارەقی ڕێگای هەورازەکەی لە سەر رووومەتیانی سڕی.

کارەساتی شەڕی چەم شار و تێشکانی هێزی گەورەی رژیم کە تا ددان بە چەکی نۆژەن چەکدار کرا بوون لە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا بەشێکی ئەوتۆی بۆ خۆی تۆمار کردوە کە هەرگیز لە بیرناچێتەوە. ئەمە راستییەک بوو کە کاربەدەستانی تاران خەونیشان پێیەوە نەدەدی، کە هەزاران خوازیاری شەڕ کە بەفتوای ئیمام بۆ جیهاد هاتوبوون. لە رۆژێکدا و لە دۆڵێک ویزای بەهەشتیان پێبدرێ و بچن بۆ ئامێزی حوریەکانی ئەوێ. ئەو چۆمە بە درێژایی بیست کیلومێتر ببێت بە گۆرستانی هێزی داگیرکەر. بە ملیارد دولار سامانی ئیرانیان تەرخانی کەرەسەی شەڕ و سەرکوت کردن کرد، بۆ ئەوە ببێ بە ئاگر و دووکەڵ تاکوو خۆیانی پێ قانگ بدەن، تا دەستەڵاتی ئەهریمەنییان بپارێزن.

لە سەر بەرزایی کەلەوە کە سەیرت دەکرد تاکوو چاو برستی بوو، لە نێو دارستانی چۆمەکەوە هەر دووکەڵ بوو لۆزەی بەرەو ئاسمان دەکێشا .

پێشمەرگەکان لە سەرکەل هەندێک روونیشتن و شەکەتی هەورازە ڕێیان دەرکرد. پوڵ پوڵ خەڵک و پێشمەرگە بەرەو شار و گوندەکانیان دەگەڕانەوە. ورشەی گڵۆپی چرای ماڵانی نێو شار لە بن سێبەری ئاوییەردا، چاویان دەقرتاند و مزگەینی ڕێگای ماڵی باوانیان دەدا.

سیروان سەیری دار تەلەکانی نێو شاری دەکرد، کە چراکانیان وەک ملوانکێکی مرواری لە ملی دەزگیرانی شاردا دەدرۆشانەوە. کاتێک بەرەو شار وەڕێ کەوتن تیشکی گوڵۆپی دار تەلەکان چاویانی تاریک دەکرد و بەر پێ خۆیانیان بە ئەستەم دەدیت. هەرچەند لە شار نزیکتر دەبوونەوە، ریزە مرواری گوڵۆپەکان لە یەکتر دەپسان و دەبوون بە تۆپزێکی گزنگی رووناکی. کە تەنیا دەورووبەری خۆیان روون دەکردەوە و تارمایی هاتو چووی خەڵکیش دەبینرا.

پێشمەرگەکان لە گەڕەکی فەیزاوا وەکوو رووناکی دارتەلەکان لە یەک جیا بوونەوە. ئەوانەی کە پێشمەرگەی رێکخراوەی کۆمەڵە بوون چاوەڕێ فەرمانی ئەشۆ بوون و هی بنکەش بە کۆمەڵ ڕۆیشتن.

ئەشۆ خێرا ماشینێکی راگرت و لە گەڵ بریندارەکان سوار بوو و پەڵەکەی بە ئاریو سپارد کە بگەڕێنەوە بۆ بنکەی خۆیان. پاشان جیبێک بە دوایدا بۆ نەخۆشخانەی مەیدانی ئازادی بەڕێی کەن.

ئارێز و ئارامیش لە گەڵ ئەوان بەرەو نەخۆشخانە ڕۆیشتن. کاتێک گەیشتنە ئەوێ خەڵکێکی زۆر لە نێو ریرەکانی ئۆژانسدا پەمی خواردو بوو. هەرکام بە چەشنێک بریندار بوون، یان لە تەک برینداردا هاتو بوون. زۆربەیان ژن و مناڵ بوون کە لە ماڵی خۆیاندا بە هۆی هاوەن و تۆپبارانی گەڕەکەکانی نێو شاردا بریندار ببوون. ئەشۆ لە

تەک وریادا ڕۆیشت بۆ بەشی بریندارانی کەوتو. ئەمانیش لە بەشی بریندارانی سەرپێی بۆ نۆرە وستان.

ژنێک کە هەر دوو گۆنای بە نینۆکی پەنجەکانی هەڵکەندو بوو، بە لاوانەوە دەگریا و فرمێسکی هەڵدەوەراند بەبێ پشودان. سیروان کە لە نزیکیەوە بوو، سەیری کرد کە منداڵێکی کۆرپەی بریندار لە باوەشگرتووە و ناوی سێ کەسی دیکە دەبات و دەیان لاوێنێتەوە. پیاوێکی بە تەمەن مامناوەندی کە قژ و پرچی بە شێوەیەکی شپرز شێوا بوو بە ئارامی دڵداری دەدایەوە دەیگوت: ڕۆڵە گیان رووناک بەزەیت بە کۆرپەکەت و خۆتا بێ. ئەوان نەبەگریان و شین، نەبەخۆکوشتن و ڕنین، ئیتر ناگەڕێنەوە و ناگەڕێنەوە. رووناک کە هەر دوو چاوانی سوور وەک خوێن بوو، و ڕەنگی سپی و لێوانی باری خەمی لێ نیشتوبوو وتی: ئیتر کەی ژیان بۆ من خۆشە بابە گیان؟ دوای لە خوێن گەوزانی دوو کوڕە و هاوسەرەکەم. کەی دەتوانم ئەوان فەراموش بکەم، کەی، کەی... ئێمە خۆ کارێکمان نەکردو بوو، لە ماڵی خۆماندا خەریکی خواردنی فراوین بوون، کە ئەو کافرانە گوللە تۆپیان لە نێو خوانەکەماندا تەقاندەوە. دەک جەرگت بسووتێ خومەینی کە جەرگت سووتاندم.

پاش کاتژمێرێک نۆرەی سیروان گەیشت. لە گەر ئارێز و ئارامدا چوونە ژووری. کە دوکتورەکە برینەکەی دی گوتی: خۆباش خاوێنکروەتەوە و پێچراوە. ئەم برینە زۆرتر کوتراوە، ئێستەش ناتوانم هیچ دەرمانێکت بۆ بنووسم چۆن هیچی دیاری نادات. تۆ دەبێت بحەسیتەوە و بە سەریدا هاتو چوو نەکەی تا زون و سارێژ بێت. ئێستە بگەڕیەوە دوای یەک دوو رۆژ ئەگەر هەستت کرد کە چڵکی کردوە و ناسۆرە، وەرەوە بۆئێرە یان لای هەر پزیشکیکی دی.

کاتێک سیروان و ئەوان دالانی ئۆژانسیان بە جێهێشت سەیریان کرد کە ئەشۆ لە تەک شوانە وئارتا لە سەر ئەوان ڕاوستاوەن.

ئەشۆ: برینەکەتیان چی لێکرد؟

سیروان: هیچێ! بریا ئەم هەموو ڕێگا نەدەهاتم. پزیشکەکە گوتی ئێستا بڕۆ ئەگەر چڵکی کرد وەرەوە.

ئەشۆ: بە ئەمیشیان هەر وا وت. بەڵام وریایان خەفاند و دەستیان لە گەچ گرت. وەرن تا بە ماشین بتان گەینمەوە ماڵێ، دەزانم کە چەندە ماندون. ئەمن خۆم بە سەر پێیەوە ناگرم.

هەموویان سواری ماشینەکەی ئەشۆ بوون بەرەو ناوەندی شار ڕێکەوتن بەبێ چرا لێیانخوری.

سیروان بە ئارێزی گوت: کاکە گیان باشترە هەر ئێستا بگەڕیتەوە ماڵی خۆتان چۆن چاوەڕێتن. ئەوەشت لە بیر نەچێت، تەلەفۆن لە چنوور بکە و پێ بڵێ ئەویش میترا ئاگادار بکاتەوە کە زیندوین. سۆزی بەیانی وەرە بۆ لام کارم پێتە.

ئارێز بە ئەشۆی ڕاسپارد کە لە سەر ئەو کۆڵانە ڕاوەستێ. کاتێک ماشینەکە وێستا ئارێز و ئارتا ماڵ ئاوایان کرد و هەر کام بەرەو ماڵی خۆیان ڕۆیشتن.

ئەشۆ لە بەر تەقەی یانەی ئەفسەران، واتە قەڵای کۆنی ناوەندی شار ناچار بوو ڕێگاکە دەور بداتەوە. پاش ماوەیەک لێخورین لە بەر ماڵی سیرواندا ڕاوستا وتی: فەرمون شەوتان خۆش. دووبارە سپاس بۆ ئەمڕۆ!

سیروان: سپاس خۆش و سپاسیش بۆتۆ کە بە ئێمەوە ماندو بوویت. بۆ ئەوە خۆڵکت ناکەم کە بیتە ژووری، دەزانم کە هەم بنەماڵەکەت چاوەڕێتن هەم دوێنێ شەویش نە نوستوی.

ئەشۆ : وایە بە ڕاستی ماندوم.

ئەوسا لە تەک شوانە ماڵئاوایان لە سیروان و ئارام کرد و پاشان بەرەو ماڵی خۆیان درێژەیان بە ڕێگەکە دا. ئارام و سیروان چوونە نێو حەوشەکەیان و دەروازەکەیان بە دوای خۆیاندا ژەند. کاتێک درێژایی حەوشەکەیان پێوا و نزیکی دەرگای ژێرخانەکەیان بوونەوە، سەیریان کرد کە دایکیان لە چەق دەرگاکە دانیشتوە و چاوەڕێیانە کە کەی ئەمان بێنەوە. سڵاویان لێکرد و ئارام گوتی: دایە ئەوە بۆ لەئێرە دانیشتوی، خۆ لە سەرمایشدا جاجمێکت بە کۆڵ خۆتەوە داوە!

دایە ئامێدیا : لاوە رۆڵە گیان وا مەێژە! هەرچێکم کرد دڵم بڕوایی نەدا لە نێو ژوورەکە دانیشم. ئەگەر بێژم بۆ چی تۆ تێناگەیی با رۆژێک خۆت منالت بێت ئەوسا لە من تێدەگەی. ئێستە لەگەڵ کاکتدا بچن ئاوێک بەخۆتاندا بەکەن تا ئەو تۆز و دووکەڵی سەر قژ و لەشتان خاوێن بێتەوە، منیش خوانی خواردنتان بۆ رادەخەم.

سیروان: باشە دایەگیان! ئێمەش هەر بەو نیازە بوون، چۆن هەموو لەشمان لە ئارق و قوڕدا خووساوە.

پاش خۆشۆردن، ئاوەکە لەشی ماندویانی بووژاندەوە و شەکەتی ڕێگای رەواندەوە. خەو پێڵوی چاوانی ئارامی قورس کردو بوو، بە دانیشتنەوە پەسا پەس وەنەوزەی دەبردەوە و چورتی دەدا.

دایکی پێگوت: ئارام گیان! ئەوە جێگام بۆ راخستوی بڕۆ بنوو ئەمە شەو و رۆژێکە نەنووستووی.

سیروان تاسەی میترای کرد بوو پڕ بە دڵ حەزی دەکرد تەلەفۆنی لێبکا و بزانێ حالی چۆنە، بەڵام پرکێشی نەدەکرد و بە باشی نەدەزانی.

تەقە و ئاژینی دەنگی تۆپ و هاوەن ساتێک نەدەبڕایەوە چەکدارانی خوێنرێژ و ترسەنۆکی رژیم بە پێشمەرگەیان نەدەوێرا خەڵکی سیڤل و بێ چەکی نێو شاریان لە دوورەوە بۆردومان دەکرد. هێشتا سیروان لای دایک و باوکی باسی ئەوەی نەکردو بوو کە لاقی بریندارە و لە پێش چاوی ئەوان پیشانی نەدەدا کە لە ئێشدا جار جار دە شەلێ.

ئارێز کاتێک لە مان جیا بووەوە لە گەل ئارتا تا سەدمێتری ماڵی خۆیان پێکەوە رۆیشتن ئەوسا ماڵاوایان لە یەکتر کرد هەرکەسیان بەرەو کۆڵان و ماڵی خۆیان رۆیشتن. هەروەها ماڵباتی ئارێزیش بە خۆشک و برا و دایک و باوکەوە چاوەڕێی بوون. چۆن ئەمڕۆ رۆژی یەکەمی شەڕ بوو و هاوکات واتووری و دەنگۆ بڵاو ببووەوە کە خەڵکی زۆر کوژراو و بریندار بوون. بەتایبەت لە سەر یانەی ئەفسەران، قەڵای کۆنی نێوشار، کۆمەڵێک پاسداری لێ ستارۆ ببوو و سەنگەریان لە خەڵک گرتو بوو هەر

کەسیان بدیبایە بە چەکی دووربیندار تەقەیان لێدەکرد. ئەمە ببوو بە هۆی کوشتنی کۆمەڵێکی خەڵکی ڕێبوار. شوێنەکەیان لە خیابان و کۆڵانەکانی دەرووبەر نزیک بیست مێترێک بەرزتر بوو. بەباشی بە سەر چەند شارێدا زاڵ بوون. جگە لەمان هێلیکۆپترەکانیش ئەمڕۆ لە هەر کەس و شتێک جووڵەی بکردبایە بە کالیبر75تەقەیان لێدەکرد.

ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەخت بوو، بۆ خەڵکی نێو شار. لە ژێر ئاگری چڕی ڕژیم لە زەوی و ئاسمانەوە تا ئەو ڕادەیە خەڵک نەورۆزی ساڵی ڕابردوی وەبیر دەهاتەوە کە چۆن خەڵکێکی زۆر کوژران و بریندار، یان ماڵ وێران بوون. بە گوێرەی ڕێژەی ڕێکخراوەی چریکەکان لە پەڕتووکی "شەڕی خونینی سنە" ناوی٧٧کەسی کوژراو، ٣٤٣بریندار، و١٣٢دیل تۆمار کراوە، کە ئەمانە نەورۆزانەی ڕژیمی تازە بەدەستەڵات گەیشتوی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، بۆ گەلی کورد. پاش پێنج مانگ لە هاوینی هەمان ساڵدا فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان لە لایەن خومەینی و سەرکۆمار بەنی سەدر درا.

ئەمجارەش بە کۆمەڵ خەڵکی کوردستانیان لە شارە وگوندەکاندا تیرباران کرد و هەموو خوێندنگە و شوینەگشتیەکانیان کرد بە زیندان و بەندیخانە، بۆ کچان و کوڕانی ئەم کوردستانە. ئەوجارەش دەستەڵاتی ڕەشیان دوو مانگ زۆرتری نەخایاند.

خەڵکی کوردستان بیرەوەیەکی باشی لێیان نییە جگە لە کوشتوبڕ، قەڵاچۆ کردن و ماڵوێرانی. گرتنووزیندان هیچیتریان لە حکومەتی ئیسلامی ئێران نەدیوە.

چرای ماڵەکان یەک لە دوای یەک دەکوژرانەوە. خەڵک دەخزانە نێو جێوبانی خەوتن بەو نیازە بتوانن لە ژێر ئەم هەموو نرکە و تەقەی تۆپبارانەدا، سەرخەوێک بشکێنن و هەندێک بحەسێنەوە ئەگەر بۆیان کرا.

## بەشی٣

سێشەمە(**وارامڕۆژ**)ی٢ گوڵانی٢٦٨٠ی کوردی ڕۆژی وەهومەنە، وەهمەن(تێبینی و زانایی باش) ٢٢ی ئاپریلی١٩٨٠

---

خۆداوەندی خۆر فەڕی میترایی کرد بە تاجێکی زێڕین و لە سەر چیای ئاوییەری دانا. مژی نەرم و سپی بەهاری لە داوێنی چیای شیشەرێ تاکوو شاخەچەرمگ، ببوو بە بەر هەیوانێک بۆ کزنگی خۆرەتاو، کە لە دۆڵی نێوانی شاخەچەرمگ و یوسۆسیاوە تیشکی زێڕینی خۆی بە سەر شاردا دەپرژاند.

مەلە باڵڕەنگینەکان نەیاندەخوێند و ڕاز و نیازی ژیان و دڵداریان بۆگوڵ و شکۆفە نەدەگوت. هەموویان لە شاردا تاراوە ببوون. ئەگەریش شاریان بەجێ نەهێشتوبێ لە ترسی زرمە و قرچەی تۆپ، هاوەن و چەکی سووک، خۆیان لە بن پاسار و کەلێنی ماڵاندا شاردبووەوە، و وزەیان نەدەکرد و دەنگیان نەدەهات.

زرەی زەنگی تەلەفۆن سیروانی لە خەو راچەڵەکاند. کاتێ لە پەنجەرەی ژێرزەوینەکەوە سەیری دەرەوەی کرد، بینی کە خۆر حەوش و بانی رووناک و گەرم کردوەتەوە. چاوەکانی ولایی. لە وڵامی تەلەفۆنەکەدا وتی: سیروان فەرمون! دەنگی ئارێزی ژنەفت کە سلاوی کرد.

سیروان: ئارێز تۆیی؟ باشت کرد لەم کاتەدا تەلەفۆنت کرد. چون نووستوو بووم و خەونم دەبینی.

ئارێز: ببوورە نەمزانی کە هێشتا خەوتو بووی، ئەگینا تاوێکیتر زەنگم لێدەدا.

سیروان: بیری لێمەکەوە! وتم کارێکی باشت کرد، کە لە جیهانی خەون، خەورمو کردەوە. ئەمن ژیانی جیهانی راسڵم دەوێت کە تێدا بژیم نەک لەنێو خەون و ئاروودا.

ئارێز: ئەمرۆ بەرەنامەت چییە؟

سیروان: هێشتا نازانم! بزانین بارودۆخی شار و شەڕ چۆنە. ئەگەر بۆ تۆ باشە دەتوانین تا دوو کاتژمێری دیکە لە چوارڕییانی شەهیدان لە نزیک بنکەی کۆمەڵە یەکتر ببینین؟

ئارێز: زۆر باشە! بە ئومێدی دیدار.

سیروان ویستی بچێ ناشتا بخوات، هەستی کرد کە ماسولکە و دەمارەکانی دەوروبەری برینەکەی لاقی رەپ بوون. بەسەختی دەتوانێت بە سەرپێیەوە بوەستێ یان بڕوات. سەیری برینەکەی کرد، دی کە ماسیوە و ئەستور بووە و رەنگیشی بەرەو کەوگ و شین هەڵگەڕاوە. هەروەها لە ئێش و ژاندا، ئێسک و دەمارەکانی دەیان زریکاند. سیروان هەستی بەوەکرد کە لەوانەیە برینەکەی چڵکی کردو بێت. بەوە گەشتو بوو کە برینەکەی ناسۆرە لەوانەیە پێویستی بە پزیشک و دەرمان بێت، تاکوو زوونا و سارێژ بکرێ. هەستا چوو بۆ سەر خوانی ناشتای بەیانی. باوکی لە ماڵدا نەبوو. هەواڵی ئارامی لە دایکی پرسی؟

دایکی لە وڵامدا گوتی: بەیانی زوو پێش ئەوەی کازیوەی بەربەیان هەڵبێت لە خەو هەستا و چەکورەختەکەی بەست، و وتی دەچم بۆ بنکە. ئیتر نازانم لەوێرا بۆ کوێ چوو بێت. خۆ تۆ دەیناسی کە چەندە کەلە شەقە و لە هیچ کوێی ئارام ناگرێت.

سیروان: هیچ خۆتی بۆ زیز وپەشێو مەکە! ئارام وریا و زیرەکە، نانی خۆی لە بن بەردیش بێت وەدەست دێنێت. ئێستە گوێ بگرە با شتێکت پێ بڵێم. دوێنی ئەمن لاقم نەختێک بە پرشەی تۆلاشە بەرد بریندار بوو. بەلام جێ نیگەرانیش نییە. دوێنی بە پێ خۆم هاتومەوە و ئێستاش بە نیازم بچم بۆ نێو شار.

دایکی: دەی بۆ دوێنێ شەو نەتگوت؟

سیروان:خۆ ئێستا گوتم. لێگەڕێن! هەر کەس هەواڵی پرسی پێبڵێ چووە بۆ بەر بنکەی کۆمەڵە تاکوو ئارێز ببینێت.

سیروان پاش خواردنی ناشتا خۆی گورج کردەوە و دایکی بە جێهێشت. کە گەیشتە نێو حەوشێ، هەستی کرد کە ئێش و ژانی برینەکەی لاقی کوڕی کردوە. هەر چەند دەیەویست بەبێ دارەدەست و گۆچان بڕوات، بەلام نەیتوانی. ناچار بە یارمەتی دارەکەی وارام کە دوێنی بۆی چێکردو بوو، بەرەو دیتنی ئارێز رۆیشت.

سیروان بە هەزار سەگەمەرگێ و شەلە شەل ڕۆیشتن، راوستان و وچان گرتن، نێوە کاتژمێرێک ڕێگای بڕی تا لە ئاکامدا گەیشتە لای ئارێز.
ئەمرۆش بازار و دووکانەکان داخرا بوون. خەڵک بە دڵە خورپێ و هەیەجانەوە لەملا و ئەولا دەسووڕانەوە. نەیاندەزانی کارەساتی ئەم شەڕە کە دوورۆژە بە سەریاندا داسەپاوە،چی بەسەردێت. دەنگی تەقین و هەژاندنی کەرەسەی جەنگی رژیم نەدەبڕایەوە و لە هەر چرکە و خولێکدا بەرخێ (قوربانی) لە خەڵکی سیڤیل دەگرت. تاوێک لەمەوپێش گوللە هاوەنێک لە نزیکی بنکەی کۆمەڵە ئاژین ببوو و بوو بەهۆی کوشتن و بریندار بوونی چەند کەسێک. کە هێشا خەڵک خەریکی گواستنەوەی بریندارەکانن.
سیروان و ئارێز ئەشۆیان دیی. دوای سڵاو و خۆشدۆش کردن، هەواڵی وریایان لێپرسی.
ئەشۆ: لەو کاتەوە کە پێکەوە نەخۆشخانەمان بەجێهێشت، تاکوو ئێستا دەرفەتی ئەوەم بۆ نەرخسیا کە بچم بۆ دیدەنی وریا. رووی لە سیروان کرد و درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: راستی برینی لاقی تۆ چۆنە کاک سیروان؟
سیروان: ناسۆڕە! پێم وایە چڵکی کردوە. چۆن ماسیوە هەست بەیاو دەکەم. بە نیازم بچم بۆ نەخۆشخانە. بەشکو کارێکی پێبکەن.
ئەشۆ: ئێستا دەمەوێت بە جیبەکە بچم بۆلای وریا وەرن با پێکەوە بچین. لە ئێرە راوستن تاکوو من ماشینەکە دێنم.
ئارێز: باشە!
ئەشۆ چوو بەرەو کۆڵانی پشت بنکەی کۆمەڵە دوای ماوەیەکی کورت بە جیبەکەوە هات و لە تەنیشتیاندا وستا. هەر دوویان خێرا سوار بوون.
ئەشۆ: لەم رۆژانە لێخۆرینی ماشین زۆر ئەستەمە. دەبێ ڕێگای دوورتر ببڕین و لە نێو کوچە و کۆڵانی تەنگبەردا لێخۆرین. تا لە بەر دیدی هێلیکۆپتر و قەناسە بەدەستانی سەر قەڵا خۆمان بپارێزین.
ئەشۆ لە راستە خیابانی شەهیدانەوە تا سێ ڕێیانی شاپور خێرا لێخۆری. لە شاپور پەڕیەوە لە کۆڵانی سەروخواری تەنیشت موزەخانە بەرەو پردی سەر چۆمەکەی قەتارچیان ڕۆیشت. لەوێیەوە لە کۆڵانی باریک و هەورازی ئایەتوڵای مەردوخ بەرەو خیابانی کەشاوەرز درێژەی بەڕێگادا. هەرکاتێک دەنگی هێلکۆپترەکان نزیک دەبوونەوە لە تەنگەبەری کۆڵانەکە یان ژێر باڵکۆنێک رادەوەستا تاکوو دەنگی شەقەی باڵی هێلکۆپترەکان دوور دەکەوتەوە، ئەوسا لێدەخۆری. لە خیابانی کەشاوەرز پەڕیەوە بەرەو کۆڵانی شاوەیسی لەوێرا کۆڵان بە کۆڵان لێخۆری تا لە ئاستی نەخۆشخانەوە لە خیابانی ئاوییەریش پەڕیەوە بۆ پشتی نەخۆشخانە. لە کۆڵانی پەپولەدا جیبەکەی پارک کرد. هەر سێکیان دابەزین و چوون بۆ بەشی ئوژانس. ئەمرۆش وەک دوێنێ خەڵکێکی زۆر لەوێ بوون.
سیروان: کاک ئەشۆ پێویست ناکات لە لای ئێمە چاوەڕێ بیت. باشترە بچی بۆ لای وریا. بەس ئادرەسی ژوورەکەیمان پێبدە دوایی لەوێ یەکتر دەبینین. واباش نییە؟
ئەشۆ: باشە وای لێدەکەین. ژمارەی ژوور و تەختەکەی پێدان و ئەوسا لەمان ماڵئاوایی کرد.

ئەمان بۆ ماوەیەک چاوەڕێی بوون تاکوو بانگیان لێکردن. کە چوونە ژووریَ سەیریان کرد دوکتور زامیادی دۆستیانە. سڵاویان کرد. دوکتور زامیاد لە بەریان هەستا بە گەرمی خۆشدۆشی لە گەڵ کردن.

زامیاد: چییە بەڵا دوورە کامتان نەخۆشن؟

سیروان: وا دیارە من نەخۆشم! بە سەرو سیمامەوە هیچ بە دی ناکرێت؟

زامیاد: لە من ساقتر دیاری!

سیروان: ڕاستە! دوێنی من لاقم کەمێک بریندار بوو. شیمانەم لێیە کە چڵکی کردوە، یاو و ژانی زۆرە.

زامیاد: باشە! وەرە لە سەر ئەم تەختە ڕاکێشە بزانم چەندە ناسۆرە. سیروان دەرپاچەی شواڵە کوردیەکەی هەتاکوو ئەژنۆی بە ئەسپای هەڵکرد و لە سەر تەختەکە ڕاکشا.

برینپێچ و پەرەستارێک لە لای دوکتور زامیادەوە کاریان دەکرد خێرا ڕەوڕەوەیەکی پڕ لە کەرەسەی برینپێچیان هێنا تەنیشتی سیروان. دەستیان کرد بە کردنەوەی برینەکەی. د. زامیاد هەندێک سەیری کرد و دەستی لە سەر دەوروبەری برینەکە نا بڕێک زووخاوی زەرد و چڵک لە شوێنی برینەکەوە هاتەدەریَ و دوایی پاخشی کردەوە. ئەوسا پەرەستارەکە برینەکەی پێچاندوە. سیروان چووە سەر کورسیەکەی بەرانبەری زامیاد دانیشت.

زامیاد: کاکە گیان! ڕاستە برینەکەت چڵکی کردوە! زۆریش ناسۆر بووە. ئەم دەرمانەت بۆ دەنووسم هەر شەش کاتژمێرێک جاری یەکدانەی لێدەخوی، بەڵام دەبیَ و دەبیَ کەم بەسەریدا هاتو چوو بکەی. نابیَ بکوتریَ. ئەگینا بەم زووانە زوون و سارێژ نابێت. ئەم بانداژە تازەیە نابیَ دەستی لێبدەی. لە ئاو و تەرایی بیپارێزە تا چاک دەبیتەوە. ئەگەر دەرفەتم پەیدا کرد دێم و سەرت لێدەدەم .

پاش ماڵ ئاوایی و سپاس لە دوکتور زامیاد و پەرەستارەکان بەرەو لای وریا ئەوانیان بەجێهێشت. هەندیَ بەم ڕێڕەو و ئەو ڕێڕەودا چوون تاکوو ژوورەکەی وریایان دۆزییەوە. کە سەیری نێو هۆڵەکەیان کرد دیتیان کە ١٣ تەختی تێدا ڕیز کراوە و لە دەوری هەر تەختێک کۆمەڵێک خەڵکی دییەنیکەر دانیشتون، یان بە سەرپێوە ڕاوستاون. بەوردی بە دوای تەختی وریادا دەگەڕان. تا دەستی ئەشۆیان لە کۆڵەسوچێک دی کە ئاماژەیان پێدەکا بۆ ئەویَ بچن. کاتێک چوونە لای تەختی وریا دییان دایک و باوک و خۆشکی وریا لەویَ وستاون. سڵاویان کرد و خۆیان ناساند. وریا بە لێوی پێکەنینەوە خەریکی گاڵتە و گەپ بوو، کە چۆن دوێنی بە کۆڵ و سەرشانی هەموویان هاتوەتەوە نێو شار.

سیروان: وریا خۆ لاقتیان کردووە بە کۆڵەکەی ئاسمان؟

وریا : ئەریَ ! ئەگەر بۆردومان سرمیجی ئەم ژوورەی ڕوخاند ئەوە لاقی من باشە هەر هیچ نەبێت وەکوو کۆڵەکەیەک ئەم سێیانزە بریندارە ڕەزگار دەکات.

هەموویان پێکەنین.

من بە نیازم هەرچیَ زووتر بگەڕێمەوە ماڵی خۆمان. ئێستا چاوەڕیَ وڵامی پزیشکەکانم.

ئاریز: ماڵەوە جێمتمانەترە تاکوو ئێرە. رژیم لە وانەیە لەم رۆژانە فەرمانی بۆردومانی نەخۆشخانەکانیش بدات.

دایکی وریا: راستە ئەم رژیمە دوژمنی مرۆڤایەتیە هەموو کارێکی دژ بە مرۆڤی لێدەوەشێتەوە. بۆیە ئێمەش زۆرمان بۆ پزیشکەکان هێناوە کە وریا خێرا ببێنەوە بۆماڵی خۆمان. بەس چاوەڕێن کە ئەم سرومانەی تەواو بێت.

ئەو نیگەرانیە، هۆیەکی سروشتی بوو بۆ هەموو خەڵکی شار. گشت دەیانزانی کەئەم شەڕە بەم زووانە تەواو نابێت. نەخۆشخانەکانیش وەک ماڵی خەڵک دەکەونە بەر ئامانجی تۆپبارانی هێزەکان و بۆردومان دەکرێن. دەیانزانی کە بیری١٣٠٠ساڵ کۆنی ئەم رژیمە، بە چەکی نوژەنی سەدەی بیستەم تەیارە. ئاخۆ چ کوشت و کوشتارێک لە خەڵکی سیڤیل بکات؟ یان چ مەترسییەک بۆ کۆمەڵانی خەڵک بە ئافرێنێ؟ ئەوان بۆ هیچ یاسا ودادی مرۆڤایەتی رێز دانانن و پێشێلی دەکەن. لە ئێستاوە شاری سنە و هەموو کوردستان لە ژێر رەکیفی گەمارۆی ئابووری و ئەرتەشیدایە. تەنانەت رێگا بە هاتنی کەرەسەی پزیشکیش نادەن کە بێ بۆ نەخۆشخانەکان، تا دەگاتە خواردەمەنی و بژیو بۆ خەڵکی کوردستان. بارودۆخی نێو شار کات بە کات دەگۆڕدرا و شێوازی تەواو گۆڕەپانی شەڕی بە خۆوەوە گرتوە. لایەنگرانی بیری ئەحمەو موفتیزادە لە گەڵ رژیمدا ئاریکاریان دەکرد و دژ بە گەلەکەیان وستا بوون. بە تاک و تووک لە سەر بان و نێو کۆماج و هەورەبانەکانیان تەقەیان لە هاتو چووی خەڵکی نێو شار دەکرد، یان بە قەناسە و فیشەکی دوو تەقە (دووخەرجە) بەرەوئاسمان تەقیان دەکرد و گوللەکەش لە ئاسمانەوە دەتەقیەوە. لە بەر ئەوە واتدەزانی لە نزیکەوە تەقەت لێدەکەن. ئەوەش ببوو بەهۆی ترس و ئاژاوە لە نێو کۆڵانەکاندا.

لە پادەگانەوە بەبێ پسانەوە و لە هەر کاتژمێکدا٤٥٠گوللە تۆپ، کاتیوشا و هاوەنیان بە سەر خەڵکی شاردا دەباراند (بە وەتەی سەرهەنگ سەدری فەرماندەی پادەگانی سنە). لە نێو شاردا دەنگۆ و واتووەریان بڵاو کردبووەوە کە رژیم هێزێکی گەورەی یارمەتیدەری زرەیی بە سەدان تۆپ و زرێپۆشەوە لە هەمەدانەوە بەرەو سنە وەڕێ خستوە. هەروەها هێزێکی دیکە لە کرماشانەوە ها بەڕێیوە، بۆ گرتنەوەی شاری سنە. ئەگەر وابێ بۆ گرتنەوەی شارێکی وەک سنە، رژیم چوار لەشکەری بۆ تەرخاند کردوە. هەر لەشکەرێک چوار گوردان و هەر گوردانیش چوار گورهانە. هەرگورهانیش چوار دەستەی پانزدە تا بیست چەکدارە. جگە لە چەکدارانی بەشەکانی تەدارەکات... فڕۆکە فانتومەکانی رژیم دوو دوو بە سەر شاردا دەفڕین و هەوایان دەشکاند، کە دەنگێکی ئیجگار گەورەی لێدەبیسترا کە دەبوو بە هۆی شکاندنی شوشەی پەنجەرەی ماڵان. یان بێبەزەییانە راکتیان بە ماڵانەوە دەنا، و لە گەڵ زەویندا تەختیان دەکرد.

لە ئەم ئاکارەیان خەڵک وا تێدەگەیشت، کە رژیم بە نیاز نییە کە ئەم شەڕە داسەپاوەی بەوەستێنێ و بە پێچەوانەش خەریکە بە هێنانی هێزی تازە، ئاگری شەڕەکە خۆشتر دەکات.

لە باکوری رۆژ ئاوای شارەوە کە دوو پادەگانی ئەرتەش و ژاندارمری لێبە. ئەمڕۆ هێرشیان بەرەو نێو شار هێنا، بە تایبەتی ناردنی هێزی زۆر بۆ نێو زاڵگەی یانەی ئەفسەران و گرتنەوەی ستادی ئەرتەش لە تەنیشتی یانەی ئەفسەراندا.

ئەشۆ لە تەک سیروان و ئاریزدا، وریا و بنماڵەکەیان بەجێهێشت. بەو ڕێگایانەدا کە هاتوبوون گەڕانەوە. ئەشۆ ئەوانی هەتا ماڵی سیروان برد وتی: من دەبێ بچم بۆ سەنگەرەکانی گردیگەڕوڵ. ڕاستی بەیانی ئارامم لەوێ دیت. ئەگەر کارێکتان پێیە تا پێیبڵێم؟

سیروان: نا سپاس بەس سڵاوی بگەێنە.

ئاریز: منیش هەروا!

بازار و دووکانەکان زۆربەیان داخرا بوون. تەنیا بەشێک لە دووکانە خواردەمەنیەکان و نانەواخانەکان ئاوەڵا بوون. هەموو زانکۆ خوێندنگەکان. شوێنی کار کردن و کارگەکان بەتاڵ کرا بوون. بەگشتی شار لە دڵە خورپێدا دەژیا. ئەمڕۆ ڕۆژێکی درێژ و نە بڕاوەیە، شار بە برینی خۆیەوە دەیناڵاند و بە ماتەمی کوژراوەکانییەوە چاوەڕێ ئاوابوونی ڕۆژ بوو. بەشکو لە تارمایی ئێوارە و تاریکی شەودا بتوانێت ڕۆڵە کوژراوەکانی لە گۆرستانەکانی چوار دەوری شاردا ئەسپەردە بکات. چۆنکو ئێستا لە بەر ئاگری هێلیکۆپترەکان کەس ناوێرێ لە ماڵ وەدەرکەوێ.

ئاریز و سیروان کە چوونە ماڵەوە کاتی پاش نیوەڕۆ بوو.

ئاریز: تۆ دەبێ بە قسەی دوکتور زامیاد بەکەی. نابێ بە سەر برینی لاقتدا هات و چوو بکەی. ماوەیەک کەم بجووڵێوە بەشکو سارێژ بێت.

سیروان: نازانم چیبکەم؟ لەم هەلومەرجەدا بۆ بریندار بووم ؟ ئێستا ئەرکی نیشتمانی زۆرە و گرنگە کە چی من نە توانم بەشدار ببم. ئەمە وەکوو خۆرە دەمخواتەوە و زۆریش لەم بارودۆخەی خۆم بێزارم.

ئاریز: بۆ بێزاری؟ ئەگەر بکوژرای چی؟ من پێم وایە تۆ دەبێ لە پێشدا کارێک بکەی کە برینەکەت چاک بێتەوە پاشان ماوەێ خەبات و تێکۆشان زۆرە. لە تەمەنی ئێمەدا تەواو نابێ.

سیروان: باشە ئێستا بچینە سەر ئەوە کە چۆن لەگەڵ یەکێک لەم هێزە ڕامیاریانەی ئەمڕۆی گۆڕەپانی خەبات لە باری بیر و بڕواوە ساق بینەوە. ماوەی ئەوەش نەماوە کە زۆرتر بیری لێبکەینەوە. وا نییە ئاریز؟

ئاریز: ڕاستە! ئێمە ئەشێ پەیجۆری بووچوونی ڕامیاری ئەوان و خۆمان بکەین تاکوو بە ئامانجێک بگەین. کام هێز دڵسۆزی گەلە و درۆ ناکات. بۆ چینی چەوساوە تێدەکۆشێ. یان لە ڕۆژی تەنگانەدا بۆ وەرگرتنی کاری کوێخایی گوند و باژێرێک، هەموو دەستکەوتە نیشتمانیەکان نە فرۆشێ بە ڕژیم.،،

سیروان: کەوایە هەموو هێزەکان بە بیر و ڕامیاریانەوە دەناسین. ئەوەی کە لە هەموویان ڕاسبێژترە، بەرپرسیارترە و جێمتمانەیە لە گەڵیدا هاوکاری دەکەین و تا ئێستاش کردومانە سەرەڕای ئەوە هەندێک جیاوازی لە بیر و بڕوای ئێمە و ئەو هێزەدا هەیە. باشترە کە زۆرتر ئاریکاری بکەین. وانییە؟

ئاریز: وایە!

زرەی تەلەفۆنەکە سیروانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. پاشماوەیەک ئاخەفتن لە گەڵ خزمێکی گەڕایەوە لای ئاریز. سەیری کرد ئاریز نا ئارام و بێقەرارە. زوو هەستی بەوە کرد کە ئاریز تاسەی چنووری کردوە کە دوو ڕۆژە نەی بینیوە.

سیروان پرسیاری لێکرد: ئەری چنوور چۆنە؟ ئەمڕۆ نەتبینیوە و نەچوویتە ژوانی؟
لە کاتێکدا ئارێز سوور هەڵگەڕا بوو، بە دەنگێکی کڕ و کپ لە ناخەوە پەردەی بێ دەنگی دادڕاند و گوتی: نازانم چیبکەم؟ ناتوانم بیریشی لێ نەکەمەوە. ئەسرین لە چاوانیدا کۆ ببووەوە کرژ سەری هەڵچەرخاند و بە قوڵی کراسەکەی گورچ سڕی بۆ ئەوە کە سیروان چاوانی نەبینیت. کاتێک چاوانی هەڵهێنا سوری چەرمێنەی چاوی پڕ کردو بوو و برژانگێک لە نێو چاوی راستی شکا بوو. بۆ ئەوە کە هەستی خوشەویستی خۆی بۆ دڵدارەکەی بشارێتەوە وتی: نازانم بۆ ئەم برژانگانەی من دەشکێتە نێو چاوانم؟
سیروان: نە برا گیان! ئەوە هەڵەی برژانگی تۆ نییە. ئەوە سۆز و هەستی ئەویندارییە، کە برژانگ بەرخێ تاسەی یار دەکات. خەمت نەبێت تەنێ تۆ نیت بەو دەردەوە دەناڵێنی. ئێستا چاوە شینەکانی چنووریش لێوەلەری ئەسرین و فرمێسکە. راستی دوێنێ شەو تەلەفۆنت لێکرد؟
ئارێز: نا! هەرچێکم کرد لە رووم هەڵنەهات بە داخەوە نەم توانی. ماوەیەک هەر دووکیان بێدەنگ بوون. سیروان لە توورەییدا روومەتی سوور هەڵگەڕا بوو بەڵام بە رووی خۆی نەهێنا، و گوتی:" پەنام بۆ وەیس برد، ئەویش بە سونی دەرچوو " کاکی برا ! من هیوام بە تۆ بوو...
ئارێز: داوی لێبووردن دەکەم. ئێستا دەچم بۆ ماڵی چنوور و میتراش ئاگادار دەکەمەوە. هەر وەها دەرمانەکانت بۆ دەکڕم و دەیهێنمەوە. باشە؟
سیروان: باشە! ئێمە لە کاتێکی زۆر ناسکدا دەژین. هیچ کەس ناتوانێت بێژێت لەم هەلومەرجەدا هیچ رووداوێک توشمان نابێت. خۆ ژینگەی شار دەزانیت کە چۆنە. ئاگر و بۆمبا وەکوو رەهێڵەی باران دەبارێت، هەر چەند لافاوی ئاو نایت بەڵام لافاوی خوێن هەموو کۆڵانێکی سوور کردوە. کەس بە تەمای ئەوە نییە کە تاوێکیتر زیندو بمێنێت. برۆ بەڵام لەم ئاگربارانە ئاگات لەخۆ بێت.
ئارێز لە سیروان ماڵ ئاوایی کرد و بەرەو گەڕەکی چوارباخ رۆیشت.
ئارام لە بەیانییەوە لەتەک چەند هاوڕێیکی لە مەتەرێزەکانی بەرەی بەرزایەکانی گردیگەڕوڵ دامەرزا بوون. بەدرێژای رۆژ لە ژێر هاوەن و تۆپباراندا بوون. بەڵام چەندین جار هێرشی هێزەکانی دوژمنیان لە پادەگانەوە تێشکاند. رژیم دەیەویست ئەو گردانە کە بە سەر فرەیەک لە گەڕەکەکانی نێو شار و پادەگاندا زاڵ بوو، وەچنگ خات سەرەڕای ئاگری خەستی هێلیکۆپترەکانی، هێزەکانی رژیم هەموو جارێک هێرشەکانیان تێدەشکا و هێزەکانیان تەفر و توونا بوون. بەڵام تۆپباران کەم نەدەبووە.
گردیگەڕوڵ ناوی گەڕەک و چەند تەپەیەک و گردێکە لە نێوانی شار و پادەگاندا. ماڵانی ئەم گەڕەکە بە داوێنی تەپۆڵکەکانەوە لەم ساڵانی دواییدا چێکرا بوون. تەپەکان، ئەم گەڕەکایان لە شار جیا کردوتەوە، و لە گەڵ پادەگاندا تەنیا جادە ئەسفالتەکەی سنە مەریوان لە نێوانیاندایە.
ئەم گەڕەکە یەکی لە هەژارترین گەڕەکەکانی قەراخی شارە. ماڵەکانیشی زۆربەی زۆری بە خشتی خاو و دار و پردوو و گڵ دروست کراون. کە بەرگەی تۆپ ناگرێ، کە خۆیانی تێدا بپارێزن. زۆربەی دانیشتوانیشی خەڵکی دەڤەری ژاوەرۆ و کەڵاتەرزان بوون. ئەم گەڕەکە لە شەڕی نەورۆزی خوێناوی شاری سنەدا، کە ساڵێک لەمەوپێش

بوو، بە تۆپبارانی پادەگان نیوە کاوڵ بوو. خەڵکی ئەوێ بە هەزار هەژاری و چەرمەسەری ماڵەکانیان دروست کردەوە. لەو گەڕەکەدا ژیان لە ژێر هاژە و لووشەی تۆپ و قەناسەدا مانایەکی نییە. کەسیش تاقەتی بیستنی ئەم سەمفونیای مەرگ و پەژارەی نەماوە. تەنیا چارەیان، بەجێ هێشتنی ماڵ و ژیانیانە.

ماڵێک، کە بە درێژایی تەمەنیان رەنجیان بۆ کێشا بوو، تاکوو چوار دیوارێک چێبکەن و لە نێویدا بحەسێنەوە. سەرەڕای ژینێکی پڕ لە چەرمەسەرێ و کەم و کوڕی بژیوی رۆژانەیان، خۆیان بە خۆشبەخت دەزانی کە خاوەنی کەپر و هەرزاڵێکن. بەڵام رژیمی داگیرکەری تاران ئەوەشی پێیانەوە رەوا نەدەدی، نە تەنها بۆیانی دەروخاند گیانیشیانی دەکێشا.

زۆربەی ماڵەکانی ئەم گەڕەکە دوێنێ رژیم وێرانی کردو بوو. ئەوانەی کە توانای هەڵاتنیان بوو ، لە تاریکای شەودا دەرباز بوون، و لە چنگی مەرگ رەزگاریان بوو

خەڵکێکی زۆر لە نێو ماڵەکانیاندا کوژراون، رێگا و دەرفەتی ئەوەش نییە کە لە حەوشی خۆیاندا ئەسپەردە بکرێن. بریندار و نەخۆشی لێکەوتوە، کەس نییە کە یارمەتیان بدات. هەروەها ئەو پیرانە کە هێشتا زیندون، هێزی ئەوەیان نییە لەم هەورازەوە خێرا سەرکەون و دەرباز بن. لە وانەیە تا چەند رۆژیتر کەسیان زیندو نەمێنێ.

ئارام ئەمە دووهەمین جارە لە شەڕدا بەشداری دەکات. هەر چەند بە تەمەن گەنجە بەڵام لە سەر بڕوای بۆ رەزگاری نیشتمان و خەڵکەکەی لەبن دەستی و چەرمەسەرێ و چەوسانەوە، سوورە. بۆیە بە دڵ و بە گیان پارێزگاری لێدەکات. لە پەرێزی خۆیدا لە گوللە و ئاگری دوژمن نا ترسێت. لە گەڵ هەڤاڵانی هاوسەنگەریدا شورە و دیوارێکی پۆلاینیان چێکردوبوو، کە رژیم بەو هەموو کەرەسەی نوژەنی سەربازیەوە بەرگەی چەکی بیر و بڕوای ئەوانی نەدەگرت. سەنگەر ببوو بە ماڵ و ژیان بۆیان. خواردنی فراوێنیان هەر لەوێ لە ژێر ئاگر و تۆزی بۆردوماندا دەخوارد.

پوڵ پوڵ شوڕەکچانی ئازا و نەترس بە کۆڵەباری خواردن و خواردنەوە، سەنگەر بە سەنگەر دەگەڕان و لە نێو پێشمەرگەکاندا دابەشیان دەکرد. ئاریکاری ژنان و کچان کوڕان و پیاوانی ئەو دەڤەرە چ لە پشت و چ لە نێو سەنگەردا زۆر باش بوو. هەموو پێکەوە لە ماڵ و ژیانی خۆیان، هەر کەس بە چەشنێک پارێزگاریان دەکرد. کەس هەستی بە تەنیایی نەدەکرد و ورەی هەموویشیان لە سەرەوە بوو.

ورەی هێزەکانی رژیمیش رووخا بوو، و نەیاندەزانی کە بۆچی خۆیان بە کوشت دەدەن. گەر دەرفەتیان پەیا بکردایە بە چەکەوە یان بێ چەک لە ریزەکانی رژیم هەڵدەهاتن و خۆیان دەدا بە دەستی خەڵک و پێشمەرگەوە.

ئارێز راستەوخۆ چوو بۆ دەرمانخانە و دەرمانەکەی سیروانی کڕی و زوو هێنایەوە بۆ سیروان و وتی: دەزانی بۆیە وا بە خێرا هێنامەوە بۆت. یەک تۆ پێویستت بەم دەرمانە هەیە. دوو کە بڕۆم بۆ چوارباخ لەوانەیە شەو لە ماڵی چنووردا بمێنمەوە و تۆیش بێدەرمانی بمێنیت. ئێستا من دەچم تاکوو سۆزی بەیانی لای تۆ خۆش.

ئارێز بەم شێوەیە سیروانی بە جێهێشت و رێگای رووگەی خوشەویستەکەی گرتە بەر و بە خێرایەکی ئەوتۆ رۆیشت.

کاتێک کە گەیشتە چوارباخ و لە نزیکی ماڵی چنوورەوە کۆمەڵێکی خەڵکی دی کە لە بەر ماڵێکدا کۆ ببونەوە. دەنگی گریان و شینی ژنان ئارێزی بەرەو ئەوێ ڕاکێشا. لە ژنێک پرسیاری کرد: ئەوە چ باسە؟ چی روویداوە ؟

ژنەکە کە هەر دوو چاوانی پڕ بوو لە فرمێسک گوتی: گوللە هاوەنێک لەو ماڵە هەژارە کەوتوە و هەموو خێزانی بنەماڵەکەی کوشتووە جگە لە کۆرپەیەکی شەش مانگە نەبێت.

بۆ ئارێز روون ببوەوە کە هاوەنێکی١٢٠ لە نێو ماڵی کاشاواندا دەتەقێتەوە. کا شاوان و ژنەکەی لە گەڵ سێ منداڵی سێ، پێنج و هەشت ساڵە، لە خوێندا دەگەوزێن و دەستبەجێ هەموویان دەمرن. تەنیا کۆرپە شەش مانگەکەیان کە لە ژوورێکی دیکەدا لە بێشکە نوستو بوو زیندو دەمێنێ. خەڵک لەم ئاکاری کوشت و بڕی رژیم زۆر توڕەن. هەموو لەوە دەترساند کە رۆژێک ئەم رووداوە دڵتەزێنە لە ماڵی ئەوادا دووپات ببێتەوە.

ئارێز بەرەو لای ئەو خەڵکە چوو کە خەریکی یارمەتیدان و لابردنی دار و پەردووی ئەو ماڵە رووخاوە بوون. لە نێو گەرما گەرمی کاردا بوو کە چنوور و میترای لەوێ دی. ئەوانیش خەریکی یارمەتیدان بوون لە گەڵ زۆربەی ژن و پیاوی ئەو گەڕەکە.

چووە پێشەوە و سڵاو و ماندو نەبوونی لێکردن و گوتی: دەزانم لێم زیزن! بۆیە هاتوم کە داوای لێبووردنتان لێبکەم. سیروان دوێنێ شەو پێ راسپاردم کە بە تەلەفۆن ئێوە ئاگادار بکەمەوە. بەڵام کەمکاری و کەمرووی لە لایەن منەوە بوو نازانم بۆ چی؟

میترا: سیروان چۆنە؟ بیستومە کە لاقی بریندارە! وا دەزانن گەر ئێوە ئێمە ئاگادار نەکەنەوە، ئیتر ئێمە هیچێ نازانین؟ نازانین کە چیتان بە سەر هاتوە؟ پێشمەرگەیەک کە لەگەڵ ئێوە لە شەڕی کەوسوردا بەشدار بوو، هەموو شەڕەکەی بۆ گێرامەوە.

ئارێز: تاوانی کەمکاری و کەمرووی من بوو نە سیروان. بمبوورە! کاتێک گەڕایەتەوە ماڵێ تەلەفۆنی لێبکە چۆن چاوەڕێتە. ئەو لە بەر بارودۆخی تۆ تەلەفۆن ناکات. خۆ خۆت باش دەزانیت.

پاش ماوەیەک یارمەتیدان میترا گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان و ئارێزیش لە تەک چنووردا چوو بۆ ماڵی ئەوان.

لە رێگەدا چنووری دڵمەند و زیز بە ئارێزی وت: تۆ چەندە بێ ئەمەکی! لەم کاتە نالەبارە تێناگەیی؟ بۆ هەواڵێکت لێ نەپرسیم؟ تۆ نازانیت کە من چەندە بە پەرۆش و پەشێوی دووری تۆ بووم؟ بۆ ئەوەندە دڵرەقی؟ رێز لە هەست و ئەوینی من بگرە!

ئارێز: دووبارە داوای لێبووردنت لێدەکەم. خۆشەویستەکەم! تۆ دەزانی کە بەبێ تۆ ژیان بۆ من بێ مانایە. ئیتر ئەم کەمکاریەم دووپات ناکەمەوە.

ماڵی چنوور بە ژێرزەوینەکەیانەوە سێ نۆهۆمی بوو. دوو ساڵ لەمو پێش باوکی ماڵە کۆنەکەیانی لە بنەڕەتەوە رووخاند و لە سەر زەوینەکەی ئەم ماڵە تازەیەی بە شێوەی نوژەن لە بەرد و سمنت لە تەک ئاسندا چێکردوبوو. ژێرزەوینەکەی بۆ رۆژانی وەکوو ئەمرۆ زۆر بە کەڵکە. دایکی چنوور خانم خاس بە مافور و پشتی فەرشی کردو بوو و ئێستا ببوو بە جێگای شەو و رۆژیان. دوو پەنجەرەی چکولە(دەلاقە)یان چێکردو بوو بۆ گۆڕانی هەوا و رووناکی تیشکی هەتاو.

تیشکی هەتاوی بەیانی لێدەکەوت. ئەویش وەکوو زۆربەی ماڵانی کوردەواری روو بە هەڵاتنی تیشکی خۆر دروست کرا بوو. لە میتولوژی گەلی کورددا زۆر گرنگ بوو کە

تیشکی ڕووناکی خودای بەربەیان و خۆشەویستی، واتە(میترا)ی تێکەوێ. هێشتا بەم شێوەکارە پاش هەزارانساڵ و دوای دەستەڵاتی زۆرکاری مەلایان هیچ گۆڕانێکی بە سەردا نەهاتوە و هەر باوە. گەرچێ زۆربەی خەڵک ئەمڕۆ تێناگەن بۆ چی. ئەم شێوازە چێکردنە لە گوند و شارەکانی کوردستاندا بووە بە باو و داب و نریت. ئەم ژێرزەوینییە دانیشتنی ئێوارانی گەڵێک خۆش و فێنکە .

دایکی و باوکی چنوور بە تەمەن نەبوون. باوکی کاک کامەران باڵابەرز و خۆش قسەیە. لەراستیدا پیاوێکی رامیار و ژیرە کە جێگای رێز و خۆشەویستی هاوسێ و ناسیاوە. بە درێژایی تەمەنی پەنجا ساڵەی زۆر تاڵی و سوێری ژیانی چێژتوە.

دەساڵ لەمەوپێش بە هۆی بیری رامیاریەوە، لە سنەوە تەختەقاپۆ و دوورخرایەوە بۆ باشووری ئێران و داویش لە کاری ماموستای دەرکرا. لەم ماوەیەدا کاری ئازاد دەکا و رەوتی ئابووریشی باشتر بووە. چاوانی قاوەیی رۆشنی لە ژێر برۆی رەش و پڕیدا زیندویی ژیانی پێدەبەخشی. لە هەر دوو لاجانی و سەرەوەی گوێ، ئاڵشتی زووقومی تەمەنی پایزی لێ نیشتووە. بە خزمایەتی ئاموزای دایکی ئارێزە و هەر وەها مرۆڤێکی بە ژیار و تێگەیشتویە.

خانم خاس، ئەویش هەر وەکوو شوەکەی ماموستا بوو، کە بە هۆی مێردەکەیەوە لە کار دەرکرا و ئێستا کابانیماڵە. ژنێکی کورتە باڵا و خۆش رووە. چاوانی شین و قژی کاڵی ببوو بە هۆی ئەوە کە پێبڵێن ،، کاڵێ ،،. کاتێک ئارێز و چنوور هاتنەوە ماڵەوە، ئاریا و زریا یان دی کە لە سوچێک کۆرپیان کردووە. کارەساتی رووخانی ماڵی کاشاوانیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. ئارەقەی ترس و تورەیی لە نێو چاوانیانەوە بەباشی بەدی دەکرا. تەمەنیان حەوت ساڵانە و لفو دووانەی یەک توخم بوون. پێکەوە گەورەببوون و بە یەکتر خۆیان گرتوبوو. هەر دووانیان کاڵ و کرچ و چاو کەسک بوون. بە ئەستەم کەس دەیتوانی لە یەکتر جیایان بکاتەوە. بۆیە دایکیان خاسێ کە بتوانێت بە ئاسانی بیانناسێ. قژە کاڵ و شۆڕەکەی ئاریای دەکرد بە پەلکە و هی زریاشی وەک شەپۆلی زریا بە سەر شان و ملیدا شانە دەکرد. هەمیشەیش ئەم کارەی دووپات دەکردەوە.

جاروبار چنوور بۆ گەمە و پێکەنین قژی زریای دەکرد بە پەڵکە و هی ئاریایشی شانە دەکرد، تاکوو دایکی بە هەڵە بانگیان لێبکات.

چنۆ کە چاردەساڵیە و تاقانە کوڕی ئەو بنەماڵەیە. ئەو گەنجێکی ژیر و گوێ رایەڵە. ئەویش قژی قاوەیی رۆشن و چاوانی قاوەیی کاڵ مەیل و بەرِویی رەنگی، زۆرتر لە باوکی دەچوو. ئاریا و زریاش کوتومت دایکیان و چنووریش تێکەڵاوێک لە هەردووکیان جوانییەکی تایبەتی پێ بەخشیبوو.

قژی کاڵی چنوور بە سەر شان و ملیدا تاکوو کەمەری شۆر ببووەوە. وەک پەڵە گەنمی تازە زەردو بە دەم شنەی باوە کەروێشکە دەکات و شەپۆل شەپۆل بە سەر یەکدا دەشکێتەوە. بەچاوانی ئاسمانی رەنگی ببوو بە تاقانە ئاسکی گەرەکی خۆیان. دڵی هەموو گەنج و لاوێکی ئەو دەڤەرەی رفاندو بوو، بەبێ ئەوەی ئاوڕیان لێبداتەوە.

هەموو گلە و گازەندەی دڵڕەقیان لێدەکرد. نەیان دەزانی کە دڵی رەقی چنووریش پڕ لە زامی ناسۆری ئەوینە.

ئاریز و چنوور کە هاتنە نێو ژوورەکە سڵاویان کرد و بەگەرمی پێشوازیان لێکرا و ئاریز لە لای راستی ژوورەکەوە رونیشت. پاڵی بە پشتیەکەوە دا و خەریک بوو کە خۆی بگونجێنێت چنوور گوورچ و گۆڵ پەرداخێکی پڕ لە شەربەتی گوڵاوی بۆ هێنا کە دایکی بۆخۆی لەگوڵی گوڵەباخی نێو حەوشەکەیان دروستی کردو بوو.

ئاریز دەیەویست هەیەجان و هەژاندنی دەروونی خۆی لە سەیری چاوانی جادوویی چنوور بشارێتەوە و خۆی هێمن پیشانبدات. شەربەتەکەی بە چەند قوم خواردەوە. بەڵام بێ ویست و خوازی خۆی روومەتی وەک گڕی چرا سوور و گەرم داگرسا. رووی نەبوو سەری هەڵبڕێت و تێر و پڕ سەرنجی جوانی خۆشەویستەکەی بدات. کە لە بەرانبەریدا دانیشتو بوو. یان سەیری دایک و باوکی بکات، پێوا بوو ئەوان بە رازی ئەوینداری ئەم و چنوور دەزانن. ئاریا و زریای بانگ کردە لای خۆییەە و لە گەڵیاندا بە کایە خۆی سەرگەرم کرد تا دەروونی ئەهوەن بێتەوە. لەپڕ دەنگی کا کامەران رایچەڵەکاند. ئەویش گوڕچ بوژایەوە گوێ راگرت کە بزانێ چ دەبێژێ و چ باسە.

ئەری ئاریز دەتەوێ چیبکەی؟ مەبەستم ئەوەیە لە داهاتودا. گرتمان رژیم شار بگرێتەوە، خۆ تۆ ناتوانیت لە شاردا بمێنیتەوە و ژیانی ئاسای رابردوت درێژە پێبدەی. چۆن ئێستا چەکت دژ بە رژیم هەڵگرتوە و دیارە سیخورەکانی رژیم و جاشەکانی موفتی راپۆرتت لێدەدەن. بۆیە دەڵێم دەتەوەی چیبکەی؟

ئاریز بە لەپی دەستی ئارەقی نێو چاوانی سڕی و وتی: دیارە ئەو رۆژە کە چەکم هەڵگرت ئاشقی باڵای نەبووم. بیرم لەوە کردوەتەوە کە ئێستا بەرێزتان فەرموتان. ژبۆ ئازادی نیشتمانەکەم لە داگیرکەران و دابین کردنی دیموکراسی و بەرابەری هەموو چین و توێژەکانی نێوکۆمەڵ تا هێز وهەناسەم بێت خەبات دەکەم.

کا کامەران: بۆیە پرسیارم کرد چۆن لە بنەماڵەی ئێمەدا، ئەگەر رێگایەکی ئاوا پیرۆزمان هەڵبژارد تا بگەین بە ئامانج دەرڕۆین و درێژە بە خەبات دەدین. بە سەرشۆری و پژیمانی هەرگیز ناگەڕینەوە ژێر دەستی دوژمن. تەنیا بە شانازی و سەربەرزی نەبێت. وەکوو کورد وتەنی "چۆن بژی شەرتە نە وەک چەندە بژی ".

پاش خواردنی شێو، بە ئاخەفتن لە سەر باری رامیاری و ئابووری ئەمڕۆی کوردستان شەوگاریان شەق کرد. لەپڕ ئاریز هەستا کە ماڵئاوای بکات و بچێتەوە بۆ ماڵی خۆیان. کا کامەران: بەم ئاگربارانە بۆ کوێ دەچیت؟ لە ئێرە بمێنەوە و نیگەرانی بنەماڵەت مەبە. چۆن خاسێ ئێوارە تەلەفۆنی لە دایکت کرد و دڵنیای کردوە کە تۆ لە ئێرە دەمێنیتەوە. ئێستا لەماڵی ئێمە رازو تاکوو بەیانی رۆژ دەبێتەوە.

ئاریز:سپاس بۆ ئەو هەموو زەحمەتە!

کا کامەران: سپاسی ناوێ ئێرە ماڵی خۆتە رۆڵە.

ئاریز لە ناخی دڵەوە حەزی دەکرد کە لە لای یارەکەیدا شەو بکاتەوە و چنووریش چاوانی وەکوو زریایەکی هێمن لە بەر تیشکی گوڵپی چرای ژێرخانەکە لە خۆشیدا دەدرۆشایەوە.

کاتێک میترا گەڕایەوە ماڵی خۆیان تەلەفۆنی لە سیروان کرد و لەوە دڵمەند و توڕە بوو کە هەواڵی تەندرستی ئەوی لە زمانی کەسێکی ترەو بیستوە.

سیروان تەلەفۆنەکەی بەرزکردەوە دەنگی خۆش و بووژێنەری خۆشەویستەکەی ژنەفت. خەم و پەژارەی دووری بە یەکجاری فەرموش کرد. دەنگی نەرم و پڕ لە تاسەی میترا کە بۆنی گڵەیی لێدەهات، هەرچەند راستەوخۆ نەیدەوت. لە قسەکانیدا هیچی پیشان نەدا کە زیز و دڵمەندە.
میترا لە درێژەی قسەکانیدا وتی: زۆر تاسەتم کردوە. بەتایبەت کاتێک کە بیستم بریندار بوویت. نازانی کە دوێنێ شەو هەتاکوو بەیانی نەمتوانی بخەوم. پەپولەی بیرەوەریەکانم لە لای تۆ بوون و بەس. دەبێ سۆزی بە هەر شێوەیەک بێت بتبینم.
سیروان: منیش فرە تاسەتم کردوە. بەیانی وەرە بۆ ماڵی ئێمە. ئەگەریش بە تەنیا رووت نییە چنووریش لە گەر خۆت بێنە. باشە خۆشەویستەکەم؟
میترا: باشە! بەیانی چاوەڕێ بە. ببوورە دەبێ تەواوی بکەم چۆن بانگم لێدەکەن دەبێ بڕۆم. لای تۆ خۆش تا سۆزی بەیانی.
سیروان بە بیستنی دەنگی بەسۆزی ئەوینەکەی هەموو ماندوی لەش و ئێش و ژانی لاقی لە بیر چووەوە. چاوەڕێ بوو کە کەنگێ رۆژ ببێتەوە تا بە دیداری میترا شاد بێتەوە.
ئارام لە لێلایی خۆرئاوادا شەکەت و ماندو، کە تۆز و دووکەڵی درێژای رۆژی شەڕ لە قژ و روومەتی نیشتو بوو هاتەوە ماڵێ. دایکی بە پەڵە چوو بەرەو پیریەوە گوتی: رۆڵە گیان دەزانم کە چەندە برسیو شەکەتی. جڵ و بەرگەکەت بگۆڕە تا خوانی شێو رادەخەم. ئارام: پەڵە مەکە! دەمەوێ خۆم بشۆرم چۆن هەموو گیانم قوڕە.
سیروان لە سوچێک لە ژێرزەوینەکە دانیشتو بوو، لە سەر و سیمایدا دەردەکەوت کە چەندە نیگەرانی بارودۆخی رۆژ بوو. ماوەی چەند رۆژە لە ئارانی برای هەواڵێکی نییە. ئاخۆ ئەم شەڕە، ئەو لە میترا جیا بکاتەوە و قەد بە ئاواتی خوشەویستی نەگات؟ گەر رژیم شار بگرێتەوە چ کارەساتێک دەخولقێنێ؟
باوکی لە ژێر پەنجەرەی ژوورەکە دانیشتو بوو و پسا پس مژی لە قلیانەکەی دەدا. نەیدەویست بە هیچ کولۆجێک نیگەرانی خۆی سەبارەت بەم شەڕ و بۆردومانە پیشان بدات. لە ژێر چاوەوە جار و بار سەرنجی سیروانی دەدا، تاکوو لە ئاکامدا وتی: رۆڵە بارودۆخی وام بە درێژای تەمەنم زۆر دیوە. باشم لە بیر دێت کە سەرباز بووم. پێش جەنگی دووهەمی جیهانی. لە کوردستاندا هەمیشە شەڕی نێوان دەولەت و هۆزە کوردەکان هەبووە. لە شەڕێکدا لە نزیکی شاری سەقز هێزی سەرباز لەگەڵ ئەشیرەتەکانی دژ بە رژیمی ئەو سەردەمە، خەریکی شەڕی تەن بە تەن و دەستو یەخە بوون. لە گەرماوگەرمی ئەم شەڕە دەستو یەخەدا، فڕۆکەکانی رژیم گۆڕەپانی شەڕەکەیان بە دۆستو دوژمنەوە بۆردومان کرد. رۆڵە! ئەم دەوڵەتانە بەزەیان بە چەکدارانی خۆیاندا نایێ تا بگاتە ئێمەی کورد. ئەم رووداوانە دێن و دەرۆن، لە بیریش دەکرێن. رەنگە هەندێکیان لە مێژوودا تۆمار بکرێن یان دەم بە دەم بۆ شەو چرەی شەوانی درێژی زستان وەبیر بێتەوە. ئێستایش بە هاتنی رادیو و تی ڤی بۆ هەمیشە فەراموش دەکرێن. تەنیا چەکی بە هێزی بیر و باوەڕە لەم شەڕی خۆ پاراستندا بە ورە و بەرگەیە. بمانەوێت و نەمانەوێت لە هەر چەند ساڵێکدا کە هەوڵدەدەین خۆمان لە باری ئابووری و فەرهەنگییەوە بیووژێنەوە. شەڕێکی ماڵوێران کەرمان بەسەردا

دادەسەپێنن، و بەتەواوی هێزەوە سەرکوتمان دەکەن. چاوترسێنمان دەکەن کە تا ماوەیەکی کورتیش بێ بیری ئازادی و سەرفەرازی نەکەینەوە. ئەوان پێیان وایە بەم جۆرە بزووتنەوەی کوردان دادەمرکێنن. هەر چەند خۆیشان باش دەزانن کە خەباتی گەلی چەوساوەی کورد وەکوو سکڵی سووری ئاگری بن کایە. ئەوان لە سەرەوە کا دەبینین پێیان وایە بێ مەترسیە، لە راسڵدا بن ئەو کایە بوورکانێکە لە ئاگر و گڕ تەنها چاوەڕێ شنەی بای زانست و تێکۆشانە.

لە لایەکی ترەوە لە شانس و بەختی ئێمەی کورد، داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان کۆمەڵێکی تێنەگەیشتو، بێفەرهەنگ، پاشەڕۆ و دیکتاتۆرن، کە تەنها لوژیکی ئەوان چەک و خوێن رژتنە

ئارام: ئەمرۆ رۆژێکی دژوار و درێژ بوو. هێزەکانی پادەگان بەهەموو کەرەسەیەکی جەنگیەوە مەتەرێزەکانی ئێمەیان کوتاوە، لە بەر تۆزی ئاژین بوونی گوللەتۆپ لە دەوروبەری پارێزەکانماندا چاومان بە باشی نەیدەبینی. سەرەڕای ئەوە کە چەند جار هێرشی هێزەکانی رژیمان تێشاکاند و هەر جارەش بە جێهێشتنی کوژراو و بریندار پاشە کشێیان دەکرد. دووبارە بۆ بردنەوە تەرمەکانیان لە ژێر ئاگری چەکی هێلیکۆپترکاند هێرشێکی دیکەیان دەهێنا. دووبارەش توشی چارەنووسی جاری پێشو دەبوونەوە. ئەم کارەیان بە درێژای رۆژ بەردەوام بوو. گۆرەپانی شەڕ بە راستی بۆنی خوێنی لێدەهات. کاتێک سەربازەکان بەرەو دوا دەگەڕانەوە پاسدارەکان لە پشتەوە تەقەیان لێدەکردن. ئەوانیش بەناچاری شەڕی کتک و مشکیان دەکرد. ئەگەر رێگای دەرباز بوونیان ببایە زۆربەیان خۆیان دەدابە دەستەوە.

پسا پسا هێزی تازەیان دەهێنا، بۆ ئەوە ورەیان بەرز بکەنەوە. بەڵام هیچ قازانجێکی بۆیان نەبوو. سەرەڕای ئەو هەموو ئاگربارانە بارودۆخی ئێمە باش بوو.

خەڵک ئاریکاری باشیان دەکرد. خواردن و خواردنەوەیان بۆ دەهێنایین. برینپێچی لێبوو بریندارەکانمانیان دەرمان دەکرد و دەیان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی بنکەکان. هاوکاری خەڵک ئەوەندە باش بوو کە هەستمان بە تەنهایی، ماندوی یان ئەو هەموو ئاگربارانەی دوژمن نەدەکرد.

## بەشی٤

چوارشەمە(**تیشتریەرۆژ**)ی سێ گوڵان رۆژی ئەشەوەهیشتە، باشترین ئەشە (جوانترین ئەشا سپەند، دوژمنی دێوی قین و تورەیی) باشترین بەهەشت،٢٣ی ئاپریل

---

پاش نیوەشەو نەرمە بارانی بەهاری، خوڵ و تۆزی ماڵە روخاوەکانی شاری دامرکاند. تیشکی هەورە برووسکە، گرمەی هەور و خۆرەی پلووسکەکان جار و بار بە سەر تەقە و نرکەی تۆپباراندا زاڵ دەبوون. بۆ ماوەیەکی کورت بیری شەو نەخەوتوانی لە شەڕ دوور دەکردەوە. لە ژینگەی جوانی سروشتی بەهاری و شنەی شیبای شەوێن دوور لە هەموو خەم و پەژارەی شەڕ دەژیان و هەستیان بە حەزێکی ئاسودەیی دەکرد. پڕ بەسیەکانیان لە هەوای پاڵفتە کراوی ژینگەی بەهاریان هەڵدەمژی.

لە کازیوەی بەری بەیاندا، هێزی بای زریای ناڤین بە شنەی مەدیتەرانەوە گەواڵ گەواڵ هەورەکانی تاراند و بەسەر چیاکانی رۆژهەڵاتی شاردا راوی نان. هێدی هێدی دڵۆپەی بارانیش بوو بە پرشەی وردیلانە و لە ناخی شیبادا توانەوە. پەڵە هەورەکانیش وەکوو بە سەمای شمشاڵی شەماڵەوە ئارام و لە سەرخۆ ئاسمانی شاریان بە جێهێشت.

ریزە کێوستانی زەنجیرەی شاخەچەرمگ شیشەڕێ بە کراسی ئەرخەوانی و پانتوڵی سپی مژی پاش بارانی شەو. دەست لە ملی یەکتر هەڵپەڕکێی گەریانیان دەگێڕا و وێنەی تابلۆی هونەریان بە رۆژهەڵاتی شار بەخشیبوو. ئاوییەریش وەک سەرچۆپی کێش سەمای دوو چۆپی دەکێشا. زرمە و گرمەی تۆپباران و هاژە و لوورەی چەکی شەڕ شانۆی دهۆڵ و سۆرنایان بۆ دەگێڕا.

سیروان ئەمڕۆ زوو لە خەو هەستا و رۆیشت بۆ کڕینی نانی تازەی بەیانی. کووچە و کۆڵانان چۆڵ بوون. زۆربەی خەڵک ئەگەر پاش ئەو هەموو تەقە و گرمەی تۆپبارانی زەوی و ئاسمان، خەویان لێنەکەوتو بێ، بەڵام وا دیارە ئێستا خەریکی ڕکی خەوتنن لەگەل خەودا. هەر چەند، جار و بار یەک دوو کەس دەبینرا کە بۆ نان کڕین دەچوون یان بە باوەشێکی نان دەگەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان. سیروان بۆنی خۆشی خۆڵی تەر و کاگڵی خووساوی پێخۆش بوو. سەیری تیشکی شەونم و خوناوی سەر گەڵا و چڵی گژوگیای سەر رێی دەکرد، وەک دڵۆپەی فرمێسکی چاوانی ئەویندران دەدروشایەوە. بۆنی مەرزە کێویەکان کە بە دەم شنەی باوە دەشنی، نە سیروان  هەر رێبوارێکی مەست و مەنگ دەکرد. نانەواخانە بە پێچەوانەی دەرەوە پڕ و جمکوت بوو لە خەڵک.

هەرکەس هەواڵێکی دڵتەزێنی پێبوو لە خزم و ناسیاوێک. خەم و پەژارە لە روومەتی هەمووداا بە باشی بەدی دەکرا. لە رابوردوودا سەرکانی جێگای بڵاوە کردنی هەواڵ و دەنگوباس بوو. بەڵام لە ژینگەی شاردا کە کانی نەماوە ئەمڕۆ نانەواخانەیە کە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکە و دەوری کانی دەگێڕێت .

سیروان چەند نانێکی سەنگەکی سیاوڵە کراو، کە پێشکارەکە باش برژاندو بووی، کڕی و بە یارمەتی گۆچانەکەی گەڕاوە بۆماڵ. لە بەر دەروازی خۆیاندا توشی ئارامی برای بوو کە دەیەویست بە پەلە بڕوات بۆ پارێزی گردیگەڕۆڵ.

سیروان: بۆکوێ ئارام وا بەپەلە؟ مەگەر ناشتا ناخوی؟

ئارام: نا کاتم نییە! کەمێک نانی پەزێرەی دوێنێم لە گیفان ناوە بەسمە. ببوورە دەبێت پەلەبکەم. ئێستا هەڤاڵەکانم لە سەنگەردا برسیو ماندون و لە قوڕاوی باراندا خووساون. ئەوان چاوەڕێ ئێمەگەلن کە جێگایان لە تەکا بگۆڕینەوە. جا چۆن دەتوانم ئاسودە لە ماڵی گەرم و نەرمدا دانیشم ناشتا بخۆم.

کاتێک ماڵ ئاوای کرد و ویستی بڕوات سیروان: باشە برام! تۆ لای کەم یەک نانی تازە لە گەڵ خۆت بەرە.

ئارام نانێکی چوار موچ کرد و لە نێو دەستماڵەکەی نا و خێرا رۆیشت.

سیروان: ئاگات لە خۆت بێ هەتاکوو ئێوارە. کا ئەشۆ و نەورۆزت بینی لێیان پرسە.

سیروان پاش خواردنی ناشتا چوو بۆ بنکە. هێشتا بەیانی زوو بوو دوو تا سێ کاتژمێری مابوو کە مێوانەکانی بێن، ئەویش نەیدەتوانی لە ماڵا دانیشێ و چاوەڕوان بێت. یەک دوو کۆڵانی بە چەپ و راستدا بڕی، تا گەیشتە بەر بنکە. لەوێ سەیری کرد

کە جیبێک کە کالیبر٥٠یەکی لە سەردا دابەسترا بوو لە ژێر پاساری دیواری بنکە وەستاوە و بە چەند لەق و چڵی پڕگەڵا لە دیدی هێلیکۆپترەکان شاراوە کراوە. چووە پێشەوە هاوڕێکی رابردوی دیی کە لە پشتی ئەو رەشاشە دانیشتوە. پاش لێپرسینەوە، پرسیاری لێکرد کە چ باسە؟

ئەویش لە وڵامدا گوتی: هەر وەک دوێنێیە هێزەکانی رژیم لە هەموو بەرەکانەوە تێشکاون. تا ئێستا دوو هێلیکۆپترمان سووتاندوە کە یەکیان بۆخۆم لێمداوە. هەرچەند دوو، دوو یان سێ سێ پێکەوە بەسەر شاردا دەفڕن و تەقە لە هەر جوولێنەرێ دەکەن.

کاتێک سیروان چووە نێو بنکە، کۆمەڵێک خەڵک لە وێ دانەنیشتو بوون. پاشماوەیەک هەواڵیان هێنا کە لە سەربانی ماڵی لایەنگیرێکی موفتی تەقە لە خەڵک کراوە.

سیروان و چەند پێشمەرگەی بنکە بەرەو ئەو ئادرەسە رۆیشتن. هەرچەند لەم راپۆرتانە زۆر بوو، هەندێک خەڵک کە تەقەی تەقینەوەی قەناسەیان لەو دەوروبەرە دەبیست، پێیان وابوو لەوگەڕەکە کەسێک تەقە دەکات. لەپێش هەموو کەسدا شکیان لە لایەنگرانی موفتی و دەمارگرژە ئاینیەکان بوو کە کڵکە سووتێیان بە دەوری کۆماری ئسیلامیدا دەکرد. سیروان سەرەڕای ئەوە دەیزانی ئەوە، ئەو تەقینەوەی دووهەمی گوللە قەناسەی شەڕی دەروونی رژیمە، دژ بە دانیشتوانی ئەم باژێرە. بەڵام ناچار بوو لە تەک ئەو پێشمەرگانە ئەو ماڵانەی کەجێ گۆمان بوون بپشکنێ. ماڵی کابرایان پشکنی بەلام هیچیان نەدیتەوە. پاشان داوای لێبووردنیان کرد و گەڕانەوە بنکە. هەر چەند زۆرجاریش چەکیان لەو ماڵانەدا دەردەهێنا. ئەگەر بۆنی باررووتی تازەی لێ بهاتبایە خاوەنەکەیان دەگرت.

کە گەیشتنەوە بەر بنکە دوو فرۆکەی فانتۆمی رژیم لە ئاسمانی سەرەوەی چوارباخ و گردی کوچکەڕەش بینی، کە بە شکاندنی هەوا پەنجەرەی ماڵانی لەرزانەوە و سەرنجی زۆربەی خەڵکی شاریان بەرەو لای خۆیان راکێشا، وەکوو هونەرمەندی سەرشانۆ. دوای چەند سووڕێک یەکێکیان راکتێکی نا بە ماڵێکەوە کە لە سەر گردی کوچکەڕەشی بووچک چێکرا بوو. دەمەودەست ماڵەکە بوو بە کۆگایەکی تۆز. پاش چەند خولەیەک تۆزەکە نیشتەوە، و ماڵەکەش ون بوو. دانیشتوانی نێو ماڵەکەش زیندەبەگۆڕ کران. بنەماڵەیەکی هەژار کە سەرمایەی تەمەنێکی پڕ لە رەنجو کاری پڕوکێنەر، کە بە هەزار نەداری کۆی کردبووەوە، تاکوو ماڵێکی ساکار لە خشت و گڵی چێکردو بوو. بەبێ ئاو و وزە لە سەر بەرزای کوچکەرەشی بووچک، بەو هیوایە کە تێدا بژین نە ئەسپەردە بن. کە چی خوێنرێژانی رژیم ئەوانی کرد بە بەرخێ، بۆ ئەوە کە خەڵکی پێ بترسێنێ. بینەرانی ئەم ترادژیە بە جێ چەپڵە، تفیان لە کۆماری ئیسلامی ئێران کرد.

خەڵکی تورە بە جێ ئەوە لە خۆینرێژان بترسن رەق و قینی خۆیان کرد بە ورە و دەیانوت : ئاخی کوردستان جێگەی پێ گڵاوی مرۆڤ کوژان نییە.

زرەی تەلەفۆن خانم خاسی بەرەو لای خۆی راکێشا. پاش وڵامدانەوە بانگی لە چنوور کرد و وتی: وەرە چنوور میترا تۆی گەرەکە! ئارێز کە بە نیاز بوو ماڵئاوایی بکات، وستا تاکوو چنوور تەلەفۆنەکەی تەواو بکات.

چنوور و میترا بە ئارامی و ئەسپایی پێکەوە ماوەیەک قسەیان کرد. چنوور تەلەفۆنەکەی قت نەکرد بە دایکی وت: دایە دەمەوێ لە تەک میترا بچین بۆ دیبەنی کاک سیروان کە برینداره. تۆ دەڵیت چی؟

خاسێ: ئەیەڕۆ! کەی بریندار بوو؟ خۆ باوکت نییە ماڵە! دەی باشە بچوو بەڵام لەم ئاگربارانە ئاگاتان لە خۆتان بێ. ئەری ئارێز گیان دەتوانیت تا ئەوێ بیانبەیت؟

ئارێز: بە سەر چاو خاڵۆژن! منیش بۆ خۆم هەر بە نیاز بووم بچم بۆ ئەوێ.

خاسێ: ئەوە ئیتر دڵنیام.

چنوور: میترا، من و ئارێزیش دین. جا کەنگێ بچین؟

میترا: چارەکێکی دیکە، لە سەر کۆڵانەکەتان چاوەڕێتانم باشە.

چنوور: خاسە!

میترا رازی خۆشەویستی خۆی و سیروانی لە مێژە بۆ دایکی گێڕا بووەوە تەنانەت باوکیشی لە لایەنی دایکیەوە ئاگادار کرا بوو. بەلام تا ئێستا بە رووی میترای نەهێنا بوو. لەم ماوەی یەک ساڵەدا هەرچێک میترا بۆ دایکی باسی کردو بوو، باوکیشی دەیزانی. ئەو بنەماڵەیە لە نێو یەکتردا زۆر باش بوون، هیچ شتێکی شاراوەیان نەبوو .

میترا لە سەر کۆڵانەکەی ماڵی چنووردا ویستی راوستێت، دی هاو کات ئارێز و چنوور هاتنە ئەوێ.

کۆڵان بە کۆڵان بن ئەم دیوار و ئەو پاسار دوور لە چاوی رەشی هێلیکۆپترەکان پاش نیوە کاتژمێرێک ریێپوان، گەیشتنە بەر ماڵی سیروان. لە زەنگی دەروازەیان دا.

سیروان دەروازەی کردەوە، کە میترای دیت یەکتریان لە ئامێز گرت و گونای یەکتریان راموسی.

میترا چەپکە گوڵێکی رەنگینی لە باخچەی حەوشی خۆیان بۆ سیروانی گوڵبژێر کردو بوو و بە لاپەرەیەکی زێوینی پڕ لە نەخشی ترونج و گوڵ کە تایبەتی دیاری بوو پێچرا بوو. دای بە سیروان و وتی: ئەگەر باری ئاسایشی شار وەکوو جاران خۆش بایە دەرۆیشتمە داوێنی ئاوییەر گوڵی کێویم بۆت دەهێنای. ناچار بووم لە گوڵی حەوشی خۆمان چەپکێکت بۆ بچنم، بە هیوام بە دڵت بێت.

سیران: تۆ بۆ خۆت گوڵی، ئەوینی چوار وەرزی منی. بۆن و رەنگی تۆ بۆ من جوانترین و پڕ بۆنترین گوڵە لە جیهاندا. سپاس! خۆشەویستەکەم.

میترا: سپاس خۆش ئەوە شایانی تۆ نییە.

سیروان ماچێکی لێوە ئاڵەکەی کردەوە و وتی ئەمە شایانی من وتۆیە. پاش میترا بە گەرمو گوری دەستی چنوور و ئارێزی کوشا، زۆر خۆش هاتنی لێکردن و پێکەوە چوون بۆ ژێر زەوینیەکەیان.

باوکی سیروان لە ماڵ نەبوو و دایکیشی سەرقاڵی چێشت لێنان بوو لە ئەو ژێرزەوینیەکەی دیکەیان کە کردوبۆیان بە ژووری چێشت لێنان. ئەو ئاگای لە زەنگی دەروازە، یان هاتنی ئەمان نەبوو.

کاتێک دانیشتن ئارێز وتی: من ئەچم چای دێنم. ئەوسا چوو بۆ ئەو دیو لای دایکی سیروان.

سلاو دایە! ئەوە خەریکی چیت؟

ئامێدیا خان: سەرچاوم ئارێز گیان خۆشهاتی سەرچاوان. ئەوە کەی هاتی؟ من هەر ئاگایشم نەبوو. خۆت دەزانی کە ئەم ژوورە زۆر کپە دەنگی پێناگات.
ئارێز: وایە! ئێرە کەلە. راستی چای ئامادەیە، کە چوار پیاڵەیەک تێکەم؟
ئامێدیا خان: ئەریَ لە دەورت گەڕێم رۆڵە گیان! جا تۆ بۆ زەحمەت ئەکێشی. تۆ برِۆ خۆم دەیهێنمە خزمەتان. ئەشێ بێم بۆ لای مێوانە شیرینەکانم. ئارێز گەڕاوە لای ئەوان.
میترا ئەمە دووهەمین جاری بوو دەهاتە ماڵی سیروان. جاری پێشو زمسان بوو هەموو کۆڵانان لە بەفری سەربانان ئاخینرا بوو و هاتوچووی ئەستەم کردوبوو. ئەمجارەش لە لای خۆیەوە وەرزی بەهارە، کە بووە بە ژینگەی شەڕە و بۆردومان.
میترا سەیری برینەکەی سیروانی کرد. هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە خەمێکەوە گوتی: ئای سیروان ئەگەر شتێکت پێ باتە من چیم بکردبایە. خۆ شێت دەبووم.
سیروان: لە ژینگەی شەڕدا لەمانە زۆرە. رەنگە مرۆڤ بتوانیت بەر کارەسات بگری بەلاّم چارەنووس ناتوانیت بگۆڕێ. دەبێ وەک پۆلا بەرگەی هەموو ناخۆشیەک بگرین. ژیان لە زریان توفترە و لە ئاسن سەختتر، هاوکات لە خوری نەرمتر. چارە ئەوەیە دەبێ پێڕابین تا بتوانین بژین. وەرە با ساتێک لە خۆمان بیر بکەینەوە ئەم کاتە گرنگەمان با بە خۆڕایی نەچێ.
میترا خۆی لە سیروان نزیکتر کردەوە و سەری نا سەردڵی و دەستی راستی لە نێو هەر دوو لەپی دەستی نا و بە ئارامی لە سەر دڵی خۆی دانا. بەسەرخۆ گوتی: ئای لەم دڵەم! چەندە پەشێو و برینداری ئەم بارودۆخەی من و تۆیە. نازانم چ رێگا چارەیەکی بۆ پەیا کەم، تاکوو سارێژ بێت و ئیتر بیانۆم پێ نەگرێت.
سیروان لە کاتێکدا بە پەنجەی دەستی چەپی قژی کاڵ و کرچی میترای وەک شانە دادەهێنا وتی: ئارام بە خۆشەویستەکەم! پاش هەر شەویەک رۆژ هەڵدێ. منیش دەروونم کەیلە و جەرگی خۆم دەخۆمەوە. بەلاّم چارەیەکمان نییە، دەبێ بەم هەلومەرجە کە تێدا دەژین خوو بگرین. بۆ کەم کردنەوەی باری خەمان دەبێ زوو زوو یەکتر ببینین. تەنیا من و تۆ نین کە توشی ئەم دەردە خۆشەی ئەوینین. ئەوە ئارێز و چنوور یان هەزاران ئەویندارانیتر.
مێدیا خانم بە سینی وکەشەفێکی پڕ لە چای و نان شیرینی کە بۆنی گەرمی تازەتەنووری لێدەهات هاتە ژووریَ و سلاّوی کرد هەموویان لە بەری هەستاند. ئارێز سینیەکەی لێوەرگرت و ئەویش میترا و چنووری لە ئامێز گرت گۆنایانی راموسی.
ئەوسا گوتی: وەویە شیرینەکانم فەرمون روونیشن. خۆش هاتن سەر چاوان. بەهاتنتان ئەم ژوورە تاریکەتان پڕ کرد لە تیشکی ژیان و رووناکی. هەمیشە ئەم کارە بکەن باوانەکانم.
پاش تاویک دانیشتن و ئاخافتن وتی: بمبوورن دەبێ ئێستا بچمە ئەودیو، دوایی دێمەوە خزمەتان .
ئەم ژێرزەوینیە ئەمڕۆ بوو بە رووگەی جێژوانی چوار ئەویندارى راسڵ. کە دەردی یەکتریان هەست پێدەکرد و رێزیان بۆ ئەوینی پیرۆزی یەکتر دادەنا. هیوا و داخوازیان ئەوە بوو کە ئەم شەڕە نەهامەتە تەواو بێ و لە ژینگەی پڕ لە ئاشتی و ئازادیدا بژین. هەموو وەکوو یەک خاوەنی رێز و ماف بن. هەر بیر کردنەوەیەک ئازاد بێ و کەس بە

هۆی بیر و رای زیندان و ئەشکەنجە نەکرێ. چەوسانەوەی کار و نەتەوەیی و ئابووری یان فەرهەنگی نەمێنێ. ئاخۆ لە راستیدا شتێکی وا دەبێ لە ژێر دەستەڵاتی رەشی مەلادا ؟ نا دەبێ ئەو دەستەڵاتە بە مەلاوە لە گۆڕ بنرێت. تاکوو مرۆڤایەتی لە چنگی ئەهریمەنی شەڕ و تاریکی رەزگاری بێت.

سیروان سەرەڕای ئەوە دەستی بە سەر قژی میترا رادەهێنا، تینی گەرمای لەش و دەنگی قەڵبەزەی خوێنی نێو دەمارەکانی هەست پێدەکرد. هەر دووکیان بێدەنگ لە نێو گێژی خەون و خەما بوون. سیروان وەک تاکە رێبوارێک کە لە نێو ئاوی خۆر و بە تەوژمی رۆبارێک کەوتو بێت، و بێ ئەوەی کە مەلە بزانێت. بە پەلەقاژە و شڵپ وکوت تێدەکوشێت کە خۆی لە گێژاوی ئەم چارەنووسە دەرباز بکات.

ئاخۆ ئەم رۆبارە بە تەوژمە لە کوێ ئەهوەن دەبێتەوە؟ ئاخۆ لە رەوتی خۆیدا دەچێتە نێو زریایەکی پڕ لە ژین و شەپۆل؟ یان دەبێ بە گۆم و زەلکاوێکی بێ گیان و بێ بزوێن، کە تینی هەتاو ئاوەکە هەڵدەمژێت و قوڕەکەی بەنیشی ئاوچن دەبێت، تاکوو شەق دەبا وشک دەبێتەوە. گەرا و توخم و تووی ژینەوەرانی تێدا دەمرن یان ئەسپەردە ئەوێ دەبن. کەی شنەیەکی تر ببزوێت، تا بە بارانێکیتر ژینگە بۆ ئافراندنیان بۆ بگونجێ، تاکوو ژیانەوەیەکیتر بێتە کایەوە. گەر چاوەڕێ بیت، هەی هۆ چ رێگایەکی ئەستەمە... چارەی ئەم خەونە کاری راسڵ و تێکۆشانە، خەبات و رابوونە .

سیروان کە بێدەنگ راما بوو و ژیانی خۆی لێکدەدایەوە لە مێشکی خۆیدا دەیگوت: لە دەروونمدا هاوکات دوو ئەوین دەژین. ئەوینی نیشتمانەکەم و هەروەها ئەوینی خۆشەویستەکەم میترا. لەم بار و دۆخەی ئەمڕۆدا زۆر ئەستەمە و بەختی ئەوەشم نییە کە هەردوویان هاوکات هەڵبژێرم. بەڵام تەنیا رێگا ئەوەیە کە میترا هان بدەم کە لە گەڵمدا خەباتی دەرەوەی شاریش گەر پێویست بوو هەڵبژێرێت. هەر چەند لێم بیستوە کە ئەگەر رۆژێک من خەباتی خۆم لە چیاکاندا درێژە پێبدەم، ئەویش شان بە شانم لە خەبات و بەرخۆرداندا بەشداری دەکات. ئەمە هیوایەکی باشە، کە ئیتر لە میترا جیا نەبمەوە. خۆ ئەو خاس دەزانێت و بیریشم خوێندوتەوە کە من چاوەڕێ ئەو رۆژەم کە بێت، تاکوو بەدڵ و بەگیان ژبۆ ئامانجەکانم خەباتی یەکجارێ بکەم. ئەوسا ئوروان و دەروونم ئارام و ساڕێژ دەبێت. ئیتر هیچکام لە ئەم دوو ئەوینە پیرۆزەم لە دەست نادەم.

سیروان بە ئەسپای پچاندی بە گوێ میترادا و گوتی: ئەرێ گیانا ئەوە لەچی بیر دەکەیتەوە کە وا بێ دەنگی؟

میترا: راستی دایکت بە ئەوینی ئێمە دەزانێت کە وا وتی بووکە شیرینەکانم؟

ئارێز: ئەرێ دەزانێت! کە سیروان تۆی خۆشدەوێت. منیش چنوور. بۆیە ئێمەی وا زوو بەجێهێشت. کە ئازادانە لە لای یەکتر دانیشین و چارەیەک بۆ دەردی ئەوینمان بدوزینەوە.

میترا: پێم وا بوو جگە لە خۆمان کەسیتر نازانێت.

ئارێز: هەروەها ئارامی برای و ئاسیرتای خۆشکیشی دەزانن. هیچ خەمت نەبێت بنەماڵەیەکی جێمتمانەن. بۆیە من خۆم بە ئەندامێکی ئەم ماڵباتە زۆرتر دەزانم تاکوو هی ماڵی خۆمان.

سیروان: میترا ! لەوە دلگیر مەبە! من تۆم بە هەموو دڵ و گیانم خۆشدەوێت. لە سەر ئەم خۆشەویستیەی من و تۆ سەرمایەی ژیانم بۆ داناوە. خۆشبەختی ژیانی داهاتوم لە هاودەم و هاوسەری تۆدا دەبینم. هەروا تۆ چۆن لای دایکتەوە هەموو شتێکت باس کردوە منیش وام کردوە.

میترا: نا نا ... من لەوە زیز نیم! بە پێچەوانە زۆر خۆشحاڵم. من لەوە دڵگیرم کە لە هەڵس و کەوت لەگەڵ دایکتدا سارد و سڕ بووم. گەر بمزانیبا ئەو وەکوو بووکی خۆی چاو لە من دەکات، گەرمو گوڕتر دەبووم.

سیروان: پێویست بەوانە ناکات. ئەو ئەوەند تۆی خۆشدەوێت کە هەمیشە لە ژیری و جوانی تۆ بۆم باس دەکات. چەند جار بە من و ئاریێزی راسپارد کە تۆ و چنوور لە دەست نەدەین. چۆن بە هەردووتان هەمیشە دەڵێت وەویەکانم.

چنوور: زۆر سپاسی دایکت لە لەیەن منەوە بکە. بەراستی منیش زۆر خۆشمدەویێ. دەبێ ئێمە بەرنامەیەک بۆ داهاتوی خۆمان دابڕێژین. دیارە ئەم شەڕە کە رژیم بە سەر خەڵکی ئەم شارەی داسەپاندوە، خەڵک و پێشمەرگە نایبەنەوە. گەمارۆ، پاش ماوەیەکیتر کار لە سەر بژیوی رۆژانەی خەڵک دەکات. تۆپباران کە بە شیمانە لە هەر خولەکێکدا یەک گولله تۆپ یان راکتێک لە نێو شاردا دەتەقێتەوە. بەم شێوەیە تا ماوەیەکیتر شار کاول دەبێ و خەڵک ناتوانێت تێدا بژیت. رۆژ بە رۆژ رێژەی برینداران زۆر دەبێ و دەرمانیش کەم دەبێتەوە. یان کورد وتەنی، بەم زووانە تەواو دەبێت. رژیمیش هەموومان دەزانین کە دەیان زاخە و ئەشکەوتی پڕ لە کەرەسەی چەکی گرانی تەنها لە پادەگاندا هەیە. هەموو رۆژیش چ بە هێلیکۆپتر یان لە تەک کارەوانی هێزی سەربازی کەرەسەی زۆرتر بەرەو کوردستان بەڕێ دەکات. لەوانەیە پاش ماوەیەکی تر هێزەکانی خەڵک لە بەر ئەوە رژیم قەلاچووی خەڵکی ئەم شارە نەکات، ناچار دەبن شار بەجێبهێڵن. ئێمەش بەشێکین لەو خەڵکە، کە دەبێ شار بەجێبهێڵین.

کاتی ئەوەیە لە سەر ژیانی داهاتومان ساق بینەوە کە چیبکەین. ئێمە ئەم رژیمە هۆڤە دەناسین کە لە هاوینی ساڵی رابردودا بە فەرمانی خومەینی لە لایەن ئاخوند خەلخالی، و ئیمزای مەلا ئەحمەو لە فرۆکەخانەی گرێزەدا کۆمەڵێک لاوی ئەم شارەیان تیرباران کرد. ئەوەندە خەڵکیان بەدیل گرت کە جێگا نەما نەیکەن بە بەندیخانە. ئەمە هەمان رژیمە، کە هێشتا دەستی خوێناوی بە خوێنی گەلی کورد وشک نەبووەتەوە، کەچی دووبارە لە جاری پێشو دڵڕەقتر و درتر خەریکە خوێن دەرژێنێ.

ئێمە دەبێ کارێک بکەین کە ببین بە پێشمەرگە و بە سەر هێزە رامیاریەکاندا دایسەپێنین، کە وەکوو ژنیش دەتوانین خەباتی دەرەوە بکەین.

سیروان: بەداخەوە! زۆر بە داخەوە! لە رۆژهەلاتی ناڤیندا کە فەرهەنگی ئاینی بە سەر کۆمەڵگادا زاڵە. بۆ ژن هیچ رێز و مافێک دانەنراوە. پیاوانیش کەلە یاسادانەرانی ئایینن، پێش هەموو شتێک قازانج و بەرژەوەندی خۆیانیان لە بەر چاو گرتوە و دەیگرن. پیاوانی ئایینی هیچ خەباتێک بۆ گۆڕانکاری ناکەن بەڵکو کۆنەپەرەستو گێرەشێونیش بوون .

من پێم وایە ئەگەر رێژەی هاتنەدەرەوەی ژنان زۆر بێ هێزە چەپەکان ناچار دەبن لە نێو رێکخراوەی پێشمەرگایەتی خۆیاندا رێکیان بخەن. چۆن تاکوو ئێستا لە ئێراندا ژنانی

چەکدار لە بزووتنەوەکاندا بەشدار نەبوون. دەبێت ڕۆژێک ئەم ڕچەیە بشکێت. من پێموایە ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە. نابێ لە سەری ڕاوەستین. ئەوەش دەمێنێتە سەر کارا و ئاکتیڤ بوونی ژنان. ئەگەریش کۆمەڵێکی کەم لە تەک ڕێکخراوەکاندا بچنە دەرەوە، لەوانەیە بۆ شار و دێیە ئازاد کراوەکان بەڕێ بکرێن. یان لە ڕێکخراوە نا چەکداریەکاندا جێگیر و ستارۆ بکرێن. ئەگەر ئێوەش دێنە دەرەوە، هاتنتان سەرچاوانمان و زۆری پێ خۆشحاڵ دەبین و شانازیشی پێیەوە دەکەین.

ئەو خواست و هەڵبژاردنە بە ئەستۆی خۆتانە بەبێ پەلە بیری لێ بکەنەوە.

ئەوەش بزانن کە ژیانی دەرەوە، پڕە لە کەم و کوڕی، تاڵی و سۆێری، خۆشی و ناخۆشی. تەنیا خۆشیەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ سەربەستە و دەروونی ئارامە، کە بۆ ئامانج وبیر و باوەڕی خۆی خەبات دەکات. دەستەلات و زۆری دیکتاتۆری بە سەردا زاڵ نییە.

میترا: من لە مێژەوە بیرم لێکردوتەوە و لێبڕاوانە لە سەر ئەوە ساقم کە لە تەک سیرواندا بچمە دەرەوە تا بە خەباتی خۆم درێژە بدەم.

چنوور: منیش هەروەها کە میترا گوتی، هەردووکمان پێکەوە بڕیارەمان داوە. لە لایەن ئێمەوە دڵنیا بن. تەنانەت لە نێو بنماڵەکانیشماندا باسمان کردوە.

ئارێز: زۆر باشە! ئیتر ئێمەش بە دڵنیاییەوە کاری خۆمان دەکەین. دەبێ خێرا و زوو زوو یەکتر ببینین تاکوو پەیوەندیمان نەبچڕێ و بەباشی ئاگامان لە بارودۆخی یەکترینیش بێ .

خواردەنی فراێنیان پێکەوە خوارد. دایکی سیروان کردی بە گاڵتە و گەپ لە گەڵ میترا و چنووردا. ئەمجارە میترا بە شێوەیەکی دیکە سەیری ئامێدیا خانی دەکرد. تێدەکۆشا زۆرتر لە تەکیا نزیکتر ببێتەوە. هەروەها لەو ئاکارەیشی سەرکەوت. ئیتر وەک جاران لە شەرمدا ڕوومەتی سوور هەڵنەدەگەڕا. دیار بوو کە ئەوان بە سانایی و ساکاری پێکەوە دەدوان و پێکەوە گەمەیان دەکرد.

کات بەرەو پاشنیوەڕۆ واتە نیوەڕۆژە خوار دەبوەوە. کەس هەستی بەوەنەدەکرد کە ئەم چەند کاتژمێرە چۆن تێپەڕ بوو. حەزیان دەکرد کە کات بوەستێ تاکوو ئەمان زۆرتر پێکەوە بمێننەوە .

میترا: سەیری کاتژمێرەکەی کرد و گوتی: ئای درەنگە! بە دایکم بەڵێنم داوە کە سێ چارەگی دیکە لە ماڵدا بم. دەبێ هێدی هێدی ژبۆ چوونەوە خۆمان ئامادە بکەین.

ئامێدیا خان: وابکەن وەویە شیرینەکانم. ئێستا ئەوان چاوەڕێتانن، چۆن من دایکم و دەردی چاوەڕوانی لە ژینگەی شەڕا تێدەگەم. بووکە جوانەکانم تاکوو بۆتان دەکرێ تەلەفۆنمان لێبکەن من کە دەنگتان دەبیسم خۆشحاڵ دەبم، تا بەگات بە سیروان. تایبەت تۆ میترا گیان. ئێوە چاوەڕێی سیروان مەبن چۆن لە تەلەفۆن کردن دا هەست بە بەرپرسیارێکی سەیر دەکات، ئەویش لە بەر بنەماڵەی ئێوەیە. تێدەگەی کەنیشکەکەم؟

میترا: دەزانم! فرەیش کەم ڕووە و شەرمێنە.

مێوانەکان بە نیازی گەڕانەوە هەستان.

میترا سیروانی لە ئامێز گرت و گۆنا و لێوەکانی ڕامووسی. حەزی نەدەکرد لە باوەشیدا جیا بێتەوە، بەڵام چارەی نەبوو. ئەمە یەکەمین جاری بوو لە پێش چاوی

ئامێدیا خانمدا سیروان ماچدەکاتەوە. هەرچەند لە شەرمدا روومەتی وەکوو گوڵە شلێرەکانی حەوشی ماڵ سیروان سوور هەڵگەڕا بوو. ئەو دەیەویست ئیتر رچەی شەرم بشکێنێت و ئەو کارەشی کرد.

ئامێدیا خانیش وەویەکانی لە ئامێز گرت و ماچی ماڵ ئاواییانی کردەوە.

ئارێز: ئەمن ئەوان هەتاکوو ماڵی خۆیان دەبەمەوە و پاشان بۆ ماوەی یەک کاتژمێرێک دەگەڕێمەوە بنکەی ئێوە. لە وێ دەتبینم.

سیروان: وا بکە! لە رێگادا ئاگاتان لە خۆتان بێ. لای ئێوە خۆش و لەم کارانە زۆرتر بکەن.

ئارێز لە گەڵ میترا و چنووردا بە پارێز کردن لە ئاگری هێلیکۆپتەرەکان و هاژە و گژەی گوللە تۆپ و هاوەن گەڕانەوە چوارباخ. لە پێشدا میترایان تا لە دەروازەی خۆیان چووە ماڵەوە بەڕێ کرد. ئەوسا لە تەک چنووردا چووە ژووری و پاش سڵاو هەواڵپرسی لە گەل خاسێ خانم و کا کامەران، گەڕاوە بۆ لای سیروان. سەرەڕای خۆڵکی زۆری کاک کامەران کە لە وێ بمێنێتەوە .

کاتێک میترا گەیشتە ماڵەوە و سڵاوی کرد، بابی کامیروەیس وتی: سڵاو رۆڵە گیان! سیروان چۆن بوو؟ برینەکەی باشترە ؟

میترا ڕاما و روومەتی دیسان بوو بە گوڵاڵەسوورە. بە ئارامی گوتی: باشترە بابە گیان! ببوورە! کە لای ئێوەوە باسم نەکرد. چۆن لە رووم هەڵنەدەهات. بەڵام دەمزانی کە لە لایەنی دایکمەوە ئاگات لە هەموو کار و کردەوەی من هەیە.

کاک میروەیس: پێویست ناکات شەرم لە باوکی خۆت بکەی. لەم ماوەی ئەم یەک ساڵەدا زۆرم پرس و جۆی سیروان کردوە. هەموو گوتویانە و دەڵێن مرۆڤێکی باش و جێ متمانەیە. بۆیە وا بە ئاسانی تۆ دەتوانیت ئامشوی ماڵیان بکەی. لێت تێدەگەم! لە تافی لاویدا مرۆڤ چۆن بیر دەکاتەوە. ئێستە برۆ یارمەتی دایکت بدە لە کاتێکی گونجاودا بە تێر و تەسلی لە سەر تۆ و سیروان قسە دەکەین.

میترا چووە لای دایکی وتی: ئای دایە چەندە تەرێقەوە بووم کە بابۆ هەواڵی سیروانی لێم پرسی! نازانم چۆن لە دڵی دەربێنم کە من بە زمانی خۆم ئەوینی نێوان من و سیروانم بۆ باس نەکردوە.

دایکی: نا کچم خۆت توشی خەم مەکە. بابۆ مروڤێکی باشە و لە دەروونی تۆ تێدەگات. هەرچەند سیروانی بە قسە نەدیوە بەڵام باشی دەناسێت و زۆریش خۆشی دەوێت. بەرنامەی وای داناوە کە تۆ و سیروان بۆ درێژەدان بە خوێندن بۆ دەرەوەی وەڵات بەڕێ بکات .

ئارێز کە هاتە بنکە، گوڵانی وردیلانە و سووری ئەرخەوانی دار هەناری نێو حەوشی بنکە سرنجی راکێشا. ئەویش پڕ بە دڵ سەیری کرد هەر چەند لەم دار هەنارە بە دەگمەن لە شاری سنە شین دەبوو، یان وەبەرچاو دەکەوت. گوڵەکانی هەڵدەپێچا بەڵام لە بەر نەبوونی گەرمای ئەوتۆ بۆ دار هەنار نەیدەکرد بە بەر و میوە. لە پلکانەکانەوە سەرکەوت، لە کەوشکەنەکە پێڵاوەکانی دەرهێنا و چووە نێو هۆڵەکە. هۆڵێکی پان و بەرین کە چەند کۆڵەکەی تێدابوو بنەکەشی بە مافوری کوردی فەرش کرا بوو.

چەند کۆڕ و کۆمەڵێک جیا جیا لە چەند لاوە لە دەوری یەکتر رونیشتو بوون. هەندێکیان خەریکی خوێندنی بڵاوکی هەواڵنامە و نووسراوەی هێزە رامیاریەکانیان بوون یان پەڕتووکیان دەخوێندەوە و بڕێکیش خەریکی باس و ئاخاوتن بوون. لە سووچێک چەند چەکی کلاشینکۆف، ژ٣و بڕنەویان لە سەر جێگایەکی تایبەت کە بۆ دانانی چەک چێکرابوو دانرا بوون، کە هی پێشمەرگەکانی بنکە بوون. ئارێز چاوانی بە دوای سیرواندا دەگێڕا تا دەستێکی دی کە ئاماژەی بۆ ئەوێ دەکرد. چاوانی تێژ کردەوە و دیتی کە دەستی سیروانە کە لە نێو ئەو پوڵەدا دانیشوە.

ئارێز چووە پێشەوە سڵاوی کرد! هەموویان لە بەری هەستان و بە گەرمی دەستو مشتاقیان لە گەڵ کرد. تەنها سێ کەسی لێیان دەناسی.

سیروان: ئارێز هاورێ منە، هەروەها ئەوانی دیکەی بەم شێوەیە بە ئارێز ناساند : کاک میرۆ، کاک دیاکۆ، زامیاد و شوان .

پاش ماوەیەک باس و ئاخەفتن، گێرانەوەی هەواڵنامە و دەنگوباسی دڵتەزێن لە ئەملا و ئەولای شار. لەپڕ دەنگی هەژاندن و تەقینەوەیەک شوشەی پەنجەرەکانی بنکەی لەرزانەوە. پێیان وا بوو لە حەساری بنکە، یان لەماڵانی دەوروبەر کەوتوە. خێرا هەموو وە دەر کەوتن دیتیان لە حەوشی بنکە هیچێ روویندەداوە. تا گەنجێک بە پەلە هات و گوتی وەرن بۆ یارمەتی ماڵی کا سامان! باش بوو کەسیان لە ماڵێدا نەبوو.

خێرا سیروان و ئەوان چوون بۆ ئەوێ. لەوێ سەیریان کرد لادیواری حەوشەکە و دەوران دەوری پەنجەری ژووری دانیشتنیان رووخاوە. بنی حەوشەکەشی هەڵکەندوە و ئاوی لولەکەش وەکوو فوارە قەڵبەزە دەکا. پریشکی ئاژین بوونی گوللە هاوەنەکە دیواری دەوروبەری بێژنگاژن، و شیشە وداری پەنجەرکانیشی ورد و خاش کردوە.

خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆ ببوونەوە، تاکوو دیاکۆ بە دەنگی بەرز بە خەڵکی راگەیاند: خەڵکینە! تکایە بڵاوە بکەن و بگەڕێنەوە ژێرزەوینەکانتان. هەر ئەمڕۆ لە گەڕەکەکانی ناو دۆمەکان و قەڵاچوارلان کاتێک کۆمەڵێکی زۆری خەڵک لە دەوری تەقینەوەی یەکەم کۆ ببوونەوە، رژیم هەمان شوێنی دووبارە بۆردومان کرد. کە بوو بەهۆی کوژران و بریندار بوونی خەڵکێکی زۆرتر. تکایە بگەڕێنەوە با لە ئێرەشدا دووپات نەبێتەوە. لە کاتێکدا خەڵک خەریکی بڵاوە کردن بوون، دەنگی هاژەی گوللەیەکی دیکە هات.

سیروان هاواری کرد : هەرکەس لە جێ خۆیەوە بە سەر زەویەکە راکشێت. پاش چەند خولەکێک راکشان هیچ دەنگێک لە ئاژین بوونی گوللە تۆپ یان هاوەن نەبیسترا.

کاتێک سەیریان کرد گوللە هاوەنێکی١٢٠میلی لە قوڕ و چڵپاوی سەد میتری ئەوان چەقیوە و راکتەکەش نە تەقیوەتەوە.

سیروان: تکایە هەر ئێستە بگەڕێنەوە ماڵی خۆتان تاکوو ئێمە ئەم گوللەیە کارێکی پێ دەکەین. پێشمەرکەکانی بنکە خەڵکیان ناچار کرد کە ئەوێ چوڵ بکەن و بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان .

سیروان و دوو کەسیتر چوون بۆ لای گوللەکە. دیتیان لە هەڕگ و خۆڵە خوساوەکەی شوێنی پەنگ خواردنەوەی ئاوی بارانی شەو چەقیوە.

سیروان: تەنیا رێگای ئەوەیە لە ئێرە دووری بخینەوە ئەوسا بیتەقێنینەوە. بۆ ئەم کارەش پێویستمان بە چەند گوریسێک و ئەڕابەیەکی چوارچەرخ هەیە.

دیاکۆ: من دەچم ئەڕابەکەی کا ئەولە دێنم. میرۆ و زامیادیش چوون بە دوای گوریسدا. سیروان و ئەوانیش لە دوورەوە چاوەڕێ بوون تاکوو کەرەسەکان بێنن. پاش ماوەیەکی کورت، دیاکۆ بە ئەڕابەیەکی دوو چەرخ کە تەختە دارێکی پانی لە سەردا بوو گەڕایەوە. ئەوانیش هەر کام چەند گوریسێکیان هێنا.

سیروان لە گەڵ پێنج کەسدا کەرەسەکانیان بردە تەنیشتی راکتەکە. گوریسەکەیان بەست بە ناوقەدی راکتەکەوە ئەوسا بە ئەسپای و لە سەرخۆ رایانکێشا تاکوو لە قوڕەکە هاتەدەرێ. ئەڕابەکەیان بردەتەنیشتی راکتەکە، بەشێوەیەک رایانگرت کە کاتێک ئەمان گوریسەکە بکێشن، هێدی هێدی راکتەکە بێتە سەر ئەڕابەکە. ئەوکارەیان کرد و بەباشی بەرێیەوە چوو. ئەمجارە ئارام ئەڕابەکەیان راست کردەوە بە گوریسێکی دیکە راکتەکەیان بە باشی لە سەری دابەست. هێدی و لە سەر خۆ لە رێگای ساف و بێ کەند و کۆسپ رایانکێشا تا شوێنێکی چۆڵ، کە چوارسەد میترێک لە ماڵانەوە دوور بوو. بە ئەسپای گوریسەکەیان لێکردەوە. بەگوریسێکی دیکە ئەڕابەکەیان ئاسۆیی لە تەنیشتی قوولایی بنەرەتێکی هەڵکەندراو راگرت. بەدرێژایی گوریسکە پارێزیان گرت و گوریسەکەیان بەردا و هاوکات بە سەر بوم و زەوینەکە راکشان. راکتەکە خلێرەوە بووە نێو بنەڕەتەکە، بەڵام نەتەقی.

سیروان پرسیاری کرد: ئەری کێ نارنجۆکی پێیە؟ کەس وڵامی نەداوە. رووی لە ئارێز کرد و وتی: کاکە گیان ئەمن ئێستا ناتوانم وەکوو تۆ خێرا بچم! دەتوانی زەحمەت بکێشی لەو شوێنە کە پێت دەڵێم بەستەیەک تی ئین تی لە تەک فتیلە و چاشنییک بۆم بێنی؟

ئارێز: بە سەرچاو زەحمەت نییە، ئەرکە! خێرا رۆیشت. پاش دەمێکی کورت بەو کەرەسانەوە هاتەوە.

سیروان نیو میترێک لە فتیلەکەی بڕی وسەرەکەشی لە نێو چاشنیەکە ئاخنی و چەقاندیە نێو تی ین تییەکە. بە هاوڕێیانی وت: هاوڕێیان لە دوو سەد میترێکی ئەولای تر پاڵکەفن. کەرەسەکەی دا بە ئارێز و گوتی: لە تەنیشتی چاڵەکە ئەمە ئاگر بدە و بە ئەسپای کە ئاگری فتیلەکە نەکوژێتەوە لە سەرنوکی راکتەکە دانە، و خێرا وەرەوە بۆ لای ئێمە.

سیروان خۆی شەلە شەل رۆیشت و لە لای هاوڕێیانی راکشا و ئاماژەی بە ئارێز کرد. ئارێزیش ئەو کارەی کرد و گورج هاتەوە لای ئەوان. پاش چەند چرکەیەک دەنگی ئاژینی راکت و تی ئین تی وەک بورکان تەقییەوە. خۆڵ و وردە بەرد و دووکەڵی شەپۆل و پڕیشکە بە سەر ئەماندا پەڕیەوە. گەڵای دارەکانی نزیکی ئەو شێونەی وەکوو گاوانی و پەرەسیلە بە ئاسمانەوە سوڕاندەوە.

لە ماوەی ئەم چەندرۆژەی راوستانەدا، لاو و گەنجەکان ورەیان بەرز بوو. دەیانوت " گۆم هەر چێ قووڵتر بێ مەلەی خۆشترە" تازە ئێمە لە خوێندن براین و ماڵ وێران بووین. هیچمان نەماوە کە بیدۆڕێنین. دەبێ بەرخوردان و خەباتی خۆمان پتەوتر و بە هێزتر بکەین.

خەڵک خۆیان بۆ شەڕی کۆڵان بە کۆڵان ئامادە دەکرد. جادەیان هەڵدەکەند، کاناڵیان لێدەدا. دیواری ماڵەکانیان کون دەکرد، بۆ هاتوچووی پێشمەرگە. ئەگەر شەڕ گەیشتە نێو کوچە و کۆڵانان.

هەندێک خەڵکیش لەوە بیریان دەکردەوە و پرسیاریان لە خۆ دەکرد، ئاخۆ ئەم لێ بوردوییە و یەکیەتیە چییە؟ ئاخۆ دەگەینە ئامانج و داخوازیەکانمان ؟ یان ئەمجارەش بزووتنەوەکەمان تێدەشکێ ؟!

هەتاو خۆی بۆ ماڵئاوایی ئامادە دەکرد. سێبەری ئاوییەریش دایکی شاری لە ئامێز گرتوبوو. مانگ و ئەستێرەکانیش بە شەرم کردن لە تیشکی زەردەپەڕی هەتاو، بە رەنگ هەڵپرووزاوی دەهاتنە باوەشی ئێوارە و خۆیان دەخزاندە نێو کراسی شینی دێزی رەنگی ئاسمان، بە تریفەوە و وریشەوە .

ئێشی برینی لاقی سیروان کە ئەوڕۆ بە سەریدا گەڕا بوو، وە بیری هێناوە کە کاتێ گەڕانەوە بۆ ماڵە. ئارێز لە تەک سیرواندا تا بەر دەروازە رۆیشتن. کاتێک سیروان وەکوو هەمیشە گوتی فەرمۆ وەپێشکەوە.

ئارێز: سپاس! دەبێ بگەڕێمەوە ماڵی خۆمان. دوێنێ شەویش لە ماڵی خۆماندا نەبووم. ئێستا دایکم لە بەر پەنجەرەکەماندا دانیشتوە و چاوەڕێم دەکات، کە کەنگێ من بگەڕێمەوە لایان. سڵاوی گشت لایەک بگەیێنە. تا سۆزی بەیانی لای تۆ خۆش.

سیروان: وابکە! لای خۆت خۆش و سڵاوی بنەماڵەت بگەیێنە. کە گەیشتیتە ماڵەوە زەنگێکم بۆ بدە.

ئارێز کۆڵان بە کۆڵان و گەڕەک بە گەڕەک رێگای ماڵی خۆیانی گرتەبەر. بە یادی بۆنێک لە خۆشەویستەکەی لە چوارباخەوە تێپەڕی. تاکوو کۆڵانانی نەوبەری و پیر حەیبەڵاوە و بە تەنیشت مزگەتی سەرهەنگ جافرخان و لە خوارەوەی بازاری زێرینگەرانەوە چووە نێو خیابانی بەهارمەس. لە وێرا بەرەو گەڕەکی خۆیان واتە ناو گەورەکان (گاوەر). کە یەکێک لە گەڕەکە کۆنەکانی شار بوو. تایبەتمەندی ئەم سێ گەڕەکانە کە لە تەنیشت یەکتر چێکرا بوون ئەوەیە. بەمانای ناوەکانیان لە باشوورەوە ناوموساییەکان. کە موسایی یان جوولەکەکانی شاری سنە زۆرتر لەم گەڕەکە دەژیان و کەنیسەی خۆیشیان چێکردو بوو. ناوگەورەکان بە هۆی ناوەکەیەوە لەوە دەچێ کە لە سەردەمی رابردودا گاوەری زۆری تێدا ژیابێ واتە زەردەشتی و ئێزەدی، کاکەیی یان ئەهلێ حەق. ئێستا تەنیا کەمایەتیکی کەم مەسیحی( کریستیان)ی تێدا دەژین. ئەوانیش کلیسای خۆیان هەیە. لە باکووری ناو گەورەکاندا گەڕەکی ئاخەزەمانە کە لە گەڵ قەتارچیاندا راستە خیابانی فردەوسی جیای دەکاتەوە. ئەم سێ گەڕەکە، لە کۆڵانی باریک و ماڵانی بەرز چێکراوە. بۆ ئەوە لەرابردودا هێزی سوارە و ئەڕابە و کەژاوەی چەکدارانی دوژمن نەتوانن بە ساکاری بەو کۆڵانانەدا تێپەڕن. لەم ساڵانی دواییدا زۆر بنەماڵە ئایینی بەهایی کە لە شارەکانی دیکەی ئێرانەوە بە هۆی دەمارگرژی خەڵکی موسلمان و ئازار و کوشتنیان بەرەو شارەکانی کوردستان کۆچیان کردوە. لە نێو گەڕەکانی شاردا لەجێگیر بوونی ئەوان، ئەم دەڤەرەیش بێبەش نەبووە.

ماڵی ئارێزیش لە گەڕەکی ناوگەورەکانە. پاش ماوەیەکی فرە رێبڕین گەیشتەوە ماڵی خۆیان. وەکوو ئەوەی کە شیمانەی دەکرد دایکی لە بەر دەلاقەی ژێر زەوینیەکەیانەوە

دانیشتو بوو. ئاریزی دی کە دەروازەکەی بەست و هاتەوە نێو حەوشێ وتی: ئەری ڕۆڵە بۆ لە ماڵی خۆت بێزاریت؟
ئاریز: سڵاو دایە! سڵاو باوکە! لە تەنیشتی باڤی روونیشت.
باوکی کا میران: دەزانم برسیتە! ڕۆڵە لەم ئاگربارانە هۆشت بەخۆتەوە بێت. تاوێک نە تاوێک هەواڵێکی دڵتەزێن بڵاو دەبێتەوە. وای لێ هاتوە کە مرۆڤ بڕوای بەوە نەماوە کە هەتاکوو ئێوارە بمێنێ.
نەرگیز خانم: باوکت ڕاست دەکات! ئەم دۆخەی کە تێدا دەژین پڕە لە مەترسی. دەبێ زۆر ئاگات لە خۆت بێت.
برا چکولەکەی ئاریو: کاکە! سامانی گەڕەکی خۆمان ئەمڕۆ لە سەر پردی مەلاوەیسی بە گوللەی قەناسەی یانەی ئەفسەران کوژرا. تەرمەکەیان بە هەزار زەحمەت هێناوە مزگەتی خۆمان. ئیتر نازانم کەی و لە کوێ ئەسپەردەیان کرد. بەلام لە ماڵی خۆیاندا سەرخۆشیان داناوە.
ئاریز: بەداخەوە! کوڕێکی باش بوو! ڕووی لە کا میران کرد و وتی: باوکە! بە یارمەتیت دەمەوێ بچم، سەرخۆشی لە بنەماڵەی بکەم.
کامیران: دانیشە لەگەرمان شێوی خۆت بخۆ ئەوسا بچوو.
ئاریز: باشە باوکە گیان. جا کێ دڵی دێیت ئەو خواردنە خۆشانەی دایکم نەخوا.؟ خواردنی شێوی لە گەر ئەواندا خوارد. پاش ماوەیەک باوکی هەستا و وتی: جا ئێستە وەرە ئاریز با پێکەوە بچین بۆ سەرەخۆشی. هەر چەند دوانیوەڕۆ من لەوێ بووم ، بەلام حەز دەکەم دووبارە سەریان لێبدەم .
کاتێک ئاریز و کا میران چوونە ماڵی سامانی گیانبەختکردو، سەیریان کرد کە لە هاوسێ و خزمی خۆیان جمکوت بوو، سەرەڕای تۆپبارانی نە بڕاوەی شار.
لە تاریکی ئێوارەدا چەند کەسێک لە خزمی خۆیان تەرمە خوێناویەکەی سامانیان بردە گۆڕستانی پیرمەحەمەو و لەوێ ئەسپەردەیان کرد. لە بەر زیانی کەمتر نەیان هێشت کە هاوسێ یان خزم و ژن و منال بۆ ئەسپەردکردن بچن. بۆ ئەوە فراویرە واتە خەلکی فرە کۆ نە بێتەوە. ئەویچ لە بەر زیانی بۆردومان بوو .
کاتێک سیروان وەژوور کەوت، دایە ئامێدیا لە تەنیشت سەماوەرەکەیدا بە کزی دانیشتو بوو. پەنجەکانی لە سەر ئەژنۆی هەلپێکاوە و لە رووومەتیدا نیگەرانی دەبینرا. بە بینینی سیروان تۆزێ کرایەوە وتی: ئای ڕۆڵە خاست کرد وا زوو گەڕایتەوە. خەریک بوو دڵم بتۆقێ. نازانم بۆ ئەمڕۆ زۆر لە ئاران بیردەکەمەوە. خۆ تۆیش دەزانیت ئەمە چەند ڕۆژە هیچ هەواڵێکمان لێ وەدەست نەگەیشتوە.
دوێنێ شەویش لە خەونمدا کز و بێ دەنگ بوو. سەرەڕای ئەویش ئارامیش وەدرەنگ کەوتوە تۆ بێژی تووشی کارەساتێک نەبوو بێت؟
سیروان: دایە! ژن خاسێک بە، و خۆت توشی خەم و خەفەت مەکە! هەر چێ زۆرتر بیری لێبکەیتەوە، زۆرتر تووشی خەم و پەژارە دەبیت. ئاران لە شوێنێکە کە شەڕی لێ دوورە. ئەویش ئێستا خەریکی یارمەتیدانی بریندارانە. ئارامیش لە وانەیە بەم زووانە سەر و سیمای ببینین. ئیتر بۆ بە خۆڕایی خۆت تووشی خەم دەکەیت. باوکم کوایێ؟ هێشتا نە هاتوتەوە؟

ئامێدیا خان: نا ڕۆڵە گیان! ئاسیرتای خۆشکت تەلەفۆنی کرد کە باوکت شەو لەوێ دەمێنێتەوە.

سیروان: دەی باشە! ئەرێ چاییەکەت دەمی کێشاوە؟

دایکی: چا دەخویتەوە؟

سیروان: ئەگەر زەحمەت نەبێت!

تا سیروان چاییەکەی خواردەوە، جیڕەی دەروازەکەیان سەرنجی دایکی بەرەو ئەوێ ڕاکێشا. لە شوشەی پەنجەرەکەوە سەیری کرد دی ئارامە. ڕوومەتی گەشایەوە و بزەی شادی گەڕاوە سەر لێوانی و وتی: ئوخەی... ئەویش گەڕایەوە.

ئارام لە حەوشێدا جل و بەرگەکانی تەکاند، تاکوو خۆڵ و تۆزی لێ ببێتەوە. ئاوی شێری تەنیشتی باخچەکەی کردەوە و دەموچاو و سەری شۆرت. هاتەوە ژووری و سڵاوی کرد. چەکەکەی بە دیواری تەنیشتی دەرگاکە هەڵسپارد و دراخەکانیشی کردەوە و لە بن چەکەکەی دانا. شوێنی دراخەکانی ڕەنگی سروشتیەکەی جلەکانی پیشان دەدا کە تۆز و خۆڵی لێنەنیشتو بوو و بە خاوێنی مابووەوە. لە کاتێکدا ماندویی لە دەمارەکانی ڕوومەتیدا دەبزوت، یەک دوو سوڕی لە شان و ملی دا، بە ئارامییەک خۆی کێشهێنا تا هەندێک شەکەتی لەشی دەرچێت.

ئەوسا وتی: دایە زەحمەت نەبێت پەرداخێکی ئاوی سارد و ڕچیاگم بۆ بێنە. زۆرم تینۆیە. لە بەیانیەوە جگە چەند قۆمی ئاوی گەرمی نێو قوم قومەکەم نەبێت، ئاوم نەخواردوەتەوە. جارێکیتریش شان و ملی ماندوی ڕاکێشا. لە ماندوییدا نەیدەزانی کە چۆن دانیشێ. لە بەر دایکی و سیروانیش نەی دەویست کە بە پشتەوە ڕاکشێ.

دایکی ئاوی ڕچیاگی سەهۆڵاوی بۆ هێنا. ئارام بە سپاسەوە لێوەرگرت وا بە تامەزرۆیەکەوە ئاوەکەی خواردەوە، کە زاری سیروانیش پاراو بوو. پاش خواردنەوەی ئاوەکەی بە بزەوە گوتی: ئێستا کاتی شێوە و ئەگەر تاوێکی دیکە ڕاوستم ڕێخۆڵە گەورەکەم بچکۆلەکە دەخوات .

دایکی خوانی شێوی ڕاخست و هەر سێکیان پێکەوە شێویان خوارد.

دەنگی تۆپباران نەدەبڕایەوە، پسا پسا نرکەی ئاژین بوونی دەبیسترا. پاش ئەوەی هەندێک ئارام حەسایەوە، سیروان پرسیاری لێکرد: ئەری ئارام بارودۆخی بەرەی شەڕ چۆن بوو ؟

ئارام: ئەمڕۆ هێرشی هێزەکانی دوژمن لە دوێنێ بە تەوژمتر بوون. بەبێ بڕانەوە بە چەکی گران و سوک مەتەرێزەکانمانیان ئاگر باران دەکرد و دەیانکوتا. بە مەبەستی گرتینی سەنگەرەکانی ئێمە، هێرشیان هێنا. ئێمەش پەیمانمان دابوو تا دواین هەناسە و هێزمان بەرگیری بکەین. مەگەر ئەوان بەسەر لەشی بێ گیانماندا تێەڕن.

هەموو جاریکیش سەرەڕای ئەو هەموو ئاگرە لە ئاسمان و زەوینەوە، تێدەشکان و دەگەڕانەوە. هەر جارەش چەند لەشێکی کوژرا و بریندارییان بەجێدەهێشت. لە بەرەی هاو خەباتکارانی ئێمەشدا چەند کەسێک بریندار بوون، یان گیانیان بەختکرد. ئەمن ئاگام لە هەژمارییان نییە. تەنیا چەند کەسێکم دی کە گواستیانەوە پشتی بەرەی شەڕ واتە پەرێزەکان. یەکێ لەو بریندارانە کەنیشکێکی گەنج بوو، کە بەتەقینەوەی چەکی گران

لاقێکی لە دەست دا. زۆر کچێکی ئازا و لێبڕاو بوو مەتەرێز بە مەتەرێز نان و ئاوی بۆ پێشمەرگەکان دەبرد .

ماندویی لەشی ئارام، هێدی هێدی بە سەر ڕەوان و دەمارەکانیدا زاڵ بوو. خەو زایبوە نێو پێڵۆی چاوەکانی و وەنەوزەی دەبردەوە و چۆرتیدەدا. تاکوو دایکی وتی: کوڕم بڕۆ ڕاکێشە و ڕازو.

شەو باڵی بە سەر شاردا ڕاکشا بوو. بەڵام بۆ دانیشتوانی ئەم باژێرە شەو و ڕۆژ جیاوازییەکی نەبوو جگە تاریکی و ڕووناکی هەتاو. شەو، واتە بێدەنگی و حەسانەوە شتێکی وا لە ئارادا نەبوو. وەک ژینگەی ڕۆژ دەنگی نرکەی تۆپباران گوێ کەڕ دەکرد دەروونی ساوای منداڵانی دەهەژاند و لەشیانی دەلەرزاند. خەوی لە چاوان بێزار دەکرد.

## بەشی٥

پێنجشەمە(**ئەهورەمەزدڕۆژ**)ی٤ یگوڵانی٢٦٨٠ی ک. ڕۆژی خشەروەیریە (شاریوەر) ئارمانجی شار، شاریاری دڵخواز. ڕەیحان گیای تایبەتی ئەوە. ٢٤ی ئاپریل

---

بۆنی هەناسەی کازیوەی ئەمڕۆ، پڕبوو لە باڕووت، تۆز و خۆڵی تۆپبارانی ئەم چەند ڕۆژە. کە لە هەر کاتژمێرێکدا زۆرتر لە ٥٠ ڕاکتی تۆپ و هاوەن لە پادەگان و شوێنی سکارۆی هێزەکانی دوژمن، بە سەر شاردا بەبێ بڕانەوە لە شەو و ڕۆژدا دەباراند. کەس نازانێت لەم ماوەیەدا چەندە ماڵ ڕووخاوە، یان دانیشتوانەکانیان کوژراو و بریندار بوون.

پێشمەرگە و خەڵکی چەکدار لەو پاراز و پەرێزانەدا کە شک و شیمانەی هێرشی دوژمنی لێبوو، وەکوو شەوانی ڕابردوو دەمانەوە. هەموو جووڵانەویەکی هێزی داگیرکەریان لە ژێر چاودێریدا بوو. هەر چەند تەقەی چەکی سووک و گران بە درێژایی شەو درێژەی هەبوو.

ئەمشەو فەرماندەکانی لەشکەری٢٨ی ڕژیم کۆبونەوەیەکی تایبەتیان ڕێکخست. لە سەر ئەوە ساق بووبوونەوە کە بە هەر بەها و بایخێک بێ، دەبێ هێزی یارمەتیدەر بنێرینە نێو زاڵگەی یانەی ئەفسەران. چۆن ئەو هێزەی کە لە وێ بوون لەبەر هێرشی خەڵک و پێشمەرگە ورەیان لە دەست دابوو. هاوکات کوژراو و برینداری زۆریان بە سەردەستەوە مابوو. ئەوان پسا پسا داوای هێزی یارمەتیدەریان لە پادەگان دەکرد. فەرماندەکانیان ئاگادار کردوبوو، لەوانەیە ئەگەر هێزی یارمەتیان پێنەگات تێبشکێن و ئەو شوێنە ستراتیژیە گرنگە لە دەست بدەن.

فەرماندەکانی پادەگان نەخشەیان داڕشت کە هێزێکی تایبەتی بە تانگ و زرێپۆش لە ژێر ئاگری هێلیکوپتر و فڕۆکەدا بەیانی وەڕێخەن. بۆ ئەوەی کە هێزی گەل پرشوبڵاو بکەن کاتژمێرێکی زووترلە چەند شوێنی جیاوازەوە، هێرش دەست پێبکەن. تا هێزی گەل بەرەو ئەو شێونانە ڕاکێشن و خەڵک لە ئامانجی سەرەکیان تێنەگن.

بزێو وەکوو هەموو لاوەکانی دیکەی شار، لە سەرەتای ڕاوستان و بریڤانی خەڵکی بارێژی سنەوە بەبێ وچان لە سەنگەردا بوو. زۆر بە دەگمەن دەهاتەوە ماڵی خۆیان،

مەگەر بۆ پشوویەکی کورت یان خواردنێکی بەپەلە. بەیانی لەگەڵ هەڵاتنی هەتاو، بۆ پشوویەک پاش بریڤانی شەو، گەڕایەوە ماڵێ. لەکاتێکدا ماندویی و بێخەوی شەو لە سەر رووومەتی دیار بوو، جل و بەرگە تۆزاویەکەی داتەکاند و هاتە ژورەوە. بزێوی ماندو چەکە ژ3یە قۆناخ لە دار تاشراوەکەی لە پەنای دراخەکانی دانا و راکشا. خێرا خەوی لێکەوت. زۆری نەخایاند، لە دەروازەیان دا. دایە سدیقە بە پەلە رۆیشت تابزانێت کێیە، بزێو خێرا چەک و رەختی خۆی بەست. لە ژورەکەوە بەدنگی بەرز پرسیاری کرد چ بوو هاتن؟

هاوڕێیەکەی: زووکە زوو با بچین!

بزێو و هەڤالەکەی بە پەلە لە پێشچاوان ون بوون، و خۆیان گەیاندە سەنگەرەکەیان، کە لە سەربانی دایرەی ئاوی شار چێکراوبوو. ئەم مەتەرێزە یەکێک لە هەرە سەنگەرەکانی پێشەوەی بنکەی دەرەبەیان بوو، و سێرەیان لە هاتنی هێزی دوژمن گرت. ئەوان شیمانەی ئەوەیان دەکرد، کە دوژمن بەنیازە لە پێشدا ئوستانداری بگرێت. ئەوسا بەرەو یانەی مرۆڤکوژان هێز بنێرێت.

لەکاتی هەشتی بەیانیدا کارەوانە زرێپۆشەکانیان لە پادەگانەوە لە ژێر ئاگری خەستی ئاسمان و زەویدا وەڕێ خست .

سیروان کە گوێی لە دەنگی تەقەی چڕ و پڕی نا ئاسایی بوو. هەستی بەوە کرد دەبێت پیلانێک لە گۆڕێدا بێت. کە خەریک بوو خۆی گۆرج بکاتەوە زرەی تەلەفۆن سەرنجی راکێشا. کاتێک وڵامی دایەوە ئارێز بوو و گوتی: لە پادەگانەوە هەواڵ دراوە کە ئەمڕۆ دوژمن هێزی تەیار کردوە بە مەبەستی چوونە نێو یانەی ئەفسەران.

سیروان: ئەوە ئێستا خەریک بۆم وەڕێ دەکەوتم بەرەو خیابانی شاپوور. ئەگەر تۆیش دێی بۆ ئەوێ لە پشتی مزگەوتی ئەمانولاخان(جامعە) چاوەڕێت دەبم.

ئارێز:باشە! تا تۆ بگەیتە ئەوێ منیش دێم.

سیروان شەلان شەلان لە بن کۆلانان، پارێز لەئاگری هێزی هەوایی رژیم خۆی گەیاندە ئەوێ.

ئارام وەکوو رۆژانی پێشو، بەیانی زوو لە گەڵ ماڵئاوای ئەستێرەکان و پێش هەڵاتنی خۆر لە خەو هەستا. بە پەلە چەکەکەی بەست و قۆمقۆمەکەی لە ئاو پڕ کرد. کەمێکی نانی پەزێرەی دوێنێ لە گیفانی نا. بە خێرا بەرەو بەرەی شەڕ و ماڵی رۆژانەی کەوتە رێ. لەپەرێزەکەیدا بۆ بەرگیری لە خەڵک و نیشتمانەکەی سەنگەری لە دوژمن گرت و سێرەی چەکی لە هێرشی داگیرکەران.

سیروان لە قەڵاچوارلان و پشتی مزگەوتی ئەمانولاخان ئارێزی دیت. پێکەوە بەرەو پردی کەمانگەر و تەنیشتی خیابانی شاپوور رۆیشتن. بەڵکوو بتوانن لە سەنگەرێکدا دژ بە هێزی داگیرکەر مەتەرێز بگرن. لە هەموو شوێنێکدا دەنگۆ و واتووەری بڵاو بووەوە کە هێزی دوژمن لە پادەگانەوە هاتوەتە دەرێ و کەوتوتە بەر دەستڕێژی خەڵک و پێشمەرگە. خۆر و بان تازە گەرم ببوو. هێشتا بەشێک لە دانیشتوانی شار کە لە بەر تەقە و گرمەی شەو نەیانتوانی بوو، بنون و درەنگتر خەوتو بوون، کە هێشتا لە گەرماگەرمی خەودا بوون.

سیروان و ئارێز چوونە نێو سەنگەرێک لە سەر خیابانی شاپوور. ئەم مەتەرێزە بە تەلیسی پڕ لە خۆڵ و زیخ چێکرا بوو و بە سەر جادەکەدا بە باشی زاڵ بوو. ئەمان لە تەک چوار کەسێکی دیکە، لەو پارازەدا ببوون بە هاو سەنگەر.

دەنگی قرچەی چەکی سووک و شەقەی باڵی هێلیکوپترەکان تا دەهات پڕتر و چڕتر دەبوو. لە فڕینی فڕۆکە و هێلیکوپترەکاندا خەڵک دەیانزانی کە بەرایی هێزەکانی ڕژیم لە کوێ تووشی شەڕە.

لە چەند شوێنێک لە دەوروبەری شاردا هاو کات تەقە و گرمەی شەڕ دەهات. ئەمڕۆ لە ئاستی رۆژانی پێشودا هەژماری هێلیکوپترەکان زۆرتر بوون.

بزێو و هەڤاڵەکانی لە سەنگەری سەربانی دایرەی ئاو دەستڕێژی چەکی خۆیان بەسەر هێزەی داگیرکەردا باراند. هێلیکۆپترەکایش مەتەرێزەکەیانی بە خەستی دەکوتا. هێزی دوژمن تادەهات زۆرتر و زۆرتر دەبوو، تا ئەو رادەیە شەڕ بوو بە دەستویەخە. دوژمن لە ئاکامدا لە کاتی نیوەڕۆ، ئوستانداری داگیر کرد. لەم بریڤانییە بێوێنەی بنکەی دەرەبەیاندا بزێو(بێروزی ئەسەدی ئەردەلان) و هەڤاڵی هاوسەنگەری ئەمیری مێهرەبانی گیانیان لە ریگای نیشتمان و ئامانجی پیرۆیان بەختکرد، و خوێنی خۆیان کرد بە هەوێنی ئازادی و سەرفەرازی.

کە ئوستانداری داگیرکرا، جاش و پاسدارانی ئیسلامی خومەینی، کەوتنە راورووت کردن. ماڵانی ئەو دەڤەریان دەپشکنی، هەرچییان دەبینی دەیان برد و تاڵانیان دەکرد. لە مالی کاک هێمن کە تازە لە باشووری ئێرانەوە گەڕابوونەوە سنە، لە تەسبێحەوە تاکوو ئەنگستیلەی زێڕ و ملوانێکی هاوسەرەکەیان دزی. خەڵکی ئەو گەڕکەیان بە گەورە و بچوک، بەدیل گرت و راپێچی پادەگانیان کردن. لە نیو ئەو دیلانەدا دایە سدێقەش لە ژێر لێدانی جەکدارانی رژیم، بەرەو پادەگان لە رێگادا ئەو هەموو کوژراوەی دوژمی دیی، لە ناخەوە بۆیان دەگریا. ئەو دەیگوت ئەی هەژارەکان بۆ لە سەدان کیلومێترەوە هاتنەتە ئێرە؟ خۆتان بۆ کێ داوە بە کوشت؟ لە کاتێکدا بۆ ئەو هێزەی دوژمن دەگریا کە کوژرا بوون، نەیدەزانی کە کوڕە خۆشەویستەکەی خۆیشی لە سەنگەری بریڤانیدا هەر ئەمڕۆ کوژراوە.

ئەو خەڵکەی کە بە دیل نەگیرا بوون، بە دزەوە خۆیان دەگەێنە سەربانی دایرەی ئاو و تەرمی بزێو و ئەمیری جوانەمەرگ، دەهێنەوە قەراخی چەم دەرەبەیان. ئەوان لە ژێر ئاگری چڕی تۆباران و هێلیکۆپترەکاندا، بە دەست خاکی زەوی لای چەمەکە هەڵدەکەنن. ئەو دوو تەرمە ئەسپەردە دەکەن تاکوو نەکەوێتە دەستی دوژمن.

هێزەکانی رژیم بە درێژایی رێگاکە دەکەوتنە نێو داو و بۆسەی پێشمەرگە و خەڵک هەنگاو بە هەنگاو و سەنگەر بە سەنگەر. هێزەکانی دوژمن چین چین بە دەستڕێژی خەڵک دەکوتنە سەر قیرتاوەکە و هەڵنەدەستان. هەر ماشین و زرێپۆش بوو، ببوون بە کورەی ئاگر و دووکەڵ.

هێلیکوپترەکانیش بەبێ بەزەیی ئەمبەر و ئەوبەری خیابانەکەیان بە خەستی دەیانکوتا. دەنگی تەقە لە سەنگەری سیروان و ئارێز نزیکتر بوەوە. دەنگی لووشە و گرمەی چەکی گران، سووک و راکتی هێلیکوپتر و نرکەی ئارپیجی وەها زۆر بوون، بۆ مرۆڤ جیا نەدەبوونەوە کە کام چەکە کە سەمفۆنیایەکی وا کرژ و بێ ریتم دەژەنێت. ژەنیارەکان

هەرکە بۆ خۆی و بە دواین هێزی، شێتانە ئامرازەکەی دەژەند. پاش ماوەیەک هێزی نێو ماشینەکان بە ئالای نەزانینەوە ماڵئاوایان لە ژیانیان دەکرد. بێ ئەوەی بزانن بۆچی. هەژماری تانگ و زرێپۆشەکانیش تاکوو دەهاتنەپێشەوە کەمتر دەبوونەوە. درێژایی ڕێگاکە ببوو بە گۆڕستانێکی مەزن ژبۆ چەکداران و کەرەسەی جەنگی رژێم. سەر قیرتاوەکە پڕبوو لە کەلاکی کوژراوان و لەشی برینداراانی خوازیارانی شەڕ، کە لە هەزاران کیلومیتر ڕێگای دوورەوە هاتوبوون بۆ جهاد دژ بە گەلی کورد.

تانگ و زرێپۆشێک گەیشتنە بەر سەنگەری سیروان و هاوڕێیانی. ئەوانیش بەچەکی سووکی خۆیان تەقەیان لێکرد. تەقەی ئەمانیش وەکوو زۆربەی خەڵکی دیکە لە ئاستی ئەستوری ئاسنی زرێپۆشدا کارا نەبوو. چەکی دژ بە تانگ کەم بوو یان گوللەی نەبوو. ئەمە دەرفەتێکی باشی رەخساند بۆ ئەو دوو تانگە کە بگەنە یانەی ئەفسەران.

فەرماندەکانی رژێم سەرەڕای بەکوژدانی سەدان چەکداری خۆیان. تەنها توانیویان چەند کەسێک و لەوانە بڕێک چەک و تەقەمەنی رەوانەی ئەوێ بکات. بەڵام ئەوان هاوکات چەکی گرانی خەڵکی شاریشیان تاقی کردەوە. توانیان ورەی رووخاوی هێزەکانی نێو یانەی ئەفسەرانیش هەندێک ببووژێنەوە .

خەڵکی چەکداری نێو شار، هیچ ئەزموونیکیان لە شەڕدا نەبوو. هەرکەس بۆ خۆی و بەبێ ڕێکخراوی شەڕی دەکرد. هەر وەها هێزە رامیاریەکانیش بێ ئەزموون بوون. سەرەڕای ئەم کەم و کوریانە خەڵک ورەی بەرز و لە سەر ئەوە سووربوون کە نیشتمان و دەستکەوتەکانی بپارێزێن.

خەڵک بە بەزەیەکی مرۆڤانەوە بریندارنی دوژمنیان بە رێزەوە دەرمان دەکرد، و کوژراوەکانیان کە سەدان کەس بوون لە چەند شوێنی شاردا، دابەش کرد. کە لە تاریکی ئێوارە یان دەرفەتێکی گونجاودا لە گۆڕستانەکانی شاردا بیاننێژن.

بەڵام خۆدی کاربەدەستانی رژێم کە بەڵێنی بەهەشتیان پێدا بوون، پشتیان لێکردن تاکوو زەوی قووتیان بدات بێ ئەوەی بچنە بەهەشت.

کۆماری ئیسلامی ئێران دەیەویست خەڵکی کوردستان بکات بە موسلمان. چۆنکو پێیان وابوو ئەوان کافرن(سونی)، کوردن و کۆمونیستن، دژبە شۆڕشی ئیسلامین. ناسیونالیستە فارسەکان، کولکەمەلا مێشک شۆردراوەکان، هەرکام لە روانگەی خۆیانەوە پێیان وا بوو دەبێ لە تەک کوردا جهاد بکەن. ئەوان هەر ئەو مێشکەی عبدولای کۆری عمریان بوو کە چی بە سەر شاری پاوە هێنا، کە هەتا هەتایە لەکەیەکی رەشە بە داوێنی مێژووی رۆژهەڵاتی ناڤینەوە. لە منداڵی یەکرۆژەی کورەوە، تا پیرە پیاوی سەد ساڵەی دەمومەرگیان سەربڕی. دەست درێژیان بە ژنان کرد و لەژێر زەبری کوشت و بڕدا ئەو ژنە بێوەژنانەیان کرد بە موسڵمان. مزگەوتی عبداڵای عمریان سازکرد، بۆ ئەو ژنە جەرگسووتاوانە، کە بۆیشیان نەبوو بچنە مزگت. ئێستەش لە سەدەی بیستەمدا مەلاکانی قوم و تاران دەیانەوێ ئەو شانازیە! دووپات بکەنەوە .

لەکاتی نیوەڕۆدا فرۆکە فانتۆمەکانی رژێم بە هەژماری زۆرتروە گەڕەکە هەژار نشینەکانی قەراخی شاریان وەکوو حاجی ئاوا گردیگەڕۆڵ، فەیزاوا و تەپەی ئەولیابەگیان بە چڕ و پڕی بۆردومان کرد. ئەو دەڤەرانە لە نێو تۆز و دووکەڵدا نوقم بوون. چەندە لە نێو ماڵی خۆیاندا لە خوێنا گەوزاون کەس نازانێت. کەرەسەی نوژەنیش

لە بەردەستی خەڵکدا نییە کە دیوار و سرمیچی ماڵە رووخاوەکەیان لێ پێلابەرن و ئەوانەی کە هێشتا گیانیان لە جەستەدا ماوە رەزگاریان بکەن.
خەڵک ناچار بە چنگ و کەرەسەی سادەی وەک پاچ و پێمەرە، خەڵکی برینداریان لە ژێر ئاگری بۆردومان، لە ژێر ماڵە روخاوەکانیاندا دەردەهێنا. هەرکەس بۆ خۆی خەریکی شین گێڕانی خۆشەویستانی خۆی بوو. یان لە بن دار و پەردوی ماڵە رووخاوەکەیدا جگەرگۆشەکانی دەردەهێنا. لە نەبوونی دەرفەتی ناشتن یان راگرتن لە ساردخانە، ناچار بوون کوژراوەکانین لە نێوحەوشی خۆیاندا بنێژن. بەلاوانەوە دەیانوت" ئای داد ئەی بێداد حەوشی ماڵەکەم بووە بە گۆڕی مناڵەکەم، ئای لەو دوژمنە مێشک گەنیوە، کە خومەینیان لە نێو مانگدا دیوە ".
خوێن ڕێژانی رژیم شوێنێکیان کە تۆپباران دەکرد، پاش دەمێکی کورت بە خەستی هەمان شێونیان تۆپباران دەکردەوە. ئەوەش بۆ کوشتنی ئەو خەڵکە جوانمێرە بوو کە دەچوونە یارمەتی ماڵەرووخاوەکان. لە گەڕەکی شەریف ئاوا ئەم کارەی دوو پات کردەوە کە بوو بەهۆی بریندار بوونی 18کەس و چەند کوژراو.
کاتژمێر دەرۆیشت و کەس هەستی پێنەدەکرد. هەر کەس سەرقاڵی کار و شینی خۆی بوو. تاکوو ئەو رادەیە دەرفەتی سەیری کاتژمێریان پەیدا نەدەکرد، یان بۆیان گرنگ نەبوو.
ئارێز و سیروان هەتاکوو پاش نیوەڕۆ لەو سەنگەرانەی تەنیشتی خیابانی شاپۆر مانەوە. کاتێک هێلیکوپتەرێک دەوروبەری مەتەرێزی سیروان و هاوڕێیانی بە کالیبر75ەکەی کوتا، گوللەکانی زۆرتر لە کەڵکە پاساری ماڵی تەنیشتی سەنگەرەکەیان کەوت. ئەوەش بوو بەهۆی رووخانی هەندێک لە پاساری ماڵەکە و خشتە سوورەکانی بەربوونەوە بە سەر سەنگەری ئەواندا. سەر و شانی دوو پێشمەرگەی بریندار کرد و هاوکات برینەکەی لاقی سیروانی کولانەوە و خۆڵپانی خوێنی کرد .
کارزان کە هاوسەنگەری ئەوان بوو وتی: کاک سیروان وەرن با بچین بۆ بنکەی دەرمانی گەڕەکی ئێمە، واتە ناوشێخان لەوێ برینپێچی شارەزامان هەیە تا بانداژی برینەکەت بگۆڕی.
ئارێز بن باڵی سیروانی گرت لە تەک کارزانا، و ئەو دوو هەڤاڵەی کە بەسووکی بریندار ببوون رۆیشتن بۆ بنکەی نەخۆشخانە. ڕێگاکە دوور نەبوو، بەڵام هەوراز بوو کەبۆ سیروان بە سەر لاقێکەوە هەندێک زەحمەت بوو.
کە چوونە ژووریێ سەیریان کرد کە چەند برینداری هێزی دوژمنی لێکەوتوە و دەرمانیان دەکەن. ئەمان لە سووچێکی بنکەکە کە چەند ژوور بوو رونیشتن. خێرا پزیشکێک لە گەڵ دوو برینپێچی کچ و کوڕێک بە رووخۆشیەوە هاتنە پێشوازیانەوە. برینی ئەو دوو هەڤاڵە هیچ نەبوو خێرا شٌشتیان و بانداژیان لە سەر دانا.
دوکتور ڤیان کە تازە بەشی نەشترگەری تەواو کردوبوو و لە نەخۆشخانەی کەسیدا کاری نەشترگەری دەکرد. هەر چەند بە تەمەن لاو بوو، بەڵام ئەزموونێکی باشی هەبوو. کاتێک سەیری لاقی سیروانی کرد وتی: خۆ تۆ هێشتا برینەکەت چاک نەبوەتەوە. جا چۆن بە برینەوە شەڕ دەکەی. خۆ تۆ باش دەزانیت خەڵکی شار زۆربەیان پێشمەرگەن. پێویست نەبوو کە ئاوا بەشداری شەڕ بکەی.

برینەکەی سیروانیان کردەوە لە شوێنی برینە کۆنەکەوە خوێن وەکوو کانیاوی بەهاران هەڵدەقوڵی. جێگای خشتەکە برینەکەی شەق کردوبوو.
د.ڤیان ناچار بوو کە بیدووریتەوە. لاقی لە ئەژنۆ و خواری سڕکرد و هەشت تەقەڵی لێدا. ئەوسا بۆخۆی بە تایبەتی بەستی و وتی: سیروان! دەزانم پێشتریش پێت گۆتراوە کە بە سەریدا مەگەڕە. بەڵام تۆ هیچ گوێت نەداوە چویتە نێو سەنگەریش بە یەکلاقەوە کە نابێ وا بکەی. ئەم جارە نابێ بێ گوێچکە بیت. ئەگینا ڕۆژێک تووشی لاق بڕین دەبیتەوە. حەز دەکەی یەک لاقت لە دەست بدەی؟ رووی لە ئارێز کرد و وتی: ئەم هەڤاڵەت سەری بۆ شتی مەترسیدار دەخوریێت، دەبێ تۆ ئاگات لێبێت وەبیری بێنەوە کە بە قازانجی نییە. ئێستا دەتوانن بچن بەڵام بە مەرجێک بگەڕێنەوە ماڵێ. ئەوەش بزانە سیروان کە شۆڕش وا زوو تەواو نابێت بەش نەتەوەی داهاتومانیش دەکات.
لەنیو بنکە چەند گەنجێک خەریکی گوێدان بە رادیو بوون، کە وەشاندنی ئێزگەیەکی دەستکردی بڵاو دەکردەوە کە لاوانی شار بۆخۆیان سازیان کردو بوو. لە ئەم رادیوەوە ناوی ئەو پێشمەرگەگانە کە گیانیان بەختکردو بوو، بڵاو کردەوە.
ئارێز یارمەتی سیروانی دا تاکوو بچنەوە ماڵی سیروان. لە نێو رێگەدا لە بەر ماڵێکی بۆمباران کراو تێپەڕین.
خاوەن ماڵەکە کە باوکی چوار مناڵ بوو، دەموودەست لە نێو خوێنی لەشیدا گەوزا بوو. دوا تروسکی چرای تەمنی خەریک بوو بەرەو کزی دەچوو. ئارام ئارام بە چەند وشەی ئاگات... لە،،، مناڵەک..ان ..بێ ت... دوایین وشەکانی بە خێزانەکەی وت، و کەوتە نێو ژیانی رابوردووی.
چاوگەی دڵی چۆر چۆر خوێنی گوڵاڵە رەنگی خۆی دەخاتە نێو دەمارەکان، بۆ دێراوی لەشی تینۆ بە ژیان. رەشماڵی هەستەکان لە هەوارگای سەرکانی دڵدا، یەک بە دوای یەک ریز دەبستن و ئاوڕیک بەرەو رابردوو دەداتەوە. لەو کات و سەردەمەی بیری دەکردەوە، کە کۆرپە بوو بە گڕوکاڵ. بە زەردەخەنەی میر منداڵی تاکوو رەوتی ئەویندارى سەردەمی گەنجی و تافی لاویەتی. بەرپرسیاری بنەماڵە و ئاواتی مسۆگەر کردنی منداڵەکانی، پێدا دەچێتەوە و لە چوار چرا و کۆلەکەی ژیانی کەهێشتا تاسەی لێنەشکاون. لەخوشی و ناخوشیەکانی ژیان، ماڵئاوایی نابەدڵ دەکات. ئەمجارەش کانی دڵ هەڵدەقوڵێ و خوێناوی خەستی لە بەر هەوای جیهانی ناسازگار و کزەی زریان دیبەستێ. ئیتر ئەندامانی لەشی بێ بەش دەبن لە ئاوی ژیان، و ڤەژیین نابن. مرووژانە و سەما بۆ دوارۆژ ناکەن. چرای ژیان تروسکی نامێنێت. ساردی و سڕی ماسولکەکان، راپێچ دەکات. مێشکی فەرماندە، گێژ و وڕ دەبێت. تا لە نێوان چەند پەلەقاژەیەکی ئارامدا، گیان، ژیان بە جێدەهێڵێ و، لەشی پڕ هیواش دەمرێت. چوار چراکەشی بێ داژیار، توشی ئاسییو و چورتم و چەپۆکی رۆژگار دەبنەوە. ئەوسا چاوی ژیانی تاریک دەبێت و ئیتر منداڵەکانی بۆ هەمیشە بەجێدەهێڵێ.
تاریکایی ئێوارە باڵی بە سەر کۆڵانەکانی شاردا راکێشا. زۆربەی گەڕەکەکان تەلی وزە و کارەبایان پچراوە. یان گڵۆپی رووناکی دارتەلەکان بە شەپۆلی ئاژین بوونی تۆپبارانی شار شکاون. ئەم ئێوارەیە وزەی گەڕەکی سیروانیش پچرا بوو، هەموو کۆڵان و ماڵان

لە نێو تارمایی شەوەزەنگدا توابوونەوە. هێشتا کرێکارانی وزە دەرفەتی ئەوەیان نەکردوبوو کە تەلە پچراوەکان چاک بکەنەوە.

دایکی سیروان لە بەر چرالامپایەکی کۆنی ئەنتیک، دانیشتو بوو و چاوەڕێی هاتنەوەی منداڵەکانی دەکرد.

کاتێک ئاریێز و سیروان هاتنەوە ماڵێ، هێشتا ئارام نەگەڕا بووەوە، و پەیامی ناردبوو کە بەم زوانە نایێتەوە. دەنگی قرچە و زرمەی شەڕ لە دوورەوە وەکوو دەنگی دەهۆڵ و سۆرنایەک کە بە خێرا ریتمی هەڵگردنی دەژەند، بەدەم باوە دەنگەکە بەرز و نزم دەبوەوە.

سیروان: دەنگ و ریتمی ئەم تەقەیە وەک بەیانی چڕوپڕە، لەوانەیە هێرشێکی دیکەیان بەرەو یانەی ئەفسەران دەست پێکردوبێت.

ئاریێز:منیش وای بۆ دەچم.

وا بوو فەرماندەی هێزەکانی پادەگان کە گوێرایەڵی فەرمانی خومەینی و بەنیسەدەر بوو. فەرمانی ئەوانیان بە هێزەکانیان واتە بە" سپای ئیسلام "رادەگەیاند کە" قەیتانی پۆستاڵەکانتان نەکەنەوە تاکوو خەڵکی کافری کوردستان سەرکوت دەکەن"رووناکبیری ئوروپا دیدەی راسیست مەزهەبیەک وەک بەنیسەدەر وابیری دەکردەوە. تا بگاتە ئەوانی دیکە کە رووناکبیر نەبوون.

ئەمجارە کاتژمێری دەی شەویان هەڵبژارد. کە پێیان وا بوو کە هێزی گەل ماندو و شەکەتن، یان هێزێکی کەمتر لەبەرەی بەرگری تووشیان دەبێ.

کارەوانێکی دیکەیان لە هێزی داگیرکەر لە پادەگانەوە بەرەو یانەی ئەفسەران وەڕێی خست.

ئەمجارەش وەکوو بەیانی کەوتنە نێو داوی پێشمەرگە و خەڵکی شار. لە ئاستی مەتەرێزەکانی پاراستنی خەڵکدا، گەل گەل و چین چین. سەر جادە قیرتاوەکەیان لە باوەش دەگرت و دەکەوتنە سەرخوێنی کوژراوانی ئەمڕۆ بەیانی خۆیاندا. کە هێشتا وشک نەببوەوە و مەخشی و مێش سەمایان تێدا دەکرد. سەر رێگاکەش پڕ بوو لە تانگ و ماشینی سووتاوی دوژمن کە ریێبەستێک بوون بۆ هات و چوو.

لە ماوەی کاتژمێرێکی شەڕ و لە ژێر ئاگری پشتیوانی هێلیکوپترەکانیشدا هەموو هێزەکەیان کوژران، تا لە ئاکامدا تانگێکی کەس هەڵگر بە یانزە چەکدارەوە چووە نێو یانەی ئەفسەران. لەم شەڕەدا پتر لە سەد کەلاکی کوژراویان لە سەر جادەکە بەجێما بوو.

فەرماندەکان دەربەستی گیانی هێزەکانیان نەبوون و توانای ئەوەشیان نەبوو کە کەلاکی کوژراو و بریندارەکانیان کۆ بکەنەوە و دەرمانیان بکەن. سەرەڕای نەبوونی دەرمان و گەمارۆی تەواوی شار، خەڵک یارمەتی بریندارانی دوژمنیان دا و کوژراوەکانیشان ئەسپەردە کرد، لە ژێر بۆردومانی خەستی دوژمندا.

هاوکات هێزەکانی یارمەتیدەری رژیم کە لە کرماشان و هەموو ئێرانەوە بە فڕۆکە و هێلیکوپتری شنۆک هاتبوونە باشووری شار، هێرشیان لە بەرەی باشوورەوە دەست پێکرد. پاراستنی ئەم بەرەیە لە ئەستۆی هێزی دیموکرات بوو.

شەڕ لە تەپەی توش نەوزەر (توس نەوزەر) کە لە باشووری شاردا تاکە گردێکە. لە لۆتکەی ئەم گردەدا یەکێ لە هەمبارەکانی ئاوی خواردنەوەی شار چێکراوە. ئەم تەپۆڵکەیە بەسەر گەڕەکی سپورئاوا و مەرزاکانی گریاشان بە باشی زاڵە. هێزەکانی دیموکرات لە ماوەیەکی کورتدا سەنگەرەکانیان بۆ هێزی دوژمن بەجێ هێشت بێ ئەوە بەرگرێ ئەوتۆ بەکەن تا هێزی یارمەتیدەری خەڵکیان بۆ بچێ!؟

کاتژمێری یانزەونیوی شەو ئارام لە گەڵ دوو هەڤاڵی هاتنەوە ماڵێ. ئەوان بۆ سەردانی سیروان بەو شەوەدرنگە راستەوخۆ لە بەرەی شەڕەوە هاتو بوون. ناسیاو بوون و لە شەڕی کەوسواریشدا هاو سەنگەر. کە هاتنە ژووری وێرای سڵاو و لێپرسین دایکی خێرا خواردنی بۆ هێنان.

ئارێز: دەنگ و باسی ئەم تەقەی کاتژمێری دەی شەو چی بوو؟

شوانە: ئەو دەنگە زۆرە کە بیستان هێرشی دووهەمی رژیم بوو بەرەو یانەی مرۆڤکوژان. جگە لە چەند کەسێک کە نەزاندرا بە مردویی، بریندارێ یان بە ساقی گەیشتنە ئەوێ. ئیتر هەموو چەکدارانی کارەوانی رژیم لە نێو داوی خەڵکدا کوژران.

گۆران: لەم شەڕە بەداخەوە بەئاگری هێلیکوپترەکان دووپێشمەرگەی کۆمەڵە یەکیان هەورامی بوو بە ناوی جەمشیدی مەنوچێری و ئەویتریان کە سنەیی بوو بە ناوی قوتبەدین گوڵپەروەر کوژران. هەروەها دوو پێشمەرگەی رێکخراوی زەخمەتکێشان کە ناویان نازانین ئەونیش گیانیان بەخت کرد.

ئارام: بیستمان کە ئوستانداری و دەبستانی بەدریشان گرتوە، و لە وێ ستارۆ بوون. گۆران درێژەی بە قسەکانی ئارام دا و وتی: ئەمڕۆ بە راکتی هێلیکوپتر لە خەسراوا پێشمەرگەی دێرین عەلی شێعا گیانی بەختکرد.

شوانە: نا! لە ناکاو خەم ڕوومەتی داگرت و گرێ کەوتە نێو چاوانی. بۆ ماوەیەک بێ دەنگ بوو. ئەوسا بە دەنگێکی نوساوە وتی: ئەی ژیان و چارەنووس! کەس ناتوانێت متمانەت پێبکات. رووی لە سیروان کرد و درێژەی بە قسەکانیدا: خۆ تۆ باش دەتناسی؟ ساڵانی ساڵ لەو دیو واتە کوردستانی باشوور پێشمەرگایەتی کرد. لە دەیان شەڕ و داودا بە زیندویی دەرباز بوو. بەڵام چارەنووس وابوو کە لە زێدی خۆیدا، ئاخەکەی بە خوێنی خۆی پاراو بکات. بڕیا لە نزیکەوە نەمناسی بایە.

سیروان: مروڤ کە چەکی خەباتی هەڵگرت بەو نیازە کە رێباز و نیشتمانەکەی بپارێزێ. دیارە لە هەمان کاتدا بیری لەوە کردوتەوە کە تەمەنی ئەوەندە درێژ نابێ کە ژیانی پیری خۆی ببینێت. لە هەر کات و ساتێکدا باڵەفڕی مردن بە سەریدا دەفڕێ. جا کەی و لە کوێ نۆرەی بێت ئەوە مەرجە. مردن هەر مردنە. تەنیا جیاوازی ئەوەیە کەسێک کە دەمرێت بۆ رەزگاری مرۆڤ و نیشتمانەکەی، هەمیشە لەدڵی خەڵکدا زیندوە و گیان و رەوانیشی ئارام دەبێت. تاکوو ئەوەی کە خەڵک لێبێزارن و ئاواتی مەرگی بخوازن.

هەندێک بیر و بڕوا و ئایین هەیە کە دەبێژن تاکەکەس لەشی دەمرێت، دەبێ بە خۆڵ. بەڵام گیانی نامرێت و لە جەستەی ئاولەمەی کۆرپەیەکی ساوادا لە دایک دەبێتەوە. واتە گیان هەمیشە زیندوە تەنیا لە لەشی جیاوازدا دەژیت.

ئاریز: بە یارمەتیتان! من دەبێت بگەڕێمەوە ماڵی خۆمان. ئێستە دەزانم کە چەندە نیگەران و چاوەڕێمن کاتیش درەنگە و پاش نیوە شەوە. رووی لە گۆران کرد کە هەردووکیان خەڵکی یەک گەڕەک بوون و پێگوت: ئەریَ تۆ بە نیاز نیت بچیتەوە؟

گۆران: ئەمن لە مێژە چاوەڕیَ تۆ بووم کە هەستی و رچە بشکێنی ئەوە من ئامادەم. هەر دوویان هەستان و ماڵئاوایان کرد، و بەرەو ناو گەورەکان وەڕیَ کەوتن. شوانەیش ماڵئاوایی کرد و بەرەو ماڵی خۆیان کە لەو نزیکانەوە بوو رۆیشت.

سیروان دەنگ و باسی بەرەی گردیگەڕۆڵی لە ئارام پرسی.

ئارام: وەکوو رۆژانی پێشتر تاویَ نە تاویَ هێرشیان دەهێنا و هەر جاریش تێدەشکان، و کەلاکی کوژراوەکانیان بەجێدەهێشت. دووبارە دەهاتن ئەو کەلاکانە بەرنەوە ئەوەندی دیکەیان بەجێدەهێشت. من کە ئەو هێرشانەی ئەوانم دەدی چیروکی مێلوورەکەم وەبیر دەهاتەوە کە چۆن دەنکە گەنمێکی هەڵگرتوبوو، دەیەویست لە هەورازێکەوە بیباتەوە بۆ شارویی خۆی. هەرجار کە دەگەیشتە هەورازەکە، نەیدەتوانی و بەریدەدایەوە، ئەو کارەی بە درێژای رۆژ دووپات و سەد پات کردەوە.

هێزەکانی دوژمنیش وایان دەکرد کە دەهاتن کوژراوەکانیان بەرنەوە، کوژراوی تازەیان دەدا و دەگەڕانەوە. ئەمە بوو بە کاری ئەم چەند رۆژەیان. جارێک بە دەرفەتمان زانی خێرا چووینە خوارەوە چەک و تەقەمەنی کوژراو و بریندارەکانمان هێنا. ئەو جارە من بۆخۆم دوانزە کەلاکم ژمارد.

ئەمرۆ بە داخەوە پێشمەرگەیەکی بنکەی شەهید سابر بە ناوی حەمیدی ئیفتەخاری گیانیبەختکرد. هەر وەها ماشینێک بە کالیبر 50 وە لە تەک تانگێک لە نزیکی پادەگانەوە سووتان. لە بەرەی حاجی ئاواشەوە هێرشی دوژمن تێشکا. بە باشی لە ئێمەوە دیار بوون کە چۆن هێزەکانی رژیم یەک لە دوای یەک دەکوژران و بەرەو دوا هەڵدەهاتن. خەڵکیش دەستیان بە سەر چەک و تەقەمەنیەکانی رژیمدا دەگرت.

باوکیان: دوانیوەرۆ لە بنکە، دەیانگێڕایەوە کە ماشینێکی مینی بووس پڕ لە خەڵک لە سەر جادەی سنە دیواندەرە و نزیکی دیّی ساتێڵە دەکەوێتە بەر دەستڕێژی راکتی هێلیکوپترەکان. مینی بووسەکە دەسووتیَ و دەبێت بەهۆی کوژرانی پێنج کەس و بریندار بوونی یانزە کەسی دیکە. سووتاوەکانیش هێشتا نەزانراوە چەندکەسن. هەروەها هێلکوپترەکان لەسەر رێگای سەقز دەستریژیان تەنانەت لە مەڕوماڵاتی خەڵکیش کردوە و زۆریان لێکوشتون. هێلیکوپترێک بە گوللەی خەڵک سووتاوە و لە نزیکی قشلاخ کەوتووەتە خواریَ.

ئاریز و گۆران پێچاو پێچ بە کۆڵانی تاریک و رووناکدا دەرۆیشتن تا گەیشتنەوە گەڕەکی خۆیان پاشان لە یەک ماڵئاوایان کرد و هەر کەس رۆیشت بەرەو دەروازەی ماڵی خۆیان.

ئاریز کە دەروازەکەی کردەوە، شیرینی خۆشکی دی پاش چەند رۆژ. دوای سڵاو و هەواڵپرسی وتی: نەکا ماڵەکەتان وەبەر تۆپباران کەوتو بێت؟

زاواکەی رامەن: بەداخەوە! وایە. باش بوو منالەکان لە ژێرزەوینیەکەماندا بوون.

شیرین: بە هەزار چەرمەسەریَ ئەم کۆلان و ئەو کۆن لە ژێر پاسار و بن دیواری ئەم ماڵ و ئەو ماڵدا، تا خۆمان گەیاندە ماڵی باوکم هەزار قیر چەرمگ بوو.

ئاریێز: ماڵەکەتان چی لێهات؟

رامەن: ماڵ پێشکەش و بەرخێ سەرتان. نۆهومی سەرەوە رووخاوە. لولەی ئاو و تەلی وزەی پچران. بەهەر جۆرێک بوو بە یارمەتی هاوسێ و بەراوسێ، بە تایبەت کا رەزوانی لولەکێش ئاوەکەمان بەست و کونتوری وزەکەمان داخست. هەموو کەل و پەلی نێو ژوورەکە کە بەکەڵک دەهاتن لەبن خۆڵ و هەرگ و چیمەنتومان دەرهێنا و خستمانە ژێرزەوینیەکە. دەرگاکەیشامان داخست ئیتر چی بە سەر بێ نازانم؟

ئاریێز: منداڵەکان لە کوێن؟

ئەوین، خۆشکە چکۆلەکەی ئاریێز کە چاردە ساڵی بوو وتی: ئاروین و ئارشین دەمێکە نوستون. ئەوان دەنگی نرکە و ئاژینی راکتەکە، وا کاری تێکردوبوون تا ئەو کاتە کە خەویان لێکەوت لە هەر تەقەیەکی بۆردوماندا دەلەرزین و هەڵدەچوقان. رایان دەکردە سوچی ژێرزەوینیەکە و کورپیان دەکرد. یان دەچوونە باوەشی باوکیان رەنگیان سپی هەڵدەگەڕا و چاوە گەشەکانیان مات دەبوو. پسا پەس پرسیاران دەکرد: بۆ بۆمبیان هاویشتە ماڵی ئێمە؟ ئێمە خۆ هیچ کارێکی خراپمان نەکردوە. ئاروین دەیگوت: باوکە ئەگەر بۆمبێکی دیکە بخەنە ماڵی بابە گەورە ئەوسا ئێمە بۆ کوێ بچین ؟

ئاریێز: دەڵێن لە گەڕەکی ئێوە، ماڵی زۆر رووخاوە؟

رامەن: راستە! تائەو دەمەی من لە وێ بووم 6 تا 7ماڵ زیانی قورسی پێگەیشتو بوو. دیارە بریندار و کوژراویشی هەبووە.

ئەوین: راستە ئابرا ئاریێز تۆ لە شەڕی خیابانی شاپووردا بووی؟

ئاریێز: ئەرێ بۆ پرسیارت کرد؟

ئەوین: دەڵێن کوژراو زۆر بووە.

ئاریێز:راستە ئەوین گیان! چەند سەد کەسێک لە هێزەکانی دوژمن کوژران و هەر وەها چەند کەسیش لە خەڵک.

دایە نەرگس ئاخێکی لەقووڵای دڵەوە هەڵکێشا و بە دەنگێکی پڕ لە خەم و پەژارە وتی: ئۆی رۆڵەکانم! دایکتان بمرێ، پێش ئەوەی هەواڵی مەرگتان ببیسێ. چەندە ناخۆشە بەکەسێک بڵێن کە رۆڵەکەت کوژراوە. یان بووە بە بەرخێ بیر و باوەڕی مەلا دەمار وشکەکان. من نازانم بۆ چی ئێمە لە ماڵ و باژێری خۆماندا ناتوانین ئاسوودە بژین؟

بۆ ئەم رژیمە وەکوو گورگی هار لە هەزاران فرسەخەوە، دوور لە ئێمە هێزی شەڕخواز و دەمار وشک دەنێرێتە کوردستان بۆ جهاد؟ چی لێمان دەوێ؟ دەیەوێ بمانکاتە موسلمان، ئەوە نییە کە هەزار ساڵە بە هێزی شمشێر موسمانیان کردوین. ئەوان پڕ بەدڵ دەمان چەوسێنەوە. هیچ مافێکی سروشتی وەکوو مرۆڤێک پێمان رەوا نابینین. نیشتمان و ئاخەکەمانیان داگیر کردوە. هێزی کار و کانگا و سامانی ئێمە تاڵان دەکەن. مێژووی شارستانی ئێمە بۆ خۆیان تۆمار دەکەن و دەردەداری خۆیان بە سەرماندا دادەسەپێنن. لاوەکانمان دەگرن دەیکوژن، ئیتر چیان دەوێ ؟

ئاریێز: دایە بیری لێمەکەوە. خەڵکێک لە سەدەی بیستدا مەلایەکی خوێنرێژ لە نێو مانگدا دەبینن، تەنانەت مرۆڤە سەرتایەکانی دەورانی بەردینەش وا بیریان نەدەکردەوە. جا تۆ چ چاوەڕوانێکت لەو خەڵکەیە، کە رووی هەموو خوێنرێژانی مێژوویان سپی کردوە. رووی لە ئاریوی برای کرد و وتی: تۆ بۆ نە نوستوی؟ تاوێکی تر رۆژ دەبێتەوە.

ئاریو سەری داخست بە ئارامی و سەر خۆ گوتی: هەر چەند ویستم بخەوم بەڵام نەم توانی. چۆن لە تۆ بیرم دەکردەوە و هیچ هەواڵێکمان لێت نەدەزانی .
شیرین پچاندی بە گوێ ئارێزا و گوتی: ئەمڕۆ چنوور دووجار تەلەفۆنی کرد و هەواڵی تۆی لە من دەپرسی. دیارە زۆر نیگەرانتە. تازە درەنگە بەڵام بەیانی تەلەفۆنی لێبکە یان بچوو بۆماڵیان.

## بەشی6

هەینی(**ئاناهیتاڕۆژ**)ی5یگوڵانی2680ی کوردی رۆژی سپێتەئەرمەتی، سپێپەندئەرمەت خۆبوردویی و سازگاری(خرەدی تەواو)گوڵی بیمشک تایبەتی ئەوە. 25ی ئاپریل 1980

---

شەو تاکوو بەیانی، بارانی گوللەتۆپ لەشی بریندار و دەموچاوی ماندوی شاری دەرزیاژن کرد. سۆمای چاوی هونەر و زمانی کۆرپەی ساوای لە گڕ و گاڵ خست. بۆنی ترسی منالان و بۆسۆی لەش سووتاوانی شار، تێکەڵی تۆزی ماڵە رووخاوەکان دەبوو و کۆلان بە کۆلان خۆی دەکرد بە مالاندا. لوتی هەناسە و چاوی بینینی ئازار دەدا.
خوناوی دڵۆپەی ئەسرینی چاوی خەمباری شار، لەسەر گۆنای ئاڵی گوڵدا دەدروشایەوە. هەڵمی هەناسەی پڕ لە زامی دایکە جەرگ سووتاوەکان. یەکتریان لە ئامێز گرتو بوو و ببوون بە چەند پەڵە مژێکی تەنک، کە دەست بەداوێنی چیاکان ببوون.
دیسانەوە رۆژ هاتەوە و شاریش تیشکی خۆری رادەمووسی. بەڵام ئیتر بولبولی بریندار و باڵ هەڵپرووزاو نەیدەتوانی بفڕێ و هەستی ئەوینی خۆی بۆ گوڵی ژاکاوی ژینگەی شەڕ بە گۆرانی دەربڕێت. شەویش جریوەی ئەستێرەکان، لە گەڵ گوللەی زەرد و سوور، هاژە و لوشەی تۆپباران، بە تیشکی رەنگینی خۆیان لە سەر سینگی ئاسماندا بەربەرەکانێیان دەکرد .
دووکانەکانی نێو بازار لەبەر بۆردومان داخرا بوون. گۆشتفرۆشەکان لەنێو مزگەوتەکاندا کوشتاریان دەکرد. نانەواخانەکان بە باشی هێشتا کاریان دەکرد. مزگەوتی هەر گەڕەکێک ببوو بە ناوەندی کرینی خواردەمەنی، شوێنی رامیاری و ئابووری بۆ خەڵکی ئەو دەڤەرە. لە راستیدا مزگت کە عەرەب کردویانە بە مسجد و چەند وشەی وەکوو سجدە سجادەیشییان...لێداتاشیوە، مانای راستەقینەی خۆی واتە مزگت مزگە، مزداگە، جێگای مەزدا. شوێنی رێز لە گیانی مرۆڤایەتی، بە ئاشتی ژیان، دوورە پەرێزی لە درۆ و کردەوەی خراپ، شوێنی خۆی وەدەست هێناوەتەوە.

لەو مزگتانەدا کەس لە کەس تاڵ نەدەبوو. کۆمونیست و ئایینی بیر و بڕوای چەپ و ڕاست لە تەنیشت یەکەوە پێکەوە ئاریکاریان دەکرد. کاری ڕۆژانەیان پێکەوە جێبەجێ دەکرد. دیموکراسی بە تەواو ماناوە جێکەوتوو بوو. ئەوە، ئەو ئاواتەی کە خەڵک سەدان ساڵە سەرگەردان و تامەزرۆی بوون. بۆیە ورەی خەڵک وەکوو پۆڵا بە هێز و پتەو بوو. سەرەڕای ئەو هەموو ماڵوێرانی و کۆشتوبڕەی مەلاکانی تاران کە لە کوردستاندا دەیانکرد.

ژن و پیاو، شان بە شان لە نێو مزگتدا دادەنیشتن. ئاخەوتنی کۆمەڵایەتی و رامیاریان دەکرد. لە هەموو ئاستێکی کۆمەلایەتیدا وەکوو یەکبوون. نەوەک مزگەوتەکانی رژیم کە نابێ ژن و پیاو یەکتر ببینن، یاکوو پێکەوە قسە بکەن. لە لایەن ئەوانەوە ژن دەبێ بچێتە نێو قەڵخێک وەها خۆی داپۆشێت و خۆی بشارێتەوە تا وەکوو پەڕۆ شڕەیەکی بێگیانی لێبێت. ئەگەر گۆشەیەک لە ئەندامی یان تاڵێک لە قژی دیار بێت، دەبێت بە شەیتان و دەچێتە نێو جەستەی هاری پیاوە دەمار وشکەکان.

بەڵام لە بنکە و مزگتی ئەم شارە کافرەدا، ژن خۆی لە ژێر کوتاڵەوە ناشارێتەوە. نابێت بە شەیتانیش و ناچێتە نێو لەشی پیاوانەوە. بە پێچەوانەوە فریشتەیەکی یارمەتیدەرە، شان بە شانی پیاوان و لە هەموو کارەکانی ڕۆژانەدا بەشدارە و شەریکە. بەباشی پیشانیان داوە کەهیچ جیاوازییەکیان لە تەک پیاواندا نییە.

ئارام وەکوو کردەوەی ڕۆژانەی لەتەک تیشکی ڕووناکی بەر بەیاندا، بەپەلە بەرەو مەتەرێزەکانی بەرەی بریڤانی ڕۆیشت.

سیروان لاقی ئەستور ببوو. مرووژانەی ئێش و ژانی برینەکەی ماندۆی کردو بوو. دەرمانی ئارامبخەشی پێنەبوو تا کەمێک دایمرکێنێت. لە تەنیشتی تەلەفۆنەکە دانیشتو بوو و لە نێو گەمی ئاروو و خەونەکانیدا راما. کە چۆن ئەم گەمییە لە نێو زریای پڕ لە باڕۆبادا ڕەزگار بکات. چۆن دوورگەیەک ببینێتەوە، تا لە قامچی زریانی باڕۆبای زریا ڕەزگاری بێت. کوتوپڕ زرەی زەنگی تەلەفۆنەکە لە نێو گێژاوی باڕۆبای زریای ڕەزگار کرد. خێرا بە خۆیدا هاتەوە و گوشی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت وتی: فەرمو! سیروان! دەنگی نەرم و گەرمی میترا، ئێشی مرووژانەی برینەکەی لە بیر بردەوە. جەستەی خووساوی بەر باڕۆبای یاوی زریانیشی لە بەر تەز و ژانی قامچی زەلان ڕەزگار کرد. هەستی بە دەستەنەرم وگەرمەکانی میترا دەکرد، کە چۆن بە هەموو هەستی ئەویندارییەوە لەشی تەزیوی ئارامدەکات.

سیروان: ئای لەو دەنگە خۆشە! کە چەندە بە ساکاری هەموو گیانمی بووژانەوە. ژانی برین و پەژارەی دووری ئەویندارمی ساڕێژ کرد. ئەی فریشتەی فەڕی ئەوین و خۆشەویستی! بەم بەیانییەدا تۆ بووی بە فریشتەی میترا، بۆ منی میت و شێدای تۆ. پەیوانەیەک شک نابەم تا خۆشەویستی تۆی پێ مەزەنە بکەم. زمانێکی پاراویشم لە ئارادا نییە کە بتوانم پێ دەربیڕم .

میترا: سپاس! بۆیە وا بەم بەیانی زووە تەلەفۆنم کرد، لەوە دەترسام لەماڵ وەدەرکەویت، و ئیتر نەتوانم پەیوەندیت پێوە بکەم. تۆ نازانیت دوێنێ چەندە پەشێو و نیگەرانت بووم. گیان و بیرم لە لای تۆیە. تەنها لەشم لە ماڵی خۆمانە. ئەگەر ئارێزت دی پێ بڵێ کە لە تەک چنووردا پەیوەندی بگرێت. دوێنێ پێکەوە خەریک بوو شێت بین.

سیروان: برینەکەم دوێنێ بە رووخانی کەڵکەپاساریێک ناسۆرتر بوو. تا ئەو رادەیە چەند تەقەلی خواردوە. ئێستەش ماسیوە. بە سەریدا کە بوەستم ژان و ئێشی زیادتر دەبێت. ئەگینا بە هەر شێوەیەک ببایە، دەهاتمە ژوانت و بە دیداری جوانت خۆم دەبووژانەوە.

ئەو دوو ئەویندارە نە بە قسە و نە بە دیتن، تاسەیان لە یەکتر نەدەشکا. هەر دووکیان لەوە دەترسان کە نەکات دەستی رەشی شەڕ لە یەکتر جیایان بکاتەوە. ئەو ئەوینە خۆشەیان ببێ بە زامێکی قووڵ و ناساڕێژ، تاکوو مردن بەو دەردەوە بتلێنەوە.

پاش ماوەیەک راز و نیاز بە نابەدڵیەوە لە یەکتر ماڵ ئاواییان کرد.

سیروان لە چوارچێوەی ژێرزەوینیەکەیان وەڕەز ببوو، سەرەڕای ئێشی زۆری لاقی بە یارمەتی دوو داردەست هێدی و لە سەرخۆ چوو بۆ بنکە. کاتێک چووە نێو بنکە خەڵکێکی وا زۆری لێنەبوو، سڵاوی کرد و وەکوو هەمیشە رۆیشت و لە سوچێکی بنکەکە دانیشت. چوار کچی گەنج کە لە پاڵی کۆڵەکەیەک رونیشتو بوون، خێرا هەستان و چوون بۆلای سیروان. لەوانە دوانیان لایەنگیری کۆمەڵە بوون، بڵاوک و هەواڵنامەی کۆمەڵەیان پێدا. ئەو دوو کەنیشکەی دیکەش یەکیان هی پەیکار بوو و ئەویتریشیان هی چریکەکان. هەرکامیان بڵاوکی خۆیان دا بە سیروان .

ئەوکچە پەیکاریە ماڵیان لە فەیزاوا بوو و یەکەمین جاری بوو کە دەهاتە ئەم بنکەیە. سیروان لە خۆپیشاندانەکانەوە دووراودوو دەیناسی.

خۆی ناساند و وتی: کاک سیروان من ناوم تارایە و لایەنگری رێکخراوەی پەیکارم.

تارا کیژێکی بە تەمن بیست ساڵە بوو و لەو سێ کچی دیکە دوو تا سێ ساڵان بە تەمنتر بوو. کراسێکی کوردی سنەیی لە بەر بوو. سەڵتەیەکی رەشی لە سەر کراسە سورمەیەکەی، کە پڕ بوو لە گوڵی وردیلانەی سپی و شین لە بەر کردوبوو. تایبەت لە تەک روومەتی کاڵی دەهاتەوە و کاڵتر و ناسکتر دەیخستە پێش چاوان. باڵای زۆر بەرز نەبوو، بەڵام چاوە تیژ و بزێوەکانی کە بەڕوویی رەنگ بوون، لە گەڵ لوتی باریک و لێوەکانی کە وەک گوڵی تازە پشکۆتو لە نێو روومەتیدا زۆر بەرچاو بوون. کە قسەی دەکرد و بزە بە لێوانیەوە دەهات سەد شێخ سەنعانی شێت و ئەویندارى خۆی دەکرد.

سیروان لە بیری خۆیدا دەیگوت: چەند ئەم روومەتە جوانەی، شێوەی میترا دەدات. بزە و پێکەنینەکەی وەکوو میترا، گیان دەبووژێنێتەوە. بڕیا میترایش لەم نزیکانەوە بژیا. دەنگی پرسیاری تارا سیروانی وریا کردەوە. بەڵام سیروان پرسیارەکەی بە باشی نەبیست. چۆن لە جیهانی ئاروو و خەونی میترادا بوو.

سیروان: ببورە تارا خانم چیتگوت؟ ئەگەر دەکرێت، زەحمەت نەبێت دووپاتی بکەرەوە؟

تارا لێوە ئاڵە سروشتیەکەی کۆ کردەوە و وتی: بۆ ئێوە تاکوو ئێستا هیچ رێبازێکی رامیاریتان هەڵنەبژاردوە؟ پێتان باش نییە کە یەکلایەنەی بکەنەوە؟

سیروان سەیری چاوە دڵرفێنەکانی کرد و وتی: من لە تەک هەموو هێزێکی شۆڕشگێری رامیاری ئەم شارەدا دۆستم و ئاریکاریشیان دەکەم. ئێستا خەریکم لە سەر بیر و رایان پەیجۆری و لێکۆڵینەوە دەکەم. تاکوو بزانم بیر و رام بە کامیانەوە نزیکترە. ئەورۆ ئەوە گرنگە کە هەموو بتوانین لەم دەستکەوتە دیموکراسیەی نیشتمانەکەمان پارێزگاری بکەین. رۆژانی ئاخەفتن و باسی رامیاری دێ. بەڵام ئێستا کات زۆر کورتە و هەستیارە. کات، کاتی کار و پراکتیکە. ئەوە دوژمن ها لە بن

گوێماندا. دەبێ هێزمان زۆرتر لە سەر پاراستنی دەستکەوتەکانمان تەرخان بکەین. تاکوو خۆمان بە باسی بیر و رای رامیاری سەر قاڵ کەین. راستە دەبێت مرۆڤ بیر و رای یەک لایەن بکاتەوە بە مانای رێکخراوەیی. بەڵام چکەردەن کە هیچکام لەم هێزە رامیاریانە تەواو نین و هەر کامیان بە چەشنێک کەم و کووریان هەیە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ، ئیمرۆ رۆژی یەکیەتییە.

بۆ وێنە، لە نێو ئێوەدا کە چوار کەسن. سێ بیر و باوەڕی جیاواز هەیە. هەر کام لە ئێوە بیروڕای خۆی بە باشتر دەزانێت. ئەوە بۆمان گرنگە کە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێمەدا دیموکراسی هەیە. تۆ وەک پەیکار، رۆژین و مهری وەکوو کۆمەڵە و پەرشینگیش وەک چریک واتە بە سێ رێبازی جیاوازەوە پێکەوە هەڤاڵن. لەلای یەکتر دادەنیشن بیر و بڕوای خۆتان دەردەبڕن، بێ ئەوەی لە یەکتر زیز بن. بە کورتی رێزتان هەیە بۆ رێبازی یەکتر. ئەمە زۆر گرنگە دەبێ قەدری بزانین. ئەگەر سۆزی رژیم شاربگرێتەوە، ئەم دیموکراسیە دەخنکێنێت. جێگای ئێمەش پەتی سێدارەیە یان ژێر ئەشکەنجەی زیندانە، گەر لە شاردا بمێنینەوە. ئەمە راسڵێکە و حاشا هەڵنەگرە.

کاتێک کار و پراکتیک کەم بێتەوە ئەوسا بیر و را و تێوری دەپشکۆێتەوە.

رۆژین کە کەنیشکێکی هەڤدەساڵە بوو وتی: من دەنگوباسی تازەم پێیە. ئەگەر پێتان خۆشە تا بیخوێنمەوە؟

هەموویان گوتیان فەرموو.

رۆژین بەچاو و برۆیەکی رەشی قەیتانی و دەم و لوتی باریک، لە تەک روومەتی سپی و قژی رەش، کە چین چین تا سەر شان و ملی شۆر ببوەوە، جوانیکی تایبەتی پێ بەخشیبوو. بە بزەیەکەوە فوی لە قژی بەر سەری کرد، کە هاتو بووە نێو چاوانی وای خوێندەوە

"هەواڵنامەی ژمارە25ی کۆمەڵە! بە وتەی هەواڵێک کە بە دەستمان گەیشتوە، پۆلێکی پزیشک لە لایەن شێر و خۆرشیدی تارانەوە، بەمەبەستی دەرمانی برینداارانی نەخۆشخانەکانی سنە بەرەو کوردستان ناردراون. لە فڕۆکەخانەی گرێزەدا چەکدارانی رژیم رایان گردون و ناهێڵن کە بێنە نێو شار. هەر ئێستا لە تارانەوە خەریکن لە تەک سەرۆکی دەرمانخانەی ئەرتەش، بناوی سەرتیپ رەحیمی، لە سەر ئەم بابەتە وتو وێژ دەکەن، کە رێگایان پێبدات تاکوو بێنە نێو شاری سنە.

بەوتەی نەخۆشخانەی شەهیدان" لە رۆژی چوارشەمەی سێ گوڵاندا 180کەس کوژراو و بریندار بووە. لە رۆژی پێنج شەمەی چوارەمدا 100کوژراو و بریندار کە دوو منداڵی 40رۆژە و یەکساڵەی تێدا بوون." ئەمانە دڕندەیی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی بە باشی پیشان دەدات.

خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی گەڕەکەکانی نزیکی پادەگان، پاش وێران بوونی ماڵەکانیان بە تۆپبارانی رژیم ئاوارە و تاراوە بوون.

هێشتا کۆمەڵێکی زۆری خەڵک، کە دوێنێ لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە بە بارمتە گیرا بوون، ئازاد نەکراون و لە نێو ئوستانداریدا زیندانین.

ژمارەی کوژراوەکانی رژیم کە دوێنێ لە رادیوی رژیمەوە بڵاو کراوە، راست نییە و هەموو درۆن. ژمارەیان پتر لە سەد کەسن.

دوایین هەواڵ کە بە دەستمان گەیشتوە، شارەکانی مەریوان و سەقز لە لایەن سەربازخانەکانەوە تۆپباران دەکرێن"

ڕۆژین چاوە ڕەشەکانی هەڵبڕی و بە ڕێزێکەوە وتی: ئەوانە دەنگو باسی ئەمڕۆ بەیانی بوون کە بیستان. پاش نیوەڕۆیش هەواڵی تازە و فرەتر بڵاو دەبێتەوە.

سیروان ڕووی لە پرشنگ کرد کە کچێکی کورتەباڵا و خڕیلانەی ڕەزاشیرینە، و وتی: هەڤاڵ پرشنگ! تۆ هەواڵی تازەت پێیە لە لایەن ڕێکخراوەی چریکەکانەوە؟ ئەگەر پێتە دلۆڤان بە بیخوێنەوە؟

پرشنگ ڕوومەتی وەک تیشکی خۆرەتاو، کە دەیەوێت ماڵ ئاوایی لە ڕۆژ بکات سوور هەڵگەڕا و بە شەرمێکەوە گوتی: بەداخەوە کاک سیروان هەواڵنامەی ئێمە ئێوارانە دەردەچێت. هی دوێنێم پێیە بەڵام تازە نین.

ئارێز پاش ئەوەی ماڵی خۆیانی بەجێهێشت بەرەو چوارباخ بە نیازی دیتنی چنوور وەڕێ کەوت. کە گەیشتە ماڵی چنوور تەقەی لە دەروازەکە دا. چنۆ کە لە حەوشدا بوو خێرا پێشوازی لێکرد و هەتا ژێرخانەکەیان لە گەڵیدا ڕۆیشت.

ماڵباتی کا کامەران هەموویان لە ماڵا بوون. پاش سڵاو و ڕێز کا کامەران لە تەنیشتی خۆی داینا.

چنوور خێرا چایی بۆ هێنا و لە بەرانبەری ڕونیشت. وەکوو هەمیشە باس و ئاخەفتن لە سەر بارودۆخی شار گەرم بوو. بەهۆی گەرم بوونی کۆڕەکەیان کاتژمێر خێرا تێدەپەڕی.

ئارێز سەیری کاتژمێرەکەی کرد و گوتی: ببوورن! ئەمن بەڵێنم بە سیروان داوە کە چارەکێکی دیکە ببینم. دەبێت بە هەڵاتن بچم تاکوو بە درۆزن دەرنەچم. ئەگەر لە ماڵدا بوبایە بە تەلەفۆن جێبەجێم دەکرد، بەڵام ئێستا لە بنکەیە و چاوەڕێمە.

کاک کامەران: زۆرم پێخۆشە کە ئەم کاک سیروانە ببینم کە ئێوە زۆر ناوی بە باشی دەبەن. پێم خۆشە سۆزی نیوەڕۆ بۆ فراوێن بانگهێشتی بکەم، تۆ چ دەڵی خاسێ؟

خاسێ: منیش زۆرم پێخۆشە.

کامەران: لە بیرت نەچێت ئارێز، سۆزی فراوێن چاوەڕێتانین.

چنوور ئارێزی تا پشتی دەروازەی حەوشەکەیان ڕەوانە کرد. لە نێو ڕێگادا ئارێز وتی: کارێک بکە کە میترایش بێت بۆ ماڵتان.

چنوور: پێش ئەوەی تۆ بیری لێ بەکەیتەوە، من بەرنامەی خۆمم داڕشتوبوو. بە سیروانیش بڵێ کە میترایش دێت.

ئارێز تێر سەیری گۆمی مەنگی چاوانی چنووری کرد، خەریک بوو تێدا بخنکێ بە خۆیدا هاتەوە و ماڵ ئاوایی لێکرد.

چنوور: ئاگات لە خۆت بێت! سڵاوی کاک سیروان بگەێنە.

ئارێز: بە سەر چاوان!

ئارێز بە هەڵاتن و ڕاکردن خۆی گەیاندە لای سیروان. لە دەرگای بنکەوە وەژوور کەوت سڵاوی کرد. لەتەک، یەک یەکی ئەو کچانە و چەند لاوێکیتر کە لەو کوڕە دانیشتو بوون دەستی دا. هەموویانی دەناسی و لە گەڵیاندا باس و ئاخەوتنی ڕامیاری کردو بوو، کە گەیشتە تارا وتی: ئەمن ناوم ئارێزە خەڵکی گەڕەکی ناو گەورەکانم.

تارا: منیش ناوم تارایە و خەڵکی فەیزاوام.
ڕۆژین بە پێکەنینەوە وتی: باشە! بنکەی ئێمە لە هەموو گەڕەکەکانەوە خەڵک ئامشوی دەکەن.
کچان درێژەیان بە ئاخەوتی رامیاری و بیروڕای ڕێکخراوەکانیان دا. لە یەکتر رخنەیان دەگرت و کەمو کوڕی یەکتریان دەخستە پێشچاو. لە گەرما گەرمی باسەکەیاندا بوون، کە چەند پیاوی بە تەمن هاتنە پێشەوە و بەشداریان لە کۆڕەکەدا کرد .
پیاوێکی ریش چەرمگ و بە ساڵدا چوو بە سەرو ردێنی سپی دەستی بەرز کردەوەو نۆرەی گرت کە قسە بکات. کاتێک نۆرەی هات وتی: رۆڵەکانم! هەر جار کە ئێوە دەبینم، کە چۆن کارا و چالاکانە بەشداری لە بارودۆخی کۆمەڵگا دەکەن و هەر کامتان بە خرەد و مێشکێی پڕ لە رێز و لۆژیک، وڵامی یەکتر دەدەنەوە. من گەش گەش جەوان دەبمەوە و پڕ بە دڵ شانازیتان پێیەوە دەکەم.
ئەگەر ئەم هەوا و ژینگەیە هەروا بمێنێت؟ پەیمانتان پێدەدەم لە داهاتویەکی نزیکدا کۆمەڵگای ئێمە زۆر گەشەی فەرهەنگی و رامیاری دەکات. خەڵک تێگەیشتوتر دەبێ. بۆ بیروبڕوای یەکتر رێز دادەنین. چاو و دەمی ئێمەی پیرگەڵ و نەخوێندەواریش دەکرێتەوە. تا ئەو پەردە رەشەی دوژمنانی داگیرکەر و پاشەڕۆ بە سەرماندا رایان کێشاوە بیدرێنین. ئێمە وەکوو گەلانی پێشکەوتوی جیهان بتوانین لە چارەنووسی خۆمان و نیشتمانەکەماندا کارا و بەشدار بین. بە هیوام ئەم هەوایە بە شنەی دیموکراسی گەشە بکات. تاکوو تیشکی رووناکی هەتاوی زانست، ئەهریمەنی تاریکی و پاشەڕۆ بتارێنێت.
بەڕێیەوبەری مزگتەکە، لەبەر دەرگاکەوە بە دەنگی بەرز باگەوازی دا و وتی: خەڵکینە! ئەوە دوو جوانەگایان سەربڕیوە. ئەو کەسانەی دەیانەوێ گۆشت بکڕن فەرمون بێنە نێو ریزی نۆرەوە.
زۆربەی خەڵک بۆ ئەوەی گۆشت بکڕن چوونە نێو ریزی نۆرەوە. لە ماوەی ئەم چەند رۆژەی شەڕدا خەڵکی وا بوو نەیتوانی بوو کە گۆشت بکڕێ. خەڵکی ئەم شارە بە گشتی بە کڕینی گۆشتی رچیاگ(سەهۆڵ بەستراو) رانەهاتو بوون یان هێشتا تامیان نەکردو بوو. چۆن هەر رۆژە گۆشتی تازە دەهاتە بازار و خەڵک بە گەرمی و تازەیی دەیانکڕی.
سیروان داوای لێبووردنی لە هەڤاڵانی کرد و وتی: ببوورن! بە یارمەتیتان دەبێ منیش بچمە نێو ریزی خەڵک بۆ گۆشت کڕین. چۆن باوکم ئێستا لە ئێرەدا نییە.
کە سیروان چووە خوارێ و لە نێو ریزەکە راوستا. تازە بەڕێیەوبەری مزگتەکە لە دەنگ هاوێژەکانەوە بانگەوازی لە خەڵکی گەڕەک دەکرد " کەسێک دەیەوێ گۆشت بکڕێ بێت بۆ حەوشی مزگەوت"
دوو پیاو خەریکی پێسکەندنی جوانەگاکان بوون. ئەوان خەڵکی ئەم گەڕەکەن و پیشەیان گۆشت فرۆشییە. بە هۆی تۆپباران و ئامشوی کەمی خەڵک دووکانەکانیان لە نێو بازاردا داخستبوو بوو. ئێستاش لە نێو گەڕەکدا دەرفەتێکی باشە ئاژەڵەکانیان سەر ببڕن تاکوو لە بۆردومان یان برسیەتیدا نەمرن.

ئەوان لە پیشەی خۆیاندا بەئازمون بوون. لە ماوەیەکی کورتدا قەڵخی هەر دوو گاکەیان کەند. چەقۆیان بە هەساندا دەسۆی و تیژیان دەکرد و خێرا(سوجگەر) سی و جەرگ، و ریخۆڵەکانیان وەدەر خست و هەر کامیان لە تەشتێکی تایبەتدا دانا. یەکیان وتی: دەزانم کە مشتەری سوجگەرەکان زۆرە. بۆ ئەوە کەس لێمان زیز نەبێ، ئەوانەی کە سوجگەریان دەوێ ناویان بنووسن. لە دواییدا پشک دەخەین، بە ناوی هەر کەسەوە دەرچوو نۆشگیانی بێت. لە نێو ریزەکەدا هەشت کەس ناوی خۆی نووسی. ئەوسا چاوەڕێ ئەو کەسانەیان دەکرد کە بەرەو ئەوێ دەهاتن. دوو تەرازوویان دانا.

ئەو دوو کەسە بە خێرایی گۆشتیان دەبڕی و دوو کەسێکی دیکەش دەیان کێشا و دەیاندا بە مشتەریەکان. بۆ ئەوە زوو تەواو بێ و خەڵکێکی کەمتر لەوێ کۆ ببێتەوە. ئەوەش لە بەر ترسی تۆپباران بوو کە قەد نەدەبڕاوە. نۆرەی سیروان هات. ئەویش گۆشتی خۆی کڕی و ویستی بیباتەوە بۆ ماڵ.

ئاریز لێوەرگرت و گوتی: ئەمن لە تۆ خێراتر دەڕۆم دەیدەم بە دایکت. تۆ فەرامووشت کردوە کە برینداری؟ بچوو بۆ لای هەڤاڵانت تا من دەگەڕێمەوە.

کە ئاریز گەڕایەوە سەیری کرد جگە لە بڕێک پێشە و ئێسک نەبێ گۆشت نەماوە. گۆشت فرۆشەکانیش خۆشحاڵ بوون کە لە ماوەکی کورتدا300تا 400کیلو گۆشتیان فرۆشت و ئێستاش خەریکی کۆ کردنەوەی کەلوپەلی خۆیان بوون.

کاتێک ئاریز هاتەوە نێو کۆڕکە هێشتا سەر قاڵی ئاخاڤتن بوون.

تارا بە بزەوە رووی لە سیروان کرد و وتی: وا دیارە ئەمشەو دایکت چێشتی خۆشت بۆ لێدەنێ! خۆ تۆیش مێوان بانگهێشت ناکەی؟

سیروان بە پێکەنینەوە گوتی: ماڵی ئێمە ماڵی هەموو هاوڕێیەکە، بانگهێشتن و خۆڵکی ناوێت. تایبەت بۆ ئێوە تارا خانم هەر کاتێک دێن سەرچاوان، سەرسەران.

تارا: گەمەم کرد. دەبێ منیش بگەڕێمەوە ماڵی خۆمان، چۆن ئێستا چاوەڕێمن. ئەگەر ئەم شەڕە تەواو بێت، ئارامی و ئاسایش گەڕاوە، بەڵێنت پێدەدەم کەبێم بۆ ماڵتان.

سیروان: خۆشحاڵ دەبم، هەر کاتێک هاتی وابزانە ماڵی خۆتانە.

لەم کاتەدا پیاوێک کە تەمەنی لە سەرەوەی پەنجا ساڵ بوو، هاتە پێشەوە و گوتی: دەتوانم لە کۆرڕەکەتاندا بەشدار بم؟

هەموویان گوتیان زۆر خۆشحاڵ دەبین فەرمون. دانیشت و خۆی وا ناساند: من ناوم ئاکۆیە. بۆ ماوەی دەساڵ بە بۆنەی لایەنگری لە رێکخراوەی تودەوە، لە بەندیخانەی شادا دیل بووم. واتە باشترین کاتی تەمەنم لە زینداندا تەواو بوو. من هەر وەکوو ئێوە لە سەر رێبازی خۆم سوور بووم. من تودەیی بووم، ئەوەی وا ئێوە رەقتان لێیەتی. ئێستا منیش بۆ خۆم قینم لێیە. لە زیندانا بیرم لێکردوتەوە و لە سەر ئەوە ساق بوومەوە کە ئەم رێبازە وەکوو چاشنی چێشتە. تا کەرەسەی چێشتو نەبێت، ناتوانیت چێشت لینێی. کە کەرەسەت بوو چێشت ساز دەکەی. بۆ رەنگ و تامی پیویستت بە چێژە، وەکوو بیبار(کۆمونیست، چەپ) زەردەچێوە(سەرمایەداری)وهتد...ئێستا ئێمە کەرەسەی چێشتمان نییە. بەڵام ئێوە لە سەر تام و چێژکەی سەرقاڵن. ئەگەر ئێوە تەنها چێژ بکەنە نێو ئاو و بیکوڵێنن دوایش تامی بکەن. ئاخۆ تامی چێشت دەدا ؟

لە راستیدا نا، ئەمە ئاو لە نێو هاوەن کوتاندنە؟ بە هیوام لێم تێگەشتو بن. پاش ئەوەی ئەوانەی وت هەستا و رۆیشت.

هەموویان سەیری یەکتریان کرد.

پرشنگ: من هەر تێنەگەیشتم کە ئەو پیاوە چیگوت؟ خەڵک دەڵێن فەلسەفەی شێتانە دێنێتە گۆڕێ. وا دیارە راست دەکەن.

رۆژین: منیش تێنەگەیشتم. رووی لە سیروان کرد و گوتی: ئێوە لێ تێگەیشتن مەبەستی چی بوو؟

سیروان: ئەری! من باش تێگەیشتم. کا ئاکۆ شێت نییە، بە پێچەوانە زۆریش ژیرە. خەڵک پێیان وایە لە زینداندا ئەوەندە ئەشکەنجە کراوە لێوە بووە. بەڵام وا نییە. من زۆر لە تەکیا باسم کردوە. ئەوەشمان لە بیر نەچێت، هەر کەس باسی رامیاری بکردبایە، دەیانگرت و پاشان لە لایەن ساواک و سیخۆڕەکانیەوە، دەنگۆیان بڵاو دەکردەوە کە ئەوانە شێت و لێوەن بۆ ئەمە کە خەڵک سڵیان لێ بکەنەوە. گوێ لە بیر و بۆچوونیان رانەگرن. ئەوە نییە ئێستا کە باو، باوی ئایینە. پێیان دەڵێن کافر و دژ بە ئینقلاب.

رۆژین: باشە مەبەستی چی بوو؟

سیروان: مەبەستی ئەوەیە تاکوو کوردستان سەربەخۆ و رەزگار نەبێت، ئێمە ناتوانین بیر و بڕوای خۆمان بکەین بە کار و کردەوە. واتە تا زەوینت نەبێت ناتوانیت ماڵی تێدا بکەیتەوە. کە زەویت بوو نەخشەی ماڵەکەت هەر جۆرێک پێتخۆش بوو دەیکێشی و دەیڕازێنیتەوە. زەوینەکە دەتوانێت ئێران بێت یان بۆ تۆێ کورد کوردستان. ئێستا تێگەیشتی؟

رۆژین: ئەرێ. بەڵام ئەوە زۆر سەختە.

پرشنگ: ببوورن ناوی شێتم هێنا. بەراستی لەوە شەرمەزارم، کە منیش قسەی وام دووپات کردەوە. هەر مرۆڤێک بۆی هەیە را و بۆچوونی خۆی بە ئازادی و دوور لە ناوناتگەی خەڵک دەربڕێ.

ئارێز: بەداخەوە ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا گەورە بووین کە کۆمەڵی باڵادەست بۆ راگرتنی دەستەڵاتی رەشی نەتەوەپەرەستی خۆیان بە ناوناتگە و وردکردنی زمان و داب و نەریتی ئێمەگەڵ بە ئەوپەڕی دڕندەیەوە تێکۆشاوەن، کەبمان شکێنن. تا ئەو رادەیە ئەوانەی وا تێنەگەیشتون لە بنچینەی خۆیان بێزار کەن.

کاتێک مرۆڤ دەیەوێ کارێکی گرنگ دەست پێبکات لە پێشدا سەختە. تەنیا پێویستی بە وەیە لە سەر ئەو بڕوایە ساق بێتەوە. هەنگاوی یەکەم زەحمەتە و هی دووهەم سەختە و سێهەمیش ساکار دەبێتەوە.

پیاوە ریش چەرمگەکە: قسەکانی ئاکۆم بە گشتی بە دڵە. ئەگەر ئێستا لە تەمەنی ئێوەدا بووام، بۆ ئەو ئامانجە تێدەکۆشام کە ئەو لە زینداندا پێگەیشتوە. ئەمن لە مێژە بەوە گەیشتوم. بەڵام چەکردەن پیریە. ئای لە پیری چیت لێبکەم. لەم هەشتا و پێنج ساڵەی تەمەنمدا نزیکەی پەنجا ساڵی ئەمن لە نێو نەتەوەی باڵادەستدا ژیاوم. بە سەدان جار لە مێوانخانەکانی نێوشار و سەرڕێی کاتێک زانیویانە کە من کوردم، ئەو دەوری و قاپەی کە خواردنم تێدا خواردوە شکاندویانە. گوێم لێ بووە کە گوتوویانە:" سۆنی لعنتی، بەد

عومەری نەجس. قاپ و کەوچکەکەی نەجس و پیس کردوە" سەیری ئەو لوژیک و فەرهەنگە بکە کە مرۆڤێک بە مروڤێکی دیکە وا بلێ.

ئەوان نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی فرە نەتەوە، تەنانەت بە شێوەی گاڵتە و جۆک بێرێز دەکەن. بە ئازەریەکان دەڵێن کەر، بێ ئەقڵ تێنەگەیشتو. بە کورد و لور دەبێژن شەڕانی یاغی. بە گیلانییەکان دەڵێن بێدەستەڵات خوێری بێ ناموس، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو ناوناتگە نگاتیڤە بە نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا دەڵێن. خۆیان، واتە تارانی و ئێسفەهانی بە ئازا و دانا، زیرەک دادەنین. ئایا تاکوو ئێستا لەوە بیرتان کردوەتەوە یان بەس پێکەنیون بێ ئەوەی لە ماناکەی بکۆڵینەوە. نژادپەرەستی چۆنە؟ خۆ تەنیا ئەوە نییە کە بە تێخ سەرت ببڕن. ئەوان بە وشە و بێ رێزکردن وردت دەکەن ئەو سا سەرت بە نەوگ(لەباد)دەبڕن. ئەمە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە. مەخابن ئێمە خۆمانی لێ کەڕ دەکەین، کە هەڵەیەکی گەورەیە. ئاکۆی بەوبەخت لە کار و پراکتیکدا بەوە گەیشتوە. چ لە نێو تودەیەکاندا، چ لە زیندان و هەروها لە نێو کۆمەڵی نەتەوەپەرەستی باڵادەستدا.

لە وانە گەڕین راستیەکان تاڵن وەکوو دەرزی دڵ دەرزیاژن دەکەن. بێ ئەوەی ئێمە ئەزموونی لێوەربگرین، دووپات دەبێتەوە. چارەی ئەم دەردە سووتاندنی ئەم رژیمە دۆمەڵەیە. تاکوو بۆ هەمیشە لە نێو سروشتی نیشتمانەکەماندا بن بڕی کەین. کەسیان تا سەر، جێگای بڕوا و متمانە نین. وەک مرۆڤ هەر تاکە کەسێک پاک و خاوێن دوور لە هەموو درۆ و فێڵێک لە دایک دەبێت. بەڵام شێوەی پەروەردەکردنی کۆمەڵگا و بنماڵەیە کە خوو و خەدەی تاکەکەس دەگۆڕێت.

ئەمرۆ شەڕ وەک دوێنێ گەرم نەبوو. هێزەکانی رژیم کە زیانی ئابوری و گیانی زۆریان لێکەوتو بوو، ئەمرۆیان بۆ پشودان و خۆڕێکخستنی هێزەکانیان تەرخان کردوە. بەڵام بۆردومانی شار وەکوو خۆی درێژەی هەیە. فڕۆکەکان بەیانی بە سەر ئاسمانی شاردا فڕین پاش چەند تەقەیەک ون بوون.

کاتێک هێلیکوپترەکان نێو شاریان گوللەباران دەکرد، یەکیان وە بەر تیرێژی چەکی پێشمەرگە کەوت و ئاگری تێ بەربوو. بە لوشە و گردەلوولی دوکەڵ و گڕ بە دوای خۆیدا سەروژێر فڕی تا لە نێو نەخۆشخانەی پادەگاندا بەر بووەوە. دەنگی ئاژین بوون و گڕ و دووکەڵی لە گەڕەکە بەرزەکانی نێو شارەوە بە باشی دەبینرا.

لەم چەند رۆژەی شەڕدا تا ئێستا شەش هێلیکۆپتر بە چەکی خەڵک و پێشمەرگە سووتێنراون.

لە سەر قەڵای نێو شارەوە واتە یانەی زاڵگەی ئەفسەران، بە چەکی دووبیندار و نۆژەن تەقەیان لە هەموو کەس دەکرد. بۆیان جیاوازی نەبوو منداڵە یان پیرە. ئەوەش بوو بە هۆی کوشتن وبریندار بوونی خەڵک لە ناوەندی شاردا .

ئارام لە مەتەرێزەکەیدا بە دڵگەرمی بەریڤانی دەکرد، نەماندو دەبوو نەوەڕەز. رۆژ بە رۆژ لە گەڵ هەڤاڵانیدا دۆستایەتیان پتەو تر دەبوو. پاراستن و پارێزگاری لە خەڵکیان بە ئەرکی سەرەکی رۆژانەیان دەزانی.

هەروەها ئارام دەیگوت: من بۆیە ئێرەم خۆشدەوێت، پڕبەدەروونم هەست بەوە دەکەم کە خەریکم نیشتمان و گەلەکەم لە هێرشی داگیرکەرانی خوێنڕێژ دەپارێزم.

ئاریکاری خەڵک لە مەتەرێزەکاندا زۆر باش بوو. کچانی گەنج خۆیان فێری برینپێچی کردوبوو. بە کۆڵەبارێکی دەرمان وخواردەمەنی سەنگەر بە سەنگەر دەگەڕان. برینداەرکانیان دەرمان دەکرد یان خواردەمەنی و خواردنەوەیان لە نێو پێشمەرگەکاندا دابەش دەکرد. هەرچەند تا ئێستا چەند کەسیان لێکوژراوە و بریندار بووە، بەڵام ئەوان لە سەرکاری خۆیان شێلگێرو سوورن، و لە مردن سڵناکەنەوە. تەنها شتێک بۆ ئەوان گرنگ بوو، بۆ سەرکەوتنی ڕێبازی خۆیان گیانیان بەختکەن. لەوە باشترە بە سەرشۆری لە ژێر دەستەڵاتی ڕەشی ڕژیمدا بە سەگە مەرگی بژین.

لە نزیکی سەنگەری ئارامدا ڕاکتێکی هاوەنی120 میلی تەقیتەوە، لەم کاتەدا کچێکی پانزدە ساڵە کە خواردنی بۆ نێو سەنگەری پێشمەرکەکان دەبرد، بە سەختی بریندار و هەموو لەشی خۆڵپانی خوێن بوو. ئارام و نەورۆز خێرا چوون و هێنایانە نێو سەنگەرەکەیان. کچەکە پەشوکا بوو. هێشتا برینەکانی گەرم بوون و هەستی بە ئێش و ژان نەدەکرد. چاوی هەڵهێنا. بە ڕوومەتی هەڵپرووزاوەوە هەموو جەستەی لە ترسدا دەلەرزی. سەیری ئارام و نەورۆزی کرد و گوتی: سپاس کە منتان لە مردن ڕەزگار کرد.

ئارام: ئەرێ دادە گیان ناوت چییە؟ خەڵکی کام گەڕەکی؟

بە دەنگێکی لەرزۆک وتی: من ناوم هێرۆیە وخەڵکی گەڕەکی جەورئاوام.

ئارام: منیش ناوم ئارامە و ئەویش کاک نەورۆزە. ئەوسا بە نەرمی و ئارامی وتی: هێرۆ گیان! مەترسە برینەکانت زوو سارێژ دەبنەوە. لەم برا چکۆلەی خۆت ببیسە. تاکوو دەتبەنە لای دوکتور، ورەی خۆت لە دەست مەدە. تێبکۆشە بە سەر ورە و وریایی خۆتدا زاڵ بیت. دەزانم تۆ کە وا ئازا و دلێری، دەتوانی ئەوکارەش بکەی.

هێرۆ وتەکانی ئارامی لێ کارا بوو و هێدی هێدی بە سەر ترس ولەرزی لەشیدا زاڵ بوو. بە زەردەخەنەی سەر لێوانیەوە وتی: زەحمەت نەبێت ئەم چارەکەی کۆڵم خواردەمەنی و چای تێدایە بیوەن بۆ خۆتان. چۆن بۆ ئێوەم هێناوە.

نەورۆز: باشە دەستت خۆش بێ هێرۆ خان.

لەم کاتەدا چەند کەس بە دارتەرمێکەوە خۆیان خزاندە نێو سەنگەرەکە، و بە پەلە هێرۆیان لە سەری دانا و دوور کەوتنەوە. چاوانی ئارام و نەورۆزیش هێرۆیان بە خەمەوە ڕەوانە کرد تا بە یەکجاری لە بەر چاویان ون بوو. نەورۆز کە ئەسرین چاوانی پڕ کردووبوو، بە قۆڵی کراسەکەی سڕی. هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: ئەوەی وا ئازا و دلێرە، لە مردن سڵ ناکاتەوە، و گیانیشی لە ڕێگای شۆڕشدا بەختدەکات.

ئارام: بە ڕاستی وایە کاک نەورۆز. ئەگەر هێرۆ زیندو بمێنێت کە پێموا نییە، چون ئێستە کە دەرمان دەست ناکەوێت. دەبێ لاق و باڵی ببڕنەوە. تۆ وەپێش چاوی خۆت بهێنە، کچێکی وا گەنج بەبێ لاق و باڵ، لە کۆمەڵی ئێمە وەکوو جیهانی سێهەم چۆن بژی؟ مەخابن سەد مەخابن.!

ئارام و نەورۆز چارەکەکەی هێرۆیان دا بە سەنگەری پاڵدەستیان. ئەوان لە بەر خەم و پەژارەی هێرۆ دڵیان نەهات تامی بکەن و مەیەیان بەسترابوو .

ئەمڕۆ خەڵکی گەڕەکی قەتارچیان لە کاتژمێری نۆی بەیانییەوە لە دەوری یەک کۆ بونەوە. دروشمی دژ بە دڕندەیی و مرۆڤ کوژی ڕژیمیان دەدا و پشتیوانی خۆیانیان

بۆ پێشمەرگە دووپات دەکردەوە. خۆپیشاندانەکەیان کرد بە ڕێپێوان بەرەو خیابانی شەشیبەهمەن و هەتاکوو کاتی دوو و نیوی پاشنیوەڕۆ درێژەی هەبوو"کۆمەڵە: بەشدارانی ئەو خۆپیشاندانەی بە چوارهەزار کەس بەراوەرد کردو بوو."

ئەمڕۆ ڕۆژی هەینیی، ڕۆژی پشودانە. خەڵکی ئەم باژێرە لەم ڕۆژەدا بەتاڵ بوون و دەچوون بۆ سەیران لە داوێنی چیای ئاوییەردا. سەیرانگاکانی ئامانییە، ئەمیرییە، زەفەرییە، تاقەدار، بانشلانە، گوێزەکوێر، خەێرزنە( خەزری زیندو) ماماتگا، کانی شەفا و... لەو شوێنانە "دەرزیت دابخستا ناکەفتە زەوی". بەڵام ئەوڕۆ هەموو دیلی ژێرزەوینیەکانیان بوون، تەنها بۆیان دەکرا خۆیان لە زیانی بۆردومان بپارێزن یان یارمەتی هاوسێیەکانیان بدەن کە ماڵیان بە تۆپباران کاول بووە و دەبێ.

به وتەی خەڵک"باوان شێویاگ سەر لە کاری خۆی دەرنایرێ"

ڕۆژ خۆی بۆ ماڵئاوایی تەیار دەکا و بارسایی تاریکی ئێوارە، هێدی و ئارام سنگی شار قورستر دەکا. پاشماوەی زەردەپەڕی خۆر لە لوتکەی چیاکانی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ئاسمان لووزەی بەست. ئاسمانی ئەرخەوانی خێرا هەڵیدەلووشی و لە نێو خۆیدا دەیتواندوە. ڕەنگەکانی ئەرخەوانی و گوڵخاریی دەسرپەوە و دەیکرد بە سورمەیی و پڕی دەکرد لە جریوەی ئەستێرە.

بەڵام ڕەنگڕێژی خوێن لە پەنجەی ڕژیمەوە، ڕەنگی زەرد و سووری گوللە و راکت هێڵی ناحەزی شەڕیان دەکێشا و مەرگیان دەخولقاند.

خەڵکی ماندو و وەڕەز لە بۆردومانی دوورەپەرێزی ڕژیم. دەچوونەوە بۆماڵ و خۆیان دەخزاندە نێو ژێرزەوینەکانیان.

ئارێز و سیروانیش گەڕانەوە بۆ ماڵ. ئارامیش بە هەندێک بڵاوک و هەواڵنامەوە، هاوکات هاتەوە. هەواڵنامەکان لە نێو ڕێگا پێیان دابوو. هێنا بووەوە کە شەو بیاخوێنێتەوە.

ئارێز لێوەرگرت و بە دەنگی بەرز بۆ هەموویانی خوێندەوە. هەواڵنامەی ژمارە26ی کۆمەڵە.

" لە هێرش و بۆردومانی دوێنێی ئەرتەشدا، نزیکەی 300کەس لە خەڵکی شار بریندار بوون یان کوژران. هەروەها لە شەڕەکانی دوێنێی پاش نیوەڕۆ، تا کاتژمێری دوو و نیوی پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵە بە ناوی کاک حەمیدی فەرشچی کە فەرماندەی دەستەیەک پێشمەرگە بوو، بە گوللە هاوەن گیانی بەخت کرد. هەروەها هاوڕێیەکی بنکەی شەهید سابر بە ناوی نادری ئەردەڵاننژاد کوژرا. یادی گیانبەختکردوانی بزووتنەوەی ڕاوستانی گەلی کورد بەرێز بێ."

چنوور چوو بۆ ماڵی میترا. هەتا پاشنیوەڕۆ مایەوە. ئەوان دەردی زامی ئەویندارای خۆیانیان بە ڕاوێژ سارێژ دەکرد و دڵداری یەکتریان دەدایەوە. هەر وەها میترایشی بانگهێشت کرد بۆ سبەی نیوەڕۆ بێت بۆ ماڵیان.

میترا گەش گەش دەگەشایەوە کە وا هەلی بۆ ڕەخساوە کە سۆزی سیروان ببینێ .

# بەشی 7

شەمە(هەتاوڕۆژ)ی شەشی گوڵانی2680ی ک. ڕۆژی هوڤارتات، هورداد، خورداد (کارامە بوون) 26ی ئاپریل 1980ی ز.

---

نەرمە وارانی شەو هێشتا نەیتوانی بوو تۆز وخۆڵی ماڵە رووخاوەکانی شار دامرێنێ.
بەڵام بەروانکی مژی لە بەرۆکی کێوستان کردو بوو. رۆژ دەیەویست تارای سووری بە سەر هەور و مژە سپیەکاندا راکێشێ و بیکا بە بۆکی سروشت. ئاهەنگی بەزمی زەماوەندی گۆڕایە سەر لاوانەوە.
بەدەنگی شیبا، ئاسمانی دڵ پڕ لە هەوران، بە ئارامی دوور لە چاوی نەیاران، فرمێسکی خەمی دڵی کەیڵی دادەرژان، دلۆپ دلۆپ بە سەر شاری باوان وێران. تەمی رەشی شنەی با، ئاهەنگی گورانی خۆی دەگێڕا، و بە سۆزەوە پڕ بەدڵی ئەوینداران دەیچریکاند.
شیبا دەشنێ، شەوێنی سەر پەڕەی گوڵان دێنێتە سەما. سۆمای ئاسۆ، هانای لاوێنی هێنا بۆ ئەوینداران. لە زۆزانانەوە دێنێ مژدەی بەیان، بە وڵی زیوای بەفرینی بەهاران.
بە تارای تاسەی ئەوین، دەسڕێ فرمێسکی شەتاو، لە سەر گۆنای دڵ برینداران.
دیاری بەهاری رژیم گوللەی مەرگی سەوزە، پەردەی هەور و مژی دەدڕاند، دیاری مەرگی دەبرد بۆ ماڵانی بێ دەرەتان. منالّی ساوا و وردیلانەی شەوچرەی خۆشەویستی و هیوای کۆمەڵ، لە ترسی هەژاندن و مردن خزا بوونە نێو شەوەزەنگی قۆژبنی تاڵ. هەڵدەچۆقان، دەلەرزان وەک شۆرەبی بەر قامچی زریان. ئەوە بوو دیاری پیرە پیاوانی کۆماری ئیسلام بۆ منداڵانی کوردستان. دەیانەویست بەربەرەکانێ بکەن لە گەڵ بابانویلی کریستیان. کە چۆن دیاری و شادی دەدا بە منداڵان.
ئارام لە تەک یەکەم ماڵ ئاوایی ئەستێرەدا لە خەو رابوو. هەندێک نانی لە گیفان نا و خۆی هاویشتە ئامێزی دڵدارەکەی، مەتەرێزی گردیگەڕۆڵ. بیری لە ئەو هاوڕێیانەی دەکردەوە کە چۆن ماندو و خەواڵو شەوگاریان شەق کردوە. شەوێن و شەونمی شەو روومەتی گەشیانی رادەمووسی و کزەی زریانیش باڵای راستیانی دەچەمانەوە. تەقە و ئاگری پڕ بە باڵای شەو مەودای سڕینی خوناوی بارانی پێنەدان.
لە پادەگان و دەرڤەری شار، کە هێزەکانی ئەهریمەنی مەرگی لێ ستارۆ بوون. بە فەرمانی جووڵانەوەی دەستی رابەری سەمفۆنیای ترس و مەرگ، ئاهەنگی کوشتن و قەلاچووی شاریان دەژەند. فەرماندەی مەرگ بە داری بزمارڕێژی دەستی، کە پەڕۆیەکی کەسکی لێ بستو بوو. بە دەست و پەنجەی خۆڵپانی، خوێنی، سینگی کۆرپەی کوردی پێهەڵدەکولاشی. نینۆکیشی وەکوو چنگی گورگ دلۆپە خوێنی لێدەتکا. مێزرەی رەش و ئەستێرەی سەرشانی لە گەڵ مداڵیای نەتەوە و مرۆڤ کوژی سەر سنیگی. بە روومەتێکی پڕ لە قین و تورەیی لە مرۆڤایەتی. لە کاتێکدا کە چاوانی زیتی، خوێنی تێزا بوو، کەڵبەی ددانی کە هێشتا بە خوێنی منداڵان سوور بوو و بە سەر ردێنیدا چۆڕ چۆڕ دەڕژا سەر مداڵیای سەر سینگ و بەرۆکی.

توڕە و ترسنۆکانە، کە بەرژەوەندی کەوتوبوویتە مەترسی. بە چەپ و راستدا داری دەستی هەڵدەسووڕاند. ژەنیارانی مرۆڤ کوژ بە ریتمی ئەو، ئاهەنگی مەرگ و قەڵاچۆی شارێکیان دەژەند بە تۆپ و تانگ، بە هێلکوپتر و فڕۆکە. لە هەر چرکەیەکدا مرۆڤێکیان دەکوشت یانماڵێکیان دەرووخاند. ئەمە ببوو بە ئاکاری کردەوەی شەو ورۆژیان .

سیروان و ئاریێز پاش واردنی ناشتا، چوون بۆ بنکە و لە سووچی تایبەتی خۆیاندا رونیشتن. یەک و دوو خەڵک دەهاتنە ژوورەوە هەر کە لە شوێنێک یان لە کۆڕی هەڤاڵانی خۆیاندا دادەنیشتن. لە لای سیروان و ئاریێزوە کۆمەڵێکی زۆرتر کۆ ببوونەوە. هەر کەس لە باسێک یان دەردیکی پڕ لە پەژارە دەدوا.

هەواڵەکان زۆرتر دڵتەزێن بوون تا خەم رەوێن. رەنگی زەردی ماندویی، ترس و نا دڵنیایی لە سەر روومەتی زۆربەی خەڵک بەدی دەکرا. ئیتر کەس نەیدەتوانی پڕ بە سییەکانی شنەی بای ئەرتا و خاوێن، کە لە دڵی کێوستنانەوە دەشنی هەڵمژێ.

شنە بای بەهاری، بۆنی barووت و تۆزی شارێکی وێرانی دەدا. بۆنی بۆسۆی لەشی سوتاو و تۆزی سەدان ساڵەی بینا مێژوویەکان، لوتی ئازار دەدا و مێشکی دەتەزاند.

پرشنگ بە بزەی لێو و تیشکی چاوان، ئاما خەرامان خەرامان. بە باوەشێکی پڕ لە بڵاوکەوە رووی کرد لە کۆڕی سیروان. بە پێکەنینی دەمو لێوانی، وەکوو گوڵەباخی تازە پشکوتوو، دەرکەوت مرواری ددانی. سڵاوی کرد بە پاراوی زمان، روونیشت وەک تەواری کێوستان. سڵاو سەد سڵاو، بۆ تۆ ئەی کیژۆڵەی تێکۆشەر. گوڵی باخی شۆڕش، فریشتەی ئامۆژگەر. پرشنگ رووی لە سیروان کرد و وتی:

ئارام بۆ دیار نییە؟ لە کوێیە؟ چەند رۆژە نەمدیوە؟

سیروان: ئارام لە گەڵ هەتاوە مەرجی کردوە، تاکوو هەتاو تیشک داوێژێ، ئارامیش سەنگەر بپارێزێ. منیش شەو بە شەو دوور لە تیشکی چاوی پرشنگی خۆر دەیبینم.

پرشنگ: نەمزانی بوو! پەشێوی ئەوە بووم نەکا شتێکی لێهاتوبێت. شادی خزا نێو چاوانی و بە دەنگێکی نەرم وتی: هەواڵنامەی تازەم پێیە ئەگەر حەز دەکەن بۆتانی بخوێنمەوە یان خۆتان بیخوێنەوە.

ئاریێز: گەر تۆ بە دەنگە خۆشەکەی خۆت بیخوێنیتەوە ئێمەش باشتر تێدەگەین.

پرشنگ ئاوی زاری قوتدا و لاپەڕەی یەکەمی هەواڵنامەکەی کردەوە و گوتی:

"سنە! کات یازدەونیوی بەیانی رۆژی شەشی گوڵان.

دوێنێ شەو پێشمەرگەکان هێرشیان کردە سەر رادیو تەلەڤزیون، فڕۆکەخانە، یانەی ئەفسەران، پادەگان و ئوستانداری.

لە هێرش بۆ سەر یانەی ئەفسەراندا تانگێک دەشکێت. ئەو پۆلە پزیشکە کە لە تارانەوە بۆ سنە هاتو بوون بۆ یارمەتی برینداڕانی شار، دوای دوو رۆژ راگرتنیان لە فرۆکەخانە رێگەیان پێدرا کە بێنە نێو شار.

هەواڵێک بە دەستمان گەشتوە کە فەرماندەی لەشکەری 28ی سنە بە ناوی سەرهەنگ سەدری، کە لە ئەفسەرانی خوێنرێژی کۆماری ئیسلامی بوو، بە دەستی دەرەجەدارێکی شۆڕشگێڕ کوژراوە. هەر وەها دژایەتی و ناکۆکییەکی زۆرلە نێوان چەکدارانی پادەگانی سنە دژ بە درێژەدانی شەڕ هاتوەتە گۆڕێ. ئەوەش بووە بە هۆی ئەوە کە لە یەکتر تەقەبکەن و تا ئێستا چەند کەسیان لەو نێوانەدا کوژراوە."

هەواڵنامەی27 پاشنیوەڕۆ دەردەچێت.

زۆروان کە خۆی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو گوتی: ئەمنیش ئەو هەواڵم بیست. بەڵام هێشتا لە لایەنێکی جێ متمانەوە پشتراست نەکراوەتەوە.

چەند کەسێکی دیکە هاتنە نێو کۆڕەکەوە. کوورەی پەیڤین و ئاخاڤتن، دەنگو باسی گەرم و گوڕتر کرد.

ئارێز پچاندی بە گوێ سیرواندا و بە ئەسپایی وتی: دەزانی کە کات درەنگە. من بەڵێنم داوە بە ماڵی بابی چنوور کە نیوەڕۆ لە وێ بین. کاتی وەڕێی کەوتنە. وا نییە؟

سیروان: وایە دەبێ پەلە بکەین.

هەستانە سەرپێ و ماڵئاوایان لە کۆمەڵی هەڤاڵان کرد و لەوێ وەدەرکەوتن.

ئارێز ئارام و هێدی بە هەوای شەلەشەلی پێ سیروان، بەنیازی ژوانی خۆشەویستانیان، پێچاوپێچی کۆڵانەکانیان بە جێهێشت. بەرەو ئاسۆی ئەوین گەڕەکی دڵان، چوارباخی جێ گوڵان، هێزی پێ و سۆمای چاویان تینی دەسەند. خێرا گەیشتنە بەر رووگەی ئەوینی ئارێز.

ئارێز بە ئاهەنگی خۆرپەی دڵی هەڵقەرێزی دەروازەی کوتا. تک تەق، تک تەق! کە دەروازە کرایەوە، چنۆ تاقانەی ماڵ بە روو خۆشی، سڵاو و خۆشهاتنی لێکردن.

خاسێ خانمیش بە گورج و گۆڵی هاتە پێشوازیانەوە. لە تەک سیرواندا بە یەکتر خۆیان ناساند و بە گەرمی خۆش هاتنی لێکردن. کە چوونە نێو ژێرزەوینیەکە، کاک کامەران لە بەردەرگاکەیدا وستا بوو. ئەویش بە گەرمی هاتە پێشوازیانەوە و پاش سڵاو و دەستمشتاق خۆیان بە یەکتر ناساند.

منداڵەکانی ژیرانە و گەرم و گوڕ سڵاویان کرد و هەرکامیان خۆیان ناساند. تا کاتێک سیروان گەیشتە میترا پەنجەکانی بە تینی ئەوین گوشا و بە تیشکی چاوان ئەمەکداری خۆیانیان دووپات کردەوە.

سیروان و ئارێز لە بەرانبەری خۆشەویستەکانیان و لە تەنیشتی یەکتر دانیشتن. کا کامەرانیش لە لای دەستی راستی ئەواندا وەک ئەوە جێگای تایبەتی خۆی بێت روونیشت. خاسێ لای چنوور و زریا و ئاریایش لە نێوانی چنوور و میترا بە وەوی و بوکەشوشەی دەستیانەوە دانیشتن. چنۆیش تەنیشتی ئارێزی بۆ خۆی هەڵبژارد.

کا کامەران رووی لە سیروان کرد و گوتی: کاک سیروان خۆشهاتی سەری چاوانمان! ئێرە وەک ماڵی خۆت بزانە. ئێمە لە دوورەوە لە لایەن چنوور و بنماڵە ئارێزەوە ناوبانگی تۆمان بیستوە. ئێستا لەوە خۆشحاڵین کە لە نزیکەوە دەتبینین و ئاشنا بوون. تۆ کە هاوڕێکی گیانی بە گیانی ئارێزی، ئێمە وەکوو برایەک سەیرت دەکەین. لە راستیدا تۆ بە یەکی لە ئەندامانی بنەماڵەی خۆمان دەزانین.

سیروان: بۆ منیش جێگای شانازیە کە لە تەک بنەماڵەیەکی باش وەکوو ئێوە ئاشنا دەبم. ئەمن کەسایەتی ئێوەم زۆر جار لە خەڵک بیستوە. هەمیشە حەزم دەکرد رۆژێک لە نزیکەوە بە خزمەتان بگەم. ئێستاش خۆشحاڵم کە بەئەو ئاواتەم گەیشتم.

کا کامەران، مامۆستای بەشی وێژە و زوان بوو لە خوێندنگەکانی سنەدا. لەکاتێ دەستەڵاداری رژیمی شادا بۆ ماوەی چەند ساڵان لە کوردستان تەختەقاپۆ کرا. واتە بە

بێ ڕەزامەندی و خواستی خۆی سەدان کیلومیتر لە کوردستان دوورخرایەوە. دوایش لە کاری خۆی وەکوو مامۆستا دەرکرا.
کەسایەتیکی خۆشەویستە لە نێو کۆمەڵی رووناکبیر و تێگەشتوی ئەم شارەیە. ئەو هەمیشە لاوانی هان دەدا کە ببن بە هاورێ و دۆستی پەرتووک.
لە بەر تیشکی رووناکی دەلاقەکاندا مووی سپی لاجانەکانی وەک زیو دەدرۆشایەوە. روومەتی پیرتر لە تەمەنی دەهاتە پێشچاو. ئەویش رەنگدانەوەی باری خەم و چەرمەسەری ژیانی رابڕدوی بوو. پاڵی بە پشتیەکی دەست چنی نەخشی سێ تورنجەوە دا بوو. نیگەرانی لە چاوانیدا هەستپێدەکرا. هەر چەند دیەویست خۆی لێ گێل کا و پیشانی نەدات.
خاسێ چا و شیرینی دەستکردی خۆی هێنا و لە پێشی هەموویانی دانا. خۆیشی دانیشت. بە زمانێکی شیرین و بەزەیەکی دایکانە، سەرنجی مناڵەکانی دا و گوتی: لەم دۆزەدا گەلێک دژوارە کە مرۆڤ داهاتوییەکی ئەوتۆ و رووناک بۆ مندالەکانی دابین بکات. چۆن چارەنووس لە رەوەندی خرۆسکی خۆی تەرازاوە. هەر دەم کارەساتێکی نوێ و ناخوازراو دەئافرێنێت.
روومەتە کاڵ و سپییەکەی خاسێ ببوو بە کلیلە بەفری هاوین، تۆز و گەردی بێ هیوایی و ترسی لێ نیشتوبوو. چاوە شین و گەشەکانی ئەو تیشک و وزەی رابوردوی تێدا نە دەبینرا. دوای هەموو ترسێک لە کارەساتی بۆردومان، لەوە دەترسا گەر رژیم شار بگرێتەوە. ئەوسا پاسدار و خۆفرۆشەکانی موفتی ماڵ بە ماڵ بگەڕن و خەڵکی تێکۆشەری ئەم باژێرە بگرن و بیدەنە دەستی خوێنرێژانی تاران. هەرکەس رابوردوی دارو دەستەی موفتی زادەی وەبیر دەهاتەوە کە چۆن چوونە نێو شاری قوروە و تەکیە و مزگەوتی شێخ هادییان روخاند. چۆن هۆڤانە، زکی خادەم و مجەوەرەکەیشان دڕاند. هەر شتێکی تێدا بوو تالانیان کرد و بە فەرمانی کاک ئەحمەو و بە رێوەبەری قادرمەزی" ماڵی خوایان" بە تالان برد. تا بەگا بە ماڵی خەڵکێک، کە ئەوان پێیان دەڵێن کافر.
چنۆ وتەکانی دایکی بڕی و وتی: سپاس بۆ ئەوە کە ئێران لە باری زانستی تەکنیکەوە فرە دوا کەفتگە. ئەگەر ئەو توانایەی ببووبایە کە چەکی بیولۆژیک و ناوکی چێبکردایە، لە پێشدا بە سەر ئێمەی تاقی دەکردەوە. ئەوە نییە کە لەم چەند رۆژەدا هەر چەشنە چەکێک کە هەیبوو بە سەر دانیشتوانی ئەم شارەدا تاقی کردەوە.
لەپڕ دەنگی دوو نرکەی ئاژین بوونی بە هێز شوشەی دەلاقە و پەنجەرەکانی زراندەوە. پاش دەمێکی زۆر کورت دەنگی فراویرە و هات و چووی ناسروشتی خەڵک لە کۆڵانەکانەوە بیسترا.
چنۆ: بابا دەمەوێ بچم بزانم چی روویداوە؟
باوکی: باشە رۆڵە بەڵام زوو بگەرێیەوە. بەم جۆرە درێژەی بە وتەکانی دا، ئێمە لەقوناخێکی زۆر ناسکدا دەژین. زۆر بە ئەستەم هەلێکمان بۆ دەرەخسێت. ئەویش بە گوێرەی باری جوگرافیای ناوچەکەوە ئەگەر بە ژێری کەڵکی لێوەرنەگرین دەیدۆڕێنین. چون دۆز و قوناخەکان دەگۆڕدرێن و لە گەڵ کاتدا، دژوارتر و سەختتر دەبن.

لە سالآنی رابوردوی دووردا، بۆ باپیرانمان زۆر ئاسان بوو وەدەست هێنانی سەربەخۆیی. رەقەبیری ئایینی وای لێکردوبوون کە چاویان لە ئاستی راستیەکاندا کوێر بێ. ژیانی خۆیان و منداڵانیان دەکرد بە دوزەخ بۆ ئەوە کە خۆیان بچن بۆ بەهەشت. پێیان وابوو ئەگەر لە داگیرکەرانی کوردستان جیا ببنەوە، ئەوە دینیان نامێنێ و دەبن بە کافر.

داگیرکەران بە چەکی ئایین پڕۆپاگەندە و بانگەشەی خۆیان دەکرد. بەرژەوەندی خۆیان پێدەپاراست. لە ئاوی لیڵ ماسیان دەگرت کە کورد بێت.

سەرەڕای ئامۆژی سەدان ساڵەی چەرمەسەری گەلی کورد. هێزە رامیاریەکان، هێشتا سەربەخۆیی دەروونی و پەروەدەییان وەدەست نە هێناوە. نەیان توانیوە خودی خۆیان گەشە پێبدەن تاکوو کەسایەتی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییان پەیدا بکەن.

تاکوو ئێمە کەسایەتیکی سەربەخۆ وەدەست نەهێنین، زۆر ئەستەمە رووناکی تیشک بهاوێژێتە نێو روچنەی ئەم ژوورە تاریکەی دۆزی کوردستان.

چنۆ بە روومەتێکی گرژ و پەشێو هاتە ژوورێ. بە خەمباریەکەوە وتی هەواڵی ناخۆش...دوو گوللە هاوەن لە حەوش و ماڵی سۆفی رەشۆی کولۆڵدا تەقیوەتەوە. خۆی و خێزانەکەی میمکە وەنەوشە بە شەپۆلی ئاژینی گوللەکان هەموو گیانیان بووە بە بێژنگ و دەمو دەستیش مردن. ماڵەکەیشیان بووە بە کەلآوا. بە یارمەتی هاوسێیەکان لەشی ئەنجن ئەنجنیان لە ژێر خۆڵ و پردووی ماڵە رووخاوەکەیاندا دەرهێنرا.

سیروان: هەموو کەسێک ئەم مەترسیە هەڕەشەی لێدەکات. ئەمە بووە بە چارەنووسی نا ئاسای دانیشتوانی ئەم شارە. بەتایبەت ئەوانەی کە ژێرزەوینی باشیان نییە. راستی منداڵیان نەبوو؟

کا کامەران: سۆفی رەشۆی هەژار تەنیا یەک کوڕی هەبوو. ئەویش بێ سەر و شوێن وون بوو. شەش حەوت ساڵانە نە نامەیەک، نە کەس هەواڵێکی لێ پەیدا کردوە. سوفی رەشۆ پیاوێکی ئایینی و سوفیەکی تەواو خۆپارێز بوو. زۆر تێدەکۆشا بو رێبازگەی ئایینی خۆی. لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکدا دەیەویست گەنج و لاوان بەرەو لای خۆی راکێشێ. مزگێنی جیهانێکی دوای مردنی پێاندەدان. لاوانیش گەمەیان پێدەکرد و دەیان رەنجان. دەتوانم بڵێم کە هەموو ژیانی لە رێی ئیسلامدا بەختکرد. تاکوو بە گوللەی کۆماری ئیسلامیش کوژرا و ماڵیشی وێران بوو. خۆی کە هیچ، ژنە بەوبەختەکەیشی خۆشی لە ژیان نەدی، بە هۆی دەماروشکی سوفییەوە، ژیان ببوو بە دوزەخێکی تاڵ بۆ بنماڵەکەیان.

زۆر گرنگە کە ئێمە وەکوو مرۆڤ هوشیاری ئەوەمان بێ کە لە نێو هەستی کەسانێکیتردا بژین و تێبگەین. ئەوە هۆیەکی گرنگە لە پێشکەوتنی ژیاندا.

ئێمە چەند جۆر هەست و هۆشی تێگەیشتمان هەیە. وەک تێگەیشتن لە خەڵک. واتە تێبگەیی و رێز بگری لە کەسگەلێکی دیکە کە چۆن هەست دەکەن و بیر دەکەنەوە. ئەوەش بەراوەرد بکەین کە مرۆڤ هەستی وە یەک نییە.

هۆدانان، واتە بتوانی هەستەکانی خۆت دەربڕی لە ئاستی ویستگەلی تایبەتیدا. هەر وەها کاری لە سەر بکرێ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن.

هەستیاری خۆیی، واتە هۆشیار و ئاگاداری هەستەکانی خۆت ببی. بزانی کە چۆن هەست پێدەکەی لە ئێرە و ئێستادا. کەڵک وەرگردن لە ئامشو. واتە زانستی کۆمەڵایەتی. کەڵک وەرگرتن لە هەستەکانی خۆت. دەبێ بزانیت کە مرۆڤ هەست بە شتگەلی تایبەتی دەکات. چۆن سەروکارمان لە تەک پەژیمانییەکان، دڵەخۆرپێیەکان، مەترسیەکان و خەمباریەکانماندا دەبێ. تا بتوانین دەست بە سەر هەستەکانماندا راگرین.

دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە هەستی تێگەیشتن لای هەموو کەسێک وەکوو یەک نییە. تاکە کەس دەتوانێ برێک شتی باش و بۆ هەندێکی خراپ هەست پێبکات. گەلێک گرنگە کە منداڵ فێر کەی کە هەست چییە...

ئاخەفتن لە سەر مێژوو، دەروونناسی، دابو نەریت و رامیاری و... بوو. هەموویان بە گەرمی بەشداریان کرد.

میترا و سیروان بە چاو و سەیری یەکتریان دەکرد تاسەی خۆیان لێدەشکاند. هەروەها چنوور و ئارێزیش. کاتژمێر بەرەو ئێوارە خوار بووەوە.

سیروان گوتی: بەیارمەتیتان دەبێت بچم. ئێوارەیە و کەمێک کارم هەس دەبێت جێبەجێ بکەم. سەرەڕای ئەوە زۆر لە مێوانداریتان سپاس دەکەم. لە ئاشنایتان فرە خۆشحاڵم. هەر وەها خاسێ خانم پڕ سپاس بۆ ئەوەی بە ئێمەوە زۆر ماندو بووی و دەستت خۆش بێت بۆ ئەو خواردنە خۆشانەت.

کا کامەران: شایانی نییە ئێمە وەکوو مێوان مێوانداریمان نەکردوە بەڵکوو وەک ئەندامێکی ئەم بنماڵەیە ئێوەگەل سەیر دەکەین. بە هیوام زۆرتر ئامشومان بکەن.

کە سیروان ماڵئاوایی کرد، ئارێزیش لە گەڵی کەوت و میتراش هەستا و ماڵ ئاوایی کرد. چنووریش، تاکوو بەر دەروازە مێوانەکانی رەوانە کرد.

ماڵی چنووریان بە جێهێشت و میترایان تا بەر دەروازەی خۆیان برد. پاش ئەوەی کە لە سەر کاتی یەک بینین ساق بوونەوە ئەوسا لە یەکتر ماڵئاوایان کرد.

ئارێز: سیروان ئەمن خولکت ناکەم کە بیت بۆ ماڵی ئێمە. چون دەزانم تاکوو هەواڵی ئارام نەزانی دڵنیا نابیت. گوێمان لە یەکتر دەبێت، ئەگەر هێڵی تەلەفۆن نەپچرابێت. ئەگەر پەیوەندیش نەمابێ هەر دێم بۆلات.

هەر کامیان بەرەو گەڕەک و ماڵی خۆیان وەڕێ کەوتن. سیروان شەلە شەل و بەسەر خۆ ئەو رێگایەی بڕی کە سێ ئەوەندەی جاران کاتی بۆ تەرخان کرد.

بە گوێرەی هەواڵی کۆمەڵە"ئەمڕۆ لە کاتی12ی نیوەڕۆدا هێزەکانی ئەرتەش هێرشێکی بە تەوژمیان بۆ گردیگەڕۆڵ و تەپەی شێخ حەمەسادق کە لە تەنیشتی گردەگەڕۆڵ و باشووری رۆژ ئاوای پادەگانە، دەست پێکردووە. ئەم تەپەیە گردێکی بەرزە و بە سەر جادە و کۆڵانەکانی دەورووبەردا زاڵە. شەڕ هەر دەم لە ژێر ئاگری هێلیکوپتر و تۆپبارانی سەنگەری پێشمەرگەکان قورستر دەبوو. ئەم جارەش هێزەکانی رژیم تێدەشکێن و بەرەو مۆڵگەکانیان لە نێو پادەگاندا پاشەکشێی دەکەن. لە ئاکامدا حەفت کوژراو و چەند بریندار بەجێدەهێڵن. دوو چەک و رەشاشێکی کالیبر50یش دەکەوێتە دەستی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە. لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەکی رێکخراوی یەکیەتی کۆمونیستی بە ناوی فواد عەرەب، گیانی بەختکرد. ئەو مرۆڤە شۆڕشگێڕە خەڵکی باشووری ئێران واتە خوزستان بوو، و ساڵانێکی زۆر لە لە ریزی فەلەستینیەکاندا دژ

بە ئیسرائیل خەباتی کردو بوو. پێشمەرگەیەکی کارامە و بە ئازمون بوو لە نێو بزووتنەوەی بریڤانی خەڵکی کوردا.

ئەمڕۆ پێشمەرگەکانی دیموکرات بە هاوەن فرۆکەخانەی سنەیان گوللەباران کرد. لە ئاکامدا فرۆکەیەکی 103ی ئەرتەش، کە چەکداری تێدا بوو و دەیەویست بفڕێ، کەوتە بەر گولله و تێشکا. ئەوانەی کە تێدا بوون کوژران یان بریندار بوون.

لە ناوەندی شاردا یانەی ئەفسەران بوو بە ئامانجی هێرشی پێشمەرگە. سەرەڕای ئەوە کە سەنگەرەکانیان بەرزە و بە سەر دەورووبەری خۆیدا زاڵە، جەنگاوەرانی خەڵک، توانیان یەک تانگ و رەشاشێکی کالیبر50تێبشکێنن و چەند پاسدارێک بکوژن و بریندار بکەن.

بینای فەرهەنگ و هونەر لە بەرانبەری ئوستانداریدا کەوتە بەر دەستڕێژی خەڵک و پێشمەرگە، کە بوو بە هۆی کوژرانی سێ چەکداری رژیم کە یەکیان فەرماندەی ئەو هێزە بوو کە لەوێ ستارۆ بوون.

ئەمڕۆ نەخۆشخانەیەکی گەشتیار لە لایەن ناوەندی شێر و خۆرشیدەوە بۆ یارمەتی بریندارانی سنە گەیشتە بەر دەروازەی شار. بەڵام هێزەکانی رژیم لە سەر بینای رادیو تەلەڤزیونەوە، دەستڕێژیان بە سەردا کردن و لە ئاکامدا لێخۆری ئامبولانسەکە و یارمەتیدەرەکەی کە خەڵکی تاران بوون کوژران. هەروەها کارمەندێکی دەرمانگە کە خەڵکی سنە بوو بە ناوی رەشیدی، ئەویش کوژرا. ئامبولانسەکە بە بارەکەیەوە دەیبەنەوە بۆ فرۆکەخانە.

لە هیچ شەڕێکدا تەقە لە ئامبولانس نەکراوە، و بە ئازادی هاتو چوویان کردوە. تەنها لە خرەد و لوژیکی کۆمای ئیسلامیدا کە تەنیا دەسەڵاتی خۆیان مەبەستە و هیچ داد و یاسایەک رێزی نییە. واتە هڕ لە بڕ جیا ناکەنەوە.

لە کاتژمێری پێنجی پاشنیوەرۆدا بە مەبەستی هێرش هێنان بۆ نێو نێو شار، گوردانی155ی لەشکەری28ی رژیم، کە لە پشت دەروازەی پادەگانەوە هێزەکانی مۆڵ دابوو. ئەم جارە بەچەکی قورستر وچەند تانگ چاوەڕێ فەرمانی هێرش کردن بوون. کۆمەڵە کە بەمەیە زانی چوار گولله هاوەنی هاوێشتە نێو مۆڵگای گوردانی155. کە بوو بە هۆی زیانێکی گەورەی ماڵی و گیانی. هەروەها شپرزی دوژمن تا رادەیەک کە لە هێرش کردن پاشگەز بووەوە."

سێبەری بژنۆ و باڵای ئاوییەر،شاری لە باوەش گرتو بوو. ئیزەدی زۆروان بە سۆزی قامچی گۆێ زەوینی هەڵدەسوڕان، و کاتیش رەوتی خۆی درێژە پێدەدا. گەواڵ گەواڵ هەور ئاسۆی سووری ئاوییەری دەئاخنێ. هەتاویش بە دواین تیشکی زەرد و سوورەوە ئاسۆی لۆتکەی کەڵی بە جێهێشت.

پەڵە هەورەکانیش لە دووری تیشکی هەتاو وەک شاری باوان وێران، بە رەنگی رەش و دێزیان، ئاسمانی سورمەیی شاریان داپۆشان.

کۆڵانەکان چۆڵ بوون ئیتر پۆل پۆل منداڵانی چاو گەشتت نەدەدی کە خەریکی کایە بن و ئاوەدانی بدەن بە کۆڵانەکانی نێو شار. هەموویان چەند رۆژە دیلی ژێرخان و ژێرزەوینن. لە قوژبنێکدا لە ترسی بۆردومان هەڵدەچۆقن و دەلەرزن بە درێژایی شەو ورۆژ.

ئەمڕۆ بەشێک لەو دیلانەی گەڕەکەکانی دەڤەری ئوستانداری و دەرەبەیان، پاش سێ ڕۆژان دیلی دوژمن ئازاد کران.

سیروان لە گێژاوی گۆمی بیر کردنەوەدا پەلەقاژەی دەکرد. نەیدەزانی بەرەو کوێ و چۆن خۆی دەرباز بکات. چۆن بگاتە دوورگەی ئامانجی. هەنگاوی دەنا و ئاگای لە هەنگاوەکانی نەبوو. دەنگی هاژە و تەقەی شەڕیشی دەبیست. بەڵام وەک ئەوە کە نەیبیستوبێ بۆی گرنگ نەبوو. لە ناکاو دەنگێکی ئاشنا لە قووڵایی خەونەکانی ڕایچەڵەکاند. ئاوری دایەوە خۆی لە پێش بنکەی گەڕەکی خۆیاندا بینی. چووە ژوورەوە و هەواڵی ئارامی برای پرسی. کەس نەیدی بوو و ئاگایشیان لێینەبوو.

سیروان بەرەو ماڵی خۆیان هەنگاوەکانی خێرا کردەوە. بڕێک لە دار تەلەکان گوڵوپەکانیان لە بەر شەپۆلی ئاژین بوونی تۆپباران شکا بوون و تاریکیکی تۆخ کۆڵانەکانی داپۆشی بوو. خەڵکی ڕێبوار بە ئەستەم بەر پێ خۆی دەدی.

تیشکی ڕووناکی ماڵان وەکوو جاران گزنگی نەدەهاویشتە نێو کۆڵانان. خەڵک خۆیان خزاندو بووە نێو ژێرخانەکان. تیشکی چرای ئەوێ بە زەحمەت دەگەیشتە حەوشێ، تا بگاتە دەرەوە.

سیروان کە گەیشتە حەوشی خۆیان، دایکی دیی کە وەک هەمیشە لە سووچی ژێرخانەکەیان دوو مشقی داوە و چاوەڕێ ئەوە دەکات کە گەنگێ مناڵەکانی بێنەوە. سیروان چووە پێشەوە و سڵاوی کرد. دایکی هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: ئۆخەی ئەمڕۆش تۆ بێ زیان گەڕایتەوە. تۆبڵێت ئارامیش لە نێو ئەم ئاگربارانە بێتەوە تاکوو دڵنیا بم. ئای ئەوە چەند ڕۆژە لە ئارانیش هیچ هەواڵێکم نییە. ئەمەش بووە بە خۆرە لە گیانمدا.

سیروان: دایە مەگەر نەمگۆت ئاران جێگاکەی لە شەڕ دوورە. خەڵک لە شار هەڵدێن و دەچن بۆ ئەوێ. سەیکە ئەو کێوستانە مەزنە لە نێوانی ئێمە و ئاران دایە. کەس ناتوانێت بێ بۆ شار تاکوو هەواڵێکی ئەومان بۆ بێنێ. بۆ خۆت دەزانیت کە شار گەمارۆ دراوە و ڕێگای هاتو چوو بڕاوە.

جیرەی دەروازەکەیان سرنجی ئەمانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. کاتێک سەیریان کرد ئارام بوو کە هاتەوە.

سیروان: ئا دایە ئەوە ئارامیش هاتەوە.

ئارام هاتە پێشەوە و سڵاوی کرد. لە ئاوی شێری نێو حەوشەکە دەست و دەموچاوی شۆرد و جلوبەرگەکانی گۆڕا، و هاتە نێو ژێرخانەکە. بەگازی پشتەوە خۆی ڕاکێشا و وتی: ئای چەندە ماندوم. ئەمڕۆ هێلیکوپترێک تەنگی لێهەڵچنی بووین. هەڤاڵێکمان گیانی بەختکرد و چەند برینداریشمان بوو.

ئێوارە ماشینێکی ئەرتەشی کە دەیەویست لە پادەگانەوە بچێ بۆ یانەی ئەفسەران، کەوتە بەر دەستڕێژی پێشمەرگە و خەڵک. گشت چەکدارانی نێو ماشینەکەش کوژران و چەکەکانیان کەوتە دەستی خەڵک. هەروەها ئەمڕۆ جاشی خۆفرۆش و دەستی ڕاستی موفتیزادە بە ناوی عەبەیارە لە شەڕدا کوژرا. جاشێکیتری موفتی بە ناوی معروف شبلی خۆی کوشت."کۆمەڵە"

دۆزی ڕۆژانەی خەڵک وای لێ هاتو بوو، کە دەنگو باسێکی خۆش نەبوو کە بۆ یەکتر باسی کەن. تەنها شەڕ، کوشتن وبریندااربوون، ماڵوێرانی و دەربەدەری ببوو بە شەوچەرەی ماڵان. رادیو و تێ ڤێ کە هی رژیم بوو هەمووی جنێو و درۆ بوو، بە پێچەوانەی ڕاستییەکان.

لە هەر ماڵێکدا نیگەرانی و دڵەخورپێ چارەنووسی نادیار، بە سەر هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەدا زاڵ بوو. لە باری دەروونییەوە کاری لە ساخڵەمی هەموو کردو بوو. ماڵەکانیان لێ ببوو بە زیندان. منداڵان شەو و ڕۆژ لە سووچێکدا دەمانەوە و نەیان دەتوانی دەرەوەی ماڵ بچن. گەورەکانیش مەگەر بۆ ئاریکاری هاوسێیەکی ماڵوێران یاکوو بۆ کڕینی نان و خواردەمەنی وەدەر بکەوتبان.

ژیان یەک جۆر و ناخۆش بوو. چاوەڕێی بۆردومان کردن و دەستی مەرگ راموسان. شەوان تاکوو چاوان گەرمی خەو دەبوون، نرکەیەک، رایدەچەڵەکاند و خەوی لە چاوان دەتاراند .

هێزەکانی رژیم تاکوو نیوە شەو هەر لە ملازدا بوون، کە چۆن گردی شێخ حەمە سادق بگرن. بۆ کوشتن و ئازاردانی خەڵکی ئەو دەڤەرە. ئەم جارە تاریکی شەوەزەنگیان بە دەرفەت زانی. هێزێکی زۆریان بۆ ئەم مەبەستە تەدارک بینی بوو، کە لە ژێر ئاگری خەستی تۆپبارانی سەنگەری پێشمەرگەکان توانیان ئەوێ بگرن و رەشاشێکی کالیبر50 ی لێ دامەرزێنن.

میترا زۆر هەستی بە تەنیایی دەکرد. ئارام و ئۆقرەی لێبڕا بوو. بۆ ئەوەی بوورکانی ئاگری ئەوینی دامرکێنێ، تەلەفۆنی لە سیروان کرد. ئەمە یەکەمین جاری بوو وا لە کاتی درەنگدا پەیوەندی بە سیروانەوە بەکات.

کاتێک سیروان دەنگی ئەوی بیست پەژوکا و بە ئارامی گوتی: میترا زۆر باشت کرد تەلەفۆنت کرد. خۆت دەزانیت کاتێک دەنگت دەبیستم دەبووژێمەوە. هەمیشە لەم کارانە بکە. ئەرێ حاڵی هەمووتان باشە؟

میترا: نیگەران مەبە هەموو باشن. بۆیە من درەنگ تەلەفۆنم کرد چۆن لە بار و دۆخی ژیانی خۆم وەڕەز بووم و نەم دەزانی چیبکەم. مێشکم خەریک بوو بتەقێ. لە تەک دایکم دا باسم کرد. وتی لە تەک سیرواندا قسە بکە با ئارام بگریت. هەر هاتم و چووم لە رووم هەڵنەهات کە تەلەفۆن بکەم. تا دایکم ژمارەکەتی بۆم گرت.

سیروان: دایکیت کارێکی زۆر بە جێی کرد. مەگەر نەمگۆت هەر کاتێک پێویستت بوو تەلەفۆن بکەی، شەرم مەکە. جگە لەوەی من پڕبە دڵ خۆشحاڵ دەکەی، باری خەمی خۆیشت کەم دەکەیتەوە. لەم جیهانە هیچ و پوچە بیر مەکەوە. نە لە رابوردوو نە لە داهاتویی، کە هێشتا نەهاتوە. بەس لەم کاتە بیر بکەوە کە تێدا دەژین. هەمیشە گەش بین بە، تاکوو بە سەر ناکۆکیەکانی دەروونیدا سەرکەوی. ئەوەش بزانە کە شەیدایەکت هەیە کە دڵی بۆ تۆ لێدەدات، و حەز ناکات چاوە جوانەکانت بە ئەسرینەوە ببینێ. یان روومەتە دڵرفێنت بە باری خەمەوە ببینم.

ئارام و هێدی بنۆ، تاکوو بە ئەرخەیانی خەونی خۆش ببینی. شەو خۆش تا بەیانی گوێمان لە یەک دەبێ.

میترا ئەمجارەش ئارامی گرت و شەو خۆشیان لە یەکترین کرد.

## بەشی8

یەکشەمە(میتراڕۆژ)ی 7ی گوڵانی2680ک.ڕۆژی ئەمیریتات، ئامرداد (نەمری،هەرژی)
ئەمشاسپەند کابان پارێزگاری لە گیا و سەرسەوزی زەوین دەکات
27ی ئاپریل 1980 زاینی

---

رووناکی تیشکی هەتاوی ئەم بەیانییە بێ تین و لیڵ بوو. زریان بە تەوژمەوە خۆی دەکرد بە نێو ئەو ماڵە رووخاوانەدا و خۆڵوتۆزەکەی بەنێو شاردا هەڵدەسوڕاند. زەلان خوناڤ و شەونمی سەر پەڕەی گوڵ و گیای هەڵدەمژی، یان هەڵێدەوەراند. تا لە بەر کزنگی هەتاوی بەیانیدا نە درۆشێنەوە.

ژینگە نائاسایی خەم و پەژارە دایگرتوبوو. نە باڵەندە مابوو کە بفڕێت، سەگ و پشیلەکانی نێو شاریش وەبەرچاو نەدەکەوتن. هەموو مەل و پەلەوەرێک وەکوو مرۆڤ دیلی شەڕ ببوون .

تەنیا رۆڵەکانی گەل بوون، کە شەوگاریان شەق دەکرد، ماڵ و ژیانی خەڵکیان دەپاراست.

شەڕوانانی هایا و وریا، پارێزەر و پاتی پەرێزن. پاپۆی گەلن، ئەرخای دڵن، خۆشەویست و شیانی رێزن.

ئارام کە تێرخەوی شەوی کورت نەبوو، بەلەشی ماندوەوە هەستا. هێشتا دوایین ئەستێرەکانی باوەشی ئاسمان، ماڵئاوایان لە کازیوەی بەر بەیان نەکردوبوو. لە نێو تەم ولێڵی کەش و هەوادا، گۆڵۆپی وزەی دارتەلەکان بە ئەستەم تیشکیان دەهاوێژت. ئارام بەرە بەرە ئەندامانی لەشی راکێشا. ماندویی هەشت رۆژی بەبێ وچان لە پەرێزەکاندا، ببوو بە هۆی رەپ بوونی ماسولکەکانی لەشی. لەهەر بزاڤ و جوڵانەوەیەک لە ژاندا دەیانزریکاند.

ئارامی سمنج و رکن، سوور لە سەر بڕوای خۆی، گوێ لە شەکەتی لەشی نەدەگرت. وەکوو ئەرکی رۆژانە، چەک و رەختی خۆی بەست و بەرەو گردیگەڕۆڵ رێگای گرتە بەر. بێ ئەوەی ناشتا بخوات، بە هەنگاوی پتەو و ئازا و کرژ گەیشتە بەر تیرێژی کالیبەر 50ی سەر دوندی تەپەی شێخ حەمە سادق، زاڵگەی تازەی دوژمن.

ئارام شیمانەی ئەوەی نەدەکرد کە رژیم لە تاریکی شەودا ئەو شوێنەی گرتوە. تاکوو سەمای تۆزی رێژنە گوللەی کالیبر50ی لە نزیک خۆیەوە هەست پێنکرد. نەیزانی کە دوژمن لە وەێی ستارۆ بووە. گۆرج و خێرا گەڕاوە نێو نزیکترین کۆڵان. ناچار رێگای گۆڕا و لە شوێنێکی دیکەوە خۆی گەیاندە لای هاورێیانی هاوسەنگەری.

سیروان ئێشی لاقی کوڕی کردو بوو. نەیدەزانی چیپبکات. لەلایەکیترەوە تاسەی نێو مەتەرزی کردوبوو و حەزی دەکرد ئەرکی خۆی لە پاراستنی گەل و نیشتمانەکەی بەباشی بەڕێوە ببات. بەڵام برینی لاقی ببوو بە بەربەستێک لەڕێی ئامانجیدا. ناچارە

بەشێوەیەک شەو و ڕۆژ تێپەڕ بکات تاکوو برینەکەی زوون و سارڕێژ بێتەوە. پاش ناشتا خەریک بوو کە بچێ بۆ بنکە تەلەفۆنەکەیان زەنگی لێدا.

تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و گوتی:سیروان! فەرموون!

سڵاو سیروان! میترا قسە دەکات!

سیروان: سڵاوت بە سەر چاوان، خەم ڕەوێنی خەمان. شنەبای هەست و ژینم، شیبا و بەفری ئاگری دەروونم. دەنگی پڕهەست و گەرمت، بووژێنەرە هیوادەرە، ئێش و ژان دەرەوێنی و دڵی شیدام دەڕفێنێت.

شیمانەی ئەوەم دەکرد کە بەیانی تەلەفۆنم لێبکەی. بۆیە تا ئێستا ماڵم بەجێ نەهێشتوبوو. نازانیت چەندە لە دۆزی خۆم بێزارم کە وا خانەنشین بووم و ناتوانم وەکوو جاران هەڵسوڕاو بم. لە وەڕەزیدا خەریک بووم بچم بۆ بنکە باش بوو کە زوو تەلەفۆنت کرد.

میترا: دەمزانی کە ئەگەر زوو تەلەفۆن نەکەم، ئیتر هەتاکو شەو پەیات ناکەم. دوێنێ شەو کە پێکەوە قسەمان کرد زۆر کاری لە سەر دەروونم کرد. وەک دەرمانی ئارامکەر و ئارامبەخش هەموو ناکۆکی بیر و دەروونمی سارڕێژ کرد. شەو بە هێمنی نوستم و تاکوو بەیانی کە لە خەو هەستام پێکەوە بووین. لە خەونەکانمدا وەرزی بەهار بوو. من و تۆیش لە داوێنی سروشتدا، لە ژینگەیەکی پڕ لە خۆشەویستی و ئاشتی، خەڵک، شاد و بەختەوەر بوون. ئێمەش دەست لە نێو دەستی یەکتر لە بناری شەتاواندا پیاسەمان دەکرد بەبێ ئەوە کە بزر و شاراوە بێ، یان پاوان بوونێک هەبێت. بڕیا ئەوە خەون و ئاروو نە بوایا.

سیروان: دەبێ ئێمە بۆ وەها ڕۆژێک خەبات بکەین کە بزر و پاوان نەمێنێ. دەبێ ژینگەیەک پێکبێنین، کە ئاوەزی مرۆڤ بە سەر بەرژەوەندی تاکەکەسیدا زاڵ بێت. کۆمەڵگایەک لێوەلەر و تەژی لە خۆشەویستی و پەرمین بە یەکتر سازبکەین.

میترا: ڕۆژ بە ڕۆژ هەست دەکەم کە زۆرتر ئەوینداری تۆ دەبم و زۆرتر پێویستیم پێتە، بەڵام من زۆر لە داهاتویەکی نادیار دەترسم.

سیروان: نا گیانەکەم! لە هیچێک مەترسە! گەشبین بە. ژیانی ئێمە بەستراوە بە سەرکەوتنمانەوە. هەر ڕۆژێک دێت، کە سەردەکەوین. هەوری ڕەش ناتوانێت بۆ هەمیشە پێش بە تیشکی هەتاو بگرێت.

میترا: بە هیوای ئەو ڕۆژە. ئەمڕۆ دەتەوێ چیبکەیت؟

سیروان: لە بەر لاقم ڕێگای دوورم بنکەیە. دەچم بۆ ئەوێ بۆ ئەوە لە ماڵدا وەڕەز نەبم. تۆ گەرەکتە چیبکەیت؟

میترا: چنوور بەڵێنی داوە کە بێت بۆ ماڵمان. ڕەنگە تاوێک بچین بۆ بنکەی گەڕەکی خۆمان بزانین چ باسە. ئەگەر شتێک پێش نەیت. جارێک لای تۆ خۆش هەتاکوو شەو.

ئارێز تەلەفۆنی لە ماڵی کا کامەران کرد. چنوور وڵامی دایەوە و گەلێک خۆشحاڵ بوو کە ئارێزە. بەڵام باوک و دایکی لە وێ دانیشتو بوون. چنوور نەیتوانی باسی تایبەتی خۆیان بکات.

ئارێز هەستی بەوەکرد و گوتی: "چنووری چیا، و گوڵی نێو بەردان و ئەوینی کەژوان،" ئەم ڕەستەیە ڕەمزێک بوو کە سیروان بۆ ئەوی دانا بوو. چنوور کە گوڵێکی جوانە و لە

بەرزایی ٢٥٠٠ میترو بەرزتر لە نێو بەردەڵان و بن تاشە بەرددا شین دەبێت. باریک و لاوازە بۆ ئەوەی کە بگاتە بەر تیشکی هەتاو، بەرز دەبێت بڕێک جار تا یەک میتر باڵا دەکات. لای سیروانەوە ئەم گوڵە خۆشەویستی چیایە و رەمزی ئەوینداری بە هەتاوە.

چنووریش ئەمەیە دەزانی کە مەبەستی ئارێز ئەوەیە کە خۆشتمدەوێت.

ئارێز لە درێژەی وتەکانیدا وتی: لە لایەن خۆم و سیروانەوە زۆر سپاسی مێوانداری دوێنێ دەکەین. سڵاوی دایک و باوکت بگەیێنە. پرسیاریان لێبکە بزانە شتێکیان پێویست نییە کە من بتوانم جێبەجێ بکەم.

چنوور پەیامی ئارێزی راگەیاند.

ئەوانیش گوتیان نا سپاس!

ئەوسا ماڵئاوایی لە یەکتریانکرد.

ئارێز بە دایکی وت: دایە لەوانەیە کە شەو لای سیروانەوە بمێنمەوە. ئێستاش دەچم بۆ ئەوێ لای ئێوە خۆش.

پێش ئەوەی کە راستوخۆ بچێ بۆ لای سیروان چوو بۆ بنکەی گەڕەکی خۆیان بزانێ چە باسە و دۆستانیشی ببینێت. کە گەیشتە بەر بنکە سەیری کرد کە ئاکۆی هەڤالی لە گەڵ دوو کەسی دیکەدا جاشێکیان پێیە. کە نزیک بووەوە، دی ئەحمەدی خۆفرۆشە. بۆی روون بوەوە کە گوایا تەقەی لە خەڵک کردوە. پاش پشکنینی ماڵەکەی دوو چەکی ژ3 و چەکێکی راو و هەندێ تەقەمەنیان لە ماڵی دەرهێنا بوو.

ئارێز و ئاکۆ هەڤالی منداڵی بوون و لەیەک دەبستاندا خوێندنی سەرەتاییان دەست پێکردوبوو. دۆستایەتیان خۆش بوو، بەڵام نە بە قەد سیروان. پاش ماوەیەک لە ئاکۆ ماڵئاوایی کرد و بەرەو لای سیروان رێگای گرتەبەر.

ئەمڕۆ رژیم ئاگربەستی راگەیاند، هەرچەند خەڵک بڕوای پێنەدەکرد. بەڵام هیوایەک بوو بۆ ناشتنی کوژراوەکانیان. پۆلێک لە گەنج و لاوانی بنکەی دەرەبەیان، ئەم دەرفەتەیان بە باش زانی کە تەرمی بزێو و ئەمیر بەرن بۆ گۆڕستانی تایلە و ئەسپەردەیان بکەن. پەینجە و پێژە ئامادە دەکەن و دەچنە لای چەمی دەرەبەیان. تەرمی بزێو دەردێنن بە نیازی ئەسپەردە کردنیان لە تایلەدا، وەڕێی دەکەون. کاتێک دەیانەوێ لە خیابانی شاپوور بپەڕێنەوە، دەکەونە بەر دەستڕێژی چەکی هێزەکانی دوژمن لە نیوان پادەگان و ئوستانداریەوە، هێشتا دووکاتژمێر لە ئاگربەستی دوژمن تێپەڕ نەبوو. ئەوان ناچار بەرەو دوا دەگەڕێنەوە. تەرمەکان دەبەنەوە حەوشی ماڵی خۆیان. لاوەکان خێرا و بەدەستوبرد حەوشی ماڵی بزێو هەڵدەکەنن، بزێو بە جلوبەرگە خوێناویەکەیەوە لە حەوشی خۆیان، لە سەر رێگای هاتو چووی بنەماڵەکەی ئەسپەردە دەکەن. بۆ دایە سدیقە چەندە گرانە و سەختە، کە سەیری هەڵکەندنی حەوشەکەیانی دەکرد تا جگەرگۆشەکەی تێدا ئەسپەردە بکەن. ئای کەی شەڕ تەوابێت و بزێو ببەن بۆ تایلە؟

هلێکوپترەکان وەک جاران لە ئاسمانی شاردا دەسوڕانەوە و تەقەیان لە خەڵک دەکرد. دەنگی هاژە و لوشەی و نرکەی تۆباران گوێ ئازار دەدا. هەر چەند خەڵک تا رادەیەک پێڕاهاتوبوون.

ئاسمانی شاریش بێگەرد نەبوو. تۆز و دوکەڵی ئەوماڵانە کە دەکەوتنە بەر بۆردومان، بەدەم زریانەوە وەکوو گەردەلوول خۆی دەکرد بە نێو گەڕەکەکاندا و هەوایەکی لێڵ و تەماوی رسکاندو بوو.
کاتێک سیروان خەریکی خوێندنی بڵاوک بوو، ئارێز سڵاوی کرد و لە تەنیشتی دانیشت. هێدی هێدی دەوریان پڕ بوو. ئاخفتن و وتوویژی کۆڕەکەیان تا دەهات گەرمتر دەبوو. رۆژین و پرشنگ هەرکام بە چەپکێکی هەواڵنامەوە هاتنە نێو کۆڕەکە و لە نێوان دانیشتواندا دابەشیان کرد. بێدەنگی باڵی بە سەر کۆڕەکەیاندا راکێشا. هەر کەس بۆ خۆی هەواڵنامەی٢٨ی کۆمەڵەی دەخۆێندەوە،کە وا نووسرا بوو.
" دوو نەخۆشخانەی شاری سنە بەهۆی هاوەن و تۆپباران لە لایەن پادەگانەوە، لە کار کەوتون. تەنیا نەخۆشخانەی شەهیدان ئێستا کار دەکات، سەرەڕای ئەوە گوللە هاوەنێک لەویٚ کەوتوە، و بووە بەهۆی برینداربوونی چەند کەس. کارمەندانی نەخۆشخانە نارەزایەتی خۆیان لە کردەوەی هۆڤ و دژ بە مرۆڤانەی ئەرتەش، بەبرووسکە ناردوە بۆ ناوەندی نەخۆشخانەکان لە ئێراندا.
ئەمرۆ لەکاتیٚ دەونیوی بەیانیدا پێشمەرگەکانی دیموکرات، هێزەکانی رژیم کە لە رادیو و تیٚ ڤیٚ دا ستارۆ بوون بە گوللەی هاوەن کوتاوە و لە ئاکامدا چوار چەکداری رژیم کوژراون، و هەروەها دوو پێشمەرگەی دیموکراتیش بریندار بوون ."
چنوور بە مەبەستی رۆیشتن بۆ ماڵی میترا کۆڵانە بنبەستەکەی خۆیانی بە جێهێشت. پاش سەد هەنگاوێک گەیشتە بەر دەروازەی ماڵی میترا. زەنگی دەروازەکەی لێدا. میترا کە چاوەڕیٚ بوو، خێرا هات و دەروازەی بۆ کردەوە. وێرای خۆش دۆش کردن یەکتریان لە باوەش گرت و بەرەو ژێرخانی ماڵەکەیان رۆیشتن.
دەروازەکەیان بە ئاجۆر واتە خشتی برژاو و تاشراو بە شێوەیەکی جوان و وستایانە زۆرتر لە دوو سەدە لەموپێش چێکرا بوو. دەروازەکە لە سیٚ تاقی کەوانی دروست کرابوو. دوو تاقی چکۆلە بە پانای یەکمیتر و تاقی گەورە کە لە ناڤینی ئەو دوو تاقەکەی دیکە چێکرا بوو بە پانای سیٚ میتر و بەرزی چوارچێوەی دوو تا دەروازەکە دوو میترە. لە داری گوێزی ئەستور کە بە قوپکەی ئاسن و بزمار نەخش درا بوو. لە سەر هەر لنگە دەروازیەک هەڵقەڕێزێکی پێیەوە بوو کە یەکیان لە پەیکەری شێر چێکرا بوو بۆ لێدانی مێوانی پیاو. ئەوی دیکە هەڵقەرێزێکی بازنەیی بوو کە دەنگی نەرمتر بوو بۆ لێدانی ژنان. بە بەرزی یەکمیتر، دوو تاقە چکۆلەکانیش لە بەرەی کۆڵانەکە بە بەردی شینکیٚ واتە شیرمایی یەکپارچە لە هەر دوولا، دوو پەیکەری شێری لێهەڵکەندرا بوون کە خەریکی راوکردنی ئاسک بوون. لە سەرەوەی ئەم دوو پەیکەرە لە نێو هەر دوو تاقەکاندا، دوو جێگای دانیشتن سازکرا بوو کەپیٚ دەڵێن خواجەنشین.
لە سەرەوەی چوارچێوەی دەروازەکەش بە ئاجۆری تاشراو نەخشی هوڤار واتە هەتاوبباڵدا کە هەر دوو باڵی کردوتەوە بە پانتای سیٚ میتری دەروازەکە.
هاوکات ئەم پەیکەرە زۆر وستایانە بە وردەکارییەکی کارامە و هونەرمەندانە چێکراوە. پانتای حەوشەکەیان ئەوەندە زۆر بوو کە چەند باخچە و دەیان داری میوە و بتەی گوڵباخی رەنگوارەنگی تێدا روا بوو.

لە نزیکی ژوورەکانەوە ستێرێک چێکرا بوو، کە دەوراندەوری لە بەردی شیرمای کە بەنەخشی پولەکەماسی هەڵکەندراوە دەبینرا.
ستێرەکە نیو میتر لە بەرەی حەوشەکەوە بەرز و میترونیوێکیش قووڵایی بوو. لەنێو ستێرەکەشدا سێ فوارەی لە هەمان بەرد و هەمان نەخشی تێدا تراشراو بوو کە لە هەموویانەوە ئاو قەڵبەزەی دەکرد.
ئاوی فوارەکان، ئاوی رەوانی کانیاوەکانی دەڤەری شار بوو، کە لە ماوەی دووسەد ساڵی رابودوودا بە لولە هەنگ (گونج) کە هەر کام نیو میترێک دەبوو، هێنرا بووە ئەوێ.
ئەم گۆنجانە هەورگەر دروستی دەکرد و دەبرژاند. ئەمانە بە هۆی پی(چەوری)نێو زکی ئاژەڵ، لوکە(پەمۆ)، گوڵی کورەپو، قسل و چەرمێنەی هیلکە( هەموو ئەمانەیان لە سەر ئاگر گەرم دەکرد و دەیان شێواند و تێکەڵیان دەکرد). بۆ پێکەوە نوساندنی دوو لولە هەنگ لەم بەرهەمەیان کەڵک وەردەگرت کە لە بەرد سەخت تر دەبوو و ئاویشی نەدەدەڵاند. بەم شێوەیە لە چەند کیلومیتری شارەوە ئاوی کانیاوەکانیان دەهێنا بۆ نێو ماڵەکانیان.
رۆژانێک کە ئاوی شار وشک، یان نەبوو کە دابەشی کەن بە سەر گەڕەکەکاندا. خەڵکی دەوروبەر دەهاتنە ئەو ماڵانە کە ئاوی خوڕی گونجیان بوو، بۆ بردنی ئاوی پێویستی خۆیان.
بەشی پانتای حەوشەکە کە رێگای هاتو چوو و حەسانەوە بوو بە بەرد فەرش کرابوو و وا بە دار و گوڵ رازێنرا بووەوە کە وەکوو سەیرانگایەک دەهاتە پێش چاو.
کە سەیری بیناکەت دەکرد پێش هەموو جوانکارییەکان بەر هێوانی بیناکە، سرنجی مرۆڤی رادەکێشا. لە چوار کۆلەکە و ئەستونی لە یەکپارچە بەردی سپی تاشراو بە نەخشی مارپێچی لەبن تا سەر ئەستونەکان، بە بەرزایی چوارمیتر. لە سەر کۆڵەکەکاندا سێ تاقی گومەزی چێکرا بوو. ئەو تاقە کە لە سەر دوو کۆلەکەی ناڤین دروست بوو، نیوە بازنەیەکی دوومیتری و ئەو دوو تاقەکەی دیکە هەر کام یەکونیومیتری لە سەر بەرەی ئەستونەکانەوە بەرز بوون. دوو ئەستونی ئەملا و ئەولا بە دیواری گۆشەی ژوورەکانی هەر دوو لای هەیوانەکە چەسپا بوو.
پانتەی بەر هەیوانەکە بە بەردی مەڕ مەڕی سپی مەیلو زەردی شوشەیی فەرش کراوە و دوو دەرگای هاتو چووی دوو ژووری چەپ و راست لە نێو بەرهەیوانەکەدا دەکراوە. هەر وەها رێگای ژوورەکانی سەرەوە، و ژووری ناڤین هەر لەوێرا دەکرایەوە.
پەنجەرەیەکی گەورەی پڕ لە نەخش و نیگاری ئوروسی کە بە شوشەی رەنگی ئاراستە کراوە بۆ تیشکی رووناهی.
بەرهەیوانەکە بە بەرزایی باڵا پیاوێک لەپانتەی حەوشەکەوە بەرز بوو. بە هەشت پیلکان کە درێژای هەرکامیان دوومیترە و لە بەردی شیرمای بۆ رێگای چوونە نێو بیناکە لە سەر یەک چنراون. لە هەر دو لای پیلکانەکانەوە دوو دەرگای ژێرخان دەبینرا کە راستوخۆ بە چەند پلەی سەر و ژێر لە حەوشەوە دەچوو نێو ژێرزەوینیەکانی ژێر بیناکە.
کە دەرویشتیتە نێو ژێرخانەکە، لەپێشدا دەچویتە نێو ژوورێکی گەورە کە بۆ کەوشکەن بوو، و رێرەوێک بوو لە نێوان دوو ژێرخانەکە و ژووری ساردخانە و ئەمبارەکان.

ماڵی بابی میترا ژێرخانی دەستی ڕاستیان بە شێوەی کاتی فەرش کردو بوو. تاق و سرمیجی ژێرخانەکان، بە بەرد و خشتی سوور، و شێوازی گومەزی چێکردوو بوون.
ئەو ژێرخانەی کەئێستا فەرشیان کردو بوو نۆ گومەزیان لە سەر چوار ئەستونی ئەستور لە بەردی سپی و چوار دیواری ژێرخانەکە چێکردو بوو. کە زۆر دڵگیر و ڕووناک بوو بە هۆی شەش دەلاقە و پەنجەرەی چکۆلە، کە لە بن سەرمیجی ژێرخانەکەوە بەرەو نێو حەوشەکەیان دەکرایەوە. ئەم ژێرخانە لە هاویندا فێنک و دڵرفێنە بە ئاسانی جێگای چل تا پەنجا کەسیان دەکردەوە.
چنوور و میترا کە هاتنە نێو ژێرخانەکە سەیریان کرد کە باوکی میترا کاک میروەیس پاڵی بەکۆلەکەیەکەوە داوە و پەڕتووک دەخوێنێتەوە، و هاوکات مژ لە قلیانەکە دەدا. تەمەنی سەرەوەی پەنجا ساڵ بوو. مرۆڤێکی چوارشانە و باڵابەرز بە سەر و سیمایەکی دلۆڤان و خۆش دیمەن. سمێلی پرپشت و کەمکۆلی ڕەنگی، جوانییەکی تایبەتی پێ بەخشی بوو .
چنوور سڵاوی کرد.
کا میروەیس بە ڕێزەوە لە بەری هەستا و پاش دەست مشتاق وتی: چنوورخانم خۆ ئێوە بانگهێشتنتان ناوێت. ماوەیەکە دیار نیت؟
چنوور: سپاس بۆ دلۆڤانیتان! ئەم دۆزەی ئێستا ئەوەندە ناخۆش و ئالۆزە، مرۆڤ بەوە ناپرژێت کە بەرنامەیەک دانێ یان ئامشوی دۆستانی خۆی بکات.
کا میروەیس: ئەزانم! ڕووی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەش بێ. بۆ ئەو هەموو دەرد و ژانە کە بۆ خەڵکیان ئافراندوە.
دایکی میترا، تریفە خانم کە تەمەنی نەختێک خوارەوەی پەنجا بوو. بەڵام لەوە گەنج تر دەهاتە پێش چاو. ئەویش وەکوو میترا جوانخاس و ڕەزا شیرینە، کاڵ و کرج و هەمیشە لێو بە بزەیە. زۆر مێواندار و خۆش قسەیە. بە پێکەنینەوە هاتە پێشوازی چنوور و لە ئامێزی گرت و وتی: چنوورگیان! تۆ و میترا بۆ من هیچ جیاوازیەکتان نییە و هەر دووکتان وەکوو یەک خۆشتانم گەرەکە.
برا چکۆلەکەی میترا، ماریانۆ کە پانزدە ساڵەیە لە ماڵدا نەبوو. ڕەنگە لە بنکە بێت. برا گەورەکەی میتراش، ئاریانۆ کە هاو تەمەنی سیروانە. ماوەی سێ ساڵانە بە مەبەستی خوێندن، کوردستانی بە جێهێشتوە و لە زانکۆیەکی لەندەن خەریکی خوێندنی پزیشکیە. کامیروەیس بەنیازە میترا و ماریانۆیش بۆ ئوروپا بنێرێ بۆ درێژەدان بە خوێندەنەکانیان.
بۆ خۆی بەشی ئابووری لە زانکۆی لەندەندا، و لە تافی لاویەتیدا تەواو کردو بوو. ئێستاش خەریکی کاری بازەرگانییە. ساڵێک چەند جار دەچێت بۆ ئوروپا و هەر جارەش دەچێت بۆ سەردانی ئاریانۆ. ئەو حەز ناکات کە میترا زوو شوو بکات و چاوی لە دەستی هاوسەرەکەی بێت. پێخۆشە زانکۆ تەواو بکات و کارێکی باشی بێت. تاکوو ژیانی داهاتوی مسوگەر بکات. ئەوسا هەر کەسێکی خۆش دەوێت بە هاوسەر هەڵبژێرێت.
مرۆڤێکی پاشەڕۆ یان دەماروشک نەبوو. دەیەویست بۆ گۆڕانی شێوازی کۆنی کۆمەڵ لە ماڵی خۆیەوە دەست پێبکات. لە تەک کا کامەران باوکی چنوور دۆستی منداڵی بوون

و لە باری تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و خوو و خدەوە زۆر نزیک بوون. ئەوەش بوو بە هۆی پتەو بوونی دۆستایەتی و ئامشوکردنیان .

سەیری میترا و چنووری دەکرد کە چۆن پێکەوە بە پچە و ئارام قسەدەکەن و پێدەکەنن. دەیزانی لەوانەیە باسی ئەویینداری خۆیان بکەن. هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە دەروونەوە بۆ خۆی وتی ئەی کەنیشکە بێ شانسەکەم لە کاتێکی خراپدا تووشی ئەویینداری بوویت. دەترسم بارودۆخی شەڕ ڕێنەدات کە بگەی بە ئاواتت. هەروەها کەوتە بیری ڕازی خۆشەویستی میترا و سیروان .

کامیروەیس لە دوورەوە سیروانی دەناسی. تریفەخانم پێ گوتو بوو کە میترا و سیروان ئەویینداری یەکترن. تەنانەت لە زمانی خودی میترایشی بیستو بوو و پێکەوە لە سەر ئەو بابەتە ئاخەفتنیان کردو بوو.

ئەم بنەماڵە تا ئەو رادەیە لە یەکتر نزیک بوون، کە هەموو شتێکیان بۆ یەکتر دەگێڕاوە و هیچ نەهێنیکیان لە نێواندا نەبوو. چەند مانگ لەمەو پێش بە میترای گوتو بوو، بیستومە کوڕێکت خۆشدەوێت کە ناوی سیروانە! مەگەر پەیمانمان وا نەبوو تاکوو خوێندنی زانکۆ تەواو نەکەی نابێت ئەویندار بیت؟

میترا کە ڕوومەتی سوور هەڵگەڕا بوو لە وڵامدا وتی: لە بیرتە کاتێک لە تەنیشتی ڕۆباری سیروان لە سەیران بووین، وتم بابا چەند خۆشە ئەویینداری سیروان بیت و خۆت بەخیتە باوەشی با بتبا. مەبەستم سیروان بوو نەرۆباری سیروان. ئەوکاتە تازە ئەویینداری سیروان ببووم. لێتم نەشاردەوە بەڵام ڕووم نەبوو کە بڵێم بابا من ئەویینداری کوڕێکم بە ناوی سیروان. تۆیش لە وەڵامدا گوتو ئەرێ کچم ئەوە شتێکی سروشتییە. من پێم وا بوو لە مەبەستم تێگەشتنوویت.

تازە بابا گیان ئەو دەمەی کە بەڵێنم دا منداڵ بووم و ئێش و نۆشی ئەوینم نەدەزانی و نەم چشتو بوو. ئێستا بەهەموو ئێسک و دەمارەکانمەوە هەستی پێدەکەم. تۆ سیروان ناناسی. نازانی چەندە مرۆڤێکی دڵسۆز و دڵۆڤانە. ئەگەر چەند جار لە نزیکەوە بتدیبا من دڵنیام کە بۆخۆت پێشنیارت دەدا کە ئەو کوڕە، پیاوی ژیانی تۆیە.

من لە نامەیەکدا بۆ ئابرام ئاریانۆ هەموو شتێکم لە سەر ئەویینداری من و سیروان بۆی نووسیوە. ئەویش هیچ دژایەتیکی نەکردووە. بەس نووسی بووی کە منیش سیروان دەناسم مرۆڤێکی جێمتمانە و باشە. ئەوە ژیانی تۆیە، تۆ بۆ خۆت دەزانیت. ئێستا ئەگەر ئێوە ڕەزامەند بن، نازانی کە چەندە خۆشحاڵ دەبم.

کامیروەیس: ڕۆڵە گیان! هەموو دایک و باوکێک خۆشی و خۆشبەختی مناڵەکانیان دەوێ. تۆ ئەگەر ئەوە بە خۆشبەختی دەزانیت من کارێکم نییە. بە دڵ و بە گیان یارمەتیت دەدەم و پیرۆزبایشت لێدەکەم. دەبێ تۆ سەیری پێواژۆی دۆزی ئەمڕۆی کوردستان بکەی کە ڕاسڵی ژیانە. کاتێک ئەو باسەم لە تریفە بیست، چووم بە دوای ناسینی سیرواندا. ناسینی ئەو بۆ ماوەیەک بووە ڕۆژەڤی پرسوجۆی من. لەم ماوەیەدا پەیجۆری ڕەوش و کردەوەی ئەوم کرد. لە هەر کەس کە ئەویان دەناسی، پرسیارم کردوە. هەموویان خاسی ئەویان باس کردوە. دەزانم کە مرۆڤێکی باشە و جێمتمانەیە. دەتوانێت هاوسەرێکی باش بێت و خۆشبەختت بکات. من هیچ دژایەتیەکم نییە. ئەگەر ئەو بتوانێ ژیانی ئاسای خۆی درێژە پێبدات. هەر دووکمان دەزانین ئەگەر شار

بکەویتەوە ژێر دەستەلاتی رژیم، کە دەکەویت. جێگای ئەو لای هەلۆی لۆتکەی چیاکانە. لەویَ ژیان سەختە و هەمیشە گیانی لە مشتی دایە، وانییە؟

تازە دامنابوو کە ئەگەر بارودۆخ باش بێت زەماوەندتان بۆ بگرم و پاشان بە ریَتان بکەم بۆ هەندەران، بۆ درێژەدان بە خوێندنتان. منیش وەکوو تۆ مرۆڤم هەستم هەیە، تێدەگەم و حەزناکەم دلّی تاقانە کچەکەم بشکێنم. ئەمن ژیانم بۆ ئێوە گەرەکە، خۆشبەختی ئێوەم دەویَ و بەس.

کچم حەز دەکەم کە هەر داخوازیەکت هەیە بە بیَ یەک و دوو پێم بێژیت. ئەوسا هەست بەوە دەکەم کە من لە گەلّ ئێوەدا نامۆ نیم، و ئێوەش وەکوو مرۆڤێک لە سەر من حەسێو دەکەن نە وەکو دێوێکی ترسهێنەر.

کامیروەیس سەیرێکی دیکەی میترای کرد و بزەیەک هاتە سەر لێوانی. لەوە خۆشحالّ بوو کە لانیکەم هەنگاوێکی بۆ خۆشبەختی کچەکەی هەلّگرتوە. مژێکی دیکەی لە قلیانەکەی دا، دیی کە ئاگرەکەی کوژراوەتەوە و ئێتر دووکەل ناکات. هەستا و رۆیشت کە ئاگری تازە بۆ قلیانەکەی بگەشێنیتەوە.

چنوور و میتراش وتە و راوێژی زۆریان بوو کە بۆ یەکتر باسی کەن.

ئارام و هەڤالّەکانی لە مەتەرێزەکانی بەرەی شەڕ لە گردیگەڕۆل بەبیَ وچان هێرشی دوژمنیان بەرپرچ دەدایەوە. هەستیان بەوە کرد کە دوژمن بە کالیبر٥٠ی سەر دۆندی زالّگەی تەپەی شێخ حەمەساقەوە بەشێک لە سەنگەرەکانیان دەکوتیَ، کە رووبە خۆرئاوایە.

پێشمەرگەکان لە سەر ئەوە ساق بوونەوە کە دەبیَ ئەو شوێنەیان لێوەرگرنەوە.

لە پاشنیوەڕۆدا ئارام لە گەلّ ئەشۆ و نەورۆز و دەستەیەک پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر ئەو تەپەیە، لە ماوەیەکی کورتدا هێزەکانی دژمنیان تێشکاند بەکوژران و برینداری زۆرەوە هەلّهاتن.

لە بەرەی گردیگەڕۆلّدا پسا پسا هێرشی دوژمن تێدەشکا. هەر لەو دەڤەرە پێشمەرگەکانی کۆمەلّە، بە ئەو کالیب٥٠یە کە دوێنیَ لە هێزەکانی رژیمیان بە دەستکەوت گرتوو بوو توانیان هێلیکوپترێک تێبشکێنن. کە لەکۆتایی خیابانی٢٥ی شاریوەردا بەر بێتەوە. هەر ئەمڕۆ پێشمەرگەکانی دیموکراتیش توانیان هێلیکوپترێک ئاگربدەن کە لە گەڕەکی خەسرەوئاوا کەوتە خواریَ. تا ئێستا چەند هێلیکوپتر لە ئاسمانی سنە بە دەستی خەلّک و پێشمەرگە کەوتوەتە خواریَ.

زیانی هێزەکانی دوژمن ئەمڕۆ ئێجگار زۆربوو هەر وەها لە خەلّکیش، بەتایبەت بە بۆردومان. لە بەرەی گردیگەڕۆلّدا پێشمەرگەیەکی چریکەکان بە ناوی جەمیلی توفانی گیانی بەختکرد. لە بەرەی باشوورەوە پێشمەرگەیەکی دیموکرات بە ناوی جەمال گیانی بەختکردوە.

هێلیکوپترەکان ناوێرن لە نزیکەوە بفڕن لە بەر ئاگری پارێزەرانی شار. بەلّام شێتانە و کوێرانە بە خۆیانەوە تەقە لە نێو کۆلّانان و مالّانی خەلّک دەکەن. چەندە لە خەلّک و ئەو جەنگاوەرانە کە لە گەلّ هێزە رامیاریەکاندا نەبوون گیانیان بەختکردو بیَ، کەس بە روونی نازانێت .

لە هەموو گەڕەکەکان تایبەت لە دەڤەری گردیگەڕۆڵ بە تۆپباران و کاتیوشا، دەیان ماڵی خەڵکی سڤیل رووخا.

ئاگری بێ وچانی رژیم دەرفەتی بە خەڵک نەدەدا، کە کوژراو و بریندارەکانیان لە ژێر دار و پردووی ماڵە وێرانەکانیاندا دەر بێنن، و بیبەنە شوێنێکی ئەرخەیان. یان کوژراوەکانیان بەرنە گۆڕستان و بیاننێژن، ناچار خۆشەویستەکانیان لە حەوشە و باخچەکاندا ئەسپەردە دەکرد.

خواردەمەنی گەڕەکانی بەرەی بریڤانی تەواو ببوو. خەڵک لە بەر تەقەی دوژمن نەیان دەوێرا لە ماڵ دەرکەون و کەرەسەی بژیوی منداڵەکانیان تەدارک ببینن. ئەوی لە ماڵدا بوویان، کۆتایی پێهاتو بوو. ئاو و وزەیشیان لێپچرا بوو. لەوانەیە ئەو منالە کۆرپانەی کە بە چەکی رژیم نەکوژرا بن لە برسی و تینوییدا مردبن.

ئەوانەی کە بە هێز بوون لە تاریکی شەودا هەڵاتبوون بوون. ئەوانەش کە نەیان توانی بوو، لە ماڵی خۆیان فەرمانی مردنیان بۆ دەرچوو بوو لە لایەن نامرۆڤانی کۆماری ئیسلامییەوە.

لەنێو خیابانەکاندا خەڵک خەریکی هەڵکەندنی قیرتاوەکان بوون و سەنگەریان چێدەکرد بۆ پاراستنی خۆیان، گەر پێویست بێ بە شەڕی کۆلان بە کۆلان. بەلام رژیم نەیدەوێرا کە خۆی لە شەڕی نێو کۆلانانی شار بدات. تەنیا بەرزایە ستراتیژیەکانی شاریان بۆ گرنگ بوو کە لە سەریاندا دۆشکەو تۆپخانە دامەرزێنن، بۆ بۆردومانی شار تاکوو خەڵک وەرەز و ماندو بکەن و شاریش کاول کەن.

ئێوارە تەوژمی بای زریان نیشتەوە. بەرە بەرە تەپو تۆزی نێو شاریش کەم بوەوە تاکوو بە یەکجاری دامرکا. بەلام تاریکی ئێوارە باڵی بە سەر شاردا راکێشا. شاری شەکەت وزامدار، حەفتەیەکە دەرفەتی حەسانەوەی بە خۆیەوە نەدیوە و نازانێت هەتاکوو کەنگێ هەروا دەبێت. برینی جەستەی شار لە هەر چرکەیەکدا زۆرتر دەبێ و نە پزیشکی هەیە و نە دەرمان. ئەو ئەندامانەی کە لە لەشی پچراوە دەرفەتی ناشتنیان نییە و هەروا بە سەردەستیەوە ماوەن.

ئارام ئێواەی درەنگ، شەکەت و تۆزاوی هاتەوە ماڵێ. تۆز و ئارەقی رۆژ لە سەر جل و بەرگەکەی دوەکی دەردا بوو.

دایکی: رۆڵە گیان برو خۆت بشۆرە تاکوو ئاوەکە وشک نەبووە.

ئارام ئەو کارەی کرد و باش بوو تۆزێک شەکەتیشی دەرچوو. لە کاتی خواردنی شێودا وەنوزەی دەدا و جاروباریش خەوەنووسکە دریبیردەوە.

لە ولامی پرسیاری سیرواندا کە وتبووی: دەنگو باسی ئەوێ چییە؟

وتی: ئەمرۆ شەڕ زۆر قورس بوو. لە هێرشێکدا تەپەکەمان لە دوژمن گرتەوە. چەند جارێکی دیکە دوژمن هێرش و پەلاماری هێنا، کە ئەو تەپەیە و بەرزایەکانی گردیگەڕۆڵ بگرێت. هەرجارە وەکوو هەمیشە تێدەشکا. ئەمرۆ بریندارمان زۆر بوو. چەند کەسێک گیانیان بەختکرد کە من تەنها پێشمەرگەیەکی چریکەکانم دەناسی کە ناوی غەفاری یەقوبی بوو.

بە یارمەتیتان من زۆر ماندوم دەبێ بنوم، تاکوو بۆ بەیانی وزە و هێز بگرم. شەوتان خۆش و خەوتان خۆش. ئارام خزا نێو جێگە و بانەکەی خێرا خەوی لێکەوت .

ئاریز و سیروانیش بە دوای رادیو بی بی سی دا دەگەڕان، تا بزانن ئایا باسی ئەم ژنۆسایدە دەکەن، یان ئاگایان لە هیچێ نییە. دەنگی بۆردومان و کرەی رادیو هیچ ئامانجێکی بە دەستەوە نەدا .

بەشی 9

دووشەمە(مانگرۆژ)ی8ی گولانی2680ی کوردی. رۆژی دەئێنا، دەئوش، دەئێنا بە ئاتر دەی پاد ئاتر، داتار، ئاولناوی ئەهورەمەزدە واتە ئافرینەری ئاگر. ئاپریلی1980ی28ی ز.

---

ئەستێرەکان هێشتا لە سینگی ئاسماندا جریوەیان دەهات وکزنگی کازیوەی بەربەیان ئاسۆی زەنجیرە چیاکانی رۆژهەلاتی شاری روون نەکرد بوەوە. دەنگی هەژاندنی گوللە تۆپێک لە نزیکی مالی سیروانەوە شوشەی پەنجەرەکانی لەرزاندەوە.

هەموو مالباتی سیروان لە خەو راچەلەکاند. ئەوان پێیان وا بوو لە مالی هاوسێک یان لە حەوشی خۆیان کەوتوە. خەلکی گەرەک موقۆیان تێکەوت و زۆربەیان لە مال وەدەرکەوتن، تا بزانن چباسە و لە کوێ کەوتوە. واتۆ و واتووەری خێرا بلاو بوەوە کە لە رووخانی مال و کوژراو باسی دەکرد. پوورە گولزار بەرەنگی هەلپرووزاو و ئەسرین لەچاوان قەتیسماو، بە تۆڕەییەوە هەر دوو چنگی دەستی دەکردە نێو قژە سوورەخەنەیەکەی و هەلی دەرنی، و دەیگوت: ئای رژیمی ترسکار! نوێموسلمانی خوێن رێژ، چیتان بە بنمالەی ئەو هەژارە کرد! روندک و فرمێسک لە چاوانی سووری خەوتێشکاوی بە سەر گۆنای چرچ و رەنگ پەریویدا شۆر ببوەوە. کە لە بەر تیشکی چرای وزەی گلۆپەکانی کۆلانەکەیان دەدرۆشایەوە. بانگەوازی یارمەتی دەکرد بۆ مالی سوارەی کولۆل.

سیروان، ئارام و باوکیان لە تەک ئاریزدا و هەروەها هاوسێیەکانی دیکە چوونە بەر مالی کاولکراوی کا سوارەی کولۆل. لایەک لە مالەکەیان بە سەریاندا رووخا بوو. ئاوی لولەکەیشیان شکا بوو، ئاو لە نێو حەوشەکەدا پەمی خواردو بوەوە، و لەگەل خۆلی مالەکە ببوو بە هەرگ و زق.

زۆربەی پیاوانی ئەو گەرەکە لەوێ کۆ ببوونەوە. هەرکەس بە چەشنێک یارمەتی دەدا بۆ دەرهێنانی بنەمالەی کا سوارە لە ژێر دیوارە روخاوەکاندا.

ئەم مالە ژێرخانیان نەبوو، رووبەری دیواری مالەکەیان رووبەری حەوش و رووی کۆلان، بە خشتی سوور چێکرابوو. ئەو بەرەکانی دیکەش لە خشتی خاو دروست کرا بوو. پەنجەرەکانیان روو بە باکووری خۆرئاوا بوو. لە بەختی رەشی ئەوان و هۆڤی خوێن رژتنی رژیم گوللە تۆپێک بە هێزەوە دەکەوێتە نێو ژووری نهۆمی سەرەوە. لە وێ ئاژین دەبێت. ژوورەکە لە شیرینی خەودا بە سەریاندا دەڕوخێ.

خەلک دوو گۆلۆپی وزەیان لە مالی هاوسێیەکانەوە کێشا بۆ رووناکی.

هەر چەند شوشەی پەنجەرەی مالانی دەوروبەریش ورد و خاش ببوو، بەلام زیانی گیانی لە هاوسێیەکانیان نەکەوتو بوو. خەلک بە گشتی پەژوکاوی ئەو بنەمالە بوون، و خێرا بە گەل کاریان دەکرد تا لێفە و پێخەوی نێو ژوورەکە وەدەر کەوت. کا سوارەیان

خوڵپانی خوێن و خوڵ لە ژێر دار و پەردو دەرهێنا بەبێ گیان. ژنەکەشی بەیان خان هەروەها. منداڵەکانیش یەک لە دوای یەک بە کوژراوی هێنایانە دەرەوە.
لەم کاتە دەنگی گریان و ناڵەی منداڵێک دەبیسترا، کە بە ئەستم دەنگی دەهاتە گوێ. کە ئەومناڵەش دوزرایەوە لاقی لە ژێر راجەدارێک شکا بوو. دوو داری سرمیجی ماڵەکە چەپ و راست لە یەکتر گیریان کردو بوو، و ببوو بە هۆی نەمردنی ئەم زاروکە، کە پێنج ساڵیە و ناوی هانایە. بە هۆی ئێشەوە نەیدەتوانی بە سانایی هەناسە بکێشێت. لەوانەیە کە پەراسوی شکا بێت.
براکانی ئارمین سێ ساڵە، ئارشین هەفتساڵە و ئاروین نۆساڵە، بە مردویی لە ژێر ماڵە رووخاوەکەیاندا دەرهێنران. ترس و دڵە خورپێی لە دەنگی بۆردومانی رۆژانە، شەو بە ئەرخەیانی نوستو بوون. پێیان وابوو کە بخەون ئیتر دەنگی بۆردومان نابیسن، هیچ مەترسیەک نایەتە رێیان. رەنگە ئەوانیش وەکوو هەموو منداڵانی جیهان خەونی خۆشی دیاری بابا نویلیان دەدی. بەڵام بابا نویلی ئێرانیش بە ردێنە سپیەکەیەوە تەنیا دیاری مەرگی هەیە بیدا بە منداڵانی ئێران بە گشتی و کورد بەتایبەتی.
ئەم منالانە و بنەماڵەیان تاوانیان چی بوو؟ بەوتەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوان " دژی شۆرش بوون، کورد بوون، کۆمۆنیست بوون، سونی بوون." بەڵام ئەوان بێ تاوان سونی لە دایک بوون هەر چەند هێشتا وشەگەلی شۆرش، سونی...فێر نەبوون، نەیان دەزانی کە مانای چییە. ئەوان وەکوو هەر مرۆڤێک دەیانەویست بژین، لە کۆمەڵگای ئاشتی و دیموکراتیکدا گەورە بن، بخوێنن و داهاتویی خۆیان مسۆگەر بکەن. کە چی هەموو خەون و ئاواتەکانیان وەکوو گوڵۆپی رووناکی کوژایەوە.
هانای باوان وێران ئێتر خۆشەویستی دایکانە نابینێ. باوەشی گەرمی باوک و بزەی سەر لێوانی براکانی وەکوو خەون دێتە پێش چاوانی.
لە ناوچوونی بنەماڵەی کاسوارە بوو بە خەم و پەژارەی هەموان. لەتەک رووناک بوونی کۆلانەکاندا سیروان و ئەوان گەڕانەوە بۆ ماڵ. خەمی ئەو بنەماڵەیە بێدەنگیانی کردو بوو. ئەمەش یەکێک لەو دەیان بنەماڵە بوون کە لە نێو پێخەوی شەودا کوژران و ماڵوێران بوون.
سیروان لە گەڵ باوکی و ئارێزدا چوون بۆ بنکە لە تەک هاوسێیەکاندا بە مەبەستی ناشتنی تەرمی ئەو پێنج ئەندامەی بنەماڵەی کاسوارە. ئارامیش بە پەلە رۆیشت بۆ سەنگەرەکانی بەرەی شەڕ سەرەڕای ئەوە ئەمشەویش نیتوانی کە تێر خەو بێت.
برای کاسوارە کە بە تەلەفۆن لەم رووداوە ئاگا کرابوو، خێرا خۆی گەیاندە ئەو بنکەیە، کە تەرمی بنەماڵەی براکەی لەوێ بوو. سەردار کە لەشی خولپانی خوێنی سوارەی برای دی کە لە قولای خەودایە و قەد هەڵناسێت. لە ئامێزی گرت گۆنا سارد و سڕەکەی ماچ کردەوە. بە هاوار و شین، داخی دەروونی خۆی هەڵڕشت. وەک شێت و لێوە، دەسووڕایەوە بەبێ خۆاستی خۆی. برازاکانی یەک یەک لە ئامێز دەگرت و هاواری دەکرد بۆ،..بۆ؟
چوو بۆ لای هانا کە لە نێو بنکەدا دوکتور و برینپێچەکان خەریکی دەرمانی بوون. ویستی لە باوەشی بگرێت، کە یەکێک لە پەرەستارەکان پێگوت: ببوورە کا سەردار! هانا

لەوانەیە یەک دوو پەراسوی شکا بێت، هەرچەند لاقی شکاوە بەرگەی لە باوەش گرتن ناگرێت.
سەردار بە ئارامی لە ئاستی هانادا دانیشت. دەستە بچکۆلانەکانی لە نێو دەستی دانا و بە ئەسپایی نایە سەر دڵیەوە و دواتر سەرگۆنای. لە کاتێک دا فرمێسک بە سەر رووومەتیدا وەک شەتاوی بەهاران دەرژا. وتی: ئای رۆڵە گیان دەک مامۆت بمرێت کەتۆ وا دەبینێت. ئای داد هەی بێداد ... بە دوکتورەکەی گوت: دەمەوێ پاش ئەسپەردە کردنی بنەماڵەی براکەم هانا ببەمە ماڵی خۆم.
دوکتور: نا کاکی من! ئەم کچە پێش هەموو شتێک پێویستی بە دەرمان کردن هەیە لە نەخوشخانەدا. بەڵام تۆ دەتوانیت دوای چەند رۆژیتر ئەگەر تەندروستی هانا باش بوو، ئەوسا لە گەڵ خۆت بیبەیتەوە.
هەر شەوەکی زوو چەندکەس لە خەڵکی گەڕەک لە گۆڕستانی تایلە لە تەنیشت یەکتر گۆڕیان بۆ ئەو بنەماڵەیە هەڵکەند. پێش ئەوەی هێلیکوپترەکانی رژیم لە ئاسمانەوە دەرکەون و دیدی بینیان بێ، سەردار لە گەڵ کۆمەڵێک لە خەڵکی گەڕەک تەرمی ئەو پێنج کوژراوەیان برد بۆ نێو تایلە، و لە وێ ئەسپەردەیان کردن. سێ منداڵەکانیان لە نێوان دایک و باوکیاندا ناشت. بە جێی خوێندنی تەلقین بە زمانی ئەرەبی کە کەس لێ تێنەدەگەیشت، سرودی ئەی شەهیدان و راپەرینیان خوێند. هەروەها بە دروشمی مەرگ و نەمان بۆ داگیرکەران، و کۆماری ئیسلامی ئێران و کۆنە پەرەستانی پاشەڕۆ، خەڵک بڵاوەیان کرد .
خەڵک کە گەڕایەوە بنکە تازە ئەستێرەکانی ئاسمان یەک لە دوای یەک بە تیشکی رۆژ هەڵدەپرووزان و لە دڵی ئاسمانی فیروزەییدا دەتوانەوە.
هانای بریندار و جەرگ سووتاو، بیانۆی دایک و باوکی دەگرت. ئەو هێشتا نەیدەزانی کە مەرگ چییە و مردنیش مانای چییە. ئەو دەگریا و جار جاریش پیرانی دەکرد. کاتێک لە شین و گریانی ئێش و نەبوونی بنەماڵەکەی نەختێک ئارام دەبوو دەیگوت: دایەم گەرەکە! کوا بابا ؟ ئەوان منیان گەرەک نییە وا ناین بۆلام؟ پرمەی گریانی دووبارە بەرز دەبوەوە.
هانا هێشتا ئەوە تێنەدەگەیشت کە ئیتر هەرگیزاو هەرگیز دایک و باوکی لە گەڵ براکانی نابینیت. هێشتا نازانی پاش چەند ساڵێکیتر رەنگو شێوەیشان وەبیر نایتەوە. لەبێ بەختی ئەودا ئالبۆمی وێنەکانیشان لە ژێر قوڕ و خۆڵی ماڵە رووخاوەکەیاندا تێدا چووە.
تا کاتێک کە گەورە بوو سەیری بزەی سەر لێوانی براکانی و دڵۆڤانی رووومەتی دایک و باوکی بکات، تا لە نێو بیرەکی یادی بیرەوەری و مێشکیدا تۆماری بکات. یاکوو هەر کاتێک دڵی لێوەلەری خەم بێ، یان ئاگری تاسەی کەێلی بنەماڵەی تەشەنە بکات. بە بینینیان خەمی دڵی بێکەسی دامرکێنێ و تینی ئاگری تاسەی پێ دابەزێنێ.
بۆ دەبێ منداڵانی ساوای کوردستان پێش لە هەموو وشەیەکی خۆش وگەش، دەبێ وشەگەلی مەرگ و خوێن، ماڵوێرانی و باوانوێرانی فێر بن؟

سیروان لە گەڵ ئاریز و باوکیدا لە بنکە بۆ سەرخۆشی ئەو بنەماڵەیە لەگەڵ هاوسێیەکانی دیکە دانیشتن. پاش ماوەیەک هەستان، و چوونەوەبۆ ماڵێ بۆ خواردنی ناشتا. تازە تیشکی خۆر لە پاساری ماڵە بەرزەکانی گەڕەکەوە دەکەوت .

دایکی سیروان: ئەرێ رۆڵە خەڵک زۆر هاتووبوون؟

سیروان: ئەرێ دایە گیان! هەر چەند مەترسیدار بوو. لەم دۆزەی ئەمڕۆدا نابێ خەڵک لە شوێنێک کۆ ببێتەوە. ئەویش لە بەر مەترسی بۆردومانە کە وچانی بۆ نییە. ئەو کاتە کە ئێمە لە گۆڕستانی تایلەدا بوون، هێشتا تاریک بوو. ئێمە تەنها کۆمەڵ نەبوون، چەند کۆمەڵی بچوک بچوکمان دیی کە ئەوانیش خەریکی ناشتنی کوژراوانیان بوون. تازە ئەوانیش لە گۆڕستانی تایلە نزیکن. وەک گەڕەکەکانی چوارباخ، سەرتەپوڵە، جەورئاوا و فەیزاوا...ئەوانەی کەدوورترن ئەم دەرفەتەیان نییە، کە ئەم گەڕەکانە هەیەتی. ئەوان لە بەر مەترسی ناچارن خۆشەویستەکانیان لە نێو حەساری خۆیاندا بنێژن ...

واتۆ و دەنگۆ بڵاو ببوەوە، کە ئەمڕۆ هێزی لەشکەری28ی رژیم، کۆمەڵێکی بارمتەی ئازاد کردوە. ئەو خەڵکە لە رۆژانی یەکەمی شەڕدا لە دەوروبەری پادەگان دەژیان، لە لایەن دوژمنەوە بە بارمتە گیرا بوون. بۆ پەیجۆری ئەم هەواڵە کە تا چ رادەیەک راستە، خەڵک لە بنکەکانەوە بە تەلەفۆن و پرس و جۆیان لە خزم و ناسیاوەی بارمتەکان دەکرد. بۆیان دەرکەوت بەڵێ ئەمە واتووەری نییە بەڵکوو راستە.

ئەم کۆمەڵە بارمتەیە کە ئازاد کراون، تەنها خەڵکی بە تەمەنن وەکوو پیرە پیاو و پیرەژن بوون. بەڵام گەنج و لاوەکان هێشتا لە بەندیخانەی پادەگاندا بە دیلی ماونەتەوە.

بارمتە پیرە ئازادکراوەکان دەڵێن کە دوو جاشی موفتیزادە، حاجی مسعودی غمیان و حەیب قەفەزە لە وان باس خوازیان کردوە.

راستە خیابانی شاپور کە رێگای سەرەکی پادەگان بۆ یانەی ئەفسەرانە، لە نێو خەڵکدا بە گۆڕەپانی شەڕ و گۆرستانی هێزەکانی دوژمن ناوی گۆڕدراوە. ئەمڕۆ لەکاتی فراوین دا واتە خواردنی نیوەڕۆ یەک جیبی ئەرتەشی بە دوو چەکدارەوە، لە پادەگانەوە بەرەو یانەی ئەفسەران وەڕێکەوتن. نەزانرا کە ئەم دوو چەکدارە توشی نەخۆشی دەروونی بوون، یان دەیانەویست کلیلی بەهەشت، کە مەلاکان پێیان دابوون تاقی بکەنەوە و بزانن دەتوانن بچنە نێو بەهەشت و حوریەکانی لە ئامێز بگرن.

ئەوەندە لە چاوی بەر تەسکی پاشەڕۆی پادەگان دوور نەکەتو بوونەوە، کە چی هەر دووکیان لە نێو جیبەکەدا بە ئاگری دوزەخ برژان و کلیلی بەهەشتیش هیچ کارێکی بۆ نەکردن .

هێلیکوپتری هەفتەمیش لە ئاسمانی شاردا ئەمڕۆ سوتێنرا. خەڵک و پێشمەرگە چەکی قوسیان نەبوو. تەنها چەند رەشاشی کالیبر 50لە نێو شاردا بوو، کە گوللەشیان بە ئەستەم دەست دەکەوت. بۆیە هێلیکوپترەکان دانیشتوانی شاریان بە رەشاشەکانیان شپرزە کردو بوو .

سیروان دووبارە لاقی نەپاراستو بوو. لە نیوە شەوەوە هەتا کازیوەی بەر بەیان بەو لاقە بریندارەیەوە لە ماڵی کا سوارەی کولۆڵ دار و پەردووی لابردوبوو. ئەو کاتە لەشی گەرم بوو و هەستی بە ئێش و ژان نەدەکرد. پاش چەند کاتژمێرێک برینی کوتراوی لە ژاندا دەیزریکاند.

ئەویش مرۆڤێک بوو کە لە دەرمان خواردن بێزار بوو. دەرمانی ئارام کردنی ئێشی لە ماڵدا نەبوو. ناچار بوو ئەو ئێش وژانە بکێشێت.
ئارێز لەپڕ هەستا و گوتی: سیروان بە یارمەتیت ئەمن بەڵێنم بە هەڤاڵێم داوە کە چەند پەڕتووکی کە لە لامە، ئەمڕۆ نیوەڕۆ پێ بدەمەوە. بۆیە بە پەلەم کە پاش نەکەوم. لە کاتی نیوەڕۆژەدا (پاش نیوەرۆ)دێمەوە بۆ لات. گەر شتێکت پێویستە تا کوو بۆت بێنم.
سیروان: سپاس هیچم ناوێت. سڵاوی بنەماڵەت لە لایەن منەوە بگێنە و ئاگات لە خۆت بێت.
ئارێز بە پەلە رۆیشت بەرەو گەڕەکی خۆیان.
سیروان بانداژی برینەکەی کردەوە و سەیری کرد. دیی کە پاخش و خاوێنە. ئەوەی بۆ دەرکەوت کە بەس کوتراوە بۆیە ژان دەکات. برینەکەی شۆرد و بە باندی تازە پێچایەوە. لە دۆزی برینداری خۆی وەڕەز و تورە بوو. توریە کە لەم کاتە هەستیارەدا ئەو بە هۆی برینەکەیەوە بستراوەتەوە. پێ وا بوو کە مرۆڤێکی بێ سوودە. بە پشتەوە لە سەر مافوری نێو ژێرخانەکەش راکشا. چاوانی بڕیە سرمیچی ژێرزەوینیەکە، و لە نێو ئاروو و خەونەکانیدا گێژ و وڕ بیری دەکردەوە. مەترسی لە داهاتوێکی ون و نا دیار بوو. بۆ خۆی دەیگوت: من چیبکەم؟ کە هاتو پاش ئەم بۆردومانە بێ وچانەی شار زیندو مامەوە، دەبێ رۆژێک شار بەجێبهێڵم. لە دەرەوەی شار بە خەباتی خۆم درێژە بدم، کە شانازیە بۆمن. ئاخۆ میترا چی لێبکەم؟ ناتوانم لێگەرێم. خۆشیمدەوێت ئەوەندە ئەوینی لە دڵ و دەروونمدا ریشەی داکوتاوە و چنگی لە هەموو ئەندامەکانی لەشم هەڵپێکاوە، کە بە هیچ کولوجێک جیا نابێتەوە. جا چۆن دەکارم بەجێیبهێڵم؟
ئەگەر نەیتوانی لە تەکما بێتەدەرێ چی؟ خەڵکێ یەک خۆشەویستی هەیە. بەڵام من دوو. هەر دوو خۆشەویستەکانم وەکوو ژیان و بیر و بڕوام دەیان پەرەستم. نیشتمانم لە پێشدا و میتراش کە پەروەردەی ئەم نیشتمانەیە، وەکوو ئاو و هەوا بۆ ژیانی من وان.
زرەی تەلەفۆن سیروانی لە نێو گێژاوی بیر کردنەوە رزگار کرد. خێرا خۆی گەیاندە تەلەفۆنەکە و وڵامی داوە.
دەنگی ئارام بەخش، و خەمڕەوێنی میترا تەسکینی بە دڵی کەیلی ئەویندارى دا، و دەروونی بوژانەوە. هەناسەیەکی بەسۆزی هەڵکێشا و ئارام وتی: چەند خۆش بوو کە تەلەفۆنت کرد ئەی کچی هەتاو، ئەی کزنگی بەربەیان. ئەی دیاردەی ئەوین و دڵۆڤانی. ئەی تیشکی خەبات و بەرخۆردان. دەنگت تاسەی ئەوین و وەڕەزی دیلی بن ژێرخانی دەروونمی ڤەژین کرد. گەشبینی ژیان دەئافەرێنێت. بەگەمی تاسەتەوە لە نێو دارستانی کەسکی چاوانی پڕ لە ژینتدا تاراوەی زریای ئەوین ببووم. دەمەویست دان بە جەرگدا بنێم و تەلەفۆنت بۆ بکەم. بەڵام چاوەڕێ بوونم بە باشتر زانی .
هەرچەندە دەنگت دەبیستم ئارامی و ئەرخا، زامی دەروونم سارێژ دەکا.
میترا بە بە دەنگە هەرژییەکەی خۆی، کە پڕ بوو لە سکاڵای ژیانی نادیاری داهاتویەکی ون. وتی: سپاس سیروان بۆ ئەو هەموو هەستە پڕ لە دڵۆڤانییەت لە ئاستی مندا.
من وشەی جوان و پرهەستم بۆ نایێت، کە ئەمەکداری ئەوینی راسڵی خۆمی پێدەربڕم. هەرچەند بە کردەوە ئەوەم پیشان داوە. دەنگی تۆیش بۆ من شنەبای ئەوینە و ژینە.

هەمیشە سییەکانمی لێ پڕدەکەم، بۆ ئەوە کە هێز بگرم بۆ ژیانی گەشبینی ڕۆژانی داهاتوم. منیش تۆم خۆشدەوێت و، وەکو هەتاو دەتپەرەستم. هەتاوێک کە ژیان بەخشە بۆ هەموو گیانداران. تۆیش بە وێنەی خۆرەتاو پەردەی شەوی بێ هیوایم دەسڕیتەوە و بە تیشکی ڕووناکی و تینت، ژیانی ماڵی هیوام دەڕازێنیتەوە. دوێنێ شەو ماڵی ئێمە هەر باس باسی تۆ بوو. چیرۆکی ئەوینی من و تۆ ببوو بە شەوچەرەی ئەوان. هەرکاتێک کە دەکەومە نێو ئارووی بیرکردنەوە، لە پڕ باوکم دەڵێت: وەرە میترا تاقانە کچی ماڵەکەم ئەوینداره هەژارەکەم، بۆم بێژە لە ئەوینت، دڵخۆش بە لە ژینت. کەی سیروان دێنی و پێمان دەناسێنیت؟

ئەرێ بابم دەیەوێ بتبینێ. کەی دەتوانی و لە خۆت رادەبینی پێم بێژە؟

سیروان: زۆر خۆشحاڵ دەبم. دەبێ هەر ڕۆژێک بێت ئەم دیدارە بکەین. ڕەنگە من لە بەر ئەوەی کە کەمڕووم، کەمکاریم کردو بێت. لە وانەیە بۆ هەر دووکمان زیانومەند بووبێ. من بۆ ئەم کەمکاریەم داوای لێبوردنت لێدەکەم، و هەر وەها لە بنەماڵە بەرێزەکەتیش. دەزانم کە بۆ ئەوان باشتر بوو کە زووتر ئەو کارەم بکردبایە.

میترا: منیش لەم کەمکاریەدا هاوبەشم. ئەشیا من زووتر دەست بە کار بیایەم. ئێستە لەوە بیر نەکەینەوە، ئەوەی رابوردوو ڕۆیشت تازە ناگەڕێتەوە. باشترە بۆ داهاتو بە بزاڤی وردبینانەترەو بچینە پێشێ، تا دووبارە پەژیمان نەبینەوە.

سیروان: راست دەکەی ئەوەی کە لە دەستمان چوو ئێتر ناگەڕێتەوە. با لاقم بڕێک باشتر ببێتەوە ئەوسا بە سەر دێم بۆ ماڵتان نە بەپێ.

میترا: سیروان گیان! زەنگی دەروازەکەمان لێدەدات. لەوانەیە مێوان بێ. دەبێت خێرا بچم بیکەمەوە. داوای لێبوردن دەکەم دەبێ بچم. خۆشتم دەوێ! ماچکت دەکەم و لە ئامێزت دەگرم. دوایی پەیوەندیت پێوە دەکەم ئێستە لای تۆ خۆش.

سیروان: لای تۆ خۆش بووژێنەری ژینم، لای تۆ خۆش!

میترا خێرا ڕۆیشت و دەروازەی کردەوە. سەیری کرد میمی لاوێنە. سڵاوی کرد و یەکتریان لە باوەش گرت.

لاوین خۆشکی تریفە دایکی میترایە. بە تەمن پێنج ساڵانێک لە میترا گەورەترە. ئەوان پێکەوە زۆر نزیک بوون لە یەکتر تێدەگەیشتن. لە چەند ڕۆژ پێش شەڕەکەوە تاکوو ئێستا نەیان توانی بوو یەکتر ببینن.

میترا: دەی میمی گیان، چۆن بەم ئاگربارانە هاتی بۆ ئێرە؟

لاوێن: کورە فرە تاسەتانم کردو بوو. بە تەلەفۆنیش تاسەم لێتان نە دەشکا. ئەم ماوەیەش کە بە دەستی جەنگەوە دیلی ژێرزەوینم، ئێتر تەواو ماندو و وەڕەز بووم. بە خۆمم وت: بۆ چی ڕاوستاوی کەنیشکە. خۆ ئەم شەڕە بەم زووانە تەواو نابێت. ئەگەر لە مەرگ دەترسیت ئاکارێکی بێ مانایە. کاتێک نۆرەت بێت لە هەر کوێ بیت دێت. واتە مرۆڤ یەکجار لە دایک دەبێت و یەکجاریش دەمرێت. ئەوە ڕەوتی ژیانە لە سروشتدا. هەر جارێک مرۆڤ بترسێ وەکوو ئەوەیە کە دەستی مەرگ ماچ بکات. لەم بارودۆخەدا دەبێ بە شەو و ڕۆژ بە بێ وچان دەستی مەرگ ماچ بکەین. ئەگەر ئەمە ژیانە من نامەوێت. چۆن یەکجار مردنەکە زۆر خۆشترە. گەڕەکی ئێمە سەرتەپۆڵە هەتا چوارباخ

ڕێگایەک نییە. جگە لەوە کە ڕژیم خەڵکی شار قەڵاچۆ دەکات و بەزەیی بە منداڵی ساوادا نایت و ژیانی مرۆڤ بۆ ئەوان بایخی پۆشکی نییە. ئێستا لەوانە گەڕێن.

ئەویندارییەکەت گەیشتە کوێ؟

میترا: میمی گیان ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتر و بە گڕتر دەبێت.

لاوێن: تا چ ڕادەیەک ماڵی خۆتان دەزانن، مەبەستم باوکتە؟

میترا: باوکم و براکانم لە سەرەتای ئەوینداری من و سیروانەوە تا ئێستا بەباشی ئاگادارن. بێ بەختی من ئەم شەڕە داسەپاوەی ڕژیمی پاشەڕۆی تارانە، کە بووە بە بەربەستێک لە ڕێگەماندا. ئەگینا لە لایەن ماڵباتی خۆمەوە هیچ گیر و گرفتێکم نییە.

لاوین: وایە! ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە ژیانی ئاسای خەڵکی تێکداوە. چیبکەین دەبێ لە گەڵیدا بسازین و بسووتین، ڕێگاچارەیەکیترمان نییە .

دایک و باوکی میترا کە چوو بوون بۆ سەرەخۆشی ماڵی هاوسێکیان گەڕانەوە.

تریفە کە لاوێنی دی، لە ئامێزی گرت و ڕوومەتی یەکتریان ڕامووسی.

تریفە: ئەری لاوێن گیان بۆ تەلەفۆنەکەتان کار ناکات؟ چەند جار لەم ڕۆژانە خەریک بووم کە پەیوەندیتان پێوەبکەم، بەڵام بێ سوود بوو.

لاوێن: نا دادەتریفە! چوار ڕۆژ دەبێت کە هێڵی تەلەفۆنی ئەو کۆڵانەی ئێمە بە هۆی بۆدومانەوە پچراوە. ئێستا وزە و ئاوی لولەیشمان لێ پچراوە. خەڵک گیانیان بە ئاوی خوڕی گونجی ماڵانە. ئەو گەڕکەمان ئەوەی باشە کە زۆربەی ماڵانی ئاوی ڕەوانی کانی ئاوی چیاکانی دەوروبەری شاریان هەیە.

تریفە: ڕاستی لاوانی برامان چیدەکات؟

لاوێن: لاوان بە خۆی و چەکەکەیەوە هەررۆژێک لە سەنگەرێکدا خەبات دەکات. هێشتا لە باری بیری ڕامیارییەوە لە تەک هیچکام لەم هێزانەی نێو شاردا ساق نەبوەتەوە. بەڵام لە گەڵیاندا ئاریکاریش دەکات .

ئارێز لە نێو پەڕتووکخانەکەی ماڵی خۆیان سێ بەرگی پەڕتوکی هەڵبژارد و لە بن باڵی نا. چاوی لە کاتژمێرەکەی کرد، دیی هێشتا چارەکە کاتژمێرێکی ماوە کە گۆرانی دۆستی ببینێ، تا پەڕتووکەکانی پێبداتەوە. ئەم ماوە کورتەی بە دەرفەت زانی کە لەگەڵ منداڵەکانی خۆشکی کەمێک کایە و یاری بکات، تا بۆ دەمێکی کورتیش بووە خەم و ترسی تۆبارانی شار لە جەستەی ئەو زارۆکانە دەربکات. پاشان ئارێز ڕۆیشت و پەڕتووکەکانی گۆرانی داوە.

هەروەها گۆرانیش کە دوو پەڕتووکی ئارێزی لە لا بوو بۆی هێناوە. بە دەم ئاخەوتندا ڕۆیشتن بۆ بنکە. ئارێز لەوێ ماوەیەک لە گەڵ هاوڕێ و دۆستانی هاوگەڕەکی مایەوە. پاش وەرگرتنی چەند بڵاوک و هەواڵنامە، گەڕایەوە ماڵی خۆیان. کە چووە ژووری شیرین بانگی لێکرد و وتی: ئارێز وەرە تەلەفۆن بە تۆ کاری هەس!

ئارێز: کێیە؟

شیرین: وەرە گوێ لە دەنگی بگرە بزانم دەنگی دەناسیت؟

ئارێز گوشیەکەی لە شیرین وەرگرت. کاتێک دەنگی چنووری بیست لە پێش چاوانی شیرین و دایکی سوور هەڵگەڕا. بە ڕەمز بە چنووری ڕاگەیان کە خۆشیدەوێ و زۆر

تاسەی دیداری کردوە. بەڵام لە بەر ئەوەی هەموو بنەماڵەی لە ژێرزەوینیەکە گوێیان لێیە بە پارێزەوە قسەی دەکرد، و زۆرتر گوێ رادەگرت.

چنوور: دەزانم ئەوان گوێیان لێتە! چۆن بەرنامەیەک دارێژم کە یەکتر ببینین؟

ئارێز: ئەمن بەڵێنم بە سیروان داوە کە بچم بۆ ئەوێ. بە نەهێنی چنووری تێگەیان کە نیوە کاتژمێرێکی تر لە بنکەی خۆتان ببینێ. تەلەفۆنەکەیان دانا.

ئارێز لە ماڵی خۆیان ماڵئاوایی کرد و ئازا و خێرا ڕێگای بنکەی چوارباخی گرتە پێش. وا بە پەلە خۆی گەیاندە چوارباخ کە هێشتا چنوور نەهاتو بووە ئەوێ.

لە بنکە ژینۆ و ژیاری دەناسی، کە برا بوون و هاوسێ دیوار بە دیواری ماڵی چنوور. پاش سڵاو و خۆش دۆشکردن، لە کۆڕی ئەوان دانیشت و چاوەڕێ یاری دڵڕفێنی دەکرد.

چنۆ کە ئەویش لەوێ لای هاوڕێیانی خۆی سەر قاڵی باسکردن بوون، کە ئارێزی دیت پەیڤی خۆی پچراند و بە هاوڕێیانی وت: بە یارمەتیتان! کاک ئارێزی خزمم لەوێ دانیشتوە. دەبێ من بچم بۆ لای.

ژیوان و سەیوانیش وتیان: زۆر باشە ئێمەش دین بۆ نێو ئەو کۆڕە، با لە تەمەندا لە ئێمە گەورەتر بن.

چنۆ سڵاوی لە ئارێز کرد و وتی: کاک ئارێز بۆ بنکەی ئێمە خۆش هاتی سەرچاوان.

ئارێز: سڵاوت سەرچاوان چنۆ گیان. بنەماڵەکەت هەموویان باشن؟ لە لایەن منەوە زۆر سڵاویان بگەینە کاتێک گەڕایتەوە.

چنۆ: بۆ؟ پێکەوە دەچینەوە ماڵێ ئەوسا خۆت سڵاویان بکە.

ئارێز: زۆرم پێخۆشە، بەڵام بەڵێنم بە سیروان داوە کە ئێوارە بچم بۆ لای.

لەم کاتەدا هەتاوی شەوی ژیانی ئارێز هاتە نێو بنکە. ئارێز کە لە بەرانبەری دەرگای بنکەوە دانیشتو بوو، و بە چاو ساتێکیش دەرگای بەجێ نەدەهێشت. کە ڤیبان و ئەڤینی خۆی دیت بزەی شادی روومەتی شەرمینی رازاندەوە. چرۆی هەیڤین و هیوای ڤەژین بوو. بە هەر هەنگاوێکی چنوور بۆ پێشەوە دەینا، ژیوانی دڵی تەمورەی ژی دەژەند. دەفژەنی مێشک بە هۆرەوە ئەم هونراوەی پیرەمێردی دەچری" گیانە وەنەوشە و چنوور لە گەڵ گوڵ، سەودای دیتنی توێیان کەوتە دڵ. چنوور بۆ زوڵفت لوول و پەشێوە، وەنەوشە ملکەچ خاڵی لای لێوە."

چنوور کە ئارێزی لە نێو ئەو کۆمەڵە گەنج و لاوە دی، هەنگاوی شل بوو و وەکوو کارمامز سڵی کردەوە. لەپڕ ڕێگای بەرەو لای چەند کناچەیەک کە خەریکی خوێندنی بڵاۆک بوون خوار کردەوە. چەند هەنگاوێک ڕۆیشت تا چنۆ بانگی لێکرد: چنوورا وەرە بۆ ئێرە کاک ئارێزیش لە ئێرەیە.

چنوور بەرەو لای ئەوان گەڕایەوە. کە سەیری کۆڕەکەی کرد بە چاو پێنج کچی دیکەی ژمارد، ئێتر هەستی بە تەنیایی نەدەکرد. کە گەیشتە نێو ئەو کۆمەڵە سڵاوی کرد. هەموویان لە بەری هەستان و خۆش ئامایان پێوت. بە ئارێزی وت: مەگەر تۆ لەم گەرەکە نامۆیت. بۆ نەهاتی بۆ ماڵی ئێمە؟

ئاریێز: بە پەلە بووم و کاتیشم زۆر کەم بوو. بە دەم ڕێگەوە ویستم گەر هەواڵنامەی تازە هاتوە یەک دانە بەرم. کە ئەم هەڤاڵانەم دی، بە ڕێزی ئەوانەوە کەمێک لە لایانەوە دانیشم.

چنوور: منیش بۆ ئەوە هاتم کە هەواڵنامەی تازە بەرێمەوە ماڵێ.

ئاریێز سەیری کاتژمێرەکەی کرد و گوتی: ئەگەر باوکت لە ماڵدایە چارەکێک کاتم هەیە دەتوانم بچم بۆ دیدەنی وا باش نییە؟

چنوور: بابم زۆر خۆشحاڵ دەبێت، ئەگەر ئەو کارە بکەی.

ئاریێز و چنوور ماڵ ئاواییان لە کۆڕەکە کرد و ئەوانیان بە جێهێشت.

ئاریێز: چنۆ تۆیش دینەوە بۆ ماڵ؟

چنۆ کە بە ئەویندارى ئەوانی دەزانی وتی: نا ! سپاس ! ئەمن لە گەڵ هاوڕێیانمدا هەندێک کارم هەس، دوایی دێمەوە.

ئاریێز هەناسەیەکی ئارامی هەڵکێشا و لە تەک چنووردا بنکەیان بەجێهێشت. بە ئەسپایی و لە سەرخۆ بەرەو ماڵ وەڕێ کەوتن. لە دەردی هەناو و تاسەی ئەڤینی خۆیان دەدوان. بەسرنجی چاوان و بزەی لێوان، هەستی خۆشەویستی خۆیان دەردەبڕی. تەز و موچرکی دووری جەرگی ئاریێز و چنووری دەرزیاژن دەکرد. دەیانەویست یەکترین لە باوەش بگرن تا کاتی مردن کەس نەتوانێت لە یەک جیایان بکاتەوە. تا بەتینی دەروونی یەکتر ببووژێنەوە. لە بەر دەروازەی نێو کۆڵانە بنبەستەکەی ماڵی چنووردا، کە چاوی پەنجەرەی هیچ ماڵێک نەیدەدیت یەکیان لە ئامێز گرت و بە ماچێکی نێو لێوان خێرا لە یەک بوونەوە.

ئاریێز چووە ژووریَ سلاوی کرد. هەندێک دانیشت و ئەوسا بەرەو لای سیروان ماڵ ئاوایی لێیان کرد. هەر چەند ویستیان لە ویَ بمێنێتەوە بەلام بیَ سوود بوو. وەکوو هەمیشە چنوور تا پشتی دەروازە بە رامووسان رەوانەی کرد. بە دوو ماچ بووژایەوە و خەمی دووری رەوایەوە .

ئاریێز هاتە ژووری لای سیروان. هێشتا مەست و سەرخۆشی ماچی چنووری لە سەر دەرنەچوو بوو.

سیروان: چییە ئاریێز وا شاد و گەشی؟ بە وتەی پیران" باز دەبەی بەسەر پشکەڵاندا" نەکا رووگەی رێبازگەی ئەوینت دیبیَ؟

ئاریێز: مەستی وارگەی ئەوینم. لە ژوانگەدا ژیامەوە. رووگەی دلانم دیی.

سیروان: چاکت کرد کە ئەمڕۆیش خۆتت ڤەژین کرد. ژیانی بیَ ئەوین داری چاچییە کە دوورە لە ژین.

ئاریێز: هەرچەند ژوانێکی کورت بوو، بەلام بووژامەوە. تکایە ئیتر باسی نەکەین با زامی ئەوینم نەکولێتەوە تاکوو مەستییەکەم لە سەر نەپەڕیَ.

هەواڵنامەی تازەم پێیە. ئەگەر ماندو نیت تا بیخوێنمەوە؟

سیروان: نا ! فەرمۆ!

هەواڵنامەی ژمارەی ٢٩ی کۆمەڵە " ئەمڕۆ لە کاتی شەش و چارەکێکدا کارەوانێکی ئەرتەشی بە یەک تانگ، یەک نەفەربەر و ماشینێکی ریو لە تەک ئامبولانسێک لە پادەگانەوە بەرەو یانەی ئەفسەران وەڕیَ کەوتن. لە رێگەدا دەکەونە گەمارۆی

پێشمەرگە و خەڵک. پاش شەڕێکی قورس لە ئاکامدا ماشینەریوکە و نەفەربەرەکە دەسووتێن و ئامبولانسەکەش کە پڕ بوو لە چەک دەکەوێتە دەستی خەڵک. بەڵام تانگەکە دەچێتە نێوی یانەی ئەفسەران. لەم شەڕەدا کە لە پێش شارەوانی(شارەداری)١٣کەلاکی کوژراوی هێزەکانی ڕژیم بەجێدەمێنێت.

ئەمڕۆ لە پادەگانەوە نزیکەی٢٧٠گوللەی تۆپ و هاوەنیان داوە لە گەڕەکی ماڵە سازمانیەکانی شەریفاوا. کە دوو گوللەی ناتەقێتەوە و لە لایەن بنکەی شەهید تەهای حوسەینییەوە پوچەڵ دەکرێتەوە. دەڵێن کارەوانێکی ئەرتەشی لە هەمەدانەوە بەرەو کوردستان وەڕێ کەوتووە.

لە هێرشی پێشمەرگەکان بۆ سەر یانەی ئەفسەران٢٣کەس لە هێزەکانی ڕژیم دەکوژرێ و١٢کەسی دیکەش بریندار دەبن. ئەمڕۆ گەڕەکەکانی تازاوا و خەسراوا، لە لایەن پادەگانەوە بەخەستی تۆپباران دەکرێ." هەر ئەمانە بوون.

سیروان:سپاس دەمت خۆش بێت.

سێبەری چیای ئاوییەر بەرە بەرە شاری دادەپۆشی. تیشکی زەردەپەڕی هەتاویش لە سەر لۆتکەی چیاکانی ڕۆژهەڵاتی شارەوە هێدی هێدی پەڕینەوە. ئاسمانی فیروزەی ساوی ئەمڕۆیش بەرگی سورمەیی دێزی لە بەر کرد. پوڵ پوڵ هەسارەکان بە سەما و جریوەوە دەهاتنە نێو داوێنی شانۆی شەو، بۆ بەربەرەکانێ لە تەک وریشەی گوللەی زەرد و سوور وگڕی راکتی شەڕ. کە لە نێو گۆڕەپانی ئاسمانی شاردا ڕەمبازیان دەکرد.

کێ بێ ئاخۆ بوێرێ لە سیاچاڵی ژێرخان بێتە دەر، بۆ سەیری ئاسمانی پڕ جریوەی شەو. دەنگی دڵتەزێنی بۆردومان بەبێ وچان نەدەبڕایەوە. ژیانی پڕ لە بزوێنی منالانی کڕ و کپ کردو بوو.

ئارام وەک جاران بە ڕوومەتێکی ماندو و تۆزاوی، بە لێوانی وشک و تینو لە گەڵ هاتنەوەی ئەستێرەکان هاتەوە ماڵێ. ماوەیەکە لە گەڵ ئەستێرەدا مەرجی کردوە کە پێکەوە ماڵ و ئاسمان بە جێبهێڵن و هاوکات بگەڕێنەوە. واتە ١٥ تا ١٦کاتژمێر لە نێو سەنگەرەکانی شەڕدا بەبێ پشوودان، پاراستن و ڕاوستان. پێش بە هێرشی دوژمن گرتن و لە ژێر دەرزیاژنی بۆردومانی زەوین و ئاسماندا.

ئەمڕۆش چەند جار هێرشی دوژمنیان تێشکاند. هەرچەند لە سەنگەری ئارامدا بە پریشکی ڕێژنەی ڕەشاشی هێلیکوپتر دوو برینداریان بوو. شانی ئارام و باڵی کارەوانیش بە سووکی بریندار بوون. بەڵام هەر لەوێ دەرمان کران و ئەوانیش بە ئەرکی ڕۆژانەی خۆیان، کە پاراستنی خەڵکی شار بوو، درێژەیان دەدا.

ئەمڕۆ جگە لە مانۆیی ئارام ژانی برینیشی لێ زێدە ببوو. لە ماڵدا باسی نەکرد و بەڕووی خۆیدا نەهێنا کە بریندارە. بۆ ئەوە لە ماڵدا پێ نەڵێن یەک دوو ڕۆژێک بحەسێیەوە با برینەکەت زوون بێت.

ژیانی ڕۆژانی جەنگ خەریک بوو لە نێو خەڵکدا ئاسایی ببێتەوە و بەگشتی خەڵکی شار خوویان پێگرتو بوو. یەکێک وەکوو ئارام وەک کرێکارێکی لێهاتو بوو. کە چۆن هەموو بەیانییەک لە گەڵ کزنگی هەتاودا دەچێ بۆ کار و ئێواران لە تەک زەردەپەڕی خۆردا دەگەڕێتەوە ماڵێ.

ئارام سەرەڕای شەکەتی و مەترسی کوژران، وەکوو ئەرک بە فرمانی دەزانی کە نیشتمانەکەی و خەڵکی شارەکەی لە ئاستی هێرشی هۆڤ و دڕندانەی سپای پاشەڕۆی رژیم بپارێزێ.

هەرچەند خەڵکیش زۆر بوون کە لە شێوازی ئەم چەشنە ژیانە بێزار بوون، چۆن نەداهاتویان مسۆگەر بوو نەژیانیان. یان ئەوانەی کە ماڵیان کاول کرا بوو، و خۆشەویستیان لە خوێنا گەوزابوون. ئاوارە و تاراوەی نێو باژێری خۆیان ببوون.

دیسان شەو هاتەوە بە زاری پڕ لە باوێشک و چاوانی پڕ لەوەنەوزە. داپیرەی دڵۆڤان نەیدەتوانی لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە منالان، تاکوو بە چیرۆکی بریڤانی و ئەویندارى بینکاتە خەو.

منداڵان لە جەرگەی ژینگەی شەڕدا دەژیان و ئێش و ژانیشی بە ئێسک و پێستیان هەست پێدەکرد. وشەگەلی قەڵاچۆ، کۆشت و بڕ، ماڵوێرانی و تاراوەییان بە شەو و رۆژ دەبیست. دڵۆپەی یاقوتی خوێن و کریستالی فرمێسکی رۆڵە کوژراوانیان لە وێنەی ملوانکی ملی کەچی دایکیاندا دەدیی. ئاخۆ نۆرەی کێ بێ کە سەرچۆپی چەمەری مەرگ بگرێت؟

کۆرپەی ساوا لە گڕوگاڵ کەوتو بوو. بە دەروونی پڕ لە ترس و چاوانی زیت و مات دەیەویست بڵێ دایە تاوانی من چییە؟ وا کۆماری ئیسلامی فەرمانی مەرگی من دەدات. ئایا ئەمە دیاری ئیسلامە بۆ ئێمە منالان؟

دایکانی ئەسرین لە چاو قەتیسماو، هەناسە لە گەرویاندا پەمی خواردوبوو و خەریک بوو بیانخنکێنێ. بە هەر چەرمەسەرییەک بوو خۆیان ئەمجارەش رەزگار کرد، بە ئارامی دەیانگوت: رۆڵەی شیرینم! دوژمنی ئێمە هۆڤە دڕندەیە. بە درێژایی مێژووی داگیرکەری کاریان بووە و بەس. هەر لە مانگی رابردودا لە گوندەکانی قارنە و قەڵاتان بە فەرمانی ئیمام، منالی کۆرپەیان کە بە دەستترازەوە، دەست وپێ بەسترا بوو لە نێو بێشکەکەیدا هاوێشتیانە نێو ئاگری ماڵە سووتاوەکەیان. لە کاتێکدا دەگریا، فرمێسکی هەڵدەوەران لە نێو گڕی ئاگری رەنجی باوکیدا زیندو زیندو برژا و بوو بە خەڵوز.

ئەوانە بوو نەورۆزانەی ئیمامە پیرەی ئێرانە بۆ منالانی کوردستان. ئەمان رووی چەنگیز و هەلاکۆ و هەموو خوێنرێژانی مێژوویان سپی کردوە .

بارانی گوللە لەشی زامداری شاریان دەکێلا. نەرمە بارانی سروشتیش خەم و خۆڵی سەر پرچی سپی دایە پیرەی شاری دادەمرکاند. بۆنی بۆسۆی لەشی سووتاو بەدەم بای شەماڵەوە خۆی دەکرد بە ماڵاندا، لەگەڵ بۆن و دووکەڵی بارووتدا تێکەڵ دەبوون. شریخەی هەورەبرووسکە و گرمەی هەور، بە سەر دەنگی تۆپبارانی شەودا زاڵ ببوون. خوڕەی پلووسک و خرمەی بارانی سەربانان، ئاهەنگی خەویان دەژەند .

**بەشی١٠**

سێشەمە(وەرهرامڕۆژ)ی٩ ی گوڵانی٢٦٨٠ی کوردی ڕۆژی ئاتر، ئاگر، ئیزەدی پارێزگاری ئاگرە. ٢٩ی ئاپریلی١٩٨٠

---

سەرەڕای ئاسمانی ساوی ئێوارە، خوڕەی پلووسک و خرمەی‌بارانی سەربانان، سیروان و ئارێزی لە خەو هەستاند.

ئارێز: باشە ئەم بارانە دەبێتە هۆی دامرکاندنی خۆڵ و تۆزی ماڵەرووخاوەکانی نێو شار.

دایکی سیروان: وایە! بەشێک لە بۆچوونت کە دەگەڕێتەوە بۆ ژینگە ڕاستە و پێویستە. سروشت بۆ زیندو مانەوەی، گەشەکردن و بەرهەم هێنانی بژیو، بارانی دەوێ. هەر چەند ئەمساڵ لەم وەرزی بارانەدا، بارانی کەم باری. ئەو بەشەکەی کە دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕۆڵە ئازا و تێکۆشەرانە کە ئێستا لە نێوی قور و چڵپاوی سەرنگەرەکانیاندا دژ بە هێرشی دوژمن، جلوبەرگیان لە ژێر ڕەهێڵەی باراندا خووساوە. هەروەها لە بەر قامچی کزەی با دەلەرزن و هەڵدەچوقن. لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ لە بەر ئاگری چەک و تۆپخانەی دوژمن لە نێو ئاو و هەڕگدا ڕاکشێن.

دوژمن وەکو گیانلەبەرێکی هۆڤ چەقی دەرگای لێت گرتووە، کە تینووە بە خوێنی تۆ. ئەگەر بەریڤانی نەکەی، یان کۆڵبدەی، بۆ ئەو جیاوازییەکی نییە. هەر دەتخوا و خوێنت دەڕێژی. تەنیا شانس و بەختێک کە هەتە بۆ مانەوەت، لە گەڵیدا شەڕ و بەریڤانی بکەی. ئەگەر نەکوژرایت دەتوانی دەرباز بیت. ئەگەر کۆڵبدەی، یان دوورەپەرێز بیت، لە سەرخۆ خوێنت دەرێژێنێت. بە وتەی پێشینیان"بە نەوگ(لەباد) سەرت دە بڕێت" ئەوە نییە کە خەڵک لە ترسی ئەم دڕندانە گیانی خۆیان دەخەنە مەترسی. ماڵ و منداڵیان تێدا دەچێ. بۆ ئەوە نەکەونە ژێر دەست و چەپۆکەی ئەو هۆڤانە.

ئارێز: بەراستی وایە دایە گیان! گیانی مرۆڤ لە لایەن ئەوانەوە هیچ بایەخێکی نییە. ئەوان یاسا و ڕێسای جەنگەڵیان لە ئێراندا دامەرزاندووە. مەلاکان بە ڕەوەی هۆڤی پاسدار و ئەرتەشیەوە، خوێن ڕژتنی خەڵک بووە بە کارێکی ئاسایی و یاسایی بۆیان.

پاش خواردنی ناشتا، هێشتا خوڕەی پلووسک و خرمەی بارانی سەر بانان دەهات. نرکە و هەژاندنی تۆپباران تێکەڵ بە دەنگی شریخەی هەورەبرووسکە، ژینگەی شاری ئاخنی بوو. ئەو هەموو گرمە و دەنگە، لە گوێچەی شاردا دەزرنگایەوە. هەست و دەروونی خەڵکی بە گشتی و منداڵانی بە تایبەتی بریندار و بێ هیوا دەکرد.

دەنگی خوڕەی پلووسکەکان هێدی و ئارام بەرەو کزی دەرۆیشتن. شنەی شەماڵی بای مەدیتەرانە واتە دەریای ناڤین هەورەکانی گەواڵ گەواڵ دەکرد. بە هێزی قامچی، هەوری ڕەشی ڕاو دەنا و سپیەکانیشی وەکو خوری دەستی دایە پیرە، شی دەکردەوە و لە یەکی دەتەرازاند.

نەرمە بارانیش دواین پەلەقاژەی خۆی دەکرد، تاکوو دواین دڵۆپەکانی زوخاوی خەمی بە سەر شاردا هەڵوەرێنێ. شەماڵ هەورە شپرز و تاک تاکەکانی لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی شارەوە کرد بەو دیودا و بەرەو لەیلاخ و گەرووس.

بە هاتنی رۆژ و تینی تیشکی خۆرەتاو، داپیرەی شار بە هەموو لەشو گیانی، تیشکی خۆری ماچکرد. قژە سوورەکەی کە بە خوێنی لاوان خەنەیی رەنگی کردو بوو، بە نووکی پەنجە بریندار و براوەکانی بە هەزار چەرمەسەرێ، بە سەر سینگی بریندار و دڵی باوان شێویاگیدا دایدا. لە ژان و خەمی خۆیدا شینی دەگێرا. بە تین و تیشکی هەتاو بووژانەوەیەک کەوتە نێو جەستەی. رووناکی کەوتە دڵی، بۆ ئەوانەی کە بێ ماڵن یان لە نێو ماڵە روخاوەکانیاندا هێشتا بێ سەرپەنا لە بەر چۆڕەی قوڕ و شڵپاوی بارانی شەودا دەژیان. بەڵکو لانیکەم چەند دەمێکی تر لە ژێر دار و پەردوە روخاوەکەیاندا، خۆیان لە سەرما و سۆڵەی شەوان بپارێزن.

سیروان کەوتە بیری وتەکانی کا شێرکۆ، کە پیاوێکی بە ئازموون بوو. لەماوەی 84ساڵی تەمەنیدا دەیان شەڕ وماڵوێرانی چەشیبوو. لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا زمانی ئینگلیزی و رووسی فێر ببوو و کاری وەرگێڕانی دەکرد. لەو سەردەمەدا کە ئینگلیسیەکان بە هۆی داگیر کردنی سنە، لەوێ خاوەن دەستەڵات بوون.

کا شێرکۆ هەمیشە بیرەوەریەکانی خۆی بۆ گەنج و لاوانی بنکە، بە تامەزرۆی خۆش دەیگێڕاوە. یەکێک لە بیرەوەریەکانی وا گێراوە" رۆژێک ئەفسەرێکی سپای ئینگلیس پرسیاری لێ کردم، بۆ لەم دەڤەرە خەڵک ماڵی خۆیان سەرسەری و ساکار دەکەنەوە؟

بۆ هیچ کەرەسەیەکی پڕ بەها بە کار ناهێنن؟

ئەو ماڵ و کۆشکانەی رابردوو زۆر جوان و هونەرمەندانە چێکراون، بەڵام ئێستە وانییە؟"

کا شێرکۆ وتی وا وڵامم دایەوە: بە گوێرەی زانستی خۆم و ئەوەی کە لە پێشینیانم بیستووە. " نیشتمانی ئێمە لە وەتەی مێژوو تۆمار کراوە، گۆڕەپان و مەیدانی شەڕ بووە. ئەو کۆشک و بینا جوان و پڕ بەهایانە کە تائێستە ماوەتەوە، هی سەردەمی دەستەڵاتداری خۆمان بە سەر خۆماندا بووە. ئەو ماوەیە داگیرکەران نەیان توانیوە داگیر و کاولی بکەن. لە کوردستان ئەگەر سەیری مێژووی هەر شار و گوندێک بکەین دەیان جار سوتێنراوە و رووخاوە. خەڵک دووبارە و سێبارە چێیان کردوەتەوە. ئەو ماڵانە کە وا ساکار و سەرسەری چێدەکرێن، هۆی ئەوەیە کە خەڵک هەست بە ئاسایشت و ئەرخەیانی ناکەن. لەوە دەترسن کە هەر شا و گزیرێک کە دێتە سەر دەستەڵات ماڵیان دەسووتێنێ و خوێنیان دەرژێنێت. ئەوە نییە کە هێشتا ئەو دێهاتانە کە رووسیەکان تاڵانیان کردوە و سووتاندویانە دووکەڵی هەر ماوە."

ئارێز: راست دەکات. ئەوە نییە پاش چەند دەهە، کە شەڕی یەکم و دووهەمی جیهانیش تەواو بووە، بەڵام هێشتا لە نیشتمانی ئێمەدا شەڕ هەر نەبڕاوەتەوە. هەر جار بە بیانویەک قەڵاچۆمان دەکەن. بۆ لا بردنی ئەم رەشبینیە پێویست بە ئاڵ و گۆڕێکی بنەرەتی هەیە. ئەویش نەمانی داگیرکەرانە بە سەر نیشتمانەکەماندا.

سیروان: وایە خەڵک کە چارەنووسی خۆی، لە نێو نیشتمانەکەماندا نازانێ چی بە سەر دێ. جا چۆن سەرمایەی لە سەر دادەنێ. لێگەڕێن هەر چێ زۆرتر بیری لێبکەینەوە لەم هەلومەرجەدا بە ئامانجێک ناگەین. ئەمرۆ هەست بەوە دەکەم کە برینی لاقم ژان و ئێشی نییە. لەوانەیە خەریکە سارێژ بێتەوە. حەز دەکەم ئەمرۆ کارێک بکەین.

من بەم جۆرە بەرنامم داڕژتووە. ئێمە دەتوانین لە ژێر شیروانی سرمیجی خوێندنگەی کچانەی مەستوورەی ئەردەڵان، یان لە نێو کومانچ و هەورەبانی ئەوێ. کە نێو زاڵگەی یانەی ئەفسەرانی بە باشی پێیەوە دیارە، کارێک بکەین. ئەو چەکدارانەی ڕژیم کە تەقە لە خەڵکی ڕێبواری ئەو دەوروبەرە دەکەن بدەینە بەر دەستڕێژی خۆمان. لە ژێر سرمیجەکەوە چەند کونە کۆتر، چێکراوە کە زۆر کارا و بە نرخن. ئێمە دەتوانین هەم چەکی خۆمان بەرین و هەم لە بنکە دوو چەکی بڕنەو بە فیشەکەوە کە بڕستی بە باشی دەگاتە ئەوێ بەرین. تۆ دەڵێت چی؟

ئارێز: زۆر باشە با بچین. هەر ئێستا.

هێشتا پرشەی نەم نەمی واران هەست پێدەکرا. وەرڤین و دڵۆپەی ئاوی سەرلەق و پاساری ماڵان تکتک بەردەبوونەوە. بۆنی شی خۆڵ و کاگڵی خووساو گەلێک خۆش بوو. دامرکاندنی تۆزی ڕێگا و بانان، دوور لە دەنگی تەقەی شەڕ و بۆردومان، ئەو هەستەی بە مرۆڤ دەبەخشی کە دڵی کەڵکەڵەی نێو سروشتی بەهارانی داوێنی کێوستان بەکات. هەروەها بیرەوەری وەهارانی رابردووی دەبووژانەوە.

سیروان و ئارێز چوونە نێو بنکە، لە بەرپرسیاری چەکخانەی ئەوێ، داوای دوو چەکی برنەویان کرد. لەوێ چەن برنەویەکی لێ بوو کە هەر لە جێگای خۆیان مابونەوە، کەس خۆی لێ نەدەدان. سیروان و ئارێز دوو چەکی برنەویان بە قەتارە فیشەکەوە هەڵگرت و لە گەڵ خۆیان بردیان. پاش ماوەیەکی ڕێپێوان و پارێز لە دیدی هێلیکوپترەکان گەیشتنە سەرتەپۆڵە. لە وێڕا بەرەو خوارەوە بوونەوە بەرەو کۆڵانە تەنگ و باریکەکانی پشت خوێندنگەی مەستوورەی ئەردەڵان.

لەوێ تۆشی چەند پێشمەرگەی بنکەکانی سەرتەپۆڵە و ناو دۆمەکان بوون. یەکێک لەوانە هاو کلاسی دێرینی سیروان بوو و یەکتریان بە باشی دەناسی و دۆستایەتیان هێشتا هەر مابوو.

سیروان، رسکانی بە ئارێزی ناساند کە منالی ناودۆمەکان بوو. رسکانیش چوار هەڤاڵی خۆی بەم جۆرە بە ئەمان ناساند "هاوڕێیان کەژوان و ژیوان بران و سەرتەپۆڵەیین، پاکۆ هاوسێ و هەڤاڵی خۆمە و دانیاریش برا بچکوڵەمە."

سیروان: رسکان دەزانیت بۆ ئێمە هاتوین بۆ ئێرە؟

رسکان: بە هەر ئامانجێک هاتون خۆش هاتن و ئێمەش هەر کارێکمان لە دەست بێ بە دڵ و بە گیان بۆتان جێبەجێ دەکەین.

سیروان: سپاس! ئێمە دوو برنەو و یەک دووربینمان هێناوە، بەو نیازە کە لە نێو کۆمانج یان لە شوێنێکی باش کە بە سەر سەنگەرەکانی نێو یانەی ئەفسەراندا زاڵ بێت. دەمانەوەی ئەو مرۆڤ کوژانەی ئەوێ تۆزێ ئازار بدەین تاکوو بزانین کە چەند مەردە هەلاجن.

ژیوان: برنەو بردی باشە. شپرزەیان دەکات. لە تەک مندا وەرن تا چەند جێگای باشتان پێ پیشان بدەم. هەر کامتان پێ باشتر بوو سێرەی لێبگرن. گشتیان پێکەوە لە نێو خوێندنگەوە لە پلکانەکانی سەرکەوتن تا چوونە نێو کۆترخانەکەی ژێر شیروانی سەربانی خوێندنگەکە.

ژیوان چەند کوونە کۆتری بن سرمیجەکەی بە سیروان پیشاندا.

سیروان بە چاو و بە دووربینەکەی بەباشی سەیری حەوشی یانەی کرد. دووانیان کە دیدی باش بوو هەڵیبژارد.

ئاریژ بە برنەو و دانیار کە دووربینی پێ بوو خستیە لای ئاریژ و دووربینەکەی خۆیشی دا بە دەستی رسکان و لە لای خۆی دای نا. پێیانی راگەیان نابێت بە هیچ کولۆجێک وریشە و بریقەیەک نە لە لولەی چەک نە لە شوشەی دووربینەکانمانەوە دەرکەوێت.

نابێت دوژمن شوێنەکەمان بدوزێتەوە. دەبێت سەد لە سەد دا کە تەقە دەکەین دوژمن بپێکین. هیچ پەلەمان نییە. ئەوە نەخشەی منە، ئێوەش هەر نەخشەیەکتان هەیە فەرمون بێژن. رەنگە لە هی من باشتر بێت. هەموویان وتیان ئێمە هاو بیری تۆین.

رسکان: سەنگەری نێو حەوشی یانە بەرەو بان فردەوسی، دوو چەکداری تێدایە کە یەکیان بەرەو خیانابی فردەوسی تەقە لە خەڵک دەکات، و ئەوی دیکەیان خەریکی پاگژ کردنی چەکەکەیە.

سیروان: ئاریژ! ئەوەی وا دانیشتوە بۆ تۆ، ئەویتریان بۆ من. بە باشی سێرەی لێبگرە و باشترە هاو کاتیش تەقە بکەین. کاک رسکانیش کاتێک کە ئێمە ئامادە بووین فەرمانی ئاگر بدات. سیروان و ئاریژ گوتیان ئێمە ئامادەین.

رسکان: ئاگر!

دانیار: بە دووربینەکەیەوە سەیری دەکرد وتی: هەر دوکیان کەوتن. ئاریژ و سیروان خێرا چەکەکەیان پڕکردەوە. چاوە رێی بوون کە بێن ئەو کوژراو، یان بریندارانەیان بەرن.

پاش چەند خولەکێک پسکە پسک و دوو دوو، چوار چەکدار بە کۆمە کۆم لە بن دیواری شۆرەی بەرەو فردەوسییەوە بەرەو لای ئەو دوو کەسە هاتن. ئەوان پێیان وا بوو لە لای بازارەوە تەقە دەکرێ. بۆیە دوکەسیان بەرەو ئەوێ سەنگەریان گرت.

سیروان بە ئاریژی وت: ئەوەی کە لە تەنیشتی ئەو پاسدارە، کە من لێمداوە دانیشتوە بۆ من، ئەوی دیکەیان بۆ تۆ.

رسکان فەرمانی ئاگری دا. ئەو دوو کەسەش کەوتنە سەر ئەو دوو پاسدارە کوژراوە. هێشتا ئەو دوو کەسەکەی دیکە کە کە خەریکی تەقە لە رێبوارانی ئەو خیابانە بوون، ئاگایان لە کوشتنی ئەو دوو پاسدارە تازەش نەبوو.

سیروان: ئاریژ ئەوەی دەستی راستیان بۆ تۆ و چەپیش بۆ من. فەرمانی ئاگر لە زاری رسکانەوە تەواو نە بوو ئەو دوو پاسدارەش لە خوێن گەوزان و قەپیان کرد بە زەوییەکەدا.

چارەکێک کات رۆیشت کەس بە دەم ئەوانەوە نە هات. ئەمانیش بەبێ پەلە چەکیان لێ پڕکردو بووەوە و چاوەڕێ نەچیر بوون.

دانیار: یەک چەکدار لە دەرگای ئەو بینایە هاتە دەرێ.

رسکان: یەکێکی دیکەش خەریکە دێتە دەرێ، راوستن بزانین بۆ کوێ دەچن.

پاکۆ: تەقەیان لێ بکەن و بیدورێنەوە بە دیوارەکەوە.

سیروان: نا ! ئەویّ باش نییە. چۆن ئەو دیوار و بینایە روبەروی ئێمەیە و گەر لەویّ تەقەیان لێبکەین، ئەوان دەزانن لە چ لایەکەوە تەقە دەکریّ. ئەوسا تۆشی تۆپباران و هێلیکوپتر دەبین. لێیان گەڕین با بێنە پێشەوە لای دیواری فردەوسی.
رسکان: لە نێو پەنجەرەی دەرگای دەستی چەپدا پاسدارێک دەبینم کە بە دووربین سەیری ئەم دەوروبەرە دەکات.
ئەو دوو کەسە کە لە دەرگاکەوە وەدەر کەوتو بوون. لە ترسدا وا خۆیان بە دیواری ژوورەکانەوە چەسپاندوە و گورپیان کردو بوو، وەکوو پەیکەرێکی بێگیان نە دەجوولانەوە. پاش ماوەیەک بە ئەسپایی و هێدی هێدی بەرەو لای کوژراوەکانیان وەکوو مەیمون بە چوار دەست و پیّ رۆیشتن.
ئارێز: ئەوەی لای راست بۆ من و چەپیشی بۆ تۆ. کاتێک گەیشتنە سەر کوژراوەکان لە ویّ دانیشتن و یەکیان بە ئامێری بیسیم خەریکی راپۆرت دان بوو، کە رسکان وتی: ئامادە! ئاگر. ئەوان هاوکات کە سێرەیان لە پێشدا گرتبوو پێکەوە تەقەیان کرد.
دانیار: دەستان خۆش هەر دووکیان پاسپۆرتی بەهەشتیان وەرگرت. ئەمە هەشت پاسپۆرت تاکوو ئێستا.
جار و بار بە دەنگی تەقەی برنەوەکانەوە، کۆترەکان دەترسان و بە شەقەی باڵیان ئەملا و ئەولا لە ژێر شیروانییەکە دەفرین. فڕینی کۆترکان دەبوو بە هۆی تۆزی خۆڵی مردو و رێقنەی وشکی چەند ساڵەیان. تۆزەکە گەروویانی وشک دەکرد و دەئاخنیەوە، یان جار جار دەپژمین.
ژیوان: ئەمن جێگایەک شک دەبم کە بە سەر سەنگەری رۆژهەڵاتی دوژمن کە بەسەر خیابانی شاپوور زاڵە. ئەو خوێن رێژانە تاکوو دوێنیّ چەند کەسی سڤیلیان لەم خیابانە کوشتووە.
ئەوان بە دوای ژیواندا رۆیشتنە ئەویّ. تیشکی خۆر لە کونەکانەوە ژووری بن شیروانیەکەی رووناک دەکردەوە. لەبەر تیشکەکەدا گەرد و تۆز دەسووڕانەوە و دیار بوو چەندە خەست و پیسە.
ژیوان لە یەکێک لە کوونە کۆترەکانەوە سەیری دەرەوەی کرد و وتی: کاک سیروان بیّ تواشای ئەو دوو پاسدارە بکە کە چۆن بە قەناسەکانیانەوە سێرەیان لە خیابانەکە گرتووە.
سیروان کە سەیری کرد تیشکی بە هێزی رووناکی خۆرەتاوەکە بەر چاوانی لێڵ و تاریک کرد. بۆ دەمێکی کورت سەیری کرد تاکوو چاوانی بە رووناکیەکە راهات. ئەوسا دیی بە باشی سەر و سینگیان لە ئەو دیوی دیوارە کەوە دیارە.
ئارێزیش سێرەی گرت.
سیروان: ئارێز! ئەم جارە دەبێت زۆر وردبینانەتر تەقە بکەین چۆن لەشیان کەمتر دیارە و روبەرومانن. تۆ سێرە لە لای خۆت واتە دەستی راست، و منیش لای خۆم دەگرم. کاتێک فەرمانی ئاگر درا رسکان و دانیار بە دووربین سەیری نێچیرەکانیان دەکرد. هەر دوایان پێکەوە گوتیان کەوتن!
رسکان: دەستان خۆش بیّ هەردووکیان بە پشتەوە کەوتنە نێو حەوشی یانەکە و چەکەکانیان بەر بووەوە سەر بانی دووکانەکانی سەر خیابانی شاپوور.

سیروان: کاتی ئەوەیە کە زوو ئێرە چۆڵ کەین تاکوو هێلیکوپترەکان شپرزەیان نەکردوین. هەموویان بە خێرا خوێندنگەکەیان بە جێهێشت و هاتنەوە نێو کۆلانەکەی ماڵی رسکان. لەوێ لە یەکترین ماڵ ئاوایان کرد.

لەم کاتەدا دەنگی شەقەی باڵی هێلیکوپترەکان نزیک ببووەوە.

ئارێز گوتی: ناشێ بۆ بردنی کەلاکی کوژراوەکانیان هاتبن.

سیروان: نا! ئەوە بۆ پاراستنی یانە هاتون تاکوو بە بێ ترس کەلاکەکان کۆ بکەنەوە. هەر کاتێک دەنگیان نزیکتر دەبووەوە، ئەوان خۆیان دەخستە نێو دەروازەی خەڵک یان بە شێوەیەک خۆیان لە دیدی باڵە فڕەکان دەشاردەوە.

ئارێز: من پێشنیارێکم هەیە. بەم جۆرەیە. بەدەم ڕێگەوە بچین بۆ چوارباخ. لەوێ سەردانی بنکە بکەین. ئەگەر چنوور و میترا لە وێ بوون چ باشتر دەیان بینین و تاسەمان لێیان دەشکێ. ئەگەریش لەوێ نە بوون، دەچینە ماڵی کاک کامەران چنووریش میترا ئاگادار دەکا، کە بێت بۆ ئەوێ. تۆ چەیژی ؟

سیروان: باشە وا بکەین. هەر جۆرێکت پێ باشترە. بۆ دیتنی یار وشەی نا بێمانایە.

سیروان و ئارێز لە بن پاسار و دیوارەکاندا خۆیان گەیاندە بنکەی یار.

چوارباخ گەڕەکێکی ئێجار گەورەیە چەند بنکەی تێدایە.

کاتێێک دەیانەویست لە دەروازەی بنکەوە بچنە ژووری، چنووریان بە چەپکێ هەواڵنامە و بلاوک دیی، کە دەیەویست بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان.

ئارێز و چنوور لە پڕ یەکتریان دیی. چاویان بوو بە کانیاوی وەهار و ڕوومەتیان بوو بە دەشتی گوڵاڵەسوورە. ترپەی دڵیان بوو بە هەوری باران. بۆ چەند چرکەیەک لە سەیری چاوانی یەکتردا وون ببوون و لە ناخی خۆشەویستی یەکتردا بووژانەوە. هەر دوو ئەویندار و بەنگینی یەکتر بە زەردەخەنەیەکی ئەوتۆ هایا و وشیار بوونەوە. بە وشەی سلاو و بە هەستی بەرپرسیاری سەرنجی سیروانیان دا و هاو کات هەر سێکیان پێکەنین.

چنوور: بمبوورە کاک سیروان کە سلاوم لە بیر چوو.

سیروان: بیری لێمەکەوە! جیهانی ئەویندارارن زۆر مەزنە. سەدان ڕێز بۆ تۆ چنوور خانم!

چنوور: وەرن با بچین بۆ ماڵی ئێمە بابم لە ماڵە و لە تەنهایدا وەڕەز بووە. بە دیتنی ئێوە شاد دەبێت. ئێوە بچن بۆ لای باوکم، منیش دەچم میترا دێنم بۆ ئەوێ. لە ماڵەوە باشتر دەتوانین قسە بکەین تاکوو لە بنکە .

ئارێز زەنگی دەروازەکەی لێدا.

چنۆ خێرا هات و دەروازەی کردەوە، کە ئەمانی دیی بەگەرمیەوە هەواڵپرسی کرد.

ئارێز: ئەرێ چنۆ مێوانتان گەرەکە؟

چنۆ: مێوانی چیی! ئێرە ماڵی خۆتانە، فەرمون با بچینە ژووری.

ئاریا کە لە پەنجەرەکەوە سەیری دەکرد بە باوکی وت: بابا، بابا مزگەینی! کاک ئارێز و کاک سیروان هاتن.

کا کامەران هەستا و چوو بۆ پێشوازیان. پاش خۆشدوش و لێپرسینی گەرم و گوڕ لە نێوان ئەمان و ماڵباتی کاک کامەراندا، لە ژێرخانەکەیاندا روونیشتن.

خاسێ خانم خێرا چای هێنا و وتی: نازانم بۆ چنوور نە گەڕایەوە؟
چنۆ: گەرەکتانە تاکوو من بچم بە دوایدا؟
کامەران: نا رۆڵە گیان پێویست ناکات. ئێستە دەگەڕێتەوە، لەوانەیە بە باسی رامیاریەوە لە گەڵ هەڤاڵەکانیدا سەرقاڵ بێت. درێژەی بە وتەکانی دا و بە سیروانی وت: برینی لاقت چۆنە؟
سیروان: بە دڵوڤانی ئێوەوە ئەمڕۆ باشترە!
چنۆ: کاک ئاریێز هۆی چییە کە ئەمڕۆ یەکێ دوو چەکتان پێیە؟
ئاریێز: ئەها مەبەستت ئەو برنەوەیە! ئەوانە لە بنکەی گەڕەکی کاک سیروانە وەرمان گرت بۆ ئەوە تەقە لە پاسدارانی نێو یانەی ئەفسەران بکەین.
چنۆ: تەقەتان کرد؟ دەستکەوتێکی بوو؟
ئاریێز: ئا زۆر باش بوو لە بەیانییەوە تاکوو پێش ئەوەی بین بۆ ئەگرە یەکێ پێنج پاسپۆرتی بەهەشتمان پێیان بەخشی، بە ویزاوە.
کاکامەران: لە کوێیەوە سەنگەرتان گرت؟
ئاریێز: چووینە نێو کۆترخانەکانی خوێندنگەی مەستوورەی ئەردەڵان واتە ژێر شیروانییەکان.
کاکامەران تۆز قرتانی نەکرد؟
ئاریێز: نزیک بوو بخنکێن!
کا کامەران وەکوو هەمیشە تینوی باسی رامیاری و دەنگوباسی تازە بوو. لە گەرماگەرمی باسدا بوون کە چنوور و میترا هاتنە ژوورێ. پاش سڵاو و لێپرسین ئەوانیش لە بەرانبەری سیروان و ئاریێزدا دانیشتن.
کا کامەران رووی لە چنوور کرد و وتی: ئەرێ کچم دەنگوباسی تازەی ئەمڕۆ چیت پێیە؟
چنوور: چەند لاپەڕەیەک بڵاوکی هێزە رامیاریەکان و هەواڵنامەی تازەی کۆمەڵەم هێناوەتەوە.
باوکی: بە یارمەتیتان با لە بڵاوکی بیری رامیاری هێزەکان گەڕین. ئەوە بیر وباوەڕی ئەوانە و دەزانین کە چ دەڵێن. بەڵام کچم تۆ زەحمەت بکێشە هەواڵنامەکانمان بۆ بخوێنەوە.
سیروان و میترا کە لە بەرانبەری یەکتر رونیشتو بوون چاویان لە یەکتر هەڵنەدەبڕی. چنوور سەیری ئاریێزی کرد و هەواڵنامەکەی خوێندەوە.
"هەوڵنامەی کۆمەڵە ژمارەی ٣٠ رۆژی ٩ی گولانی ٥٩. خەڵکی قارەمانی سنە! ئەمڕۆ دەهەمین رۆژی راوستانی خەڵکە دژ بە هێزی ئەرتەش، پاسدار و جاشەکانە. هێشتا سەرەڕای بۆردومان و گوللەبارانی شار لە لایەن پادەگانەوە، خەڵک بە ورەیەکی زۆر باشەوە شان بە شانی پێشمەرگەکان بە راوستان و بەریڤانی خۆیان درێژە پێدەدەن. لە هەلومەرجێک دا کە هەر رۆژە رژیم بە سەدان گوللەی هاوەن و تۆپ لە پادەگان و ئەو زاڵگانەی کە لێ سکارو بوون دەهاوێژنە نێو گەڕەکەکانی شار.
سەرچاوەی گۆگای راگڕدنی ئاوی خوادنەوەی حاجی ئاوا بە تۆپبارانی ئەرتەشی مرۆڤ کوژ خراپ دەکرێ. ئاو و وزەی بەشێکی زۆر لە شار پچراوە. نانەواخانەکان،

کۆشتفرۆشەکان داخراون. خەڵک لە ماڵی خۆیاندا نان دەکەن. گۆشت فرۆشەکانیش لە ماڵی خۆیاندا ئاژڵ سەر دەبڕن.
نەخۆشخانەکان بە هۆی نەبوونی دوکتور، دەرمان و برینپێچ بە تایبەت ئاسایش بۆ کارمەندانی داخراون.
ئەرتەش بە ئاریکاری خۆفرۆشان چەند جار هێرشی لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتەوە هێناوە بۆ نێو شار. بەدانی کوژراو و برینداری زۆر، هەموو جارێک تێشکاون و پاشەکشەیان کردووە.
رۆژانە چەندها کەس لە خەڵکی ئاسایی و بێدەرەتانی ئەمشارە بە بۆردومان و رەهێڵەی رەشاشی هێلیکوپترەکان دێنە کوشتن و بریندار بوون. هەر ئێستا زۆرتر لە سەدان بریندار لە تەنیا نەخۆشخانەیەک کە کار دەکات، کەوتون. ئەمەش لە کاتێکدایە کە دەرمان، نەشتەرگەر، دوکتور و برینپێچ لە کەم و کوریدان. سەرەڕای ئەم هەموو بارودۆخە ناخۆشە، خەڵکی قارەمانی شار خەریکی راوەستان و بەریڤانی لە باژێرەکەیانن. ئەندامانی بنکەکان، کەلە دەروونی خەڵکدا هەڵقولاون، بە بیر و بڕوایەکی شۆڕشگێڕانە کار و ئەرکی خۆیان بە باشی بەڕێوە دەبەن. هەرکام لە بنکەکان دەرمانگەیەکی بچوکیان چێکردووە و هەندێک دەرمان و کەرەسەی پێویستی رۆژانی جەنگیان تێدا کۆ کردوتەوە.
هەروەها خەڵک فێر دەکەن کە چۆن خۆیان لە هێرشی هەوایی بپارێزن، و یارمەتیە سەرەتای برینداران بدەن. یان تەدارەکی کەرەسەی جەنگی و خواردنەوە و خواردەمەنی بۆ جەنگاوەرانی بەرەکانی شەڕ بەرن، و هەروەها یارمەتی خەڵکی لێقوماو و ماڵوێران بدەن.
پێشمەرگە دلێرەکان، بە ورەی بریڤانیەوە سەنگەرەکانیان دەپارێزن. لەم هەلومەرجەدا، هێزەکانی دوژمن هەر رۆژە توشی شکەست و زیانی زۆر دەبن. دەیان کەسیان لێدەکوژرێ و بریندار دەبێ. هەژماری کوژراو و برینداریان ئەوەندە زۆرە، کە نەخۆشخانەکانی کرماشانیش ئیتر جێگایان نەماوە.
بەڵام فەرماندە خوێنرێژەکان بە فەرمانی کاربەدەستانی رژیمی دژ بە خەڵک هەر قەلاچۆ دەکەن و خوێنی گەلی کورد دەرژێنن. ئەوان هەر رۆژە کارەوانێک لە سەروازانی نا ئاگا و بێ ئازمون دەنێرنە گۆڕەپانی شەڕ. زۆر جار تاکە کەسێکیان بە زیندویی ناگەڕێتەوە .
بەڵێ ئەمەیە راسڵی شەڕێکە کە رژیم بە سەر خەڵکی ئەم شارەدا دایسەپاندووە. جەنگێک کە زۆربەی کوژراو و بریندارەکانی خەڵکی زەحمەتکێشن. ئەم شەڕەی رژیمی خوێنرێژ و دژ بە خەڵک، بە سەر خەڵکی چەوساوە و زۆرلێکراوی، وەکوو گەلی کورد کە مافی سەرەتایی خۆی دەوێ دایسەپاندوە.
دەستگاکانی پڕوپاگەندەی رژیم، ئەم راوستان و بەریڤانییەی خەڵکی قارەمانی سنە، پەیوەندی بە بێگانەوە دەدات. ئەویش بە رژیمی سەدامی دژ بە مرۆڤ کە هاو تەرازی خۆیانە لە خوێنرشتندا.
کرێکاران! شۆڕشگێڕان و ئازادیخوزانی ئێران! بە لە قاودانی کوشت و بڕی رژیم لە کوردستان، یارمەتی خەڵکی زۆرلێکراوی کورد بدەن. خەڵکی زیان لێکەوتو و ماڵوێرانی

کورد بە یارمەتی مادی و معنوی ئێوە پێویستی هەیە. بە دروست کردنی بنکەگەلی یارمەتی گەیاندن بە خەڵکی کورد، یارمەتیەکانتان لە باری ماڵی و دەرمانی خۆتان لە رێ رێکخراوەی ئێمە یان بە هەر جۆرێک بۆتان ئاسانە بۆ کوردستان بنێرن. سەرکەوتو بن .

ئەمڕۆ یەک مینی بوس بە ١٥ چەکداری جاش و پاسدارەوە کە دەیانەویست لە رێگەی جادەی فرۆکەخانەوە بێنە نێو شار، کەوتنە نێو داوی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دیموکرات. هەموویان کوژران و چەکەکانیان کەوتە دەستی پێشمەرگەکان."

کا کامەران رووی لە سیروان کرد و وتی: ئەرێ سیروان! تۆ بزانیت ئەو داوا و داخوازیەی کۆمەڵە لە خەڵکی شۆڕشگێڕی ئێران کەی دەگات؟

سیروان: لە نێو رووناکبیرانی ئێراندا رەنگە یەک تا دوو لە سەدیان چەپ بن. ئەوانە هەژماریان زۆر کەمە. گرتمان یارمەتیان کۆ کردەوە، جا چۆن بۆ کوردستانی بەرێ دەکەن. ئەوان ئێستا لە ترسی هاوسێ ئاییینەکانیاندا خۆیان شاردوتەوە یان تاراوەی ئەملا و ئەولا بوون.

سنە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراوە. رێ بە کەس نادەن کە لە شار دەرچێ یان بێتە نێو شار. تەنها خەڵکی شارەزای ئەم دەڤەرە بە رێگەی نەهێنی و شەودا دەتوانن ئامشو بکەن. من پێم وایە ئەم داخوازیە باشە بەلام بێ ئامانجە.

کا کامەران: وایە! منیش هەر ئەو بووچوونەی تۆم هەیە. ئێمە لە نێو گەمارۆیەکی تەنگاو تەنگدا ئەوەندە دەتوانین خۆمان بپارێزین، کە ئاو و خواردەمەنی بەشمان بکات. یان دەبێ سەدان هەزار خەڵکی ئەم شارە، وەکوو خەڵکی نێو قەلای دمدم هەموو پێکەوە لە رێ پاراستنی شاردا بمرین. یان جەنگاوەرانمان شار بە جێ بهێڵین بۆ ئەو مرۆڤ کوژانە.

چنوور: کاک سیروان چ باسە کە ئەمڕۆ یەکی دوو چەکتان پێیە، ئەویش چەکی برنەو کە باوی نەماوە؟

سیروان: ویستمان بە تەقەی برنەو بانە چۆڵ بکەین! یان شەڕی نەرمو نۆڵی پێبکەین.

کا کامەران: نەکات لەم وەرزی وەهارەدا تاسەی گوڵی زەرد و سووری سلێمان بەگی بانەتان کردو بێ؟

ئارێز: نا چنوورا! سیروان گەمە دەکات. بە هۆی بردی زۆرەوە ئێمە ئەم دوو چەکەمان لە تەک خۆماندا برد بۆ نێو خوێندنگەی مەستوورەی ئەردەلان. بۆ ئەوە تەقە لە یانەی ئەفسەران بکەین.

میترا: دەی باشە ئێوە کە چوونە نێو دەبستانەکەی ئێمە، ئامانجتان پێکا؟

ئارێز: ئەرێ میترا خانم! کاک سیروان لە ئامانج پێکاندندا زۆر شارەزایە. بۆیە دەستکەوتێکی باش بوو! هەروەهاش بۆ ماوەیەک خەڵکی رێبواری ئەو دەڤەرە لە چنگی ئەو مرۆڤ کوژانە رزگاریان بوو.

خاسێ خانم: وا دیارە لە بەیانیەوە هیچتان نە خواردوە؟ بە گیانی مناڵەکان تا خواردنی شێو نەخون ناهێڵم بچنەوە. خواردنیش ئامادەیە.

میترا: ئەمن دەبێ بەگەڕێمەوە ماڵێ ئێستا چاوەڕێمن.

خاسێ: نا میترا گیان بە دایکتم ڕاگەیاندوە کە لە لای ئێمە دەمێنیتەوە. ماڵی ئێمەش جێگای خۆلک کردن نییە. تازە تۆ و چنوور بۆ من جیاوازییەکتان نییە کچم .
سیروان ڕووی لە میترا کرد و وتی: میترا خانم! هەواڵی ئاریانۆی برات دەزانی؟ تەلەفۆنی نەکردوە؟
میترا: دوێنێ شەو بوو کە تەلەفۆنی کرد. دەیگوت چەند ڕۆژە خەریکی تەلەفۆنە تاکوو دوێنێ شەو توانی پەیوەندی بگرێت. ئەیوت لە لەندەن بە گشتی باسی شەڕ هەیە بەڵام بە وردی کەس نازانێت لەوێ چ ڕوودەدات. ئێمە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە هەواڵمان پێدەگات و لە سەر لاپەڕەی بڵاوکدا بڵاوی دەکەینەوە. یان لە شوێنە ناوەندیەکانی شاردا بە نووسراوەی گەورە، داوای لە قاودانی ئاریکاری لە خەڵکی ئەوێ دەکەین بۆ سەرکۆنە کردنی خوێنرشتنەکانی ڕژیم. هەر وەها کاکم لە ئامانجی بیستو بوو کە تۆ بریندار بووی. سڵاوتی دەگەیاند. هەندێک باسی تۆمان کرد. دەیگوت لە هەندەران مرۆڤ تەنها لەشی لەوێیە و گیان و بیری لە کوردستانە.
سیروان: سپاس! لەلایەن منەوە زۆر لێپرسە، هەر کاتێک کە پەیوەندیتان پێکەوە کرد. دەزانم ژیانی ئاریانۆیش وەکوو ئەویندارێکە، کە لە هیچ جێگایەک ناحەسێتەوە. هەمیشە بیر و هەستی ها بە لای ئەوینەکەیەوە. ئەویش بیری ها بە لای نیشتمان و ئەم هەلومەرجە ناخۆشە کە ئێمە تێدا دەژین. هیچ کەس نا توانێت بۆ کاتژمێرێکیش ژیانی خۆی گارانتی بکات. واتە ئێمە خەڵکی ئەم دەڤەرە لە سەر سنووری هات و نەهاتدا دەژین.
لەم کاتەدا کا کامەران چوو کە پەڕتووکێک بێنێ بۆ سیروان.
ئارێز و چنووریش چوون بۆ یارمەتی خاسێ خانم، ئاریا و زریاش لە سوچێکی ژێرخانەکەدا خەریکی کایە کردن بوون.
سیروان و میترا ئەمەیان بە دەرفەت زانی بۆ ڕاز و باسی خۆیان .
کا کامەران بە پەڕتووکە پەخشانێکەوە هاتەوە ژوورێ. پەڕتووکەکەی دا بە سیروان و وتی: گەر کاتت بوو ئەم پەخشانە بخوێنەوە کە دۆزی ناورۆکی ئەم پەخشانە وەکو ئێستای خۆمانە. ڕاستی سیروان تۆ ئاریانۆ چۆن دەناسیت؟
سیروان: ئێمە لە مێژە دۆست و هەڤاڵین. منیش لە چوارباخ لە دایک بووم کە نزیکی چارەکە ڕێگایەک لە ئێرەوە دوورە. کاکامەران دەی تۆیش چوارباخی لە ئاو دەرهاتی.
لەم کاتەدا چنوور بە دەستی ئاماژەی بە خوانەکە کرد و وتی: فەرموون خواردن ئامادەیە وەرن با سارد نەبێتەوە.
تارمایی شەو، باڵی گرانی خۆی بە سەر شاردا کیشا بوو. ئاسۆ و قووڵایی ئاسمانیش ببوون بە شانۆی سەمای ئەستێرەکان، لە دەوری تریفەی بۆکی مانگەشەودا.
لەشی ماندوی داپیرەی شاریش مووچرک و مرووژانەی ئازارەکانی ڕۆژی ڤەژین دەکرد. پێڵوی چاوانی کز و بێسۆمای قورس بوو، و خەوەنووسکە و وەنەوزەی دەبردەوە. کە دەهات چاوانی بچێتە خەو، دەنگی گرمەوتەقەی بۆردومان ڕایدەچەڵەکاند و خەو و خەونەکانی لێ تێک دەدا. ئەمە ببوو بە ئاکاری شەو و ڕۆژی داپیرەی شەکەت و کۆستکەوتووی شار.

سیروان هەر چەند حەزی نەدەکرد سەیرانی نێو دارستانی چاوانی میترای ئەڤینی بە جێبهێڵێت، بەڵام شەو بە کۆڵەباری جیایی و ماڵئاواییەوە هاتووە و بەرۆکی گرتووە. لە ئاکامدا وتی: سپاس بۆ مێوانداریتان! زۆر خۆشمان لێڕابورد. بە هیوام رۆژێک بتوانم ئەم ئەرک و زەخمەتە قەرەبوو بکەمەوە. ئێمە دەبێ بگەڕینەوە بۆ بنکە و ئەم دوو چەکە کە لەوێ وەرمان گرتووە، بیدەینەوە. رووی لە میترا کرد و وتی: میترا خانم! گەر دەتەوێت بچیتەوە بۆ ماڵی خۆتان، ئێمە دەتوانین تاکوو بەر دەروازەکاتان لە گەڵت بین؟

میترا: زۆر سپاس! بە دڵو بە گیان! ئەمنیش دەبێت زوو بچمەوە چۆن پورم لە وێیە. ئەویش لە تەک مندا زۆرتر نزیکە تا دایکم.

کا کامەران: سەر چاوانم ئێرە وەکوو ماڵی خۆتان بزانن. هیچ کاتێک پێویست بە بانگهێشتنی ئێوە ناکات. هەر کاتێک هاتن، ماڵی خۆتانە و سەرچاوانمان.

ئارێز: سپاس! ئێمەش هەست بە دۆستایەتیەکی ئەوتۆ لەگەڵ بنەماڵەی ئێوەدا دەکەین. هەر کارێکی ئەملا و ئەولاتان بوو، پێمان بڵێن تاکو جێبەجێ بکەین. چۆن ئێمە دەرفەتی ئەوەمان هەیە.

خاسێ: سپاس !

چنوور هەتاکوو بەر دەروازە رەوانەیانی کردن و ئەوسا تادەروازەکەی بەست و خێرا شەوژەنەکەی داخست.

سیروان و ئارێز مەودای نێوان ماڵی چنوور و میترا بە سەرخۆ رۆیشتن. میترا دەستی سیروانی لە نێو دەستی نا بوو بەبێ ترس لە بۆردومان و چاوچنۆکان بەرەو ماڵ پیاسەیان دەکرد تاکوو خۆیان لە بەر چەقی دەروازەکەیاندا بینی. سیروانی لە ئامێز گرت و بە ماچێکی لێوانی ماڵ ئاوایی لێکرد. لە کاتێ کردنەوەی دەروازەکەدا وتی: سیروان! زۆر خۆشتم دەوێت! ئاگات لەخۆت بێت هەتاکوو بەیانی کە زەنگت بۆ لێدەدەم لای تۆ خۆش.

سیروان: لای تۆیش خۆش ئەی جەرگو هەناوم. ئەمشەویش کۆرپەی ئەوینم لای تۆ بە جێدەهێڵم تاکوو لە خەونەکانمدا ڤەژین بێت.

دڵی بریینداری ئارێز و سیروان لە دەروونەوە ژانی ژاری ئەوینداریان دەخواردەوە. بە درێژای رێگا هەتاکوو بنکە هەرکامیان بۆ خۆیان بێدەنگ و کڕ و مات بوون. تەنانەت نەسەیری یەکتریان دەکرد، نە وشەیەکیان بە سەر زواندا دەهات. وەکو ژەژو سەریان کردوبووە نێو قەڵخیاندا.

چەکەکانیان بە بنکە داوە. کاتێک گەیشتنە ماڵی سیروان کاتژمێری دەی شەو بوو. کە دەروازەیان کردەوە وەک هەمیشە دایکی سیروان لە نێو دەرگای ژێرخانەکەیاندا چاوەڕونیان دانیشتو بوو.

سڵاویان کرد! ئەویش بە هەستی بەرپرسیاری دایکانەوە وڵامیانی داوە و وتی: هەر چەند چنوور گیان تەلەفۆنی لێکردم، بۆ ئەوە دڵنیا بم کە ئێوە لەوێن. تەنانەت کاتێک گەڕانەوە بۆ ماڵیش دووبارە ئاگاداری کردمەوە. لەم ژینگەی شەڕەدا زەحمەتە دڵنیا بوون.

سیروان: دایە! ئارام چۆنە؟

دایکی: ئارامی هەژار دایکی بمرێت! ئەوەندە شەکەت بوو هەر ئێوارە خەوی لێکەوت. ئەوە من جێگەیشم بۆ ئێوە راخستووە هەر کاتێک ویستان بخەون فەرمون. بە یارمەتیدان من هەندێک ماندوم و لە گرمە و زرمەی تۆپبارانی ئەم رژیمە سەرم دەیشێت. باشتر ئەوەیە برۆم چۆرتێک بدەم تاکوو خەو لە چاوانم نەپەڕیوە.

سیروان و ئارێزیش کردیان بە شەو و بە بێدەنگ خزانە نێو جێگای خەو و کەوتنە نێو گۆمی مەنگی بیرکردنەوە.

## بەشی 11

چوارشەمە(تیشتریەڕۆژ)ی ١٠ی گوڵانی٢٦٨٠ی ک. رۆژی ئاپان، ئابان، ئاوان: رۆژی ئاو. ئیزەدی ئاو، ئاناهیتایە کە پارێزەری ئاوە. ٣٠ی ئاپریلی١٩٨٠ی ز.

---

ئارام لەتەک جریوەی ئەستێرەکانی شەو، لە خەو هەستا. ئەمجارە ناشتایەکی سەرپێی خوارد و پیاڵەیەکی چای بەدوایدا خواردەوە و بە پەلە ماڵی بە جێهێشت. هێشتا تاک و تووکی گوڵۆپی دار تەلەکانی نێو کۆلانان کە وزەیان لێ نەپچرا بوو بە گزنگی خۆیان دڵی تارمایی شەویان روون دەکردەوە و رێپیشاندەری رێبوارانی شەو بوون. هەندێک لە رێگاکان لە بن قژی خاو و شۆری شەودا، رێبواری دەخستە پەلەکوتێکردن. تا بە یارمەتی تیشکی زەرد و شینێ تەقینەوەی بۆمبێک یان وریشەی گوللەی زەرد و سووری کوچەری ئاسمانی سەر شار چەند هەنگاوێکی بەر پێ خۆی دەبینی.

پاش ئەوەی کە ئارام گەیشتە پەرێزەکانی بەرەی بەریڤانی، ئاسۆی شاخەچەرمگ کازیوەی بەربەیانی بە کراسی فیرۆزەیی رەنگی خۆی رازاندەوە، و مزگێنی رۆژی پرچەرمەسەرێ ژیانی دا بە دایە پیرەی بریندارى شار.

ئارێز و سیروان خەریکی دارشتنی بەرنامەیەک بوون کە ئەمرۆ چیبکەن. باوکی کە نانی تازەی هێنا بووەوە وتی: لە بەر بنکە فراویرە بوو، واتە خەڵکێکی فرە کۆ ببووەوە و واتۆ و مقو مقویە کە دوژمن هێزێکی زۆری لە نزیک جادەی سەقز لەو دیوی فەیزاوەوە مۆڵداوە و بە نیازە هێرش بێنێتە نێوشار.

سیروان رووی لە دایکی کرد و وتی: دایە ئەگەر میترا تەلەفۆنی کرد پێ بڵێ ئەوان بەیانی زوو چوون بۆ بەرەی فەیزاوا، ئێوارە دەگەڕێنەوە. هاوکات کرژ و بە پەلە چەک و رەختی خۆیان بەست، و بەرەو بنکە رۆیشتن. کە گەیشتنە ئەوێ کۆمەڵێکی خەڵکیان دیی کە لە بەر دەروازەی بنکەکەدا کۆ ببوونەوە. کاتێک کە سیروانیان بینی لە دەوری خڕ بوونەوە و گوتیان ئێمە دەمانەوێ بچین بۆ یارمەتی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە بەرەی فەیزاوا. ئەگەر تۆ لە گەڵماندا بیت زۆر باشتر دەبێت.

سیروان: ئەمنیش بەو نیازەم وا بەیانی زوو هاتومە ئێرە. باشە ماشینە جیبەکان لە کوێین؟

رەشنۆ: هەر دووکیان لە گاراژدان و سویچ و کلیلی یەکیان بە منە و ئەوی دیکەش ها بەلای کا زۆراوەوە کە خۆی نییە لەئەگرە.

سیروان: کێ دەتوانێ بچێ بە دوای کا زۆراودا، یان کلیلەکە بێنێت؟

وارام: ئەوە من دەچم کاک سیروان.
سیروان ئەو پێشمەرگانەی کە لە بنکە خۆیان تەیار کردو بوو، بە دوو پۆل دابەش کرد. هەندێک قەتار و فیشەکی زێدیان لە بنکە هێنا. لەم کاتەدا کا زۆراو و وارام هاتنەوە و کا زۆراو وتی: ئەمنیش دەمەوێت لە گەڵتاندا بێم.
سیروان: پۆلی یەکەم لە تەک کازۆراو و پۆلی دووهەمیش لە تەک کا رەشنۆ دەچین بەرەو باخی مەحیە. لەوێ جیپەکان لە بن دار و دەوەن دەشارینەوە و ئەوسا بەپێ لە هەورازی ئەوێ سەردەکەوین تاکوو لای پێشمەرگەکان.
بەجیپەکان خێرا خۆیان گەیاندە بن کەڵی فەیزاوا و ماشینەکانیان لە ژێر دارەکانی باخی مەحیە بە لەق و پۆی گەڵادار، لە دیدی هێلیکوپترەکان شاردەوە. هەموویان کە یانزە کەس بوون بە رێکوپێکی سەرکەوتن و چوونە نێو سەنگەر و پارێزی پێشمەرگەکان. هەر وەها لە بنکەکانی چوارباخ و فەیزاواوە، جەوراوا و باخیمیلی خەڵک بەرە بەرە بۆ یارمەتی دەهاتنە ئەوێ.
کاک شوان بەرپرسیاری ئەو بەرەیە پێشمەرگەیەکی ئازا و دڵسۆزی کۆمەڵەیە، ئەویش بۆ خۆی خەڵکی گەڕەکی جەوراوایە و زۆربەی پێشمەرگەکانی بنکەکانی ئەو دەڤەرەی دەناسی. کاک شوان کە دۆست و هەڤاڵی دێرینی سیروان و ئارێزە، بە گەرمیەوە لە وان و هەموو پ.ش.کانی دیکە خۆشهاتنی کرد. هەندێک ئاگاداری شوێن و جێگای دوژمنی پێیان راگەیاند. ئەوسا سیروان و ئارێز، وارام و چیا لە تەک دوو پێشمەرگەی بنکەی چوارباخ هاوگەرەکی چنوور و میترا، ناردە سەنگەرکی نزیک جادەکە، کە لەوێ چوار پێشمەرگەی کۆمەڵەی لێبوو. ئەم مەتەرێزە لە سەر تەپۆڵکەیەک چێکرا بوو کە جادەکە بە باشی لە تیرڕێژی چەکەکانیاندا بوو.
بڕیارە ئەم سەنگەرە و سەنگەری تەنیشتی راستی، یەکەم دەستڕێژ بەکەن، کاتێک هێزەکانی دوژمن بەرەو شار بێن. ئەو پۆلەکەیتر لە تەک کازۆراو و چەند کەسێک لە خەڵکی چوار باخ و جەوراوا، لە سەنگەرێکی دیکەدا جێگیر بوون.
هەموو چاوە رێیان دەکرد کە کەنگێ هێزەکانی دوژمن بەرەو شار وەڕێ دەکەون. تاکوو بکەونە نێو بۆسەی ئەوان.
شنەی وا بە فەرمانی فریشتەی وایو بە نێو سەنگەرەکاندا دەشنی. ئەم جارە بۆنی باroot و خۆڵیماڵە روخاوەکانی نێو شاری نەدەهێنا. بۆ ئەمان کە لە نێو شارەوە هاتو بوون زۆر خاوێن و پاکژ بوو. حەزیان دەکرد پڕ بەسییەکانیان هەوای تازە و ئارتا هەڵمژن. تاکوو ئەو تۆز و دووکەڵەی نێو شار کە هەموو کوون و کەلێنی سیەکانیانی ئاخنی بوو بسڕتەوە.
بەڵام بۆنی خوێنی برینی باڵی کۆترەسپییەکەی پیکاسۆی لێدەهات، کە چڵە زەیتونی ئاشتی بە دیاری دەبرد. کە بە گوللەی هێزە داگیرکەرەکان بریندار و شەڵتانی خوێن بوو.
لەسەر سەنگەرە بەرزەکانی پێشمەرگەوە، هەم شار بە باشی دەبینرا و هەم مۆڵگەی هێزەکانی دوژمن. سەرەڕای تەقەی تۆپباران و کاتیوشای رژیم بەرەو پارێزی پێشمەرگەکان، دیمەنی شاریش دیار بوو کە چۆن تۆز و دووکەڵی تۆپبارانی ماڵانی خەڵکی شار لە لایەن هێزیداگیرکەری مەلایانی تارانەوە بەبێ وچانی بەردەوام بوو.

دەنگی هەژاندن و تەقینەوەی تۆپەکان دەهاتە گوێ، دوای چەند چرکەیەک کە دووکەڵەکەی، بە دەم باوە بەرز دەبووەوە. ئەمڕۆ لە لایەن ئەرتەشەوە واتووەرییان بڵاو کردوبووەوە کە ئاگربەس کراوە و شەڕ راوستاوە. بەڵام تەوژمی ئاگرباران زۆرتر لە جاران بوو. سەرەڕای ئەوە هەشت تا نۆ هێلیکوپتر و یەک فرۆکەی جەنگی جت بە سەر شاردا دەسوڕانەوە. فرۆکەکە پساپس دەنگی هەوای دەشکاند و بە شریخە و نرکەیەکی زۆربەرز، شوشەی ماڵانی دەشکاند، و پەردەی گوێ مناڵ و گەورەی دەدڕاند.

لە ئاکامدا هێزەکانی رژیم لە بەرەی فەیزاواوە کەوتنە جووڵە. دەستیان کرد بە دەستڕێژ و تۆبارانی خەستی دەوروبەری خۆیان، بە تایبەت گردەکانی فەیزاوا.

هاوکات دوو هێلیکوپتر ئەم بەرەو ئەوبەرەی جادەکەیان بە گوللە دەکێڵا و ڕێگەیان بۆ هاتنی هێزەکانیان خۆش دەکرد. جووڵانەوەی دوژمن زۆر خاو و لە سەر خۆ بوو.

ئەوان بڕوایان بە خۆیان نەبوو کە بتوانن بێنە نێو شار. شیمانەی ئەوەیشیان دەکرد ئەگەر لە بۆسەی پێشمەرگەکانی سەرکەلی فەیزاوا بتوانن دەرباز بن، لە بۆسەکانی نێو شاردا قڕیان تێدەکەوێ. بەڵام فەرمانی سەرەوە بوو و ئەوان دەبێ کوێرکوێرانە جێبەجێ بکەن. کاتێک کە گەیشتنە بەر تیرڕێژی چەکی پێشمەرگە، خێرا و هاوکات، کۆمەڵە بە هاوێشتنی چوار گوللە هاوەن بۆ ناوەندی هێزەکانی رژیم، بوو بە هۆی سەرلێشێواوی و شپرزەیی هێزەکانی دوژمن.

تائەو رادەیە هەر کەس بە لایەکدا هەڵدەهات، کە سەگ خاوەنی خۆی نە دەناسی. لە هەمان کاتدا کۆمەڵە بە چەکی١٠٦ کە بە سەر جیبێکدا دابەسترا بوو دوو راکتی ١٠٦ی هاویشتە نێو ماشین و زرێپۆشەکانی دوژمن. ئاگر و دووکەڵێکی خەست لە نێویاندا ساز کرد. ئاسۆیش وەک کردەوەیان، دێز بوو. پێشمەرگەکانیش بە چەکی سوک و دۆشکەوە، چەکدارانی دوژمن کە لە سێرە و بردی چەکیاندا بوون، دا بەر دەستڕێژ. هێزەکانی رژیم تا بۆیان کرا بەرەو دوا هەڵاتن و لە سەنگەری پێشمەرگەکان دوور کەوتنەوە، و گەڕانەوە مۆڵگەکانی خۆیان.

هێلیکوپترەکانیش لە بەر ئاگری دۆشکەی پێشمەرگە نەیان دەوێرا نزیک ببنەوە، و لە گەڵ کارەوانە شکاوەکەیان دوور کەوتنەوە تاکوو دەنگیان لە نێو رەنگیاندا خنکا. ئارامی و بێدەنگی سەنگەرەکانی هێمن کردەوە.

لەم شەڕەی ئەمڕۆدا پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە بە ناوی جەمالی نەبەوی گیانی لە ڕێگەی بیر و باوەڕی شۆڕشگێڕانەیدا بەختکرد. بۆ لە دەستدانی شۆڕەسوارێکی وەک کاک جەمال خەم و پەژارەیەکی ئەوتۆ لە نێو پێشمەرگەکاندا دەبینرا. هەموویان خۆشیان دەویست تەنانەت بە لەشی خوڵپانی خوێنەوە بزەی سەر لێوانی روومەتە دڵوڤانەکەی وەکوو ئەوە بوو کە نوستو بێت و خەونی بەرخوردان و گیان بازی ببینێت. کەوا و پانتوڵە مەراخانیەکەی و رەشتیەکەی دەوری سەری هێشتا هەڵمی گەرمای خوێنی لێدەهات. تەرمەکەی لە تەک دوو بریندار‌دا بە گوڵبارانی گوڵەشەوبۆی ئەوێ، بەرەو شار بەڕێ کران.

سێبەری ئاوییەر گەڕەکەکانی جاجی ئاوا، خەسراوا، کەلەکەجاڕ و قەتارچیانی لە ئامێز گرت و کرنوشی بۆ داپیرەی شار برد. شنەی فێنکی بای کێوستانی ژاوەرۆ بە سەر

کلیله بەفرەکانی ئاوییەردا دەشنی و ئارەقی نێو چاوانی پێشمەرەکانی رادەمووسی. تا رادەیەک تەز و مووچرکی دەخستە لەشی لە ئارەق خووساوی رۆژدا.
کاک شوان هاتە لای سیروان کە هێشتا لە نێو سەنگەرەکەیاندا رونیشتو بوون. سپاسی لێکردن بۆ یارمەتی و ئاریکاریان و وتی: سەرەڕای سپاسی زۆرمان، ئیتر ئێوە دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان. پێشمەرگەی تازەمان بۆ هاتوە هەموو ئەو پێشمەرگانە کە لە بەربەیانەوە لە سەنگەردان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ حەسانەوە. گەر پێویستمان بێت ئاگادارتان دەکەینەوە.
سیروان و هەڤالانی ماڵئاوایان کرد. بەو شێوەیە کە هاتو بوون گەڕانەوە بۆ بنکەی خۆیان.
بارانی گوللە دەموو چاوی شاری دەرزیاژن دەکرد. سۆمای چاوانی شاری زامدار کز ببوو. زمانی کۆرپەی ساوای لە گرو گاڵ دەخست. بۆنی بۆسۆی لەشی سووتاوی ئەندامانی شاری، تێکەڵ بە بۆنی بارووت و تۆزی وێران بوونی ماڵان، چاوانی دڵۆڤانی ئازار دەدا.
دێوزمەی مەرگ خۆی دەکرد بە هەموو کوچە و کۆڵانێکدا و بە دوای نەچیردا دەگەرا .
کاتێک سیروان و هەڤاڵانی لە جیپەکە دابەزین، بیستیان کە لە بەرەی قشڵاخەوە دوژمن دەیەوێ بێ بۆ نێو شار.
سیروان: ئەگەر وایە بۆ راوستاوین با بچین بۆ ئەوێ؟
کا هەڵمەت: پێویست ناکات کا سیروان! ئەمن تازە لە وێ هاتومەتەوە. کارەوانێک لە هێزەکانی رژیم دەیانەویست لە پردی قشڵاخ بەرەو فەرەجە و شار بێن. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە هاوەن و دۆشکە و چەکی سووک هێزی دوژمنیان ناچار کرد بەرەو دوا پاشەکشێ بکات.
رەشنۆ: ئەرێ ئەو هێلیکوپترانە کە لە سەر باشووری شار دەسوڕانەوە چی بوو؟
کاک گۆران: رژیم دەیەویست لە رێی شەریفاوەوە بەرەو خەسراوا هێرش بێنێ. کە پێشمەرگەکانی دیموکرات رێگەیان لێگرت، بەڵام شەر تەشەنەی سەند و هێزەکانی رژیم توانیان هەندێک بێنە پێشەوە. خێرا هێزی کۆمەڵە و چریکەکان، هەروەها بنکەکانی قەتارچیان دەچنە یارمەتی دیموکراتەوە و دەبێ بە هۆی تێشکانی هێزەکانی دوژمن کە بە زیانێکی زۆرەوە بەرەو دوا هەڵدێین.
شیلان کیژۆڵەی پانزەساڵە وتی: ئەمڕۆ زرێپۆشێک لە یانەی ئەفسەرانەوە دەیەویست بریندار و کوژراوەکانیان بەرێتە پادەگان، لە خیابانی شاپوور لە بەر کۆسپی رێگا و تەقەی زۆری خەڵک ناچار بوو بگەڕێتەوە نێو یانەی ئەفسەران.
ئارێز رووی لە سیروان کرد و وتی: هاوڕێ بە یارمەتیت ئەمشەو دەبێت بگەڕێمەوە ماڵی خۆمان. خۆت دەزانیت کە ئێستا چەندە چاوەڕێمن. ئەوە چەند رۆژە نەیانم بینیوە. ئێستە دایکم زۆر نیگەرانە.
سیروان: راست دەکەی! سۆزی بەیانی ئەگەر توانیت وەرە بۆ ئێرە. یان زەنگێکم بۆ لێبدە. دەی لای تۆ خۆش هەتاکو سۆزی بەیانی.
ئارێزی ماندوو رێگای سێ چارەکە کاتژمێرێکی لە پێش بوو تا بگاتە ماڵی خۆیان. سیروانیش گەڕایەوە مالی خۆیان. کە هاتەوە ژووری دایکی وتی: رۆڵە گیان زوو و

خێرا تەلەفۆنێک لە میترا بکە! ئەو کیژە شیرینەم تاکوو ئێستا پێنج جاران زەنگی داوە. وا دیارە زۆر نیگەرانتە .
سیروان: ڕاستەکەی دایە لەوانەیە دڵم دەربێت بۆ بیستنی دەنگی میترا، بەڵام ڕووم نییە تەلەفۆن بکەم. نەکا دایک و باڤی وڵام بدەنەوە.
دایە ئامێدیا: هەی هۆ ئەمە چە بەزمێکە فێری بوویت گیانا. ژمارەکەت لە بەرە بیگرە من خۆم قسەدەکەم. زووکە دەی لێمان بوویت بە سۆفی شەرمۆ.
سیروان ژمارەکەی گرت. میترا بۆخۆی وڵامی داوە.
دایە ئامێدیا سەرەڕای هەوڵپرسی وتی: وەویە شیرینەکەم لەتەک سیرواندا قسە بکە و لای تۆ خۆش.
سیروان گوشییەکەی لە دایکی وەرگرت و وتی: میترا سڵاو! چۆنی؟ باشی؟ میترا: سڵاوت سەر چاوانم! ئەمڕۆ نازانم بۆ چی لە خۆمەوە زۆر نیگەرانی تۆ بووم. ڕەنگە هی ئەوەبێت کە فرە تاسەتم کردوە. باشە تۆ پێم بڵێ بۆ چی شەرم دەکەی کە تەلەفۆن لە ماڵی ئێمە بکەی؟
خۆ پێم وتی بنەماڵەی من هەموو شتێک دەزانن. ئێمە هیچ ڕازێکی شاراوەمان لە یەکتر نییە. ئەوان بۆیان جێ پرسیارە بۆ سیروان تەلەفۆن ناکات؟
ئەوان دەیانەوێ لە نزیکەوە بتبینن. ئەمن چاوەڕێم کە تۆ کات و درفەتت بێت کە بانگهێشنت بکەم کە بیت بۆ ماڵی ئێمە. ڕۆژێک لەم ڕۆژانە خۆت ئامادە بکە کە بیت بۆ ماڵی ئێمە. باشە گیانا؟
سیروان: ئەمنیش زۆرم پێخۆشە کە لە نزیکەوە لە تەک بنەماڵەی ئێوە ئاشناتر بم. کاتێک گەڕامەوە ماڵێ پێش هەموو شتێک دایکم وتی پەیوەندی بە میتراوە بکە کە زۆر نیگەرانتە. هەر چێ بیری لێدەکەمەوە هەست بەوە دەکەم کە زۆر پێویستم بە بینینی تۆیە واتە هەر ڕۆژە.
میترا: منیش هەروەها ئەو هەستەم هەیە. دەزانی چی؟ سۆزی بەیانی بۆ هیچکوێ نە چێت. لە تەک چنووردا دین بۆ لات. لە نێوان کاتژمێری نۆ و نیو تا دە، هاین لەوێ.
سیروان: زۆر کارێکی بەجێیە. ئەوە هەر لە ئێستەوە چاوەڕێتان دەکەم. ئارێز گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی خۆیان! بە چنوور ڕاگەێنە کە پەیوەندی پێیەوە بکات. چۆن دەیناسم ئێستا لە وانەیە دڵی دەربێت، بەڵام لە ڕووی نایت تەلەفۆنی لێبکات. لەوانەیە هەتاکوو نیوە کاتژمێرێکی دیکە بگاتە ماڵێ.
میترا من و چنوور ئەمڕۆ بە کۆڵەباری خواردن و خواردنەوەوە چوین بۆ بەرەی گردیگەڕۆڵ. شتەکانمان بە سەر سەنگەرەکاندا دابەش کرد و ماوەیەک لە لای ئارام ماینەوە. من بە چەکەکەی ئارام و چنووریش بە چەکەی کامرانی هاوڕێ ئارام بۆ یەکەمین جار لە بریڤانیەکدا تەقەمان لە هێزەداگیرکەرەکانی دوژمن کرد. سپاسی ئارام بکە کە شێوازی شەڕی پێ فێر کردین. تۆنازانی چەندە هەستمان بە شانازی دەکرد کە وا پارێزگاری لە نیشتمان وگەلەکەمان دەکرد. هەروەها لە ماوەی تۆپبارانی خەستی دوژمن لە لایان ماینەوە.
سیروان: زۆرباشە یەکەمین بریڤانیت لێ پیرۆز بێت. خۆ بینیت کە چەندە خۆشە نیشتمان و گەل پاراستن.

میترا: بەراستی وایە. هیچێ لەوە خۆشتر نییە.
سیروان: زۆر خۆشتم دەوێ! هیچ پەیوانەیەک شک نابەم کە ئەوین و خۆشەویستی تۆی پێ مەزەنە بکەم.
میترا: منیش تۆ دەپەرستم و بەبێ تۆ ناتوانم بژیم. بە هیوای ئەو رۆژە کە پێکەوە بژین و ئاشتی باڵی دلۆڤانی خۆی بە سەر کۆمەڵگای چەوساوەماندا راکێشێ. تاکوو سۆزی بەیانی لای تۆ خۆش.
ئارێز کە گەیشتە ماڵی خۆیان خۆشکەکانی هاتنە پێشوازیەوە.
ئەوین خۆشکە چکوڵەکەی وتی: ئەرێ ئابرائارێز تۆ بویت بە برای کاک سیروان و لە لای ئێمە دڵت ناکرێتەوە! بۆ چی خۆ ئێمە تۆمان زۆر خۆشدەوێ؟
ئارێز: لە ئامێزی گرت و گوتی: گیانە، ئەم گلەیانە لە کێیەوە فێر بویت؟ من ئەگەر یەک دوو شەوێک نە گەڕێمەوە نابێت زیز و نیگەران بن. ئەم بار و دۆخەی شەڕ ئەمڕۆ وای دەوێت. خانمە بچکۆلە، بچۆ خوانەکە راخەن تاکوو من جلە خۆڵاوییەکانم دەگۆڕم. لە بەیانیەوە هیچم نە خواردوە.
ئەوین: بە سەر چاوانم.
ئارام بەسەر و برۆی تۆزای ماندو و شەکەت هاتەوە. جل و بەرگەکەی تەکاند و هاتە ژوورێ. پاش سڵاو و لێپرسین بە گازی پشتەوە راکشا. دیار بوو ماندویی و نە حەسانەوەی ئەم چەند رۆژە کاری تێکردو بوو.
ئارام: ئەمڕۆ لە چاو جاران هێرشی هێزەکانی رژیم کەمتر بوو، بەڵام تۆپبارانی سەنگەرەکانمان زۆرتر بوو. لە گەڕەکەکانی شێخان، کوێرئاوا چەند ماڵێک وێران بوون و کوژراو و برینداریشی وا قسە دەکەن گەلێک زۆرە. لە شەڕەکانی ئەمڕۆدا بە داخەوە چەند پێشمەرگەیەک گیانیان بەختکرد. پێشمەرگەیەکی دیموکرات کە ناوی نەزانراوە، پ.ش. بە ناوی حوسەێنی رەحیمی، پ.ش.بنکەی باخیمیللی بە ناوی فەڕوخی رەشیدی کە پێشتر بریندار بوو.
هەر وەها خەڵکێکی زۆر لە ماڵی خۆیاندا بوون بە ژێر دار و پەردووەوە کە کەس هەژماریان نازانێت.
راستی ئەمڕۆ میترا و چنوور خواردنی گەرم و خۆشیان هێنا بووە ئەوێ. لە نیو ئەو تۆز و تۆپبارانەدا زۆر بەتام خۆش بوو. لە هێرشێکی هێزەکانی دوژمندا ئەوان بە چەکەکانی ئێمە بە ئازایەکی ئەوتۆ شەڕی بریڤانینان کرد. کە بۆ ئێمە جێگای سەرنج بوو. کە وا بۆ یەکەمین جار، لە سێرە گرتندا کارا و نەترس بوون.
سیروان: تا ئێستا چەند جار شێوازی سێرەگرتن و تەقەکردن بە ژ٣ و کلاشینکۆڤ فیریانمان کردوە.
خەو باڵی بە سەر پێڵۆی چاوانی شاردا راکێشا. ئارامیش وەکوو هەموو گەنج و لاوانی ئەم شارە چوونە نێو ئامێزی خەو و خەوندا .

**بەشی١٢**

پێنجشەمە(ئەهورامەزدرۆژ)ی١١یگوڵانی٢٦٨٠ی ک. رۆژی هۆرخشەیەتە، خۆرەتاو، هەتاو خۆری دروشاوە، هەتاوی پرشنگدار. یەکەمی مانگی مای ١٩٨٠ رۆژی جیهانی کرێکاران

---

دیسانەوە رۆژهەڵات و شاریش تیشکی خۆری ماچ کرد. بولبولی بریندار و باڵ هەڵپرووزاو نەیدەتوانی ئیتر هەستی ئەڤینی خۆی بۆ گوڵی ژاکاوی ژینگەی شەڕ، بە چریکە و گۆرانی هەڵرێژێ. خوناوی دڵۆپەی ئەسرینی چاوانی خەمباری شار، لە سەر گۆنای ئاڵی گوڵ و لەپی کەسکی گەڵاوە قەتیسما بوو و دەدرۆشایەوە. هەڵمی هەناسەی پڕ لە برینی دایکە جەرگ سووتاوەکان، تابلۆیەکی پڕ لە راز و نەهێنی نەخشاندو بوو بۆ نەوەکانی داهاتو. کە چۆن دزە بکاتە نێو مێژوویەک کە دوژمنان، بۆمان تۆمار دەکەن لە ئاستی بەر تەسکخوازی دەستەڵاتدا.

سیروان شەوەکی لە تەک تیشکی بەربەیانی فەڕی میتراییدا، لە خەو رابو. پڕ بە باڵای شەو لە خۆشەویستەکەی بیری کردەوە، و خەوی لە خۆی زیز و تاراندو بوو. پێخەفەکەی بە جێهێشت بە چاوانی سووری، کە خەوی تێشکا بوو چووە نێو حەوشەکەیان و هەناسەیەکی قووڵی لە هەوای پڕ لە بۆنی بارووتی هەڵمژی.

سەیری ئاسمانی کرد کە چۆن هەسارەکان یەک لە دوای یەکتر وەک بەفری هاوین هەڵدەپرووزان و دەتوانەوە لە نێو رەنگی شینی فیروزەیی و ئەرخەوانی ئاسۆی رۆژهەڵاتدا.

بڕکە بڕکەی هەور، بە کراسی زەرد و سوور، یان نارنجیان، سنووری فیروزەیی و ئەرخەوانی ئاسمانیان جیا دەکردەوە، تابلۆی جوانی سروشتییان دەئافراند. سیروان لەوە بیری دەکردەوە تاکوو هاتنی مێوانەکانی چەند دەمژمێرێک ماوە. لە بەرخۆیەوە دەیگوت: ئەگەر هەر لە ئێستەوە چاوەڕوان بم شێت دەبم. چارە ئەوەیە تاکوو هەوا روون دەبێتەوە بچمەوە نێو پێخەفەکەم بەشکو سەرخەوێک بشکێنم.

تیشکی هەتاو لە دەلاقەی ژێرخانەکەوە چاوانی سیروانی ئازار دەدا. لێفەکەی بە سەردا راکیشا، بەڵام ئەمجارە تینی تیشکی هەتاو مەردەئارەقی پێدەردا و خەریک بوو سەری بێشێ، لەخەو هەستا. سەیری کاتژمێرەکەی کرد هەشتی بەیانی پیشاندەدا. بە گازەندەوە بە دایکی وت بۆ زووتر بانگت لێنەکردم؟

ئامێدیا خانم: خەوەکەت زۆر قووڵ بوو، دڵم نەهات لێتی تێکبدەم. ئێستا خۆ درەنگ نییە. مێوانەکانت بەم زووانە نایێن. تۆزێک ئارام بگرە! وەر(خەو)و واردن(خواردن) گیانە، بۆ لەشی مرۆڤ پێویستە. وەرە ناشتاکەت بخوە و خۆت بە شتێکەوە سەر گەرم کە، تاکوو مێوانەکانت دێێن.

ئارام وەکوو رۆژانی رابوردوو لەتەک کازیوەی بەربەیاندا رۆیشتو بوو بۆ سەر کاری رۆژانەی خۆی، واتە بەریڤانی لە ئاخی شار و سەنگەرەکانی گردیگەڕۆڵ.

ئارێز شەو لە تەک چنووردا رێککەوتو بوون، کە لە چ کات و شوێنێکدا یەکتر ببینن. هەر بەو مەبەستەوە ماڵی خۆیانی بەجێهێشت و رێگای ژوانی چنووری لە چوارباخ گرتە بەر.

چنوور و میترا هەر دووکیان بە بنەماڵەی خۆیانیان راسپاردو بوو کە دەچن بۆ ماڵی سیروان و بۆ ئێوارە دەگەڕێنەوە.
ئەوان لە بەر دەروازەی ماڵی میترادا چاوەڕێی ئارێز بوون. کە ئارێزیش پێش لە کاتی دیاری کراو گەیشتە ئەوێ. ئەوسا هەموویان پێکەوە بەرەولای سیروان وەڕێی کەوتن.
سیروان هاوکات کە چاوەڕوانیانی دەکرد، بیری لە ئەم رۆژە واتە یانزەی گوڵان رۆژی جیهانی کرێکاران دەکردەوە. کە چۆن بۆ یەکەمین جار لە تەمەنیدا سالی پێشوو ئەم رۆژەیان جەژن گرت. خەڵکی ئەم شارە و باژێرەکانی دیکەی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە مێژووی یانزەی گوڵاندا رێپێوان و خۆپیشاندانیان کرد. سیروان شان بە شانی میترا پارێ پێکەوە ئەمرۆژەیان بە رێپێوان رێز گرت. ئەمساڵ لە ژێر سێبەری مەرگی رژیمی پاشەرۆدا لەجیاتی رێزگرتن لەم رۆژە، خەڵک لە ژێرخانەکانی خۆیاندا دیل و زیندانین. تەنانەت منداڵانیش لەم ماوەی دوانزە رۆژەی شەڕی داسەپاوی رژیمدا نەیان وێراوە بچنە دەرێ و لە تەک یەکتردا کایە بکەن.
سیروان زوو زوو سەیری کاتژمێرەکەی دەکرد. بەڵام کات بۆ ئەو زۆر بە ئەسپایی دەرۆیشت. لە بەرخۆیەوە دەیگوت: ئای لە چاوەڕوانی بۆ ژوان و دیداری یار. هەم خۆشە و هەم پرووکێنەرە. هەر چێ دەمژمێر بە هاتنی میترا نزیکتر دەبووەوە دەنگی خۆرپەی دڵی زۆرتر دەهاتە گوێ. تاکوو دەنگی زەنگی دەروازەکەی بیست بە سەر هەیەجانی دەروونیدا زاڵ بوو. دەتگوت ئاویان بە سەر ئاگردا پرژاندوە، هێمن و هێوەر بووەوە بەرەو لای دەروازە کەوتە رێ. دەروازەکە نەبسترا بوو.
ئارێز دەروازەکەی کردەوە و هاتنە نێو حەوشەکە و سیروانیش گەیشتە لایان. یەکتریان لە ئامێز گرت و بەرەو ژێرخان رۆیشتن. دایکی سیروان هەر سێیانیانی لە ئامێز گرت و ماچیانی کردەوە و گوتی: خۆش هاتن سەرچاوانم! فەرمون وەویە شیرینەکانم روونیشن تاکوو چاییتان بۆ بێنم.
لە سوچێکی ژێرزەوینەکەوە هەر چواریان لە دەوری یەکتر دانیشتن. چاوانی بەهاری رەنگی میترا، ئەوینی خۆی بۆ سیروان هەڵدەڕشت. سیروانیش لە نێو دارستانی چاوانی ئەودا مەستی کردو بوو و رێگای هاتنە دەرەوەی نە دەبینی و نەدەویست ئەو دارستانە کەسک و بێگەردە بەجێبهێڵێ. نەکا تین و هۆگری ئەوینی، بۆ خۆشەویستەکەی کەم ببێتەوە. جار و بار لە نێو رووومەتی جوان و دڵڕفێنیدا دادەمۆرا و دەکەوتە رامان. پێشبینی ئەوەی دەکردەوە کە داهاتویان چییەسەر بێ. بەڵام سیروان لەم رامان و مەلەزەدا تورە دەبوو، چۆن داهاتویەکی رووناکی تێدا بە دی نەدەکرد. خێرا دەگەڕایەوە نێو جیهانی ئەوینداری خۆی و بەس.
حەزی نە دەکرد ئەم کاتە کە تێدا دەژیا و لێوەلەر و تەژی لە ئەوینە بە فیرۆ بدات. چون دەیزانی کە ئەم کاتە بدۆڕێنێ قەد ناگەڕێتەوە و دەبێت تاکوو مردن هەناسەی ساردی بۆ هەڵکێشێت. روومەتی میترایش ئاوێنەی دەروون و ناخی سیروان بوو. گۆنای سوور وەکوو دەفی هەتاوی ئێواران دە درۆشایەوە، و ژینی دەبەخشیە دارستانی چاوانی رووگەی ئەوینی سیروان.
چاوانی پڕ لە شەپۆلی ژینی سیروانیش لە پێش رووناکی نێو ژوورەکەوە بە رەنگی بۆری بەڕویی و کەسکی مازوویی تەژی و لێوەلەر لە ئەوینی میترا دەدرۆشایەوە.

کراسە کەسکە زەیتونییەکەی میتراش کە پڕ لە گوڵی وردیلانەی سپی و هەناری رەنگی، لە ژێر سۆخمەی رەشی مەخمەڵیدا جوانییەکی ئەوتۆی بە روخساری وەک مانگی چواردەی بەخشی بوو، کە وەسفی ناکریت. لێوە ئاڵە سرۆشتییەکانی وەک گوڵەباخی تازە پشکوتوی تاقانەی ئەم سروشتە سرنج راکێشەری ڕێبوارانی رێ جوانی بوو.

ئاریێزیش لە ناو دەریای مەنگی چاوانی چنووردا گێژ و وڕ پەلە قاژەی دەکرد. مێشکی وا رچا بوو کە نەیدەتوانی بۆ دەرباز بوونی خۆی بیری لێبکاتەوە. خۆی سپاردو بوو بە هێز و وزەی شەپۆلی دەریای ئەوین و هێزی بای فریشتەی وایو.

چنووریش وەکوو گوڵە چنووری زراڤی نێو تاشە بەردی کوێستان، بە دەم شنەی باوە دەشنی و سەمای دڵڕفێنی دەکرد. ناسکی و بۆن و بەرامەی سرنجی، هەر نێچیرەوان و کەژەوانێکی بەرەو لای خۆی رادەکێشا. لە نێوان ئەو هەموو نێچیرەوانەدا ئاریێزی نەچیر کرد و خۆیشی بوو بە رووگەی ئەوینی ئەو.

میترا پەردەی بێدەنگی دادڕاند و وتی: ئێمە دەبێ بیرێک لە داهاتوی خۆمان بکەینەوە. کات بە خێرایی تێدەپەڕێت و بار ودۆخی ئەم شارەش رۆژ بە رۆژ ئاڵۆزتر دەبێت. من پێم وایە دەبێ وتەکانمان پۆلێن بکەین تاکوو بگەین بە ئاکامێک. ئەوە نییە کات لەگەڵ کات، رشێن و رێژنەی گوللەبارانی سەر خەڵک خەست تر و زۆرتر دەبێ.

مەترسی لە بۆردومان وماڵوێرانی وەکو مروو واتە کرمی پەپۆڵەی مۆمخور خەریکە تانو پۆی ورە و بریڤانی خەڵک دەخواتەوە. ئێستە لە گەرماگەرمی ئەوەدایە کە بڵێن:

کاتێ دەنگی، راپەریوی گەلی چەوساوە وەک شەپۆلی دەریای توورە، بە گرمە و تەوژم خرۆشاوە. کاتی لاوان، بە سروود و خۆپیشاندان ئاڵای ئازادی هەڵئەگرن، زەنجیری دیلی ئەپچڕن. کاتێ دوژمن، بە پەلاماردان و کوشتن، وا دەزانێ ورەی خەڵک بە خوێن رشتن، دادەمرکێنێ. یان لە شۆڕشیان بترسێنێ. کاتێ بۆمبا، ئاژین دەبێ لە نێو شاردا، بە بارانی ئاگر و ئاسن ماڵمان دەکات بە کێڵگا، تا کوردستان کپ کاتەوە. شەوەزەنگی ترس و سام، بەسەر وڵاتەکەمدا دارێژێ. هەر کەس ئازایە بیکوژێ. کاتێ زیندان، لە کوڕ و کچ ئاخنراوە. لە ژێر زەبر و زەنگی دوژمن، دەنگی ئازادی براوە. تا لە هودە تاریکەکان لاوانمان لە دار هەڵواسێ. یان بە دەس قامچی وەشێنێک ئێسک و پێسیان بتەزێنێ.

کاتێ ئەوان دەبارێنن ناپاڵم و بۆمبا، سینگمان دەکەن بە کێڵگا. بۆ زرێپۆشی بێ بە رێگا. تا هێزە چەوسێنەرەکەی شار و گوندمان کا بە مۆڵگا. تا سامانی کوردستان بدا بە گوللە وئاگر کە بیبارێنێ بە سەرماندا.

ئیتر کاتێ لێبڕانە، و هەموو شیمانە و بەشکۆ یان دوودڵی دەبێ وەلاوە بنین تاکوو کارێک بکەین. چۆن هێزە رامیاریەکان چاویان لە ئاکاری خەڵکە. من پێموایە دەبێ کارا و رەوت بریڤانی بگۆڕین بە هێرش بردن نە پارێز کردن.

چنوور: میترا راست دەکات! ئێوە کوڕن دەتوانن هەر کات پێتان خۆش بێ شار بە جێبهێڵن و وەکوو هەڵۆ رووکەنە چیاکان، و خەباتی خۆتان لەوێرا دژ بە داگیرکەر و چەوسێنەر درێژە پێبدەن. بەڵام ئێمەی ژن چی؟ ئەگەر لە ئێرە بمێنینەوە، جێگامان سووچی زیندانەکانی ئێرانە. ئێمەش نامانەوێ بە کویلەیی بژین. یان لە ژێر ئەشکەنجەی دەمار وشکە ئایینیەکاندا بە سەگەمەرگی بژین. بۆیە دەمانەوێ لە تەک ئێوەدا بینە دەرێ

هەروا کە ئێوە دەبن بە هەڵۆی چیاکان، ئێمەش دەتوانین ببین بە تەواری نێو تاشەبەردەکانی کوردستان. ئێمەش دەمانەوێ دژ بە خوێنڕێژی داگیرکەر خەبات بکەین. لەو ڕێگەیەدا ئەگەر گیانمان بەخت بکەین، جێگای ڕێز و شانازیە بۆمان، تاکو ژیان بە دیلی.

سیروان: ئەم دۆزە کە مایەی نیگەرانی ئێوەیە بۆ ئێمەش هەروەها زۆرتر جێگای نیگەرانیە. بەش بە حاڵی من و ئارێز ئەوینی ئێوە تین و وزەی ئەژنۆی ئێمەیە. ئێمە ماوەیەکی زۆرە لە سەر ئەوە ساقین ئەگەر ڕۆژێک بە ناچاری شار بەجێبهێڵین، ئێوەش لە گەڵ خۆماندا دەبەین. ئێمە جەوهەری کۆماری ئیسلامی ئێران دەناسین. هەموویان لە باری ڕەوانیەوە وەکوو خەڵخاڵی خوێنرێژ، تۆشی نەخۆشی مرۆڤ کوشتنن. خرەد و لۆژیکی ئەوان مەرگ، و وتەی سەرزمانیان کوشت و برە. ڕەوشتی ئەوان ئەشکەنجەیە. تەنها ئەوەیان ماوە کە گۆشتی مرۆڤیش بخوەن.

ئەوەیە مێشکی گەنیوی ئاخوندەکان و رووناکبیری پاریس دیدە، بەنی سەدر.

ئارێز درێژەی بە وتەکانی سیروان دا و وتی: کۆمەڵگای ئێمە وەکوو هەموو جیهان نێوەی ژنانە. ئەگەر ژنانیش لە خەباتدا شان بە شانی پیاوان تێبکۆشن نیوەی سەرکەوتن دابین دەکەن. دەبێ دۆزی بزر و پاوان، دواکەوتویی و بیر تەسکی ئایینی کە بە سەر کۆمەڵگادا داسەپاوە، بۆ هەمیشە تێبشکێنین، گەر بمانەوێ بە ئازادی و سەرفەرازی بژین.

کاتژمێر بە پێچەوانەی بەیانی بۆ سیروان بە خێراییەکی ئەوتۆ تێدەپەڕی. باسی چۆنیەتی خەبات و چارەنووسی کوردستان لە رۆژەڤدا بوو، تاکوو ئێش و نۆشی ئەوین. کاتی نیوەڕۆ هات و فراوێنیان پێکەوە خوارد. پاش ماوەیەک چوون بۆ بنکە تاکوو بزانن کە دەنگو باس چییە. ژینگەی بۆردومانی شار وەک رۆژانی رابوردوو بەبێ پسانەوە بەردەوامە. لە هەرحولەکێکدا کەسێکی سڤیل دەکوژرا، یان بنەماڵەیەک دەبوون بە ژێری ماڵە روخاوەکەیانەوە. کاتێک کە گەیشتنە بنکە کۆمەڵێک خەڵکیان دیت کە کۆ بوونەوە و دەیانەویست بچن بۆ نێو گۆڕستانی تایلە، بۆ هەڵکەندنی گۆر بۆ ئەو چەکدارانەی رژیم کە لە گۆڕەپانی شەڕدا بە جێمابوون.

کا ئەولە: بۆ گیانی خۆتان دەخەنە مەترسی؟ ئەویش بۆ کێ؟ بۆ ئەوانە کە بە داخوازی خۆیان هاتونە کوردستان کە گەلی ئێمە قەلاچۆ بکەن، کە بچنە بەهەشت. ئەمەیە جهادی ئەوان.

کا نەورۆز: ئەوان دڵیان پڕە لە ژەهری دەماروشکی ئایینی. ئێمە کە وەکوو ئەوان هۆڤ و نامرۆڤ نین. ئەوان گەر منی ئیزەدی بکوژن رەنگە ببێ بە جهاد. بەڵام ئەوان بە کوشتنی موسلمان، جهاد دەکەن. ئەسپەردە کردنی ئەوان وەک ئەرکێکی مرۆڤایەتییە لە رادەی یەکەمدا، و دووهەم ئەوان مێشکیان پڕە لە کا و پەیین. ئێمە خۆ وەکوو ئەوان مرۆڤ کوژ و خوێنڕێژ نین. سێهەم، ژبۆ ساخلەمی و تەندروستی دانیشتوانی ئەم شارە و بڵاو نەبوونەوەی نەخۆشی گەلی جۆراوجۆر، باشترە بە شێوەیەکی گونجاو ئەسپەردە بکرین. سیروان: ئەوانە چەند کەسن و لە کوێن.

کا نەورۆز: دەڵێن کەلاکی ٩٢ جاش و پاسدار کە لە نەخۆشخانەی شەهیدان کۆ کرابوونەوە بە سەر چەند بنکەدا دابەش کراون کە بیاننێژن. بەشێکی زۆریان هێناوە نێو

تایلە. هەر ئێستا کە من لەوێ گەڕامەوە خەڵک خەریک بوون گۆڕیان بۆ هەڵدەکەندن. من پێم وایە کە چەند کەسێک بچین بۆ یارمەتی ئەو خەڵکە کە بە خێرایی ناشتنی ئەو دایک مردوانە تەواو بێ تاکو تۆشی زیانی تۆپباران نە بوون.

سیروان و هاوڕێیانی لە گەڵ چەند کەسێک لە بنکە، بە قولەنگ و خاکەنازەوە چون بۆ یارمەتی، بۆ نێو تایلە.

کاتێک گەیشتنە ئەوێ، سەیریان کرد کە پوڵ پوڵ خەڵک خەریکی هەڵکەندنی گۆڕن لە شییویی گۆڕستانی تایلەی بەشی چوارباخ و لە قەراخی جادەی شار بەرەو فەیزاوا.

سیروان و هاوڕێیانی خێرا و بە دەستو برد لە گۆڕ هەڵکەندن و ناشتندا یارمەتیان دا.

لەم نێوانە دا پیرەژنێک کە هەندێک قوڕی لە قژە سوورە خەنەیەکەی دا بوو، ڕەشتییە سوورەکەی خستوبووە سەرشانی و بە هەردوو چەپۆک دەیکێشا بە سەری خۆیدا. قژە سوورەکە کە لە بەر تیشکی هەتاوەوە دەدرۆشایەوە بە نینۆکەکانی هەڵیدەڕنی و وەکو شێت و لێوە بە دوای کوڕە کوژراوەکەیدا دەگەڕا.

بە ئاهەنگی چەمەری و زاراوەی کامیارانی، لە کاتێکدا یەک یەک کفنەکانی دەکردەوە و سەیریانی دەکرد و دەیگوت: ئەی باوان شیویاگ! کێ ئەم کارە چەپەڵەی نیا باوشت؟ ئەی ماڵم وێران بێت. خۆ تۆ نە باوکت کەر بوو نە دایکت. تۆ چۆن بوویت بە هۆڵیکەر و ناوی ڕەشی نیشتمان فرۆشیت بە سەر ئێمە داسەپاند. ئای حەمە گەوچ، شیرم بە حەرامت بێت چۆن ئاوڕوومانت برد و لە ناو هاوسا و بەراوسا سەرمانو شۆر کردەوە؟ ئەمەیە ڕەنج و پاداشتی من و باوکە کوڵۆڵەکەت؟ ئای حەمە بۆ کەفتیتە شوێن قن موفتیزادە.

پیاوێکی بە تەمەن بە دەنگی بەرز کە زاڵ بوو بە سەر دەنگی لاوانەوەی ئەو پیرەژنەدا گوتی: خۆیشکە بەسە. بە شوێنیدا بۆ دەگەڕی؟ لێگەڕێ، با هەر نەزانی کامەیە. بگەڕەوە ماڵی خۆت نە شیوەنی بۆ بکە نە جنێوی پێبدە. وا بزانە ئەو خۆفرۆشەت هەر نە بووە.

پیرەژن: کاکەبرا! ئەم زووخاوەم پارکە پاییز، لە کرماشاندا کاری دەکرد. خێڵی موفتی بە دراڤ و پارە فریویان دا و کردیان بە چەکداری خۆیان. کاتێ گەڕاوە بۆ سەردان پێمان وت ئەو کارە مەکە، وەگەرنە حاشات لێدەکەین کە منداڵی ئێمەیت. تکات لێدەکەین لە نێو کەس و کارا سەرشۆڕمان مەکە. کە چی گوێ نەدا. ئیسەش گەرەکمە بزانم گۆڕەکەی لە کوێیە. بۆ ئەوە هەموو ساڵێک لە وەرزی پاییزدا کە دڕک زەرد دەبێت، باوشێکی دڕک بێنمە سەر گۆڕەکەی و یادی بە باقەی دڕک بکەمەوە. کە چۆن ئەو بەم کارەی دڵی ئێمەی دڕکاژن کرد، و بەزەیی بە پیری ئێمەدا نەهات.

پیرەپیاو: خۆشکە لێگەڕێ ئەو هەڵەی کردوە، یان بڕوای پێبوو. ئەوە حەمەس کە ڕێگای خۆی هەڵبژاردووە. ئەوەش بزانە ئەم کاک ئەحمەوە کە ئێستا منالانی خەڵک بە بەهەشت و حوری فریودەدا کە دژ بە گەل و نیشتمانەکەیان ڕاوستن، و یارمەتی دوژمنی خوێنڕێژ بدەن، تاکو مەلاکانی تاران لە بوقملی پانی بدەن و بێژن باریقەڵا ئەحمەو جان. بەڵام ئەزانی سۆزی چی لێدەکەن؟ دوور لە ڕووت وەکوو کەری پیری جووتیار کە ئیتر ناتوانێت بار بکێشێ کورتانەکەی دەگرێتەوە و بەرەڵای دەکات، تاکو سەگ و گورگ بیخوات.

خەڵک بە یارمەتی و هاریکاری یەکتر لە ماوەیەکی کورتدا هەموو کەلاکی کوژراوانی ڕژیمیان بە باشی و ڕێکو پێکی ناشت. هەر چەند ئەوانە لە هەزاران کیلومیتر ڕێگای دوورەوە هاتبوون بۆ ئەوەیَ قەیتانی پۆستاڵەکانیان نەکەنەوە تاکو کوردستان سەرکوت دەکەن، و خاکەکەی دەکەن بە ئاگردان و گۆمی خوێن. بەڵام قەیتانی کەوشەکانیان خەڵکی کوردستان بە ڕێز و بەزەییەوە کردیانەوە و بە جێ کەس و کاریان بەڕێزەوە ئەسپەردەیان کردن.

خەڵک بەرە بەرە گۆڕستانی تایلەیان بە جێهێشت. سیروان و هاوڕێیانی گەڕانەوە بنکە. لەویَ ڕوونیشتن و هەواڵنامە و بڵاوکی تازەیان هێنا و بەم شێوەیە خوێندراوە هەواڵنامەی ٣٢ کۆمەڵە:

" ئەمڕۆ بەیانی سێیانزە هێلیکوپتری کۆبرا و شنۆک واتە دوو پەروانە لە پادەگانی سنەدا نیشتنەوە. هاوکات چەند هێلیکوپتر شاریان گوللەباران دەکرد و ئەم کارەش بە درێژایی ڕۆژ بەردەوام بوو.

خەڵک لە ماوەی ئەم ١٢ ڕۆژەی شەڕ و بۆردوماندا، شێوەی خۆ پاراستن باشتر فێر ببوون. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە کە کوژراو و برینداری بۆردومان لە چاو ڕۆژانی پێشتر تا ڕادەیەکی باش  زۆر دابەزیوە. لە نێو شاردا جگە لە یانەی ئەفسەران و ڕادیو تێویَ کە پێشتر لە بن دەستی هێزەکانی ڕژیمدا بوون، بنای ئوستانداری، فەرهەنگو هونەر لە بەرانبەری ئوستانداریەوە و هەر وەها مزگەوتێک لە دەڤەری شەریف ئاوا کەوتوونە ژێر دەستی هێزە سەرکوتگەرەانی ڕژیم.

خەڵک کەمتر لە ماڵ وەدەر دەکەون. میرمنداڵان لە دەستە و پۆلی چەند کەسیدا لە نێو کوچە و کۆڵاناندا دەگەڕان و سروودی شۆڕشگێڕانەیان دەخوێند.

ئەمڕۆ کە ئاگری بۆردومان لە جاران کەمتر بوو، خەڵک بەدەرفەتیان زانی بۆ ناشتیانی کوژراوەکانیان لە گۆڕستانەکاندا."

هەتاو لە ئاسۆی خۆرئاواوە خۆی بۆ ماڵئاوایی تەیارکرد و خزا نێو گەواڵی پەڵە هەورەکان کە لە زیاد بووندا بوون.

میترا: بەیارمەتیتان دەبیَ ئێمە بگەڕینەوە تاکوو وەدرەنگ نەکەوتوین.

سیروان: هەر چەند حەزدەکەین بۆ هەمیشە لە لای ئێمە بمێننەوە بەڵام ئەو ڕۆژە هێشتا نەهاتوە. دەی باشە هەستن. ئێمەش تاکوو ماڵی خۆتان ڕەوانەتان دەکەین.

دوو بە دوو پێکەوە و شان بە شانی یەکتر بە پیاسە بەرەو چوارباخ ڕێیان گرتەبەر. لە لای یەکەوە بە ژینگەی شەڕ هەستیان نەدەکرد و حەزیان دەکرد ئەم ڕێگایە بەم زووانە نەبڕێتەوە. کۆڵانەکان چۆڵ و بێدەنگ بوون، دەتگوت خۆڵی مردوت بە سەرشاردا پرژاندوە. کەس جگە لە چەکدارانی بنکە و پێشمەرگە نەدەبینرا. ئەمانیش بە ئارەزووی خۆیان دەستی یەکتریان گرتو بوو کۆڵان بە کۆڵان ڕۆیشتن، تا گەیشتنە چوارباخ. لە پێشدا سیروان میترای بردەوە ماڵی خۆیان و ئەوسا ئارێزیش چنووری بردەوە. پاشان لە سەر کۆڵانی ماڵی چنوور سیروان و ئارێز یەکیان گردەوە و بەرەو ماڵی سیروان گەڕانەوە.

تەوژمی با خێراتر و بە هێزتر دەبوو. لاپەڕەی بڵاوکەکان لە تەک تۆز و خۆڵی ماڵە رووخاوەکاندا بە دەم باوە بە نێو کۆڵانە چۆڵە کاندا دەسووڕانەوە، و چاوی ڕێبوارانی

پڕ لە تۆز دەکرد. دەنگی تەلی دار چراکانی نێو کۆڵانەکان بەدەنگی باوە دەیلووراند، لە کاتێکدا بێدەنگی پاش تەقینەوەی گوللە تۆپێک یان ڕەشاشێک زاڵ دەبوو. کزەی با و رادەی شی مزگەێنی لە بارینی باران دەدا. پەڵە هەورەکان بە دەم بای زریای ناڤینەوە بە دەور لۆتکەی ئاوییەرەوە ئالان و گەواڵ گەواڵ ئاسمانی شاریان دادەپۆشی.

خەڵکی ماڵ وێرانیش خۆیان بۆ پاراستن لە دڵۆپە و تکەی بانەکانیان ئامادەدەکرد. گرمەی هەور و برووسکەی هەورەتریشخە، دەنگی تۆپ و ڕێژەی ڕەشاشەکانی کپ کردوبووەوە. بەڵام دەنگی خرمەی بارانی سەر بانان و خوڕەی پلووسکی دیواران نەهات، تا ڕیتمی ئاهەنگی شەڕ بگۆڕێ. تاکوو بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت خەڵک هەست بە ئارامی بکات.

ئارام بە جلۆ بەرگی تۆزاوی هاتەوە. باش بوو هێشتا ئاوی لولەی گەڕەکی ئەوان نەبڕا بوو. خۆی شۆرد و جلو بەرگەکەی گۆڕی. هاتە ژووری و لە ماندوییدا بە پشتەوە ڕاکشا و گوتی: ببوورن کە پاڵکەفتم ئەویش لە بەر ئێشی شان و پشتمە.

ئارێز: فەرمو هەر جۆرێک ڕاحەتی.

ئارام: جاران ڕۆژانی بارانیم زۆر پێخۆش بوو و حەزم دەکرد لە ژێر نم نم و ڕەهێڵەی باراندا پیاسە بکەم. ئێستا دەڵێم ئای لەم بارانە کە سەنگەرەکانمان پڕ لە ئاو و قوڕ دەکات. هەرچەند بەهیوام ئیمشەو نەبێت بە باران. من لەم ژینگەیەدا خەمی ئەو خەڵکە دەخۆم کە بێ ماڵن یان هێشتا لە بن دیوار و سرمیجی ماڵە وێرانەکەیاندا دەژین.

ئەمڕۆ دوژمن بە کۆمەڵێک هێلیکوپتر، پسا پسا هێزی تازەیان دەهێنا بۆ پادەگان و هەر جارەش بریندار و کوژراویان دەبردەوە. پێموایە دوێنێ کوژراو و برینداری زۆریان بووەوە. بۆیە ئەمڕۆ هەر خەریکی گواستنەوەیان بوون. ڕەنگە پیلانێکی تازەیان بە دەستەوە بێت.

دەنگی لوورەی و هاژەی با و باگژ بە تەوەژمی تۆزەوە هەموو شوێنێکی ئاخنی بوو. کە ببوو بە ئاهەنگی شەو تا ئەو کاتەی ئەو لاوە دڵسۆز و بە هەستانە خەویان لێکەوت.

## بەشی١٣

هەینی (ئاناهیتاڕۆژ)ی ١٢ی گوڵانی٢٦٨٠ی کوردی. ڕۆژی مانگهە، مانگ، هیڤ ٢ی مای ١٩٨٠ی ز.

---

شاری ماندو و بریندار، لە ژێر چەمۆڵەی شەودا، پەردەی شەوەزەنگی دادەدڕاند. دارستانی هۆڤ ڕاما، کپ و کڕ و بێدەنگ. نەپرمین، نەفڕین، نەبزوین. سروشتی لەشی، بە دەرزیاژنی شەڕ، هەموو گیانی تەزی بوو. چاوەڕوانی مزگانی هەڵاتنی خۆر بوو. تاکوو ڕوومەتی تیشک لە نێو ئاسۆی ئەرخەوانیدا چاوی هەڵهێنا. پرشنگی فەڕی میترایی، تاجی زێرینی ڕۆژی لە سەر لۆتکەی چیا دانا. ژینگەی سروشت ڤەژین بوو. شەڤ ڕەوی و ڕۆژ ئاما. پریشەی نەرم و نمی واران هێشتا ئاگری دەروونی شاری ئاو

پرژێن نەکردبوو. باگژی شەو، تۆز و خۆڵی سەدان ساڵەی ماڵە دیرووکیەکانی شاری بەسەر حەوش و باناندا دابەش دەکرد. ئەمڕۆیش بۆنی بارووت و تۆز لوتی ئازار دەدا.
شیبا دەشنی و شەوێنی سەر پەڕەی گوڵانی دەهێنا سەما. سۆمای ئاسۆ هانای لاوێنی هێنا بۆ ئەویندارانی. لە زۆزانەوە دێنێ مژدەی بەیان، بە وڵی زیوای بەفرینی بەهارەوە. دێنێ تارای تاسەی ئەڤین، تا بسرێ فرمێسکی شەتاو، لە سەر گۆنای زەردی دڵ بریندارانەوە. ئاسمانی پڕ لە هەوران، بە ئارامی و دوور لە چاوی نەیاران، فرمێسکی خەمی دڵی کەیلی دادەڕژاند، دڵۆپ دڵۆپ بە سەر شاری باوان وێران .
ئارام خێرا خۆی گورج کردەوە. لە ئەستێرە و پەڵە هەورەکان بە پەلەتر ماڵی بە جێهێشت. هەرچەند دایکی پێگوت رۆڵەگیان برێک جلو بەرگ لە گەڵ خۆتدا ببە با سەرمات نەبێت و نەخۆش نەکەوی.
ئارام: دایە گیان خۆت ماندو مەکە! وەرزی بەهارە کە خۆر هەڵات گەرمایش بە دیاری دێنێت. ئێستە سەنگەرەکانمان نە بوون بە زێ و زوونگ، چون زۆرتر زیخە تا خۆڵ. لای تۆ خۆش دایە. پێشمەرگە خۆشی و سەختی بۆ نییە، هەرگ و چڵپاوی مەتەرێزەکان ئەمڕۆ لە نێو نەرم و نۆڵی پێخەف خۆشتر و پێویسترە.
هێزی بای شەو جادە قیرتاوەکانی گزکدا بوو و لە بەر تیشکی رووناکی بەیاندا بریقەیان دەهات.
ئارام خۆی گەیاندە سەنگەرەکانی گردیگەڕۆڵ. کاک نەورۆز کە سێیازە ساڵێک لە ئارام بە تەمەنتر بوو، هەموو لەشی لە بەر کزەی بای ساردی شەودا رەپ ببوو، جێگەیان گۆڕاوە، و گەڕایەوە ماڵی خۆیان لە قەتارچییان بۆ حەسانەوە.
سیروان و ئارێز پاش خواردنی ناشتا، چوون بۆ بنکە، تاکوو بزانن چ باسە. ئەوەیان هەست پێکرد کە ئەمڕۆ لە نێو حەوشی بنکە فراوێرەیە. خەڵکێکی زۆر لە دەوری سێ تەرم کۆ ببوونەوە. مردوشۆری ئەو گەڕەکە بەیارمەتی چەند کەس کەتی تاتەشورەکەیان بە ئاوی گەرم دەشۆرد.
سیروان چووە پێشەوە تاکوو بزانێت ئەم کوژراوانە کێن. کاتێک سەیریانی کرد سەرەڕای ئەوە کە هەموو لەشیان لە بن پرشە و دار و بەردی ماڵەکەیان ورد و خاش و خوڵپانی خوێن بوون هەر سێکیانی ناسیەوە. ئەو سێ کوژراوە برا و منالانی کا ئالان بوون. سیروان لە هاوسێیکی بنەماڵەی کا ئالانی پرسی: ئەرێ چ بۆیرێک تۆشی ئەم بنەماڵە بووە؟
هاوسێکە چەپۆکێکی کێشا بە سەر چۆکیدا و بە پەژارەیەکەوە وتی: لەم رۆژگارەدا کە تێکەوتوین، ژیانی مرۆڤ بایخی پوشێکی نییە. ئەو کوڕانە لە تەک دایکیاندا لە شیرینی خەوا بوون، کە گوللەتۆپێکی دوژمن لە نێو ماڵەکەیاندا دەتەقێتەوە و دەمودەست هەر چواریان واتە رۆژین خانم و کوڕەکانی ئارمین، ئارشین وئارین دەکوژرێن.
یەک دوو ژن گورچوگوڵ رۆژین خانمیان لە نێو ژوورێکدا شۆرد و کەفنپۆشیان کرد. پیاوە مردوشۆرەکەش یەک یەک کوڕەکانی کا ئالانی هەژاری شۆشت.
کا ئالان بە گریانەوە ژن و منالەکانی دەلاوانەوە. ئارێز و سیروان چوونە پێشەوە کە سەرەخۆشی لیبکەن. ئەوەندە دڵی کەیل و پرخوێن بوو، بەدەنگی بەرز دەیگوت: ئای داد

ئەی بێداد ژنەکەم ڕۆ، کوڕەکانم ڕۆ. ١٨ و ١٦ و ١٤ ساڵ ڕەنجی گەورەکردنیانم ڕۆ. هەر چیکم هەبوو ڕۆیی و ئیتر ناگەڕێتەوە. دەک ملم بشکێت بۆ ڕۆیشتمە دەرێ؟!

بریا منیش لە ماڵدا لە لای ئەوان بمردام و ئاسودە ببام. تاکوو مانەوەم وەک کوچەڕەشەی خەم و بەوبەختی.

ئای لە ماڵوێرانی. ئای خوا بۆ تۆ ئەوەندە بێ دەستەڵاتی؟ بۆ یارمەتی کەس نادەی؟ بۆ بەس ئاگات لە زۆرکاران و خوێن خورانە؟

سۆفی ئالان وەکو کۆتری گێژ دەسووڕایەوە و هەر هەمان ڕستەگەلی دووپات دەکردەوە.

کابرایێک لە تەنیشتی سیروانەوە وتی: "ئێژن باوان شێویاگ سەر لە کاری خۆی دەرناکات." بەراستی ئەمەیە.

ئاریو کە هەڤاڵی گیانی بە گیانی ئارمین بوو ڕووی لە سۆفی ئالان کرد و وتی: سۆفی ئارام بە! ئەو خودایە کە تۆ سکاڵای لێدەکەی، هەر ئەو خودایەیە کە کاتێک عیسای مەسیح، بە فەرمانی ڕۆمیەکان و ڕاوێژی جووەکان لە خاچ درا گوتی: خۆدای من خۆدای من، بۆچی تۆ منت بە جێهێشت؟ ئەزانی یانێ چی؟

نا نا!

مانای ئەوەیە کە ئەو هیوایە، گەر خۆدایەک هەبێت بۆ هەمیشە ئێمەی بە جێهێشت و بزر بوو. سۆفی بە دوای خۆدایەک، کە ئەمەکی بۆ " کوڕی خۆی واتە عیسا " نەبوو، جا بۆ کێ هەیەتی. ئەوە نییە کە خومەینی ئاوێنەی خوداپەرستیە و نوێنەری خوایە. کە چۆن گەورە و بچوکی ئەم شارە لە خوێن دەگەوزێنێت. ئەوە نییە لە هەر کات و ساتێکدا دەبیسن ماڵێک یان چەند ماڵانێک بە فەرمانی دین قەڵاچۆ دەکرێن.

هەر چەند سۆفی ئالان بۆ چەند چرکەیەک ئارامیگرت، بەڵام نەیدەتوانی بە سەر خەمی لە دەستدانی خۆشەویستەکانیدا زاڵ بێت.

خەڵکی گەرەک بە ئاریکاری یەکترین کوژراوەکانیان لە نێو چوار تاوت نا لەو کاتەدا کە خەریک بوون بیبەن بۆ ناشتن، میرمنداڵێک بەڕاکردن هاتەوە و وتی گۆڕەکان ئامادەیە. بەیانی زوو چەند کەسێک بە کەرەسەی گۆڕ هەڵکەندن چوو بوونە نێو تایلە، چوار گۆڕیان هەڵکەندو بوو. لە بەر مەترسی بۆردومان یان هێلیکوپتر بە خەڵکیان ڕاگەیاند:

تکایە هەمووتان لە ناشتنی ئەم کوژراوانە، بەشداری مەکەن تاکوو بۆتان دەکرێ. لە ئەسپەردە کردنیاندا خۆتان بپارێزن. ئەگەر بۆردومان کراین با زیانمان کەمتر بێ. لە گەڵ سۆفی ئالاندا کۆمەڵێک خەڵکی گەڕەک بە هەڵگرتنی تەرمەکان بەرەو نێو گۆڕستانی تایلە ڕۆیشتن. خەڵک بە نۆرە دەچوونە ژێر تابوتەکان و بە خوێندنی سروودی ئەی شەهیدان گەیشتنە لای گۆڕە هەڵکەندراوەکان. لە ماوەیەکی کورتدا هەر چواریان لە تەنیشتی یەکتردا ئەسپەردە کران. پاش خوێندنی چەند سروود و وتنی دروشمی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران، گەڕانەوە بنکە بۆ سەرەخۆشی.

کاتێک گەڕانەوە بنکە کا ئالان لە بەر دەرگا خوشکی دیی کە بە نینۆکی پەنجەکانی گۆنای هەڵکولاشی بوو. کە ئالانی برای دیی بە شین و گریانەوە لە باوەشی گرت و خوڕ خوڕ وەکو هەوری وەهارن پێکەوە گریان.

ئاسۆخان کاتێک هەواڵی قەلاچۆی ماڵباتی براکەی بیست بە پەلە و سەرپێپەتی ڕێگای گەرەکی شێخانی تا ئەویَ بە چاوانی لێلی پڕ لە ئەسرینەوە بڕی.
لە نێو بنکەدا سەرەخۆشی لە لایەنی بەڕێوەبەرانی بنکەوە دانرا بوو. براکانی ئالانیش لە گەرەکی قەتارچیانەوە بە خا و خێزانیانەوە، بە هەزار چەرمەسەریَ لە ژێر ئاگری بۆردوماندا، خۆیان گەیاندە لای ئالانی باوان وێران و دڵخوێن. بنەماڵە و خزمەکانی کە هاتو بوونە ئەویَ لە تەنیشتی سۆفی ئالان و لە لای دەرگای بنکەکە دانیشتو بوون. خەڵک دەهاتن و هاوخەمی و سەرەخۆشی خۆیان لێدەکردن. لە نێو بنکە ئاهەنگی سروودی بەریڤانی و شۆرشگێرانەیان بلاودەکردەوە.
مەلای ئەو مزگەوتەش لە گەڵ کۆمەڵێک خەڵک دانیشتو بوون و بلاوک هەواڵنامەیان دەخوێندەوە. باسی رامیاری و بریڤانی جێگای راوێژی نێو مەمبەری گرتبووەوە. ئەو کەسانە کە بڕوایان بە نوێژ خوێندن بوو، نوێژی خۆیان دەخوێند و لە سەنگەری بەریڤانیشدا شان بە شانی خەڵکی شار بەشدار بوون. ژینگەی دیموکراسی لە بنکە و هەموو شوێنەکانی شاردا بە باشی لە لای خەڵکەوە ریزی لێدەگیرا. تەنیا سەرچاوەی راگەیاندن بلاوک و هەواڵنامەی هێزە رامیاریەکان بوو، کە خەڵک متمانەی پێدەکردن. رۆژنامەکانی تاران لە بەر هۆی جەنگ و گەمارۆی شار لە لایەن هێزەکانی رژیمەوە نەدەگەیشتە ئەویَ. رادیو و تیَ ڤیَ کۆماری ئیسلامی ئێرانیش جگە لە درۆ و پڕۆپاگەندەی دژ بە مرۆڤ و گەلی کورد هیچێکی نە بوو کە گوێی لێبگرن. بیَ متمانەیی بە دەزگای هەواڵنێری رژیم بوو بە هۆی ئەوە کە خەڵک تیَ ڤییەکانیان داخەن. خەڵک پەنای بۆ رادیوەکانی دەرەوەی ئێران دەبرد بۆ ئەوە ئاگایان لە جیهانی دەرەوە بێت.
بە هۆی ڕێگاگرتن و بەربەستکردنی کردنی رۆژنامەوانان بەرەو ئێران بە گشتی وکوردستان بەتایبەتی، جیهانی راگەیاندنی دەرەوە بێدەنگ و بێخەوەر بوون لە قەلاچو کردنی گەلی کوردستان، لەلایەن دەولەتی ئێرانەوە. خوێنرێژانی ئایینی ئێرانیش بەگوێرەی بیری تەسک و مێشکی بەرژەوەندخوازی خۆیان، کوردستانیان دەکرد بە گۆمی خوێن و کوورەی ئاگری سووواندنی پیر وجوان، ژن و پیاوی کوردستان.
ئاسۆ: لە هەواڵنامەی کۆمەڵەی ئەمرۆدا وای نووسیوە
" ئەمرۆ لە گردی توشنەوزەڕ کە ئەمبار و کۆگای ئاوی لێیە پێشمەرگە و کادەری رامیاری کۆمەڵە بە ناوی مەنسوری بهزادموتلەق لە کاتی دیدەوانیدا، و هەروەها پێشمەرگەیەکی ڕێگای کرێکار(راەکارگر) بە ناوی سادق بتیا دەکوژرێن.
دوێنیَ شەو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و(چریکهای فدایی) هێرشیان کردە سەر جێگا و مۆڵگەی هێزەکانی رژیم لە نێو بینای ئۆستانداری و دەبیَ بە هۆی کوژراو وزیانێکی زۆر لە هێزەکانی رژیم. پێشمەرگەکان بەبیَ زیان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان.
لە بەرەی گردیگەڕۆڵ و پادەگانەوە چەند جار هێرشی دوژمن تێدەشکیَ و هەر جارەش بەکۆمەڵێک کوژراو و بریندارەوە بەرەو پادەگان پاشەکشیَ دەکەن."
لە سەرەخۆشی بنەماڵەی کا ئالاندا سیروان و ئارێز لە خەڵک پێشوازیان دەکرد و چایان بۆ خەڵک دادەنا. هەتاکوو پاشنیوەڕۆ، هەتاکوو پرسە درێژەی هەبوو یارمەتیان دا.

لە دەرەوەی بنکە، ئاریز ماڵاوایی لە سیروان کرد و ملی ڕێگای ماڵی خۆیانی گرتەبەر. هەرچەند ئەمڕۆ لە تەک سیرواندا کات و دەرفەتی ئەوەیان پەیا نەکرد کە بچنە یەکێ لە بەرەکانی پاراستن و بەریڤانی شار.

هەتاو لە لۆتکەی نێوانی ئاوییەری گەورە و بچوکدا بە ڕوومەتی شەرمێنی سووری، خۆی بۆ ماڵاوایی لە ڕووناکی ڕۆژ تەیار کردوبوو. ڕوومەتی لەوە سوور هەڵگەڕا بوو، کە شەو ماڵی خەڵکی بێ وزە و گەرمای، بە سەرما و تاریکی خۆی دەئاخنێتەوە. داوێنی ئاوییەریش وەکوو مەخمەڵی کەسک لە ژێر زەردەی تیشکی خۆرئاوادا دەدرۆشایەوە.

دڵۆپە و جۆگەی شەتاوی بن بەفری نسارانی لۆتکەی چیایش، وەکوو ئەستێرەی زێوین بە پرشنگ و وریشەی جوانی، چاوی ئەویندارانی سروشتی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا. دڵی پڕ دەکرد لە خۆرپە و نائارامی، بۆ باوەشی سروشتی ئازاد و دوور لە ماڵوێرانی. هونەرمەندی شێوەکاری سروشت، ئاسمانی ئاسۆی ڕۆژئاوای بە ڕیتمی سەمای فلچە، ڕەنگی زەرد و نارنجی بە سەر گەواڵە هەورەکاندا دەکێشا. ئاسمانی نێوانیشیانی، ڕەنگی ئەرخەوانی کاڵ و تۆخ دەکێشا. وەکوو ئەوەی بە بیری هاتوبێتەوە کە دەروونی پڕ لە خەم و برینە، ڕەنگی ئازار و خەفەتی خۆی زۆرتر دەکرد و ئاسۆی لە ڕەنگی جوان و ڕۆشنەوە بەرەو دێز و ڕەشی شەو دەگۆڕا.

ئەمجارەش ڕەنگی سپی سەر پەنجەکانی بە پەڵتوک و تووڕەییەوە پرژاندە نێو تابلۆکەی، و کۆمەڵێکی ئەستێرەی سارد و سڕی پێ نەخشاند.

سیروان لەم سیانزە ڕۆژەی شەڕدا بۆ یەکەمین جار سرنجی باخچەی نێو حەوشەکەیانی دا. گوڵە شلێرەکان بە گوڵی سوور و دڵڕفێنی خۆیان سرنجی چاوانی سیروانیان بەرەو جوانی دیمەنیان ڕاکێشا، و باخچەکەیان ڕازاندو بووەوە. سیروان بە سەیرکردنیان کەوتە بیری ئەو ڕۆژەی کە ساڵێک لەمو پێش، پیازی ئەم گوڵانەی لە چیای ئەواڵان بە بەرزایی٢٩٥٠میتر، بە پیازەکانیانەوە هەڵکەندو بوو. ئەویش لە بەر وتەی خەڵکی ئەو دەڤەرە کە دەیان گوت: "ئەم گوڵە بۆنی پیازەکەی گەلێک ناخۆشە، ئەگەر هەڵیکەنی جگە لە ئەواڵان لە هیچ کوێ شین نابێت."

ئەو چەپکەی کە سیروان هێنا بوویەوە هەموویان شین ببوون، و زۆربەیان گوڵ و وڵیان دابوو. چۆن ئەو بیستو بووی کە هۆلەندیەکان ئەم گوڵە و هەڵاڵەیان لە کوردستانی باکوورەوە بردوەتە هۆلەند، لە وێڕا بە هەموو جیهانیان فرۆشتو هەر دەیفرۆشن.

سیروان لە بەر خۆیەوە دەیگوت: پێشینیان دەڵێن " کوچک لە جێگای خۆیدا سەنگینە و قورسە"، بەڵام من دەڵێم گوڵ بە ئاگاداری، گەش و ڕەنگینە. ئەوسا بە دەنگێکی نەرم وتی: گوڵە دڵڕفێنەکانم، گوڵی زۆر بدەن تاکوو بتانکەمە چەپکەیەکی ڕازاوە و جوان. کاتێک کە چووم بۆ ماڵی میترای گوڵی ئەوینم، ئێوەی چاو گەش بدەم بە میترای چاو مەست. ئای ڕۆژگاری بێ ئەمەک. ئەو سەردەمە چەندە خۆش بوو کە ئازاد و سەربەست بووم و دڵم بێ خەم. بۆ خۆم هەر شەو لە بناری تاشە بەردێک یان لە سەر کانیاوێکدا دەنوستم بە بێ خەم.

بەڵام ئێستا هەر کات و ساتێک هەواڵی کوشتنی مرۆڤێک دەبیستم. بۆنی مەرگ و مەترسی هەموو شوێنێکی پڕ کردووە. بۆنی گوڵانی سروشت خەریکە لە بیری خەڵک دەچێتەوە و دەبێت بە چیرۆک.

سیروان بە دەنگی دایکی راچەڵەکا و وتی: دایە لە تەک مندا قسەت کرد؟

دایکی: ئەریَ رۆڵە! ئەمە سێیەمین جارە بانگت لێدەکەم. ئەوە چییە مەگەر گەمیەکەت نوقم بووە.؟ وەرە تەلەفۆن چاوەڕێتە!

سیروان : باشە کێیە کاری پێمە؟ دایکی: وەرە میترایە! جگە لە ئەو کیَ دڵی بۆت لێدەدات؟

سیروان بە بیَ یەک و دوو بە راکردن خۆی گەیاندە تەلەفۆنەکە. گوشیەکەی هەڵگرت و گوتی: سڵاو هێزی هەناو و بووژینەرەوەی دەروونم. باشت کرد کە تەلفۆنت کرد چۆن حالم گیرا بوو و دەروونم کەیل. بەو دەنگە خۆشەت کە ئارام بەخش وڤەژینە، بم بووژێنەوە. خەمی دووریت برەوێنەوە. خۆرپەی دڵم کە بە سێجار هەڵی گرتووە چۆپی لیَ وەرگرە و بەزمی نەرمی گەڕیانی بۆ بگرە. تاکوو خەم برەوێتەوە و ئارامش بگەڕێتەوە نێو جەستەی ماندووم.

میترا: بریا بمتوانیبا ئەو کارەم بکردبا. لە پێشدا دڵی پڕ برینی خۆمم سارێژ دەکرد. منیش نیازم بە دەنگ و رەنگی تۆیە. چۆن بۆ من مایەی ژیانی وەکوو ئاو و هەوا. ئەمرۆ تێر و پڕ بۆ رووناک گریام. ئەو کچە بوو کە لە بنکە، لامان دانیشتو بوو. کراسێکی سورمەی و سۆخمەیەکی سەوزی یەشمی لە بەردا بوو، باڵابەرز و چاو و برۆ رەش کە لە گەڵماندا لە بنکەوە تاکو سەر کۆڵانی ئێمە هات. ئەوە بوو کە وتت چەند شاد و دڵۆڤانە. ئێستە دەیناسیتەوە؟

سیروان: ئەری وێنەی روومەتی بە باشی لە پێش چاومدایە. باشە چی بە سەر هاتوە؟
میترا: شەو گوللە هاوەنێک لەماڵیانا دەتەقێتەوە، رووناک و خۆشکە چکولەکەی رۆژین کە لە نزیکی پەنجەرەی ژێرخانەکەیاندا نوستو بوون بە پریشکەی شوشەی پەنجەرەکان بە سەختی بریندار دەبن. بە هۆی نەبوونی کەرەسە و پزیشک، چوونی خوێنی زۆر. نەبوونی جێگا لە تاکە نەخۆشخانەی شار، پاش چەند کاتژمێر لە کاتی هەشتی بەیانیدا هەر دووکیان گیانیان لەدەستدا. دەزانی ئێمە لە منداڵیەوە پێکەوە گەورە بووین، و زۆریش دۆستایەتیمان خۆش بوو.

سیروان: بە داخەوە! لە گەڕەکی ئێمەشدا بنەماڵەیەک بە تۆپبارانی رژیم تێدا چوون. وای لیَ هاتووە کە بەس هەواڵی مەرگ و ماڵوێرانی خەڵک دەبیستین و بەس.

من وتۆ پێکەوە ژینگەی ژیانین، لە نێو دەریای ئاگر و شەپۆلی مەرگدا. تیشکی هەتاو و هەوری بارانین. ئەوینی من و تۆ، ناخی کێوستانە، تافگە و کانیاوە، ئاگری بوورکانە. زریا و رۆبارین، بژیوی ژیانین، بواری یەک گیانین. پەڵە گەنمی کەسکی وەرزی وەهارانین. بیَ یەک مردوین، پەیکەری بەردینین، بەبیَ باران و ژین، و هەست و ئەوین. ئای لە ئەڤینداری میترا. بە هەموو ئێش و ئازاریەوە لە مەی خۆشتر، مرۆڤ مەست و سەرخۆش دەکات.

هێزی ماگ و جادویی ورە بە ئەویندار دەبەخشیَ. ماگی دەنگی تۆ مەستی کردم خەون و ئارووی روخساری تۆیە هەر دەبینم.

میترا: گیانا شەو بە تیشکی ئەستێرە دەفڕم و دێمە ماڵی خەونەکانت، سەرت لە باوەشی خۆشەویستمدا بە ئەسپایی دادەنیم و بە خەرمانەی قژەکانم باوەشێنت دەکەم. بە شەونمی پەڕەی گوڵی لێوانم، لێویەکانت پاراو دەکەم، کە نەکا تینوت بێت و لە ئارووی خۆشتدا راپچەڵەکیت. یان مەستی ئەوینت لێ تێک بچێت. پڕ بە باڵای شەو، لات دەمێنمەوە. لە تەک گزنگی کازیوەی بەربەیاندا بە جێت دێڵم. ئەوسا دەتدەمە دەستی هەتاوی پیرۆز. شەو خۆش ئارامی گیانم شەو خۆش.

سیروان: بیر لە هیچێکی دیکە جگە لە گوڵزاری ئەوین مەکەوە. ئارام ئارام بە جامی مەی ئەوینەوە بنوو. تاکوو دەبمە مێوانی ئاروو و خەونەکانت.

ئەمڕۆ پاسدارە قەناسە بدەستانی نێو یانەی ئەفسەران، لە کاتێکدا سێرەی چەکەکانیان لە سەر سینگ و ناوچاوانی ڕێبوارانی دەور و بەری یانە میزان کردو بوو، و لە خوێنیان دەگەوزاندن. لە دەنگ هاوێژەکانیانەوە بانگەوازیان دەکرد، کە گوایە" ئەوە ئێمە نین کە لە خەڵکی بێتاوانی سڤیل تەقە دەکەین و دەیانکوژین، ئەوانە چەکدارانی هێزە دژ بە شۆڕشەکانی نێو شارن." ئەو دەمار وشکە مرۆڤ کوژانە، پێیان وابوو کە، کەلەسەری ئەو خەڵکە وەکو هی خۆیان کای تێدایە و وا بە سانایی فریویان دەخون. خەڵک دەیانگوت ئێستا وا لە بەرچاوانی سەدان هەزار دانیشتوانی ئەم شارە بەم چەشنە درۆی زەق دەکەن. سۆزی لە قەلاچۆ کردنی گوندەکان و سەرجادەکان ئاخۆ دەڵێن چی؟ ئەی درۆزنە ئایینیەکانی مێژوو. ئەی دڵڕەش و پڕ لە قین، ئەی مرۆڤ کوژەکان.

خەڵک لە ئاستی پڕوپاگەندەی پوچەڵی ئەواندا لە دەنگ هاوێژەکانی مزگەوتەکانی دەوراندەوری یانە و زاڵگەی خوێنمژانی ڕژیمدا، دروشمی مەرگ و نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان دەدا و پاپۆ و پشتیوانی خۆیان بۆ پێشمەرگە دووپات دەکردەوە. ڕۆژانە خەڵکی دەوروبەری یانەی ئەفسەران کە لە نێو ماڵی خۆیاندا دیلی چەکدارانی نێو یانە بووبوون. گەر دەرفەتێکیان بۆ برەخسایە دەچوونە سەر بینا بەرزەکان و لەوێڕا گورگە هارەکانی نێو یانەیان ڕاو دەکرد. خەڵک وا توورە بوون کە لە سەر بینا بەرزەکانی وەک خوێندنگەی کچانەی مەستووەی ئەردەلان و پەروینەوە چەندین کاتژمێر، بەچاوەڕوانیەوە سێرەیان لە قەناسە بەدەستانی نێو یانە(زاڵگە) دەگرت کە سەنگەریان لە خەڵکی نێو شار گرتوبوو. چاوەڕێ بوون بەشکو سەریان لە سەنگەرەکانیان دەربێنن تاکو مدالیای بەهەشتیان پێ ببەخشن. یان لە کاتی گۆڕانی کێشکی پاسدارەکان، چەکداری تازە و کۆنیان بدایە بەر گوللە و ئاواتی بەهەشت چوونیان بهێنایەتەدی. تاکوو تۆڵەی منداڵانی لەخوێن گەوزاوی نێو کۆلانانیان لێ بستێننەوە.

خەڵک دووڕێگای لە بەر بوو، ئەویش ڕێگاکانی مان و نەمان. نەمان ئاسایی تر بوو، مەرگ وەکوو بەشێکی نەبڕاوە لە هەموو تاکە کەسی دانیشتوی ئەم باژێرە هەڕەشەی دەکرد. مەرگ وەکوو هەوا بە هەموو ماڵێکدا سەری دەدا. بەڵام مان و شادەمانی لە کۆمەڵ بیانۆ بوو و تەنانەت بە مێوانیش نەدەهات. خەڵک سەرەڕای ئەوە کە تارمایی مەرگ و نەمان، بە سەریاندا دەگەڕا ناچاربوون بۆ مانی خۆیان خۆڕاگر و تێکۆشەربن.

سیروان کە سەرەنجی دایکی دا دیی کە لە سووچی لای دەرگای ژێرخانەکەوە دوومشقی داوە و لە بەرخۆیەوە و بە ئەسپایی ئاهەنی هۆرەی جافی دەچڕیت. سیروان

هەر کاتێک ئەو ئاهەنگەی لە زاری دایکی ببیستایە دەیزانی کە ئەورۆ دڵی کەیلە و خەمبارە. بە ئەسپایی چووە لای دەستیەوە و روونیشت. دەستی خستە سەر گەردەنی و وتی: دایە ئەمرۆ هۆرە ئەچڕی چە باسە؟

ئامێدیا خانم: رۆڵە دڵم کەیلە و لە ناخەوە خەریکم دەسووتێم و دەبرژێم.

سیروان: بۆ چی مەگەر رووداوێک هاتوەتە ئاراوە؟

ئامێدیا: نا کوڕم بەس لەم دۆزە کە تێیکەوتوین زیز و بێزارم. ئەمڕۆ بیست شەو و رۆژە لە ئارانی برات ئاگام نییە. سیروان دایکی ئەرخەیان کرد کە بەم زووانە شەڕ کوتایی دێ، و هاتو چووی شار و دەرەوە ئاسایی دەبێتەوە. ئەوسا ئاران بە خەڵکدا پەیامت بۆ دەنێرێت. گەر بێتو هەر رۆژە، خۆت بخەیتە نێو گێژی خەم و بیرکردنەوە، رۆژانی درێژی شەڕت بۆ نابڕێتەوە، و دەبێت بە خۆرە گیانت دەخواتەوە.

لەم کاتەدا ئارامیش گەڕایەوە ماڵێ. ئەویش لە تەک ماڵ ئاوایی ئەستێرەی بەر بەیانان بەرەو پارێز، ماڵی بەجێهێشتو بوو لە گەڵ هەڵاتن و گەڕانەوەی ئەستێرەکانماندو و شەکەت هاتەوە ماڵێ. ئەمە ببوو بە ئاکاری رۆژانەی ئارام. وا خووی پێ گرتو بوو ئەگەر رۆژێکیش نەخۆش ببایە نەییدەتوانی لە ماڵدا بحەسێتەوە و هەر خۆی دەگەیانە سەنگەرەکانی بەریڤانی.

چۆن ئەم کارەی بە ئەرک و خزمەتی خۆی دەزانی، بۆ پاراستنی نیشتمانەکەی لە ئاستی هێرشی دوژمنی داگیرکەردا.

## بەشی١٤

شەمە(هەتاوڕۆژ)ی ١٣ی گوڵانی ٢٦٨٠ی کوردی رۆژی تیشتریە، تیشتەر، تیر ئەستێرەی تیشتەر ئیزەدی بارانە ٣ ی مایی١٩٨٠ی ز.

---

دەنگی نرکەی هەژاندن و ئاژین بوونی گوللەتۆپێک، کەرەسەی نێو ژێرخانەکەیانی هەژاند و لەرزاند. وەکوو بۆمەلەرزەیەکی بەهێز زرەی خستە شوشەی پەنجەرەکان و خرت و پرتی نێو تاقی دیوارەکان بەربوونەوە.

هەموو بنەماڵەی سیروان لە خەو راچەڵەکاند. سیروان و ئارام لە تەک باوکیاندا خێرا خۆیان گورج کردەوە، و بەرەو مەیدانی گەڕەکەکەیان و دەنگەکە وەڕێ کەوتن. لە نێو کۆڵانەکاندا سەیریان کرد کە زۆرێک لە خەڵکی ئەوێ پەشۆکاو و بە پەلە، هەر وەها پرسا وپرس بۆ شوێنی تەقینەوەکە دەڕۆن. کاتێک کە گەیشتنە ناوەندی ئەوێ هاوسێیەک گوتی: پێویست ناکات بچن بۆ یارمەتی یاکوو بمێنەوە. بەخۆشیەوە ئەم گوللەتۆپە بێ زیان بوو. لە ناڤینی مەیدانەکە ئاژین بووە و هیچ زیانێکی گیانی نەداوە. هەرچەند شوشەی پەنجەرەی ماڵانی تا پەنجا میتری ورد و خاش کردوە. هاو کات دەنگی پیاوێکی دیکەیان بیست. کە بە دەنگی بەرز بانگەوازی دەکرد " ئەی خەڵکینە

تکایە هەمووتان بگەڕێنەوە ژێرخانەکانتان. لەوانەیە دووبارە ئەم شوێنە تۆپباران بکەن. تکایە بگەڕێنەوە با زیانی گیانیمان لێ نەکەوێ."
سیروان و هاوسێیەکانیتر یەک لە دوای یەکتر گەڕانەوەماڵی خۆیان. سیروان و ئارام کە خەو لە چاویان پەڕی بوو، ئێتر نەیان توانی سەر خەوێکی تر بشکێنن. ئەوان لە ژێرخانەکەیان روونیشتو بوون و خۆیان بە باسکردن سەرقاڵ کرد، تاکوو رۆژ ببێتەوە.
ئوشە و کازیوەی بەربەیان هێدی و ئارام رەنگی سۆرمەیی ئاسمانی رۆشن کردەوە و کردی بە فیروزەیی. تیشکی زەردی هەتاوی بەربەیان مژدەی رۆژی بە کەڵکەپاساری ماڵ و واروخانە بەرزەکان راگەیاند. رۆژ بەدیی کرا.
ژیان و چەرمەسەری رۆژێکی تری ئەم شارە لەدایک بوو. بە جێ دەنگی هاتو چوو یان فراوێرەی خەڵک بەرەو کارگەکان و ژیان شارێکی زیندو، دەنگی بۆردومان دڵی مناڵانی دەتوقاند. هاژەی باڵی هێلیکوپتر و رێژنەی رەشاشەکانیان گوێ ئازار دەدا. بەجێ ئافراندنی کار و ئاوەدانی، سەرچاوەی کاریان کوێر کردبووەوە و وێرانیان دەخوڵقاند.
ئەمرۆ ئارام کاتی زۆری بوو کە بگەڕێتەوە نێو سەنگەرەکانی بەریڤانی.
دایکی: رۆڵە ئارام هێشتا شەوە. وەرە روونێ. لە گەڵماندا بەبێ پەلە ناشتکەت بخۆ. ئێستا بابت نانی تازەی برژاو دەهێنێتەوە.
ئارام: ئەمن نانی تازە ناخۆم. ئەگەر نانی پەزێرەمان هەیە، بیهێنە بۆم لە سەر چراکە گەرمی دەکەمەوە. ناشتاکەی بە پەلە خوارد و یەک پیاڵە چای بە دوایدا خواردەوە. لەپڕ هەستا و چەک و فیشەکەکانی بەست و گوتی: بە یارمەتیتان! من با برۆم باشترە. دەزانم کە هێشتا زووە. بەڵام چوونم بە قازانجی ئەو پێشمەرگانەیە، کە لایکەم یەکیان دەتوانێت هەندێک زووتر کێشکەکەی بگۆڕێت.
سیروان پاش ناشتا، تاکوو رووناکی کۆڵانەکانی شاری روون کردەوە، پەڕتووکی خوێند. لەم کاتەدا ئارێز تەلەفۆنی کرد تاکوو بزانێت کە ئەو چیدەکات.
سیروان: ئەز دەچم بۆ بنکە. گەر کارێکت بە دەستەوە نییە وەرە بۆ ئەوێ.
ئارێز: زۆر باشە تاکوو کاتژمێرێکی دی لە وێ دەتبینم. کار و فرمانێکت لە ئەم دەڤەرە نییە ؟
سیروان: نا سپاس! دەتبینم.
سیروان چەک و رەختی خۆی بەست، و چوو بۆ بنکە تا بزانێت چ باسە و لە کوێ پێویستیان بە یارمەتی هەیە. کە ئەو گەیشتە نێو بنکە، سەیری کرد کۆمەڵێک خەڵک بە پیر و لاوەوە لە دەوری یەکتر کۆ ببوونەوە و لە قولایی ئاخاوتندا بوون. چووە پێشەوە و سڵاوی لێکردن و لەتەنیشتیان روونیشت.
دوکتور زوونا کە تازە زانکۆی پزیشکی تەواو کردو بوو و بەس شەش مانگ کارامەیی کاری لە نەخۆشخانەی گریاشاندا هەبوو، لەم ماوەی چەند رۆژەی شەڕدا بە قەد نشترگەرێکی توانا کارامەیی وەدەست هێنا بوو. کەنیشکێکی باڵا بەرز و زراڤ، بە روومەتێکی گەش و جوان هەمیشە لێو بە پێکەنینە، بۆیە دەچووە نێو دڵی نەخۆش و بریندارەکانەوە. ماڵی لە نزیکی ئەم بنکەوە بوو و بۆ خۆی کاری پزیشکی لە چەند

بنکەی ئەم دەڤەرە دەکرد. رووی لە سیروان کرد و وتی: ئەریَ سیروان برینی لاقت زوون و ساریَژ بووە یان نا؟

سیروان: نازانم زوونا خانم. لەو رۆژەوە کە چاوت لیَکردووە هەتاکوو ئیَستا چاوم لیَ نەکردووە. ئیَش و ژانی زۆر کەمترە لە چاو جاران.

دوکتور زوونا: بە شیلانی راگەیاند کە کەرەسەی برین پیَچییەکە بیَنیَ. تاکوو بانداژی برینەکەی سیروان بگۆڕین.

برینی سیروانیان کردەوە و زوونا وتی: پیرۆزبایت پیَدەلیَم سیروان! برینەکەت زۆر باش ساریَژ بووە. بەلاَم تاکوو هەفتەیەکی دی نابیَ زۆر بە سەریدا بچیت. ئەم جارەش دەیبەسم بۆ ئەوە تۆز و خۆلَی تیَنەچیَت، تا چوار شەمەی داهاتو. خۆم دیَم بۆ ئیَرە و چاوی لیَدەکەم باشە.

سیروان: باشە! بەلاَم چ کاتیَک؟

زوونا: پیَش نیوەڕۆ. ئیَستا ناتوانم بلَیَم چ کاتژمیَریَک.

سیروان: سپاس زوونا خانم! زوون و ساریَژ بوونی برینەکەم لە سەر ریَک و پیَکی کاری ئیَوە دەزانم. دووبارە سپاس!

زوونا: شایانی نییە! سپاس خۆش! هۆشت بە خۆتەوە بیَت. لە دویَنیَیەوە تاکوو ئیَستا دەرفەتی ئەوەم پەیدا نە کردووە بگەڕیَمەوە مالَیَ، و سەرخەویَک بشکیَنم. ئەویش لە بەر بوونی برینداارانی زۆر.

سیروان: گەر بە قسەی من دەکەی هەر ئیَستا تا برینداری تازە نەهاتووە ئاراوە، بگەڕیَیەوە مالَی خۆت و وچانیَکی بۆ بگرە. بۆ ئەوە کە هیَز و وزەی ئەوت بیَت بۆ یارمەتی بریندارەکانت.

ئەو خەلَکەی کە لەویَ کۆ ببوونەوە هەموویان پیَکەوە گوتیان: بڕۆ بنۆ، لە سەر چی راوستاوی.

د.زوونا هەستا بەماندۆیی و لەتردانەوە، لە تەک شیلاندا رەوین و، وەگەریانە مالا خۆ.

تەنوورەی باس و ئاخەڤتن لە سەر دۆزی شار گلَپەی دەسەند و بە تینتر دەبوو. لە ناخی گەرما گەرمی ئاخەڤتندا، لایەنگریَکی کۆمەلَە بلاَوکی تازەی بە نیَو کۆڕدا بلاَو کردەوە، و بوو بە هۆی ئەوە گەرمای باسەکە سارد ببیَتەوە. کۆی بیری ئەوان لە ئاخەڤتنەکە بترازیَنیَ.

کا سوارۆ کە پیرە پیاویَکی خویَن شیرینی گەڕەک بوو گوتی: گەر زەحمەت نییە یەکیَتان ئەم بلاَوکە بخویَنیَتەوە؟

ئای... دوور لە گیانتان من خۆ بۆ خویَندن کویَرم و نە خویَندەوار.

رۆژین: من لە بەر دلَی مامۆ سوارۆ بە دەنگی بەرز دەیخویَنمەوە. رای ئیَوە چییە؟

سیروان: سپاس رۆژین خانم فەرمو بەو دەنگە خۆشەت بیخویَنەوە.

رۆژین فوی لە ئەو چەند تالَە قژ و ئەگریجەی بەر چاوانی کرد. هاو کات سەری نەختیَک وەرچەرخاند، تاکوو قژەکەی لە پیَش چاوانی لاچیَ و بکەویَتە سەر سەری، وای خویَندەوە.

"هەوالَنامەی٢٣ رۆژی١٣ی گولاَن.

هاونیشتمانانی تێکۆشەر! خەڵکی جەنگاوەر و قارەمانی سنە! سێیانزەهەمین ڕۆژی بەریڤانی خۆتان تەواو کرد. سێیانزە ڕۆژ بەریڤانی و ڕاوستانی خەڵک لە دژی بکۆژانێک کە هەموو هێز و توانای خۆیان تەرخان کردووبوو، بۆ ئەوەی ورەی پۆڵاینی ئێوە بشکێنن. ماشین و کەرەسەی جەنگی شای بێمێهر کە بە میرات بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە جێماوە. هەمووی لە ئاستی خەڵکی کوردستاندا بە کار هێنراوە. بەڵام داماوی و بێ دەستەڵاتیان لە ئاستی گەلدا، ڕۆژ بە ڕۆژ ئاشکراتر و زەق تر دەبێت.

دوێنێ شەو، بەنیسەدەر سەرکۆماری ئێران. لە ئاگادارییەکدا گوتی" شاری سنە بە تەواوی کەوتوتە ژێر کونتڕۆڵی هێزەکانی ڕژیم. چەک و تەقەمەنی، بەنزینی چەکدارانی دژ بە شۆڕش، تەواو بووە و لە کاتی هەڵاتندان."

ئەم درۆ و ژاژەی بەنیسەدەر لە درۆ و ڕاوێژەکانی چەمران دەچێت، کە لە شەڕی پێشودا گۆوتو بووی"دژ بە شۆڕش بەرەو سنوورەکان هەڵدێن، و پاسدارەکان هەموو شوێنەکانیان گرتووەتەوە. "بەنیسەدەر لە کاتێکدا ئەم درۆ و ژاژانە بۆ خەڵک دەڵێت، کە تەنها دوێنێ خەڵک و پێشمەرگە کەلاکی ٩٢ پاسدار و ئەرتەشیان ناشت. کە بۆ خۆیان لە گۆرەپانەکانی شەڕدا بە جێیان هێشتو بوو. ڕادەی کوژراو و بریندراوی هێزەکانی ڕژیم تەنیا لە بەر دەروازەکانی شاری سنەدا ئەوەندە زۆرن بە گوێرەی هەواڵەکان، زۆرتر لە هەزار کەسیان گەیاندووەتە نەخۆشخانەکانی کرماشان.

بەنیسەدەر لە کاتێکدا ئەم درۆانە لە میدیاکانەوە بڵاو دەکاتەوە، کە گەورە پادەگانی ڕەبەت لە نزیکی شاری سەردەشت کەوتوەتە دەستی پێشمەرگە. هەر ئێستا پادەگانەکانی بانە و مەریوان لە ژێر زەبری پێشمەرگەدان. هێزەکانی ڕژیم ئەگەر شوێنێک بۆ ماوەیەکی کاتی داگیر بکەن، ناتوانن لە سەرانسەری کوردستاندا بحەسێنەوە. خەڵکی کورد و هێزە جەنگاوەر و تێکۆشەرەکەی ئێستە لە هەموو کاتێک بە هێزتر و بە ورەترە و لە سەنگەری بەریڤانیدایە. ئەمە تازە بەشێکە لە خەباتی زەحمەتکێشان و گەلانی ئێران دژ بە سەرمایەداری پاشەڕۆ."

کا سوارۆی بە تەمەن پاش تەواو بوونی خوێندنەوەی بڵاوکەکە، قاقا پێکەنی و گوتی: سەیرە ئەم پیاوە؟! واتە سەرکۆمار، وەکوو ئەو باڵەندەیە کە قەد زاری ناکاتەوە. بەڵام کە زاری کردەوە دەڵی گوو گوو! لە بیرتانە فەرمانی بە هێزەکانی دا" قەیتانی پۆستاڵەکانتان نەکەنەوە تاکوو کوردستان سەرکوت دەکەن" هەرچەند نەیان توانی ئەو کارە بکەن، بەڵام خەڵکی دلۆڤانی کورد بە ڕێزەوە قەیتانی پوتینەکانیانی کردنەوە و ئەسپەردەیانی کردن.

ئێستا دەڵێن کە هێزەکانیان شاریان داگیر کردووە و پێشمەرگەش هەڵهاتووە. من نازانم کە سەرکۆمار چاوانی ئەوەندە کز و کوێر بووە کە شارێکی وا نابینێت کە ڕۆژانە هێزەکانیان سەدان گوللەتۆپی تێ دەهاوێژن؟! ئەگەر شاریان گرتوتەوە و ئێمە بە خۆمان نازانین، بۆ پسا پسا کارەوانی هێزی شەڕکەر بەرەو شاری سنە دەنێرن. سەیرە؟!

دەک قوڕ بە سەر میللەتی ئێرانی بەچکەی شێران، کە ئەم درۆزنە سەرکۆمارە و ئەو کاربەدەستانەی دیکە، کە وێنەی خومەێنی لە نێو مانگدا دەبینن!؟ واتە لە وێ کە ئالای

ئەمەریکای تێدایە(شێتانی گەورە) ئەوان بە مێشکی دەورانی بەردینەوە دەژین لە کاتێکدا زانست و پیشەی سەدەی بیستەم بە خێراییەکی ئەوتۆ بەبێ وچان بەرەو پێش دەروات، کەسەر سووڕهێنەرە.

کەچی ئەوان کلیلێکی ژەنگاویان کردوەتە ملی چەکدارەکانیان بۆ ئەوە گەر کوژران، قفلی دەروازەی پۆلاینی بەهشتی پێبکەنەوە. گەر ئەوان بیانەوێ کەس و کاری بنەماڵەکەیان ببەن بۆ بەهەشت. دەبێت بۆ هەر تاکە کەسێکیان مرۆڤێکی کورد بکوژن. بە خوێنی خەڵکی بێ تاوانی کورد ویزای چوونە بەهەشتیان مۆر بکەن بە فتوای ئاخوندەکان.

ڕۆڵەکانم ئێژن گەر پەژیمان شاخی دەربهێنایە، ئێستا من هەزار شاخم دەرهێنا بوو. پەشیمان لەوە کە زۆرترین کاتی تەمەنم بە فیرۆ چوو. هەر ڕۆژە نیوە ڕۆژێکم بۆ کڕنۆش بردن تەرخان کرد. ئەگەر ئەو کاتانەم بۆ فێربوون تەرخان بکردبایە، ئێستا بە ئێوەم نەدەگوت وەکوو کوێرێک شتم بۆ بخوێنەوە. دەک ملم بشکێت، وەک توتی هەر ڕۆژە چەند دیری عەرەبیم دەخوێندەوە بێ ئەوە بزانم مانای چییە. ئێستا دوای حەفتا ساڵ هێشتا لێی تێناگەم. ئەگەر ئەم کاتەم بۆ زانست و مرۆڤایەتی دابنایە، دڵنیام کە ئەمڕۆ منیش داهێنەرێک بووم. مەگەر من چیم لە خەڵکی ئوروپا کەمتر بوو؟

ئەگەر ئێمە هەمووومان بەرەو پێشکوتن هەنگاومان هەڵبگردایە، ئێستا ئەم بەڕبەڕانە، نەیان دەتوانی وا بە سانایی گۆشتمان بخۆن و ئێسکمان بشکێنن.

بە هاتنی ئارێز بۆ نێو کۆڕەکە و سلاو کردنی، کا سوارۆ وتەکانی دوایی هێنا و وتی: گوێ بگرن من کردم و ئاکامم دی، بەلام تکاتان لێدەکەم ئێوە نەیکەن.

ڕۆژین: کا سوارۆ! ئێمە ئەوە دەزاین بۆیە نامانەوێ ئەم ژینگە دیموکراسیە بە خوڕایی لە دەست بدەین. چۆن لە نێو کۆمەڵگای دیموکراسیدا، مێشکی مرۆڤ گەشە دەکات. بۆیە ڕژیم لە وشەی دیموکراسی دەترسێت.

ڕێبین رووی لە ئارێز کرد و گوتی: ئەرێ کاک ئارێز! دەڵێن ئەم بەیانییە لە" گردی توشنەوزەڕ، تەقە و شەڕ بووە". ئەنگۆ کە لەوێ نزیکن چیتان بیستووە؟

ئارێز: ڕاستە! بەداخەوە کۆی ئاوی توشنەوزەڕ ئەم بەیانییە لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە داگیر کرا. خەڵک لە دیموکرات گازەندە دەکەن کە بە دڵ بریڤانی ناکەن. بە جێ هێشتنی بەرەکانی شەریفئاوا و تووشنەوزەڕ بە بەڵگە دێنینەوە.

ڕێبین: دیموکرات بڕوای بە شەڕ لە تەک کۆماری ئیسلامیدا نییە. ئەوە نەبوو کە ئەو کاتە کارەوانەکەی ڕژیم هاتە نێو شار. بەرپرسیارانی حیزب ئامادە بوون وەپێش هێزەکانی دوژمن بکەون، تاکوو لە نێو شاردا دەربازیانکەن. ئەو کەسەی کە بەرپرسیاری ئەم دەڤەرەیانە، خۆی خەڵکی بانەیە بەلام ئەوەندە لە نەخشە و جوگرافیای کوردستان تێناگات، دەیگوت تەنها ڕێگای سنووری عێراق لە ناوەندی شاری سنەوە دەچێت. دەک قوڕ بە سەر ئەو ڕووناکبیرە کە نیشتمانی خۆی نەناسێت و ببێ بە چاوساقی ڕێکخراوەیەکی وا بە تەمەن.

ئەو ئاگای لە جادەی کرماشان بەرەو پاوە تا سەردەشت نییە. یان جادەی نێوان کامیاران و کێوستانی شاهۆ بەرەو مەریوان و باکووری کوردستان.

کا سوارۆ: ئەو چەشنە خەڵکە ڕێگای دەرچوون باش فێر بوون. ئەوە نییە ئێستا لە دۆڵی مەڵکشان، دوور لە دەنگی تۆپباران. کۆمەڵێک کوڕی ئازایان هەیە وەکوو هەمامین سۆفیپوور بەبێ فەرمانی ئەوان، بریڤانی دەکەن، نە ئەو جۆرە بەرپرسیارانە.

ئاریز: دەنگۆ باسێکی دیکە ئەوەیە، ئەو شوێنانە کە کەوتووە دەستی هێزەکانی دوژمن واتە شەریفاوای سەرەوە و دەوروبەری ئۆستانداری، پاسدار و جاشەکان شوشەی درەگا و پەنجەرەی مالان دەشکێنن، و کەرەسەی نێو ماڵەکان تالان دەکەن. ئەمەیە ئەو ئاسایشەی کە بەنیسەدەر بە خەڵکی کوردستان بەڵێنی دابوو.

لە پادەگانەوە کۆمەڵێکی دیکە لە بارمتەکانی خەڵکی شاریان ئازاد کردووە. لە نێوان ئەو دیلە بارمتانە بەشکی زۆری ژن و منداڵ بوون. ئەوان دەیگێرنەوە کە چۆن ئازار و ئەشکەنجەی لەشی و دەروونی کراون.

ژن و منالەکانیان چەند جار بردووەتە مەیدانی تیر، بە نێوی تیرباران کردن و بە سەریاندا تەقە کراوە. هەرچەند خەڵکێکی زۆریش هەر لە مەیدانی تیردا یان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژراون. ئەم کردەوە هۆڤانە بەس شایانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە منالی کۆرپە بە باوەشی دایکیەوە بەرێتە مەیدانی تیرباران و تەقەی بە سەردا بکات.

کا سوارۆ: ئەوانە کەی موسلمانن؟ کافرن، کافر.

ڕێبین: نا کا سوارۆ تۆ بە هەڵە دەچیت. ئەوان مسلمانی ڕاستەقینەن. هەر وەکوو سپای عبدولای کوڕی عمر و خالیدی کوڕی وەلید، کە بە دڕندەترین شێوە شاری پاوەی لە خوێندا گەوزاند. تاکوو چەند پیرەژنی کۆستکەوتوی بە زەربی شمشێری ئیسلام کرد بە مسلمان.

پتر لە یەک مانگ، هەموو گەرماوی باژێری ئامێد، بە سووتانی پەڕتووکی زانستی و ویژەیی ئەو سەردەمە گەرم کرد.... ئەی پەڕتووکخانەی ئەسکەندەرون چی؟... هەزار ساڵ لەمو پێش، شارستانی سەردەمیان هەزار ساڵ وەپاش خست.

هەواڵیان هێنا کە هێزەکانی دوژمن خەریکن بەرەو شێخان و حاجیاوا هێرش بەرن.

سیروان: من بۆ یارمەتیدان دەچم بۆ شێخان کە نزیکترە. ئاریزیش هەستا. ئەوسا چەند کەسی دیکەش هەستان و وتیان ئێمەش لە گەلتاندا دێن.

سیروان: ئەمن لە حەوشی بنکە چاوەڕێ دەبم تاکوو ئێوە خۆتان گورج دەکەنەوە. خێرا هەموویان لە دەوری سیروان و ئاریز کۆ بوونەوە. پاش ماوەیەک ڕێپێوان گەیشتنە نێو سەنگەرەکانی بەرەی شێخان، کە دەڕوانێتە سەر ئوستانداری و بە سەر دۆڵی نێوان ئەوان و دوژمندا زاڵ بوو. ئەمان خێرا دابەش بوون بە نێو سەنگەرەکاندا. هێشتا هێزی دوژمن هێرشی خۆی دەست پێنەکردوو بوو. بەڵام هێزێکی زۆری لە نێو ئۆستانداریدا مۆڵ دابوو، چاوەڕێ فەرمانیان دەکرد.

سیروان لە پێشمەرگەیەکی هاو سەنگەری پرسیاری کرد: تاکوو ئێستا، مەبەستم ڕۆژانی ڕابوردویە. هێزەکانی دوژمن هێرشیان هێناوە بۆ ئێرە؟

بەنگین: لەم ڕۆژانە یەک دووجار هێرشیان هێنا. بەڵام هێشتا نەگەیشتنە نێو چەمەکە، کوژراو و برینداری زۆریان دا. هەر بەوە گەیشتن کە کوژراو بریندارەکانیان کۆ بکەنەوە. ئا لەوێرا کە ئاماژەی پێدەکەم لە پەنای جێگای ماڵە تەختەییەکانەوە هاتن. کە لە ئێرەوە بە باشی دیارە.

لەم کاتەدا چوار هێلیکوپتر هاوکات هاتنە سەر سەنگەری پێشمەرگەکان و بە خەستی ئەو دەڤەرەیان دا بەر ڕێژنەی کالیبر٧٥ی خۆیان.

بەنگین کە بە دووربینەکەیەوە هەموو جوولانەوەی هێزەکانی دوژمنی لە ژێر چاودێریدا بوو وتی: مزگانی، مزگانی، رەوەی دوژمن خنە خن و ترسە ترس هاتن کە گۆڕی خۆیان هەڵکەنن. چەند ڕێژە گوللە تۆپ و هاوەن لە پادەگانەوە بە لوورە و هاژە بەرەو شێخان هات. یەک لە دوای یەک دەتەقینەوە و دووکەڵ و ئاگر هاو کات لە چەند شوێندا بەرز بووەوە. پێشمەرگەکان ئامادە لە نێو مەتەرێزەکانیاندا. سێرەی چەکەکانیان لە سەر جوولانەوەی هێزی داگیرکەر گرتو بوو، و چاوەڕێیان دەکردن کە زۆرتر نزیک ببنەوە. هێزەکانی دوژمن نزیکتر دەبوونەوە و کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتنە نێو بازنەی مەرگ.

هێشتا لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە فەرمانی تەقە نەدرابوو. هێزی دوژمنیش خێرا دەهاتنە پێشەوە و سڵیان نەدەکرد. رەنگە وایان دەزانی کە لە تەقەی هێلیکوپترەکان و تۆپبارانی پادەگاندا، هێزی خەڵک هەڵهاتون.

کاتێک بەرایی هێزی دوژمن گەیشتنە هەورازی داوێنی تەپۆڵکەکان و سی میتری سەنگەری پێشمەرگە، تەقە دەستی پێکرد. لە چەند چرکەی یەکەمدا دەستە دەستە هێزی دوژمن کەوتنە بەر گوللەی چەکی خەڵک و پێشمەرگە، وەکوو گەڵای داری پاییز بەر دەبوونەوە و خلێر،خلێر دەکەوتنە نێو ئاوی چومەکە.

ئەوانەی پاشەوە لە پشت ماڵە تەختەییەکان و تاکوو لێژایی بەرەو چەم حاڵیان زۆر پەرێشان بوو. نە ڕێگا و دەرفەتی ئەوەیان بوو کە هەڵبێن، نە ڕێگای ئەوەیان بوو کە بۆ پێشەوە بێن. نە هێلیکوپترەکان، نە بۆردومان بە دادیاندا نەگەیشت. چین چین بە دوی یەکتردا بە گوللەی خەڵک دەرزیاژن دەبوون و قەپیان دەکرد بە ئەو خاکەدا کە، بە کوشت و بڕ دەیانەویست داگیری بکەن. ئەوانەی کە بریندار بوون یان هێشتا نەپێکرا بوون خۆیان لە بن کەلاکی هاوڕێیانیاندا حەشار دەدا، بەشکۆ رەزگاریان بێ. زۆریان لێ کوژرا و بریندار بوو، بەبێ ئەوەی دەرفەتی تەقەکردنیان بێ. ئەم هێرشە خۆ بکوشتدانەیان دوو سێ جاری دیکە دووپات کردەوە. ئەمجارە زۆرتر بۆ بردنەوەی کەلاکی کوژراوەکانیان یاکوو برنیدارەکانیان بوو. بەڵام هەر جارە کۆمەڵێکی تازەیان بە کوشت دەدا.

دەنگی شەڕ لە بەرەی گردیگەڕۆڵەوە بە درێژی ڕۆژ نە دەبڕایەوە. هێلیکوپترەکانیش وەکوو داڵ لە سەر ئەو سەنگەرانە دەفڕین و دەسووڕانەوە. هێرشێکی دیکەی هێزەکانی دوژمن کە لە بەرەی شێخانەوە دیار بوو.

دەڤەری حاجیاوا بوو. واتە هێزەکانی رژیم لە مەزراکانی رابودووی دێی کەمێز، کە لە نێوان پادەگان و گەڕەکی حاجیاوا دایە. چەند ساڵ لەمەو پێش ئەم مەرزایانەیان لە خەڵکی کەمێز بە زۆرەملێ داگیر کرد و کردیان بە مەیدانی تیر و مەشق کردن. ئەمڕۆ لە ژێر ئاگری خەستی هێلیکوپتر و تۆپباراندا بەرەو حاجی ئاوا هێرشیان کرد. دوژمن توشی بەریڤانی بروسکە ئاسای خەڵک و پێشمەرگە دەبێ و هێرشەکانی یەک لە دوای یەک تێدەشکێن، لە وێش بە سەرشۆڕییەوە پاشە کشێ دەکەن.

دوێنێ بوو کە سێیانزە هێلیکوپتر، هێزی شەڕکەری تازەی هێنا بووە پادەگان، بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی شاری سنە. ئەمشەو یان سۆزی دەبێ بە دەیان هێلیکوپتری

شنۆک ئەو هێزە تازەیە کە دەرفەتی هەڵمژینی هەوای ئەم شارەیان پەیدا نەکرد، بە مردوویی و برینداری بگەڕێننەوە نەخۆشخانەکانی کرماشان و هەمەدان.
هێدی هێدی باڵەفڕ و هێلیکوپترەکان ئاسمانی شاریان بەجێ هێشت، جگە لە تەقەی تۆپباران هیچ دەنگێکی دیکەی شەڕنەدەهات.
سیروان و هەڤاڵانی گەڕانەوە بنکەی خۆیان.
بە گوێرەی  هەواڵنامەی کۆمەڵەی ڕۆژی ١٣ی گوڵان
"خەڵک سەرەڕای تۆپباران و بۆردومانی خەستی شار، لەنێو گەڕەکەکان و دەوروبەری بنکەکانی نێو شاردا بە خۆپیشاندا، ڕەق و تووڕەیی خۆیان دژ بە ڕژیم و هێزە سەرکوتگەرەکەی دەردەبڕی. ئەم دروشمانەیان دووپات دەکردەوە. تۆپ و تانگ و تەیارە. دەرمان ناکات لەم شارە. مەرگ بۆ بەنیسەدەر، مەرگ بۆ بەنیسەدەر،مردن بۆ جاشەکان، جاشە خۆفرۆشەکان. ماڵمان سەنگەرە، دەستمان موسەسەلە. دڵمان نارنجەکە. بەنیسەدەر بزانە، چەکمان چەکی خۆمانە. نایدەینە دەستی بێگانە. ئەم خۆپیشاندانە لە ژێر ئاگری تۆپبارانی شاردا بۆ ماوەیەک درێژەی هەبوو.
بە وتەی هەواڵێک: یەکێ لە ئەندامانی (ناوەندی ئارمانجی ئەرتەشی گەل) بە ناوی ڕەحیمی مەحەمەد پەنا، لە ڕۆژەکانی سەرەتای شەڕدا، دژ بە هێزە مرۆڤ کوژەکانی ڕژیم لە نێو خۆدی ئەرتەشدا بوو، و بە هۆی دژایەتی کردنی شەڕ دژ بە خەڵک لە لایەن ئەرتەشەوە دەکوژرێت ."
سیروان و هاوڕیانی بە بێ زیان گەڕانەوە بنکەی خۆیان. هەندێکیان لەوێ مانەوە بۆ کێشکی شەو. ئارێز لەتەک سیرواندا گڕایەوە ماڵی ئەوان. پاش ئەوەی شێویان خوارد چوون بۆ بنکەیەکی دەرمانی لە گەڕەکی بەرباخی میللی. بۆ دیدەنی هەڤاڵێکیان کە بریندار بوو و لە وێ دەرمان دەکرا.
کاتێک کە گەیشتە ئەوێ، وزە پچرا بوو، بەهەڵکردنی چرا نێو ژوورەکانیان تا ڕادەیەک ڕووناک کردو بووەوە.
ئەم بنکەیە ماڵێکی تا ڕادەیەک گەورەیە و کە چەند ژووریان کردووە بەجێ دەرمانکردن و حەسانەوەی بریندارە پەککەوتوەکان. ژێرخانێکی گەورەشی هەیە بۆ جێ کەرەسە و کەلوپەل. لەوێ دوکتور و برینپێچ بە داخوازی خۆیان، بەبێ وچان یارمەتی و ئاریکاری بریندارانیان دەکرد.
ئارێز و سیروان چوونە لای هاورێیان، ئاریوان. ئاریوان لە شەڕدا سەخت بریندار ببوو. چوونە پێشەوە و سڵاویان لێکرد و ڕایان مووسی.
سیروان: ئەرێ ئاریوان تۆ کە ناوت مانای ناوجێیکەر دەدا، بەجێ ناوجێیکردن بۆ شەڕت کرد؟
ئاریوان پێکەنی و وتی: کاک سیروان وازم لێ بێنە! ئیتر کاری ئاریوانی لە نێوانی خەڵکی زۆرلێکراو و داگیرکەری خوێنرێژدا نەماوە.
ئارێز: ئەرێ بار و دۆخی نەخۆشخانەیەکی ئاوەها بێ کەرەسە، بێ دەرمان و بێ وزە چۆنە؟
ئاریوان: لە کەرەسە گەڕێن. ئەو تاکە کەسانە کە لە ئێرە خزمەت دەکەن، وا بە ڕووخۆشیەوە دێنە دەمانەوە، هەموو ئێش و ژانی برینەکانمان فەراموش دەکەین.

سەیری ئەو فریشتانە بکەن کە چەند شوخ و دڵڤانن. بە بینیان مرۆڤ هەست بە کەموکوڕی یان ئازار ناکات. بەشی دەرمان کردنی بریندار و نەخۆش لە ژێرەوەی ئەم هۆڵەیە و پانتایەکەی بە قەد ئێرەیە. ئاماژەی بە کچێکی گەنج کرد و وتی: ئەو کچە دەبینن؟

ناوی ئاریانایە. بە راستی فریشتیە. واتە فریشتەی ساخڵەمی و تەندوروستی. شەو و رۆژ بەبێ وچان کار دەکات و یارمەتی برینداران دەدات. لەم شەوانەدا دەچێتە ژێرخانەکە، بۆ هێنانی پەتوو و بەتانی بەتاریکی شەو. کە وزەی رووناکی وەکوو ئەمشەو پچرا بوو.

ئاریانای چاردەساڵەی شوخ و شەنگ، بە چاوانی گەشی بەڕویی رەنگی، کە تەژی لە ژینە. کانگا و کانیاوی دڵڤانی و لێبوردوییە بۆ برینداران. هاوکات پەپۆلەی باڵسووتاوی دەوری مۆمی ژیانی ئێمەیە.

دێوزمەی تاریکی و ماندویی شەو، شەوارەی رەشی بە سەر برینداران و برینپێچەکاندا کێشا بوو. هەر کام لە شوێنی خۆیان وەنوزەیان دەبردەوە، یان نوستو بوون.

ئاریانای گەنج و بزیو، کە کارەساتی وای نەدی بوو. لە ئەم ماوەیەدا لە نێو رەنگ و بۆنی خوێنا، کاس و وڕ ببوو. ترس و سام لەرزی خستوبووە جەستەی ناسک و جوانی. وەکوو شۆڕە بی بەر کزەی زریان دەلەرزی. کۆڵمە گەش و ئاڵەکەی کە گوڵەباخی خۆشەویستی و ژیانە، هەڵپروزان و سپی هەڵگەڕان. زم و سەرما لەشی هێنا بووە لەرزە. هەر چەند سەیری کرد لە ژووری برینداراندا پەتوویەکی نەبینی کە بەتاڵ بێت.

ناچار هەڵدەستێ بە چرایەکی کەم تیشکەوە لە پلکانی ژێرخانەکەوە دەچێتە خوارەوە، بۆ نێو ژێرخانەکە بە مەبەستی هێنانی پەتوویەک. تیشکی رووناکی چراکەی کەم هێزتر دەبێت، تا ئەو رادەیە کە پێش پێ خۆی بە ئەستەم دەبینێت. کاتێک سرنجی دەوروبەری خۆی دەدات کۆگا کۆگا پەتوو دەبینێت. خۆشحاڵی و بزە دەکەوێتە سەر پەڕەی گوڵەباخی تازە پشکۆی لێوانی. بە نیازی هەڵگرتنی پەتوویەک کوم دەبێتەوە. کە پەتووەکە دەکێشێت هەست بە قورسی و گرانی دەکات. چرا کزەکەی نزیک دەکاتەوە، سیمای پیرەژنێک دەبینیت کە ئەوڕۆ بریندار بوو و هێنابوویانە ئەوێ. پێ سەیر دەبێت، کە بۆ چی ئەم پیرەژنە لە ئێرە خەوتووە. کاتێک دەستی رەق و تەقی دەگرێت، کە خەوەری بکاتەوە. هەست بەوە دەکات کە خوێن لە نێو دەمارەکانیدا سارد بووەتەوە وزەی ژیانی بۆ هەمیشە تەواو بووە.

ئاریانا یەکەم مرۆڤی مردوی تەنها و لە تاریکی ژێرخانەکەدا دی. خێرا هەستی بەوە کرد کە ئەم کۆگا پەتوانە هەموو خەڵکی کوژراون، لە بەر بۆردومان و نەبوونی دەرفەتی ناشتن، لەوێ کۆ کراونەتەوە.

ئاریانا ترس و سامی، دەیان مردو و تەنیا ئەوی زیندو لە ژێرخانەکەدا، لەشی داگرت. لێدانی دڵی خێرا و توندتر دەبوو، تا ئەو رادەیە مەردە ئارەقی ترس لەشی لەرزۆکی خووساند. چراکەی دەستی بەربووەوە. پشتاو پشت بەرەو پلکانەکان رۆیشت. پاش چەند هەنگاوێک، پێی لە پلکانەکان گیری کرد و بە پشتەوە کەوتە نێو دەرگاکە. هێلنجی دەروونی ئەوەندە بە تەوژم بوو، پێوابوو هەموو جەرگ و هەناوی خەریکە بێتەدەرەوە.

چاوە جوانەکانی لێل و بێ سۆما هەڵگەڕان. نە هێزی پێ ما، و نە وزەی ماسولکەکانی لەشی.
ئەو چەند پلکانەی لێ ببوو بە قەڵایەکی بەرز و مەزن، کە بۆی تەواو نەدەبوو. ترس و سامی ئەو هەموو کوژراوە ناخی ئاخنی و زمانی بەستو بوو. وەکوو ئەوە کە زاری دوورا بێت، نەیدەتوانی هاوار بکات. بەشکۆ کەسێک دەنگی ببیسێ، و بە فریای بگات. بە هەزار دڵەخورپێ و لەرز بەبێ هێزی ئەژنۆ بە خشکە خۆی گەیاندە ژووری برینداران. هەموو گیانی دەلەرزی و روومەتی گەشی وەک بەفری پاییز سپی هەڵگەڕا بوو. سەری گێژی دەخوارد لەوانە بوو بێهۆش بەکەوێ.
میمی نەرگێز هەستی بەوە کرد کە بۆ ئاریانا چ بۆیرێک روویداوە. بە ئەسپایی وتی: ئاریانا گیان! وەرە بۆ لای میمی، کەنیشکە شیرینەکەم. ئاریانای لای خۆیەوە دانا. بە دەستە لەرزۆکەکانی، دەستی ساردی ئاریانای لە نێو لەپی نا. بە ئارامی لە تەکیا دوا. هاوکات بانگی لە ئەسرین کە برینپێچ بوو کرد، کە کرویشکە خەوی دەکرد.
ئەسرین ئەیار بووەوە وگوتی: میمی نەرگێز کارێکت هەس؟
میمی: ئەرێ کچەکەم! زەحمەت نەبێت پەرداخێکی ئاوی خواردنەوەم بۆ بێنا.
ئەسرین خێرا ئاوی بۆ هێنا.
میمی: سپاس خانم گیان! ببوورە زەحمەتم پێدای. ئاوەکەی دا بە ئاریانا و وتی: باوانەکەم فەرمو، ئەم ئاوە بخۆرەوە. رووی لە ئەسرین کرد و گوتی: رۆڵە دەرگای ئەو ژێرخانە ببەستن و لە سەری بنووسن کە مردوی تێدایە. با کەسێکی دیکە وەکوو ئاریانا لە پڕ تووشی ئەو کوژراوانە نەبێت.
ئەسرین سەیری ئاریانای کرد دیی کە هێشتا سیمای ترسی پێیەوە دیارە و لەشی دەلەرزێت. خێرا پەتووەکەی خۆی بۆ هێنا و دای بە کۆڵیا. هەڤاڵێکی دیکەی بانگ کرد. ئەویش بە پەتوویەکی ترەوە هات، و دوو کەسی ئاریانایان شێلا تاکوو هێدی هێدی ئەرخەیان بووەوە و لەشی گەرما و تینی ژیانی تێهاتەوە.
مەتینا کە کچێکی شازدە ساڵەیە و بە هۆی تۆپباران بە سەختی بریندار بوو، و لاقێکی لە بن رانەوە لە دەست داوە، و هەموو سەروچاوی شوێنی برینی وشکی پێیەوە هێشتا ماوە. بە ئارامی و لەسەرخۆ گوتی: ئاریانا گیان ببوورە! من نەمزانی کە تۆ دەچی بۆ ژێرخانەکە، ئەگێنا پێم دەگوتی کە بە تەنیا مەچۆ. چۆن لەوێ کوژراوی ئەم یەک دوو رۆژەی دوایی تێدایە. لە بەر بۆردومانی خەستی شار، دەرفەتی ناشتنیان نەبووە. سۆزیی بەیانی پێش هەڵاتنی هەتاو بڕیار وایە ئەسپەردە بکرێن.
ئاریانا: من نەمزانی بوو کە ئەو هەژارانە لەوێن. گەر بمزانی با، نەدەترسام. ئەوانیش وەکوو مە خەڵکی بێتاوان و سڤیلن. کە لە ماڵی خۆیاندا بوون بە بەرخێ و قوربانیی داگیرکەر. وتەکانی تۆ، هێشا لە گوێمدا دەزرینگێتەوە و هەرگیزیش لە بیری ناکەم.
کە گوتت: من بە بەخشینی لاقکم بۆ رەزگاری کوردستان کەمتر خۆشحاڵم. ئەو کاتە بە تەواوی خۆشبەخت دەبم کە گیانیشم خەڵاتی نیشتمان بکردایە.
مەتینا: سپاس ئاریانا گیان! ئێستەش سەرەڕای ئەو هەموو ئێش و ئازارەی لەشم، هەروەها دۆزی کچێکی بێ لاق لەم کۆمەڵگایەدا، پەشیمان نیم. ئێستا چاوەڕێم کە

هەرچێ زووتر برینەکانم چاک ببنەوە. ئەوسا تا دوایین هەناسە و دڵۆپی خوێنم بۆ ڕەزگاری نیشتمانەکەم خەبات بەکەم.
ئاریانا: تۆ بۆ خۆت هەر وەکوو مانای ناوەکەت مەتینا واتە ڕاوستاو، ڕاوستاو و نەبەزی لە ئاستی ئێش و دوژمندا. ئەمن بە کەسێکی وە ئێوە شانازی دەکەم.
ئاریانا هەستی بە هەناسە بڕکێ دەکرد و لە بۆنی بڕێ شت ناخی تەنگتر دەبووەوە. نەخۆشییەکی لە ئەندامی هەناسە هەڵکێشان و سییەکانیدا هەست پێدەکرد. بەڵام نەیدەزانی کە توشی نەخۆشی ئاستما بووە. بۆ کیژووڵەیەکی چاردە ساڵە دەردێکی گرانە.
ئاریوان: هەر کەس بە شێوەی خۆی و توانایی خەبات دەکات. ئەمن بە بینینی ئەم لێبوردوانە کە قارەمانانی بێناوی لاپەڕی مێژووی بریڤانی گەلی کوردن، شانازی دەکەم. هەر جار دەیان بینم کەچۆن وەکوو پەپۆلەی ئەوینداری ڕووناکی مۆم، پەڕ و باڵیان دەسووتێ. کزە لە جەرگمەوە هەڵدەستێ و بە هەڵسووڕاویشیان شاگەشە دەبم، و ئێش و ژانی برینەکانم فەراموش دەکەم.
سیروان: خەبات و بریڤانی، تەنیا بە پێشمەرگە ناکرێ. ئەگەریش بکرێ زۆر ئەستەمە و کەمو کووڕی فرەیە. بۆیە نەخشی ژنان لە خەباتدا زۆر گرنگە. ئەرکی نیوەی زۆری ڕاوستان و بەرخۆدان بە ئەستۆی ئەوانە. لە مێژووی ڕاپەڕینەکانی کوردستاندا بە هۆی کۆمەڵگای خەیڵەکی و بەبێ بەشداری نیوەی کۆمەڵ، واتە ژنان شۆڕش و خەباتەکان سەر نەکەوتوون. زۆر پێویستە لە نێو کۆمەڵدا فراژە بکرێ، بە لێبڕان لە ئاستی نەریتی پاشەڕۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی بکرێ.
ئێمەین دەبێ ئامۆژ و ڕێپیشاندەر بین. هێشتا شۆڕشی ئێمە کۆرپەیە. دەبێ خۆمان بناسین. تاکوو خۆمان نە ناسین و لە نێو ماڵ و بنەماڵەی خۆمانەوە شۆڕش دەستپێنەکەین، ناگەینە ئامانج و سەرکەوتن.
ئاریانا هەندێک میوەی بۆ تەک تەکی نەخۆشەکان هێنا. کە گەیشتە لای ئەمان بە ڕێزێکەوە سڵاو و هەواڵپرسی کرد.
سیروان: ئاریانا خانم، ئاریوان ئەمشەو باسی لێبوردویی ئێوەی بۆ کردین و هەر وەها ئەو خانمە بریندارە کە ناوی مەتینایە. من و هاوڕێم ئاریز زۆر پێمان خۆشە دیدەنی مەتینا خانم بکەین. زەحمەت نەبێ پێی بڵێ گەر ماندو نییە، دەتوانین بینە خزمەتی؟ دلۆڤان بە ئاگادارمان بکەوە.
ئاریانا: بە سەرچاوان! ئێستا دەڕۆم پێیدەڵێم. پاش چەند حولەکێک گەڕایەوە و وتی: ئێژێ فەرمون ماندو نیم.
سیروان و ئاریز بە دوای ئاریانادا، چوونە نۆهۆمی خوارەوە بۆ لای مەتینا. سڵاویان کرد!
مەتینا بەگەرمی وڵامی دایەوە. وتی: خۆش هاتن سەری چاوان! ببوورن کە ناتوانم لە بەرتان هەستم.
سیروان: تکایە فەرمو! من ناوم سیروانە و ئەویش هاوڕێم ئاریزە. ئێمە باسی جوامێری تۆ و ئاریانامان لە ئاریوان بیست. ئێمە لە قوڵایی دڵەوە بە شۆڕە کچانێکی وەکوو ئێوە

کە وێنەیان لەم شارەدا زۆرە، شانازی دەکەین. هیوامان ئەوەیە کە هەرچی زووتر چاک ببیتەوە و لە مەیدان و گۆڕەپانی خەباتدا بتان بینین.

مەتینا: سپاس کاک سیروان! ئێوەگەلن ئامۆژ و سمبولن بۆ ئێمە. ناوی ئێوە لە بنکەوە تا خوێندنگەکان بۆ ئێمە ئاشنایە. تایبەت وەک ئالا هەلگری تێکۆشان و خۆپیشاندانەکانی ئەم شارە، کە لە دوورەوە ناسراون...

پاش ماوەیەک مانەوە، ئەوسا ئاریز گوتی: باشترە کە ئێمە بگەڕینەوە و ئێوەش بتوانن وچانێک بدەن.

سیروان: راستدەکات کات درەنگە. ئەو خەلکە برینداره لە ئێش و ئازاری برینەکانیان بێزارن. رەنگە بێدەنگی لای کەم دەروونیان ئارام بکات.

مەتینا: راستی کە ناوی وشەی ئارامت هێنا، شتێکم وەبیر هاتەوە. ئەو رۆژە کە من لە گردیگەڕۆل بریندار بووم. واتە لاقم ورد و خاش بوو ئارامی برات، منی بە کۆل هێنا خوارەوە، تاکوو پشتی سەنگەرەکان. لە نێو ڕێگا زۆر ورەی پێدام. لە لایەن منەوە زۆر سپاسی بکە و پی بلێ کە هەروا کە بەلێنی دا ورەی بەرزە و هیچ کاتێک کۆل نادات.

سیروان: ئارام هەموو رۆژێک لە تەک مالاوایی ئەستێرەکان دەچێ بۆ سەنگەر و لە تەک هاتنەوەیشیاندا دەگەڕێتەوە مال. پێدەلێم کە تۆ لەئێرەی. ئەگەر دەرفەتی بێت دلنیام کە دێ بۆ دیتنت. ئێستا بەیارمەتیتان، لای ئێوە خۆش بەرێزان ئاریانا و مەتینا خانم. ئاواتەخوازی سەرکەوتنتان بۆ دەکەین.

لە ئاریوانیش مالئاوایان کرد و لەنێو تۆخی تاریکی شەودا، گەڕانەوە مالی سیروان بۆ نوستن.

## بەشی١٥

یەکشەمە(میتراڕۆژ)ی١٤ی گولانی٢٦٨٠ی ک. رۆژی گێئوش، گوێ ئوش، گۆش، گوێزەوین، گیتی، جیهان. ناوی ئیزەدی پارێزەری ئاژەلە. ٤ی مای ١٩٨٠ی ز.

---

تیشکی رووناکی چاوی هەلهێنا. وەک رۆباری چاوی مەست و مەنگی یار. لە ئاسۆی ئاسمانی لۆتکەی چیاوە، بە شەپۆلی پرچی زێڕینی روومەتی شاری باوەشێن دەکرد، و رەنگی دێزی شەوی راودەنا. زۆربەی ئەندامانی لەشی شار بە ئێش و ژانی برینی ناسۆرەوە، دەئالان و دەیانالان. ئازاری دەمارەکانی دەژمارد، و خەمی لە دەستدانی خۆشەویستەکانی پۆلێن دەکرد.

گولستانی ناسکی دۆل و چیا، مرواری شەونمی شەوێنی بەهاریان دەکرد بە ملوانەکی گەردانی زراڤ و بەرزی گول. بەئاهەنگی شنەبای کێوستان، کڕنۆشی بۆ تیشکی خۆرەتاو دەبرد. خوناو و شەونمی شەویان، دەکرد بە دلۆپەی ئەسرینی چاوانی گەشی وەنەوشە و نێرگز، بە داوێن و بەرۆکی هەتاویاندا دەپرژاند. تا نا رەزامەندی و سکالای ژینگەی شەڕ بکات لە لای سروشت.

زەوین لانکی پەروەردەی مرۆڤ، گەردی خەمی خۆی دەسڕی. ڕەنگی خاوێنی ڕابوردوی بە دەستکردی ڕۆڵەی هۆڤی خۆی دێز ببوو. پرچی زێوینی لە قوڕ گرتو بوو و شینی دەگێڕا بۆ ڕەنجی کاری پرووکێنەر و ڕێسای وەرزی بووژانەوە و ژیانەوەی سروشت. کەچی ئێستا کە ببووە وەرزی مەرگ و لە ناوچوون. بۆنی خۆشی بەهاری، ببوو بە بۆنی خوێن و بۆسۆی لەشی ڕۆڵەکانی. گۆرانی ئەویندارانەی بولبول بۆ گوڵ ببوو بە سۆز و چەمەری دایکە جەرگ سووتاوەکان. هەرچەند مانگی گوڵان بوو لە پەڕتووکی وەرزی سروشتدا. بەڵام بۆ خەڵکی ئەم شارە مانگی شەڕان و قڕانە، یان مەرگ وەرانە.

سیروان دوێنێ شەو درەنگێ گەڕاوە ماڵێ. سەیری ئارامی کرد کە لە نێو قوڵایی خەون و ئارووی خۆیدا دەژیا. بەیانیش لە ژێر تریفەی زێوینی مانگە شەودا بەرەو پارێزەکانی بەرەی بەریڤانی ماڵ بە جێدەهێڵێت.

لە ئەنوشەی بەیانی ئەمجارەدا، سیروان هێشتا لە ناخی خەونی ئەویندارێدا بوو. ئەندامانی لەشی پەلەقاژەیان دەکرد، و مەردەئارەقی ناو چاوانی ئارووی پڕ لە هەیەجانی ئاشکرا دەکرد.

ئارام بە پچە بۆ خۆی دیگوت، چەند خۆشە کە من توشی ئێش و نۆشی ئەڤینداری نیم. لەغاوی ئەسپی خۆم بەرەو هەر کوێ دڵم بخوازی ڕایدەشەکێنم و غاری پێدەکەم، بەبێ ئەوەی دڵبەندی دڵێک بم. ڕاستی خۆ منیش هۆکارە و هۆگری سەنگەرم. هەی هۆ! خۆ منیش ئەویندارم و بە خۆم نەمزانی بوو. هەر کەس دڵی بۆ ئەوینێک لێدەدا و سیروانیش بۆ دوان.

سیروان لە خەو ڕاچەڵەکا. هەموو لەشی لە ئارەقدا خووسا بوو. کێژ و وڕ، سەری لە ژاندا دەیزریکاند. هەندێک لە نێو پێخەفەکەیدا دانیشت و کەمێک ڕاما و بیری کردەوە. بەبێدەنگ کە ئارێز خەوەری نەبێتەوە، هەستا و چووە نێو حەوەشەکەیان. ئارەقەی لەشی بە فێنکی شنەی بەیان وشک کردەوە، و بەرەو نێو باخچەی گوڵەکانی ڕۆیشت. دەستی کرد بە بژار کردنی گیای هەرزەی نێو گوڵەکان. پەپۆلەی بیرەوەریەکانی بەرەو چیا سەرکێشەکانی کوردستان فڕی، یەک یەک چووە هەوارگەی گوڵان. لە کاتێکدا بژاری دەکرد دیگوت: ئەی گوڵەجوانەکانم تاکوو پار گوڵی هۆڤی ئازادی بناری چیاکان بوون. بەڵام ئەمساڵ دەستەمۆی ژینگەی شارن. بێبەختی ئێمە ئەمساڵ هەوای دووکەڵاوی و پڕ لە بارووت هەڵدەمژن. هێدی هێدی ئێوەش بە هەوای ژینگەی شار ڕادێن و دەستەمۆی مرۆڤ دەبن. گوڵ و وڵی جوانی خۆتان زوو بدەن ڕۆژی شانزەی مانگ دەتانکەم بە چەپکەگوڵێکی ئەوتۆ. وا پڕ هەست دەتانرازێنمەوە کە هەموو هەستی ئەویندارییم پێیەوە دیار بێت. چۆن گوڵفرۆشەکان ئێستا گوڵەکانیان سیس و ژاکاوە، و بازاریان داخراوە .

سیروان و ئارێز پاش خواردنی ناشتا، ڕێگای بنکەیان گرتە پێش. لە نێو بنکە وەکوو هەمیشە ئەوانە بوون کە ئامشۆی ئەوێیان دەکرد. جار و بارەیش خەڵکی گەڕەکەکانی دیکە دەبینران. کە بە هۆی ڕووخانی ماڵەکانیان بە بۆردومان، یان لە نێوان و سنوور شەڕکەدا دەژیان. ئەوان هانایان هێنا بووە ماڵی خزم و ناسیاویان. ماڵ و ژیانیان، بەجێیهێشتبوو بۆ جەردە و چەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

به گوێرەی بڵاوكی كۆمەڵە
"ئەمڕۆ ستادی هاوبەشی هێزەكانی ڕژیم، لە رادیو و تیڤی یەكانییەوە رایگەیاند، كە بۆ ماوەی شەش كاتژمێر واتە لە دەی بەیانییەوە هەتاكوو چواری پاش نیوەڕۆ، ئاگر بەست رادەگەینن. لە كاتێدا لە رۆژانی پێشوودا، وتوبوویان ،،پێشمەرگە هەڵاتون و شاریان بە جێهێشتوە. شاریش لە ژێر دەستەڵات و كونترۆڵی هێزەكانی رژیمدایە. بەڵام ئەمڕۆ ئاگر بەست رادەگەێنن، لە هەمان سەرچاوەی درۆی خۆیانەوە.
دەڵێن "درۆزن كەم بیر و هۆشە "خەڵكی شار بڕوایان بە ئاگربەستی رژیم نەدەكرد چۆن بۆ جارێكیش نەبوو كە وتەی راست لە زاری كۆماری ئیسلامی ئێران ببیسن."
دیارە ئەوان پیلانێكیان بە دەستەوەیە. هەرچەند كاتژمێری دە بەیانی تێپەڕی. بەڵام كەس هەستی بە ئاگربەست نەدەكرد.
شار وەكوو رابوردوو تۆپباران دەكرا. هێلیكوپترەكانیش بە گوللەی رەشاشەكانیان رێبوارانی نێو شاریان دەدووراند بە نێو كۆڵان و رێگاكاندا. لەو شوێنە بەرزانەوە(زاڵگە) كە لە ژێر دەستی هێزەكانی رژیمدا بوون، وەكوو یانەی ئەفسەران تەپەی توشنەوزەر و رادیو تیڤی، بەچەكی دووربیندار و دوورهاوێژ، وەک كالیبر ٥٠، ئیم١٦ و داراگون تەقەیان لە هەر كەس دەكرد كە لە دید و سێرەیاندا بووایە.
ئەو خەڵكەی كە ماڵو ژیانیان بە جێهێشتو بوو، بە هیوای ئەوە بوون بەشكو دەرفەتێک پەیدا بكەن كە لە ماوەی ئاگر بەستی رژیمدا سەری ماڵی خۆیان بدەن. یان كوژاوەانیان بنێژن. بە پێچەوانە بە هەژماری كوژراو و برینداراانی شار لە هەر خولەكێكدا زێدەتر دەبوو.
خەڵک بە بڕوا و یەكیەتییەكی پۆڵاین، پاش پانزەرۆژ بەریڤانی و راوستان كارا و كارامەتر بوون لە گۆڕەپانی راوستاندا. سەرەڕای گەمارۆی چڕی شار، وێران و كاول كردنی سەدان ماڵ و پتر لە سەدان كوژراو لە خەڵكی سڤیلی شار، بریڤانی بۆ پاراستنی دەستەڵاتی خەڵكی باژێر درێژەی هەبوو. ئاریكاری نێوان خەڵک و پێشمەرگە بۆ دابین كردن وبەشكردنی خواردەمەنی، دەرمان و بژیوی ژیان، چ بۆ خەڵكی نێو شار و چ بۆ پێشمەرگەكانی سەنگەرەكانی بەریڤانی بە باشی دەچووە پێشێ. خەڵک لە نێو خیابان و كۆڵانەكاندا خەریكی چێكردن و هەڵكەندەنی سەنگەرن. خۆیان بۆ پاراستن لە گەلەكەیان ئامادە دەكەن. سەرەڕای ئاگربەستی رژیم، بەڵام هەر لە كاتی ئاگربەستدا هێرشی هێنایە سەر گردیگەرۆڵ و بەرزاییەكانی شێخان. فەرماندە خوێنرێژەكانی رژیم پێیان وابوو بە راگەیاندنی ئاگربەست خەڵک متمانەیان پێدەكات و مەتەرێز و پارێزەكانیان بە جێدەهێڵێن و دەچن بە دوای كاری ئاسایی رۆژانەیاندا و فریوی ئەوان دەخۆن. بۆیە بە دەرفەتیان زانی كە هێرش بكەن.
زوو بۆیان دەركەوت پیلانیان خەونی خاوە. ئەمجارەش وەكوو جاران هێزەكانیان بە سەختی تێشكان و بە دانی كوژرا و برینداری زۆر بەرەو مۆڵگەكانیان هەڵاتن. تازە زانییان كە كەس بە بەڵێنی درۆی ئەوان بڕوا ناكات.
پێشمەرگەی بنكەكان بە وریاییەوە ئامادە بوون و چاوەڕێیان دەكرد كە بزانن لە كام بەرەوە پێویستیان بە یارمەتی هەیە. تاكوو بچن بۆ یارمەتیدان. هەواڵیان هێنا كە رژیم چەند تانگ و زۆرتر لە ٢٠٠چەكداری تەیار كردوە كە هێرش بێنێتە سەر بەرزایەكانی

گردیگەڕۆڵ. بە تۆپ و هاوەنی ١٢٠ میلی، هاوکات لەگەڵ هێرشی هێلیکوپتر سەنگەری پێشمەرگەکانی پسا پس دەکوتا.

سیروان لە گەڵ پانزە پێشمەرگەی بنکە، چەکیان بەست خۆیان بۆ یارمەتی ئەوێ تەیار کرد. بۆ ئەوەی کە زوو بگەنە ئەوێ، بە دوو تاکسیبار، پاش ماوەیەکی کورت ئاژووتن خێرا خۆیان گەیاندە پشتی سەنگەرەکانی ئەوێ. ئەوسا ئەوان لە چەند پۆلی دوو تا سێ کەسیدا بە نێو پارێزەکاندا دابەش بوون. ئارێز و سیروان بە رێکەوت کەوتنە لای ئارام.

کاتژمێر سێ پاش نیوەڕۆیە. رژیم هێشتا هێرشی نەهێناوە بس لە ئاسمان و زەوینەوە بە خەستی ئەمانی دەکوتا. ئەمرۆ داینابوو بە یارمەتی ئەو چەند تانگو زرێپۆشە ئەو بەرزایانەی گردیگەڕۆڵ بگرن. کە چواردە رۆژە لە پێناویدا سەدان کوژراویان دابوو.

لە سەنگەری پێشمەرگەکاندا، چەکی نوێژەنی دژ بە تانگ نەبوو جگە لە چەند چەکی ئارپیجی٧ و بازووکا. بەڵام پێشمەرگەکان چەکێکی دیکەیان هەبوو کە دوژمن نەیبوو. ئەویش چەکی بڕوا و لێبووردوویی بوو.

سیروان و ئارێز لە تەک ئارام و شێرکۆ، کە لە یەک سەنگەردا بوون. بڕیاریان دا کە گوللەیان بە خەساردا نەچێ. لە پێشدا بە تەک تیر، گەر کاتێ نزیک بوونەوە دەستڕێژ بکەنە سەریان. چون یەک فیشەک بۆ ئەوان زۆر گرنگە.

رژیم پاش تۆپبارانی چڕ وپڕی جێگای پێشمەرگەکان، تانگەکانی خستە رێ. دۆشکەکانی پێشمەرگە بە راونانی هێلیکوپترەکانەوە سەر قاڵ بوون. ئەوانیش لە مەودای بەرزەوە تەقەیان دەکرد کە وا کارا نەبوو.

پێشمەرگە هیچ تەقەیەکیان لە زرێپۆشەکان نەکرد، تاکوو گەیشتنە داوێنی تەپۆڵکەکانی گردیگەڕۆڵ و تیررێژی چەکی پێشمەرگەکان. لە پڕ دەنگی نرکەی ئارپیجی و بازووکا لە زرێپۆشەکانی رژیم، هاوکات فەرمانی تەقەی تەک تیری پێشمەرگەکان بوو. خێرا لە هەموو سەنگەرەکانەوە کە پێشمەرگە زووتر سێرەیان لە چەکدارانی پەنای زرێپۆشەکان گرتو بوو، تەقەیان دەستپێکرد. چینی پێشەوەی چەکدارانی دوژمن دەکەوتن و لە هەورازی تەپۆڵکەکانەوە گلێر دەبوونەوە. گولله بازووکایەک زرێ تانگی پێش سەنگەری ئارامی پێکا و سووریدا. تانگەکە بە پەڵە بەرەو دوا لارە لار گەڕایەوە. ئەو بەوبەختانەی کە لە پەنا و پشتی ئەوتانگەوە، خۆیان لە ترسی چەکی پێشمەرگە حەشار دابوو لە ژێر زەنجیرەکانیدا ئەنجن ئەنجن بوون. هێزی دوژمن بەبینینی ئەم تێشکاندەیان، ورەیان لە دەستدا. بەپاشەکشێ و دووکەڵی ئاگری ئەو دوو زرێپۆشە، هەرکەس بۆ خۆی هەڵدەهات.

چەکی پێشمەرگە ئەو مەودای پێیان نەدەدا و ئەوانیش پوڵ پوڵ ئاخی گۆڕەپانی شەڕیان لە ئامێز دەگرت و ئیدی هەڵنەدەستانەوە. فەرماندە نەزانە سەرتیپ پاسدارەکان، کە بەخۆڕایی لە هیچەوە، دوورۆژە ببوون بە سەرتیپ پاسدار. هەر ئەوەیان لێدەوەشایەوە کە منداڵی خەڵکی بەکوشتن بدەن و بنەماڵەی سڤیلی کوردیش لە خوێن بگەوزێنن. چەکدارە ترساوەکانی دوژمن لە کاتی هەڵاتندا، ئەگەر بە چەکی پێشمەرگە نەکوژرابان، بەچەکی پاسدارەکان، و بە فەرمانی ئەمیر پاسدارێک دەکوژران. بۆ ئەوە هەڵنەین و رێگای پاشەوەیشیان نەمێنێ.

کوژراو و برینداریکی زۆریان بە جێهێشتو بوو، زۆربەیان گەڕابوونەوە نێو پادەگان. پێشمەرگە نەیدەتوانی لە ئەو هەورازوە دابەزێتە خوارێ بۆ هێنانی دەستکەوت. چۆن لە بەر دید و تیرڕێژی چەکی سووک و گرانی دوژمندا بوو. دوژمنیش نەیدەتوانی کە بێت و کەلاکی کوژراو و برینداراني بەرێتەوە.

ئەو بریندارە چارەرەشانەش، بە دەم ژان و خوێن چوونی برینەکانیانەوە دەمردن.

گیانی مرۆڤ بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بایەخی نەبوو، هی خۆی بێت یان"دژ بە شورش". ماوەی نیو کاتژمێرێک هیچ جووڵانەوەیەک لە لایەن هێزەکانی دوژمنەوە بە دی نەکرا. لە وانەیە خۆیان ڕێک بخەن بۆ هێرشێکی دیکە و بردنەوەی کەلاکەکانیان. بە گەڕانەوەی هێلیکوپترەکان لە ئەو بەری چومی دەرەبەیان و حاجیاواوە بەرەو گردیگەڕۆڵ. بۆ جارێکیتر لە ئاسمان و زەوینەوە سەنگەرەکانی گردیگەڕۆڵیان ئاگرباران کرد.

ئارام بە پێکەنینەوە وتی: ئەم تاکتیکە، تاکتیکی هێرش کردنە. ئەون ئەوەندە گەوجن هەر ئەو شتە دووپات دەکەنەوە، کە ئێمە ئاگادارین کە ئەنجامەکەی چییە. واتە ئەوە هاتین. فەرمون وەرن ئێمەش ئامادەین کە پێشوازیتان لێبکەین. ئەمجارەش وەکوو جاری پێشو هاتن وتێشکان. کۆمەڵێکی کوژراو و برینداری تازەیان بە جێهێشت تاکوو توانیان چەند کەلاکێکی پێشو ببەنەوە.

لە بەرەی پێشمەرگەدا سێ کەس بە سووکی بریندار بوون، بە پرشەی تۆپباران. کە هەر لەوێ دەرمان کران. سیروان لە پارێزەکەیەوە سەیری هێلیکوپترەکانی دەکرد کە بەرەو حاجیاوا فڕین و هەندێکیان بەرەو نێو شێخان.

ئارام: لەوێ کە هێلیکوپترەکان دەفڕن و تەقەدەکەن گوڕەپانی شەڕە. وادیارە ئەمڕۆ هاو کات لە چەند بەرەوە هێرشی هێناوەتە سەر شار.

لەم کاتەدا چەند کچێک بەکۆلەباری خواردن و خواردنەوە هاتنە نیو پارێزی پێشمەرگەکان. لە نێو ئەو پولە کچانەدا، میترا و چنووریش بە دی کران.

ئاریز بانگی لە چنوور کرد. کاتێک چنوور ئارێزی دی لەتەک میترادا بە کۆلەبارەکەیانەوە هاتنە ئەوێ. پاش خۆشدۆش کردن، کۆڵەبارەکانیان کردەوە خواردن و چای میوەیان پێشکەشی پێشمەرگەکان کرد.

کاتژمێری پێنجی پاشنیوەڕۆ، کۆمەڵێکی هێزی تازەی گەل، هاتنە نێو سەنگەرەکان و جێگەیان لە گەڵ ئەماندا گۆڕایەوە.

ئارام ئەمڕۆ لە گەڵ سیروانی برای و هاوگەڕەکەکانی، بە ئەو دوو تاکسیبارە کە هاتو بوون گەڕانەوە بنکەی گەڕەکی خۆیان.

ئارام: ئەمڕۆ لە کاتژمێری دەی بەیانیەوە تا ئەو کاتەی کە ئەنگۆ هاتن، دوژمن تۆپبارانی کردوین. ئەوە سەیرە سەدان میلیون دراڤی ئەم وەڵاتە دەدا بە چەک و ئاگر، بۆ سەرکوت کردنی خەڵکەکەی خۆی. ئەگەر ئەم میلیونها دراڤەی کە خەڵکی پێدەکوژێ و ئاوەدانی پێ کاول دەکات، تەرخانی ئاوەدانی و تکنیکی بکردایە، رادەی هوشیاری و خرەدی خەڵکی پێبەرز دەکردەوە. ئیتر وێنەی خومەنیان لە نێو مانگدا نەدەدی، کە ئاڵای ئەمریکای تێدایە.

کا سوارۆ هاتە پیریانەوە و گوتی: دەک هەر بە خۆشی و تەندورووستی بێنەوە کوڕە ئازاکانی گەڕەک. گوێبدەن تاکوو چەند هەواڵێکتان بۆ بگێڕمەوە. هێزەکانی ڕژیم هێرشی خۆیان تاکوو بن تەپەی حاجیاوا گەیاند. بە دەسترێژی چەکی سووک و قورسی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دیموکرات، هەروەها بنکەکانی ئەڤ دەڤەرە دوژمن بە دانی کوژراو و بریندارێ زۆر تێدەشکێ و پاشەکشێ دەکات. لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە گیانی بەخت دەکات و دەچێتە ڕیزی کاروانی گیانبازانی بزووتنەوەی بەریڤانی گەلی کورد. لە بەرەی شێخانەوە، هێزەکانی دوژمن لە ژێر ئاگری هێلیکوپتردا هەندێک پێشڕەوییان کرد. بەڵام لە ئاکامدا لە بەر دەسترێژی چەکی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، فیدایی، پەیکار و بنکەکانی ئەو دەڤەرە تێشکان. بەجێهێشتنی شەش کوژراو و کۆمەڵێک بریندارەوە گەڕانەوە نێو ئوستانداری.
لە گەڕەکی قەڵاچوارلان بە هۆی ئاژین بوونی گوللە هاوەنی ١٢٠میلی لە ماڵێکدا لە پشتی مزگتی ئەمانولاخانی ئەردەڵان، حەوت کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکە دەکوژرێ و تەنیا منداڵێک زیندو ماوە.
پاسدار و جاشەکانی جێگر لە دەبستانی بەدر لە نزیکی ئوستانداری تەقەیان لە هاتو چووی خەڵکی ئەو دەڤەرە کرد. لە ئاکامدا کەسێک بە ناوی محمەد تەقی عەباسی، ماموستای زانکۆی ڕازی سنە کە لایەنگیری ڕەزمەندەگان بوو کوژرا .
لە بەرەی توشنەوزەرەوە، هێرشی هێزی دژ بەمرۆڤی دوژمن تێدەشکێ و بە زیانێکی زۆری گیانی و ماڵیەوە پاشەکشێ دەکەن. ئەمانە بەشێکی زۆر کەمن لە هەواڵەکانی ئەمڕۆ کە بە کورتی باسم کرد.
سیروان: باشە کا سوارۆ ئەم هەموو هەواڵانەت لە کوێ دەستکەوتوە؟
کا سوارۆ: سیروان گیان! ڕاستە کە پیرم و لەشم بێ هێزە، بەڵام گوێم دەبیسێت و زمانم درێژە. وا نییە ڕۆڵە پرشنگ؟ زوان و گوێچکەی من چوار کەنیشک و کوڕەخاسەی وەک پرشنگ و وریایە. ئەوان هەواڵنامەی کۆمەڵە حەیاتەکە و هێزەکانی دیکەم بۆ دەخوێننەوە.
ئەری وریا گیان هیچم لە بیر نەچووگە؟
وریا: نە مامۆ سوارۆ، مێشکت باش کار دەکات.
کا سوارۆ: باشە! سپاس بۆ یەزدان کە هێشتا توشی فەراموشی نەبووم. ئەری ئارام! ئەم پانزە ڕۆژە لە سەنگەری گردیگەڕۆڵ بێزار و ماندو نەبووگی؟
ئارام پێکەنی و لە وڵامدا گوتی: نا کا سوارۆی بەڕێز! پێڕاهاتوم و وەکوو ماڵی دووهەمی خۆم چاوی لێدەکەم.
سوارۆ: دەزانم ڕۆڵە گیان! هەر بژی بۆ ئەم نیشتمانە. بریا منیش وەکوو تۆ گەنج و بە وزە بوام. بمتوانیبا خزمەتێک بە نیشتمانەکەم بکەم.
ئارام: تۆ سەرەڕای پیری و بێهێزی هەر ئێستەش خەریکی خزمەت کردنی. هەر کەس بە گوێرەی هێز و توانایی خۆی.
سیروان، میترا وچنووری بانگهێشتی ماڵی خۆیان کرد.
میترا سپاسی کرد و وتی بەداخەوە سیروان گیان، ئێستا درەنگە دەبێ بگەڕێنەوە ماڵێ. دڵنیا بە کە شەو تەلەفۆنت لێدەکەم باشە گیانەکەم؟

سیروان زۆرباشە لە گەڵ ئاریزدا تاکوو ماڵی خۆتان ڕەوانەتان دەکەین. ئەوسا سیروان دەستی ئارامی گرت و وتی تۆ بگەڕوە ماڵێ، من و ئاریز ئەم هاوڕێیە بەڕێزانە دەبەینەوە.

میترا و چنوور، ماڵ ئاوایان لە ئارام کرد و بەرەو چوارباخ وەڕێی کەوتن.

کە ئارام گەڕایەوە دایک و باوکی لە بینینی ئەمڕۆیش خۆشحاڵ بوون. ئارام بە بنەماڵەی ڕاگەیاند کە سیروان و ئاریز ڕۆیشتن بۆ چوارباخ.

سیروان و ئاریز هەرکامیان دەستی یاری خۆیان گرت و بەبێ پەلە بە پیاسەکردن بەبێ گوێدان بە تۆپباران، گەیشتنە گەڕەکی چوارباخ. لەوێ خۆشەویستەکانیان لە ئامێز گرت و بە ماچی ئەویندارانە ماڵئاوایان کرد و گەڕانەوە بۆ ماڵی سیروان.

سیروان هەرچێ شەپۆڵی رادیوەکەی گۆڕی بێسوود بوو. هیچ باسی بەرخوردانی کوردی تێدا نەبوو. هێدی هێدی چوونە ئامێزی شەو و بوون بە مێوانی خەو.

## بەشی ١٦

دووشەمە(مانگڕۆژ)ی ١٥ی گوڵانی ٢٦٨٠ی ک.ڕۆژی دەئوش میترا ئافەرینەری پەیمان و تیشکی ڕووناکی بەر بەیان. ٥مای ١٩٨٠ی ز.

---

شەونم و شەوێنی چاوی خەمباری هەور، بە نەرمەگریان فرمێسکی هەڵدەڕژانە سەر پۆپی گوڵ و گیای داوێنی چیا. تەمی خەمی سروشتی بریندار، ببوو بە تەوقی ژان لە ملی چیاکانی دەڤەری شاردا. دڵۆپەی خوناوی شەو لە سەر پەڕەی گوڵ و پرچی گیا، دەدۆرشایەوە، لە بەر چاوی گزنگی بەربەیان. بۆنی خۆشی مەرزە و گوڵە کێویی، بە دەم شنەی شەماڵەوە لە تۆی شوشەشکاوی پەنجەرەوە خۆیان دەکرد بە نێو ماڵاندا. لوتی کاس و ماندو لە بۆنی باروتی دەبووژانەوە. سییەکان هەڵیان دەمژی. چاوی کز و بزری بە دووکەڵ، دەشوست و سۆمای بینینی ڤەژین دەکردەوە. هەر چەند بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، بەڵام بووژێنەرە.

نەرمە وارانی شەو بەس توانی تۆز و خوڵی شەڕ نەختێک دامرکێنێ. بەڵام هێزی ئەوەی نەبوو کە پلووسکەکان بخاتە سەر ریتمی واران وارانەی ئاوی سەر بانان. شەوێنی شەو لە سەر گوڵ و گیای حەوشەکاندا گۆلوپ گۆلوپ دەدرۆشایەوە. شنەی شێداری پاش شیبا دەشنی. فێنکێکی ئەوتۆی ئافراندو بوو، کە هەموو حەزیان دەکرد پڕ بە سییەکانیان بای خاوێنی کێوستان هەڵمژن تاکوو تۆزی بۆردومان دووبارە بە سەر ژینگەی شاردا زاڵ نەبووە.

ئارام چەکی خۆی بەست. پارویکی نانی گرتەدەستەوە، بە پەلە چووە نێو باوەشی کازیوەی بەربەیان. ڕێگای کۆڵانان و هەورازی گرتە بەر بەرەو پاریزی پۆلاینی گردیگەڕۆڵ. کاتێک کە گەیشتە نێو سەنگەرەکانی ئەوێ، تیشکی زێرینی هەتاو

سەرکڵاوەی هەر دوو ئاوییەری گەورە و بچوکی زێڕباران دەکرد. تەم و مژی سپی لە کراسی بەفرینی بەر ئاوییەر و چیاکانی دەوروبەری شار کردو بوو.
مژی سپی تیشکی زیوینی رووناکی کازیوەی بەربەیانی بەرپەرچ دەدایەوە نێو چاوانی خەواڵوی شار.
هەڤاڵانی ئارام کە شەوگاریان بە پارێزوانی لە شار شەق کردو بوو، کزەی سەرمای شەو نەمامی لەشیانی چەماندوبوو. ماسولکەی ئەندامانی لەشیان لەبەر کزەی شیبای شەو رەپ ببوو. سەرەڕای ماندویی و برسییەتی دەیانوت: " ئێستا هاڵاوێ لە پڵاوێک خۆشترە ".نەورۆز بۆ ئارامی گێراوە کە ئەم شەو جگە لە هاویشتنی چەند تۆپ و هاوەن، جار و باریش بە رەشاشەکانیان لە خۆەوە هەر وا تەقەیان دەکرد. بە هاویشتن و هەڵکردەنی تیشکهاوێژ دەوروبەری خۆیان رووناک دەکردەوە. ئەمانەش بە هۆی ترس لە هێرشی پێشمەرگە بوو.
لە ئێوارەوە کە ئێمە لە ئێرەین، بە یارمەتی دووربینەکانمان و تیشکی گوڵۆپی نێو پادەگان، بە درێژایی شەو دیمان کە کوژراو و برینداریان بار کرد. شەش جار سێ هێلیکوپتری شنۆک لە گەڵ دوو کۆبرا کوژراو و برینداریان بەرەو کرماشان یان هەمەدان برد و بە هێزی تازەوە دەگەڕانەوە.
میترا بەیانی زوو هەستا. لەوەی کە تاسەی سیروانی کردوبوو، نەیدەزانی کە چی بکات. هەستی بە وەڕەزی و ماندوویی دەکرد. ئەوەندە تاسە و ئارەزوو، بێقەراری کردو بوو، دەیەویست بچێ بۆ لای سیروان و نەهێڵێ لە لای دوور بکەوێتەوە. بەڵام وا بیری دەکردەوە کە سیروان هەمیشە ئاواتەخوازی ئەوە بوو کە لە هەر دەرفەتێک کە بۆی بڕەخسێت لە گەل و نیشتمانەکەی بریڤانی بکات. گەر من بچم بۆ لای سیروان لەم کاتە هەستیارەدا، دەست و پێی دەبەستمەوە. باشترە بە تەلەفۆن دەنگی ببیستم و تاسەم لێبشکێ و وزە و هێزیشی پێبدەم.
میترا لەسەر ئەوە ساق بووەوە کە تا سیروان لە ماڵ وەدەر نەکەوتوە، تەلەفۆنی لێبکات.
سیروان: دەزانی ئارێز! ئێمە زۆر دڵڕەق و کەمتەرخەمین؟
ئارێز: مەبەستت چییە؟
سیروان: مەبەستم ئەو دوو کچەیە، واتە میترا و چنوور. دەبێ پەیوەندی و بینینیان زۆر بکەینەوە، و لەم ئەرکەشدا کارا بین. تەواوی شەو لە خەون و ئارووما لە تەک میترا بووم.
ئەگەر ئەو نەبوایە، منیش لە هەڵ و مەرجی وا نەژیابام، لەوانەیە شێت بوایام. باشترە بۆ ئەوەی دەروونم ئارام بگرێت تەلەفۆنی لێبکەم. تا نیوە کاتژمێرێکی دیکە رادەوەستم. نەکا ئێستە زوو بێت.
ئارێز: راست دەکەی! لەم دۆزە نالەبارە کەمتەرخەمی کارێکی ناشایستە. پاش ئەوەی کە تۆ تەلەفۆنت کرد، منیش دەبێت پەیوەندی بکەم بە چنوورەوە.
زەنگی تەلەفۆن، خێرا سیروانی کەمەندکێش کرد.
سیروان: فەرمون!

سڵاو سیروان! خۆ دەنگم دەناسێت! زستان ڕۆیشت و بەهار هات، بەڵام تینی دەنگی تۆ هەر نەهات.

سیروان: سڵاوت سەر چەمان تیشکی بەربەیانی ئاسمان. ئەمڕۆ بە شنەوە نە شنای، بە گلەییەوە زیر ئامای. بە سواری تیشک بیت یان بە قامچی زیریان، خۆشهاتی سەرسەران. ئەی ئەوینی من، سەرتۆپی گوڵان، بووژامەوە بە هەناسەی ژیانت. میترا گیان! پەڕەی گوڵی دڵت مەسیسێنە بە دڕکی کەمتەرخەمی من. دوێنی دەرفتمان کەم بوو، بەڵام زۆرخۆش بوو کە لە سەنگەردا پیکەوە بووین.

هەر ئێستە لە گەڵ ئاریێزدا باسی تۆ و چنوورمان دەکرد و بە نیاز بوون پاش چارەکێکی تر پەیوەندیتان پێوە بکەین. هەر چەند ئەمشەو هەتاکوو بەیانی لە خەونمدا بوویت. ئەگەریش لە راسڵدا نەتوانم بتبینم، لە خەون و ئارووەکانمدا هەمیشە مێوانیت.

میترا: دەزانم کە کەم روویت. ئەوە کارێکی باش نییە. تەنانەت لە گەڵ ئەو کەسەی کە خۆشتدەوێت. نا سیروان گیان، من هیچی لە تۆ بە دڵناگرم. ئەوەندە خۆشتم دەوێیت کە دڵم نایت گلەییت لێبکەم. من تاسەت دەکەم. لە دووریت بێقەرارم. هەر چەند هەموو شەوێک لە نێو ئامێزی خەونەکانمدای. بەڵام تاکوو تینی لەش و بۆنی هەناسەت نەکەم تاسەم لێت ناشکێت.

سۆزی نیوەڕۆ بۆ فراوین وەرە بۆ ئێرە. ئەگەر بۆت دەکرێت تۆ بۆ خۆت کاتژمێری دەی بەیانی وەرە هەندێک کارم پێتە. بە چنوورم راگەیاندوە کە ئاریێزیش لە تەک خۆیا بێنێت.

سیروان: بە سەر چاوان یاری دڵوڤان. ئەرێ ئەوە مێوانتان هەیە؟

میترا: نا! مەبەستت ئەو دەنگی فراویرەیە؟ ئەوانە خەڵکی گەڕەکن کە ئاوی ماڵەکانیان بڕاوە. لە دوێنێیەوە ئەوان دێن لە ئاوی خۆری گونجی ماڵی ئێمە دەبەن. دەروازەکەمان بە درێژایی رۆژ ئاوەڵایە بۆ ئەو کەسانە کە ئاویان دەوێ. سپاس بۆ باپیرانم، کە ئەم ئاوەیان لە چەند کیلومیتری شارەوە لە سەرچاوەی کانیاوەکانەوە بە گونج هێناوەتە ئێرە. پتر لە دووسەد ساڵە ئەم سەرچاوە ئاوانە وشک نەبوون.

ئەگەر رژیم ئاوی لولە و بۆریەکان ببەستێ، ئاوی ماڵی ئێمە بەشی نیوەی ئەم گەڕەکە دەکات. سەرچاوگەی ئاوەکەیشان داپۆشیوە. کەس نازانێت لە کوێرا دێت.

سیروان گیان من دەبێت قسەکانم تەواو بکەم. ژنێکی هاوسێ لە پشتی پەنجەرەکەوە ئاماژەم پێدەکات، کە بچم بۆ لای. خۆشەویستەکەم خۆشتم دەوێت، دەتپەرەستم وەک تیشکی هەتاو کە چۆن تیشک داوێژێ و تین و ژین دەخاتە دڵی سروشت. تا سۆزی بەیانی لای تۆ خۆش.

سیروان: لای تۆ خۆش!

سیروان رووی لە ئاریێز کرد و وتی: سۆزی بۆ فراوین واتە خواردنی نیوەڕۆ لە ماڵی میترا بانگهێشت کراوین. هەر وەها میترا بە چنووری راگەیاندوە کە بە تۆ بێژێت و پێکەوە بچن بۆ ئەوێ.

ئاریێز: باشە سپاس، پێم نایژی چ باسە؟

سیروان: سۆزی رۆژی شانزە مانگە و رۆژی میترایە. میترای خۆمانیش لەم رۆژەدا لە دایک بووە بۆیە ناویان ناوە میترا.

تاکوو کورتە مێژوویەک لە ناوی میترات بۆ باس کەم.
میترا لە هەزارەی دووی پێش زاینیدا لە نێوان (میتانیەکان واتە پاپیرانی کوردی باکووری گەورە و بچووک) وەکوو خۆداوەندی تیشکی رووناکی بەربەیان و خۆشەویستی و پەیمان، هەروەها ئاشتی ڕێزی لێگیراوە. بۆ پەیمانی ئاشتی نێوانی میتانیەکان و حیسیەکاندا، سوێندی پاراستنی پەیمان و ئاشتیان پێی خواردووە، لە سەر بەردیش ئەو پەیمان نامەیە هەڵکەندراوە و تاکوو ئێستاش ماوە. هەر لەو سەردەمەدا شۆڕەسوارانی جەنگی میتانیەکان، کە یەکەم سوارکاری ئەسپ بوون، لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا پێیان دەگوترا ماریانۆ.
ئەشۆ زەردەشت ئەهورامەزدا وەک خۆداوەندی تاک و میترا وەکوو ئیزەدی پارێزەری پەیمان بە هەموو چین و تاقمی کۆمەڵگا دەناسێنێت. رەوتی مێژووی ناوی میترا بەم شێوەیە گۆڕاوە، میترا، میر میتر لە زمانی پالەویدا ،مێهر. میزا، میرو مێهری لە عەرەبی ئەمیر، رۆژی شانزەی هەرمانگە و مانگی حەوتی هەتاوی ناویان میترا یان مێهرە.
لە ساڵدا ئەو رۆژە کە شانزەی مانگە لە مانگی میترا(مێهر)دا یەک دەگرن، واتە رۆژی شانزەی مانگی هەفتم کە لە ساڵێکدا یەکجار یەکدەگرن پێ دەبێژن میتراگان، مێهرەگان مێهرەجان. لە دینی زەردەشتیدا شەش رۆژان جەژنیان بۆ دەگرت. تەنانەت لە ئایینی کریستیانیش دا زۆر دابو نەریتی میترایان تێکەلی ئاییی خۆیان کردووە.
شەوی یەکەمی زمسان واتە شەوی چلە، کە درێژترین شەوی ساڵە، شەوی لە دایکبوونی ئیزەدی میترایە. لەکوردەواریدا بە میوەی جۆراوجۆر کە سمبولی بەر و بەرهەم هێنانە، لە رابووردودا بەهەر شێوازێک کە مرۆڤ بۆی بکرایە، رایدەگرێت بۆ جەژنی ئەم شەوە. واتە تیشکی رووناکی لە دایک دەبێت و بە تین وتیشکی خۆی سروشت دەبووژێنیتەوە. لە رابوردودا کە کەرەسەی راگرتنی میوە نەبوو، خەڵک ترییان دوو تا سێ مانگ بە شێوەی هەڵواسین و بەستن بە چەند شووڵ و توولی دار لە ژێرخانەکاندا بۆ شەوی چلە بە ناوی ئانگو لە تەک کاڵەکی تورش و هەنار و میوەگەلێکیتر رایان دەگرت.
بە درێژ بوونەوەی رووناکی رۆژ میترا مەزن دەبێت. تاکوو شەوی نەورۆز کە میترا تەمەنی منداڵی تەواو دەکات، بە ئاگر کردنەوە جەژنی بۆ دەگرن. ئەوەیە کە خۆمان وەکوو کورد شەوی چلەی هەر ساڵ بە هەموو چەشنە میوەیەک کە سمبولی بەر و بەرهەم هێنانە جەژن دەگرین. واتە تیشکی رووناکی لە دایک دەبێت و بە تین و تیشکی خۆی سرۆشت دەبووژێتەوە.
وەرە هەستە ئارێز! نۆرەی تۆیە کە پەیوەندی بە چنوورەوە بکەی.
ئارێز ژمارەی ماڵی خۆشەویستەکەی بە هەزار شەرمەوە گرت. کاتێک ئەوان پێکەوە دەدوان، سیروان ژوورەکەی بۆ ئارێز بە جێهێشت. کە بەبێ شەرمکردن، باسی ژان و نۆشی ئەویندارى خۆیان بکەن. ئارێز و چنووریش بۆ ماوەی چارەکە کاتژمێرێک پێکەوە باسیان لە هەموو شتێک کرد. پاش ئەوەی لە یەکتر ماڵاوایان کرد هاتە حەوشێ بۆ لای سیروان.

بە ئەسپایی بە سیروانی گوت: دەی باشە سیروان، ئێستا کە بازار و دووکانەکان داخراون چی بکەم؟ نازانم لە کوێ دیارێکی بۆ بکڕم؟ بە دەستی بەتاڵیش شورەیە و نە باشە.

سیروان: کورە خۆتت شێت کردووە دیاری چی. میترا خۆی ئاگای لە دۆزی شار هەیە، و چاوەڕێی دیاری لە کەس ناکات. مەبەستی ئەوەیە لە لای یەکترین کۆ ببینەوە. دەیەوێ بیسەلمێنێ کە لەم هەلومەرجەدا کە نەهامەتی و چارەڕەشی شەڕ و ماڵوێرانی باڵی بەسەر شاردا راکیشاوە، بەم ئاکارە دژ بە مرۆڤەی رژیم ئێمە ورەی خۆمان لە دەست نەداوە. ئێمە ژیانی ئاسایی خۆمان دەکەین. دەبێ لە دۆزی دژواردا، فێر بین کە چۆن خەبات و ژیان پێکەوە گرێ بدەین. بە کوێرایی چاوی دوژمن و نەیاری گەلەکەمان بەجێی شین و گریان، بە ریشی ئەوان پێبکەنین. ورەی خۆمان وەکوو چیاکانی نیشتمان بەرز راگرین. بۆ نەتەوەی داهاتومان ببین بە رێزان و رێبین. نەوەک نەتەوەی رابوردو و، پاپیرانمان بۆ میترێکی خاکی بەهەشت، بۆ قومێکی ئاوی زەمزەم، هەزاران هێکتار خاکی زێرین و چاوگە و روباری زێوینیان لەم کوردستانە دوڕانت بە دوژمنان و داگیرکەران. دەبێ بە هەزار داخەوە بڵێین، هەی باپیران، هۆ میرەکان چیتان لێ بە جێماوە ئەمڕۆ؟ جگە لە مێژووی تاڵ و رەنجەڕۆ. ئەی خۆفرۆەشکان، دەستی کورد کوژ رادەمووسن، نامەی مەرگی وڵات دەنووسن. ئێوە پاسەوانی بەرژەوەندی داگیرکەرن و نیشتمان دەفرۆشن. رێ خۆشدەکەن بۆ دوژمنان، بۆ هێنانی داگیرکەران بۆ کوردستان. دەبێ ئەمڕۆ ئێمە تاوانی ئاکاری ئەوان بدەینەوە، ئەویش بە خوێن و ماڵوێرانی. نابێ ئێتر ئەم کردەوە ناشایستانە دووپات بېێتەوە.

ئارێز: باشە تۆ چی؟ تۆ دەبێت دیاریکت هەر هەبێت.

سیروان: راست دەکەی! ئەمن پێش نەورۆز دوو دیاریم بۆ کڕی. دیاری یەکەمم بۆ نەورۆزانە پێدا. دووهەمیش رۆژی لە دایک بوونی پێیدەدەم، لە گەڵ چەپکە گوڵێک لە حەوشی خۆمان. سەیریان بکە چەندە جوان و دڵڕفێنن. توو، و پیازی ئەو گوڵە هۆڤانەیە کە لە چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا هێناومە و لە نێو ئەم باخچەدا چاندومە و دەستمۆم کردوون. تۆیش دەتوانی چەپکێک لە گوڵی باخچەی حەساری خۆتانی بۆ بێنە.

ئارێز: راست دەکەی گوڵەکانمان ئەم ساڵ زۆر جوانە و گوڵی زۆریشیان داوە. تەنها گوڵ بەس نییە. دەبێ بیری لێ بکەمەوە.

دەنگی تەقەی چەک و ئاژین بوونی گوللە تۆپ و هاوەن، شریخە و گرمەی کاتیوشا لە دوور و نزیکەوە نەدەبڕایەوە. خەڵک هەستیان بەوە دەکرد کە رۆژ بە رۆژ بۆردومان چڕتر و خەستتر دەبێ. شارێکی نیوەکاول و وێران دەهاتە پێش چاوان. خەڵک دەرفەتی ناشتنی کوژراوەکانیان نییە. وزەی رووناکی شار، رۆژانە دەپچڕێت و چاکی دەکەنەوە. سووتەمەنی وەک دار و نەوتیش خەریکە بن بڕ دەبێ. کەرەسەی خواردەمەنی بەرەو تەواو بوونە.

هەموو رێگاکانی هاتنەوەی نێو شار لە لایەن دوژمنەوە داخراون و شاریش لە گەمارۆی هۆڤی رژیم دایە. ئەم جار وەک شەڕی نەورۆزی پار رێگای هێنانی یارمەتی بژیو بۆ نێو شار نییە. هەر رۆژێک کە تێدەپەڕێت بارودۆخی ژیانی خەڵک ئاڵۆزتر

دەبێت. تەنها ورەیە کە بۆ خەڵک ماوەتەوە و کەمی نەکردووە. بە پێچەوانە وەکوو پۆڵا ئاودارتر و خاراوتر دەبێت.
بێمتمانەیی و مەترسی لە دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بووە بە هۆی یەکگرتویی خەڵک لە ئاستی کوشتو بڕ و قەڵاچۆ کردنیاندا.
ئارام ئەمڕۆش هەر وەک دوێنی لە بەرانبەری هێزی پادگانەوە بەریڤانیان دەکرد. دوژمن لە نێو پادەگاندا، سەرقاڵی ڕێکخستنی هێزە تازەکانی بوو. ئەوانیان لە نێو گورهان و گوردانەکانی لەشکەری ٢٨دا ڕێکدەخست. خۆیان تەدارەک دەبینی بۆ هێرش هێنان، تایبەت بۆ گرتنی بەرزایەکانی گردیگەڕۆڵ کە بە سەر پانتایی پادەگاندا زاڵ بوو. ئەگەر پێشمەرگە چەکی بە هێزی دوور هاوێژی ببایە، هێزەکانی نێو پادەگانی شێت دەکرد، و مەودای پێیان نەدەدا کە شار تۆپبارن بکەن.
کات تێپەڕی، رژیم بە هێزێکی زۆرەوە و لە ژێر ئاگری ئاسمان و زەویندا هێرشی هێنا. پێشمەرگەکان، وریا و هایا هەموو جارێک هێرشی هێزەکانی ئەرتەشیان تێدەشکاند. لە ئاکامدا رژیم بە هێزێکی زۆرترەوە و بە یارمەتی زرێپۆش هێرشیی دووبارە کردەوە. کە بە هەر بەهایەک بێت ئەو سەنگەرانە بگرێت، تاکوو بتوانێ ژیانی خەڵکی ئەو دیویی گردیگەڕۆڵ تاڵ بکات. ئەم جارەش وەک هەمیشە لە ئاستی بریڤانی رۆڵەکانی گەلدا هیچێکی پێنکرا و بە شکەست و سەرشۆڕیەوە، بەرەو پادەگان گەڕانەوە.
بەماشینی گەورە، تانگەرووسییە سووتاوەکەیان بەرەو دوا کردەکێش و هەشت کوژراو و بریندارێکی زۆریان لە گەڵ خۆیان بە دیاری بردەوە نێو پادەگان.
ئەو هێزە تازەی رژیم کە زۆربەیان پاسدار بوون، بە داخوازی خۆیان لە هەزاران کیلومیتر ڕێگای دوورەوە، بە فرۆکە هاتوبوونە کرماشان و هەمەدان. ئەوسا بە هێلیکوپتر بە مەبەستی قەڵاچۆی خەڵکی سنە هێنرانە پادەگان.
ئەوان بە هۆی پرۆپاگەندەی مەلا و ئایەتوڵاکانی کۆماری ئیسلامیەوە بۆ جهاد دژ بە سونی کافر و کۆمونیست، بە فەرمانی خومەینی و راوێژی بەنیسەدەر هاتوو بوونە کوردستان. گۆڕەپانی شەڕ، یەک تا دوو رۆژ زۆرتر ماوەی ژیانیان لە کوردستاندا پێنەدان. ئەوانیش پێیان وابوو، دەروازەکانی کوردستان تەنها ڕێگەیە کە بەرەو بەهەشت بچن. بەڵام زوو بۆیان دەردەکەوت کە ئەوان پیاوی گۆڕەپانی شەڕ نین و بەڵێنی بەهەشتیش تراویلکەیە. بەس وەکوو ترسەنۆکێکی خوێنرێژ تەنها بە چەکی کۆمەڵکوژیان کۆمەڵی ژن و منداڵ یان خەڵکی سیڤیلیان دەکوشت. ئەویش لە دوورە پەرێزەوە و بە چەکی دووهاوێژ.
لە شەڕی دەستویەخەدا تەمنیان تەنیا یەک یان دوو جار شەڕ بوو و بەس.
هەر بەو هێلیکوپتر و فرۆکانە کە دەهاتن، لەشی بێ گیانیان دەگەڕایەوە بۆ زێدی خۆیان.
سیروان و ئارێز، لە بنکە کا نەورۆزیان دی. پاش خۆش دۆشکردن سیروان وتی: ئەرێ کا نەورۆز دەرد و بەڵا دوور بێت! ماوەیەکە دیار نیت؟ دوور لە رووت نەخۆش بوویت، یان بۆیەرێکت بۆ پێش هاتو بوو؟

کا نەورۆز: رۆڵە سیروان گیان، برینی ناسۆری زامەکانی جەستەم مەکۆڵێنەوە! رەنگە بیستوتانە، کە دوژمن کۆمەڵێکی خەڵکی دەڤەری پادەگانیان بە بارەمتە گرت. یەکێ لەو کۆمەڵە خەڵکە منی کۆڵۆڵ بووم.
رۆژێک لە ماڵی کچەکەم دەگەڕامەوە، کەوتومە نێو بۆسەی جاش و پاسدارەکانی بەر پادەگان. چەمەس خەڵکێکی فرەیان بە دیل گردووە. منیشیان دەستبەستە لە گەڵ ئەواندا راپێچی پادەگان کرد. وایان لێکردین کە با بە دەواری شڕی نەکردو بوو.
نازانی ئەم ماوەی دە شەو و رۆژە، چییان بە سەر هێناین؟ لێدان، ئەشکەنجە، سووکایەتی، ئەوەی کە لە مرۆڤ ناوەشێتەوە، لەو نامرۆڤانە وەشاوە. پاسدار بە جبیا لێدەداین، ئەوان ماندو دەبوون خۆفرۆش و ئەرتەشی، هەر کام بە نۆرە و گەلەکۆمە ئەشکەنجەیان دەکردین. تایبەت هەر کاتێک لە شەڕدا تێدەشکان زووخاوی شکەستی خۆیان بە سەر ئێمەدا دەڕژاند. سێ جاران منیان بردە مەیدانی تیرباران بە چاوی بەستراوەوە. تەقەیان لێدەکردین هەموو جارێک چەند کەسێکیان لە نێوانماندا دەکوشت. پرشەی خوێنی گەرمیان بە سەرو چاوماندا دەپرژا. جارێک کوڕێکی میرمنداڵی پاڵ دەستم کە تیرباران کرا، خوێنی گەرم و شیرینی ئەو مناڵە هەژارە وا پرژا بە رووومەتمدا کە هەستم بە تام و چێژی خوێنەکە، لە زارمدا کرد. نازانیت کە چەندە هێڵنجم دا نزیک بوو کە هەناوم دەربێت، کە چی ئەو خوێن خۆرانە قاقا پێم دەکەنین.
ئەوە نابینی کە سمێڵیان تاشیوە. خۆفرۆشەکان دەیانگوت ئەوە بە سمێڵیرا دیارە کۆمونیستە. پاسدارەکان دەیانگوت کۆمونیست و شەیتان پەرەستە، ئەوی دیکە دەیگوت عەلیولاییە و ئەهلی حەقە، یەزیدیە و لایەنگری یەزیدی کوری معاویەیە، گەورە و گاوەرە. سەرتان نیشێنم خەڵک بە تاوانی کورد بوون ئەشکەنجە دەکران، منی کولۆڵ بە تاوانی کورد، کافر، دژ بە شۆڕش، کۆمونیست، ئەهلی حەق ئیزەدی، گاوەر، شەیتان پەرەست و ئلە و بلە... هەر ئەوە مابوو کە بەهایی و جوولەکەشم پێیەوە بچەسپێنن. ناسلامەتی ئێمە موسلمانین، وامان لێدەکەن. ئەی ئەو خەڵکە هەژارانە بە دین و ئایینزای جگە لە شیعە و ئیسلام، چییان بە سەر بێت؟ ئەمڕۆ دوو رۆژە ئازاد کراوم. ئەویش لە بەر ئەوە کە ردێن سپی و پیر بووم. ئەم دوو رۆژە لە بەر ئێش و ئازاری ئێسک و ماسولکەکانم لە ماڵدا کەوتو بووم. خەریک بوو لە ماڵدا شێت و لێوە بم. تاکوو ئەمڕۆ بە هەزار چەرمەسەرێ و ئێش و ژان تا گەیشتمە ئێرە هەزار قیر چەرمگ بوو.
ئارێز: ئەوە ناورۆکی کۆماری ئیسلامیە. ئەوانەی کە نەخۆشی دەروونی و رەوانیان هەیە. ئەوانەی کە لە کۆمەڵگا هیچ نەبوون و کەسایەتیان گەشەی نەکردووە. گەرەکیانە تۆڵە لە کۆمەڵگا بکەنەوە. ئەوانەی کە بە خوێنی مرۆڤ تینۆن و سادیسمی خوێنڕشتنیان هەیە لە نێو ریزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران باشتر و دەست ئاوەڵاتر بۆ تۆڵە سەندنەوە جێگای باشتر پەیدا ناکەن. واتە بنەڕەتی دامەرزاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوانەیە. باشە لە بنەماڵەی کچەکەت ئاگاداریت هەیە ؟
کا نەورۆز ئەوان هەر ئەو رۆژە کە بیستیان خەڵک گیراوە، منداڵە کۆرپەکەیان گرتە کۆڵەوە و لە گردیگەڕۆڵەوە هەڵاتن. ئێستا ئەوان لە ماڵی ئێمەدا دەژین. ماڵی خۆیان وا باس دەکەن بووە بە کەلاوە و پەپویش نەماوە کە تێدا بخوێنێت، جگە لە سەگی هار کە کە وەکوو مەلا دەلووریێنێت.

چەند گەنجێک بڵاۆک و هەواڵنامەی تازەیان هێنا و لە نێوان خەڵکدا بڵاویان کردەوە. لە دیدی بیرو باوەڕی خۆیانەوە هەندێک راڤەی رامیاریان لە سەر دۆزی شار و شەڕی داسەپاوی دوژمنیان نووسی بوو. چەند هەواڵێک کە بەم جۆرە سەرنجی خوێنەری رادەکێشا.

" هەواڵنامەی کۆمەڵە،،١٥ی٢ی٥٩

لە کاتژمێری چارەکێک پاش نیوەشەودا، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی زەحمەتکێشان، بە بازووکا و چەکی گران هێرشیان کردە سەر ئەو بینایە کە ببوو بە مۆڵگەی هێزەکانی رژیم. لە ئاکامدا بیناکە ئاگری تێبەر دەبێت، و بوو بەهۆی کوژران و سووتانی کۆمەڵێک لە هێزەکانی رژیم.

هەر ئەم شەو بە چەکی قورسی تفەنگی ٧٥میلیمیتری تەقە لە تانگێک کرا کە لە ئوستانداری پارێزگاری دەکرد و دەمەودەست لە کار دەکەوێت. ئەمڕۆ خەڵکی دەڤەری قەوپاڵ خۆپیشاندانیان لە قەوپاڵەوە دەست پێکرد تاکوو نەخۆشخانەی شەهیدان. بۆ ئەوەی رقو تووڕەی خۆیان لە هێزەکانی رژیم دەربڕن. هەر وەها بۆردومانی شار پەرەی سەندووە و تاقە نەخۆشخانەی شاریش بێ دەرمان و بێ ئاسایش ماوەتەوە.

لە شەڕەکانی دوێنێدا یەکێ لە تێکۆشەرانی بنکەی دووی رێبەندان بە ناوی تەیب گەنجینەسەب گیانی بەخت کرد، و لە نێو هەستی بەربڵاوی هاوڕێیانیدا لە گۆڕستانی شەهیدان ئەسپەردە کرا.

تا ئێستا کۆمەڵێکی زۆر لە هاوڕێیانی تێکۆشەری بنکەکانی سنە لەم شەڕە خوێناوییەدا کە رژیم بە سەر خەڵکدا دایسەپاندووە گیانیان بەخت کردووە.

ئەمڕۆ هێزە رامیاریەکانی شار وەک کۆمەڵە، فیدایی و دیموکرات، بەمەبەستی چێکردنی ئەنجومەنی ئاریکاری کۆبوونەوە. ئەم کۆبوونەوە هێشتا درێژەی هەیە. کاتژمێری یەکی نیوەڕۆ، چەکدارانی نێو یانەی ئەفسەران دەستڕێژی چڕ وپڕی خۆیان بۆ سەرخیابان و کۆڵانەکانی دەڤەری یانە دەستپێکرد، کە هێشتا درێژەی هەیە.

پێشمەرگەکانی چریکە فیدایەکان لە ١٤ی٢دا لە چەمی حاجی نەسێ لە رۆژئاوای شارەوە بەرەنگاری هێزەکانی رژیم بوونەوە، کە دەیانەویست دزە بکەنە نێو شار. لەم بریڤانیەدا دوژمن بە دوو کوژراو و چەند بریندار بەرەو پاش هەڵدێن. لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەکی فیدایی بریندار دەبێت.

لە جادەی حەسەن ئاوا لە خۆرئاوای شارەوە ماشینێکی پەیکان لە کاتی هاتو چوودا بوو، دەکەوێتە بەر دەستڕێژی رەشاشی هێزەکانی رژیم. ژنێکی دووگیانی تێدا دەکوژرێت. رەنگە بەرەو نەخۆشخانەی شار بەرێیەوە بووبێت.

ئەمڕۆ بە ئاژین بوونی گولله هاوەنی١٢٠مم لە نێو بازاری قەتارچیاندا، چوار کەس لە خەڵکی بێپارێزی ئەو دەڤەرە دەکوژرێی و چەند کەسێکی دیکەش بریندار دەبن. هەروەها لە گەڕەکی قەڵاچوارلاندا ژن و مێردێک بە تەقینەوەی گولله هاوەن لە ماڵی خۆیاندا دەکوژرێن ."

کا نەورۆز: هەواڵی خۆش نەماوە! هەمووی کوشت و بڕە، یان ئێش و ژانە. ئای لەم ژیانە. لای من سەیرە ئەم خەڵکە کە چۆن وا ورەیان وەکوو چیای ئاگری بە گڕ و تینە. وەک چلچەمە پاراوی ئاوی ژینە، یان وەکوو قەندیل پتەو و بەفرینە.

لە نێو پادەگاندا ئاگامان لێبوو کە چۆن چەکدارانی دوژمن بێ ورە و دوڕاو بوون. گوللەیان بە دەست و لاقی خۆیانەوە دەنا، بۆ ئەوە بە نێوی بریندار لە کوردستان رەزگاریان بێت. بەوتەی خۆیان " ئاخۆ سۆزی نۆرەی کێیە بچی بۆ گۆڕستان." لەو ماوەیەدا کە لەوێ دیل بووم، چەند کەس لە چەکدارانی رژیم خۆیان کوشت. یان لە ترسی شەڕ شێت ببوون و یەکتریان دەکوشت. لەوانە دوو خۆفرۆشیان کوشت بە تاوانی ئەوە کە ئەوان بوون بە هۆی داگرساندنی شەڕ.

ماوەیەکە واتووەری و دەنگۆ لە نێو شاردا لە لایەن دیموکراتەوە بڵاو کراوەتەوە، کە مەلا مەحەمەدی جوانڕۆیی بە هێزێکی زۆرەوە دێ بۆ سنە بۆ یارمەتی. کات تێدەپەڕی و مەلا مەحەمەدیش هێدی هێدی بوو بە ئەفسانە و چیرک. ئاخۆ ئەم پالەوانە بە هێزەکەیەوە کەنگێ دێ؟

تاکوو ئەمڕۆ روون بووەوە کە ئەم هێزە، چەند رۆژێکە لە نێو شاری سنەیە، لە خیابانی حەسەن ئاوا لە بنکەی حیزبی دیموکراتە. بەڵام ئەو هێزە مەزنەی جوانڕۆی چەند پێشمەرگەی دەڤەری کامیاران و مەهابادە. کە هەموویان لە نێو بنکەکەدا جێگیر بوون.

ئەمڕۆ پێشمەرگەیەکی ئەو هێزە بە تۆپبارانی دوژمن دەکوژرێت و گیانی بەخت دەکات. مەلا جوانڕۆیش تورە دەبێت. چەکەکەی هەڵدەگرێت و دەنرکێنێت و دەڵێت، کورە مەمگرن با تۆڵەی ئەحمەی خەلیلی بکەمەوە. خێرا دەچێتە نێو خیابانەکە. هێزە مەزنەکەی و بەرپرسی دیموکراتی ناوچەی سنەش، ئەحمەدی عەزیزی بە دوایدا دەچن و پێدەڵێن ئامان نەکەی، گیانی خۆت بخەیتە مەترسی و ورەی خەڵک برووخێنیت. لەم مەکە مەمگرەدا بوو، گوللە هاوەنێکی دوژمن لەو نزیکانەدا دەتەقێتەوە. هێزەکە بریتی بوون لە شەهیدان جەباری کۆکەیی خەڵکی موکوریان، عەلی مینبەری، بەختیاری نادری و عەبدولای جەواهێری خەڵکی دەڤەری کامیاران، دەست بەجێ دەکوژرێن و بەرپرسیاری سنەی حیزبیش ئەحمەدی عەزیزی رانی دەشکێت، و خۆدی مەلا مەحەمەدیش چۆکی بریندار دەبێت و بە چۆکدا دێت.

ئامبولانسێک خێرا تەدارک دەبینن و بەرەو دێی مەڵەکشان بۆ هەمیشە شار بە جێدەهێڵن. لە ئێرەدا چیرۆکی ئەفسانەی هێزی مەزنی مەلا مەحەمەدی جوانڕۆیش بە ترادەژیەوە تەواودەبێت.

ئارام کە لە تەک کازیوەی بەیانداماڵی بە جێهێشت، و لە سەنگەری بەریڤانیدا هەتاکوو تەمی تاریکی باڵی بە سەر شاردا راکشا لەوێ مایەوە. لە گەڵ جریوەی ئەستێرەکاندا ماندو و خۆڵاوی گەڕایەوە ماڵێ.

ئارام و هەڤاڵانی، پاتی و پارێزی پەرێزن، پارازوانی گەل و باژێرن. چەنگاوەری ئاخی نیشتمانن، پاپۆ و پشتیوانی هەژارانن. ئازا و نەترس گیان لە سەردەست، شۆرەی پۆلاینن لە سەر رێگای داگیرکەری پەست.

ئارام ماندوو، بەڵام دەنگی گرمەی تۆپباران و شریخەی بێ ریتمی رەشاش، یان شەقەی نالەباری باڵی هێلیکوپترەکان، لە مێشکیدا دەزرنگایەوە. وەکوو دەنگی دەهۆڵژەنی نا شارەزا لە بن گوێدا، مێشکی ئازار دەدا. بەڵام ئارامی سمنج، دەیەویست

خۆی رابهێنێت لە گەڵ هەموو بارودۆخ و پێواژوی رۆژانی سەخت و چەتونی شەڕدا. پاش خواردنی شێو خۆی خزاندە نێو پێخەفەکەی و دەست بەجێ خەوی لێکەوت.

لە خەونەکانیشیدا ئەو بۆیەر و ڕووداوەانە رۆژانی شەڕی بۆ دووپات دەبووەوە. دیارە ماوەیەکی زۆر و ژیانێکی ئارامی دەوێت تاکوو بیر و مێشکی لەم هەموو ئاڵۆزیە بسڕێتەوە. تا دەروونی ئارام بگرێت و لە سەر رەوانی کارا نەبێت. ئاخۆ کەی ئەو سەردەمە بێت؟ جیگای پرسیارە؟

ئارێز ئێواری درەنگێ گەڕایەوە ماڵی خۆیان. بە دەم ڕێگەوە لە خۆشی ئەوە، کە بەیانی ئەوینەکەی ژوان دەکات، ئەگەر پەڕی ببوایە دەفڕی. داینا بوو پێش ئەوەی بچنە ماڵی میترا، ماوەیەک کاتیان هەیە کەلە گەڵ چنووردا پێکەوە بن و پڕ بە دڵ تاسەیان لەیەک بشکێت.

سیروان تا هەندێک پاش نیوە شەو لەسەر پلکانی نێو حەوشەکەیاندا روونیشتو بوو، و لە نێو رامانی خۆیدا ون ببوو. بیری لە دوارۆژی ژیانی خۆی و میترا دەکردەوە کە ببوو بە خۆرەی مێشکی.

بەهەر ڕێگە چارەیەکدا بیر و رامانەکانی دەبرد، دەگەیشتە زریایەکی تەماوی و پڕ مژ. هەستی بە ون بوون دەکرد. بنبەستی ڕێگای چارەنووسی خۆی و خۆشەویستەکەی، پێشی بە درێژەدانی رامانەکانی دەگرت و خیرا خۆی لێدەرباز دەکرد. بە خۆی دەگوت گەش بین بە سیروان. ئێستا کەس ناتوانێ بە دڵنیاییەوە بۆ داهاتو پلان دارێژێ. ژیان لەم دۆزەدا ناتوانێت دڵخواز بێت. کە وایە تا ئەو خول و ساتەی مەودای ژیانت هەیە گەش بین بە. رەش بینی واتە مردنی هیوا، کۆڵدانە بە کردەوەی دڕ و هۆڤی دوژمن.

سیروان هەستا چووە نێو ژووری سەرەوەی ژێرخانەکە و ئەو دیاریە کە بۆ میترای تەدارکی دیبوو هێنایە خوارەوە. کاتێک سەیری دەکرد کەوتە بیری ئەو رۆژانەی کە لەگەڵ مامۆستا سۆرانی زێرینگەری هەڤاڵیدا بوو.

سیروان بۆخۆی قاڵبی نەخشی پەیکەری ئەهۆرامەزدای چێکردو بوو. ژبۆ چێکردنی پەیکەری ئەهۆرامەزدا لە زێر، چۆن پێکەوە زێرەکەیان تواندەوە، و لە نێو قاڵبەکەیان کرد. بە شەکاندنەوە و پڕکردن لە زێری تاویاگ، هەموو قاڵبەکە بە باشی پڕبوو. کاتێک قاڵبەکەیان کردەوە، پەیکەرەکە بە ڕێک و پێکی وەدەرکەوت.

مامۆستا سۆران چەندە پێ جوان بوو. داوای لە سیروان کرد کە ڕێی پێبەدا کە لەم پەیکەرە دروست بکات و لە بازاردا بیفرۆشێت.

سیروان: من تەنیا یەک دانەم دەوێت. تۆیش ئازادی کە بۆ خۆت بازاری پێ گەرم بکەیت. پەیکەرە زێرینەکەیان ڕێکو پێک کرد. لە ئاوی زێریان ژەند و خیرا مامۆستا سۆران زەنجیرێکی زۆرجوان و دەستکردی هێنا. پەیکەرەکەی پێیەوە نووساند، و بەباشی رازاندییەوە و دای بە سیروان. تا ئێستا سیروان دەستی پێیەوە نەدابوو.

## بەشی ١٧

سێ شەمە(وەرهرامڕۆژ)ی ١٦یگولانی ٢٦٨٠ی کوردی رۆژی میترا، میترە، مێهر. ئیزەدی تیشکی بەربەیان و رووناکی، پارێزەی ئاشتی، پەیمان و خۆشەویستی هەموو چینی کۆمەڵگایە. گوڵی وەنەوشە گوڵی تایبەتی ئەوە. ٦ی مانگی مای١٩٨٠ز.

---

ئاسمانی سورمەیی بە هەڵاتنی تیشکی بەربەیان، ئەستێرەکانی لە نێو باوەشی لانکی خۆیدا کردە خەو. ئاسۆی چیاکانی رۆژهەڵات، رەنگی ئاسۆی رۆژیان کرد بە ئاڵای سووری گوڵخار و نارنجی و زەرد. ئاسمانی سورمەیی بە مزگانی هاتنی تیشکی هەتاو روومەتی گەشایەوە. کراسی فیروزەیی رەنگی خۆی لەبەرکرد بۆ سەمای رۆژ.

مژێکی سپی پاش شێی شەوی بەهاری، دۆڵەکانی چەمشاری ئاخنی بوو. دەفی هەتاوی دەستی سروشت سوور و پلخوێن لە تەنیشتی شاخەچەرمگەوە هەڵبەزیە نێو ئاڵای ئاسۆی سوور. تیشکی زێرینی هەتاو رەنگی سووری لە خۆیدا تواندەوە. تەمی سپی دۆڵەکانیشی بۆلای ئاسۆ هەڵمژی. داوێنی کەسکی بەهاری چیاکانیشی گەش کردەوە. هەتاوی زێڕین، هەڵهاتە نێو مژە سپییەکەی ژێری هەورە سوورەکان. بەیانی ئەمڕۆی سروشت ئاڵای کوردستانی بۆ بینەرانی شار لە رۆژهەڵاتدا نەخشاند. گڕی دڵی ئەویندارانی ئاو پرژێن کرد. ورەی بریڤانانی مەتینا و هایای لە کوورەی خەباتدا خارا کرد. چەقڵی لە چاوانی دوژمن چەقاند.

سیروان بەیانی زوو پێش ئەوەی کە ئارام ماڵ بە جێبهێڵێت لە خەو هەستا. بە ئارامی وت: ئەمە چەند رۆژە کە تۆ وچان و حەسانەوەت نەبووە. زۆر ماندویت، هێزی ماسولکەکانت ئیتر نایکێشن. وەرە با پێکەوە ئەمڕۆ بچین بۆ ماڵی میترا.

ئارام: من ئەویندار و کوژراوی سەنگەری پاراز و بریڤانیم. ئەگەر رۆژێک نەچمە ژوانی ئەم یارە شۆخ و شەنگەی خۆشەویستەم، دەبم بە مەمی ئاڵان، بە سیامەند یان فەرهادی کۆکەن. ئەمەیە خۆشترین ژیانی من. ماسولکەکانم با لە ئێش و ژاندا بۆ خۆیان بزریکێنن. هەر رۆژێک دێت ئەوان بەحەسێنەوە و ئارام بگرن. بەڵام رەوان و دەروونم ئێستا ئارامن. هیچ گرفت و ئاڵۆزییەکیان نییە، ئەمە بۆ من گرنگە. تۆ بچۆ بۆ ژوانی خۆشەویستەکەت، کات بە فیڕۆ مەدە. ئەم رۆژانە دەگمەنن. ئەگەر لە دەستت بچێت قەد ناگەڕێنەوە. بایەخی بزانە، لەم رۆژانەدا، ژیان تا سەر نییە. لە لایەن منەوە پیرۆزبایی پێ بڵێ. بە هیوام رۆژێک بە یەکتر شاد ببن و بگەن بە ئاواتەکانتان. تاکوو ئێوارە لای تۆ خۆش ئابرا گیان.

ئارام بە پەلە چوو بۆ ئامێزی دەزگیرانی خۆی سەنگەری بریڤانی.

سیروان پاش رۆیشتنی ئارام لە حەوشدا وستا و بە تاسەوە سرنجی کوێستانی رۆژهەڵاتیدا. ماڵی ئەوانیش وەک زۆربەی ماڵەکانی کوردستان لە سەر بناخەی ئایینی میترای روو بە رۆژهەڵات واتە هەڵاتنی تیشکی بەربەیان چێکرا بوو.

جوانی سروشتی چیاکان و رەنگی ئاڵ و واڵی هەڵاتنی خۆر سیروانی خستە نێو رامان. لە بەر خۆیەوە دیگوت: ماوەی زۆرتر لە نیوە مانگێکە دیلی نێو شارم و دوور لە ئامێزی دڵڕفێنی چیاکانم. لە بەهاراندا لە ژینگەی شاردا دڵم خەمگینە، چیا و باوەشی

سروشت بۆمن خەم رەوێنە. دڵی بریندارم خولیای ئەوینە. ئەی خۆشەویستم میترای چاو گەشم، بە ئەوینی تۆ، مەست و سەرخۆشم. دەستم ناگاتە سروشت تا گوڵی جوان و هۆڤت بۆ بچنم. بە تاروپۆی ئەوینم بیکەم بە چەپک و بۆتی بێنم.

لەم رۆژە سەختە و ئاگربارانە، دوژمن خەریکی خوێن رژانە. ئەوینی تۆ لە دڵم سوارە. چارەنووسیشمان ون و نادیارە. وەرە با بچینە نێو ناخی کێوستانان، بنۆشین ئاوی شەتاوی نساران. لە باوەشی مێرگ و چیمەندا رازین. مەستی بۆنی خۆشی گوڵو گیا بین. دەمێکە بووین بە وشکە سۆفی، پەرێز دەکەین لە مەی و خۆشی. دیلی ژینگەی گەمارۆدراوی شەڕی شارین. مانگی گوڵانە و لە گوڵ بێ بەشین. کە چی ئەهریمەنی داگیرکەر بۆنی مەرگی هێناوە و ژیان دەمرێنی و گوڵ هەڵدەوەرێنیت.

سیروان چوو بو لای یادەگارەکانی کێوستان. کە لەنێو باخچەی حەوشدا رواندو بوونی. چەند چڵێکی وەنەوشەی چنی گوڵپەرەکانی بە سەر لێوانیدا خشاند و رایمووسی. ئەوسا چڵ چڵ رنی و کردی بە چەپکێکی تایبەت. چەند بن لە شلێرەکان کە پیازەکانی لە ئەوالان و شاهۆوەوە، هێنا بووی گوڵیان دابوو. دوو بنی بڕی کە هەر کامیان چوار تا پێنج گوڵی لێ شۆڕ ببووەوە. شەش چڵی گوڵاڵەیشی بڕی کە رەنگیان سووری تۆخ و زەرد بوون. لە بەشی نساری باخچەکە چەند بن گوڵی گوڵاڵە نەورۆزی لە سەر پیازەکەی قرتاند کە پیازەکەی لە کۆسالانەوە هێنا بوو. ئەم گوڵانە بە رەنگی بەنەوش و رەگەی زەرد لە نێو گوڵپەرەکانیدا جوانیکی ئەوتویان هەبوو...

ئەم سێ جۆرە گوڵانەی پێکەوە بەست. هەموویان گوڵی کێوین، و زۆر جوانترن لە گوڵی دەستەمۆی باخچە. سێ چڵی ناسکی لە دارەکانی نێو حەوشەکەیانی قرتاند و گوڵەکانی پێ رازاندەوە و کردی بە دوو چەپکە گوڵی وەنەوشە و هەلالە. هێنایە ماڵەوە لە گەل دیاریەکەی بە چەند لاپەڕەی کاخەزی رەنگی رازاندەوە و خستیە نێو نایلۆنێک کە دیار نەبن. ئەوسا بەرەو ماڵی میترا، سنیگی رێگای چوارباخی گرتەبەر. بە دڵە خۆرپێوە هەنگاوی دەنا. لەوە خۆشحاڵ بوو، کە بۆ یەکەمین جار لە رۆژی لەدایکبوونی خۆشەویستەکەیدا بەشدار دەبێت. هەم نیگەرانی ئەوەش بوو کە نەیدەزانی چارەنووسیان چی بە سەردێ.

لە لایەکی دیکەوە شەرمی لە خۆی دەکرد. کە لەم بارودۆخە ناخۆشەی شاردا، کە گێژاوی شین و گریانی سەدان بنەماڵەی لە خۆیدا قووت داوە، ئەو خەریکی چییە. دووبارە بە خۆیدا دەچووەوە و دڵداری خۆی دەدایەوە. بە خۆی دەسەلماند و وا بۆی دەچوو. ژیانی ئێمەی کورد لە رۆژهەلاتی ناوڤیندا، قەد خۆشی درێژخایانی بە خۆیەوە نەدیوە. دوژمنانی داگیرکەر لە هەموو نەورۆزمانگێکدا، ئاژاوە و ئاگریان بە سەر گەلی ئێمەدا داسەپاندوە. بۆ ئەوە جەژن و خۆشی نەورۆزمان لێ تێکبدەن. بەلام بەوگشت زەبر وزەنگەیان، هیچ نەیان توانی نەورۆز لە بیری کورد بەرنەوە، بەپێچەوانە جەژنی خەبات و بەرخوردانیشی بە خۆوەوە گرتووە.

بە درێژایی مێژوو، کوردستان مەیدان و گۆڕەپانی جەنگ بووە و کاوڵی و قاتو قڕی لێ بەجێماوە. ئاوەدانیمان وێران کراون. کۆمەڵگامان لە یەک ترازاوە. داب و نەریت لە گەڵ وێژە و پەڕتووکمان سووتێنراوە. کۆمەڵگای شارستانیمان تاراوەی دۆڵ و زناری

چیاکان کراوە. ئامانجی دوژمنان ئەوە بوو کە گەلی کورد بە پرژوبڵاوی، و خەیڵەکی و دوور لە یەکیەتی و زانست بژین. تاوەکوو مۆم، دەستەمۆی کرداری ئەوان بین.
هەمیشە دوو دیاردەی شین و شادی پێکەوە لە نێو کۆمەڵی ئێمەدا گەشەی کردووە. هاوکات لە گەڵ گێڕانی چەمەری لە گەڕەکێک، شریخەی چۆپی لە لایەکیتر ئاکاری ڕۆژانەی ئەم نەتەوە بووە. بەم شێوەیە گەلەکەمان ورەی خۆیانیان لە دەست نەداوە و لە نێو کۆمەڵی داگیرکەردا نەتوانەتەوە. بەم کردەوەیە چاوی نەیارانی خۆیان کوێر کردووە. ئەمەیە دۆزی ژیانی ئێمە، دەبێ بژین تا سەرکەوین.
سیروان وا لە نێو رامانی خۆیدا نوقم ببوو، هەستی بەوە نەکرد کە چۆن وا زوو لە بەر دەروازەی ماڵی میترا وستاوە. پێی سەیر بوو کە چۆن ئەو ڕێگایە لە ژێر ئاگری هێلیکوپتر و تۆپبارانی شاردا هاتووە و گەیشتە ئێرە بە بێ ئەوەی خۆی بپارێزێت.
دەروازەکەیان تاک بوو. خەڵک لە هاتو چووی ئاو هێناندا بوون.
سیروان بە رازی نێوانی خۆی و میترا دوو تەقەی لە ئەڵقەڕێزی دەروازەکە دا و دوو زەنگی کورتیش لە زەنگەکە.
میترا کە لە نێو حەوشدا بوو، زانی کە ئەمە سیروانە خێرا هاتە پێشوازیەوە. یەکتریان لە ئامێز گرت و پێکەوە چوونە نێو ژێرخانەکەیان.
ئارێز ماتەمی ئەوە بوو کە چیبکات؟ چۆن و لە کوێ دیارییەک تەدارک ببینێت؟ چەند جار ئەمسەر و ئەوسەری ژوورەکەیانی کرد. لە نێوی بیر و رامانی خۆیدا ون ببوو، کە چۆن چارەیەک ببینێتەوە. خۆشکە گەورەکەی کە ئارێزی هەرگیز وا نەبینی بوو پرسیاری لێکرد: ئەوە چییە ئارێز بۆ ئارامت لێبڕاوە؟
ئارێز: ئا! هیچ نییە! کەمێک سەرم دەیشێت. ڕاست بوو کە ئارێز سەری دیشا. بۆیە نەیدەزانی چیبکات. بازار و دووکانەکان داخرا بوون. ئەویش حەزی نەدەکرد بە دەستی بەتاڵ بچێت بۆ دیدەنی یاری باشترین هەڤاڵی. لە نێو پیاسە کردنەکەیدا بوو وەبیری هاتەوە، کە شەماڵی هاوسێیان زێڕینگەری هەیە. زوو لە ماڵی خۆیان وەدەرکەوت و زەنگی ماڵی شەماڵی لێدا. دەلالی خۆشکی شەماڵ، دەروازەکەی کردەوە و سڵاوی کرد.
ئارێز: سەرچاوان! دەلال خانم زحمەت نەبێت کاکت لە ماڵە؟
دەلال: ئەرێ کاک ئارێز! فەرمو وەرە ژوورێ تاکوو بانگی دەکەم.
ئارێز باشە زۆر سپاس!
دەلال ڕۆیشت و زوو شەماڵ هاتە پیری ئارێزەوە. پاش سڵاو هەواڵپرسی لە گەڵ خۆیدا بردیە ماڵەوە.
ئارێز گوتی: ئەمن بە پەلەم و دەمەوێت هەر ئێستا دوو دیاری بکرم. تۆ بۆ خۆت دەزانی کە بازار داخراوە و تەنها هیوام تۆیت و بەس.
شەماڵ قاقا پێکەنی و وتی: کڕیاری باش لە ماڵیشدا دێ بۆلام. باشە چیت دەوێت؟
ئارێز: دوو دیاری یەک جۆر لە زێڕم دەوێ کە جوان و ڕازاوە بن.
شەماڵ: زۆر باشە وەرە ئەوانەی کە هەمە پیشانت بدەم.
ئارێز بە بزەی ڕەزامەندیەوە سپاسی کرد و لە تەکیا چوو بۆ بینینی زێڕەکان.
شەماڵ چووە سەر یەخانێک لە ژێرخانەکە و قفلەکەی کردەوە. کەشەفێکی تایبەتی دەرهێنا کە بە چەند بەش دابەش کرابوو، و لە هەرکام لە خانەکاندا لە هەموو چەشنە

زێڕی تێدابوو. پرسیاری لە ئارێز کرد: گوارە، بازنە و خرخاڵ، گەردەنبەند و ئەمانەم ماوە کە دەیبینیت.
ئارێز: با گوارە بێت. ئەوسا سەیری گوارەکانی کرد و دوو، دووجوتی هەڵبژارد کە لە هەموویان جوانتر و پڕ لە نەخش و نیگارتر بوون.
شەماڵ: ئەمانە زۆر پڕبەهان و کاری دەستی زۆری لە سەر کراوە.
ئارێز: لە نرخی مەترسە! ئەمن دراڤم هەیە و لە گیفانمدا ژەنگی هێناوە و خەریکە دەرزێ. سۆزی جێگای من چیایە و چی لێکەم. ڕێز گرتنێک، دڵخۆش کردنێک بۆ من بایخی هەیە نە دراڤ. ئێستا چەند بدەمە خزمەتت؟
شەماڵ: لە قووڵایی دڵمەوە دەڵێم نە وەک دووکاندارێک، مێوانی خۆم بە.
ئارێز: نا سپاس! هەر ئەوەی کە تۆ توانیت نیازم بەجێ بهێنیت، کارێکی زۆر مەزنت کردوە.
شەمال گوارەکانی لە نێو دوو قوتوی تایبەت نا و جوان ڕازانیەوە و دای بە ئارێز و گوتی: پیرۆزیان بێت.
ئارێز: دووبارە سپاس شەماڵ گیان! من دەبێت زوو وەڕێ کەوم. لای تۆ خۆش! پاش ماڵ ئاوایی گەڕایەوە ماڵی خۆیان. لە حەوشەکەیاندا کە لە گوڵی هۆڤ و دەستەمۆی ڕەنگینی تێدا بوو و لە مانگی گوڵاندا هەمووان گوڵیان دابوو. چەپکێکی جوان و ڕازاوەی لێیان چنی. بە پەلە بەرەو ماڵی چنووری هەست و هەناوی وەڕێکەوت. وەک پێشینیان دەڵێن " هەموو ڕێگایەک بەرەو بانە دەڕوات " بۆ ئارێزیش هەموو ڕێگایەک بەرەو ڕووگەی ئەوینی واتە ماڵی چنوور دەرۆیشت.
لە هەنگاوەکانیدا هەستی بەوە دەکرد کە خێراتر دەبێ و تا ئەو ڕادەیە پێوابوو خەریکە وەکوو باڵەندە دەفڕێت. کە گەیشتە ماڵی چنوور، دیی ئەویش خۆی ڕازانوتەوە و بە نەرمە ئارایشێک جوانی لە تەک تیشکی خۆردا بەربەرەکانێ دەکات.
ئارێزی کەمڕوو دیاریەکەی چنووری لە پێش چاوانی بنەماڵەکەی پێدا. بە ئارامی گوتی: بە یارمەتی دایک و باوکت، چنوور گیان! ئەمە دیاری خۆشەویستی منە بۆ تۆ. هەر چەند " دیاری شوان هاڵەکۆکە " بە هیوام بە دڵت بێت.
چنوور کە چاوەڕێ ئەوی نەدەکرد لە لای بنەماڵەکەی وا پێش بێت، لە شەرمدا وەک دەنکە هەنار سوور هەڵگەڕا. دیاریەکەی لێوەرگرت و هاوکات سەیری باوکی کرد.
کا کامەران بە بزەیەکەوە وتی: کچم لێوەربگرە دڵی مەشکێنە. ئارێز جێ متمانەیە. چنوور کە چاوەڕێ ئەوە بوو کە لە زمانی بابیەوە ببیسێ. دیاریەکەی لە ئارێز وەرگرت و لە ئامێزی گرت بۆ یەکەمین جار، لە پێش چاوانی بنەماڵەکەدا.
ئارێز کە دەموچاوی لە ئارەقەی شەرمدا خووسابوو و ڕوویشی نەبوو کە لەوێ دانیشێ، گوتی: بەیارمەتیتان دەبێ بچین درەنگە.
چنوور گورج گوارەکانی بە یارمەتی خاسێ خانم لە گوێ کرد و گوتی: زۆر جوانە ئارێز گیان دەستەکانت خۆش بێت.
ئارێز: شایانی نییە! لەمێژە دەمەویست دیاریەکت بۆ بێنم. ڕووم نەبوو. ئێستاش بە هەزار شەرمەوە ئەو کارەم کرد. ئیتر نەمتوانی خۆم ڕابگرم و ئەوینی تۆ لە دڵمدا لە بنەماڵەت بشارمەوە. بە هیوام تۆ و بنەماڵەیشت لەم کردەوەمە نەرەنجن.

چنوور سەری داخست و هیچی نەگوت.
باوکی: نا ئاریز گیان ئێمە تۆ دەناسین و لەم کردەوەت کە راستی دەروون و ئەوینت درکاند ئێمە پێخۆشحاڵین. بە هیوام چنووریش وەکوو تۆ بیر بکاتەوە. ئێستە کە پەلەتانە بچن بۆ ئەوێ شەو کەهاتنەوە زۆرتر باسی لێدەکەین. تا ئەو کاتە چنووریش هێوەر دەبێتەوە.
سیروان کە هاتە ژووری باوک و دایکی میترا بە گەرمی هاتنە پێشوازیەوە.
سیروان سڵاوی کرد و خۆی ناساند. کا میروەیس، تریفەخانم و براچکولەکەی میترا، ماریانۆ لە گەڵ سیرواندا دەستیان دا و یەک یەک خۆیان ناساند.
کا میروەیس سیروانی لای دەستی خۆیەوە دانا، و گوتی: زۆر خۆش هاتی! نە وەکوو میوان بەڵکوو وەک ئەندامێکی نوێ ئەم بنەماڵەیە. تۆ وەکوو کەسێک، کە میترای کچم خۆشیدەوێ، بۆ ئێمەیش جێگای رێزی. میترا تاقانە کچی ئەم بنەماڵەیە. ئێمەش وەکوو گلێنەی چاومان خۆشمان دەوێ و هیواشمان خۆشبەختی ئەوە، وەک هەر ماڵباتێکیتر. تریفەیش ئەو بیر و بوچوونەی منی هەیە. تریفە بۆخۆی بیر و ڕای دەردەبڕێ دیارە ئەو وەکوو دایک بە شێوەیەک بەرپرسیارە و منیش وەک باوک بە چەشنێکی دیکە.
تریفە خانم: میروەیس راست دەکات. ئێمە دەمێکە لە سەر ئەم باسە ساق بووینەتەوە، بۆیە میترا هەر کات ویستوبووی بێ بۆ لای ئێوە ئازاد بووە. ئێمە دەمار وشکی سۆفی ئاسا نین. بڕوامان بە رێز و خوازی مرۆڤ هەیە. میتراش وەک مرۆڤێک لە پێشدا و پاشان وەکوو کچ ئێمە هیچ تەگەرەیەکمان نەخستووە سەر رێگای. ئەو بۆی بووە و بۆیشی هەس کە شێوازی ژیانی داهاتوی خۆی هەڵبژێرێت. چۆن دەژی و لە گەڵ کێدا، ئەو بڕیار دەدات. ئێمە وا بیر ناکەینەوە کە میترا چون کچە لە ماڵدا دەبێ بزر و پاوان بکرێت. نەکا خەڵک یان هاوسێکی چاوچنۆک و دەمبەتاڵ پشتە سەرمان قسە بکات.
ئەوە دەیبینین کە کۆماری ئیسلامی ئێران و هەروەها داب و نەریتی ئاینی چۆن لە رۆژهەڵاتی ناوڤیندا بایخی ژنیان وەک مرۆڤ پوچەڵ کردوتەوە.
ئەمرۆ بەها و بایەخی ئاژەڵ لە ژن لای ئەوان زۆرترە. ئێمە لە ماڵی خۆمانەوە خەباتی سەر بەخۆییمان دەست پێکردووە. گەر هەموو خەڵک لە ماڵی خۆیانەوە دەستی پێبکەن و کۆمەڵگاکەیان بەرەو پێشکەوتن بگۆڕن، ئەوسا رژیمە پاشەڕۆەکانیش بەرگە ناگرن. ئێستە لەوانە گەڕێن! منیش سەرەڕای وتەکانی میروەیس وەک ئەندامێکی ئەم ماڵباتە خۆشهاتنت لێدەکەم. خۆش هاتی سەرچاوان.
سیروان: منیش بە گوێرەی خۆم لە ئاشنایتان زۆر خۆشحاڵم. لەهەموو شتێکی دیکە گرنگتر ئەوەیە، کە من و میترا وەکوو یەک هەستی خۆشەویستیمان بۆ یەکتر هەیە. لەیەکتر بە باشی تێدەگەین. میترا نە تەنیا جوان و رەندە و دڵڕفێنە، مرۆڤێکی پڕ هەست و دڵ فراوانە. تەنها کەسێکە تاکوو ئێستە توانیوە دڵی هۆڤی من دەستەمۆ بکات. منی ئەویندار سروشت وا لێبکات کە هەموو خۆشی و جوانیەکانی سروشت لە ئامێزی ئەودا ببینمەوە. لە لایەکی ترەوە دووبارە خۆم بە خۆشبەخت و بەختیار دەزانم کە بنەماڵەیەکی تێگەشتو و، جێ رێز و متمانەی هەیە، کە پاپۆ و پشتیوانن بۆمان. من بە ئەم ئاشناییە خۆشحاڵم. هەروەها بۆ من ئێوە جێگای شانازی و رێزن. منیش ئێوە دڵنیا دەکەم کە رێزی میترا وەکوو خۆشەویستێکی هاوسەر، وەک هەڤاڵێک، و وەکوو ژنێکی

خەباتار گرتوومە و دەیگرم. ئەوەش بە ئەرکی خۆم دەزانم، کە لە کردەوەیشدا جێبەجێ بکەم.
کامیروەیس: لە ئێستاوە دەتوانین دۆستایەتیمان وەک یەک بنماڵە پتەوتر بکەین. ئەمە خواستی میترایە، کەتۆی زۆر خۆشدەوێت. منیش وەک باوکێک ڕەزامەندی و خۆشبەختی کچی خۆمم دەوێت. لەوانەیە ساڵێک ببێ کە میترا بە ئێمەی ڕاگەیاندوە کە تۆی خۆشدەوێت.
منیش وەک باوکێکی بەرپرسیار، پەیجۆری و لێکۆڵینەوەی زۆرم لە سەر تۆ کردووە. خۆشبەختانە لە هەموو لایەکەوە لە سەر مێرخاسی و بە ئەمەکی تۆ باس کراوە. ئەوەم پێ سەیر بوو تەنانەت یەکجاریش باسی خراپی تۆ نەکرا.
کاتێک لە لەندەن لای ئاریانۆی کوڕم بووم، باسی تۆ و میترا هاتە گۆڕێ. ئەویش لە تۆ و میترا پشتیوانی کرد. تۆی باش دەناسی و ڕەزامەندی خۆی دەربڕی. هەرچەند من دەمەویست کە میترا تا خوێندنی باڵا تەواو نەکات، نەکەوێتە نێو ڕەوتی ئەویندارێ. کاتێک وا پێشهات، منیش ڕێزم بۆ هەست و خوازی میترا دانا. هەرکات دەتەوێ بیت بۆ ماڵی ئێمە خۆشهاتی و شەرم مەکە.
هەرچەند لە میترام بیستووە کە لە بەر کەمڕووی ئامشوی ئێرەت نەدەکرد. ئەوە میترا خۆیشی گوێی لێیە، ئێوە ڕۆژێک شار بەجێدەهێڵن. ئێوە دەرفەتێکتان هەیە کە کەم کەس بۆی دەرەخسێت. ئەویش گەر بتانەوێ بۆ درێژەدان بە خوێندن بچن بۆ ئوروپا. من بەرنامەی هەموو کار و ڕێگای ڕۆیشتنم بۆتان داڕشتووە. تەنیا کاری سەخت بۆ ئێوە ئەوەیە کە خۆتان بگەینە شاری ورمێ. لەوێرا بە دۆست و ناسیاوم ڕاسپاردووە کە لەڕێی گوندی ملکەڕەشەوە بتان بەنە باژێری وان. بازەرگانێکی دۆستم لە ستامبولەوە دێتە ئەوێ، هەموو کاری ویزا و پاستان بۆ چێدەکات.
ئەوسا هەتاکوو شاری لەندەن بەڕێتان دەکات. بە مەرجێک درێژە بە خوێندنتان بەدن. ئیتر خۆتان دەزانن. دەتوانن چنوور و ئارێزیش بە خەرجی من لە گەڵ خۆتاندا بەرن.
سیروان: زۆر سپاس! بە وردی بیری لێدەکەینەوە. دیارە شتێکی وا دەگمەنە و بۆ کەم کەس دەلوێ. بە یارمەتیتان حەزدەکەم هەندێک یارمەتی ماریانۆ بدەم.
کا میروەیس: فەرموو تکایە!
ماریانۆ خەریکی ڕازانەوەی سوچێک لە ژێرزەوینەکە بوو. سیروان بە بیانۆی یارمەتیدانی حەزی دەکرد کە زۆرتر لە گەڵیدا نزیک ببێتەوە و ببن بە دۆست. چووە پێشەوە و گوتی: ماریانۆ! دەتوانم یارمەتیت بدەم؟
ماریانۆ: بە دڵو بە گیان! تکایە فەرمو کاک سیروان، لە ئاریکاریت خۆشحاڵ دەبم. هەر دووکیان پێکەوە خەریکی جێبەجێ کردنی ئەو نەخشەیە بوون کە ماریانۆ بۆ خۆی داڕشتو بوو. بە دەم کارەوە پێکەوە لە ئەو شتانەی کە گەنجێک بە دڵی بوو، لە یەکتر پرسیار و ڕاڤەیان دەکرد.
میتراش گوڵە هۆڤەکانی لە گوڵدانێکی فیروزەییڕەنگ کە دەستکردی هەورگەری دێرینی کوردەواری بوو، و بەنەخشی دیمەنە خورۆسکیەکانی کوردستان ڕازاندرا بوووە، دانا.
چەپکە گوڵە وەنەوشەکانیشی لە گوڵدانێکیتر نا، و لە تەنیشت گوڵە هۆڤەکان و لە سەر کورسیەکی دانا، و دیاریەکانیشی لای دانا. ئەوسا هاتە یارمەتیانەوە.

سیروان: ئەرێ میترا مێوانی زۆرتان دێ؟
میترا: نا هەر خۆمانین. سەری هێنایە لای گوێ سیروانەوە و بە ئەسپایی پچاندی بە گوێ سیروانا و وتی: ئەمە بەس بیانوویەکە تا لە دەوری یەکتر کۆ ببینەوە. چون دەمزانی کە تۆ هەر ئەمڕۆژە بە نیاز بوویت بۆ ئێرە بێت. ئەگەینا لەم هەلومەرجەدا کە" باوان شێویاگ سەر لە کاری خۆی دەرناکات" کەی کاتی ئەم بەزموورەزمەیە. بەس دەمەویست بیسەلمێنم کە زەبروزەنگی دوژمنان ناتوانێ ورەمان بڕوخێنێت و شێوازی ژیانمان بشێوێنێت.
ئێمە بەوە راهاتوین کە کۆڵ بە داخوازی پیلانی قەلاچۆی دوژمن نەدەین. لە کۆمەڵگای ئێمەدا، شایی و شیوەن دوو دیاردەی هاوبەشن کە تێکەڵاوی خوێنی ئێمە بوون.
لەم کاتەدا، کا میروەیس بانگی لە ماریانۆ کرد و گوتی: وەرە یارمەتیم بدە تاکوو هەندێک کەلوپەلی پێویست بنینە بەردەست. ئەوسا رووی لە سیروان کرد و گوتی: بەیارمەیتان!
سیروان: تکایە فەرموون!
ئەوان لە ژوورەکە وەدەرکەوتن. سیروان و میترایان بە تەنیا لەوێ بەجێهێشت.
میترا سیروانی لە ئامێز گرت و بە ئاهەنگێکی خۆش و ئارامەوە گوتی: ئای سیروان چەندە ئامێزی تۆ خۆشە! چەندە دڵنیایی و ئەرخەیانیم پێدەبەخشێت. تا ئەو رادەیە هەموو ئێش و پەژارەیەک فەراموش دەکەم. گوێی لە سەر دڵی سیروان نا و بێدەنگ بوو. لە کاتێکدا سیروان بە دەستی چەپی ئەوی لە باوەش گرتو بوو، بە پەنجەی ئەو دەستەکەی تری قژە کرژ و خۆرمایی رەنگەکەی شانە دەکرد و بەرزی دەکردەوە و دەیهێنا بە دەمو چاویدا وتی: منیش ئەو هەستم هەیە و تەنها لە ئامێزی گەرمی تۆدا دەحەسێمەوە. تەنها تۆی دەتوانی زامی دەروونم ساڕێژ بکەی. ئارامش و هێمنی دەگەڕێنیتەوە نێو جەستەی بوورکانیم. خوزگا هەمیشە بمتوانیبا گوێم لە ئاهەنگی هەناسە و ریتمی دڵت بگرتبا.
میترا سەری هەڵبڕی و بە چاوە کەسکەکانی سەرنجی چاوانی سیروانی دا و گوتی: راستی یەکەم جار لە ئامانییەی ئاوییەردا، یەکترمان ناسی، چی بوو بە هۆی ئەوە کە هۆگری ئەوینی من بیت؟
سیروان: خۆشەویستەکەم! جاری یەکەم کە تۆم دیی لە تەمەنی شانزە ساڵیدا بوویت. ئەو کاتە لە خۆپیشاندانێکدا ئەمن چەند دروشمم نووسی بوو، لە سەر مەقەبای ئەستور بە پانتایی نزیکەی یەک میتری چوارگۆش. ئەو دروشمانەم لە نێوان خۆپیشاندەراندا دابەش دەکرد، کە هەڵی بدەن. یەکی لەوانەم دا بە دەستی تۆوەوە کە هەڵیبگری. ئای لەو رۆژە! لە دەروونمدا بوورکانێکی ئاگرین تەقییەوە.
کە سەرنجی چاوەکانتم دا، راستەوخۆ گەرای خۆشەویستیت لە نێو دڵی ئاگراویمدا چاند. ئەوە بوو بە هۆی ناسینت. هەر ئەو کاتە پرسیم ناوت چییە؟ لەوڵامدا گوتو میترا! گەر لە بیرت بێت وتم چەند جوانە! تیشکی هەتاوی بەر بەیانە! تۆیش بە زەردەخەنەوە گوتت سپاس!
پاشان ناو و نیشانتم پەیا کرد. کە زانیم خۆشکی ئاریانۆی هەڤاڵمی، پاشگەز بوومەوە. چەند جارێکیتریش لە خۆپیشانەکاندا تۆم بینی، تێر و پڕ سەیری بەژنووباڵا و روومەتم

دەکرد. ئەوسا بە کێویکی پڕ لە تەمەوە، لێت دوور دەکەوتمەوە. بۆ ئەوە کە کەمتر دڵم بیانۆت بگرێت و بە سەریدا زاڵ بم. تاکوو پاری لە سەیرانی ئاوییەردا کە دووبارە تۆم دییەوە ئەم جارە هەرچێکم کرد دوور بکەومەوە بۆم نکرا.

وەکوو پەیکەرێکم لێهاتو بوو کە لاقم بە زەویەکەوە نووسابێت. نازانم کە جادوو و ماژی تۆ بوو، کە وا بێ ئێختیاری کردم یان هەستی پیرۆزی ئەویندارى؟ زوو پروسەی ئاشنایی و ئەویندارى دەستی پێکرد. بە خۆم پەیمانم دا کە ئیتر تۆ ون نەکەم. بتکەم بە رووگەی ئەوینی خۆم. ئەو کارەشم کرد و تاکوو ئێستا تێدا سەرکەوتوم. بۆیە هەست بە سەرکەوتن و خۆشبەختی دەکەم.

ئەو کاتە کورتە پەخشانێکم بۆت نووسی بوو، کە هەمیشە لە کاتی تەنهایمدا بۆ خۆمم دەخوێندەوە.

میترا: باش لە بیرم دێت کە ناومت پرسی. من نەمزانی کە مەبەستت چی بوو. بەڵام دوو هاوڕێ تەنیشتم پیان گوتم: خاس خۆش شانسی میترا ئەو کوڕە حەزت لێدەکات. ئەزانی ئەوە کێیە؟

من وتم نا ناناسم. کاتێک هانی ویستی ناوت پێم بڵێ براکەی بانگی لێکرد و ئیتر لە بیرم چوو، کە لە کاتێکی دیکەدا لێ بپرسم. ئێستە وە بیرم هاتەوە. ئای چەندە من ساکار و خاو بووم. ئەگەر پەخشانەکەت لە بیرە تکایە بۆم بخوێنەوە؟

سیروان: بە چاوان! کەمێکم لە بیر ماوە بەم شێوەیە دەست پێدەکات.

چاو! سرنجی چاوەکانت، بوو بە گوڵێکی سوور. لە پڕ کەوتە نێو گۆمی مەنگی، کانیاوی دڵی ژینم. ئارامی ژیانی راچەڵەکاند.، گیانی دا بە گەرای خۆشەویستی دڵم، و کردی بە ماسیەکی کاس و وڕ. رووباری نیشتمانی بە جێهێشت و تاراوەی زریا بوو. زریاش بە شەپۆلی خۆشەویستی، هەڵیگرت و بردیە نێو، سنووری نادیاری ئەوین.

میترا : سپاس بۆ هەستی ئەوینداریت. چەند جوانە! بۆ تاکوو ئێستا باست نەکردبوو؟

ئەمە دوو ساڵە کە تۆ منت خۆشدەوێت ومن بەس لە ساڵێکی ئاگادارم. تۆ گوڵت دا بە من و منیش دڵم. تۆ مرواری ئەوینی خۆتت لە ناخی گوڵدا پێشکەش کرد. منیش دڵی پڕ لە سۆزی خۆشەویستیم کرد بە هێلانەی تۆ. بریا منیش لە رۆژی یەکەمەوە بمزانیبا.

سیروان: زۆر شت هەیە گەر دەرفەت بێت بۆت باس دەکەم. ئێمە تەمەنێکی درێژمان لە پێشە گەر کارەسات وازمان لێبێنێت.

دەنگی زەنگی دەروازە هات!

میترا: ئەوە چنوور و ئارێزن با بچمە بەرەوپیریانەوە. ماچێکی ئاوداری لێوانی سیروانی کرد و بە پەلە بەرەو حەوشە رۆیشت.

سیروان لە دەلاقەی ژێرزەوینەکەوە سەیری حەوشی دەکرد. کە پانتاییەکی گەورەی هەبوو پڕ لە دار و گوڵ. زۆرتر لە باخێک دەچوو تاکوو حەوشی ماڵێک. لە ناڤینی ئەم حەوشە گەورەیەدا ئەستێرێکیان چێکردوبوو بە بەردی شیرمایی. کە بەردێکی شیری رەنگ بەرەو خۆڵە مێشی رەنگە، و لە ئاستی زوقوم و سەهۆڵ و گەرمادا زۆر خۆراگرە و سەختە. هەموو قەراخی ستێرەکە بەم بەردە چنرابوو، کە بە نەخشی پوولەکەماسی هەڵکەندراو رازاندرا بووەوە. لە فوارە بەردینەکانەوە ئاو بە هێزەوە هەڵدەقوڵا. یەکی لە

فوارەکان لە قەراخی ستێرەکەوە، دەڕژا نێو پلووسکێکی لە بەرد داتاشراو. خەڵک کەرەسەی ئاو بردنیان لەم پلووسکە پڕ دەکرد و دەیان برد.
ئاوەکە ئەوەندە زۆر بوو پێویستی بەوە نەدەکرد کە خەڵک لە نێو ریزدا بوەستن.
میترا لە گەڵ ئارێز و چنووردا هاتنە ژووریَ. لە گەڵ سیرواندا خۆش و دۆشیان کرد.
کا میروەیس و تریفەخانمیش بەرووخۆشیەوە هاتنە پێشوازی مێوانەکانیانەوە.
میترا خێرا دوو چەپکە گوڵەکەی ئارێز و چنووری لە دوو گوڵدانی جوان و جیاواز، لەتەک دیاریەکانیاندا، لە سەر کورسییەکەی دانا.
هەموویان پێکەوە سەرقاڵی ئاخاوتن و باسی رۆژ بوون. هەرکام بە شێوەیەک بیرو ڕای خۆی دەردەبڕی و شی دەکردەوە. بەڵام ئاکامی تێبینی و بیرکردنەوەکان زۆر لە یەکتر نزیک بوون. نیگەرانی ئەوان بە گشتی ژیانی خەڵک بوو لە نێو ئەم ژینگەی ئاگربارانەدا. هەروەها چارەنووسی نادیاری داگیرکردنی شار.
میترا پێش ئەوەی کە دیاریەکانی بکاتەوە گوتی: زۆر سپاس بۆ ئێوە هاوڕێیانی بەرێز و بنەماڵەی خۆشەویستم! کە وا لە رۆژێکی ناخۆشدا منتان لە بیر نەکرد. هیچ پێویست نەبوو کە دیاری بۆ من بکڕن. بەتایبەت لەوەها باروذۆخێکدا کە بازار داخراوە و هاتو چوویش جیَ مەترسییە. ئێستە کە ئێوە ئەو هەموو زەحمەتەتان کێشاوە دووبارە سپاس! دەستان خۆش بیَ! بە هیوام منیش رۆژێک بتوانم پاداشتی ئەم ئەرکەی ئێوە بدەمەوە. ئەوسا دیاریەکانی کردەوە. یەکەم، دیاری سیروانی هەڵبژارد، و کردیەوە. سەیری کرد کە زۆر جوان و دەگمەن بوو. شتێک کە لەو شارەدا کەم کەس هەیبوو یان هەر نەبوو. ئەم پەیکەرە بەس لە سەر بەرد هەڵکەندرا بوو و لە سەر دیواری ماڵی خۆیانیش لە ئاجۆر و خشتی سوور داتراشا بوو. ئەو هەر لە مناڵیەوە ئەم پەیکەرەی دیی بوو.
بەڵام ئەم پەیکەرە بۆ تەنیا بەشێکی زۆر کەمی خوێندەوارنی مێژوو لە ئاستێکی بەرزدا ئاشنا بوو. ئەمڕۆ لە ئێرانی ژێر دەستەڵاتی مەلادا، پەیکەر و وێنەی ئەهۆرامەزدا پاوان کراوە. ئەو ئێستا بە زێڕ لە گەردەنی دەکات. چووە پێشەوە بۆ لای سیروان و لە ئامێزی گرت و ماچی کردەوە و گوتی: سپاس سیروان گیان! شتێکی پیرۆز و جوانت بۆ هێناوم. دەزانم ئەمە دەبیَ کاری خۆت بێت. ئەگینا ئەمن ساڵانی ساڵە بە دوای شتێکی وا لە هەموو ئێراندا گەڕام  و دەستم نەکەوت. ئێستە خۆت زەحمەت بکێشە بیکە گەردەنم.
سیروان هەر دوو دەستی خستە ژێر خەرمانەی قژی بەڕوویی ڕەنگی و بەرزی کردەوە تاکو ملی بەی ڕەنگی بێگەردی وەدەرکەوت. ئارام و هێدی قفڵی زەنجیرەکەی لە یەک بەست. شەپۆلی تاڤگەی قژی بەرداوە سەر شان و ملی و گوتی: بە پیرۆزت بێت سۆمای چاوانم و وزەی ژیانم. بە هیوام، بە بەختەوەری و تەمەن درێژی بژیت.
میترا یەک یەک دیارییەکانی کردەوە و بە ئامێزێکی گەرم و بزەی سەرلێونی سپاسیانی کردن. ئەوسا لە گەڵ دایکی و چنووردا خوانی فراوینیان راخست و وتی: فەرموون فراوین ئامادەیە.

ژینگەی نێو ژوورەکە، بە ئاهەنگی دەردی ئەوینی هونەرمەند خالەقی هەوایەکی پڕ سۆزی ئافراندوبوو. ئەو دەنگە هەست بزوێنەی کاک مەزهەر ئارامشێکی ئەوتۆی دابوو بە هەموویان، بە تایبەت سیروان کە ماوەیەکە گوێ لە گۆرانی نگرتوبوو.

ماریانۆ: بابۆ بە یارمەتیت دەمەوێت بچم بۆ بنکە هەواڵنامە بێنم بزانین چ باسە؟

کا میروەیس: باشە رۆڵە گیان زو وەرەوە.

کامیروەیس پرسیاری لە سیروان کرد: لەوە دەچی لەم رۆژانە هێزی چەکداری گەل شار بەجێبهێڵن. بۆ ئەوە کە رژیم کەمتر شار وێران بکات و خەڵک بکوژێ. چۆن بۆیان دەرکەوتووە کە تاکوو پێشمەرگە لە نێو شاردا بێت، ئەوان ناتوانن بێنە نێو شار. واتە بە پێشمەرگە ناوێرن و تۆڵەی لە خەڵک دەکەنەوە.

من پێم وایە دەبێ پێشمەرگە تاکتیکی خۆی بگۆڕێت. لە شەڕی بریڤانییەوە بیکات بە شەڕی هێرشوانی. دەتوانن بەشێک لە هێزەکانیان لە شار بەرنە دەرێ. چۆن پێویست ناکات ئەو هەموو هێزە لە نێو شاردا بێ. بۆیە خەڵکی بنکەکان و گەڕەکەکانی شار بە باشی بریڤانی دەکەن.

لە دەرەوەی شار پێشمەرگە دەستی ئاوەڵایە، دەتوانێت بەباشی پادەگان، و فڕۆکەخانە کە پسا پس هێزی تازەی لێ دادەبەزێنن، بخەنە بەر دەستڕێژی خۆیان. کە ئەو کارە بکەن هەژماری تۆپبارانی شار دادەبەزێ و کەمتر خەڵک دەبن بە بەرخێ و قوربانی رژیم و زیانی ماڵیش کەم دەبنەوە.

لە لایەکی دیکەوە بۆیان ئەستەم دەبێ کە هێزی تازە بێنن. ئەوە نییە کە هەموو جادەکانی سنە بۆ دەرەوە لە دەستی خەڵکدایە؟

من نازانم ئەم هێزانە بۆ بەس خۆیان بە شارەوە سەرقاڵ کردووە؟ ئەگەر شێوازی شەڕکردن نازانن، خۆ دەتوانن ئەو پەرتووکانە بخوێننەوە کە لە سەر شەڕی بریڤانی و هێرشڤانی نووسراون. کات زێرە نابێت تەنانەت یەک کاتژمێرێک بدۆڕێنین. چۆن ئیتر ئەو دەرفەتەمان بۆ ناگەڕێتەوە.

هێزی دوژمن رۆژ بە رۆژ بە هێزتر دەبێ و کارامەیی وەدەست دێنێ. ئەگەر بە سەر مێترێک لە ئاخی کوردستاندا زاڵ بێت، بە قەدری هەزار مێتری چوارگۆش هێزی دەوێ کە دەربکرێت.

سیروان: وایە منیش هاوبیری ئێوەم. ئارێز ئاگای لێیە، کە لە کۆبوونەوەی هێزەکاندا لەم رۆژانە وەکوو پێشنیار رامگەیاند. کە دەبێ تاکتیکی شەڕ بگۆڕدرێت. ئەگێنا ئێمەین کە دەیدۆڕێنین نە ئەوان. راستییەک هەیە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێمەدا. ئەویش ئەوەیە کە بە گشتی خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات کارامەیی و لێزانینی شەڕی پێشمەرگایەتی، یان بریڤانییان نییە. هۆوەکەیشی ئەوەیە، شەڕ نەکراوە. تەنانەت چەند ئەفسەر و دەرەجەدارێک لە گەڵ پێشمەرگەدایە ئەوانیش شەڕیان نەدیوە بە کردەوە. بەکورتی بڵێم کە شۆڕشەکەمان زۆر کۆرپەیە. هەروەها وتەکانی درێژەدا و وتی: بەم زووانە شار بە جێدەهێڵین و خەباتی خۆمان لە چیاکانەوە درێژە پێدەدەین. میترا و چنووریش قازانجیان لەوە دایە کە شار بەجێبهێڵن. لە چیاکانەوە وەکوو تەواری بەرزە فڕ بژین باشترە تاکوو دیلی کۆماری ئیسلامی ئێران بن. ئیتر نازانم رای ئێوە چییە؟

کامیروەیس: هەناسەیەکی هەڵکێشا، و وتی: ئەمن نەخشەی زۆرم بۆ میترا دانا بوو. وا دیارە ئەو ئاوات و خواستانەم نایێتەدیی. زووتر بە میترام ڕاگەیاندو بوو، گەر دەتەوێ خوێندنی خۆت درێژە پێبدەی لە دەرەوەی وڵات. من هەموو شتێکت بۆ ئامادە دەکەم. ئەوەیشم پێگوت و خۆیشی گوێی لێیە، مانەوە لە ژێر ڕەکیفی کۆماری ئێراندا جگە لە چەوسانەوە، سەرکوتکردن، دیلیەتی و سێدارە، هیچێکی دیکەتان دەست ناکەوێ. بەڵام ئەو حەزی دەکرد کە خەباتی خۆی دژ بە داگیرکەر درێژپێبدات.

میترا بۆ خۆی دەزانێت لە شار دەمێنێتەوە یان دەچێتە چیاکان وەکوو پێشمەرگەیەک، لە نیشمانەکەی پارێزگاری دەکات. منیش دەزانم لە شاردا مانەوەی، جێگای زیندان و بەشی ئەشکەنجە دەبێت. دیارە ئێمەش بەوە حەز ناکەین.

هێشتا درەنگ نییە گەر ئێوە هەر چوارتان بتانەوێ لە ئێران دەرباز بن من هەروا پێمگوتی ڕێگاتان بۆ خۆش دەکەم. ئێستا ئێوە بۆ خۆتان خاوەنی هەڵبژاردنی ڕێگای داهاتوی خۆتانن.

میترا: من و چنووریش بڕیارمان داوە لە دەرەوە خەباتی خۆمان درێژە پێبدەین.

باوکی: باشە ڕۆڵە گیان ئەوەم پێباشترە تاکوو لە نێو شاردا بمێنیتەوە .

ماریانۆ چەپکێکی بڵاوک و هەواڵنامەی هێناوە ماڵێ و گوتی دەتانەوێ بیخوێنمەوە؟

باوکی: کوڕم! بە دەنگی بەرز بۆ هەمووومان بیخوێنەوە.

ماریانۆ پەڕە پەڕە بڵاوکەکانی وەلا نا تا گەیشتە چەپکێکی دوو تا سێ لاپەڕەیی وتی: هەواڵنامەی ژمارەی ٣٥ کۆمەڵە.

" سنە ١٦ی ٢ی ٥٩ کوشت و بڕ قەلاچۆ کردنی خەڵک بە دەستی ئەرتەش و پاسداران لە سنە هەر وەها درێژەی هەیە.

ڕۆژانە بە دەیان گوللە هاوەنی ١٢٠ مم و تۆپ گەڕەکەکانی نێو شاری پێدەکوتن. لە ئاکامدا دەیان خانۆ وێران دەبێ و دەیان کەسیش لە خەڵکی سیڤیل دەکوژرێن یان بریندار دەبن. سەرەڕای ئەم چەکە قورسانە، فڕۆکەی فانتۆم و هێلیکوپترەکانیش بە ڕاکت و ڕەشاش لە خەڵک دەسترێژ دەکەن.

هێزەکانی دوژمن بە چەکی دوورهاوێژە و نۆژەنی سەردەم وەکوو داراگۆن و دووربیندارەکانیتر تەقە لە هاتوچووی خەڵکی سیڤیل دەکەن. بەتایبەت لە سەر ئەو شوێنە بەرزانەوە. وەک یانەی ئەفسەران و گردی توشنەوزەر کە بەرجەوەنی بەربڵاوی هەیە.

بۆ وێنە ژنێک کە دەیەویست زبڵ بڕێژێنێت، تەنیا هەنگاوێک لە دەروازەکەیانەوە دوور کەوتەوە کوژرا.

ئەمڕۆ لە سەر پردی مەلاوەیسی سێ ڕێبواری سیڤیل کەوتنە بەر دیدی چەکە دووربیندارەکانی یانەی ئەفسەران و هەر سێیان کوژران. بەهۆی ئاژین بوونی گوللە هاوەن و تۆپ ١٢ کەس لە خەڵکی سیڤیل کوژران و کۆمەڵێک بریندار بوون.

لە ماڵێکدا هاوەنێک تەقییەوە و بوو بەهۆی کوشتنی سێ کوڕی ئەو ماڵباتە. باوکیان ناچار بوو هەر سێ جگەرگۆشەکانی لە نێو حەوشەکەیاندا بنێژێ. ئەوسا بە خوێنی منداڵەکانی دار و دیواری ماڵەکەی ڕەنگین دەکرد و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد " منداڵەکانم پێشکەشت بێ کوردستان "

کچێکی گەنج کە لاقێکی بەهۆی تەقینەوەی هاوەن لە دەست دابوو. لە سەر دیواری پشت تەختەکەی لە نەخۆشخانەدا نووسی بوو " لاقم لە دەست داوە ئەویش فیدای کوردستانم کردوە."

لە تەنیا نەخۆشخانەی شاردا، جێگا بۆ ئەو هەموو برینداره نییە. هەموو ژوور و ڕێڕەوەکاندا پڕن لە بریندار. دەرمان، نەشتەرگەر و دوکتوریش بەش ناکەن و زۆر کەمە.

بریندارەکان ورەیان زۆر بەرزە. ئەگەر یەکیان دەبەن بۆ ژووری نەشتەرگەری، ئەوانیتر پێکەوە سرودی شۆرشگێرانە دەخوێنن. ئەویش تاکوو بێهۆش دەبێت لە گەڵیاندا سرود دەخوێنێت.

ئەمڕۆ لە چوار ڕێیانی شەهیداندا، بەهۆی تەقینەوەی گوللە هاوەن دوو کچ دەکوژرێن. هەروەها لە گەڕەکی چوارباخیشدا چوارکەس دەکوژرێن و چەند کەسێکیش بریندار دەبن. لە خیابانی شەفەقەتشا١٢ کەس کە بەهۆی چەکی دووربیندار و ئاژین بوونی گولله تۆپ کوژرابوون، لە شوێنی وێرانە ماڵێکدا دوور لە دیدی یانەی ئەفسەران ئەسپەردە کران.

ئەمڕۆ هێزەکانی ڕژیم بە مەبەستی کۆ کردنەوەی کوژراو و بریندارەکانیان، هەر وەها داگیر کردنی تەپەکانی گردیگەڕۆڵ، هێرشێکی بەربڵاویان لە پادەگانەوە دەست پێکرد. توشی پاراز و بریڤانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوون، و دووبارە تێشکان. ئەمجارەش کوژراو و برینداری زۆریان دووبارە بە جێهێشت و بە سەر شۆڕیەوە گەڕانەوە نێو پادەگان. کاروانی ئەرتەشی جێگیر لە نێوانی جادەی سنە و دیواندەرە، بە چەکی قورس هێرشیان کردە سەر گەڕەکی فەیزاوا. هەموو جارێک لە ئاستی ئاگری پێشمەرگەدا تێشکان. سەرەڕای ئەوە دەیانەویست بە هێلیکوپتر لە سەر بەرزاییەکانی شەوبۆ و ئەو دەڤەرە هێز دابەزێنن، ئەم پیلانەشیان تێشکا و بەرەو مۆڵگەکانیان پاشەکشەیان کرد.

لە رۆژی ١٦ی گوڵاندا چەند جار پێشمەرگەکانی دیموکرات، فیدایی و کۆمەڵە بە چەکی سووک، ئارپیجی و تفەنگی٥٧مم هێرشیان کردە سەر هێزەکانی یانەی ئەفسەران. کە بوو بەهۆی کوژرانی چەند کەس لە بەکرێ گیراوانی ڕژیم لەو شوێنە." تەواو.

سیروان: دەمت خۆش! ماندویش نەبیت.

کامیروەیس: وایە ماندو نەبوونی گەرەکە. هەر چەشنە چەکێکی تازە دێتە بازار، کۆماری ئیسلامی ئێران بە دولاری نەفت دەیکڕێ و بە سەر گەلی کوردا تاقی دەکاتەوە. ئەوان کاری تاقی کردنەوەی وڵاتانی چەک فرۆشیان ئاسان کردوتەوە. ئیتر پێویست ناکات کە رۆژئاوایەکان بۆ تاقی کردنەوەی کارامەیی چەکەکانیان، خۆیان لە گۆڕەپانی جەنگدا بەشدار بن و مرۆڤی خۆیان بدەن بە کوشتندا.

ڕژیم بە بەهای خوێن و وێرانی کۆمەڵگای ئێمە ئەو کارە دەکات. تەنانەت دراڤیشان پێدەدا. جا مشتەری وا لە کام بازاردا دەست دەکەوێت؟!

بەجێی ئاوەدان کردنەوەی وڵات بە بەرهەمە نەتەوەیەکان. بەپێچەوانە وێرانی دەکات و گیرفانی سەرمایەدارانی جیهانی پێ پڕدەکات.

کات بەرەو پاشنیوەڕۆ خواربووەوە. بۆ سیروان بە پەلە تێدەپەڕی. هەر چەند ئەو حەزی دەکرد کە بە هێمنی ڕەوتی خۆی درێژە بدایە. تاکوو میترای لێ دوور

نەکەویتەوە. چۆن لە بینینی هەرگیز تێر نابێت. لە تەک ئاریزدا بە ئاماژە یەکتریان ئاگادار کردەوە کە کاتی ماڵئاواییە.

سیراون بە کامیروەیس و تریفەخانمی وت: زۆر سپاس لە میواندارییتان! زۆریش لە ئاشنا بوونتان و هەروەها ئەم ماوەیە کە لە خزمتاندا بووم زۆرخۆشحاڵم. ئەمن ماوەیەکە خۆم بە ئەندامێکی ئەم بنەماڵە بەریزە دەزانم. بەڵام لە ئەمڕۆوەوە هەست دەکەم نزیکایەتی و پەیوەندیمان پتەوتر بووە. بۆیە داواتان لێدەکەم هەر کات کارێکتان هەبوو، بەس من ئاگادار بکەنەوە. ئەوسا بەدڵوبەگیان لە خزمەتاندام.

کامیرەیس: بێ شەک! هەروا کە وتم تۆ و میترا ئیتر بۆ من جیاوایەکتان نییە. تۆیش لە هاتن بۆ ئێرە شەرم مەکە.

تریفەخانم: میروەیس راست دەکات ئیتر ئەگرە ماڵی راستەقینەی خۆتە. گەر ئەم شەڕە داسەپاوە لە کۆڵمان بێتەوە؟ کاری ژیانی هاوبەشی تۆ و میترایش یەکلا دەکەینەوە.

سیروان: سپاس! سەیری چاوە دڵڕفێنەکانی میترای کرد و پێوت: میترا گیان! دووبارە رۆژی لە دایک بوونت لێ پیرۆز بێت. بەهیوام هەموو ساڵێک ئەم رۆژە لە کەش و هەوایەکی پڕ لە ئاشتی و ئازادیدا جەژن بگرین. ئێستا بە یارمەتیتان ئێمە دەبێ بچین.

کامیروەیس: باشە پەلەی چیتانە دانیشن شێویش پێکەوە دەخوێن. تازە رۆژ خەریکە تەواو دەبێت و ئێوە بە هیچ جێگایەک ناگەن گەر نیازی یارمەتیدانتان هەبێ. هەروەها منیش لە ناسین و ئاشنایت گەلێک بەختەوەرم. زۆر سپاسیشتان دەکەم کە ئەمڕۆ میتراتان خۆشحاڵ کرد، و ئێمەیشتان سەربەرز.

سیروان، ئاریز و چنوور هەستاند و ماڵاوایان لە دایک و بابی میترا و هەروەهاماریانۆ کرد.

میترا: من تا بەر دەروازە لە گەڵتاندا دێم. بەدەم رێگەوە میترا سپاسی هاتنی هاوڕێیانی کرد. بە ئەسپای بە گوێ سیرواندا چرپاندی: ئەری گیانا ئەمڕۆ لات چۆن بوو؟

سیروان: فرە باش بوو لەوەی کە لە سەری حەسێوم کردو بوو گەلێک باشتر بوو. ئەمڕۆ لە دوێنێ بەختەوەترین! تەنیا کۆسپی سەر رێگامان ئەم شەڕەیە و دوژمن. ئەگەر ئەویشمان بە خۆشیەوە لە کۆڵ ببێتەوە، ئیتر هەردووکمان خۆشبەخت دەبین.

میترا سیروانی لە ئامێز گرت و گوتی: تاسەت دەکەم! ئاگات لە خۆت بێت! خۆشتمدەوێت!

سیروان: منیش دەتپەرەستم خۆشەویستم! بەم زووانە یەکتر دەبینین. لای تۆ خۆش! هەرچەند دڵم نای بە جێت بهێڵم!

ئاریز کە بەڵێنی بە کا کامەرانی باوکی چنوور دابوو کە ئێوارە بگەڕێتەوە، لە تەک چنووردا، زۆر لە سیروان خۆلکیان کرد کە لە گەڵیاندا بچێ بۆ ئەوێ. بەڵام سیروان سپاسیانی کرد و گوتی: ئەمن هەندێک کاری ماڵی خۆمانم هەیە. لە بەر ئەوە بە داخەوە ناتوانم ئەمجارە بێم. لە لایەن منەوە رێز و سڵاوم بگەێنە بنەماڵە کا کامەران. لای ئێوە خۆش بەیانی دەتبینم، ئاریز!

سیروان لەوە خۆشحاڵ بوو، ئەوەی کە ئەو چاوەڕێ دەکرد بە باشی هاتە دیی. هەستی دەکرد کە ئەوان ژیانی داهاتوی میترایان بە ئەو سپاردوە. لە نێو بیر و ئارووکانییەوە دەیگوت دەبێ من بە تەواو مانا، میترا ئەو کچەی کە دوو ساڵە لە

نێوگڕی ئاگری ئەوینیدا دەسووتێم، خۆشبەختی بکەم. کارێک نەکەم کە گڕ و تینی ئەم ئەوینەمان، کەم یان سارد بێتەوە.
وا لە ناخی بیر و رامانی خۆیدا ون ببوو نەیزانی کە چۆن و کەنگێ گەیشتەوە ماڵێ. سەرەڕای ئەوە کە داینا بوو لە سەر ڕێگاوە بچێ بۆ بنکە بزانێ چەباسە. بە دەنگی دایکی لە خەون و رامان راچەڵەکا و هێوەر ببووەوە. بە پێکەنییەوە سڵاوی کرد و وتی: ببوورە دایە گیان چیت گوت؟
دایکی بە زەردەخەنەوە وتی: ئەرێ ڕۆڵە ئەوینداری وا لە مرۆڤ دەکات کە ئاگای لە خۆی نەبێت؟
ماوەی نیو کاتژمێرێکە لە سەر ئەم پلکانەدا روونیشتوی بەبێ ئەوە بیتە ماڵەوە.
سیروان: لێم گەڕی دایە دەڵێت چی؟ باشە تۆ چیت پێگوتم کە من ئاگام نەبوو؟
دایکی: پرسیارم کرد خۆش بوو ماڵی خەزورانت؟ ئەو هەموو چاکەیانت دەگوت وا بوو؟
سیروان: باشتر لەوەی بوون کە من چاوەڕوانیم دەکرد. زۆر بەڕێزەوە منیان وەک ئەندامێکی بنەماڵەکەیان وەرگرت. لە تەکما پڕ دڵۆڤان بوون. وەکوو زاوا و هاوژیانی داهاتوی میترا منیان بە ڕێزەوە وەرگرت.
سیروان و دایکی پێکەوە چوونە نێو ژێرخانەکەیان.
باوکی: کە پسا پس مژی لە قلیانەکەی دەدا وتی: کوڕم ئەمڕۆ شێری یان ریوی؟
سیروان: شێر! ئەوان ماڵباتێکی روون و تێگەیشتون! خۆشبەختی کەنیشکەکەیان دەوێت. لە سەر کەسایەتی و کردەوەی رابووردوی من پەیجۆری باشیان کردوبوو. بۆیە لە سەر من ناسیاوی و زانینی باشیان هەبوو. لە هەموو گرنگتر میترا منی خۆشدەوێت و ئەوانیش ڕێز لە خواست و ویستی کچەکەیان دەگرن.
دیارە ئەوان وەک بڕیک بنەماڵەی دەمار وشک یان دراڤ پەرەست نین. کە ڕێز و کەسایەتی کچکەیان ئەکەن بە بەرخێ ویستی گەندەڵی خۆیان.
من خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە توشی بنەماڵەیەکی وا خاوەن ڕێز بووم.
زرەی تەلەفۆن سیروانی بەرەو لای خۆی راکێشا. کاتێک وڵامی دایەوە. دەنگی میترا هاتە گوێ.
میترا: سڵاو سیروان! ئەمڕۆت پێ چۆن بوو؟ بەتایبەت وەتە و هەڵسو کەوتی باوکم؟
سیروان: لەوەی چاوەڕێم دەکرد زۆر باشتر بوو. بابت مرۆڤێکی رووناکبیری تێگەیشتووە. باوکێکی دڵسۆزە. لە لای دانیشتن کەس وەڕەز نابێت. بە پێچەوانەوە شتی لێ فێر دەبێت. بەکورتی من خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە خەزورەی داهاتوم کەسایەتییەکی وا بەڕێز و تێگەیشتووە. هەر وەها دایکیشت قسەی تێدا نییە. ئەویش دایکێکی تێگەیشتوو و یارمەتیدەر و دڵوڤانە.
میترا: سپاس بۆ تێبینییەکانت! دایک و باوکم زۆر لە کردەوە و کەسایەتی تۆ خۆشیان هات. سپاس بۆ دیاریە جوانەکەت. بابۆ بە وردی سرنجی دا و زۆری پێ پڕبەها بوو. دەیگوت دەبێ سیروان زۆر شارەزای پەیکەر تراشی بێت. چۆن فرە ڕێک و پێک و بە وردی قاڵبەکەی دارشتوە. هەروەها گوتی: چۆن بیری بەوە گەیشتوە؟

یان هێنانی وەنەوشە لە رۆژی شانزەی مانگدا کە گوڵی تایبەتی میترایە. ئەوە پیشان دەدا کە ئاگای باشی لە میتولۆژی و مێژووی نیشتمانەکەی هەیە. ئەوەیشی پێوتم کەسێکی باشت پەیدا کردوە! قەدری بزانە. ئەو وتانە و رەزامەندی بنەماڵەم بوو بە هۆی دڵگەرمێکی زۆرتر و هیوایەکی پتەوتر.
ئەمڕۆ رۆژێکی رووناک و پڕ لە ئەوین بوو بۆ من. هەر چەندە لە تۆ بیر دەکەمەوە ئاگری ئەوینم بە گڕ و بە تینتر دەبێت. فرەتر تاسەت دەکەم و ناتوانم لە نێو مێشکمدا دوورت بکەمەوە. وێنەکەتم لە نێو چوارچێوەیەکی رەند و نەخشین ناوە، و لە دیواری ژوور سەرمدا هەڵمواسیوە.
سیروان: منیش ئەو هەستانەی تۆم بە گشتی هەیە. کاتێک کە چاوانم هەڵدێنم. وزەی دەمارەکانم دەگرم. ئاڵبۆمی دەروونم دەکەمەوە. لە نێو ئاوێنەی دڵم، گۆمی مەنگی هەستم. قەندیلی فرمیسکی هەناسەی ساردم دەکەم. چاوانی ماژی جادویت، گوڵستانی لێوانت، تیشکی رۆخسارت، بزەی کانیاوی ژینت، تێدا دەبینم. کە وەک بەشێک لە ژین و گیانمە. ئەمەیە شێوەزاری ژیانی من. کە هەرگێز لە بیرت ناکەم. ئەی خۆشەویستی دڵڕفێن، تیشکی رووناکی ژین. منی دوورە پەرێز لە ئەوین، ئێستە نێچیری تۆم و تۆ راوکەری دڵوڤانی. خەم رەوێنی دڵانی.
میترا: چەند خۆشە کە تۆ دەتوانی هەستی خۆت بە وشە دەربڕی. بەڵام من بەس دەتوانم لە ناخمدا بیخومەوە. ئاگات لە خۆت بێ. زوو رازۆ تاکوو من لە تەک رەوەی ئەستێرکاندا بێمە مێوانی خەون و ئارووت. با هەست بە تەنیایی نەکەی.
سیروان: سپاس! شەو و خەو خۆش گیانەکەم. سۆزی بەیانی گەر لە ماڵدا بم، زەنگت بۆ لێدەدەم و گەردی تاسەی دووریت بە ئاهەنگی دەنگی خۆشت دەشۆم.
ئارێز لە ماڵ چنووردا، نەیدەزانی کە چۆن بە بنەماڵەکەی راگەیێنێت کە چنوور رووگەی ئەوین و ژینی ئەوە. چۆن یەکلای بکاتەوە و هاوار بکات شێت و شەیدای کچەکەتانم. کاکامەران ماوەیەک بوو کە هەستی بەوە کردو بوو کە ئەوان یەکتریان خۆش دەوێ. خاسێ لە ناورۆکی خۆشەویستی ئەوان ئاگادار بوو، بەڵام لای مێردەکەیەوە باسی نەکردو بوو.
کاکامەران بە ئارێزی وت: شیمانەی ئەوە هەیە کە لەم رۆژانە شار بە جێ بهێڵین. لە بیرت نە چێ وەرە چنوور لە گەڵ خۆتاندا ببە دەرێ. ئەمن بە بیستنی هەواڵی کوژرانی کچەکەم لە گۆڕەپانی خەباتی ئازادی و رەزگاریدا، جێگای سەربەرزییە و گەلێک خەمی کەمترە. تاکوو لە بەندیخانەی دوژمن، و لە ژێر ئەشکەنجەدا بمرێت.
ئێستە چنوور هەژدە ساڵ تەمەنییە و بۆ خۆی ئازادە لە هەڵبژاردنی رێبازی رامیاری و هاوسەری داهاتوی خۆیدا. دەزانم تۆ و چنووریش یەکترتان خۆش دەوێ. ئەمن لە وە خۆشحاڵم کە چنوور مرۆڤێکی باشی هەڵبژاردووە، کە ئێمە متمانەی پێدەکەین. تۆ لە دیدی منەوە کورەخاسەی و چنووریش کچێکی بە ئەمەک و دڵسۆزە. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین. هەروەها خۆشەویستیەکەتان تاکوو سەر بێ.
ئارێز: سپاس بەرێزم! دڵنیاتان دەکەمەوە کە چنوور وەکوو سۆمای چاوانم بپارێزم.

شەپۆلی بزەی زریای چاوانی چنوور، ئارامی رەزامەندی سروشتی پێیەوە دیار بوو. ئەم کۆسپەیش لە سەر رێگای ئەوینی لاچوو. ئیتر ئارێزی وەکوو خۆشەویستی لە نێو بنەماڵەکەیدا جێخست و ناساندی.

ئێوارە ئامێزی بۆ هاتنی شەو کردەوە. شەویش چارشێوی رەشی بە سەر سرۆشتی بەهاری رەنگیندا دا. لە ئاسمانی سورمەی دێز رەنگی شەودا، ئەستێرەکان بە جریوە و وریشە، لە گەڵ رێبوارانی رێگای ئەویندا، راز و نیازیان دەکرد. بە کۆمەڵ و تاک رێگای باکوور و باشوور لە تەک رۆژئاوایان پیشان دەدا. شنەی فێنکی سەر شەتاوان و کلیلە بەفرانی کێوستانیش بە دەم رەوتی شەماڵەوە دەشنیا.

شاری نێوە تاریک لە باوەشی شەوەزەنگدا بە ماندویی و برینداری وەنەوزی دەبردەوە.

ئارامی شەکەت گەڕایەوە. سیروان کە دیی باڵی چەپی بە کوتاڵی سپی پێچراوە. زوو هەستی بەوە کرد کە ئارام ئەمڕۆ بریندار بووە. بە ئەسپایی لە بن گوێیەوە پرسیاری لێ کرد: ئارام! ئەوە باڵت چی بە سەردا هاتوە؟

ئارامیش بە پچە وڵامی دایەوە: هیچ نییە نەختێک بە پرشەی بەردی دەم رەشاشی کالیبر ٧٥ی هێلیکوپترەکان بریندار بووە بەس. نەختێک روکاوە و هەڤاڵانی برینپێچ خێرا دەرمانیان کرد و بەستیان. ئێشی وای نییە، هەندێک دەکزنێتەوە. لای ئەوان باسی مەکە با خەفەت نەخون. باشە ئابرا؟

سیروان: باشە! جارێکی دیکە ئاگای زۆرترت لە خۆت بێت. راستی ئارام ئەمڕۆ بیستم کە دوژمن دووجار هێرشی هێناوەتە سەرتان.

ئارام: راستە! ئەمڕۆ بە درێژایی ئەو ماوەی ١٣ تا ١٤ کاتژمێرە کە من لە وێ بووم، بەبێ بڕانەوە سەنگەرەکانمانی بۆردومان کردوە. سێ جار هێرشی بەربڵاوی هێناوەتە سەرمان. بە خۆشییەوە هەموو جارێک تێشکاوە و بە بەجێهێشتنی کۆمەڵێکی کوژراو و بریندار هەڵاتونەتەوە نێو پادەگان. تا ئەو کاتە کە من لە وێ بووم هێشتا نەیان توانی بوو کەلاکی کوژراو و بریندارەکانیان بەرنەوە. لە رووناکی رۆژدا لە بەر دید و سێرەی چەکی پێشمەرگە ئەو کارەیان بۆ ناکرێ. تەنها هیوایان بە تاریکی شەوە کە بە دزەوە و دوور لە دیدی چەکدارانی گەل، ئەو کارە بکەن.

قورسایی شەو و گرانی خەو، پێڵوی چاوانی سیروانی قورس کردو بوو، و شیرازەی دەمارەکانی خاو کردبووەوە. سیروان خۆی خزاندە نێو جێو بانەکەی. بەو هیوایە کە میترا شەو بێت بە مێوانی خەوی و ئامێزی تەنیایی گەرم و پڕ بکاتەوە. خەو لە چاوانی بێزار بوو. بیری بۆ کۆ نەدەبووەوە. ئارووی میترا بۆ چرکەیکیش مێشکی بەجێ نەدەهێشت. هەستا چوو بۆ نێو حەوشێ تاکوو هەندێک لە هەوای پڕ لە باڕووتی نێو شار هەڵمژێت. چەند قومێکی ئاوی خواردەوە و هەندێک سەیری ئەستێرەکانی ئاسمانی کرد. خۆی بە گوڵەکانەوە خافڵاند.

دەنگی تەقینەوەی گوللە تۆپەکانی دەژمارد. گوێی لە هاژە و لووشەی تۆپبارانی نێو شار دەگرت. بۆ ئەوە کە خەون و ئارووی میترای لە سەر بپەڕێت. بەڵام هیچ قازانجێکی نەبوو.

خەو کە تێشکا بووە چاوانی، سوور وەک پڵی خوێنی لێهاتو بوو. وەک ئەوەی برژانگی تێشکا بێ دەخورا و ئازاری دەدا. تا بە وە گەیشت شەو نەخونی قازانجی نییە. باشترە لە نێو پێخەفەکی دا راکێشێ بەڵکو رازێ. گەر میترایش بێتەخەوی چ باشتر.

## بەشی ١٨

چوارشەمە(تیشتریەڕۆژ)ی ١٧ی گوڵانی ٢٦٨٠ی کوردی رۆژی سەرئوشە، سروش لە ریشەی سرو (بیستن) ئیزەدی هەمیشە ئاگادار و دادوەریە. ٧ی مای ١٩٨٠ زایینی.

---

سنەی ماندو، بریندارى کۆست کەوتو، ئامێزی نابەدڵی خۆی کردەوە بۆ هەژدەهەمین رۆژی بۆردومان و ماڵوێرانی. بۆنی باروت و خوێن، کاردانەوەی لە سەر ئاسۆی رۆژهەڵات دانا بوو. ئاسۆیش بە رەنگی خوێنینەوە، وەک زووخاوی هەناوی بوورکان، و دڵی بریندارى دایکە جەرگ بڕاوەکانی لێهاتو بوو. هێدی و ئارام بە هەڵاتنی تیشکی هەتاوی زێڕین، گزنگبارانی ئاسۆی پڕ خەمی دەکرد.

رەنگی ئاسمان، زەردو ئەرخەوانی هەڵگەڕا. شاریش تیشک باران بوو. رەنگی سووری گوڵخاری ئاسۆیش هێدی هێدی هەڵپرووزا و لە ناخی ئاسمانی فیروزەییدا توایەوە.

خەفەت شەپۆلی زریایەکی توڕەیە، کە بە ژانی قامچی هەناسەی ساردی با دەلوشێنێ. ئاهەنگی چەرمەسەری خەمباری سروشت دەژەنێ. بۆ ئەوە کە توڕەیی خۆی دامرکێنێ. خۆی دەدا بە هەرد و بەردا. داگیرکەران، رۆڵەی مێژوو و دابونریتمان بە زیندویی، جەرگ، دڵ و وڵکی دەردێنن. لە گەڵ هەموو ئەندامی بە کەڵک هاتوی لەشی تاڵان دەکەن. ئەو ئەندامانە دزراونەمان بە مێژووی دەردەداری خۆیانەوە پەیوەندی دەکەن. نەخۆشی و ئازاری خۆیان دەخەنە دەروونی رۆڵە دیلکراوەکانی ئێمەوە. خوێنەکەشمان جام بە جام دەخونەوە تاکوو پێ سەرخۆش بن. بە وێنەی ئەسپی شێت و مەست. قەپ دەگرن و هەڵدەچوزێنن. بە جووتە و لەقە کۆمەڵگامان شڕ دەکەن.

ریش پان! ریش پان و چڵکن. بێ مێشک بە چاوانی سووری پڕ لە خوێن. هەزاران فرسەخ رێی دێن. بە کاسەسەری پڕ لە پەیین. کلیلی ژەنگاوی دەروازەی بەهەشت لە مل. تا بە رژاندنی خوێنی هەزاران مرۆڤی بێتاوان. پاسپۆرتی بەهەشتی پێ بکڕن. ئەوەیە لۆژیکی ئەوان لە سەدەی بیستەمدا.

بەفری لانساران شەرم دەکات لە کردەوەی داگیرکەران، و یاوی شەرم لەشی دەسووتێنێ. دڵۆپەی مەردە ئارەقی، تیکەڵی فرمێسکی کانیاو دەبێت. خۆرخۆر دەچۆرێتە بن گوڵ و گیا. لە هەورازەوە بەرەو نشیو. دەڕژێنە نێو ناخی تاڤگەوە، و قەڵبەزە دەکەن بە سەر زنار و تاشەبەردی سەر رێی. تاشە بەرد دەسوێ. لە گەڵ کارەوانی رۆبار بە گریان و خەمەوە، نیشتمانی بە جێدەهێڵێ و تاراوەی نامۆیی دەبێت.

ئیدی چیاکانی دایکی نا بینێت. وزەی ئاوی شەتاو و دەنگی تاڤگە نابیسێت. گێژ و وڕ کاس و بێگوڕ، دەستەمۆی دەشتەکانی گەرمیان دەبێت. کۆت لە مل زەنجیر لە گەردەن، تا دواین دڵۆپی دەچەوسێتەوە. روباری داماو و راماو ئاوڕێ لە ژیانی رابوردووی خۆی دەداتەوە. لە خەون و ئاروو رادەچەڵەکێت. بە سەر چۆکی خۆیدا دەدا. پەشیمان لە ئاوەزی رابوردوو، پەنجە هەڵدەپێکێت. بەرۆکی خۆی هەڵدەدڕێت. کەچی، کات بەرەو دوا ناگەڕێتەوە، و ئاویش بەرەو هەوراز ناچێتەوە.

تەنیا هاوڕاز و هاوزوانی ماسیەکانی دەروونییەتی. باری خەمی دڵی بە گۆرانییەک دەدرکێنێت. ئای بۆ شەتاوی زیوینم، بۆ سروەی شیبای بەهارانم. ئاخ بۆ بۆن و برامەی گوڵ و گیای کۆسارانم. ئاخ و داخ بۆ ئەوەی بێ سوود و قازانج بووم بۆ نیشتمانی داگیرکراوم ...

ئارام لە کازیوەی بەربەیاندا ناشتایەکی سەرپێی خوارد و سەرەڕای ژانی برینی دوێنێ باڵی، رێگای پارێزەکانی گردیگەڕۆلی گرتەپێش. کزنگی گولۆپی دارتەلەکان، وەکوو ددانی پیرە پیاوی بە ساڵدا چووی لێهاتو بوو. کە لە بەر تریفەی مانگە شەودا پێبکەنێت. ئیتر ئەو ملوانکە مرواریە نەما بوو لە گەردەنی زەردی شاردا بدرۆشێتەوە. گولۆپەکان لە بەر شەپۆلی تەوژمی هەژاندنی بۆردومانی شار شکا بوون یان تەلەکانیان پچرا بوون.

ئەو کزنگەی ژێر دارتەلەکان، کە کۆڵانەکانی رووناک دەکردەوە. باڵی رەشی شەوەزەنگی تارمایی شەوی بە سەردا راکشا بوو. وەک جاران رووناکی پەنجەرەی ماڵانیش نەما بوون. تەنها تیشکی رووناکی گوللەی رەشاشەکان و تۆپبارانی شار بوون، جگە لە دەروون و گوێو چاویشیان ئازار دەدا. کاتێک کە دەتەقینەوە برووسکە ئاسا بە تیشکی بەنەوش و زەرد ئاسۆی ئەو دەڤەرەیان رووناک دەکردەوە.

بە هەڵهاتنی هەتاو، هەسارەکان لە ناخی ئاسماندا دووبارە هەڵدەپرووزان. گوللە زەردو سووری رەشاشەکانیش رەنگیان پەڕی. بەس تەنیا هاژە و لووشەی چەکی گران بوو کە مەیانداریی ئاسمانیان دەکرد.

گەواڵ گەواڵ پەڵە هەورەکان کارەوانی خۆیان بەرەو رۆژهەڵات دەئاژووت. سروشت رەوتی ئاسای خۆی دەپێوا و شاریش، ژیانی نائاسایی رۆژێکی دی دەست پێکرد.

بۆ دابین کردنی بژیوی ژیان، بۆ ناشتنی خۆشەویستان. بۆ گێڕانی شین و گریان. بۆ بریڤانییەکی تر.

سیروان چوو بۆ بنکە. بە نیازی ئەوە کە کوێ پێویستی بە یارمەتی هەیە. ئەو لە شێوازی یەکجۆری ژیان وەرەز و ماندو ببوو. لەوە بێزار ببوو کە دوژمن کات و شوێنی شەڕ دیاری دەکات. ئێمەش چاوەڕێ بین تاکوو بزانین کەنگێ و لە کوێ ئەو هێرش دێنێت و ئێمەش بریڤانی بکەین. دوژمن سەدان ئەمبار و زاخەی چەک و تەقەمەنی کاتی شای بۆ بە جێماوە. کە بە ساڵان تەواو نابێ. هەموو کاتێک بە فرۆکە و هێلیکوپتری شنۆک هێز و چەکی تازە و نوێژەنی بۆ دێ. لە گەڵ هەموو کەرەسە و بژیوی ژیاندا.

لە نێو بنکە وەک هەمیشە کۆمەڵێکی ناسیاوی لێبوون. سیروان چووە نێو کۆڕێک و سڵاوی لێکردن. هەموویان لە بەری هەستان و خۆش دۆشیان لێکرد، و لە شوێنی خۆیان رونیشتن. هەرکە نۆچە و هەواڵێکی پێ بوو دەیگێڕایەوە.
بارزان کە خۆی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوو گوتی: شەوی رابوردوو، بە چەکی قورس هێرشێکی جەرگ بڕمان کردە سەر ریزەکانی رژیم لە ئەو دیوی فەیزاوا. واتە ئەوانەی کە لە سەر جادەی سەقز لە نێوانی کەلێ فەیزاوا و لەمپەرەکەدا جێگیر بوون.
لە تاریکی شەودا دوو پەل نزیک بە پەنجا کەس تا چەند میتری مۆلگەی دوژمن دزەمان کرد. بە چەند ئارپیجی و بازووکا هاوکات تەقەمان لە ماشین و زرێپۆشەکان کرد. ئەوسا بە چەکی سووک دەستڕێژمان کردە سەر شوێنی حەسانەوەی هێزەکانیان. وا سەریان لێشێوا کە هەموویان بەرەو ناوەندی مۆلگاکە هەڵهاتن. بە هاوێشتنی تیشکهاوێژ لە لایەن خۆمانەوە ئاگادار کراینەوە کە دووسەد میترێک لە دوژمن دوور بکەوینەوە. کە ئەو کارەمان بە خێرایی کرد. هاوڕێیان بە چەکی قورس وەک رەشاش و هاوەن و تفنگی٥٧ ناوەندی مۆلگاکەیان بە خەستی کوتا.
ئێمە کە شوێنەکەمان بەرز بوو و بە سەر مۆلگاکەدا زاڵ بووین، بە باشی دەمان بینی کە چۆن خێوەتەکان و ماشینەکان دەسووتان. هێزەکانیش بە سەریەکدا دەکەوتن. هەژماری زیانی گیانی و ماڵی دوژمن وا زۆرە، لەوانەیە تاکوو چەند رۆژێکیتر خۆیان بۆ کۆ نەبێتەوە. گەر هێزمان بوایە دەمانتوانی ئەو ٥٠٠ تا ٦٠٠ چەکدارەی دوژمن تێبشکێنین و چەکیان بکەین. ئێمە بە خۆشیەوە بەبێ زیان لە ژێر تۆپبارانی رژیم لە پادەگانەوە و ئاگر بارانی چوار هێلیکوپتردا گەڕاینەوە.
سیروان: ئەمە ئیماژەیەکی باشە بۆ گۆڕینی تاکتیکی شەڕی بریڤانی بۆ پێشمەرگەیی، لە دەرەوەی بازنەی گەمارۆی شاردا. دەبێ خۆمان رێکبخەین. چەند پەلێکی هێرشوان لە هەموو هێزەکان و خەڵکی شار چێبکەین. گۆرەپانی شەڕ بخەینە دەرەوەی شار. تاکوو تۆپبارانی نێو شار کەم ببێتەوە. لەوانەیە بە سەد گوللە تۆپ لە دەشت و کێوەکانی دەڤەری شاردا یەک پێشمەرگە بپێکێ یان هیچێ. بەڵام لە نێو شاردا بە هەر گوللە تۆپێک لەوانەیە بنەماڵەیەک یان دەیانکەس تێدا بچێ و چەند ماڵێکیش بروخێ. کە چی دوژمن لە دوورەوە هیچ زیانێکی لێناکەوێت.
شەڕی چەکداری ئێمە ئێستا بەس بریڤانیە. زۆر کۆرپە و ساوایە. هیچ ئیماژەیەکمان نییە. دەبێ لە ئیماژ و تەجروبەی بزووتنەوە چەکداریەکانی جیهان کەڵک وەرگرین. ئەمە بیرو رای منە. گەر لە بیرتان بێ لە رۆژانی یەکەمی شەڕەوە ئەمە دووپات دەکەمەوە.
هەموو بەشدارانی کۆڕەکە، هاو بیری سیروان بوون. ئامادەیی خۆیان دەربڕی گەر شتێکی وا چێبکرێت ئەوان بەشداری تێدا دەکەن. بەڵام وڵامی ئەو کارە لە لای هێزە رامیاریەکانە. چۆنکوو ئەوانن کە خاوەنی رێکخراوە و پێشمەرگە و چەکن .
رێبین کە تەمەنی لە هەموویان زۆرتر و ژن و دوو منداڵی شەش و هەشت ساڵەی هەبوو، زۆر نیگەرانی تۆپبارانی شار بوو. تاکوو ئەوانیتر کە زۆربەیان سەڵت بوون، و هێشتا ژنیان نە هێنا بوون.
بە خەمباریەوە گوتی: پێش ئەوە بێم بۆ بنکە! تەلەفۆنم لە خۆشکم کرد لە گەڕەکی سەرتەپۆڵە. ئەویش هەواڵی ناخۆشی پێبوو، و وتی: ئەم بەیانیە گوللە هاوەنێک لە ماڵی

هاوکارێکم هەر لەم دەڤەرە ئاژین دەبێت. کاتێ کە ئەوان لە نێو ژوورەکەیاندا خەریکی خواردنی ناشتا بوون. بە پریشکی ئاژین بوونی هاوەنەکە دەمەودەست ژن و مێردەکە هەر دوو منداڵەکان دەکوژرێن. خەڵکی گەڕەک بە هەزار ئەملا و ئەولا و ئارەق ڕشتن، هاوکات لەگەڵ مەترسی لە تۆپباران. ئەو بنەماڵە هەژارەیان لە ژێر دار و پردوی ماڵە روخاوەکەیاندا دەرهێنا.

بەداخەوە ئەو منالە چاو گەشانە بە پاروە نانی زاریانەوە خوڵپانی خوێن دەکرێن. ئەمن دەیانم ناسی بنەماڵەیەکی ئارام و بێدەنگ بوون. بەبێ تاوان بە دەستی نیگریسی مرۆڤ کوژانی کۆماری ئیسلامی لە خوێندا گەوزان. ئەوەیە چارەنوسی خەڵک. گەر شۆڕشگێڕ بێ یان بێلایەن، جاش بێ یان باش بۆ خوێنمژانی تاران جیاوازیەکی نییە. ئەوان وەکوو"شەڵم کوێرم دەست ناپارێزم" دەیانەوێ شارێک یان نەتەوەیەک قەلاچۆ بکەن. دوژمن بە هێلیکوپتر تەقە لە ئامبولانس دەکا. جا چۆن چاوەڕێی مرۆڤایەتی لەم ریش پان و مێش پەینانە دەکرێت.

دەڵێن ئەو هێزە زۆرەی دوژمن کە لە هەمەدانەوە وەڕێ کەوتون، گەیشتوەتە نێوانی دێگولان و کەلی سەڵواتاوا. پێشمەرگە پێشی پێگرتوە.

ئارێز پێش ئەوەی بچێ بۆ لای سیروان، وەکوو هەمیشە چوو بۆ بنکە. لەوێ گوێ لە واتووەری زاری خەڵک بوو، کە دەیانوت شیمانەی هێرشی هێزەکانی دوژمن هەیە لە بەرەی توشنەوزەرەوە. ئەو واتووەرییە بوو بەهۆی ئەوە کە نەچێت بۆ لای سیروان. گەڕایەوە ماڵی خۆیان، تا تەلەفۆن لە سیروان بکات کە چاوەڕێ نەبێت. چۆن ئەو دەیەوێ بچێ بۆ یارمەتی بەرەی گریاشان.

سیروان لە ماڵ نەبوو کە پێ بڵێت. بەس بە دایکی ڕاگەیاند کە ئەو ئەمرۆ ناتوانێ بێت بۆ لای سیروان. ئەوسا گەڕایەوە بۆ بنکە. لە گەڵ چەند کەسێکی دیکەدا ڕۆیشت بۆ گریاشان. لە سەر ڕێی توشی چەند پۆل پێشمەرگەی گەڕەکەکانی وەک، ناوگەورەکان، ناوموساییەکان، بەردەشت و تەنانەت سپۆراوا بوو. کە هەموویان بۆ یارمەتی ئەو پێشمەرگانە دەچوون کە لەو دەڤەرەدا جێگیر بوون.

دیمەنی دڵڕفێنی باخ و مەزرا تەڕەکاڵییەکانی گریاشان، وەرزی بەهاریان وەبیری ئارێز هێناوە.

گریاشان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاردایەو ناوچەیەکی گەورەیە. لە دوو بەری چۆمی ئاوڕێژی شار پڕ بوو لە باخ و مەزرای تەڕەکاڵی. وەکوو سەوزەی خواردن و هەندێکیش دار میوە. بەشێک لە سەوزەی شار لە وێ دەکێڵدرا. ئاوی چۆمەکەش لە چەند کیلومیترێکی خوارترەوە، دەرژا نێو ئاوی چەمی شار واتە قشلاخ و دواتر ڕۆباری سیروان.

گەڕەکەکان کە لە ناوەکانیاندا دیارە، سەردەمێک ناو گەورەکان گاوری زۆر تێدا دەژیا. بەڵام لە بەر دەمارگیری موسلمانەکان لە نێو خەڵکدا توانەوە و یان لە چەند بنەماڵەیەکدا کە ماون، لە ترسدا ناوێرن خۆیان وەکوو زەردەشتی یان گەور بناسێنن. هەر لەو گەڕەکانە بنەماڵەی زۆری کریستیانی تێدا بوو و ئێستاش هەرماون. ئەوان زۆر کەمتر کەوتونەتە بەر ئازاری موسلمانەکان.

لە ناو مووساییەکاندا مووسایی یان جوو، جوولەکەی زۆری تێدا دەژیا. ئەوانیش لە سەردەمی شەڕی ئیسرائیل و عەرەبدا توشی ئازار بوون. بڕێکیان بەرەو ئیسرایل کۆچیان کرد. ئەوانەش کە مابوون بە رادەی گەورەکان کەمتر ئازار دەدران. هۆوەکەشی ئەوە بوو کە جوو و کریستیانەکان لە ئیسلامدا وەکوو دینی ئاسمانی ناسراون. بەڵام زەردەشتی کە لە کۆمەڵگای عەرەبەوە دوور بوو وەک کافر و جادوکار چاوی لێدەکرا. سەرەڕای ئەوە کە وشەی مسجدی ئیسلام و زمانی عەرەبی هەمان وشەی ئەوێستایی کوردی مزگتە واتە مەزداگە، مزگەوت کە بۆ کاری ئایینی وەریان گرتووە. چەن وشەگەلێکی تر، وەکوو سجدە سجادە... لێیان داتاشیوە.

گەڕەکی بەردەشت، شوێنی مەرزاکارانی گریاشان بووە و سپوراوایش هەژارنەشین و تازە چێکراوە.

ئارێز دابەش کرایە سەنگەرێک لە نێو دارەکانی قەراخی چۆمەکە و خوارەوەی قەساوخانە. بەر پرسیاری مەتەرێزەکە، کە لاوێکی سەرەوەی بیستو پێنج ساڵ بوو گوتی: من ناوم ژیوارە! سپاس بۆ ئەوەی کە ئێوە هاتونە ئێرە بۆ یارمەتی ئێمە. دوێنێ دوژمن هێزێکی زۆری هێناوە پشت و سەری تەپۆڵکەی توشنەوزەڕ. بۆیە ئێمە شیمانەی ئەوەمان دەکرد کە هێرش بێنێت. ئێوە دارستانی توشنەوزەڕ بە باشی دەبینن. زۆر نزیکە، لە دووسەد میتر کەمترە. واتە ئەوێ لە برستی چەکی ئێوەدایە. هەر وەها ئەوە لە بیر مەکەن لە رادیو تێ ڤێوە ئێرە بە باشی دەبیندرێت، و بە چەکی کالیبر ٥٠ و ٧٥ گەر بکەونە پێش چاویان دەتان پێکێنن.

هەر وەها لە توشنەوزەڕەوە. دەبێ زۆر ئاگادار بن. لەم چەم و دۆڵ و نێو جۆگەلانەدا، پێشمەرگەمان زۆرە. ئێمە تەنیا چاوەڕێ ئەوە دەکەین کە ئەوان لە کونەکانیانەوە وەدەر کەون. لەوانەیە شەو بە تاریکی هێزیان لە سەر تەپۆڵکەکە هێنا بێتە خوارێ و سەنگەریان گرتو بێ. یان لە نێو چۆمەکەوە هاتبێتنە پێشەوە. دەبێ ئاگادار بین ئەو سەنگەرانەی پێشەوە پێشمەرگەی لێیە. نابێ تەقە بەرەو ئەوان بکەین. ئێمە ئەوان دەپارێزین.

هێزی دوژمن هەستی بەوە کردوبوو کە پارازی پێشمەرگەکان بەهێزە. بۆیە بە تۆپباران و ئاگری هێلیکوپترەکانی دەیەویست هێزی گەل ماندو بکات تا بگەڕێنەوە دواوە. کات تێدەپەڕی و دوژمنیش نەیدەوێرا وەدەرکەوێت. خەڵکی گەڕەکەکانی ئەو دەڤەرە خواردن و خواردنەوەیان بۆ پێشمەرگەکان دەهێنا.

کاتژمێری پێنجی پاش نیوەڕۆ بەدرێژایی ڕۆژ تۆپبارانی گریاشان، هێرشیان هێنا. گورج کەوتنە نێو داو و بۆسەی پێشمەرگەکان. یەک لە دوای یەک دەکوژران، یان بریندار دەبوون و قەپیان دەکرد بەخۆڵە بەپیتەکەی گریاشاندا. وا شپرزە بوون کە "سەگ خاوەنی خۆی نەدەناسی " هەر چەکدار بوو و بەرەو توشنەوزەڕ هەڵدەهاتن. دوو هێلیکوپتری دیکەش هاتە هانایانەوە تاکوو توانیان کەلاکی کوژراو و بریندارەکانیان کۆ بکەنەوە. دوو کوژراو و چەند برینداریان بە جێ هێشت لە گەڵ چەند چەکی ژ٣ و یەک ڕەشاشی کالیبر٥٠ کەوتنە دەستی پێشمەرگە.

بەرەی خەڵک بەبێ زیان ئەم هێرشەشیان تێشکاند. ئارێز و هاوڕێیانی لە تەک تاریکی ئێوارەدا گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان.

ئێوارە تانگێک پڕ لە چەک و تەقەمەنی لە پادەگانەوە بەرەو یانەی ئەفسەران وەڕێکەوت. لە ڕێگادا کەوتە بەر ئاگری دەستڕێژی پێشمەرگەکانی یەکیەتی هێزە چەکدارەکانی نێو شار( کۆمەڵە، ڕێکخراوەی چریکە فیدایەکان، حیزبی دیموکرات و پەیکار و...). ئاگری ئەوان تانگەکە ناچار دەکات بەرەو دوا بگەڕێتەوە.

ئارامی ماندو بە سەر و قژی خۆڵاوی، لە نێو قووڵایی تارمایی ئێوارەی بێ وزە و ڕووناکیدا گەڕایەوە ماڵێ. بە درێژایی پاش نیوەڕۆ، بای زەلان و زریان بە تەوژمێکی زۆرەوە هەڵیکردو بوو. تایبەت لە سەر بەرزایەکانی شاردا فرەتر خۆڵ و تۆزی سووڕدەدا و دەیکردە چاوانی خەڵکەوە. زریان تۆز و خۆڵی دەم تۆپبارانی گردیگەڕۆڵی گژدەدا و بە شێوەی گەردەلوول بە نێو سەنگەرەکاندا دەیسووڕاندەوە.

ئارام: ئابرا دەتوانی یارمەتیم بدەی کە سەر و ملم بشۆرم؟ لە بەر بانداژی باڵم حەز ناکەم تەر بێت و ئاودز بکات.

سیروان: بەسەرچاوانم وەرە! ئێمشەو ماڵی ئەوانیش وەکوو هەزاران ماڵی دیکەی ئەم شارە لە ڕووناکی وزە بێبەش بوون.

سیروان چرا فانوسەکەی هەڵگرت و لە تەک ئارامدا چوونە گەرماوەکەیان. وزەیان نەبوو تا ئاوەکە گەرم بکات. هەر بە ئاوی سارد سەر و ملی ئارامی شوشت، و خێرا وشکی کردەوە. تا ئەوان هاتنەوە ژێرخانەکە، دایکیان خوانی شێوی ڕاخستو بوو.

سیروان: ڕاسی باسی ئەمڕۆی بەرەی شەڕی لای خۆتانت نەکرد؟

ئارام: ئەمڕۆ هەر وەک جاران هێزەکانی دوژمن بە یارمەتی چەک و ماشینی جەنگی نوێژەنی سەدەبیستەمی خۆیان، چەند جار هێرشیان هێنا سەرمان. هەموو جارێکیش تێدەشکان و دەگەڕانەوە نێوی پادەگان، واتە سەربازخانەی لەشکەری ٢٨. بە گوێرەی گێڕانەوەی یەکێ لە دیلەکانی ئەمڕۆ، لە نێو هێزە چەکدارەکانی ڕژیمدا، ئەم سەنگەرانە وەکوو تەلیسم کراو و گۆڕەپانی مەرگ  ناوبانگی دەرکردوە. هەر گورهان یان گۆردانێک دەنێرن بۆ گرتنی ئەم مەتەرێزانە، چەکدارەکان لە یەکتر ماڵئاوایی مردن دەکەن. گەر ڕێگای هەڵاتن بایە پادەگان چۆڵ دەبوو.

ئەوانە کە دەیانەوەی هەڵبێن یان خۆیان بدەن بەدەستەوە، لە پشتەوە پاسدارەکان دەیان کوژن. ڕۆژ نییە کە دەیان کەس لە کاتی هەڵاتندا نەکوژرێن.

لە نێو پێشمەرگەکاندا زۆر جێ سەرسوڕمانە، بۆ ئەوە هەژدە ڕۆژە ئەوان هێرش دێنن و چەکدارەکانیان دەدەن بە کوشتدا. بە گەمە بە یەکتر دەڵێن: پاسدارەکان کێ بڕکێیان لە نێو خۆیاندا داناوە، کە کامیان زووتر بچنە بەهەشت، تاکوو دەلالترین حوریان دەستکەوێ. بە وتەی یەکێ لە دیلەکان "مەلاکان بەڵێنیان داوە گەر هەر کەس مەرگی شهادت نۆش بکات، و بتوانێت دژ بە شۆڕش یان کافرێک بکوژێت چ کۆرپەی ساوا بێت یان پیری پەک کەوتو، جیاوازییەکی نییە. چۆن بە کوشتنی کۆرپەیەکی کورد، پێشمەرگەیەک لە داهاتودا کەمتر دەبێت. بە کوشتنی هەر تاکە کەسێک گەر کە دژ بەئەوان بێت یان نەبێت، یەک کوردی سونی لە ئێران کەم دەبێتەوە. بە پروپاگەندەی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو مرۆکوژانە دەچنە بەهەشت و خودا بە هەرکامیان حەفتا حوری دەدا. لەنێو حورییەکاندا چاوکاڵ، چاورەش تێدایە. "

لە ئێرەدا باسی ژنانە. کە چۆن ئیسلامی مەلاکان سەیریان دەکەن. ژن وەکوو کەرەسەیەکی بێ بایەخ و دانی لەزەتی کاتی، و هەر حەفتا ژنی هەرە جوان و رەند لە بەهەشتدا بۆ یەک پاسداری فریو خواردوو.

سیروان: خۆتی پێیەوە ماندو مەکە. مەلا بە درێژایی مێژوو، خەڵکیان فریو داوە و نانیان لە سەر درۆ و فریو خواردوە. ئێستا مێشکی تێگەیشتنی بەشێکی زۆر لەو خەڵکە ١٣٠٠ساڵ لە پاشی ئێستایە کە تێدا دەژین. گۆڕان و گەشەکردنی مێشکی ئەو خەڵکە بە ١٣٠٠کاتژمێر و رۆژ تەواو نابێت. ئەوەێ کە لە فیلم و رۆمانەکاندا دیمانە و خوێندومانە کە بۆ راگردنی ورەی هێزە چەکدارەکانیان لە بەرەی جەنگدا، ژنی لەشفرۆش بۆ خوشگوزەرانیان دەبەن. ئێستا کۆماری ئیسلامی ژنانی بە ناوی (خواهرانی زینب) دەنێرێتە بەرەی جەنگ و بە ناوی سیغە شرعی بۆ یەک یان چەند کاتژمێر، لە لایەن مەلایەکەوە بۆیان سیغە دەکات. واتە لە ماوەی ٢٤کاتژمێردا یەک خواهر زینب لە زۆرتر لە دە چەکدار یان کەس کە کڕیاری سکسە مارە دەکرێت. رێزی ژن لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەوەیە.

خۆ هەموومان بیستومانە کە لە شارە ئاینیەکاندا مەلاکان دەیان ماڵی گەورەیان کردوە بە سیغە خانە. ئالبۆمی پڕ لە وێنەوی ئەو ژنانەیان هەیە کە سیغەی دەکەن بۆ پیاوان، لە یەک کاتژمێرەوە تا چەند رۆژ. ئەوانە جێگای سوزمانیخانەکانی کاتی شایان گرتوتەوە. بە وتەی خۆدی مەلاکان" فسادی کۆمەڵگای پادشایەتیان بە بیسمیلا و ئایەت خاوێن کردوتەوە..." بۆیە ئەم خەڵکەی ئێمە، سینگی خۆیان کردوە بە قەڵخان؟

وڵامەکەی روون و ئاشکرایە. گەلی کوردستان نایانەوەێ کۆماری ئیسلامی ئێران سەقامیر بێت. بە سەقامگیری ئەو رژیمە ژیانی کوێرەوەری و پاشەڕۆی کۆمەڵگا دەست پێدەکات. خەڵک لە هەموو شتێک بێ بەش دەبن، و کۆمەڵگاش دەگەڕێنەوە بۆ 1300 ساڵ لەمەو پێش.

## بەشی١٩

پێنجشەمە(ئەهورامەزدرۆژ)ی١٨ی گوڵانی٢٦٨٠ی کوردی. رۆژی رەشنۆ، رەشەن پەرهێزکاری. ئیزەدی راستی و دادگەرییە. ٨ی مای١٩٨٠ی ز

---

پێش هاتنی کازیوەی بەر بەیان، نەرمە بارانێکی ئارام و تەنک هەندێک لە تۆزی نێو باژێری ئاو پرژێن کرد. شیبا بە لوورە و گڤەوە ژی دارتەلە بێ وزەکانی نێو کۆڵانەکانی دەژەند. ئاهەنگی خەمی خۆی دووپات دەکردەوە و بە سۆزەوە دەیلووراند.

ئاسمانی دڵ پڕ لە هەوران، بە ئارامی دوور لە چاوی دژ و نەیاران. فرمێسکی خەمی دڵی پڕ کەیلی، دڵۆپ دڵۆپ هەڵدەوەران، بە سەر شاری باوان وێران. تۆزی خەمی بە نا

تەواوی دادەمرکاند. سروشت رەوتی خروسکی خۆی درێژە پێدەدا و خەڵکی شاریش پاراز و بریڤانی خۆیان.
دوژمنیش بۆردومان و خوێن رشتنی خەڵکی سیڤل. فرمێسکی چاوی هەوران توانای شۆردنی تۆزی سەر پەڕەی گوڵانی نەبوو. بە دڵۆپی زراڤی شەونم، تۆزی ماڵە وێرانەکانی کرد بە پرشەی قوڕاو لە سەر رووومەتی ناسکی گوڵی دانا. رەنگی دێزی باروت و دووکەڵی بە سەردا داسەپاند و بۆن و برامەی گوڵیشی خنکاند.
هەموو ساڵێک لەم وەرزە و لە رۆژی پێنج شەمەدا، سیروان و ئاریێز پاش کاری هەفتانە، کۆڵەباری خۆیان دەبەست و روویان دەکردە داوێنی سروشت و چیاکان. ئەوان چەن ساڵیان بەکۆ کردنەوە، و وێنەکێشان لە گوڵ و گیای کوردستان تەرخان کردوبوو. دەیان ئەویست پەڕتووکێک لە ناو و ژیانی گوڵو گیای کوردستان بنووسن. ئەوان بنی هەرد و بەرد، مێرگ ، لانسار و بەرۆژی نیشتمانەکەیان دەگەڕان.
لە شێواز و رەنگ و بۆنییان، لێکۆڵینەوە و پەیجۆریان دەکرد. بەڵام ئەم ساڵ شەڕ دەرفەتی تەواو کردنی ئەو کارەیانی پێنەدا. لەوەش دەچێت کە نەگەن بە ئاواتەکەیان. تاکوو ئێستا بەشکی زۆریان لە ناوی گوڵە هۆڤەکان تۆمار کردوە. کە چی هێشتا زۆری ماوە.
ئارام لە ئۆشای بەیانی زوودا، بۆ هەژدەهەمین رۆژی سەنگەری بریڤانی گردیگەڕۆڵ وەڕێ کەوت. ماندویی ئەم ماوەیەی نێو سەنگەر، سەرما و کزەی بەیانی و ئێواران، گەرما و ئارەق و تۆزی نیوەڕۆیان. ژان و رەپ بوونی ماسولکەکان، دەنگی تەقە و ئاژین بوونی تۆپباران. نەیانتوانی بە سەر ورەیدا زاڵ بن. بۆیە وا شێلگیر و سوور بوو لە سەر کاری رۆژانەی خۆی، کە بە ئەرکێکی نیشتمانی دەزانی.
ژیان واتە رەوتی تێکۆشان. بزووتنەوە و ژیان، گەشە کردن و فێر و بوون. وستان واتە لە ناو چوون و نەمان.
شەماڵ وەکوو هەلاج بە مێکوتەکەیەوە ژێی کەوانەکەی دەژەند و پەڵە هەورەکانی شی دەکردەوە. هێزی فەڕی رووناکی هەتاویش، رەنگی تاریکی شەوی دەشوشت و وەکوو بەفر سپی دەکردەوە.
شەماڵیش بە شنە و لەنجەی پڕ لە نازی خۆی ئەو پەڵە هەورانەی لە یەکتر دەتاراند و بڵاوەی پێدەکردن. هێدی هێدی بە وێنەی هەڵم لە ناخی فیروزەیی ئاسماندا دەتوانەوە. یان بەرەو ئەو دیوی چیاکانی خۆرهەڵات راویانی دەنا.
باڵەندە و پەلەوەرەکانی شاریش دەمێکە تاراوە و ئاوارە بوون. خێوەت و هەواری هەڵوەداییان لە نێو زنار و تاشە بەردەکانی دەڤەری شاردا لێدابوو. لە دوورەوە سەیری شاریان دەکرد و بە هۆڤی مرۆڤ، تایبەت سپای خوێنڕێژی رژیم پێدەکەنین. دەیانگوت ئۆخەی کە مێشکی ئێمەی باڵەندە و ئاژەڵ وەکوو مرۆڤ گەشەی نەکردوە. ئاژەڵێکی دڕندە گەر برسی بێ ئاژەڵێکی کەمهێزتر دەکوژێت، گەر تێریش بێت لێدەگەڕێت. بەڵام ئاژەڵی بیرەوەر و زماندار هەر چی تێرتر بێت زۆرتری دەوێت. بۆ بەرژەوەندی و دەستەڵاتی خۆی کۆمەڵگایەک یان نەتەوەیەک قەلاچۆ دەکات، و بەزەیی بە کەسدا نایت. بەڵام ئاژەڵی هۆڤ بە وتەی مرۆڤ، لە شەڕدا گەر ئاژەڵێکی دیکە ببەزێنێت و لە شەڕی هەڵ بێت وازی لێدێنێ و ژیانی پێ دەبەخشێت. کەچی مرۆڤی خاوەن بیر و هۆش نەیار

یان دژی بیر و رای خۆی دەگریت و ئەشکەنجەی دەکات و دوایش گەر زیندو ما لە سێدارەی دەدات.
ئاژەڵی هۆڤ گوشتی یەک دەخون بۆیە یەکتر راو دەکەن، بەڵام مرۆڤ گوشتی یەک ناخون و ملی یەکتر دەشکێنن. لە راستیدا کێ درِندە و هۆڤە ؟
بەیانی زوو پێش ئەوەی سیروان لە ماڵ وەدەر کەوێت، میترا تەلەفۆنی لە کرد. پاش دوو زەنگ سیروان وڵامی دایەوە. دەنگی میترا ئاژاوەی دەروونی سیروانی دامرکاندەوە. گرێ نێو چاوانی کرایەوە و کردی بە بزە و زەردەخەنەی سەر لێوانی. هەور و تەمومژی خەمی رەواند و هەتاوی شادمانی هەڵهێنا.
سیروان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: خۆشەویستەکەم! لە پێرەوە کە لە ماڵی ئێوەوە بەدەستی پڕ گەڕامەوە. دەروونم زۆر کەیلە. هەست بە بەرپرسیارییەکی ئەوتۆ دەکەم. دڵم، دەروونم، و هەستم تۆی دەوێت و بەس. لە جاران فرەتر ئاگری ئەوینت جەرگم دەبرژێنێت. بارودۆخی ئێستای ژیانمان، لەم ژینگەیەدا، بووە بە رەشەبا و ئاگری خەمی دەروونم گەش دەکاتەوە. دووکەڵەکەیشی چاوان و سییەکانم ئازار دەدات. خۆشتم دەوێت گیانا، وەکوو رووناکی دەتپەرەستم. وەک سەربەستی ژیان و رەزگاری نیشتمان. حەزم دەکرد هەر ئێستا لە ئامێزی تۆدا، هەموو نائارامیەکانی دەروون و ئێش و ژانی ئەویندارِیم لە بیر بکردایە.
میترا: ئەمنیش لەو رۆژەوە هەست بەوە دەکەم کە گەورە بووم و مافی هەڵبژاردنم وەرگرتوە. ئێستا کە بنەماڵەی هەر دوو لامان وەک دەزگیران چاومان لێدەکەن. منیش لەوەی هاوسەری ژیانی داهاتوی خۆمم هەڵبژاردوە گەلێک بەختەوەرم. هەست دەکەم کە زۆرتر دەبێ بتبینم. چون دیتن و ژوانی تۆ بۆ من ژیواری بژیوی ژیانە. تۆ رووگە و سۆمای چاوانی منی. زۆر تاسەتم کردوە. نازانم چیبکەم؟
سیروان: ئەگەر نەچم بۆ بەرەیەکی شەڕ پاش نیوەڕۆ دێم بۆ لات. پێش ئەوە رێکەوم تەلەفۆنت لێدەکەم. گەر ئەو دەرفەتە ئەمڕۆ پێش نەهات تۆ سۆزی بەلەنیوەڕۆ بێ بۆ ئێرە. من دەتوانم بێم بە دواتا.
میترا: نا تۆ مەی من بۆ خۆم دێم. وەک هەمیشە بە پارێزەوە و دوور لە دیدی هێلیکوپترەکان. ئێستا لای تۆ خۆش. ماچت دەکەم و لە ئامێزت دەگرم.
سیروان بیری لەوە دەکردەوە تاکوو رووداو و بوێرێک نەهاتوە ئاراوە، باشترە زوو زوو میترا ببینی.
تەلەفۆنەکەیان دووبارە زەنگی لێدا. کاتێک سیروان وڵامی دایەوە گوێی لە دەنگی ئارێز بوو.
ئارێز: لەماڵدا بمێنەوە تا دێم بۆ لات.
سیروان: باشە!
دەنگی ناخۆش و ترسێنەری بۆردومان، تەقەی قەناسە و ئاژین بوونی تۆپباران، تەنها موزیکی زیندوی ئەم ١٩رۆژەی شار بوون. کە لە گوێدا دەزرنگایەوە و مێشکی دەتەزاند و بزمارڕێژی دەکرد. ئیدی دەنگی پەروانەی هێلیکوپترەکان و قرمەی رەشاشەکان، ببوو بە دێوزمەی ترسی مندالانێک، کە دیلی سوچێکی ژێرخانەکانیان ببوون.، بێ بەش لە خوێندن و کایەکردن.

ئاریێز لە زەنگی دەروازەی دا و بۆ خۆی هاتەماڵەوە. ماوەی دوو شەو و رۆژە یەکتریان نە دیبوو. بیری یەکتریان کردو بوو. تایبەت لەم ماوەی شەڕی بریڤانیدا زۆربەی شەو و رۆژ پێکەوە بوون.

ئاریێز لە رێوە بەبێ پشودان و هەواڵپرسی، وتی: کاری من و چنووریش هیچ گیرو گرفتێکی تێدا نەماوە. چنوور لای دایک و باوکیەوە باسی خۆشەویستی من و خۆی کردو بوو. ئاخاوتنی ئەوان بە قازانجی من و چنوور تەواو بوو. کاکامەران ئەو شەوە پێگوتم چنوور باسی ئەوەی کرد، کە حەز لە یەکتر دەکەن. ئێمەش وەکوو بنەماڵەی چنوور خۆشبەختی ئێوەمان دەوێت. ئێمە تۆ لە منالیەوە بە باشی دەناسین. جگە لە خزمایەتی متمانەت پێدەکەین. ئاواتی ئێمەش خۆشبەختی ئێوەیە. ئاگاتان لە یەکتر بێت لە هەموو بارودۆخێکی خۆش و ناخۆشی ژیاندا.

نازانی سیروان چەندە خۆشحاڵ بووم. بەڵام نیگەرانی چارەنووسی رۆژانی جەنگ ئازارم دەدات.

سیروان: هەموو کەسێک بە گوێرەی باری دڵی پەژارە و نیگەرانی هەیە. بیر لەوانە بکەرەوە کە بەرپرسیاری بنەماڵەیەکن، کەلەم دۆزەدا دەبێ لە بیری بژیو و تەندوروستی ژیانیاندا بێت.

دەبێ ئێمە گەشبین بین! تاکوو لە گەڵ پرۆسەی ژیاندا بە جێنەمێنین. هەستە با بچین بۆ بنکە بزانین چ باسە.

بنکە وەک هەمیشە جێگا و مەکۆی هەواڵ و دەنگوباس بوو. لە حەساری بنکەدا جوانەگایەکیان سەربڕی بوو. خەڵک ریزیان گرتوبوو بۆ کڕینی گوشت. لە بەرزە دەنگهاوێژەکانەوە پسا پس جاڕیان دەدا کە ئەمڕۆ گوشتی تازەی جوانەگا بۆ فرۆش هەیە...

سیروان و ئاریێز چوونە ژوورەوە و سەیریان کرد کە چەند پۆل بەجیا و لە دەوری یەکتر روونیشتون. هەموویان لە نێو خۆیاندا سەرقاڵی ئاخافتن بوون. ئەمان سڵاو و هەواڵپرسییان لە هەمو پۆلەکان کرد و لە لای پۆلێکی هەفت کەسی دانیشتن.

پۆلەکانی دیکەش یەک لە دوای یەک هەستان و هاتنە لای سیروان و ئەوان. هۆی جیا دانیشتنیان ئەوە بوون کە هەر پۆلە لە سەر شتێکی تایبەت باسیان دەکرد. یان لایەنگیری رامیاریەکی ئەوتۆ بوون. هەموویان دەیانزانی کە سیروان بە ئاشکرا لە هیچ هێزێکی رامیای پاپۆ ناکات. لە ئاکاری راستو راسڵیان پشتیوانی دەکات و لە شاشیان رخنە دەگرێت. هەموو لایەنێک خۆشیان دەویست.

سیروان بۆ ماوەیەکی کورت کۆڕەکەی بەجێهێشت، و چوو بۆ لای کازۆراو کە پێنج منداڵی کەمتەمەنی هەیە. کازۆراو کریکاری بیناکارە. واتە رۆژێک کاری نەکردبا، ئەورۆژە داهاتی نەبوو. سیروان هەستی بەوە کرد کەئەم ماوەی شەڕە ماڵباتی کازۆراو رەنگە شەوانە بەبێ نان یان پێخۆر شەو و رۆژیان بە سەربردوبێت. ئەو پاش هەواڵپرسی، لە گیرفانی پانتۆڵەکەی هەندێک دراڤی دەرهێنا و بە ئەسپایی دای بە کازۆراو، وتی: ئەم دراڤە بیدە بە نان و گۆشت بۆ منداڵەکانت. هەرکات پارەت بوو، بیدەوە. گەر بۆت نەکرا گەردەنت ئازاد بێت. لای تۆ خۆش. سیروان خێرا گەڕاوە لای کۆڕەکە.

لەم رۆژانەدا ئەوەندە هەواڵ زۆر بوو کە کۆمەڵە لە رۆژدا دووجار هەواڵنامەی بڵاو دەکردەوە. ریبین کە خەریک بوو هەواڵنامەی کۆمەڵەی بڵاو دەکردەوە.
سیروان پرسیاری لێکرد: ئەری کاک رێبین ئەم هەواڵنامانە تازەیە؟
رێبین: بەڵێ کاک سیروان هەر ئێستا لە بنکەی کۆمەڵەوە هێناوەمە ئێرە.
سیروان: دەی باشە دەتوانی بە دەنگی خۆت بۆمانی بخوێنیتەوە؟
رێبین: بە سەر چاوانم کاک سیروان گەر بتانەوێ من بە شانازیەوە ئەو کارە دەکەم. زۆربەی دانیشتوان وتیان: زۆر باشە. بزەی سەر لێوانی رێبین رەزامەندی ئەوی پیشان دەدا. لاپەڕەکانی رێک خست و گوتی: بەیارمەتیتان؟
" هەواڵنامەی کۆمەڵە ژمارەی ٣٨ رۆژی ١٨ی مانگی گوڵانی ٥٩
سنە، کارەوانێکی تازەی هێزەکانی رژیم لە کەڵی سەڵواتاوەدا کەوتوە بەر پەلاماری پێشمەرگەکان.
سنە، پێشمەرگەکان هێرشیان کردە سەر یانەی ئەفسەران و بینای ستادی ئەرتەشیان دووبارە گرتەوە .
هاونیشتمانانی تێکۆشەر! سەرکۆمار بەنیسەدەر لە کۆبوونەوەی کارمەند و کرێکارانی بەنداوی لار لە قسە و باسێکدا، کە لە رۆژی دواییدا لە رادیو و تێ ڤییەکانی رژیمەوە بە تام و چێژێکەوە بلاو کرایەوە. هەر وەها لە رۆژنامەی کەیهانی 15ی گولاندا بە گشتی چاپ کرا. ناواخنی ئەم وتارەی سەرکۆمار پڕ بوو لە درۆ. کە درۆ بووە بە شتێکی ئاسایی رۆژانەی بەرپرسیارانی کۆماری ئیسلامی ئێران. لێکۆلینەوە لە مەڕ وتووێژەکانیان ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکا. کە چۆن بە شێوەیەکی رێکخراوە و ئاگاهانە خەریکی فریودانی خەڵکن لە دەرەوەی کوردستان.
ئێستا بە چەند خاڵ لە فرۆفێڵیان ئاماژە دەکەین.
بەنی سەدەر، پاش یەک سەرەتا دارشتن. لە بابەتی ساڵی رابوردوی سنەوە دەڵێت: "...ساڵی رابوردو لە تەک خوالێخۆشبوو تالەقانی چوین بۆ کوردستان(بەڵی پاش هێرشی لەشکەری ٢٨ی ئەرتەش بە تۆپ و هاوەن بە سەر شاردا، کە بوو بە هۆی کوژرانی سەدان کەس لە خەڵکی سیڤیل) وتمان، ئێرە کوردستانی ئێوەیە. وابیر مەکەنەوە کە دراڤی لێهەڵدەقۆڵێت، کە ئێمە لە دەستانی بستێنین. پێشنیار کرا شورای شار دەروست بکرێت(لە لایەن خەڵکی شارەوە). شورا دروست بوو. سێ کەس لەو یانزە ئەندامە لەوان بوون. پاش چێبوونی شورا ئاژاوەیان وەڕێ خست. شار پڕ بوو لە چەکدار، پاشان شەڕی چەکداری دەستی پێکرد. هێز کۆ کرایەوە، دووبارە بڕیار درا کە چەکدار لە نێو شاردا نەمێنێت، بەو مەرجە کە پاسدارەکان لە شار بچنە دەرەوە."
بەنی سەدەر بەم راوێژەیەوە پێوایە شاکاری کردوە، لە فریودانی خەڵکدا. کە چۆن فەرمانی جهادی فەرماندەی گشتی هێزەکانی رژیم بە بیانوی بەدیل گرتنی موسلمانان و برینی مەمکەی ژنان، ئاگردانی مزگەوتەکان لە سنە. پاشان ناردنی لەشکەر لەشکەر بۆ کوردستانیان لە بیرکردوە. هەر وەها بریڤانی خەڵکی کورد، و تێشکانی سەرشۆڕانەی هێزەکانیان. پێشنیاری ئاگربەس و وتووێژی ئاشتیخوزانەی نوێنەرانی گەلی کورد. مانگرتنی گشتی یەک مانگەی سنە بۆ چوونە دەرەوەی پاسدارەکان. هەمووی بە ئاشکرا لە بیری خۆی بردوتەوە و دەڵێت: "شار پڕە لە کەسانی چەکدار. پاشان شەڕی

چەکداری دەستی پێکرد و ئێمەش هێزمان کۆ کردەوە و ناردمان." هەر وەها لە مەڕ ڕۆژانی پێش دەست پێکردنی شەڕ لە کوردستاندا دەڵێت "...دوایی ئاگادار بووینەوە کە خوێندکاران پێشی ئەرتەشیان گرتوە کە دەیەویست لە فرۆکەخانەوە بڕوات بۆ پادەگان. وتیان دەتانەوێ شار داگیر بکەن. ئێمە بەوانمان گوت متمانهتان پێدەدین کە نامانەوێت شار داگیر بکەین." بەڵام ئاخای بەنیسەدەر! هیچ کاتێک نەیتوانی لە رادەی هوشیاری گەلی قارەمانی کورد تێبگات. کە بۆ چی ناچنە ژێر زەبەرو زەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران؟ جا چۆن دەبێ بە وتەی ئێوە خوێندکاران، لە راستیدا خەڵکی تێکۆشەری سنە فەرامۆشی بکەن. کە چەند رۆژ پێش هاتنی ئەرتەش بۆ نێو شار، کە تۆ بۆخۆت بە ئەرتەشت فەرماندا " تاکوو چەککردنی تەواو لە کوردستاندا نابێ قەیتانی پوتینەکانتان( پۆستاڵ) بەکەنەوە" چۆن خەڵکی کورد لە بیری دەکەن کە چەند رۆژ پێش ئەوە، ئەرتەش لەشکەری بۆ مەرگەوەر و شنۆ کێشا، و قەڵاچۆی قارنێ و قەڵاتانیان بە لاپەڕی رەشی ئێوە زێدە کرد.

خەڵکی تێکۆشەری سنە فراموشیان نەکردوە! بە داگیر کردنی کامیاران و دەست بە سەرداکردنی رێگاکانی بەرەو سنە. هەروەها لە قوروە و بیجاڕەوە، ئێوە ئاگاهانە کوردستانتان گەمارو داوە. بە کۆکردنەوەی دەرەبەگە خۆ فرۆشەکانی دیواندەرە لە گەڵ کۆمەڵێک لە دەرەبەگ و جاشەکانی مەریوان، رێکخراوەی پێشمەرگە موسلمانەکانتان چێکرد، بۆ راو و رووتکردنی خەڵک.

ئەمانە چۆن دەبێ فەرامووش بکرێ، کە لەم ماوەیەدا هاتونە کایەوە؟

ئێوە لە پادەگانی لەشکەرەکی تاراندا خەریکی مەشقی شێوازی شەڕن لە کوردستاندا. ئێوە بوون نەتانەویست لە گەڵ نوێنەرانی گەلی کوردا، وتووێژ بکەن. خەڵکی سنەتان بە بیانۆی هیچوپوچ، لە هەڵبژاردنەکانی ( مجلسیشورای ملی) بێبەش کرد. وتان بەم زووانە شار لە خەڵکی شۆڕشگێر پاک دەکەنەوە. ئەوسا هەڵبژاردن دەست پێدەکات. قەڵاتان و قارنا پیشانتان دا کە بە چ شێوازێک دەستەڵاتی کۆنەپەرەستانەتان بە سەر خەڵکدا دادەسەپێنن، و چیتان بە سەر خەڵک هێنا.

ئێوە رەوە رەوە پاسدار و ئەرتەشتان نارده کوردستان. ئەوسا فەرماندەی هێزەکانتان دەڵێن: هێزەکانی ئێمە لە کوردستاندا نەیان دەویست لە گەڵ ئەواندا توشی شەڕ بن. ئەگەر بمانویستبا چەکدار دەبووین..." (ئەو هەموو چەک و کەرەسەی جەنگی ئەرتەش، بەنیسەدەر بە چەکدار بوونیان نازانێت.)

بە وتەی بەنیسەدەر وا دەردەکەوێت کە ئەو هەموو چەک و تەقەمەنییە کە لە ماوەی چەند مانگی رابوردودا بە فرۆکە و هێلیکوپتری شنۆک هێناویانە کوردستان، هێشتا بۆ هێزەکانیان بەش ناکات.

بەنیسەدەر فریوکارانە دەڵێت: ئەگەر بمانویستبایە کە ئێمە لێیان بدەین، یەک هەفتەی نەدەخایاند. یەک رۆژی بەسبوو.

لە شاری سنە زۆرتر لە ٥٠٠٠ گوللەی تۆپ و هاوەن و سەدان راکتتان رژاند بە سەر خەڵکدا. هەزاران ماڵتان وێران کرد. سەدان خەڵکتان کوشت و بەهەزارانتان بریندار کرد. نە ئاخەی بەنیسەدەر! هەرچێکتان لە تواناڈا بوو و لە دەست هات پارێزتان نەکرد. ئەمانە بە ئاشکرا جەوهەری دژ بە گەل و مرۆڤایەتی ئێوە دەسەلمێنێ. ئەم گەلە قارەمان

و تێکۆشەرە بوو کە لمۆزی هێزە پاشەڕۆوەکانتانی لە دەروازەکانی کوردستاندا بە خاک کێشا. گەر ئێوە بێنە پێشەوە، دەکەونە نێو زەلکاو و زونگ و دەتانخنکێنێ.

گەر وتەکانی رابوردو و تازەی بەنی سەدەر پێکەوە لێک بدەینەوە کەسایەتی ئەو هەر وەکوو ئەوانی دیکە، هەوانەیەکی پڕ لە درۆیە.

بە پێچەوانەی راوێژی بەنیسەدەر بۆ ئاگربەس. فەرماندەی هێزەکانی رژیم لە خۆرئاوای ئێراندا لە رۆژنامەی کەیهانی رۆژی چوارشەمەی ١٧ی گولاندا دەڵێت: " ئێمە بە گشتی دژ بە ئاگر بەستین." لە بڵاوکێکیدا " وا دەڵێت: کۆمەڵە و چریکە فیدایەکانی بەشی کوردستان و دیموکرات خوازیاری ئاگربەس لە کوردستان بوون. مەرجی قەبوڵ کردنی ئەویە، دان پێدانانی ئاگربەست لە لایەن ئێمەوە بپارێزدرێت. ئێمە بە گشتی دژ بەم بیرو راین. چەک کردنی گروپە چەکدارەکان خێراترین ئاکارە بۆ ئاگربەس." هەر لەوێ دەڵێت:" بۆ ئەوە، ئاگربەست دەبێتە هۆی خۆ رێکخستنی دژ بە شورش. ئێمە ئەو هەموو شەهید و بریندارمان نەداوە کە ئاگربەس بکەین.. ئێمە لە گەڵ هەر چەشنە وتوویژ کە باسی ئاشتی بکات، دژایەتی دەکەین."

ئێستا لە ئاخەی بەنیسەدەر دەپرسین بە سوێندی تۆ بڕوا بکەین یان بە قوقەی کەڵەشێر؟!

سنە ١٨ی گولان شەوی رابوردو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە هێرشیان بردە سەر تەپەی توشنەوزەڕ. کە لە دەستی پاسداراندایە و بە چەکی دوورهاوێژ خەڵکی دەوروبەر دەکوژن. لەم شەڕەدا چەند کەسیان لێکوژرا و بریندار کرا.

کاتی ٩ی بەیانی زرێپۆشێک کە دەیەویست کەلاکی کوژراوەکانیان کۆ بکاتەوە بە چەشنی هۆڤانە لە دەوروبەری خۆی تەقەی دەکرد، کەوتە بەر دەسترێژی پێشمەرگەکانی دیموکرات. لەم شەڕەدا هێزەکانی رژیم هیچ کە نەیتوانی بریندارەکانیان ببنەوە، بەلکو خۆیشیان بە ریزی ئەوان زێدە بوون.

هەر لەم رۆژەدا پێشمەگەکانی شار، بینای ستادی ئەرتەشیان لە هێزەکانی رژیم وەرگرتەوە. لەوێڕا تەقەیان لە یانەی ئەفسەران کرد. کە بوو بەهۆی ئەوە کە کمتر لە هاتو چووی خەڵکی سیڤیل تەقە بکەن.

کارەوانی نێردراو لە هەمەدانەوە کە هەڤدە تانگ و چەند زرێپۆش و ماشینە. لە نێوان دێگولان و کەلی سەڵوات ئاواو، کەوتوەتە بەر پەلاماری پێشمەرگەکان، کە پێش بە هاتنی کارەوانەکەیان گرتوە. بە گوێرەی ئەو هەوالانەی تاکوو ئێستا بە دەستمان گەیشتوە. لەم شەڕەدا هێزەکانی رژیم چەند کوژراو و برینداریان بەجێهێشتوە. یەک زرێپۆش تێشکاوە و هیچ زیانێک بە پێشمەرگە نەگەیشتوە.

بە وتەی رادیوی رژیم " فەرماندەی ئەم کارەوانە کوژراوە"

شەوی رابوردو پێشمەرەکانی دیموکرات بە هاوەن و چەکی قورس پادەگانیان کوتاوە."

ئەمە بوو هەواڵەکان.

ئارێز: سپاس! دەمت خۆش! ماندوش نەبیت!

رێبین: سپاس بۆ ئێوەش کە گوێتان گرت!

سیروان: ئەمن بە نیازم بچم بۆ یارمەتی بەرەی سەڵواتاوا. هەر کەس دەتوانێت و کاری نییە دەتوانین پێکەوە بچین. داوا لە کا ڕێبین دەکەم لە ڕێگەی کۆمەڵەوە پەیجۆری بکات و بزانێت، کە ڕێگای پردی قشلاخ بە دەستی خەڵکە یان دوژمن.

ڕێبین: بە سەرچاوانم. هەر ئێستا دەچمە بنکەی کۆمەڵە و بە بێسیم لە بارودۆخی جادەکە دەکۆڵیمەوە.

ڕێبین خێرا سواری جیبە ئەرتەشیەکەی بوو، کە لە شەڕی کارەوانی هێزەکانی ڕژیمدا بە دەستکەوت گیرا بوو، و لێخۆری بەرەو بنکەی خۆیان.

ئارێز: من لە تەک سیروانا دەڕۆم.

شاهۆ، وریا، ڕەشنۆ...وتیان ئێمەش لە گەڵتاندا دێن. ئەوان بوون بە دەستەیەکی هەشت کەسی و لە بەر بنکە چاوەڕێ هاتنەوەی ڕێبین بوون.

کەلی سەڵواتئاوا، لە خۆرهەڵاتی باشووری شاردایە، بە بەرزایی زۆرتر لە ٢٠٠٠میتری بەرەی ئاوی زریاوە. لە نێوانی کێوەکانی کۆرکۆرە و هەلیزاوا، لە ژێر باڵی چیای شیشەڕێ و لە دۆڵە پێچاو پێچەکانی سەڵواتاوا هەڵکەتووە.

گۆڕەپانی شەڕ لە نێوان سەراوحاجی پەمۆ هەتاکوو هەڵیزاوا و پشتی کۆرکۆرە، نزیکەی سێ کیلومیتری لە جادە دێگولان تا سەڵواتاوا بەرەی جەنگ بوو. کە خەڵک و پێشمەرگە لە برێک لە بەرزاییەکانەوە تەقەیان لە کارەوانی تازەی دوژمن دەکرد. لە شارەوە بە مەودای دوو، تا سێ فرسەخ ڕێگا بوو.

ڕێبین ماشینێکی دیکەی لە گەڵ جیبەکەی خۆی هێنا و لە چەقی دەروازەی بنکە وستان. دابەزی و چوو بۆلای سیروان و گوتی: کاک سیروان هەموو ڕێگا تاکوو گوندی سەڵواتاوا لە دەستی خۆمانە. ئەم چوار پێشمەرگەی کۆمەڵەش بۆ لای هاوڕێیانیان دەچنەوە بۆ ئەوێ.

سیروان و هاوڕێیانی دابەش بوونە نێوانی هەر دوو ماشینەکە. ئەو پێشمەرگانە کە لەوێ هات بوونەوە بۆ نێو شار، و شوێنی سەنگەرەکانی کۆمەڵەیان دەزانی، کەوتنە پێش. ماشینی دووهەمیش بە دوایدا و بە مەودای چەند سەد میترێک کەوتنەڕێ مەترسی تەنها هێلیکۆپترەکان بوو. ئەباسئاوا و فەرەجەیان بە جێهێشت. گەیشتنە سەر پردە مێژووییەکەی ئامانولاخان، لە پەنای دێ قشلاخدا.

لە پردەکە پەڕینەوە و سیلۆ و مەزراکانی بەرازانیان بە جێهێشت و لە جادە کۆنەکەوە بەرەو دۆڵەکانی سەڵواتاوا. بە نێو باخ و دارستانەکاندا، هەر بە جادە کۆنەکەی دێگولاندا لە چەند هەوراز لە نێوان باخی میوە و ڕەزیان تێپەڕاند.

لێخۆرەکە لە جادەکە لای دا و کردی بە نێو باخێکدا و لە ژێر سێبەری دارستانەکەدا ماشینەکەی شاردەوە.

هەموویان دابەزین ڕسکان و ژیوان وەکوو ڕێی پیشاندەر، لە شیوی کێوەکەوە سەرکەوتن. پاش چارەکە ڕێگەیەک لە ئاسۆی کەلی ئەو کێوەوە بەرەو دۆڵێکی پڕ لە مێرگ و کانیاو دابەزین.

ڕسکان: هاوڕێیان! لە ژێر ئەم دار بیگەڵە دانیشن. کانی نێو دارەکانیش ئاوەکەی وەک تەرزە ساردە و خۆشە. من زوو دەگەڕێمەوە. دەچمە لای پەلەکانمان و بزانم چ باسە و ئێوە لە کوێ دابەش کەین.

سیروان: سەیری هێلیکوپترەکان بکەن لە کوێ دەسووڕێنەوە، هێزی زرێپۆشی دوژمن لەوێیە. گەر شتی بریقەدارتان پێیە لە دیدی ئەوان بیشارێنەوە.

کلیلە بەفرەکانی شیشەڕێ لە بەر تیشکی هەتاوەوە شوقی ئاوێنەی خۆشەویستی دەخستە نو چاوانی ئەویندارانی سروشت. وریشەی بەردەکانیشی پەیامی چیایەکی بوورکانی دامرکاوی رادەگەیاند.

رسکان هاتەوە و وتی: هاوڕێیان، ئێوە خۆتان دابەش بکەن بە دوو پۆل. دوو سەنگەرمان پێویستی بە یارمەتی هەیە. ئەو دوو سەنگەرە لە تەنیشت جادەکەیە و جێگایەکی زۆر گرنگە.

ئارێز، رەشنۆ، خەمۆ و چەکۆ کە برا بوون لە گەڵ سیرواندا بوونە یەک پۆل. ئەوانی دیکەش بوون بە پۆلێکی دی. هەر دوو پۆلەکە بە دوای رسکاندا رۆیشتن تا سەنگەرەکانیانی پێ پیشان دا. ئەمان کە گەیشتنە ئەوێ شەڕ گەرم بوو. تانگەکان بە توپ تەقەیان لە چیاکانی دەورو بەری خۆیان دەکرد. گرمە و بۆڕەی تانگ و دەنگی تۆپباران بەرد و هەردی کێوەکانی دەلەرزانەوە.

هێلکوپترەکانیش چەپ و راست سەنگەری پێشمەرگەکانیان بە رەشاش و راکت دەکوتا.

زۆربەی پێشمەرگەکان لە دوێنێ شەوەوە تاکوو ئێستا دەرفەتی پشودانیان نەبوو. ئەوان ماندو و برسی بە زاری وشک و پڕ لە تۆز و دووکەڵ دەنگیان دەر نەدەهات. تەنها هەست و بیریان پاراز بوو. ئەوان بە چەکی سووکی خۆیان هێزی دوژمنیان بە تانگ و تۆپەوە بە ئەژنۆدا هێناوە .

سەنگەری سیروان و هاوڕێیانی تەنیا چەند میترێک لە جادەکەوە بەرزتر بوو، و نزیکەی بیست میترێکیش دوور. بەڵام لەو سەنگەرەدا کە چوار پێشمەرگەی کۆمەڵەی لێبوو چەکی تانگ شکێنی وەکوو ئارپیجی و...تریان پێ نەبوو. چەکی قورسی ئەوان ژ3 و کلاشینکۆڤ بوو و بەس. ئەمان ناچار بوون تەقە لە تانگەکان نەکەن و گوللەشیان گەر لە تانگەکان بکەوتوبا، بەس کەوانەی دەکرد و کارامەش نەبوو. تەنها دڵخۆشی سیروان ئەوە بوو کە ئەو و ئارێز یەکێ یەک نارنجەکیان پێیە. تەنیا ئامانجی ئەوان پێکاندنی ماشینەکانی دوژمن بوو.

سیروان نارنجەکی خۆی هاویشت. لە زەنجیری چەرخی چەپی تانگێک کەوت. تەقییەوە و هەندێک لە زەنجیری تانگەکەی خراپ کرد تا ئەو رادەیە تانگەکەی سووڕاندەوە. برێک دوکەڵ و ئاگری لێ بەرز بووەوە و لە تورەییدا دوو گوللە تۆپی بەرەو سەنگەرکەیان هاویشت. گوللەکان سەریان کرد و کەوتنە نێو دۆڵەکانی سەڵواتاوا.

بەیارمەتی تانگێکیتر هەڵتەک هەڵتەک لە سیروان و ئەوان دوور کەوتەوە. پاش ئەوەی کە دوو تا دە تانگێکیتر تێپەڕی ماشینێکی زیل لێیان وەدەرکەوت.

ئارێز: ئێستا نورەی منە، نارنجەکەکەم بهاوێم. لە نێو سەنگەرەکەی هەستا سەر پێ بە هێزەوە نارنجەکەکەی هاویشت. لە نێو زیلەکە تەقییەوە و ئاگری تێبەردا. لێخۆرەکە بۆی رانەگیرا و بە سەرەوە کەوتە نێو کەلێنی جۆگەی تەنیشت جادەکە و بەر سێرەی چەکی ئەمان.

دەسترێژی کورچکبریان لێکرا و بە تەواوی سووتێنرا. هێلیکوپترەکان کە لە بەرزەوە دەفڕین. نەیان دەوێرا سەنگری ئەمان لە بەر نزیکی بە جادەکە بدەنە بەر دەسترێژ. پاش

چەند کاتژمێر شەڕ و تێشکانی چەند ماشینێکی هەڵگری تەقەمەنی و پاسدار. کوژران و بریندارى زۆر، دوایین تانگی کارەوانەکە بۆسەی ئەمانی بە جێهێشت. لە تۆنێڵەکانی کەل بەرەو خوارەوە بوون.
سیروان لە تەک هاو سەنگەرەکانی چوونە سەر جادەکە و چەکو تەقەمەنییە نە سووتاوەکانیان کۆ کردەوە. چوار چەکی ژ3ی پاسدارە کوژراوەکان وەبەر ئەمان کەوت. دەنگی تەقە لەو دیوی کەلەوە و لە مەرزاکانی بەرازان هێشتا گەرم بوو.
سیروان هاوڕێیەکانی لە هەر دوو سەنگەرەکاندا کۆ کردەوە. بەرەو لای ماشینەکان چوونە خوارەوە.
سیروان: ئەری کا ڕێبین ڕێگای گەڕانەوەمان بۆ ببینەوە. چۆن ئێستا ڕێگای پردی قشلاخ لە دەستی هێزەکانی دوژمندایە.
ڕێبین: وایە کاک سیروان. من هیچ ڕێگایەکی دیکە نازانم کە بە ماشین بگەڕینەوە نێو شار. ئایا کەس ڕێگایەکی تر شک دەبات؟
لە نێو پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا کەس ڕێگایەکی دیکەیان جگە لە پردی قشلاقیان نەدەزانی.
سیروان: ئەمن ڕێگایەک دەزانم، هەتاکوو بواری ئەرخەوانەسوور دەتوانین بە ماشین بچین. لەوێرا تاکوو نێو شار بە پێ یەک کاتژمێرە. سوار بن! بە دوای مندا بێن. سیروان لە تەنیشت ڕێبین کە لێخۆڕ بوو دانیشت و وەکوو ڕێزان درێژەیان بە ڕێگا دا. سێبەری ئێوارە باڵی بە سەر مەرزا و ڕێگاکاندا ڕاکشا بوو. لە دەربەندی چۆمی سەڵواتاوا بە پارێزەوە هاتنە دەرێ. لە ڕێگاکە لایان دا و لە بناری مەرزاکانی بەرازاندا تێپەرین. لە پشت ئاواییدا بەرەو دێی نایسەر بەبێ چرا لێیانخوڕی.
لە خوار دێ نایسەرەوە بەرەو لای چۆمی شار و جادەی قشلاخ بەرەو باوەرێز لە ناوەرەی ڕێی نێوان باخەکانەوە ڕۆیشتن.
ئێتر ڕێگا، مەترسی دیدی تۆپخانەی دوژمنی نەبوو. لە نێو دێی باوەرێزەوە ڕێگای نەنەڵەیان گرتە بەر. شەوەزەنگی نێو دارستانی چڕی ڕێگا و کەلاکی سووتاوی تانگ و ماشینەکانی کارەوانی یەکەم لە قەراخی جادە. بیرەوەریەکانی هەژدە ڕۆژی پێشی زیندو دەکردەوە. کاتێک گەیشتنە لای کەوسوار. سیروان وتی: ڕاوەستە کاک ڕێبین. ئێتر دەبێ بە پێ بچین.
ڕێبین: باشە کاک سیروان ماشینەکان چی لێبکەین؟
سیروان: بیبەن بۆ باوەرێز تاکوو ڕێگایەک ئازاد دەبێت.
رەزوان: ئێستا ئێمە چوار ماشینمان پێیە. خۆ نابێ لە ئێرە بەجێیانبهێڵین. کاک سیروان ڕاست ئێژێ. سێ کەسی دیکە کە ماشین لێخۆڕین دەزانن با پێکەوە بیبەین بۆ باوەرێز. ماڵی خاڵوانم لە وێیە. جێگە و ڕێگەیان باشە و گەلێکیش مێواندارن.
ڕێبین و رسکان لە تەک شێرکۆ دا گوتیان: ئێمە دەتوانین لە گەڵت بین. هەرکامیان بە هەڤاڵێکیان ڕاسپارد کە بە بنەماڵەکانیان بڵێن ئەوان لە باوەرێزن نیگەران نەبن.
ڕێبین پەیامی خۆی بە سیروان دا، و ئەوسا بەرەو باوەرێز لێیانخوڕی. سیروان و ئەوانیش بەرەو شار لە یەک جیا بوونەوە.

سیروان کەوتە پێش و ئەوانیش بە دوایدا بەرەو بواری ئەرخەوانەسوور. لە نێو تاریکی دارستانەکاندا ون بوون. ئەم بوارە هەر ئەو بوارە بوو کە سیروان و چەند کەس لە هاوڕێیانی بۆ شەڕی کەوسوار هاتن بۆ ئێرە، و سیروان بە برینداری گەڕایەوە. کە گەیشتنە قەراخی چۆمەکە، پێش ئەوەی لە بوارەکە بدەن سیروان گوتی: هەڤاڵان! لەم بوارە هەمووتان بە دوای مندا وەرن.

ئەو بەری چۆمەکە چارەکە کاتژمێرێکی ڕێگای هەورازمان لە بەرە هەتاکوو سەر ئاسۆی کەل. تا سەر کەل بەبێ مەترسی دەتوانین سەرکەوین. بەڵام لە بەر ئەوەی ئاگامان لە بارودۆخی ئەو بەرزایانە نییە، باشترە لە بەر ڕووناکی ئاسۆوەوە کەمێک ئاگادار بین.

لە بواری چۆمیان دا. ئاوی ساردی چەم، پێی گەرم و ئارەقاوی ڕێگای بووژانەوە. لە هەورازی ڕێگاکە، سەرکەوتن.

سیروان کە لە پێشەوە بوو لە سەر ئاسۆی کەل کەمێک ڕوونیشت. گوێ ڕاگرت بۆ چرپەیەک، پچەیەک یان جوولانەوەیەک. هەستی بە هیچ شتێکی نامۆ نەکرد. بە دەست ئاماژەی بە ئارێز کرد کە بە ئەوانی دواوە ڕابگەێنێ، کە گورج و بێدەنگ بە دوایدا وەڕن. لە شیوی نشیوی کێوەکەوە بەرەو خوار دابەزین.

ئاسمانی شار ببوو بە جەوڵانگەی گوللەی زەرد و سوور. ریزە مرواریەکەی ملوانەکی خیابانەکانی شار، لە یەک پچڕا بوون و تاک و توک تیشکیان دەهاویشت.

هێزی سەرەو خوار، پاڵی بە ڕێبوارانی شەوەوە دەنا و خێراتر ڕێگەیان دەبڕی. تاکوو لە لای کوچکەرەشی بوچکەوە خزانە نێو تایلە.

ئارێز لە گەڵ سێ پێشمەرگەی چوارباخیدا ماڵ ئاواییان لە سیروان کرد و ڕێگای ماڵی خۆیانیان گرتەبەر. چەند کەس لە پ.م کانی کۆمەڵەش گەڕانەوە بۆ بنکەی کۆمەڵە.

سیروان لە گەڵ هەڤاڵانی هاو گەڕەکیدا بەرەو بنکەی خۆیان گەڕانەوە.

سیروان لە پێش گزنگی دارتەلەکەی تەنیشت بنکە سەیری کاتژمێرەکەی کرد. دی کە نەختێک لە نۆی شەو لایداوە. پاش ماڵئاوایی لە هاوڕێیانی بەرەو ماڵی ڕێبین بایداوە. لە هەڵقەڕێزی دەروازەکەیانی دا. خێرا خۆشکی دەروازەی کردەوە و دایکیشی بە دوایدا هات.

سیروان: سڵاو دایە هەسارە و بەفرین خانم! چۆنن؟ باشن؟

بەفرین: سڵاو کاک سیروان! دیار نیت؟ فەرمون با بچینە ژوورەوە!

سیروان: سپاس درنگە و منیش دەبێت بگەڕێمەوە ماڵێ. بەو کاتە درنگە بۆیە هاتومە ئێرە، کە پێتان بێژم کە ڕێبین گوتی ئەمشەو ناگەڕێتەوە بۆ لاتان.

هەسارە خان: ئەیەڕۆ شتێکی بۆ پێش نەهاتو بێت، کە لێمان دەشارێنەوە؟

سیروان: نا دڵنیا بن. لە بەیانیەوە پێکەوە بووین. ئەو بەهۆی ماشینەکەیەوە کە ڕێگەی گەڕانەوەی بەرەو شاری نەبوو، لە گەڵ سێ ماشینی دیکەدا چۆن بۆ باوەرێز. ئەمشەو لە باوەرێزدا دەمێننەوە. لەوانەیە سۆزی یان دووسۆ بێنەوە.

بەفرین: دایە کاک سیروان درۆ ناکات. دڵنیابە کە کاکم ئەمشەو دوور لە تەقەی بۆردومان خۆش دەخەوێت. سپاس لەوەی ئاگادارت کردین. چون بۆ خۆت دەزانیت لەم بارودۆخەدا چاوەڕوانی زۆر ناخۆشە.

سیروان: وایە، هەسارە بە دڵنیاییەوە برۆ بنوە. شەوتان خۆش!
سیروان لە بەیانییەوە هیچی نەخواردوبوو. زوو گەڕایەوە ماڵێ و وتی دایە فرە برسیمە. هەرچێکمان هەیە بیهێنە با ساردیش بێت، هەر دەیخۆم. پاش خواردنی شێو هەندێک حەسایەوە و لە ئارامی پرسی: دەی برا گیان ئەمڕۆ لە گردیگەڕۆڵ چ باس بوو؟
ئارام: وەکوو جاران بۆردومان، کوتانی سەنگەرەکانمان، و هێرش هێنان و تێشکان. بەڵام بە داخەوە بەهمەن کوژرا!
سیروان: کام بەهمەن؟ بەهمەنی خلیچیانی خۆ تۆ دەیناسی.
سیروان: ئەری بەداخەوە! ئەویش گیانی خۆی بەخشی بە نیشتمانەکەی.
ئارام: ئەمڕۆ دوژمن فەیزاوایان تۆپباران کرد و هێرشیان بۆ هێنا. بەڵام بەرگەی بریڤانی پێشمەرگەیان نەگرت. بە زیانی زۆری گیانی و ماڵی تێشکان و هەڵهاتن.
ئەی ئێوە چیتان کرد؟
سیروان: پێشمەرگەی ئەوێ، توانی بە چەکی سووکی خۆی ئەوەێ لە دەستی هات کردی. چەکی سووک لە ئاستی تانگدا کارامە نەبوو. سەرەڕای سووتاندنی چەند ماشین و کوژرانی هێزێکی زۆری دوژمن، لە ئاکامدا دەرباز بوون و لە لای سیلۆ دامەرزان.
ئارام: هەر ئەوان بە تۆپی تانگەکانیان ئەباساوایان بە خەستی کوتا.
سیروان تەلەفۆنی لە میترا کرد، تا بە تاسەی دەنگی ئارام بەخشی خۆشەویستەکەی خۆی ببووژێنێتەوە.
میترا: خاست کرد زەنگت دا. هەر لە بیرتدا بووم. پاشنیوەڕۆ هەواڵتم لە دایکت پرسی. ئەو وتی چووە بۆ شەڕی بەرەی کەلی سەڵواتاوا. زۆر نیگەرانت بووم. چەند جار چوومە بنکە بەشکو هەواڵێکی تازەی ئەوێ بزانم. ئەگەر تاکوو تاوێکیتر دەنگت نەبوایە، دووبارە تەلەفۆنم دەکردەوە ماڵتان.
سیروان: ئێستا ئارام بگرە و بە هێمنی بنو، بۆ ئەوە وزە بگری بۆ بەیانی کاتی ژوان. سڵاوی گشتیان بگەینە! ئەمشەو ئامێزی خەون و ئارووم بۆت دەکەمەوە. دەمەوێت هەتاکوو بەیانی لە جیهانی خەونەکانمدا بیت. لە ناخی شەپۆلی زریای دووریدا ڕێنوێنیم کەی بەرەو ئارامی. لە ژووری گەرمی ئەوینمدا بە جێت دەهێڵێم و شەو و خەوت خۆش خۆشەویستم!
میترا :شەوی تۆیش خۆش هەناوی دەروون و گەرای هیوای ژیان. تا بەیانی بە ماچ گوڵبارانت دەکەم.

## بەشی٢٠

ڕۆژی هەینی(ئاناهیتاڕۆژ)ی ١٩یگوڵانی ٢٦٨٠ی کوردی ڕۆژی فرەوەشی، فرەوەرد، فروهەر، بریڤانی و ڕاوستان بە ئەستوی فرەوەییەکانە بۆ پشتیوانی و پەنادان. ٩ی مای ١٩٨٠ی زاینی

تیشکی زێڕینی هەتاو پەیامی فرەوەشی، فروهەری بریڤانی و راوستان. لاپەڕی پاپۆ و پشتیوانی گەلی، بۆ پێشمەرگە و بریڤانی لە کرداری راست دژ بە درۆی رژیمی کردەوە. کۆرپەی کولۆلی ژیانی نا ئاسایی، بە دڵە بچکۆلانە و چاوانی جامی ترسی، کە دیلی سووچێکی تاریکی ژێرخان ببوو. لە هەر دەنگێکی تەقە و ئاژین بوونی گوللە تۆپێک، یان شەقەی باڵی مەرگی هێلیکوپترێک، وەکوو شوڕەبی بەر رەشەبا دەلەرزا. بە دڵەخۆرپەوە بۆ ئەوەی رۆژمێری ژیانی لە بیر نەچێت، هەموو بەیانییەک ئەنگۆست و قامکێکی پەنجەکانی دەست و پێ رەنگ دەکرد.

ئەم بەیانییەش بە رووناک بوونەوەی ژێرخانەکەیان، بەتیشکی هەتاو لە دەلاقە شڕەکەیانەوە. کە شوشەکانی بە شەپۆلی ئاژین بوونی تۆپباران شکا بوو، و بە نایلۆنی چڵکن، رێگای میوانی خۆڵک نەکراوی تۆز و سەرمایان پێبەسبوو. بەدەنگی قەتیسماو، و پڕ لە سۆزی خەمەوە هاواری کرد.

دایە! دایە! هەموو پەنجەکانی دەست و پێم رەنگ کرد. ئیتر قامکم نماوە کە رەنگی بکەم. ئاخۆ ئیتر سۆزی بەیانی بۆردوومان تەواو دەبێت؟!

چاوانی خۆرئاوای دایکی کە مرواری ئەسرینی هەڵدەوەراند. پەنجەی رەقی خەم و پەژارە، ناخی دەگووشا. هەرچێکی کرد کە وڵامی منداڵە هەشت ساڵەکەی بداتەوە دەنگی دەرنەهات.

هەرین، ئەستێرەی خامووشی ژێرزەوین، بە توڕەییەوە رابۆ و وەکوو هەورەبرووسکە گرماندی بە سەر دایکیدا و گوتی: دایە لە گەڵ تۆمدا بوو!

دایکی هەژاری بە لفکەی کراسەکەی، شەتاوی چاوانی سڕی. بەیەک دوو کۆخەی پرهێز گریی نێو گەرووی تاراند. لە کاتێکدا دەچوو هەرین لە ئامێزی ئەرخەیانی خۆی بگرێ وتی: رۆڵە گیان دڵی دایە، خەمت نەبێت گیانا، لە سبەیرا یەکیەک پەنجەکانی منیش رەشکە. گەر ئەوانیش بەشی نەکرد، دیواری ژێرخانەکەش بە هێڵی رەنگی بنەخشێنە تا ئەهریمەنی شەڕ وازمان لێ دێنێت .

هەتاو تیشکی پڕتینی خۆی دەهاویشتە نێو ژێرزەوینە تاریک و ساردەکانی باوەشی دایکی شار. هێدی و ئارام لەشی تەزیوی کزەی سەرمای شەوی دەبووژانەوە. بەڵام شار وەک جاران زیندو نەبوو. فرەویریەکانی کپ و بێدەنگ ببوون. نەخرۆشاوەی مابوو، نەئاهەنگی گروکاڵ و نە پێکەنینی وزەی ژیانی کۆمەڵگا. نە منداڵە چاو گەشەکان مزگانی ڤەژینیان دەدا. نە هێزی هاتوچووی ژیان و کار بە ئارەق رشتن، رەورەوەی ژیانیان دەسووڕاند.

دایکی شار لە ماڵی خۆی نامۆ بوو. جگە لە تاک و توکێک لە خەڵک کە بە دوای بژیو و تەدارکی خواردەمەنی لە هاتوچوودا بوون، ئیدی کەس جگە لە پێشمەرگە و پارێزەرانی شار وەدی نەدەکرا.

سیروان بەیانی هەستی بەوە کرد، کە ئەمڕۆ هەژمارێکی زۆرتر هێلیکوپتر بە سەر ئاسمانی شاردا دەسوڕێنەوە. راژەی بۆردوومانیش پڕترە. لە پڕ نیگەرانی هاتنی میترا لەم ئاگربارانەدا، مێشکی تەزاند. وا بیری کردەوە: ئەری من بۆ ئەو کچەم خستوەتە مەترسی؟ لەم ئاگربارانەدا دەبێ بە دوایدا بچم. زنگی بۆ لێدا. میترا بۆخۆی وڵامی دایەوە.

سیروان: میترا گیان! لە ماڵێ وەدەر مەکەوە تاکوو دێم بە دواتا.
میترا: بۆچی؟ خۆم دێم!
سیروان: نا ئەو کارە مەکە چۆن حەزدەکەم خۆم بێمە شوێنت. باشە ! میترا: باشە.
سیروان بە شێوازی خۆی رۆیشت تا گەیشتە ماڵی میترا. کاتێک وەژوور کەوت تەنیا میترا و دایکی لە ماڵدا بوون.
کا میروەیس و ماریانۆیش چووبوون بۆ ماڵی خزمێکیان.
کاتێک میترا سیروانی دیی، بزەی سەر پەڕەی گوڵی لێوی پشکوت. چاوی گەشی وەکوو دارستانی بەهاری بەر تیشکی خۆر، دەدروشایەوە.
بە زەردەخەنەیەکی هەرژی وتی: دڵت، هێز و توانای چاوەڕوانی نەبوو، یان نیگەرانی باران و تەرزەی ئاگری ئاسمان بووی.
سیروان بە بزەیەکەوە کە هەموو دەمارەکانی روومەتی پێدەکەنین گوتی: هەر دووکیان! چۆن دەبێت خۆشەویستەکەم لەم ئاگربارانەدا بە تەنیا رێبواری ژوانم بیت؟ وەرە با بچین کۆلان بە کۆلان، لە ژێر پاساری بن دیواران. تا دەگەینە رووگەی ژوان. بۆ ئەوە ئەوین و شەڕ بە چارەنووسمان بدورێنینەوە.
گیزەی گوللە، وەک زەردەواڵە بە بن گوێدا دەڕۆیشت. هاژە و لوشەی گوللە هاوەن و تۆپ، و نرکەی ئاژین بوونیان، بۆنی باروووت و تۆز، تامی مەرگیان دەدا. ژینگەیەکی وا پڕ لە مەترسییان ئافراندو بوو، کە ترس شوێنپەنجەی بە سەر هەموو لایەکەوە دیار بوو.
میترا و سیروان لە ژێر کەڵکەپاساری کۆڵانەکاندا، خۆیان گەیاندە ماڵی سیروان. ژێرخانەکەیان کرد بە ژوانگا.
سیروان بە میترای وت: خۆش هاتی هیوای ژینم، تیشکی هەتاوی ئەوینم. ئەی فریشتەی خۆشەویستی، دامرکێنە ئاگری دەروونم. بە سۆزی ماچی دڵداریت، ساڕێژ کە زامی ئەوینم. لە تاریکی ئەم ژورەمدا، دڵ خەمبار و بریندارە. زۆردەمێکە چاوەڕێ، هەتاوی دیداری یارە.
دایکی سیروان هاتە پیریەوە ولە ئامێزی گرت و وتی: وەویە شیرینەکەم! ئەی تیشکی ژیان! وەش ئامای سەرو چەمان. بەیارمەتیتان من هەندێک کاری خۆم هەیە، بمبوورن کە ناتوانم ئێستا لە خزمەتتدا بم. ئێوە بۆخۆتان قسەی خۆتان بکەن. سیروان گیان لە دەزگیرانەکەت میواندارەی بەکە! دەی جارێ لای ئێوە خۆش.
میترا: دایە ئامێدیا! پڕ بە دڵ ئێژم، ئەگەر کارێکت هەیە، پێم بێژە با بێم بۆ یارمەتیت؟
دایە ئامێدیا: نا گیانەکەم کارێکم نییە. سپاس!
ئەوسا ئەوانی بە تەنها بە جێهێشت. ئەو وای پێباش بوو کە ئەوان بە تەنیایی ئازادتر و باشتر دەتوانن دەردی دەروونی خۆیان بۆ یەکتر هەڵڕێژن.
سیروان سەری میترای لە سەر سینگ و دڵی خۆی دانا. بە پەنجەکانی پرچە کاڵ و کرچکەی وەکوو شانە دادەهێنا. راز و نەهینی دەروونی ئاخنراوی لە خۆشەویستی بۆ دەگێڕایەوە. یان سەری لە باوەشی میترا دادەنا و سەیری چاوانی پڕ لە نیاز و ئەوینی دەکرد. گوێی لە دەنگە نەرم و نیانەکەی رادەگرت و پێی دەحەسایەوە.

سیروان لە نێو زریای مەنگی چاوانی میترادا نوقم بوو. دەروازەی ئاروو و خەونی بۆ ئاوەڵا دەبوو. تا دەهات بارسایی شەپۆلەکانی زریاش ئەستورتر و بە تەوژمتر دەبوون. بە پەڵەقاژە دەیەویست خۆی بگەێنێتە دوورگەیەک، دوور لە شەڕ. دوور لە بۆنی مەرگ و ماڵوێرانی. دوورگەیەک پڕ لە ژیان و دەست لە دەستی میترا، وەک پەپولە لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ بفڕن. بێ ئەوەی کەس یان سروشت ڕێگریان بێت. لە پڕ دەروازەی ئارووی لێدەبەسترا و نەدەهێشت لە نێو خەونەکانیدا بژیت. هێوەر بووەوە و لە مێشکی خۆیدا دەیگوت: ئای لە مرۆڤ چەندە خۆویستە؟ تەنها بیر لە ژیان و بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە. بۆ نیشتمانەکەمان نەبێت بە دوورگەیەکی پڕ لە خۆشەویستی و ڕێز؟ پڕ لە ئاشتی و ئارامی، کە مرۆڤ بتوانێت نەخشەی داهاتوی ژیانی خۆی تێدا داڕێژێت؟

دوور لە شەڕ و شیوەن، و زەبروزەنگ و نابەرابەری. دوور لە چەوسانەوە و خۆویستی مرۆڤ، یان دەستەڵات پەرەستی. بۆ نەبێت بە ژینگەیەکی گشتی. بە ئاشتی و ئارامی ژیانکردن، بۆ مرۆڤ و گیانداران؟

لێوانی وشک و تینوی سیروان، بەکانیاوی هەرژی خۆشەویستەکەی پاراو بوو و گەڕایەوە نێو جیهانی راسڵی خۆی. بە بزەوە وتی: من لە دەریای مەنگی چاوانتدا ون بووم، کە چی خۆم لە دوورگەی پڕ لە ژینی لێوانتدا دۆزیەوە.

میترا: دەزانم! من لە نێو پەیڤی خۆمدا پرسیارم لێت کرد، کە چی وڵامێک، ئەری یان نەرییێکم لێت نەبیست. ئەوسا هەستم کرد کە من بۆ خۆم دەدوێم و تۆیش تەنیا سەرت لە ئامێزی مندایە. بیر و ئارووت باڵەوازەی دەرەوەی ئەم ماڵ و ئامێزەیە. بۆیە ویستم بە لێوانی هەرژی ئەوین بتبووژێنمەوە و بتگەڕێنمەوە ئامێزی خۆشەویستی خۆم. دەزانی گیانا دوایین نەهێنیم چییە؟

سیروان: نا! هەر ئێستا باسی کە گیانە.

میترا: دواین نەهێنیم ئەوەیە کە هەرگیزا و هەرگیز لە بیرت ناکەم. وا تۆ، تووی خۆشەویستیت لە دڵمدا چاندوە، کە لە نێوی دەمارەکانم، ئێسکم و خوێنمدا تەینا سیروان دەڕوێت و بەس. نازانیت چەندە خۆشحاڵ و خۆشبەختم کە وا کەسێکم هەیە کە دڵی بۆم لێدەدات. خۆشمی گەرەکە. من شانازی بەوە دەکەم ئەویندای تۆم. بۆیە پەیمانم بە خۆم داوە کە بۆ هەر کوێ بچیت لە گەڵتدا دێم بە زیندوویی بێ یاکوو مردوویی.

سیروان: منیش بەوە خۆشحاڵم کە لە هەڵبژاردنی هاوڕێ و هاوسەری داهاتوی خۆم هەڵەم نەکردوە. ئەو رۆژانەی کە تۆم دی و هێدی هێدی ئەوینی تۆ لە نێو دڵمدا چەکەرەی بەست. بەنیازی حەزلێکردوویی و دۆستی کچی کاتی نەبووم.

من بۆ هەڵبژاردنی هاوژیانم، ئەو کارەم کرد. ئێستەش خۆم بە بەختیار دەزانم کە زۆر لە یەکتر نزیکین بە کردەوە و رەوشێکی هاوبەش. لە سەر ئەوەش سوور و دڵنیام کە ئەم خۆشەویستیمانە لە ساڵانی داهاتودا، پتوتر و خاراوتر دەبێت. تاکوو ببێ بە ئەوینێکی هەمیشە زیندو و هەرژی.

میترا: ئەم چەند کاتژمێرەی ئەمڕۆ، هەر چەند لە چاو تروکانێکدا تێپەڕی. بەڵام بۆ من لە خۆشترین کاتەکانی تەمەنم بوو. لە ئامێزی گەرمی تۆدا هەست بە ئارامی و دڵنیای دەکەم. ئێستە دەزانم کە چەندە بە تۆ پێویستم هەیە. ئاخۆ چیبکەم ژیانی بێتۆ؟

ژیانم دەبێت بە تەمەنی ماسییەک کە بێ ئاو بمێنێتەوە. هەر چەند حەزدەکەم لە لای تۆدا بمێنمەوە، و هەناسە و تینی لەشت هەست پێبەکەم. بەڵام دەبێ بگەڕێمەوە. بە بابم بەڵێنم داوە کە پاش نیوەڕۆ لەوێ بم .

سیروان: گیانا! هەر جۆرێکت پێ باشە. خۆم دەتبەمەوە.

میترا هەستا و سیروانی لە ئامێز گرت و رایمووسی گوتی: کاتێک کە بە زوان مالّ ئاوایت لێدەکەم، هەر لە ئەو کاتەدا دڵم تاسەت دەکات. باشترە خێرا بچم بۆ لای دایە ئامێدیا و ماڵاوای لێبکەم و ئەوسا رێکەوین.

سیروان دایکی بانگ کرد! ئەویش هات. دی کە میترا خۆی گورج کردوتەوە دەیەوێ بگەڕێتەوە ماڵی خۆیان. لە ئامێزی گرت و هەر دوو گونای راموسی وتی: خانمە شیرینەکەم ئاگات لە خۆت بێت. زوو زوو وەرە بۆ لامان. من جیاوازییەک لە ناڤینی تۆ و منالەکانی خۆم نابینم. زۆر لە دایک و باوکت بپرسە و سڵاویان راگەینە .

سیروان و میترا کۆڵان بە کۆڵان بەرەو چوارباخ رۆیشتن. هێلیکوپترەکان وەکوو هەمیشە بە سەر شاردا دەسووڕانەوە و تەقەیان لە هەر شتێک دەکرد کە جووڵەی بکردبایە.

سیروان لە کاتێکدا دەستی خۆشەویستەکەی گرتو بوو و دوور لە دیدی هێلیکوپترەکان بە وریاییەوە رێگایان دەبڕی.

لە یەکی لە کۆڵانەکانی چوارباخدا سێ میرمنداڵیان دیی کە بە پەلە هەڵدەهاتن و خێرا خۆیان کرد بە نێو دەروازەیەکدا. چمەس هێلکوپترێک ئەوانی کردوە بە ئامانج و سێرەی خۆی.

ئاگری هاوێشتنی راکتی هێلیکوپترەکە بە سیروانەوە دیار بوو. ئەویش دەرفەتی ئەوەی نەبوو کە بە میترا بڵێت، بە خێرایی میترای خستە نێو دەروازەیەک و خۆی راکێشاند بە سەریدا. هاوکات دەنگی ئاژینبوونی راکتەکە، و شەپۆلی وردەبەرد و پریشەی پارچە ئاسن بە لای گوێیاندا گیزەی هات، و تۆزی لە دیوارەکەی تەنیشتیان هەڵساند. دەنگی هێلیکوپترەکە دوور کەوتەوە.

سیروان هەموو ئەندامانی لەشی جووڵاندەوە تا دڵنیا بێت کە بریندار نەبووە.

هەستی کرد جگە لە تۆز و خۆڵی دیوارەکە کە بە سەر و جلوبەرگیدا نیشتو بوو، مەترسییەکی تر نییە.

بە میترای وت: میترا نە پێکراویت؟

میترا: نا هەست بە ئێش ناکەم. هەر دووکیان هەستاند. سیروان تۆز و خۆڵی سەر پرچ و کراسە کەسکەی میترای تەکاند. کای کاگڵ و خۆڵی نێو شەپۆلی قژەکەی میترای لابرد. لە کاتێکدا سرنجی چاوە ماتەکانی میترای دەدا وتی: گیانا! بمبوورە کە دەستم پێیوە نای. چون دەرفەتی ئەوەم نەبوو کە بە زمان پێت بڵێم راکێشە. ئەگەر لەو کاتەدا ئێشت پێگەیشت دووبارە ببوورە.

میترا: دەڵێت چی سیروان؟ تۆ گیانی منت لە مردن رەزگار کرد. سەیری نێو رێگاکە بکە کە چۆن بە گوللە کێڵدراوە! ئەگەر بە تەنێ ببایام ئێستا کوژرا بووم یان کەلەلا. جگە لەوانەش تۆ خۆتت کرد بە قەڵخان بە سەر لەشمدا، واتە تۆ گیانی خۆتت خستە مەترسی بۆ ئەوەی من بپارێزی. ئای سیروان بۆ ئەو کارەت کرد. زمانم لاڵ! گەر

کارەساتێکت  پێش بهاتبا و تۆم لە دەست بدایە چیم بکردایە! هەر لە ئێرە خۆم دەکوشت.
سیروان: بیری لێمەکەوە. ئەمجارەش بە لای گوێماندا دەرچوو. سێ میرمندالەکانیش هیچیان لێ نەهات. بەس زیانی ماڵی لە دیوار و دەروازەی ئەو ماڵە کەوت.
کاتێک ئەوان گەیشتنە ماڵی میترا، باوکی و ماریانۆیش گەڕابوونەوە. سەرەڕای سڵاو و خۆش دۆشی گەرم و گوڕ سیروانیان دانا. دایکی میترا گوتی: تا شێومان لە گەڵ نەخۆی ناهێڵم بگەڕیتەوە ماڵی خۆتان. ئیتر نابێت لە ماڵی ئێمەدا شەرم بکەی.
کا میروەیس ئاخاڤتن و باسی رۆژی دامەرزاند و وتی: فەرماندەی گشتی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی واتە بەنی سەدەر. کابرایەکی سەرگورد کە سادیسمی خوێن رشتنی هەیە بە ناوی سەیادی شیرازی، بە پێشیاری چەمران، دوو پلە دەرەجەی پێدەدات و دەیکات بە سەرلەشکەر. ئەوسا دوو لەشکەری پێدەدا بۆ ئەوە کە کوردستانی بۆ سەرکوت بکات.
سەیادی شیرازی لەو دوو لەشکەرە، نیوەیانی دا بە کوشت بەبێ دەستکەوت. کاتێک بەنی سەدەر پرسیاری لێدەکات بۆ ئەو هەموو هێزەت دابە کوشت؟
ئەویش لە وڵامدا دەڵێ:" ئەوان دەچن بۆ بەهەشت" ئەو بیروڕای سەیادی شیرازی و فەرماندەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامییە. ئەوان کاریان ئەوەیە کە منداڵانی خەڵک لە هەزاران کیلومیترەوە بهێننە ئێرە، و لە دەروازەکانی کوردستاندا پاسپۆرتی بەهەشتیان پێبدەن. لەوە دەچێ کە ئەوان کوردستان بە بەهەشت بزانن. راستە کوردستان بەهەشتی خەڵکی ئازادیخوازە و دیموکراتی گەلانی پێشکەوتوی ئێرانە. بەڵام لە هەمان کاتدا دۆزەخی پاشەڕۆ و کۆنەپەرەستانی ئێرانیشە.
لەو کاتەدا ئەوان سەرقاڵی باسکردن بوون. میترا رۆیشت سەری شوشت و کراسێکی بەرەنگێ گەرمی بەهاری لە بەر کرد. کە بوو بەهۆی ئەوە روومەتی گەشتر و جوانتر بێتە پێش چاوان. ئەویش لە کۆڕی باسەکەیاندا بەشدار بوو. لە بەرانبەری سیروانەوە رونیشت. نە ئەو نە سیروان لە سەیر و سەرنجی یەکتر تێر نەدەبوون. هەر چێ زۆرتر یەکتریان دەدی فرەتر شێت و شەیدای یەکتر دەبوون.
میترا و دایکی ئەم ئێوارەیە گەلێک زووتر لە رۆژانیتر خوانی شێویان راخست. ئەو کارەشیان بە بۆنەی سیروانەوە بوو. چون میترا دەیزانی کە ئەمڕۆ ئاگای لە رەوەندی بریڤانی بە باشی نییە و لەوانەیە کە زوو بچی بۆ پەیجۆری و لێکۆڵینەوەی بارودۆخی شەڕ.
هەر واش بوو. میترا ئەوی باش دەناسی. پاش واردنی شێو بۆ ماوەی کاتژمێرێک لە لایان دانیشت و ئەوسا ماڵ ئاوایی لێیان کرد.
میترا تا بەر دەروازەکەیان رەوانەیکرد.
سیروان ئەوینەکەی تێر و پڕ لە باوەش گرت بە چەند ماچێک وزەی ماڵاوایی لێگرت.
میترا کە بە درێژای رۆژ لەگەڵ ئەوینەکەی بوو، لە پڕ هەستی بە تەنیاییەکی ئەوتۆ دەکرد.
سیروان لە نێو رێگا بیری لەوە کردەوە کە بچێ بۆ بنکەی ئەم گەڕەکەتاکوو بزانێت چ باسە. لە نێو بنکە لە تەنیشت کوڕێک روونیشت و خەریکی قسەوباس بوون، دوو کۆنە

ناسیاوی دی  کە هاتن بۆ لای سیروان. هەر وەها ئاریز و چنووریش لە سووچێک دانیشتو بوون.
هاوڕێکی چنوور کە سیروانی دی، بە چنووری ڕاگەیاند! چنوور ئەوە کاک سیروانی هەڤاڵتان لەوێ دانیشتوە! هەر سێیانیان هەستان و هاتن بۆ لای سیروان. ئیتر سیروان هەستی بە نامۆیی نەدەکرد. باس و گێڕانەوەی هەواڵەکان گەرم ببوو. هەندێک بلاۆک و هەواڵنامەیان بە سیروان دا.
سیروان بە ئەسپای بە ئاریزی وت: ئەرێ چ بەرنامەیەکت بۆ شەو هەیە؟
ئاریز: هیچ بەرنامەیەکم دانەڕشتوە.
سیروان: دەهەستە با بچین بۆ ماڵی ئێمە. ئەوان هەستاند و چنوور و ئەسوورای هاوڕێیش لە تەک ئەوانە هاتنە دەرێ.
ئەسوورا، ماڵیان لە کۆلانی ماڵی چنوورە، و هەروەها دۆستی میترایشە. ئەو ئاگای لە خۆشەویستی ئەوان بوو. لەتەک سیرواندا خەریکی ئاخاڤتن بوون کە ئاریز چووە ژوورەوە بۆ ماڵئاوایی لە بنەماڵەی چنوور.
ئەسوورا: تا ئاریز دێتەوە من لات دەمێنیمەوە، بۆ ئەوە بە تەنیا نەبیت.
سیروان: سپاس! ڕاستی کام دەروازە ماڵی ئێوەیە؟
ئەسوورا: هەر ئەم دەروازەیە کە لە بەریا ڕاوستاوین.
سیروان: باشە ڕێگاکەت دوور نییە.
ئەسوورا: وایە! ڕاستی کاک سیروان قەدری میترا بزانە، فرە کەنیشکێکی خاسە. هەموو کەس لەم گەڕەکە بە ژن و پیاوەوە خۆشیان گەڕەکە. تایبەت هەموو کوڕانی گەڕەک بە تۆ چاوچنۆکن، کە میترا تۆی خۆشدەوێت.
سیروان: لە ڕۆژی یەکمەوە من قەدەر و بایەخی ئەوم زانیوە. ئەو ئاو و هەوایە بۆ ژیانی من. واتە بەبێ ئەو من بوونم نییە.
لەم کاتەدا ئاریز هاتە دەرێ و لە تەک سیرواندا ماڵ ئاوایان لە ئەسوورا کرد، و بەرەو ماڵی سیروان وەڕێکەوتن.
ئاریز: بۆ فراوین بانگهێشتنی چنوور بووم، و لەوکاتەوە پێکەوەین. پێش نیوەڕۆیش لە ئاخەزەمان خەریکی لابردنی دار و پەردوی ماڵێک بووین کە بە گوللە تۆپ ڕوخا بوو. بە خۆشیەوە هیچ زیانێکی گیانی نەبوو. لەو کاتەدا کە خەریکی کار بووین، گوللە هاوەنێکی ١٢٠ میلی لەو نزیکانەوە تەقییەوە و بوو بە هۆی کوشتنی یەککەس، و بریندار بوونی چوارکەسیتر. کە سێیانیان ئەندەمی بنکەی ئاخەزەمان بوون. یەکێک لەو بریندارانە ئەو کوڕە خۆش قسەیە بوو کە دوێنێ لە سەلۆاتئاوا لە گەڵماندا گەڕایەوە شار.
سیروان: نەکا مەبەستت ڕۆهات بێت؟
ئاریز: ئەرێ خۆیەتی! بەڵام برینەکەی کاری نییە. هەر ئێستا لە دەرمانخانەیەک لە گەڕەکی خۆماندا دەرمان دەکرێت. لە گەڕەکی گەلەخانیشدا، گوللە هاوەنێک لە نێو ماڵێکدا دەتەقێتەوە، و دەبێ بەهۆی ڕوخاندنی ماڵەکە و سێکەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەش دەمەودەست دەکوژێت. دوو گوللە هاوەنی دیکەش دەکەونە نێو مەرزاکانی چۆمەکە و بەبێ زیان ئاژین دەبن.

ئەمڕۆ بۆردومانی ئەم دەڤەرە لە جاران زۆرتر بوو. بەڵام کەس ڕێژەی زیانەکانی نازانێت. بڵاوک و هەواڵنامەکانی ئەمڕۆم پێیە. دەتوانین بیان خوێنینەوە کاتێک گەیشتینە ماڵێ.

سیروان کە گەیشتە ماڵی خۆیان گورج تەلەفۆنی لە میترا کرد. چون بەڵێنی پێدا بوو کە دڵنیای بکات. پاشان بە ئارێزی ڕاگەیاند کە تەلەفۆن، لە چنوور و ماڵی بابت بکە کە ئەوانیش دڵنیا بن.

ئارێز خێرا و بە کورتی هەر دوو ماڵی لە شوێنی خۆی ئاگادار کردەوە. کە دانیشت چەپکێکی نووسراوەی لە گیرفانی پانتوڵەکەی، هێنا پێشەوە و گوتی بە یارمەتیتان گەر حەز دەکەن گوێ لە دەنگ و باسی ئەمڕۆی شار بگرن، تا ئەم هەواڵنامەیە بخوێنمەوە؟

کا ئاریان باوکی سیروان لە وڵامدا وتی: زۆر کارێکی بەجێیە. خۆ ئێستا لە ڕاگەیاندنەکانی جیهان بێ بەشین. ئاگامان لە بووێر و گۆڕانکارییەکانی گۆێ زەوینیش نییە. فەرمو ئارێز گیان.

ئارێز: بەسەرچاوانم! هەواڵنامەی٣٧ی کۆمەڵە

"ئەمڕۆ پێشمەرگەکان بە چەکی قورس و ئارپیجی هێرشیان کردە سەر یانەی ئەفسەران، شوێنی ستاروی هێزەکانی ڕژیم. کە بە چەکی دووربیندار تەقە لە خەڵک دەکەن. لەم شەڕەدا نەزاندراوە کە زیانی گیانی دوژمن چەندە.

ئەمڕۆ هێزەکانی ڕژیم دەیانەویست بەرزاییەکانی کوێراوا لە نزیکی پادەگانەوە داگیر بکەن. لە پێشدا ئەو دەڤەرە و بەرزاییەکانیان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک بە چەکی گران بە خەستی کوتا".

ماڵەکانی نێوانی کوێراوا و پادەگان، هەروەها گردیگەڕۆڵ لەم ماوەی بیست ڕۆژەدا زۆربەی زۆری رووخاون. لە کەلاوایەکی گەورە و شارۆچکەیەکی ویران بەولاوە شتێکی نەمابوو. دانیشتوانی ئەم گەڕەکانەش لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕدا کوچیان کردو بوو." بە وتەی پیرەژنێکی خەڵکی ئەو گەڕەکە. کە مێردەکەی و دوو منداڵەکەی لە دەست دابوو. بەپێخواستی و پایپەتی خۆی گەیاندو بووە دەرەوەی کوێرئاوا. لە سینگی خۆی دەدا و بەچنگ هەردوو کوڵمی هەڵدەڕنی، بە ئاهەنگی چەمەری مێرد و مناڵەکانی دەلاوانەوە، دەیگوت: "بزانە بەختەکەم چەنێ شەڕە، کۆچم ئاوێتەی کۆچی سەگوەڕە "

ئەو گەڕەکە گەورانەی سنووری پادەگان بە گشتی هەزار نشینن. خەڵکەکەشی زۆربەیان لادێی بوون. کە ماڵ و ژیانی خۆیان بە جێ هێشتوو بوو، بە هیوای ژیانێکی ئاسوودە و ئارامتر، و دەرفەتی خوێندن بۆ زاۆەکانیان رویان لە شار کردو بوو. بەڵام خەونەکەیان لە ئاکامدا بە بەهای مەرگیان تەواو بوو. گەڕەکەکەیان شەو و ڕۆژ لە ژێر ئاگربارانی هێزە مرۆڤ کوژەکانی ڕژیم بە فتوای مەلاکانی قوم و تاراندا بوون. ئەو هەژارانە ڕێگای دەرباز بوونیان نەبوو. ئەگەر لە ڕێگا راستەوە بەرەو پادەگان برۆشتایەن، بەگوللەی ئەرتەش و پاسدار دەکوژران. یان بە دیل دەگیران. دوایش بە ناوی دژ بە شورشی ئێران، لە سێدارە دەدران. ئەوسا بە ناوی پێشمەرگەوە لە ڕاگەیاندنەکانی ئێراندا شاگەشەیان پێوە دەکردن. تا ورەی رووخاوی هێزەکانیانی پێ ببووژێنەوە.

هەروەها لە هەورازەکانی گردیگەڕۆڵەوە نەیان دەتوانی لە رووناکی رۆژدا هەڵبێن. بۆ ئەوە دوژمن لە پشتەوە دەستڕێژی لێیدەکردن. تەنیا لە تاریکی شەودا ئەوەکەسەی کە بیتوانیبا لەو هەورازەوە خێرا دەرباز بێت، بەختی مانەوە هەبوو. ئەوانەی کە بە هێز و گوڕ بوون و توانی بوویان دەرباز بن دەیان گێڕاوە:

خەڵک لە ماڵی خۆیدا کوژراوە و بۆنی کردوە. سەگگەڵ گۆشتی مرۆڤ دەخون و هار بوون. ئەوانەش کە هێشتا زیندون. بەبێ ئاو و خواردەمەنی خەریکن لە برسیدا دەمرن. ئەوانەی کە بە بۆردوومان بریندار بوون، ئاکامیان هەر مەردنە و مەرگە کە باڵی بە سەر ئەو گەڕەکانە راکێشاوە.

هێرشی ئەرتەش و پاسدارەکان بۆ داگیر کردنی کوێرئاوا. لە لایەن پێشمەرگەکانەوە تێدەشکێ و بە سەرشۆڕیەوە هەڵدێن. تەنانەت نەیانتوانی هەموو کوژراوەکانیان ببەنەوە.

تاکوو سەیادی شیرازی پاسپۆرتی بەهەشتیان پێبدات. کاربەدەستانی رژیم ئەوانیان لە دۆزەخی سنەدا بە جێهێشت، بۆخەڵکی مێهرەبانی ئەم شارە، کە بە رێزەوە ئەسپەردەیان بکەن.

" هەر وەها ئەمڕۆ سێ چەکداری رژیم بە چەکەکانیانەوە هەڵاتن و خۆیان دا بە دەستی خەڵکەوە، بە سێ چەکی ژ٣ و هەشت دراخ گولله.

دوێنێ شەو لە کاتژمێری دەونیودا ئەرتەشی دژ بە مرۆڤ ئاگاداریکی لە رادیو و تێ ڤێ رژیمەوە بڵاو کردەوە.

کە گوایە دژ بە شوڕش خەریکن لە شار هەڵدێن. (ئەی خەڵکی شاری سنە پێشیان پێبگرن). خەڵکی شار بە بیستنی ئەم ئاگاداریەی ئەرتەشی خوێنرێژ تورە دەبن و لە بنکە و مزگەوتەکان کۆ دەبنەوە و دژ بە پروپاگەندەی رژیم خۆپیشاندان دەکەن. هەروەها پشتیوانی خۆیان لە پێشمەرگە دووپات دەکردەوە.

دەیانگوت: هەر رێکخراوەیەکی رامیاری کە دەیەوێ لە شار دەباز بێت چەکەکانیان بدەن بە ئێمە.

ئێمە بۆ خۆمان لە ماڵ و شارمان بریڤانی دەکەین. بە هاوار و دروشمدان داوایان لە پێشمەرگە دەکرد هەتا دواین فیشەک خەڵکی شار بپارێزن. بەم شێوەیە رەق و تورەی خۆیان دژ بە درۆەکانی ئەرتەش دەردەبرِی."

بۆردوومان رۆژ بە رۆژ پەرە دەسێنێت. بە هەژماری برینداران زێدە دەبێ. دەرمان و کەرەسەی نەشتەرگەری تەواو بووە یان لە تەواو بووندان. دەرمانی بێهۆشکردن بۆ نەشتەرگەری دەست نەدەکەوت. بۆ دەرهێنانی گولله، یان پارچەیەکی هاوەن...لە نێو لەشی بریندارانداندا، دەبێ تا نەشتەرگەریەکە تەواو دەبێت، بریندار دانی بە جەرگیا بنێت. چارەی نەبوو. ئەمەیە بارودۆخی قەڵاچۆ کردنی شارێک.

ئاسمان سینگی رووتی خۆی بۆ رەمبازی ئەستێرەکان ئاوەڵا کرد. تیشکی زەردەپەڕی رۆژیش لە لۆتکەی چیا و کەلەوە بە خەمی زەردەوە کۆچی کرد. شنەی بای شەماڵیش دەشنێ و بۆنی خۆشی گوڵ و گیای کێوستانی بە تامەزرۆی بەهارەوە دەهێنا نێو شار. کۆڵان بە کۆڵان و جادە بە جادە خۆی دەکردە ماڵاندا. لە شوشە شکاوەکانی پەنجەرەی

ماڵانەوە بە زۆر خۆی دەکرد بە میوانی خەڵک. بۆنی بارووت و مەرگی بۆ دەمێکی کورت لە لوتی خەڵکدا دەسڕییەوە.
ڕەوتی وەهاری ڤەژین دەکرد. سکڵی سووری هیوای ژیانی دەبووژانەوە. ئاواتی گەش دەکردەوە. بیست ڕۆژ ژیانی یەکجۆری ژێر بۆردوومان. دیلی زیندانی ژێرخانەکان، ببوو بە ژیانێکی ئاسایی. خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ لێبێزار و زیز دەبوون. چ کەردەن ئەم ژیانەیان گەلێک پێ خۆشتر بوو تاکوو لە ژێر دەستەڵاتی ڕەشی ڕژیمدا بە سەگە مەرگێ بژین.
مەرگی نێومالّی خۆیان بە سەربەرزی پێ خۆشترە تا بەندیخانەکانی دوژمن، لە ژێر ئەشکەنجەدا مردن.
ئارێز: ئەوە ئاسمان پڕە لە جریوەی ئەستێرەکان. ئارامی ئەویندارى ئەستێرەش بەم زووانە دەگەڕێتەوە. دایە نیگەران مەبە.
زەنگی دەروازە لێدرا.
دایکی: ئەوە زەنگی ئارامە! ئۆخەی ئەمڕۆش مناڵەکانم گەڕانەوە.
ئارام سڵاوی کرد و لە جێگای خۆی روونیشت.
ئامێدیا خانم خوانی شێوی راخست و وتی: وەرن شێوەکەتان بخۆن.
ئارێز: دایە گیان دەستت خۆش بێت ئەمن ئێوارە لە ماڵی چنووردا شێوم خوارد. نۆشی گیانتان بێ ئەمن تێرم.
سیروان: منیش هەروا دایە! تریفەخانم دایکی میترا تا لە گەڵیاندا شێوم نەخوارد ڕێگەیان نەدا کە بگەڕێمەوە. نۆشی گیانی خۆتان بێت.
ئامێدیا: باشە! من بەشتان دادەنم. هەرکاتێک برسیتان بوو بۆ خۆتان بیخۆن.
ئارێز: سپاس دایە گیان! پێویست ناکات زەحمەت بکێشی!
ئارێز لە ئارامی پرسی: ئەرێ ئەمڕۆ بەرەی لای ئێوە ئارام بوو؟
ئارام: بارودۆخی ئارام نەماوە! ئەرتەش شەو و ڕۆژ بە هێلیکوپتری شنۆک هێزی تازە دێنێت. کە لە سەنگەرەکانی ئێمەوە بە دووربین بە باشی دیارە. لە مەیدانی مەشقی پادەگان پسا پسا هێلیکوپترەکان دەنیشێنەوە و هێزی تازە دادەبەزێنن. جگە لە هێزەکانی نێو فرۆکەخانە و هێزی زرێپۆشی ئەو بەری قشلاخ، لەوانەیە دوو لەشکەری لە نێو پادەگاندا لە مڵاز داوە. بۆیە فەرماندەکانی دوژمن لە بە کوشتدانی هێزەکانیان وا دەستو دڵبازن.
سیروان بە پێکەنینەوە وتی: کاربەدەستانی رژیم بە ئەنقەس چینی لاو و پیاوانی ئێران دەدا بە کوشت. دراڤی نەفەتەکەش بە ملیون دولار بکەنە گیرفانی عاباکەیان. ئەوانەی کە بە پارەی سەرفیترە و زەکات بەخشینی خەڵک ژیاون، چۆن ئێستا واز لە دولاری ئەمەریکی دێنن.
ئارام: ئەمڕۆ وەک ڕۆژانی پێشو چەند جار هێرشیان هێنا. فەرماندەکانیان بە دەنگی بەرز هاواریان دەکرد بۆ پێشەوە، مەترسن دژبە شۆڕش هەڵاتون. ئێمەش ئارام و بێ دەنگ سێرەمان لێیان گرتو بوو و چاوەڕێ ئەوەمان دەکرد کە بە باشی بێنە هەورازەکە تا دەرچوونیان نەبێ. ئەوان بە ئەلاوئەکبەر هاتنە پێشەوە ١٥تا ٢٠میتری پارازەکانمان. نارنجەک و هەنارۆکی زۆرمان پێبوو. لە هەر سەنگەرێکدا دوو کەسێک هەنارۆکمان

هاویشتە نێوانیان. پێشمەرگەکانی دیکەش بە دەستڕێژ، کارێکمان پێیان کرد، کە با بە دەواری شڕی نەکردو بوو. وەک گەڵاڕێزانی پاییزی پاش زوقم و ئاڵشتی شەو، و تینی هەتاوی رۆژ، بەر دەبوونەوە.

ئەوانەی کە زیندو بوون بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بریندار و کوژراوەکانیان دەکرد بە قەڵخان. یان خۆیان گلێر دەکردەوە تاکوو بن هەورازەکە. ئەوانەی دواوە کە ئەوەیان دی کلکیان کردە نێو پێیانە و بەرەو پادەگان هەڵهاتن. ئەوانەی کە بەخت یاریان بوو ئەمجارەش لە گوللەی پاسدار رەزگاریان بوو. چون ئێمە دنگی تەقەی چەکمان لە دوورەوە دەبیست. ئەو لێژاییە پڕ بوو لە کەلاک و چەکی بە جێماوەی دوژمن.

هاواری بەرزی بۆ پێشەوە بۆ بە شیوەن و باوکەڕۆ. پاش ئەوەی کە تێشکان بۆ ماوەی دووکاتژمێرێ تەقە لە چەکی سووکیانەوە نەهات. بەس بە چەکی گران ئێمەیان دەکوتا. ئەو بریندارانەی داوێنی هەورازەکە گەر هێشتا بەختی زینو بوونیان مابوو، لەم ماوەیەدا ئەویشیان لە دەستدا. ئامبولانسەکانیان دەهاتنە بەر تیرێژی چەکی ئێمە و کەلاک و بریندارەکانیان دەبەردەوە نێو پادەگان. بەڵام ئێمە یەک تەقەشمان لە ئەوان نەکرد. هەر چەند نەیان وێرا نزیکی هەورازەکە ببنەوە.

پاش ماوەیەک کە خۆیان رێکخستەوە پێنج هێلیکوپتر لە مەودایەکی بەرزەوە سەنگەرەکانی ئێمەیان بە راکت و رەشاش کوتا، سەرەڕای تۆپباران. هێزێکی دیکەیان بۆ گۆرەپانی شەڕ بەرێ کردە بۆ کۆکردەنەوەی بریندار و کەلاکەکانیان کە لە هەورازەکە هێشتا کۆ نەکرا بوونەوە. ئێمە سنوورێکمان بۆیان دانا کە بێنە پێشی بۆ بردنەوەی کەلاکەکانیان. گەر لەوێرا، دەتەرازان تەقەمان لێیان دەکرد.

ئەمجارەش هەندێکیتر کوژراویان دا. ئێمە بەدلۆڤانیەوە رێگەمان پێدان، کە کەلاکەکانیان بەرنەوە. کە ئەوان دوور دەکەوتنەوە هێلیکوپترەکانیش گەڕانەوە پادەگان بۆ گواستنەوەی کوژراو و بریندارەکانیان بۆ کرماشان و هەمەدان. ئیتر تا ئەو کاتەی من گەڕامەوە بۆ ماڵ نە تەقەیان بە چەکی سووک کرد نە هێرشیان هێنا.

کا ئاریان: رۆڵە بە داخەوە ئەم نیگریس و ئەهریمەنانە منداڵی خۆیان دەپارێزن و هی خەڵک بە کوشتندەدەن. ئەو پاسدار و ئەرتەشیانەش دایک و باوکیان هەیە. ئەوانیش چاوەڕێن کە رۆژێک منالەکانیان بۆ لایان بگەڕێنەوە.

ئارام: راست دەکەی! بەڵام بەشێکیان وا بیری تەسکی ئایینیان هەیە، حەز دەکەن کە منداڵەکانیان لە جهاد دا بکوژرێن بەڵکو ئەوان بچن بۆ بەهەشت. باش لە بیرمە چوار مانگ لەمەوپێش، ژنێک لە تاراندا دەچێتە کومیتەی پاسداران. راپۆرتی تاقانە کوڕەکەی خۆی دەدات. دەڵێت کوڕەکەم کۆمونیستە، کافرە، بێن بیگرن.

ئەوانیش کوڕەکەی دەگرن و لە سێدارەی دەدەن. ئەو ژنە بەدبەختە دەبێت بە تانە و تەشەری خەڵکی تاران. بەشێک لە بنەماڵەی ئەم پاسدارانە وا بیر دەکەنەوە. چۆن ئەوان دەبنە بنەماڵەی شهید و موچەی مانگانەی زۆریش وەردەگرن.

ئەمە پێدەڵێن بازەرگانی بە منداڵی خۆوە کردن. لە زۆربەی وڵاتە هەژارەکاندا. هەروەها ئێرانیش، خەڵکی نەدار منداڵی ساوا، بە تایبەت کچەکانیان دەفرۆشن. بۆ ئەوە ناتوانن بە خێویان بکەن یان پێویستیان بە دراڤ هەیە. ئەگەر ئەو منداڵە بەخت یاری بێت توشی بنەماڵەیەکی مرۆڤ دۆست دەبێت و وەکوو منداڵی زکماگی خۆیان پەروەردەی دەکەن.

ئەگەریش بێبەخت بێت، توشی نامرۆڤێک بێت، ژیانی دەبێت بە دوزەخ. بەڵام ئەمان دەربەستی منداڵانی خۆیان نایێن. تا بگات بە خەڵکی دیکە.
کائاریان: ئەوانە مرۆڤ نین. بەس جلوبەرگی مرۆڤیان لە بەردایە و وەک مرۆڤیش ناسنامەیان هەیە. ئەگینا ئەوان ئەهریمەنی تەواون.
ئارام: بەیارمەتیتان من فرە شەکەتم. ئیتر لە بەر خەو خۆم ناگرم. دەبێت بنوم. شەوتان خۆش! خۆی خزاندە نێو پێخەفەکەی.
سیروان و ئارێزیش بە ئارامی و پچە بوویر و ڕووداوەکانی ئەمڕۆیان بۆ یەکتردەگێڕایەوە. بۆ ئەوان ڕۆژێکی دەگمەن بوو لە مێژووی ئەویندارییاندا. هەستیان بە خۆشبەختی دەکرد کە تا ئەم ڕادەیە هاتونە پێشێ. بەڵام کاتێک لە دۆزەکەیان دەڕوانی پەردەی خەم و پەژارە، ڕوومەت گەشیانی دادەگرت. نیگەرانی داهاتوێکی ون و نایار، لە دەروونەوە ئازاریانی دەدا.
شەوە حەسانەوە و خەو، لە ئارادا نەبوو. دەنگی تۆپبارانی شار و قرچەی قەناسە، قرمەی گوللەی ڕەشاشەکان، شێوازی ڕەوەندی شەوگاریان گۆڕیبوو. مەترسی تۆپباران و تەقینەوەی لە هەر ماڵێکدا و لە هەر چرکەیەکدا ببوو بەهۆی ئەوەی کە کەس چاوانی تێرخەو نەبێت.

## بەشی ٢١

شەمە(**هەتاوڕۆژ**،تیشکیخۆر)ی٢٠ ی گوڵانی ساڵی٢٦٨٠ی کوردی. ڕۆژی وەرەهرام، وەهرام، وارام، بارام ناوی ئیزەدی خەبات و سەرکەوتنە. ١٠ی مای١٩٨٠ی ز.

---

هێشتا سروشت لە حەسانەوەی تاریک و ڕوونی بەر بەیاندایە. واتە کات دەمی ئوشایە و کازیوەی بەیانی مزگانی هاتنی ڕۆژی بە سروشت و گیاندارانی دا.
لەشی تەزیوی دەشت و دۆڵ لە ژێر تارمایی شەوەزەنگی شەودا مرووژانەی دەکرد. ڤەژین و بزاڤی ڕەوتی ژیان، بە تیشکی فەڕی بەربەیان، پیلەی سارد و سڕی شەویان دادەدڕان. ئامێزیان ژ بۆ ڕوناهی وەکرد، و گزنگی هەتاویان رامووسی.
ژینەوەرانی سروشت، هەموو و گشت. گەش و شادمان، سەری ڕێزیان بۆ تیشکی هەتاو دادەنواند. تاکوو نیشتمانیان بۆ ڕووناک کا، بۆ ئەوین و دڵداریان. بۆ بریڤانی و ڕاوستانیان. سەرکەوتن و ڕەزگاریان. دژ بە شەوارەی شەوەزەنگی شەو.
ئەندامانی شاری مل بەکوێن، بریندارانی لەش بە خوێن، بەنەمانی وزەی تیشک و گەرما، لەشی سڕیان تەزیوە لە سەرما. زامدارانی بۆردوومان، لە بەر نەبوونی دەرمان.

دەیان نالاند لە سۆی ئێش و ژان. رۆژ هاتەوە دیسان، شادی بۆ سروشت و خەم و پەژارە بۆ مرۆڤی ئەم باژێرە گەڕایەوە.

سیروان لە ناخی قووڵایی خەودا، ئارووی بە نیشتمان و رووگەی ئەوینی دەدی کە چۆن داهاتویان مسوگەر بکا.

ئارام بە ئارامی و هێمنی لە خەو رابو. لەشی ماندوی چەند رۆژەی نەحەسانەوەی، رەپتر ببوو. ماسولکە و دەمارەکانی مرووژانە و سەمای ژانیان دەکرد. تا چەند سەدمیتری لە سەرەتای رێگادا هەنگاوەکانی تێکەڵاوی ژانی لەشی بوو. هێدی هێدی بە تین و گەرمای خێرایی رێگا، لەشی نەرم بوو و جەمامی شکا. ئێشی ماسولکەکانی هەندێک دامرکا و دەستەمۆی فەرمانی مێشکی بوون.

سیروان ئەمڕۆ زوو لە خەو هەستا و ئارێزیشی خەوەرکردەوە. ئەوان بە پێچەوانەی ئارام ناشتایان خوارد.

سیروان رووی لە ئارێز کرد و پێگوت: ئەمن لە گەڵ کۆمەڵێکی پێشمەرگەی کۆمەڵە. بەرنامەمان داناوە کە ئەمڕۆ هێرش بەرینە سەر هێزەکانی دوژمن لە دەرەوەی بازنەی گەمارۆی شاردا. ئامانجیش ئەوەیە کە تاکتیکی بریڤانی بۆ هێرشوانی بگۆڕین. ئەمکارەش رخنەیەکە لە هێزە رامیاریەکان کە زۆربەی هێزەکانیان بۆ بریڤانی تەرخان کردوە.

لەم کارەمان قازانجی ئەوە دەکەین کە بۆردوومان و تۆپبارانی شار کەمتر دەبێتەوە. بە هێرشی ئێمە زیانی گیانی و ماڵی دوژمن زۆرتر دەبێت. ئیتر دوژمن تەنیا لە دوورەوە خەڵکی سیڤیلی شار ناکوژێت. بەراستی ئیتر لەوە ماندو بووین کە دوژمن گۆڕەپان و کاتی شەڕ بە سەرماندا داسەپێنێت. یان خەڵکی بێتاوانی نێو شار بکوژێت و ماڵوێرانیان بکات. تۆ بۆ خۆت ئەگەر کارێکت نییە دەتوانی لە گەڵماندا بیت.

ئارێز: تۆ بۆ خۆت باش دەزانیت کە من سەرم بۆ شتێکی وا دەخۆرێت. من لە گەڵت دێم.

سیروان: هەتاکوو کاتژمێر دەی بەیانی ماوەمان هەیە. ئەو کاتە کە دیاری کراوە، لە پێش بنکە کۆدەبینەوە تاکوو چەند هەڤاڵێک بە ماشین بە دواماندا دێن. پەلێکی کۆمەڵەش لە بەرەی شەڕەدا ئاریکاریمان دەکەن. ئەوان ئێستا لەوێ خەریکی چاودێری دوژمنن.

زەنگی تەلەفۆن سیروانی بۆ لای خۆی راکێشا.

دەنگی ڤەژینی میترا هێز و گڕی ژیانی خستە دەروونی سیروان و وزەی پێدا. پاش ئەوەی لە خۆشەویستی نیشتمان و ئەوینی خۆیان دوان. سیروان بۆی گێڕایەوە کە ئەمڕۆ دەچێت بۆ کارێکی وا. کاتێک کە گەڕایەوە ماڵێ پەیوەندی پێیەوە دەکات.

میترا بێدەنگ بوو لەوەی کە بیستی.

سیروان هەستی بەوە کرد کە ئەو بێدەنگییە نیگەرانیە. ترسی لە دەست دانیەتی. بە ئارامی پێوت: میترا نەتبینم خەمبار بیت. خۆشەویستەکەم ئەگەڕێمەوە. ئێوارە لە نێو شەپۆلی تیشکی خۆرئاوا، و بە گزنگی زێڕینی هەتاو ماچت دەکەم. گوڵی ئەرخەوانی ئەوینی هەرژیم بە بەرۆکتدا دەدەم. هەر لە ئێستاوە ئامێزت بۆ دەکەمەوە، پەرۆشی ژیان و ژانی دووریت دەسڕمەوە. لە کانیاوی ماژی چاوەکانتدا، هیوا ببینم. لە باخی دڵی پڕ ئەوینمدا، گوڵزاری خۆشەویستی تۆ دەروێنم. بەبێ تۆ نامۆ و تاراوەم لە دەروونی

خۆم. بەبێ تۆ پەیکەری بێگیانم. لە ئاوێنەی نیشتماندا تۆ دەبینم. بە هیوای گەڕانەوەی ئامێزی تۆ، گوللە نامبڕێ و هێزی ئەژنۆم پتوتر دەبێت. ئارام و دڵنیا بە، تا ئێوارە، ئەی گوڵی ژیان و هێزی دڵان.

ئاریێز خۆی بە خوێندنی پەرتووکێک سەرقاڵ کرد، کاتێک سیروان خەریکی تەلەفۆن بوو. سیروان پرسیاری لێکرد: ئەرێ ئاریێز کاری تۆ و چنووریش هیچ کەموکوڕیەکی نەماوە؟

ئاریێز بە ئەسپایی پەرتووکەکەی بەست و لە شوێنی خۆی دانا و گوتی: هەروا کە وتم کاری ئێمە سەد لە سەددا تەواوە. ماوەتە سەر ئەوە کە بارودۆخی ئەم شەڕە داسەپاوە چی بەسەربێت. گەر ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە تەواو بێت. دۆزی شار ئاسایی ببێتەوە، بە نیازین لە مانگی پوشپەڕدا زەماوەند بکەین. ئەگەریش لە شاردا ئەم هەلەمان بۆ نەرەخسا، لە دەرەوە بە گوێرەی باری شۆڕش ئەو کارە دەکەین. ئەمە بەرنامەی ئێمەیە. جا بەرنامەی تۆ چییە؟

سیروان: دۆزی ئێمەش وەکوو ئێوەیە. گەر لە شاردا ماینەوە وەرە کە هەمووما‌ن لە رۆژێکدا پێکەوە جەژنی زەماوەند بگرین. بەڵام من مانگی جۆزەردانم پێباشتر و نزیکترە. تۆ دەڵێ چی؟

منیش زۆرم پێخۆشە با لەتەک چنووردا دوای شەڕ باسی بکەم، ئەوسا وڵامت دەدەمەوە. باشە؟

سیروان: منیش مەبەستم ئەو کاتەیە. ژیانی ئێمەگەڵ لە دەستی چارەنووس دایە و لە دەستی خۆماندا تەرازاوە. جاروبار کە بیری لێدەکەمەوە، خەم و پەژارە دامدەگرێت. بە خۆم ئێژم بۆ لە سەردەمێکی نا شیاودا ئەویندار بوویت، یان بووین. چارەنووسی داهاتومان ون و بزرە. ئەم دەرد و ئازارەم لە دەروونی خۆمدا قەتیسماو کردوە. تا ئێستا نەم هێشتوە کە میترا هەستی پێبکات. دڵم نای پێبڵێم تا خۆی هەستی پێنکات.

چون ئەو زۆر هەستیارە و حەزناکەم گوڵی دڵیگەشی بسیسێ. یان تۆشی خەم و پەژارە بێت. وەرگرتنی راسڵ سەختە و قسەی راستیش تاڵە. لایەنە باشەکانیشی ئەوەیە، هیوای بە ژیان پتوتر دەبێت. ئامۆژی ئەویندارێش فێردەبێت.

ئاریێز: منیش وەک تۆ بیرم لێکردوتەوە. ئێستا تا کاتیخۆی لێگەڕین، و بیریشی لێنەکەینەوە. با کەمتر زامی دڵمان بکوڵێتەوە. بەرنامەی ئەمڕۆت لای میتراوە باس کرد. ئەو هەژارە ئەمڕۆ ئیتر ئاگای لەخۆی نییە. تاکوو ئێوارە تەلەفۆنی لێبکەی ئارامی نامێنێت.

سیروان: راستەکەی ئەوەیە کە جگە لە بنەماڵەکانمان ژیانی ئەوانیشمان تاڵ کردوە. خۆش بە حاڵی ئەوانە وا هیچ کەسیان نییە لەم بارودۆخەدا. رابو با بچین بۆ بنکە، کاتی رۆیشتنە.

ئەوان چەک و رەختی خۆیان بەست و بەرەو بنکە وەڕێ کەوتن. لە پێش دەروازەی بنکەدا وستان. خەڵکی تامەزرۆێ هەواڵ و دەنگوباسی تازە دەهاتن بۆ بنکە. زۆرکەس هەواڵی ناخۆشی بەرهەمی تۆپبارانی پێبوو. ئەوان بە دوای دەنگوباسی خۆشدا دەگەڕان. هەندێک لە نانەواخانەکانی شار کە کەرەسەی نان کردنیان لێنەبڕا بوو، هێشتا

خەریکی کار بوون. هەندێک خەڵکیش بۆخۆیان لە ماڵدا نانیان دەکرد. ئەوانەی دوور ئەندیشی و کارامەی ڕۆژانی شەڕیان هەبوو.

لە ڕۆژی یەکەمی جەنگدا باش بوو کە چەند تون ئارد لە کارەوانی تێشکاوی دوژمن گیرا و لە چەند ئەمباری گەورەی شاردا دابەش کرا بۆ ڕۆژی تەنگانە. ئێستا پاش 21ڕۆژ گەمارۆ و شەڕ کەڵکی لێ وەردەگیردرێت.

دوو ماشین لە پێش بنکەدا ڕاوستان. سیروان و ئارێز چوونە پێشەوە. دیاکۆ و زمناکۆ خێرا دابەزین و سڵاو دەست مشتاقیان لە گەڵ سیروان و ئارێزدا کرد.

دیاکۆ: ئەرێ کاک سیروان ئارێزیش دێت؟

سیروان: ئەرێ!

دیاکۆ: زۆرباشە! ئێوە سواری ئەو جیبەی کالیبر 50کە بن. چۆن تاکسیبارە تۆیتاکە بە لێخۆرەکەیەوە یانزە کەسی تێدایە.

سیروان: بە سەرچاوان! ئەوان سواری جیبەکە بوون کە ڕەشاشێکی کالیبر50یان لە ناوراستیدا دامەرزاندو بوو، دوو کەسیش خەریکی بوون. دوو کەسێکی دیکەش لە پێشەوە و لە تەنیشتی لێخۆرەکە روونیشتو بوون. ئەمانیش لە پشتەوە دانیشتن. لێخۆرەکان بەرەو تەقتەقان لیانخۆری.

تەقتەقان تا چەند ساڵ لەمەوبەر تاقە ماڵێکی لێنەبوو. بەهاران خەڵکی ئەو گەڕەکانەی نزیکی تەقتەقان دەچوونە ئەوێ و لە چۆمەکەی کە ئاوی خاوێنی کانیاوەکانبوو بە بەسەر زیخی چەمەکە دەڕۆیشت، قاڵی و فەرشەکانیان دەشوشت. لە تەپۆڵکە کێوەکانی سەرەوەی تەقتەقان گوڵێکی تایبەتی لێ شین دەبێت، کە شەوانە بۆنی زۆرە و ئێجگار خۆشە و پێدەڵێن شەوبۆ.

ئەو کێوەش هەر بەو ناوەوە پێ دەبێژن کێوی شەوبۆ. ئەم کێوەش، دەکەوێتە لای چەپی دۆڵ و چۆمەکەوە.

گوڵی شەوبۆ زۆرتر لە نیو میتر بەرز دەبێت و گەڵای زۆر کەم و وردی هەیە، و گوڵی سووری هەناری و ئەرخەوانی ڕەنگی وەکوو تیزانگ و پسدان خڕە و لە گوێژێک گەورەترە کە زۆرتر لە گوڵە گەون دەچێت. بەڵام بۆن و برامەی خۆشە، تایبەت لە شەوندا. تەقتەقان لە باکووری شاردایە و گەڕەک و کێوی فەیزاواش دەکەوێتە دەستی ڕاستی دۆڵەکەوە. لەم ساڵانەی دواییدا کە شارەوانی دەستەڵاتی ئەوتۆی نەبوو. خەڵکی بێماڵی شار و هەروەها خەڵکی لادێیەکان بەتایبەت خەڵکی دەڤەری لەیلاخ و ساراڵ. هەر کەس بۆ خۆی و یان بە گەل لە تاریکی شەودا ماڵیان دەکردەوە، هەر ئەو شەوە بە تەڕی ژن و منداڵیان دەگواستەوە نێوی. بۆ ئەوە کە شارەوانی نەتوانێت بیروخێنێت و دەریان بکات.

وا بوو لە شەوێکدا دەیان ماڵ وەکوو کارگی بەهاران هەڵدەتوقی. کەس دراقی زەوینەکەشی نەدەدا.

کێوی شەوبۆ کە ١٥٠میترێک لە بەرەی شارەوە بەرزە. دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای تەقتەقان. لە چەند کیلومیتری ئەودییوی باکووری ئەم کێوەدا، گوندی سوورازە( سوورەدزە) کە لە سەر ڕێگای نێوانی دێیەکانی نەنەڵە، لە ڕۆژهەڵات و ئاجەگەرە لە

ڕۆژئاوادایە. جادەیەکی بازنەیی بە دەوری باکووری شاردا دروست کردووە. کە بەو دیوی کێوەکانی فەیزاوا و شەوبۆدا دەچێتە سەر جادەی مەریوان و پادەگان.
هێزە داگیرکەرەکانی رژیم ئەم جادەیان بە دەستەوە بوو. کە بەشێکە لە بازنەی گەمارۆی شار و ناردنی هێز بۆ سەر ڕێگای سنە سەقز، و پەلاماردان بەرەو کەلی فەیزاوا. لەسەر ئەم ڕێگایەدا هێزێکی زۆریان مۆڵ داوە و شاریش بە تۆپ و هاوەن دەکوتن.
سیروان و هاوڕێیانی تا ئەوپەڕی گەڕەکی تەقتەقان بە ماشین ڕۆیشتن.
دیاکۆ پۆلێکی پێشمەرگەی دی و خێرا چوو بۆ لایان. پرسیاری شوێنی دوو هاوڕێ بەرپرسیاری پێشمەرگەکانی لێپرسین. یەکێک لەوان بە پەنجەی دەستی ئاماژەی بە بەرزاییەک کرد و وتی لەم شیوەوە سەرکەون.
دیاکۆ ماشینەکانی بەرەو نێو گەڕەکی تەقتەقان بەڕێکرد. ئەوسا ئەمان ریزیان بەست هەر دووکەس بە مەودای بیست میترێک لە یەکترین پاش ماوەیەکی کورت سەرکەوتنە نێو سەنگەری لۆتکەی ڕۆژهەلاتی چۆمەکە.
کاک شوان و ئالان بە گەرمی هاتنە پێشەوە بۆلای ئەمان.
کا شوان گوتی: هاوڕێیان سەرەڕای ئەوە زۆر خۆشهاتن، بەر پرسیاری ئەمڕۆی ئێوە کائالانە. ئەو ئاگای باشی لە شوێنی ستارو، و دۆزی دوژمن هەیە. ئێمەش بە چەکی قورس پشتیوانیتان لێدەکەین. دەبێ هاوکات ئاگاشمان لە جادەی فەیزاواش بێت چۆن شیمانەی هێرشی رژیم بۆ ئەوێ هەیە. هیوام سەرکەوتنتانە!
ئالان لاوێکی لاواز و بالا بەرزە و شەدەیەکی هەورامی بە سەریەوە بەستو بوو. لە کاتێکدا بە دەستی راستی ئاماژەی کرد وتی: ئێمە دەبێ لەم شیوەوە خێرا بچینە خوارێ. دوژمن بە باشی ئەم نسارە و شیوە دەبینێت. دەبێ زۆر وریا بین. ئەمن لە پێشدا دەچم کاتێک لە دیدی ئەوان دوور کەوتمەوە، بەدەست ئاماژە دەکەم ئەوسا تەنیا یەککەس وەکوو من خێرا و لە قوولای شیوەکەوە بێت. کە گەیشتە لای من ئەوسا یەکێکی دیکە، هەتاکوو دوایین کەس.
ئالان بە خێرایی ڕۆیشتە خوارێ و لە چالایەکدا وستا و ئاماژەی کرد. سیروان هەر بەو شێوەیە کە ئالان ڕۆیشت خۆی گەیاندە ئەوێ و ئاماژەی کرد. بەم شێوەیە یەک لە دوای یەکتر تاکوو زمناکۆ کە دواین کەس بوو هەموویان بەبێ ئەوەی دوژمن بیان بینێت چوونە ئەوێ.
ئالان: ئەم ڕێگایە کە دەڕوین تەنها مەترسی دیدی هێلیکوپتری هەیە و هیچیتر. بە دوای مندا بێن جادەکە لەوانەیە کە دووکیلومیترێک دوور بێت.
ئەوان دۆلاودۆڵ و پێچاوپێچ لە نێو مەزراکانی سوورازەوە ڕۆیشتن تا گەیشتنە لای پێشمەرگەکانی دیکە کە لە نێو دارستانی شیوی نزیکی جادەکەدا بوون. ئەو دۆڵە کە بە ئاوی کانیاوەکانی کێوی شەوبۆ و تەپۆلکەکانی، چۆمێکی پڕ ئاوی بەهاری چێکردو بوو. بە درێژایی پتر لە یەک کیلومیتر ئەو دۆڵە پڕ بوو لە دارستانی میوە و بێشەی چنار و دارەبی.
دار شلانەکان چەقالەیان هەلپێچا بوو و هەلوچەکانیش ترش ببوون، و ددانی چەند پێشمەرگەیەکی نۆسنیان هاڵ کردەوە. هەرچەند دەچونە پێشەوە دەنگی بۆڕەی تانگ و

زرێپۆشەکان زۆرتر گوێ ئازار دەدان. ئەوان بە دوای ئالاندا چوونە نێو بێشەیەکی چڕی چنار، و هەتاکوو هەموویان کۆ ببوونەوە.
ئالان: ئێمە بە نیازی لێدانێکی گورچوگۆڵ و کارا لە ئوردوگای ستارۆی دوژمنین. دوژمن لێرە زۆر ئەرخەیانە، کە دەستی پێشمەرگە بە وان ناگات. هەر وەها ئەوان دەتوانن بەبێ زیان و دوورەپەرێز خەڵکی نێو شار تۆپباران بکەن.
دەنگی تانگ و تۆپ و هاوەنەکانیان خۆ دەبیستن؟ کە چۆن بەبێ وچان شار دەکوتن و ماڵی خەڵک وێران دەکەن. ئێمە ماوەیەکیتر لە ئەگرە چاوەڕێ دەبین. خواردەمەنی ساکارمان هەیە بۆ فراوین. گەر تینۆتان بوو ئەو داربییانە خۆ دەبینن لە تەنیشتی بێشەکە. کانیاوێکی زۆر خۆشی لێیە و ئاوەکەشی چایگە وەکوو تەرزە.
ئێستا دوژمن هێزەکانی بەسەر جادەکەدا بڵاوە پێکردوە. دەمێکیتر کۆیان دەکەنەوە و سێبەری کێوەکانیش شۆڕ دەبنەوە کە بە قازانجی ئێمەیە. پێشمەرگەکانمان لە دەوری دوژمن جێگیر کردوە و ئاگایان لە جووڵانەوەی هێزەکانی رژیمە.
کاتێک ئەوان هێزەکانیان کۆ کردەوە نێو مۆڵگاکانیان، ئەوسا وەکوو بەرنامەی داڕێژراو هێرش دەکەینە سەرمۆڵگەکانیان. ئەوەیشتان پێڕابگەیێنم! کەس بۆی نییە لە خۆیەوە تەقە بکات. تا بە هاوەن دەیان کوتین، و پاشان بە ئارپیجی و دواتر بە چەکی سووک. پاش ماوەیەک فەرمانی گەڕانەوە دەدەین.
ئێمە خۆمان بەو رێگایەدا کە هاتوین دەگەڕێنەوە. ئێستا هەر لە نێو ئەم بێشەیەدا بحەسێنەوە تا ئاگادار دەکرین. بەڵام تکایە چەک و کەرەسەی وریشەدارتان بشارنەوە با هێلیکوپترەکان پێمان نەزانن.
سیروان رۆیشتە سەر چاوگەی کانییەکە و دەستماڵەکەی لە پونگە و کوزەڵە پڕکرد و هێنایەوە نێو بێشەکە لای هەڤاڵانی. بەو نیازە لە تەک نان و پەنێردا بیخون.
دیاکۆ کە چەن دانە هێلکەی کوڵیاگی پێبوو لە تەنشتی دەستماڵەکەی سیروانی دانا، وتی: فەرمون! "گۆشت مەلێک یەکی پەلێک" هەر کەس خواردەمەنی پێ بوو لە تەنیشتی یەکەیان دانا. بوو بە خوانێکی رەنگین لە خواردنی سارد و ساکار. هەموویان فراوینیان خوارد. پاشان هەر کەس هەواڵێکی دەگێڕاوە و لە سەر بابەتێک دەدوان.
کاتیش بە ئارامی تێدەپەڕی و سێبەری کێوەکانیش بێشەکەی لە باوەش گرت. گزەی بایسەر قامچی خۆی رادەوەشاند و لەشی لە ئارەق دامرکاوی دەلەرزاند.
ئالان هاتەوە و گوتی: هاوڕێیان وەرن کاتی پەلاماردان هاتوە. ئێمە هەر پێنج تا شەش کەسمان بە سەر سەنگەرەکاندا دابەش کردوە. دیارە ئێوەش دەچنە ژێر فەرمانی بەرپرسیاری ئەو مەتەرێزەی تێدا دابەش دەکرێن. بۆ ئەوە ئاژاوە پێش نەیت. ئەوان جێگای جووڵانەوەی دوژمن باشتر دەزانن.
پێشمەرگە تازەکان کە بە شەش سەنگەردا دابەش کران، و بە دوای پێشمەرگەیەکی شارەزادا رۆیشتن بۆ نێو ئەو سەنگەرەکانە.
سیروان و ئارێز لە گەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە بە دوای رێزانەکەیاندا پاش هەندێک رێگە چوونە لای دەستەیەکی پێشمەرگە. کە سەنگەرێکی گەورە و چەند مەتەرێزی بچووکتریان چێکردو بوو و بە گشتی یانزە کەسی تێدا بوو.

فەرماندەی ئەم سەنگەرە پیاوێکی 35 ساڵە بوو بە ناوی دلۆڤان. ئەویش بە گەرمی هاتە پێشوازیانەوە و بە وردی جێگا و شوێنی هێرش کردنی بۆیان روون کردەوە و وتی: ئێمە لەم شیوەوە تا بیست میتری مۆڵگەی دوژمن دەچینە پێشەوە. چەکیگران، بەس دوو ئارپیجی و رەشاشێکی ژ3مان هەیە. تا بۆمان دەکرێ دەبێ لێیان بدەین. هەر کاتێک فەرمانی پاشە کشێم دا دەبێت هەمووتان بە ڕێنموونی من پاشە کشێ بکەن. دیارە کەس بۆی نییە کە تەقە بکات تاکوو گوللە هاوەنەکان دەتەقێنەوە.

سیروان و هاوڕێیانی بە ئەسپایی و بە خشۆکەیان ئەوەندە چوونە پێشەوە کە لە دەنگی قسەکردنی ئەرتەشی و پاسدارەکان بە باشی تێدەگەیشتن. سیروان دووربینێکی چکۆڵەی لە بەخەڵی دەرهێنا. کاتێک کە بە سەر بەرزایی تەپۆڵکەیەک راکشا بوو لە نێو گژ و گیای بەرزی بەهاریدا ون ببوو، سەیری ئەفسەرانی پلە بەرزی قوپکە لەسەرشان دەکرد. بۆ ئەوە بیان خاتە ژێر سێرەی چەکەکەی تا لە یەکەمین تەقەدا ویزای بەهەشتیان پێ ببەخشێت.

هێشتا سێبەری کێوی شەوبۆ نە گەیشت بوو نێو ئوروگای دوژمن و" دۆست و دوژمن لە یەک جیا دەکرایەوە" لە ئاکامدا ئەفسەرێکی سێ ئەستێرەی دیت کە لەتەک دووکەسی دیکە کە بەرگی پاسداریان لە بەردا بوو خەریک ئاخاوتن بوون. بە ئارێزی وت: سەیری ئەو خیوەتە گەورەیە بکە کە چوار کەس لە پێشیدا وستاون. دیان بینیت؟

ئارێز: ئەرێ باش دەیان بینم!

سیروان: یەکیان سەروانی ئەرتەشیە و لە وانەیە ئەوانی دیکەش ئەفسەری پاسدار بن. بە هاوڕێیەکەی لای دەستت بێژە کە ئەویش سێرەی چەکەکەی لە نێو چاوانی ئەوان دانێت. تاکوو لە یەکەمین دەستڕێژدا ببن بە ئامانج.

هاژەی گوللە هاوەنی پێشمەرگە هات. پاش چەند چرکەیەک چەند هاوەن پێکەوە لە نێوانی مۆڵگەی هێزە داگیرکەرەکانی رژیمدا ئاژین بوون. نرکەی ئارپیجی لە نێوان تانگ و ماشینەکاندا بوو بە هۆی ئاگر و دووکەڵێکی خەست.

سیروان و ئەوان بەبێ یەک و دوو ئامانجی خۆیان پێکا و خێوەتەکەیشیان کرد بە گری ئاگری نەورۆز. ئیتر سیروان دووربینەکەی لابرد و بە تەک تیر لەو پاسدارانەی دەدا کە وەک گای گێژ و مریشکی نەخۆش بە دەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە.

دەستڕێژی پێشمەرگەکان وا گورچک بڕ بوو ماوەی خۆ کۆکردنەوەی پێیان نەدا. هەر کە بە لایەکدا هەڵدەهات. وایان لێهاتو بوو کە"سەگ خاوەنی خۆی نە دەدۆزیەوە" ئەوانەی کە بەختی بەهەشتیان بوو، ویزایان وەرگرت و ئامێزیان کرد بە خاکی کوردستاندا کە دەروازەی بەهەشتە.

دووکەڵی رەشی تانگ و ماشینەکان، شپرزی و دوڕاوی هێزەکان، هەڵومەرجێکی وای بۆیان ئافڕاندو بوو، کە ئەوانیش هەست بەوە بکەن کە چۆن ماڵی خەڵکی سیڤلی نێو شار بۆردوومان دەکەن. چوار هێلیکوپتر خێرا خۆیان گەیاندە سەرئاسمانی رەشی ئۆردوگای گۆڕستانی دوژمن. ئەوانیش لە خۆوەوە بۆ ترساندن دەوروبەری مۆگەکانی خۆیانیان بە راکت و رەشاش دەرزیاژن دەکرد.

هێزی با دووکەڵەکەی سووڕ دەدا و دیدی هێلیکوپترەکانی کوێر دەکردەوە. بوون و نەبوونی هێلیکۆپترەکان بۆ پێشمەرگە جێگای مەترسی نەبوو.

جێگای سیروان و هاوڕێیانی ئەوەندە نزیکی هێزەکانی دوژمن بوون، کە هێلیکوپترەکان لە یەکیانی جیا نەدەکردەوە. ئەوانیش بەدڵی خۆیان هەر جووڵێنەرێکیان دەپێکا.
تانگەکان کەوتنە خۆیان و تۆپیان دەهاویشت و لە کێوە دوورەکان دەکەوت. بەرە بەرە پێشمەرگەکانی سەنگەری رۆژهەڵات و رۆژئاوای دەڤەری ئوردوگا، بەرەو شوێنی خۆیان گەڕانەوە. پەلێک کە لە باکووری مۆڵگای دوژمندا بوون ئەوان بە دەسترێژی خۆیان درێژیان دا، تاکوو پێشمەرگەکانی باشوور بگەڕێنەوە سەر بەرزاییەکانی شار. ئەوسا ئەوانیش بەرەو دێی ساتێڵە پاشەکشێ بکەن.
هەوا بەرەو تاریکی ئێوارە دەرۆیشت. مۆڵگای دوژمن لە بن سێبەری شەوبۆ و دووکەڵی خۆیاندا تاریک هەڵگەڕا بوو. فەرمانی گەڕانەوەی ئەو دەستەیە هات کە سیروان و ئارێز لە تەکیاندا بوون. هەموویان یەک لەدوای یەک، کە سیروان و ئارێز دوایین کەس بوون گەڕانەوە نێو بێشەکە. بەبێ زیان لە وێڕا دۆڵاودۆڵ لەو رێگایەوە کە هاتوبوون گەڕانەوە سەر بەرزاییەکانی شەوبۆ و فەێزاوا.
لە پادەگانەوە ئەو کێوانەیان پسا پس تۆپ باران دەکرد. دەنگی دەسترڕێژی پێشمەرگەکانی بەرەی باکووری ئوردوگا هێشتا درێژەی هەبوو. کاتێک کە گەیشتنە هەورازی ئاسۆی کێوەکان خێرا خۆیان کرد بەودیودا و چرای خیابانەکانی نێو شاریان لێوەدەرکەت.
زمناکۆ: کاک سیروان ئێمە بە نیازین بگەڕینەوە نێو شار. گەر ئێوەش دێنەوە فەرمون با بچین.
سیروان: باشە سپاس! نە ئێمە کارێکمان لە ئێرەدا هەیە و نە ئەوان پێویستیان بە ئێمەیە.
ئارێز لە کاتێدا بە دەسترەکەی ئارەقی نێو چاوانی دەسڕی وتی: ئاگاتان لە سەر لۆتکەی شەوبۆ بێت! پێم وایە چەند تانگێکیان لەوێ ستارو کردوە. ئەمن ئاگری دەم تۆپی یەکێ لەوانەم دی.
سیروان خێرا دووربینەکەی دەرهێنا و سەیری کرد. وتی: راستدەکەی ئارێز! ئەوانە تانگی دوژمنن. رەنگە بۆ یارمەتی ئەو هێزە تێشکاوەیان هاتونە ئەوێ. کە لە پادەگانەوە زۆر نزیکە.
هێشتا زەردەپەری ئێوارە لە سەنگەری پێشمەرگەکان ماڵ ئاوایی نەکردو بوو. ئەوان پاش چەند میترێک سەروخواری رێگا، لە دیدی تانگەکان کە کیلومیترێک دوور بوون، ون بوون. کە گەیشتنە نێو گەڕەکی تەقتەقان ماشینەکانیان کە لە بن دیواری ماڵاندا لە دیدی هێلیکوپترەکان شاردبوویانەوە، هێنا دەرێ و بەرەو بنکەی لای ماڵی سیروان لێخورین.
پێشمەرگەکان لەم شەڕەی سوورەئەزەدا شێوازێکی تازەی هێرشوانیان بۆخۆیان تۆمارکرد. کە دەست کەوتێکی باشی تێدا بوو و گۆڕەپانی شەڕەکەش دوور لە شار. هاوکات توانیان زیانێکی مەزن لە دوژمن بدەن.
لە بنکەی تەقتەقاندا سیروان و ئارێز دەراخەکانیان کە خالیی بوو، پڕ کردەوە. بە هەمان جیب هاتنەوە بەر بنکە و ماڵاوایان لە دیاکۆ و زمناکۆ و هاوڕێیانیتر کرد.

ئاریز: بەیارمەتیت من دەبێت بگەڕێمەوە ماڵی خۆمان. دوێنێ شەویش لەماڵی خۆماندا نەبووم. دەزانم کە ئێستا دایک و خۆشکەکانم خەریکن بۆم شێت بن. بەیانی تەلەفۆنت لێدەکەم.
سیروان: باشە خۆت دەزانی! لە بەر بارودۆخی زۆر هەستیار زۆرت لێناکەم. بەڵام کە گەڕایتەوە ماڵی خۆتان، زەنگێکم بۆ لێبدە با دڵنیا بم.
گەنج و لاوانی بنکە لە دەوری سیروان خڕ ببوونەوە و پرسیاری شەڕی ئەمڕۆیان لێدەکرد. یەکێ لە گەنجەکان گێڕایەوە، کە ئەمڕۆ هێزەکانی دوژمن لە هەموو بەرەکانی شەڕدا تێشکاون. یەکێک لەوانە دەبستانی بەدەر بوو کە لە خیابانی شاپور و نزیکی ئوستانداریە. سەرەڕای ئەو هەموو هێزەی ڕژیم لەو دەڤەرەیە، پێشمەرگەکان توانیان ئەم دەبستانە کە ماوەیەکە کەوتو بوو دەستی هێزەکانی دوژمن، وەر بگرنەوە. ئێستاش پێشمەرگە لەوێ ستارۆ بووە.
ئاسمانی بێگەردی سەرشار، هەرچێ بەرەو خۆرئاوا سەیرت دەکرد، ڕەنگی شینی فیروزەییەکەی بەرەو سورمەی دەگۆڕدرا. تاکوو لە سەر ئاسۆی ئاوییەر لە خۆرئاوادا بە ڕەنگی سووری گوڵخار و ئەرخەوانی لە نێو تانو پۆی زەردی زێڕیندا نەخشرا بوو. کلیلەی بەفرەکانی لوتکەی چیاش وەکوو چاوی مامز، لە بۆمەلێڵی ئێوارانداا دەدروشایەوە. ئەستێرەکانیش بە دزە لە ڕۆژهەڵاتەوە خۆیان دەخستە ئامێزی ئاسمان. بۆ چاو قرتاندن لە ڕێبوارانی شەو، و شەونەخونانی بریڤانی.
سیروان گەڕایەوە ماڵی خۆیان. ئەو بە پەلە بوو کە زوو میترا ئاگادار بکاتەوە کە هێشتا زیندووە. پێڵاوەکانی دەرهێنا و هەندێک هەردووپێ خستە نێو تەشتێکی ئاوی سارد. بۆ ئەوە ببووژێنەوە و شەکەتی ڕێگای ڕۆژی لێدەرچێ. زوو هەستا و بەبێ ئەوەی پێ وشک بکاتەوە چوو بۆ لای تەلەفۆنەکە.
دایکی: ڕۆڵە گیان پێش هەموو شتێک پەیوەندی بە میتراوە بکە. ئەو کچە تا ئێستا چەند جار تەلەفۆنی کردوە و وا دیارە زۆر نیگەرانتە.
سیروان: منیش بەو نیازە بووم کە یەکەم تەلەفۆن لەو بکەم. ئەوسا ژمارەی ماڵی میترای گرت. بەبێ ئەوەی سیروان هەست بە دەنگدانەوەی زەنگی تەلەفۆنەکە بکات، میترا وڵامی دایەوە.
میترا فەرمون!
سیروان: سلاو باوان، هێزی ئەژنۆ و سۆمای چاوان!
میترا: سەد سڵاو بۆ تۆ ئەی هیوای ژین، ڕفێنەری هەست و ئەوین. ئای ڕەزگار بیت، کە ڕەزگارت کردم لە تەمی چاوەڕوانی. ئەمڕۆ لێم ببوو بە دۆزەخ، و بە هەر دەنگی ئاژینی ڕاکتێک، یان تەقەی گوللەیەک، ڕادەچەڵەکام و تێخی لە هەناوم دەدا. گەر بمزانیبا سوورەئەزە لە کوێیە ڕێگای ئەوێم دەگرتە بەر. نازانی کە چەندە شێت و شێدای دووری تۆ بووم.
ئێستە دەزانم کە ماژی ئەوینی تۆ چەندە بەتین و گوڕە. تکایە سیروان بۆ هەر کوێ دەچیت، منیش لە تەک خۆتا ببە. چۆن بەبێ تۆ وەک ماسی ڕۆباری وشکم. ئای چەندە خۆشتمدەوێیت و بە تەواوی هەست و ئەوینمەوە دەتپەرەستم.

سیروان: گیانا سەخت لە خۆت مەگرە! ئاگری ئەوینمان لە لایەکەوە و سووتەمەنی دۆزی ژینگەی جەنگ لە لایەکیترەوە، ئاگری نیگەرانی گەش دەکەنەوە. دەبێت بە سەر هەستی ناسکی ئەوینداریدا زاڵ بین. بۆ ئەوە نەکەوینە نێو زریای پڕ لە گێژاوی بیر کردنەوە. کات هەرچی ناسکتر بێت بیر و هەستی مرۆڤیش کەم بەرگە دەبێت. گەر خۆمانی بۆ شل کەین، دەمانخاتە نێو گێژاوی پەژارە و ناهۆمیدی. تازە ئەم شێوەیە شێوازی نوێ ژیانی کۆمەڵگای ئێمەیە. دەبێ پێیرابێن وەها خۆمان خاراو بکەین کە بەرگەی هەموو تەکان و شەکانەکانی بگرین.

ئیتر دەبێ ئێمە بیر لە ژیانی ئاسای وەکوو زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهان نەکەینەوە. چۆن ئیتر ئەهریمەن و دیوزمەی شەڕ و خوێنرشتن، وازمان لێناهێنن. چارەی ئێمەش ئەوەیە، کە بوون و کەسایەتی خۆمان بپارێزین. تا لە نێو چوارچێوەی گەندەڵی ئەواندا نە توێینەوە.

میترا: ئێستە ئەوەندە خۆشحاڵم کە تۆ گەڕایتەوە و پێکەوە قسان دەکەین. ناپرسم کە جیتان کرد؟ شەڕ، شەڕە! و رسکۆی داگیرکەرە. فراژەی پاش کەوتنی کۆمەڵگا و ماڵوێرانییە. هەر ئەمڕۆ لە خوارەوەی گەڕەکی ئێمە، دووماڵ بە تۆپباران روخان. یەکێ لەو ماڵەکانە، بە خۆشییەوە کەسی تێدا نەبوو. بەڵام لە ماڵەکەی دیکەدا بە داخەوە دوو منداڵی ساوا و دایکیان بوون بە ژێر ماڵەکەیانەوە و هەرسێیان بە مردویی دەرهێنان. باوکی مناڵەکانیش دوو هەفتەی پێش لە سەر پردی مەلاوەیسی بە قەناسەی چەکدارانی یانەی ئەفسەران کوژرا بوو. لەشی لە خوێن گەوزاوی ئەو ژنە لە گەڵ کورپە شەش مانگ و دووساڵەکەی ئێستا لە بنکەیە و خەڵک بە نیازن لە تاریکی شەودا ببەن بۆ گۆرستانی تایلە یان پیرمحەمەو تا بینێژن. ئەمەیە ژیانی ئاسایی ئێمەی کورد.

باش بوو بە بیستنی دەنگت کەمێک بووژامەوە. بەداخەوە ناتوانم هەستی ئەوینی خۆم بۆ تۆ بە وشە دەبڕم. هەر ئەتوانم بێژم ئەونە خۆشتم گەرەکە لە ئاستی وتنیدا لاڵم.

سیروان: دەزانم! هەستی ناسکت هەمووی وشە و پەیڤینن. بە چاو هەزاران وشەی جوانی ئەوینداری لە ڕوومەتتدا دەخوێنمەوە. من بۆخۆم هەمیشە ویستومە و پڕ بە دڵ حز دەکەم لەلات بم. لە ئامێزتدا هەست بە تینی دەمارەکانی لەشت بکەم. هەر دووکمان ببین بە یەک لەش و یەک دڵ. ئیدی هیچ کۆسپێک نەتوانێ لە یەکمان دابڕێ. تەنانەت مردنیش. بەداخەوە دەبێت بە نابەدڵی ئەمشەویش لە یەکتر ماڵاوایی بکەین. تاسەت دەکەم و بە ماچێکی هەرزی شەوباش. ئارام و دوور لە نیگەرانی بنۆ. بەڵکو سۆزی کاتێک ببینمەوە تاکوو بتبینم.

ئارام بە سەر و پرچی تۆزاوی و لەشی ماندو گەڕایەوە. هێشتا باش بوو، بورییەکانی ئەم گەڕەکە نەشکا بوون. وزەی رووناکیان کە دوو شەوان لێبرا بوو، ئەمڕۆ چاک کرا بووەوە. ئارام ئەم ئێوارەیە بەئاوی گەرم خۆی شۆرد.

سیروان پرسیاری لێکرد: ئایا ئەمڕۆش هێرش زۆر بوو؟

ئارام: نا! لە شەڕەکانی دوێنێ و پێرێدا ئەوەندە کوژراو و زیانیان زۆر بوو. هێشتا لە شپرزەییدا خۆیان بۆ کۆ نەکراوەتەوە. لە فڕینی هێلیکوپترەکان و دەنگی تۆپباراندا لەوە دەچوو لەو دیوی کێوی شەوبۆوەوە شەڕ بووبێت. بەڵام بۆردوومانی شار لە لایەن پادگانەوە لە چاو جاران کەمتر بوو. زۆرتر دەڤەری سوورەئەزەیان دەکوتا.

سیروان: وایە ئەمڕۆ لە نێوانی سوورەئەزە و جادەی سەقز هێرشمان کردە سەر مۆڵگاکانی دوژمن و زیانێکی مەزن و ئەوتۆمان پێیان گەیاند. مەبەستیش شەڕی پێشمەرگانە و دوور کردنەوەی گۆرەپانی شەڕ لە نێو شاردا بوو.

زەنگی دەروازەکەیان لێدرا!

سیروان گورچ هەستا و گوتی من دەیکەمەوە. بەرەو لای دەروازکە رۆیشت. کە دەروازەی کردەوە، ئاسیرتا و مێردەکەی لە تەک دلۆڤانی کوڕیاندا وستا بوون. سڵاو و خۆش دۆشیان کرد. دلۆڤان خۆی خستە باوەشی خالوی و ماچی کردەوە.

سیروان: فەرمون با بچینەماڵەوە. هێشتا شێومان نەخواردوە. کاتێک دایکی دەنگی ئاسیرتای بیست، بە پەلە هاتە بەرەوپیریانەوە. پێکەوە چوونە نێو ژێرخانەکەیان.

ئاریوانی زاوایان وتی: گەڕەکی ئێمە لەم دواییەدا جگە لە تۆپباران، کەوتو بووە بەر دەستڕێژی چەکدارەکانی رژیم. کە بەسەر بەرزاییەکانی دەڤەری شەریفاوادا زاڵ بوون. ئێمەش لە تاریکی ئێواە کەڵکمان وەرگرت و کۆڵان بە کۆڵان خۆمان گەیاندە ئێرە. لە بەر ئەوەی کە لەوێ ئیتر ژیانمان پێنەدەکرا.

کا ئاریان: خۆش هاتن سەرچاوان! جارێ لە ئێرەدا دەژین بزانین چدەبێت.

سیروان: خەمتان نەبێ ئەم شەڕە هەموو کەس و کاری لە لای یەکتر کۆ کردوەتەوە. رۆژ، رۆژی ئاریکاریە، و هاودەردیە. ئیتر دلۆڤان بە تەنێ لە ماڵدا وەڕەز نابێت؟

ئاسیرا: تەنها وەڕەز! خەریک بوو وەکوو دیلێکی نێو سیاچاڵ شێت بێت. بەوەی کە پێنج ساڵ تەمەنییە، دەیان پرسیاری دەکرد. ئێمەش نەماندەتوانی هەمووی وڵام بدەینەوە، چۆن تێنەدەگەیشت.

جا من چۆن ئەو تێبگەینم کە دژ بەشۆڕشە، کافرە و مەرگی واجیبە؟

ئەو تەنها لەوە بیری دەکردەوە کە بتوانێ بچێتە نێو حەوشێ کایە بکات. کە رژیم ئەوەش بە منداڵێکی پێنجساڵە راوا نابینێت.

سیروان: کوێرایی دابێت ئێران. ئەوە بابا نویلی کۆماری ئیسلامیە. بەجێ دیاری کەرەسەی کایە و خۆشی بۆ منداڵان. گوللە و مەرگ و ماڵوێرانی دینێت. مرۆڤ لە ئایین و دادی ئەواندا گیانی بایەخی نییە. ئەوان بەرنوێژی بۆ ئەهریمەنێک دەکەن، کە پاڵپشتیانە. لێیان گەڕێ ملیان شکا! ژیان واتە بەرخۆردانە. ئێمەی نەتەوەی نیشتمانێکی داگیرکراو، بەشمان چەرمەسەرێ و چەوسانەوە بووە و دەبێت. تاکوو سەربەخۆی خۆمان وەدەست نەهێنین، ناحەسینەوە.

وەرە دلۆڤان! هەر ئێمە دلۆڤانین! بۆیە دوژمن بە ئاسانی دەتوانێت زەبر و قینی خۆی بە سەرماندا داسەپێنێت. دەبێت ئیتر بۆ دوژمن درک بین نە گوڵ و دلۆڤان.

سیروان و دلۆڤان پێکەوە ئەوەندە کایەیان کرد تا خەو بوو بە مێوانی دلۆڤان.

## بەشی٢٢

یەکشەمە (میتراڕۆژ)ی ٢١یگولانی ساڵی٢٦٨٠ی کوردی. رۆژی راما، رامەن، (ئارامش، ئەرخەیان) راما ناوی ئیزەدی هەوایە. ١١ی مای١٩٨٠ی ز.

---

لە قووڵایی شیرینی خەودا، دەنگی ئاژین بوونی هاوەنێکی١٢٠ میلی، ماڵی سیروانی لە خەو راچەڵەکاند. دەنگەکە وا بە هێز و پڕتەوەژم بوو، کە یەکێک لە شوشەی پەنجەرکانی دوو نۆهومی ماڵەکەیان شکا و بەربووەوە نێو حەوشەکەیان، و ورد و خاش بوو. شوشەی دەلاقەکانی ژێرخانەکەش وەک بۆمەلەرزە شەکایەوە و زرەی هات.
سیروان و ئارام گورج لە خەو راپەڕین و چوونە حەوشێ. پێیان وا بوو لە دوونۆهومییەکەی بان دەروازەکەیان کەوتوە کە چۆڵ بوو. هەموویان لە خەو هەستان و لە یەکتریان دەپرسی ئاخۆ ماڵی چ هەژارێکە. تاکوو هاوسێیەک بە دەنگی بەرز لە نێو کۆڵانەوە بانگەوازی دا " ماڵی سەی ژەهرمار وەبەر کەوتوە."
ئارام و سیروان بە نیازی یارمەتیدانی ژن و منداڵی سەی ژەهرمار چوون بۆ ئەوێ. هەر چەند رەقیان لێبوو کە پیاوی ئەحمەوی موفتیزادەیە و لە بەدفەڕی خۆیدا ئەو نازناوەیان بە سەریدا دابڕیوە. ئەو پیاوێکی نەساز و گۆشتاڵ و بەدفەڕە. لە ژێرەوە راپۆرتی لاو و گەنجەکانی گەڕەکی دەدا.
سەی ژەهرمار هەموو ئاوەڵناوی نەشیاوی هەبوو. دەمچەپەڵ و جاشیەتی دەکرد. سەرەڕای ئەو کەسایەتیە نا شایستە. هێشا خەڵکی دڵوڤانی گەڕەک چوون بۆ یارمەتی ژن و مناڵەکانی.
هێشتا ئەستێرەکانی ئاسمان جریوەیان دەهات. تاک و تووکێک لە گڵۆپی دارتەلەکان کە هێشتا چرای گڵۆپکەیان نەشکا بوو وەکوو تۆپزێک دەڤەری خۆیان روون دەکردەوە. زۆربەی کۆڵانەکان لە بەر تاریکی، چاو بەرپێ خۆی نەدەدی.
سیروان سەیری کرد دیواری حەوشەکەیان بە دەروازەکەوە روخاوەتە نێو کۆڵانەکە. ئەوان بەسەریدا رۆیشتنە نێو حەوشێ. دەنگی ناڵە و شینیان لە نێو ژوورەکەوە بیست.
لادیواری ژوورەکەیان بە تەوەژمی شەپۆلی ئاژین بوونی هاوەنەکە رووخا و سەرمیچی ماڵەکەیان دارما بووە نێو ژوورەکەیان. لەگەڵ ئارام و چەند هاوسێیەکا بە دەست، یان بە خاکەناز و پێمەڕە خشتی لادیوارەکەیان خێرا و بەپەلە لابرد. هاوسێیەکی دیکە گڵۆپێکی وزەی لە ماڵی خۆیەوە هێنا لای سیروان و ئەوان. ئەو گڵۆپە رووناکیکەی، زۆر بە کەڵک هات بو پێشەوە چوونی کارەکەیان.
سیروان بانگی کرد: سەی هەسەن! سەی هەسەن!
سەی هەسەن لە وڵامدا وتی: هەر من و کوڕەکەم زامارین. لە ژێر دار و راجەی ماڵەکەدا گیرمان کردوە. من ئێوە دەبینم.
سیروان: باشە ئێستە دەزانم های لە کوێ. لەوێ مەجووڵێنەوە تاکوو رێگەتان بۆ دەکەینەوە. خەڵک بەکۆمەڵ کاریان دەکرد تا کوونێکیان کردەوە بۆ دەرهێنانی بنەماڵەی سەی بەدفەڕ.
سیروان لە کونەکەوە دەستی کێشا و گوتی: سەی هەسەن، دەستی مناڵەکانت بدە بە دەستمەوە. مناڵە چوکۆلەکەی دەرهێنا و دەست بە دەست تا نێو حەوشەکە دووریان

خستەوە. ئەوسا سیروان ژنەکەی هێنادەرێ و بە پێکەنینەوە وتی: سەی هەسەن، سەیکە (سەیرکە)کافرێکی کۆمونیست، دەستی ژنەکەتی گرتوە، ئێستا جیهان دەروخێت.

بەم شێوەیە کوڕەکەی و خۆیشیان دەرهێنا. هەموویان لە نێو حەوشەکەیاندا کۆکردەوە.

سیروان ئارامی بە دوای برینپێچدا نارد بۆ بنکە. ئارام پاش ماوەیەک لە تەک دوو برینپێچدا خێرا گەڕایەوە. لە کاتێکدا برینپێچەکان خەریکی دەرهێنانی وردەشوشە لە سەر و لاشی سەی بەدفەڕ و کوڕەکەیدا بوون. هاوسێیەکی وتی: سەی تەڕەماش! بە وتەی خەڵک سەی ژەهرمار! لە بیرتە پێرێ دەگوت "با ئەمانە بکوژن، چۆن کافرن و کافریش خوێنی حەڵاڵە".

شەرم بکە! داڕزە خۆفرۆش! هەر ئەم کافرانەی هاوسێت نەیانهێشت بە زیندوویی لە ژێر ماڵە روخاوەکەتدا برزیت. کە ئیسلامەکەی تۆ و موفتیزادەت روخاندی بە سەرتانا.

ئەو شوشانەی کە بە چاو دەبینرا هەموویان لە نێو لەشیاندا دەرهێنا، و برینەکانیان بەست. هاوسێیەکە دووبارە بە سەی گوت: سەی بەدفەڕ! سەیر کە ماڵت پڕ بووە لە کافر! وایە موسلمانەکان بۆردوومانت دەکەن و کافرەکانیش دەرمانت دەکەن، یارمەتیت دەدەن. ئای لەم جیهانە کە چەندە سەیرە؟ ئەم کافرانە چەندە دڵوڤانن.

سەی هەسەن ئیتر نەیتوانی خۆی ڕاگرێت و گوتی: بەسە! ئیدی بەسە! کەم ناوناتگەم پێ بێژن! ئەرێ شەرم دەکەم لە بەر شەرم چاوم هەڵنایی سەیری هاوسێەکانم بکەم. خەیڵی پانتوڵ بۆر منیان فریو دا. ئەوان بەڵێنیان پێدام کە کارێکی باش و پارە و دراڤم پێبەدن. ئەو خوێریە خۆ فرۆشانە ئەم کارەیان بە من کرد. وتیان ئەم خەڵکە کافرن؟! خواناناسن. ئەوە نەبوو پارێ خۆفرۆشی گەورە لەسەر کورسییەک دوومشقی دابوو، و نامەیەکی لە گیرفانی بەخەڵی دەرهێنا و وتی" ئەمە خودموختاییەکەیە لە گیفانم دایە".

تکایە هاوسێیەکان بمبوورن! من کردم ئێوە مەیکەن. تازە بەوە گەیشتم کە چ هەڵەیەکی مەزنم کردوە. ئای لە کەریەتی ئەم بیرو باوەڕەی کا ئەحمەو.

کوڕەکەی کە تەمەنی دەساڵ بوو وتی: ئافەرین بابا! ئەمە یەکەمجارە قسەی ئاوا لە زارت دەبیستم. جاران لێت زیز بووم. قینم لێت بوو. چەندە لە خۆم بێزار بووم کە وەکوو کوڕەجاشێک چاویان لێدەکردم. ئێستە دڵم ئەرخەیانە. کە هاوڕەنگی منداڵانی ئەم گەڕەکم. کەسایەتیکم هەیە و دەتوانم سەربەرز بژیم. ئای چەند خۆشە کە شایی و مەرگت لە گەڵ نەتەوەکەتدا بێت.

ئیتر وەک منالی خۆفرۆشێک چاوم لێناکەن. سپاس بابا کە لە کردەوەی خۆت پەشیمانی.

هەر بەو شەوە خەڵکی گەڕەک ئەو ژوورەکەی دیکەیان کە تەنها پەنجەرەکەی شکا بوو و هەندێک لە دیواری لای دەرگاکەیان، دروستیانکردەوە و نایلونیان هێنا و بە پەنجەرەکەیان دا بەست کە تێدا سەرمایان نەبێ هەتاکوو بەیانی. هەرچەند داوایان لێکرد کە دەتوانن بچێنە ماڵی هاوسێکیان.

کازیوەی زیوینی بەربەیان، بومی ئاسمانی ڕۆژهەلاتی زیواژن دەکرد و فەرشی زیوینی بۆ تیشکی زێڕینی فەڕی میترایی رادەخست. ئەستێرەکانی ئامێزی سۆرمەی شەویش هێدی و ئارام توانەوە. شەونەنۆستوانی شەویش هیوای خەویان سڕایەوە.

سیروان و ئارامی برای گەڕانەوە ماڵی خۆیان. ئارام ناشتای بە سەرپێیەوە خوارد. چەکەکەی بەست و بۆ بیستویەکەمین بەیانی ڕۆیشت بۆ پارێزی گەردیگەڕۆڵ.

سیروان نەیدەزانی بەم کاتە زووە چیبکات. خەویشی لێ شێوا بوو. نەیدەتوانی سەر خەوێک بشکێنێت و چورتێک بدات. پەڕتووکێکی هێنا و لە پێش کزنگی تیشکی بەربەیان و لە چەق دەرگای ژێرخانەکەیاندا خەریکی خوێندنەوەی بوو.

دەمێک بوو کە هەلی دەست نەکەوتبوو کە ئەو پەڕتووکە تازانەی کە کڕی بووی بیخوێنێتەوە. ئەو کۆمەڵێک پەڕتووکێ تازەی زۆری سەندو بوو کە لە کاتی دەستەڵاتی شادا پاوان کرا بوون. هەر وەها دووبارە ئەم پەڕتووکانە لە شارەکانی ژێر دەستەڵای کۆماری ئیسلامی ئێراندا پاوان کراون، و تاوانیشی زیندان و سێدارەیە.

سیروان پاش ماوەیەک کە پەڕتووکەکەی خوێندەوە، لە پڕ ڕاما. وەکوو ئەوە کە شتێکی وەبیر هاتبێتەوە داملۆڕا. هەستا و چووە خزمەتی پەڕتووکخانەکەی. سرنجیانی دا و دەستی خۆشەویستی پێیاندا هێنا. بە ئارامی وتی: دەرفەتی ئەوەم نەبوو کە هەمووتان بخوێنمەوە. دەترسم دەستی ڕەشی بێ مێشک و ئاوەزی دوژمنتان پێ بگات و ئاگرتان تێبەر بدات. ئەگەر ڕۆژێک ناچار بم ئێوەش بە جێبهێڵم وەکوو خۆشەویستان و شارەکەم. ناهێڵم بە دەستی دوژمنی پاشەڕۆ بکەون. سەرەڕای ئەوە داوای لێبووردنتان لێدەکەم. ناچار دەبم لە نێو گۆڕستاندا بە زیندویی بتاننێژم. بەڵام بەڵێنتان پێدەدەم وا داتان بپۆشم نە ئاو و نە هەرگ نەتان ڕزێنێ.

دڵۆڤانانە لە گڕی ئاگری بێ ئاوەز دەتان شارمەوە. چون شەمشەمەکوێرەکانی ڕژیم چاوی بینینی ڕووناکبیریان نییە. هەر وەکوو سپای عەرەب، لە دەورانی عومەردا کە چۆن هەموو گەرماوەکانی باژێری ئامێد یان ئامەدیان بە سووتاندنی پەڕتووک بە هەفتە و مانگان گەرم کرد. ئەو کاتە سێیانزە سەدەی لەمەو پێش بوو. کە چی ئێستاش لە سەردەمی زانستدا کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر ئەو کارە دەکات. فراژ و گەشەی ئەم ١٣٠٠ساڵەش بە فیرۆ چوو. ئەوان ئالای" شەیتانی مەزن" واتە ئەمەریکا لە سەر گۆی مانگدا، بە وێنەی خومەینی دەبینن!

سیروان ئیتر نەیدەتوانی بیری خۆی کۆبکاتەوە سەر ناوڕۆکی پەڕتووکەکە. بۆی ساق نەدەبووەوە، بۆچی پەڕتووک بسووتێنرێ. پەڕتووک بوو کە کەسایەتی مرۆڤی لە ئاژەڵ جیا کردەوە. ڕێگای فراژە و داهێنەری بە مرۆڤ پیشان دا. ژیار و ژیانی کۆمەڵگای ئافراند. کەچی ئێستا دەبێت بسووتێنرێت و خوێنەر و نووسەرەکەی لە سێدارە بدرێت!

دیسانەوە ڕۆژ هەڵات و شاریش تیشکی خۆری ڕامووسی. ئاسمانی ساوی شینی فیروزەییە و تۆ تۆ ئەرخەوانی ڕەنگە. بەڵام بارانی گوللە ڕوومەتی ماندوی شاری دەرزیاژن دەکرد. بۆنی بۆسۆی لەشی کۆرپەکانی شاری کۆسکەوتو، سواری سەر باڵی باروت و تۆزی ماڵە ڕوخاوەکان ببوو. وەکوو هێزە داگیرکەرەکانی ڕژیم بە بێ ڕێز و پرس خۆیان دەکرد بە ماڵاندا، و گەرووی تامەزرۆی هەڵمژینی هەوای ئازادیان ئازار دەدا. سییە ژاکاوەکانی ئەم ٢٢ڕۆژەیان وەسەمای ژان دەخست.

تیشکی ڕۆژ لە پەنجەرەکانەوە بوون بە مێوانی ژووری تاریک و ساردی پاش شەو، کە بەتینی خۆی لەشی سڕی شەوی دەبووژانەوە. بەوتەی پێشینیان "هاڵاوێ لە پڵاوێ

خۆشترە" هەر چەند ئێستا پڵاوەکەش دەست نەدەکەوت. بەڵام بە سایەی خۆرەتاوەوە هاڵاوەکە لە رۆژدا دەست دەکەوت و بۆ هەمووان بوو. چ دارا و چ نەدار.

دڵی سیروان تاسە و کەڵکەڵەی بینینی یاری دەکرد. لەسەر ئەوە ساق بووەوە پاش کۆبوونەوەی هێزە رامیاریەکان و نوێنەرانی بنکەکان لە سەرتەپۆڵە. بچێت بۆ لای میترا.

هێشتا تینی هەتاو کۆڵان و سەربانانی گەرم نەکردو بوو. کاتیشی زۆری مابوو.

سیروان خۆی بە بژاری باخچەی نێو حەوشەکەیانەوە خەریک کرد. پاش کەمێکی بژار، خۆڵی بن گوڵەکانیشی شی کردەوە. ئاوی بۆیان هێنا و سەیری رەوت و فراژی بەهاری لە گەشەی گوڵەکاندا دەکرد. تۆزی ماڵە روخاوەکانی نێوشار بە شێوەیەکی نا ئاسایی لە سەر لاسکی رەنگینی گوڵەکان و کەسکی گەڵاکان نیشتوبوو. کە بۆ ئەم وەرزە و مانگی گوڵان دیاردەیەکی نامۆ بوو.

دڵوڤان پاش ئەوەی بە ئاژین بوونی گوللە هاوەنی ماڵی سەی بەدفەڕ، خەوی زڕا بوو، تا درەنگانێک نەیتوانی بنوێت. تازە لە خەو هەستا بوو و لە پەنجەرەکەوە خاڵی بانگهێشت کرد، کە بچێت بۆلای.

نیوە شەو بە دایکی وتو بوو: ئێمە لە ماڵی خۆمان لە بەر تۆپباران هەڵاتین. تا ئیتر دەنگی ئاژین بوونی نەبیسم، بەڵام وا دیارە گەر هەر کوێ بچین هەر ئەم بەزمەیە. بۆچی؟ خۆ من هیچ کارێکی خراپم نە کردوە؟ بۆ وازمان لێناهێنن؟

دایکی: رۆڵە گیان زوو گەورەبە با پێبگەی و تێبگەی. پاش ئەوەی کە خەوی لێکەوتەوە چەند جار لە خەو راچەڵەکا و مەردە ئارەقی ترس لەش و نێو چاوانی خووساندو بوو .

سیروان هاتە ژووری و دڵوڤان خۆی هاویشتە باوەشی. ماچی کردەوە و گوتی: دڵەکەم ئەمشەو خاس خەفتی؟

دڵوڤان چاوی لێکردو بە ئەسپای وتی: وامزانی لە ماڵی ئێوە تەقە ناژنەوم. ئیتر بەئارامی ئەتوانم شەو بخەفم. وادیارە هەرچێ جێگاس هەرواسە.

سیروان: تۆ لە تەقە و رەقەی دوژمن بیر مەکەوە. ئەوان تەقتەقی فرەیان هەیە بەڵام مێشکیان نییە. ئەوان حەز لە دەنگەکەی دەکەن، و گوێشیان کەڕە و کپە، کە دەنگی ئێوەی منداڵیش نابیسن. ئەوان بە گەوجی خۆیان ببەخشە. با هەر بۆ خۆیان تەقەکەن تا سەریان دەتەقێت. تۆ هەر لە نێو ژێرخانەکە دانیشە و نەخش و نیگار بکێشە. یان کایە بکە. بە دەنگی تۆپباران و تەقتەقی دوژمن گوێمەدە و بیریشی لێمەکەرەوە. رۆژێک تەقتەقەکانیان بە خۆیاندا دەتەقێتەوە و ئیتر بێ دەنگ دەبن. باشە ؟

دڵوڤان: باشە خاڵۆ!

ئەوینی چنوور ئارێزی کەمەند کێش کرد. هەستا و رێگای چوارباخی گرتەبەر. تا چنووری رووگەی ببینێ و لە نێو دەریای چاوانیدا ون ببێ. بەبزەی گەشی سەر لێوانی بواری ژیانی خۆشبەختی بدۆزێتەوە.

ئارێز هەمیشە گورانییەکی لە سەر زار بوو. کە بۆ خۆی بە سۆزەوە وا دەیچڕی. چاوی مەستی هاواریەتی، ئەویندار و جێڕاویەتی. کێ بێت بەختی وا بەرز بێت، نەچیری ئاسکێک وەک تۆ بێت. چاوی مەستی هار و هاژیەتی، لێوی کاڵی داوای ماچیەتی. کێ بێ وەکوو تۆ سەما کا، زامی دەروونم دەوا کا.

سیروان تەلەفۆنی لە میترا کرد و پێوت پاش نیوەڕۆ دێم بۆ لات. ئێستا هەندێک کارم هەیە کە دەبێ جێبەجێ بکەم.
پاش ئەوە بە دلۆڤانی وت: کوڕی باش! چەند دانە نیگاری جوان بکێشە تاکوو ئێوارە دەگەڕێمەوە. لای ئێوە خۆش! ئەوسا سیروان ڕۆیشت بۆ بنکە. کە گەیشتە ئەوێ هەڤالانی پێیان ڕاگەیاند کە هۆگری هەڤاڵی پاش سێ شەوان و ڕۆژ برینداری، ئەمشەو تەواوی کرد. گیانی خۆی خەلاتی ڕەزگاری نیشتمانەکەی کرد.
هۆگر لاوێکی ئازا و دڵسۆزی نیشتمانەکەی و پێشمەرگەیەکی لێهاتوی بنکەی هاوسێ گەڕەکی سیروان بوو.
سیروان: ئاخۆ کەس دەزانێت کەی ئەسپەردەی دەکەن؟
کارەوان: کاتێک من هاتم بۆ ئێرە تەرمەکەیان دەبرد بۆ گۆرستانی تایلە بەشی چوارباخ و نزیکی شێخ عەبدولا کۆسە. لەوانەیە کە خێرا بچین پێیا بگەین.
سیروان لە گەڵ چەند کەس لە هاوڕێیانی بنکەی بەپەلە چوون بۆ ڕێورەسمی ناشتنی هۆگر. ئەوان وا خێرا ڕۆیشتن، کە گەیشتنە ئەوێ تازە تەرمەکەیان دانا بوو. لە بەر مەترسی تۆپباران و هێلیکوپتر چەند کەسێک لە خزم و بنەماڵەی هۆگر و هاوسێیەکانی لە وێ بوون و بەس.
سیروان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی هۆگر کرد.
دایکی دڵی کەیل بوو. چاوگەی چاوانی لە فرمێسک و ئەسرین وشک ببوو. بەدڵی پڕ لە زاخاوی خەم و پەژارە، هۆگری دەلاوانەوە و دەیگوت: هۆ هۆ هۆگرم ڕۆ، تازە زاوای شۆڕشم ڕۆ. تۆ هەموو ئاوات و ئامانجت شۆڕش بوو! لە گەڵیدا پەیمانی دەزگیرانیت بەست. خۆشت دەویست و دەتپەرەست. قەد لەبیرت نەدەکرد. ئەوینت بوو، هەستت بوو. کوڵت نەدا تا گەیشتی بە ئامانج. زەماوەندی گیان بەختنت کرد. کراسە سپیە لفکەدارەکەت بە خوێنی دڵت سوور بوو. تاکوو ببێ بە ئالای ڕەزگاری و تارای بووکی ئازادی.
نیشتمانت خۆش دەویست و ئێستاش لە ناخیدا بحەسێرەوە. وەکوو پەردەی سینەما هەرگیز لە پێش چاوانم ون نابیت.
ئەودەمەی کە منداڵێکی بەفەڕ و خوێن شیرین بوویت. لە شەوانی بێ خەوی سەرما و سۆڵەی زستانا. تینی ژیان و ماندوویم تۆ بوویت. هەر لە نێو بێشکەوە دژی دەسترازە و بەستن بوویت. تا وای لێهات ئەمن کۆڵم دا. دەسترازەی دەستو پێتم کردەوە. لە بیرتە نەمدەوێرا تاوێک بە جێت بهێڵم. لەوە دەترسام کە بەر بیتەوە.
خۆشەویستی ئازادی، فێری ڕەزگاری لەبەند و چەڵەمەی کردی. فێری جیهانێکی نوێ و گەورەتر بوویت. تاگەورە دەبوویت، مێشکە چکۆڵەکەیشت گەورە وگەشەی دەکرد. بیرت لە ژیان و چۆنیەتی ژین و مەرگ دەکردەوە. چەوسانەوە و زۆرکاریت هەست پێدەکرد. لە بیری ئەوەدا بوویت کە چۆن چارەسەری بکەیت. تاکوو ڕێبازی خۆتت هەڵبژارد و ژیانیشت پێ بەخشی.
ڕۆڵە گیان هۆگرا! بەبێ گوڵ هاتومە دیبەنی نوێماڵەکەت. کە هەندێ خۆڵ و بەردی گڵکۆیە. هاتم بە بێ بانگهێشتن بۆ زەماوەندەکەت. چی بکەم ئەرکی دایکانەیە کە لە شین و شادی منداڵەکانیدا بەشداربێت. نازانم ئەمە شینە یان شادیە؟

بەڵام دەزانم و لە بیرمە، ناتەوێ تارای سووری نومالّەکەت بە فرمێسکی چاوانی بێ سۆمام ئاوپڕژێن بکەم. لە گوێمدا دەزرینگێتەوە کە دەتوت: دایە گیان! شین و گرین کردەوەی بێدەستەڵات و کەم دلانە. ئەگەر رۆژێک من گیانم لە پێناوی گەلەکەمدا بەخت کرد. قەد نەگریت! فرمێسکی چاوانت دوژمنان شاد دەکات. ئەمن رێگای خۆمم هەڵبژاردوە. شۆڕش دەزگییرانمە و لە تەکیا دەژیم و دەمرم.

بەڵام خۆشەویستی هۆگر بە سەر هەستی دایکانەیدا زاڵ بوو. تەنانەت نەیهێشت دڵۆپەیەکی ئەسرین برژانگەکانی بخووسێنێ، یان بە سەر گۆنای چرچ و ژاکاویدا هەڵوەرێت. هۆگر ٢١ بەهاری تەمەنی هێشتا پڕنەکردو بووە و گیانی شیرینی کرد بە بەرخێ ئازادی.

ئەو تاکەکەسێک و یەکێک بوو لە دەیان و سەدان هۆگرەی، کە هەر رۆژە تەمەنیان وەک پەڕەی گوڵ هەڵدەوەری، بە ئەوین و هۆگری رەزگارییەوە.

هەموو خەمباران، ماڵئاوایی یەکجاریان لە هۆگر کرد و لە ناخ و دڵی نیشتماندا بە جێیان هێشت.

ئارام و هاوسەنگەرانی ئەمڕۆ لە پارازدا ئارامیان نەبوو. هێزی دوژمن چڕ و پڕ بەرەی گەردیگەرۆڵیان دەکوتا و چەند هێرشیان هێنا. پێشمەرگەکانی ئەوێ، سەرەرای ئاگری دوژمن لە زەوین و ئاسمانەوە، لە سەنگەری بریڤانیدا شاکاریان خوڵقاند و لێبووردوییان دەئافراند. هێزە پەلاماردەرەکانی رژیمیان تێدەشکاند و بەرەو پادەگان دەگەڕانەوە.

کاربەدەستانی رژیم کارامەی ئەوەیان نەبوو کە ئەو بەرزاییانە بە تکنیک و زانست بگرنەوە. ئامانجیان ئەوە بوو کە خوازیارانی شەڕ بە کوشت بدەن. تا لە گەڕانەوەی تەرمەکانیاندا پروپاگەندی دژ بە گەلی کوردی پێبکەن. بۆیە دیانەویست بە کوشتدانی هێزە بێ ورەکانیان بە هەر چەشنێک دەبێ ئەو شوێنە ستراتیژیکانە لە چنگی پێشمەرگە دەربێنن. لەم ماوەی پتر لە بیست رۆژەی شەڕدا دەیان جار هێرشیان هێنا و هەموو جارێک بە کوشتدان وبرینداربوونی دەیان چەکدار تێدەشکان.

ئەو هەورازە و دۆڵەی کە رێگای هێرش کردنی ئەوان بوون، گیا و خۆڵەکەی رەنگی سرۆشتی خۆی بەرەو سووری خوێنی رەنگ گۆڕا بوو. گڤە و وزەی باڵی مێش و مەخشی لە تەک بۆنی خوێندا، وا کاری لە سەر دەروون و رەوانی چەکدارانی دوژمن کردو بوو، رم و سڵیان لە گڤەی مەخشییەکان و بۆنی مەرگ دەکردەوە. وەکوو شێت ولێوە بە خۆوە هەڵدەهاتن یان گێژ و وڕ بە دەوری خۆیاندا لە بەر دەستڕێژی پێشمەرگە بەبێ ئامانج دەسووڕانەوە.

لە ئاگربارانی چڕی ئەمڕۆدا، دوو پێشمەرگەی کۆمەڵە بە ناوی ئەمینەسوور و شەمسەدینی کەرباسی گیانیان لەڕێی سەرفەرازی رێباز و نیشتمانیاندا بەختکرد.

ئارام و هاوڕێیانی سەرەرای ئەوە دوو هاوسەنگەریان لە دەستدابوو، بە ورەیەکی بەرزەوە هێزەکانی رژیمیان وا تێشکاندوبوو کە چەندها کەلاکیان پاش خۆیان هەرجارە بە جێدەهێشت.

سیروان رێی سەرتەپۆڵەی گرتە پێش. بەو مەبەستە کە لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بێت، لە لایەن بنکەی خۆیانەوە. لە تەک شاهۆ و وارام گەیشتنە سەرتەپۆڵە.

سەرتەپۆڵە، ئەم گەڕەکە یەکێک لە گەڕەکە کۆنەکانی شارە. دەکەوێتە باکووری زاڵگەی یانەی ئەفسەران. چوارراستە خیابان، سەرتەپۆڵە لە گەڕەکەکانی دیکەی شار جیا دەکەنەوە.

ئەم شوێنە بەشێکی لەسەر تەپۆلکەیەک چێکراوە و بۆ خۆی دووراستە کۆڵانی ماشینڕەو و بازاری هەیە. لەم گەڕەکە دێرینەدا، زۆر بینا و کۆشکی مەزن و مێژوویی تێدا بە جێماوە، کە کاری هونەری بینا سازی وستاکانی سنەیی پێشان دەدات.

لە باکوورەوە گەڕەکی قەڵاچوارلان و رۆژهەڵاتەوە چوارباخ بە دی دەکرێ.

سیروان و هاوڕێیانی لە راستەکۆڵانی موشیرتوجارەوە لە هەورازەکەی سەرتەپۆڵە سەرکەوتن و هەر بەو کۆڵانەدا دابەزینە خوارەوە. تا گەیشتنە بەر ئەو بنکەیە کە کۆبونەوەکەی تێدا دەکرا. چوونە ژووری ئەم بنکەیە. مزگتێکی کۆن بوو بە دیواری ئەستوور و پەنجەرەی روو بە رۆژهەڵات چێکرا بوو. کاتێک ئەمان چوونە ژوورەوە کۆمەڵێک خەڵک لەوێ دانیشتو بوون. ئەمان لە نزیکی پەنجەرەکانەوە رونیشتن. پاش چەند خۆلێک کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد.

کۆڕی ئاخەڤتن گەرم بوو. لە ئاکامدا بەو ئامانجە گەیشتن کە ئیتر شێوازی شەڕی بریڤانی بگۆرن و شار بەجێبهێڵن. بۆ ئەوەی کە دوژمن کەمتر لە دوورەوە شار کاوڵ بکات تا بۆیان دەکرێ گۆرەپانی شەڕ بەرنە دەرێ. ئێستا خۆیان تەیار بکەن و رۆژی چوونەدەرەوە لە شار، دواتر بە پێ بارودۆخ رابگەیێنن.

کۆبوونەوەکە تەواو بوو. لە روومەتی هەمووا‌ندا وەدی دەکرا کە چەندە پەشێو بوون کە دەبێ لەم رۆژانەدا شار بۆ دوژمن بەجێبهێڵن.

سیروان لە تەک هاوڕێیانیدا پێکەوە تاکوو خوارەوەی دەبستانی ئاسەفوەزیری و سەر خیابانی پالەوی رۆیشتن. ئەوسا سیروان ماڵاوایی لێکردن و لە خیابانەکەوە پەڕیەوە ئەوبەر و لە تەنیشت سینما رەئوف بە کۆڵانێکی تەنگە بەردا بەرەو چوارباخ رۆیشت. هاوڕێیانیشی بۆ بنکەی خۆیان گەڕانەوە.

هێلیکوپترەکان وەکوو جاران بە سەر ئاسمانی شاردا دەسووڕانەوە و تەقەیان لە خەڵک دەکرد. دەنگی گوێ ئازاری فڕەی باڵەکانیان و هەروەها قرمەی رەشاشەکانیان گوێ و مێشکی دەتەزاند. کۆڵانەکان چوڵ ببوون. مەل و پەلەوەرەکانیش کە بۆیان کرابوو لە شار تاراوە ببوون. تەنها ئەوانەی مابوونەوە کە لە هێلێنن و بە سەر هێلکەکانیاندا وەکرکەوتو بوون. یان بریندار و باڵەفرە نەبوون. ئەم شەڕە داسەپاوەی دوژمن نە تەنیا مرۆڤ تێدا زیانی دەکرد. ژینگەی شار و گیاندارانی دیکەش هەڵوەدا ببوون.

سیروان کە گەیشتە بەر دەروازەی ماڵی میترا، وەکوو هەمیشە دەروازەکەیان ئاوەڵا بوو. خەڵک دەهاتن ئاویان دەبرد. ئەو بە شێوازی خۆی زەنگی لێدا. میترا دەنگی زەنگەکەی ناسییەوە و خێرا هاتە پێشوازییەوە. یەکتریان لە ئامێز گرت و لێوی یەکتریان رامووسی.

میترا بە چاوە جوانەکانی سەیری سیروانی کرد و وتی: ئای چەندە خۆشحاڵم کە هاتی بۆلام. زۆر تاسەتم کردو بوو. دەستی سیروانی لە نێو لەپی نا و وتی: فەرمو گیانا! با بچینە ژووری باوک و دایکم چاوەڕێتن.

دەست لە دەستی یەک دریژایی حەوشی پڕ لە دار و گوڵ و لە تەنیشتی ستێریکی ئاو کە فوارەکان خورەی دەهات سرۆشتی کێوستانی وەبیر دەهێناوە، چوونە ژوورەوە. سلاوی کرد و دایک و بابی میتراش لە ئامێزیان گرت. ماریانۆ لە ماڵ بوو لە تەک سیرواندا دەستیدا و سیروانیش نێو چاوانی رامووسی. ئەوان سیروانیان زۆر خۆش دەویست و هەروەها سیروانیش ریزی ئەوتۆی بۆ دادەنان. لەم ماوەی چەند جارەدا وا لە یەکتر نزیک ببوونەوە، وەکوو ئەوەی کە سالانی ساڵە یەکتر دەناسن.

کا میروەیس: سیروان گیان! تۆ پێویستت بە خۆلک و بانگهێشتن نییە. ئێمە پڕ بە دڵ حەز دەکەین کە هەموو رۆژێک بتبینین. نە بە بۆنەی میتراوە، تۆ وا خۆت لە دڵی ئێمەدا جێکردوتەوە گەر رۆژێک نەتبینین تاسەت دەکەین.

دوێنێ ئاریانۆ بە هەزار زەحمەت توانی لە لەندەنەوە بە تەلەفۆن پەیوەندیمان پێوە بکات. زۆر هەواڵتی دەپرسی. هەروەها سلاوتی دەگەیاند.

سیروان: سەرچاوم! راستی باسی ئەوی نەکرد؟

کامیروەیس: ئا وتی" دەنگوباسی لای ئێوە نایتە دەرێ. سەرەڕای ئەوە کە ئێمە هەر رۆژە لە شوێنە فراوێرەکانی شاردا، بلاوک بلاو دەکەینەوە. خۆپیشاندان دەکەین دژ بە خوێنرشتن و قەلاچۆکردنی رژیمی پاشەڕۆی ئێران دژ بە گەلی کورد. چون هەواڵنێرە بەناوباگەکانی خۆیان لە وێدەرێ نین، ئاگاداریان زۆر کەمە".

سیروان: وایە! ئێمە خۆمانیش ئاگامان لە دێیەکی ئەولاتر نییە! لە بەر گەمارۆی ئابووری و راگەیاندن. تەنانەت ئەگەر تەلەفۆنی تەواوی شار بپچرێت خەلکی چوارباخ ئاگای لە قەتارچیان نامێنێ. چون بە هۆی بۆردوومان هاتوچوو زۆر ئەستەمە. تا بگات بە دەرەوەی شار و وەلات.

تازە رژیمە سەرمایەدارەکان بۆ بەرژەوەندی و فرۆشی کەرەسەی جەنگی خۆیان رێنادەن بە میدیای خۆیان کە دڵی کڕیارەکانیان بڕەنجێنن.

تریفە خانم: نازانم ئەم شەڕە داسەپاوەی رژیم کەی دوایی دێت؟ ئاخۆ رۆژێک بێت کە خەلک ژیانی ئاسایی خۆیان دەست پێبکەنەوە؟ کەی...؟ ئەمن پێم وایە ئەم ولاتە دانامەرزێت، و دەبێت بە مەیدانی راو و رووتکردن. گرتن و کوشتن. وای لێدێت کە خەلک سەد خوزگا بکەن بە ژیانی پڕ لە چەرمەسەری ژێر دەستەلاتی شا.

سیروان: بۆ ئێمەی نەتەوەی کورد، رەوتی ژیانمان هەمیشە پڕ بووە لە خەبات و تێکوشان. خۆبەختکردن، سەرکەوتن و دۆڕاندن. هۆوەکەشی دەگەڕێتەوە سەر باری کۆمەلایەتی گەلی کورد. سێ کوچکەی پاشەڕۆ و بەرژەوەند خوازی کۆمەڵمان، واتە شێخ، مەلا و دەرەبەگ، لە بەر بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان، لەگەڵ دوژمندا هاریکاریان کردووە و وەکوو داردەستی ئەوان، کۆرپەی شۆڕشیان خنکاندوە. لە پشتەوەش هەمیشە و لە هەموو قوناخێکدا خنجەریان لە بزووتنەوەکانی ئێمە داوە. بە نەمانی ئەم سێ بەشە پاشەڕۆیە. کۆمەلگای ئێمەش دەبووژێتەوە و گەشە دەکات. مێشکەکان سەر بەخۆ دەبن.

ئیتر دوژمن ناتوانێت وا بە ئاسانی چەوسانەوە و چەرمەسەری بۆ گەلی بندەستی کوردستان تەدارک ببینێت.

ئەگەر بابیرانی دێرینی ئێمە، ئەم کارەیان بکردبایە واتە نیشتمانەکەیان رزگار بکردبایە؟ کە زۆر لە ئەمڕۆ ئاسانتر بوو. ئێستا ئێمە لەم گێچەڵ و گێژاوەی ئەوان نەدەکەوتین. ئەگەر ئەمڕۆش ئێمە ئەو کارە نەکەین؟ کۆمەڵگای داهاتومان خراپتر توشی دەبن. بەکورتی هەر قوناخێ بدۆڕێنین دەرفەتێکی گرنگمان لە دەست داوە. کۆسپێکی سەخت و دژوار بۆ نەتەوەی داهاتو بە جێدەهێڵین.

هێزە رامیارییەکانمان، کۆرپەن و خاون. وەکوو پیری بێ ددان بیرو رای دیکەیان بۆ قورت نادرێ. ئەوانیش خەریکی بەرژەوەند پەرەستی رێکخراوەی خۆیاننو بەس. فەرهەنگی رامیای لە کۆمەڵگای ئێمەدا جێنەکەوتوە. هۆوەکەشی بەشێکی ئەوەیە کە کاری رێکخراوەی و دەربڕینی بیروڕا هەمیشە پاوان کراوە. پرۆسەی گەشەکردنی بە خۆوە نەدیوە. ئەوانەی کە دەبن بە لایەنگیری هێزێکی رامیاری. وەک دەروێشی تەریقەتێک یان وشکەسوفی شێخێک تەنیا و بەس ستایەشی شێخ و رێکخراوەکەیان دەکەن.

کۆمەڵگای جیهانی سێیەم پێویستی بە دەرمانی دیموکراسی هەیە. تاکوو ساڵی پار ئەم دەرمانە لە لای ئێمەوە دەست نەدەکەوت. ئەو ماوە کورتەی کە کوردستان بە دەستی خۆدی کوردەوە بوو، دیموکراسی گەشەی کرد. رادەی تێگەیشتنی خەڵک گەیشتە ئاستێکی بەرز. بەڵام لەوە دەچێت ئەم کۆرپە ساوایەش بەم زووانە بە دەستی ئەهریمەنی شەوەزەنگ بخنکێت. هەر وەکوو ناوچەکانی دیکەی ئێران بەرەو سەدەی ناڤین بگەڕێتەوە.

کامیروەیس: با لە باسی رامیاری گەڕێن. بیر لە رۆژانی رەشی داهاتو کە خەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە مێشکمان پێیەوە ماندو نەکەین. ئێمە پێویستمان بە حەسانەوەی مێشک و دەروونمان هەیە، پاش ئەم هەموو چەرمەسەرییە.

میترا: گۆرانی شێوازی ژیانی کۆمەڵ لە ژێرچەپۆکەیەوە بۆ سەربەستی، ئێش و ژانی زۆرە. دوژمنی مە وەکو خۆرە و پوور لە ئێمە و نیشتمانمان دەخوا. وا بە رەزامەندی خۆی وازناهێنێت. دەبێ دەری بکەین. داگیرکەر لوژیک و خرەد سەری ناچێت و زمانی ئاخاڤتنیش نازانیت و تێناگات. چاو و مێشکی ئەوان تەنیا راو و رووت و چەوسانەوە، و بەرژەوەندی گیرفانی خۆیان دەبینن.

راستی سیروان باست نەکرد کە لەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا، لە سەر چی ساق بوونەوە؟

سیروان: هێزە چەکدارەکان بە نیازن شار بە جێبهێڵن. بۆ ئەوەی کەمتر خەڵک بکوژرێ و ماڵوێران بن. بەڵام خەڵک دەیانەوێ لە شاری خۆیان بریڤانی بکەن. ئەمڕۆ هەردوو لا واتە خەڵک وهێزەرامیاریەکان، لە سەر ئەوە ساق بوونەوە کە لەم رۆژانە لە شار وەدەرکەون. دیارە چەند رۆژێک دەخایەنێت. تاکوو برینداران و کەرەسەی پێویستی بریڤانی خۆیان لە پێشدا بەرنە دەرێ. ئەوسا هێزی چەکدار، شار بە جێدەهێڵێت. کات و رۆژەکەیشی دواتر رادەگەینرێت.

میترا لە گەشیبوونی چاوانیدا وا دەردەکەوت، کە چەندە خۆشحاڵە کە بەم زووانە لە تەک سیرواندا روو لە چیاکان بکات و پێکەوە وەکوو تەوار و هەڵۆ، قەلەرەشی دوژمن

راوبەکەن. شێوازی بەرخوردانی تازە فێر بێت. لەوێ ئازاد و هەڵسوڕاو بەبێ پاوان و بەربەست نیشتمانەکەی بپارێزێت. زەنجیری دیلی و چەوسانەوە پچڕێنێت.

دایک و باوکی هەر چەند حەزیان دەکرد تاقانە کچەکەیان لە نزیکی خۆیانەوە هەست پێبکەن. بەڵام مەترسی مرۆڤکوژانی رژیم ئەوانی لە سەر ئەوە سوور کردوبوو کە وەکوو پێشمەرگەیەک بژی و بمرێ باشترە تا ژیانی دیلیەتی. نە تەنها ئەم بنەماڵەیە وا بیریان دەکردەوە. ئەمە ئامانجی هەزاران بنەماڵەی ئەم شارە بوو. کە هیچ بڕوا و متمانەیەکیان بە رژیم نەبوو. وەکوو دێوزمەیەکی خوێنمژ دەیان ناسی و بەس.

ماریانۆ بە روومەتێکی ئاخنراو لە خەم وتی: گەر وایە ئێوە ئێمە بەجێدەهێڵن. ئیتر ناتوانین بە ئاسانی بتان بینین. خوزگا منیش ئێستا گەورە ببام و لە گەڵ ئێوەدا وەدەر بکەوتام.

سیروان: خەمت نەبێت، نۆرەی تۆیش دەگات. خۆ خەبات کردن بە تەنیا دەرەوەی شار و چیاکان نییە. خەباتی نێو شار گرنگترە بۆ کەسێک کە بتوانێت ئەو کارە بکات.

پاش خواردنی پاشنیوەڕۆ و نیوەڕۆژە، ماریانۆ رۆیشت بۆ بنکە بۆ هێنانی دەنگوباسی نوێ.

کامیروەیسیش بە بیانۆی هەندێک فرمانی تاکەکەسی خۆی، میترا و سیروانی بە جێهێشت. بۆ ئەوەی گەر قسەیەکیان هەیە بۆ یەکتر و لەوان شەرم دەکەن با بۆ خۆیان سەربەست بن. تریفە خانیش خۆی بە کاری ئەو دیوی چێشتخانە سەرقاڵ کرد.

ئەمانیش تەنها مانەوە. لە تەنیشتی یەکتر رونیشتن. لە هەموو دۆزێک دوان. بەتایبەت دۆزی خۆیان لەم رۆژانەدا کە بارودۆخی شار خەریکە گۆڕانکاری بە سەردا دێت.

هێدی هێدی هەتاو بار و بنەی خۆی بۆ کۆچی ئێوارە تەدارک دەبینی. شنەی بای رۆژیش، بەتەوژمی قامچی کزەی زریان خۆیدەکردە نێو شیو و دۆڵەکاندا.

تینی زەردەپەڕی هەتاویش لەشی رووتی منداڵەماڵوێرانەکانی ئیدی گەرم نەدەکردەوە و زریانیش بە قامچی دڵرەقی خۆی لەشیانی دەتەزاند و تۆزی ماڵە روخاوەکەیانی سووڕدەدا و دەیکرد بە سەرو چاوانیاندا. بە ماڵئاوای رۆژ، زریان تاقەسواری گۆڕەپانی ئازاردانی سروشت بوو و کۆماری ئیسلامیش ددانی زەرد و خوێناوی خۆی لە مناڵان ریچ دەکردەوە وەکوو گورگی هار.

سیروان ئەوینەکەی تێر و پڕ رامووسی. وا لە ئامێزی گرت تا ئاهەنگ و سەمای دەمارەکانی هەست پێکرد. ئەوسا بە نابەدڵی وتی: گیانا! دەمەوێت دڵ و هەناوم لە دەروونتدا بە جێبهێڵم. لەشی بێ دڵ و مێشکی پڕ لە بیرەوەیم ببەمەوە ماڵی بابم.

میترا: تۆ گەر دڵی خۆت لە لای من بە جێدەهێڵیت، بەڵام دڵی من لە گەڵ خۆتدا دەبێت. ئێستە کە کاتی رۆیشتنە، ئاگات لە خۆت بێت. گەر تۆ بۆخۆت دەربەستی گیانی خۆت نابیت، ئەمن لە بیر مەکە کە بەبێ تۆ ناتوانم بژیم. واتە ژیانی من لە نێو لەپی دەستی تۆدایە و بەس.

سیروان پاش ماڵئاوای بەرەو ماڵی خۆیان بە هەنگاوی بێ هێز و ئەژنۆی لەرزۆک، بیری پرژوبڵاو پاش ماوەیەک گەیشتەوە ماڵ، کە هێشتا ئارام نەگەڕا بووەوە.

ئارێز بەیانی لە تەک چنوورا رۆیشتن بۆ ماڵی خۆیان. بەو مەبەستە وەکوو دەزگیران، نەخزم پێیان بناسێنێت. شیرینی خۆشکی لە کاتێکدا دەستی لە ملی چنوور کردو بوو، بە

دایکی وت: دایە! ئەمن ماوەیەکە پەیجۆری ئەوە بووم کە بزانم ئاریز کێ خۆشدەوێت. چەند جار هەستم بە خۆشەویستی نێوانی ئەو و چنوور کرد. بەڵام دڵنیا نەبووم. تا کاک سیروان بە تەواوی دڵنیای کردم. لەو ڕۆژەوە نازانی کە چەندە خۆشحاڵم. ئێستەش هەست بە بەختەوەری دەکەم کە هەر دوو بنەماڵەکانمان ڕەزامەندی خۆیان پیشان داوە.
نەرگیز خانم: منیش زۆر شادمانم کە وەوی و بووکەکەم بوو بە هەمان کچ کە هەر لە منداڵیەوە خۆشمدەویست و ئارەزووم دەکرد کە ڕۆژێک ببێ بە بووکم. ئێستا سپاس بۆ یەزدان کە حەز و ئاواتم بەدیهات.
ئاریز رووی لە خۆشکە بوچکەلەکەی کرد و وتی: ئادەی ئەوین خانم تۆ بە تەمەنی چواردە ساڵییەوە تاکوو ئێستا چەند کوڕت شێت و شێدا کردوە؟ ئەوەیشت لە بیر نەچێت کە چوار ساڵت ماوە بگەی بە تەمەنی چنوور.
ئەوین لە کاتێکدا ڕوومەتی وەکوو گوڵەباخی تازە پشکۆت سوور هەڵگەڕا بوو، وتی: لاچۆ، وازم لە بێنە! بۆ گەمەم پێدەکەیت. ڕاستە من ناوم ئەوینە، بەڵام هێشتا لە ئەوین تێناگەم.
ئاریز: ئەرێ "دایکی نازێ بمرێت"! تۆ وتت و منیش بڕوام کرد! مەگەر ئێمە لە تەمەنی چواردە ساڵیدا نەژیاوین؟ کە نەزانین ئەوین چییە. ئەوین ئەوەندەی دیکە لە شەرماندا سوورهەڵگەڕا. کرژ ئاریز ڕۆیشت و لە ئامێزی گرت. کۆڵمە ئاڵەکانی ماچ کردەوە و وتی: دڵی من زیز مەبە! گەمەم کرد! لاوە کەمێک پێبکەنە. با لووتت لەوە زێدەتر شۆڕ نەبێتەوە.
ئەوین هێدی و ئارام هێوەر بووەوە، وەکوو ئاوت بە سەر ئاگردا پرژاندوبێت ئەوسا وتی: ئەگەر لێمگەڕێن،من هەموو کاتی خۆم لە سەر خوێندنەکانم دادەنم.
چنوور ئەو هار و هاژیی جارانی نەما بوو. ئەم جارە وەک ڕابوردوو کە بۆ دیینەی دەهاتە ماڵی کامیرانی باڤی ئاریز هار و هاژ نەبوو. بە پێچەوانە وەک ژنێکی بە ئەزموون هەڵسوکەوتی دەکرد. لە کاتی ئاخاڤتندا باسی ڕامیاری و دەردی کۆمەڵایەتی دەکرد. مەبەستەکانی خۆی بە باشی شی دەکردەوە و ڕاڤەی لە سەر دەکرد. لەو ماوەیە کە دیموکراسی لە کوردستاندا زاڵ بوو، و پەڕتووکی زۆر و باس و ئاخاڤتنی هەر ڕۆژەی نێو کۆڕ و کۆمەڵ تا ڕادەیەکی زۆرباش گەنج و لاوانی فێری زانستی ڕامیاری کردو بوو.
ئەم گەشەیە لە بواری کاری ڕۆژانەدا ڕادەی وشیاری وا بەرز کردو بووە کە هاوتەرازی ئەوانە ببوو کە دەمێکە کاتی خۆیانیان بۆ ترخان کردو بوو. بۆیە دوژمنی پاشەڕۆ لەو گۆڕانکارییەی کۆمەڵگا دەترسێت، کە مێشکی ڕووناک تاریکی ڕاو دەنێت.
ئارامی ماندو بە شەکەتی ٢٢ڕۆژی بێوچان لە سەنگەری بریڤانیدا، لە تەک جریوەی ئەستێرەکانی ئاسماندا هاتەوە. پاش سڵاو و خۆشدۆش، دلۆڤانی لە ئامێز گرت و ڕووی لە خۆشکی ئاسیرتا و مێردەکەی ئاریوان کرد وتی: ببوورن کە دوێنێ شەو گەرم و گوڕ نەبووم. چۆن زۆر ماندو و خەوالوو بووم. هێز و وزەی ئەوەم نەبوو کە بتان دوێنم. ئەمڕۆیش ڕەنگە تا کاتژمێرێکیتر خۆم ڕابگرم پاشان گەر چووم و نوستم بم بوورن. لەم ماوەی شەڕەدا دەرفەتم نەبوو کە بێم بۆ لاتان. زۆریش تاسەتانم کردو بوو.

ئاریوان: ئێمەش لە ماڵدا دیلی ژێرزەوونیەکەمان بووین. لەم ڕۆژانەدا هێزەکانی ڕژیم لە سەر تەپۆلکەیەک لە نزیکی ماڵی ئێمەوە ستارۆ بوون. ئەو نامرۆڤانە بە کالیبر 50 هەموو ماڵانی دەورو بەری خۆیان "شەلم کوێرم دەست ناپارێزم" دەکوتا. کەس نەیدەتوانی لە رووناکی ڕۆژدا لە ماڵ وەدەرکەوێ بۆ تەدارکی خواردەمەنی یان هەر بەو بەختییەکیتر.

ئەم دلۆڤانە هەژارەم لە ژێرخانەکەماندا دیل کردوبوو. ئێمە دڵمان خۆش بوو کە هێزی دیموکرات کە لەو دەڤەرە ستارۆ بوون دەمان پارێزن. کەچی وەکوو ئەوەی کە فەرمانیان پێدرابێت کە دوژمن دەگەیشتە یەک کیلومیتریان ئەوان بەبێ تەقە سەنگەرەکانیان بە جێدەهێشت.

ڕۆژێک لە پێشمەرگەیەکی حیزب پرسیارم کرد، بۆ وا بە پەلە پاشەکشێ دەکەن؟ لە وڵامدا وتی ئێمە بەدڵوگیان گەرکمانە لە ئاو و ئاخی خۆمان پارێز بکەین. ئەو توودەییانەی نێو دیمکرات، کە هەموویان بەرپرسیارن فەرمانی پاشەکشێ دەدەن. ڕاستەکەی قسەی خۆمان بێت، ئەوان ناخوازن لە گەڵ دوژمندا شەڕ بکەن. ئەوەش تا ئێستا کردومانە بە خواست و بەرپرسی خۆمان بووە.

دوژمنیش بە ئاسانی و بێ زیاندان جێگایانی دەگرت و ماڵی خەڵکی تیرباران دەکرد.

خەڵک زۆر لێیان زیز و تووڕەن. ئەوە بەرەی گردیگەڕۆڵ و فەیزاوا کە سەد ئەوەندە گرتنی بۆ دوژمن گرنگترە، سەرەڕای ئەو هەموو هێرش و پەلامارانە نەیتوانیوە لە دەستی کۆمەڵە و ئەوان وەرگرێ.

سیروان: ئەشیا زووتر باتانە ئێرە. هەر چێ بێت جگە لە تۆپباران و هێلیکوپتر دەستی رەشاشی دوژمنی پێناگات. دوژمن لە دەور و بەرەوە دەتوانێت هێرش بۆ ئەم گەڕەکانە بێنێت. لە ڕۆژئاوای باکوورەوە کە گردیگەڕۆڵە و لە باکوور وباکووری ڕۆژهەڵات واتە فەیزاوا و چیاکانی کوچکەرەش، کە پێشمەرگەکانی بنکە و چریک و بە تایبەت کۆمەڵە دوژمنیان ناهۆمید کردوە. خەڵکی شاریش متمانەیان پێدەکەن.

چۆن وەکوو هێزێکی خەباتکار دەیانناسن نەوەکوو هێزێکی بەرژەوەند خواز.

ئەوسا لە ئارامی پرسی: ئەمڕۆ لە بەرەی ئێوەوە چە پێشهات؟

ئارام: ئەمڕۆ هێزە داگیرکەرەکانی ڕژیم چەند جار هێرشی بەر بڵاویان هێنا، بۆ گرتنی سەنگەرەکانمان. بەخۆشییەوە هەموو جارێک تێدەشکان و هەڵدەهاتن. ئێوارە دوژمن هێزێکی زۆری لە ئۆستانداری کۆ کردەوە بە مەبەستی گرتنی خوێندنگە و دەرمانگەی شێخان. کاتێک هێرشیان هێنا لە ئاستی چەک و بریڤانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و بنکەی سابری بەدوحی گەڕەکی شێخان، پاش شەڕێکی قورس تێشکان و بە شپرزی گەڕانەوە نێو ئۆستانداری. دوژمن لەپاش خۆی 5کەلاکی پاسداری کوژراویان بەجێهێشت. خەڵکی گەڕەک بە دڵفراوانییەوە ئەو پاسدارە کوژراوانەیان ئەسپەردە کرد. چون بەزەییان پێیانداهات کە نامۆن و کەس و کاریان هەزاران کیلومیتر لە کوردستانەوە دوورن. ئاگاشیان لەوە نییە کە منداڵەکانیان خۆیان کرد بە بەرخێ و قوربانی ڕامیاری مەلاکان و بەنیسەدەری بچکە مەلا.

دلۆڤان: خاڵۆ!

سیروان: گیانی خاڵۆ دەڵێت چی!

دڵوڤان: ئەریّ ئەو پاسدارانە ماڵ و منداڵیان نییە؟ کە منداڵی خەڵک دەکوژن و ماڵیان دەروخێنن؟

سیروان: باوانم! لەوانە بیر مەکەوە! ئەوانیش ماڵ و مناڵیان هەیە. ماڵی ئەوان چەند شەو و رۆژ بە ماشین لە ئێرەوە دوورەن. لەویّ شەڕ نییە و مەگەر خۆیان لە خۆیان زیان بدەن. ئەگینا ئێمە لەو پەڕی سنووری کوردستانەوە هیچ هێرشێکمان نەکردوە و نایکەین. ئەوان هاتون بۆ کوشتنی مناڵی ئێمە. ئێمە تەنیا و تەنیا لە خۆمان بەرگری دەکەین. ئەوان بۆ دراڤ، مرۆڤ دەکوژن. یان بە بۆنەی دەمار وشکی ئاییینەوە بە وتەی مەلاکان بە کوشتنی هەر کوردێک یەکیّ لە ئەندامانی بنەماڵەیان دەچێتە بەهەشت. ئەوانە لە نێو بنماڵەی دواکەوتو و کۆنەپەرستدا بار هاتون. یان بەشێکیان نەتەوەپەرەستێکی زەنگە کە دەیانەویّ لە ئێرانی فرەنەتەوەدا نەتەوەکانی دیکە قەڵاچۆ بکەن. کە بەس خۆیان تاکەسواری وەڵات بن. زۆر مرۆڤی باشیشان هەیە. ئەوانیش ئێستا دیلی زیندانەکانن، و لە بەر قامچی ئەشکەنجەدا دەناڵێنن.

زستانی پارتان خۆ لەبیرە. ئەوە نەبوو خەڵکی هەمەدان واتە شوێنی لە دایک بوونی بەنیسەدەری سەرکۆمار. وێنەی خومەینیان لە نێو مانگدا بینی. هەموو شەوێک خەڵک دەچوونە سەر بانان و سەیری مانگیان دەکرد، بۆ دیتنی ئیمام خومەینی. کەچی لە نێو مانگدا بەس ئاڵای( شەیتانی مەزن) ئەمەریکای لێیە و بەس.

کا ئاریان: کوڕم بۆ رخنەیان لێدەگریت. چۆن ئەوان دەستکەم دەگری؟ ئەمەریکاییەکان بە زانست و خرەدی خۆیان، پاش چەند ساڵ توژینەوەی زانستی ئاپۆلۆیان چێکرد. زۆرتر لە دەساڵە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی چوونە ئەویّ. لەویّ واتە لە نێو گۆی مانگدا پیاسەیان کرد و هەندێک بەردیان بۆ پەیجۆری زانستی ژیان لەویّ هێناوە. ئاڵای خۆیانیان لەویّ داکوتا.

ئایەتولاکانیش بە ئاپۆلۆی ١٢ی عابایرەش چوون بۆ ئەویّ و چۆن ئاڵایان نەبوو وێنەی گەورەی خومەینیان بە قەد بارسایی گۆی مانگ لەویّ دانا کە لە ئێرانەوە خەڵکەکەیان بەباشی هەموو شەوێک سەیری بکەن. بۆ ئەوە کە (شەیتانی بوزورگ) خۆی هەڵنەکێشێت کە ئاڵای لە وێیە.

ئاریوان: واسە! ئەوان بە باڵی کەرامەت دەفڕن، و خێرایشیان لە تیشکی خۆر زۆرترە.! وەرە دڵوڤان گیان ئێستا کاتی ئەوەیە بنویّ. ئەم رۆژە سەختانەی شەڕیش تەواو دەبیّ. کاتێک گەورە بووی ئەوسا ئەم شتانەت بۆ روون دەبێتەوە.

راستی سیروان گەر خەوت نای با دەستێک تەختە نەرد کایە بکەین؟

سیروان: ئەمنیش زۆرم پێخۆشە! مانگێک دەبێت کە دەرفەتی ئەوەم نەکردوبوو کە بیریشی لێبکەمەوە.

سیروان هەستا و چووە ژووری دانیشتنی نەهومی سەرەوەی ژێرخانەکە، و تەختەنەردەکەی لە گەڵ خۆیدا هێنایە خواریّ. بە ئاریوانی وت: وەرە دەزانم کە ئەمجارە تۆ دەیبێتەوە. چۆن ئێتر من وەکوو جاران بیرم کۆ نییە، و پەپولەی بیر و هەستم بە دوای گوڵی تایبەتی خۆیدا سەرگەردانە.

ئارام: بەیارمەتیتان من ئیتر نایکێشم. خەو و ماندویی سوارن و منیش پیادە. ئێتر دانومان پێکەوە ناکوڵێت. باشترە کۆڵی پێبدەم و بنوم. ئێوەش هەردووکتان بیرتان

پەرۆشە و بە سەر خەودا بە پێچەوانەی من زاڵن. ئێوە دەتوانن پێکەوە شەوگار شەقکەن. شەوتان خۆش و خەوی خۆشتان بۆ ئاواتەخوازم.
ئارام خۆی خزاندە نێو پێخەفەکەی و دەمەودەست خەوی لێکەوت.
یەک لە دوای یەک بوون بە میوانی شەو خەویان لە ئامێز گرت.
ئاهەنگی مەرگی ڕژیم، لە ژەندن نەدەکەوت. ژەنیارەکانیش لە گیانکێشان ماندو نەدەبوون. شەویش وەکوو هەمیشە تەختی خەوی بۆ دایکی بریندار و ماڵڕوخاو و کۆستکەوتوی شار ڕاخست. ئاخۆ دایکی شار لە بەر ئێش و ئازاری خەمی جوانەمەرگەکانی، یان ڕۆڵە بریندارەکانی، خەوی لێدەکەوێت؟

## بەشی٢٣

دووشەمە،(مانگڕۆژ)ی٢٢ی گوڵانی ساڵی٢٦٨٠ی کوردی. ڕۆژی وات، وایو، وا، با. وایو ناوی ئیزەدی بایە، ئەوڵناوی ئازا و دلێرە. ١٢ی مای ١٩٨٠ی ز

---

ئای بۆ نەرمە بارانێک کە پلووسکی سەربانان بێنێە سەما و گۆرانی. تا خۆڵ وتۆزی مردوی سەدان ساڵەی نێو دیوارە دیرۆکییەکانی شار دامرکێنێت. هەتاکوو رووخاندنیان لەم شەڕەدا، شێ و ئاوی بارانیان نەدیبوو.
باڵای تەمەنی شەونم و پرشە بارانی شەویش هێشتا توانای خووساندن و دامرکاندنی نەبوو. تۆزی ئەو ماڵە دیرۆکییانە، بەدەم زریانەوە لووتی وێژدانی مێژوی ئازار دەدا. رخنەی لە وێران کردنی ئەو یادگارانە دەگرت.
لە ئاکامدا تاوە بارانێک بوو بە مێوان، بۆنی تازەی کاگڵی تەڕ، بە سەر بۆنی مێشک ئازاری بارووتدا زاڵ بوو. شیبا بە لەنجە و لارەوە دەشنێت، و وەکوو پوڵی مندالانی بۆکە بارانە دەروازەی هەموو ماڵێکی دەکوتا. هەستی بۆنی شەڕی بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێت، لە لوتی شاری دەتاراند و بۆنی ژینگەی نێو سروشتی دەبووژانەوە.
شیبا بە سەماوە دەشنێت. ئاسمانی پڕ لە هەوران. بە ئارامی دوور لە چاوی دوژ و نەیاران. فرمێسکی دڵی کەیلی، دڵۆپ دڵۆپ هەڵدەرژان، بە سەر شاری باوان وێران. شیبا شەوێنێ سەر پەڕەی گوڵانی هێنا بووە سەما. سۆمای ئاسۆ، هانای لاوێنی هێنا بۆ ئەویندارانن. لە زۆزانەوە دێنێ مژەی بەیان. بە وڵی زیوای بەفرینی بەهارەوە. بە ئاڵای تارای ئەوین، دەسرێ ئەسرینی شەتاو لە سەر گۆنای دڵ بریندارانەوە.
مری بەرهەم و ژیان لە گەرا چووبووەوە. مریشکەسەرە لە کڕ کەوتوە. بۆڵبۆڵ گۆرانی ئەوینی بۆ گوڵ لە ناخدا خنکاوە. پەڕە و لاسکی ناسکی گوڵیش ژاکاوە. هێدی و ئارام تیشکی بەربەیان رووناکی دەبەخشێت. ڕەنگی دێزی شەوی مژی ئاسمان، وەکوو بەفری زمسان سپی هەڵدەگەڕا. ئارام و لە سەرخۆ بە دەستی دایە پیرەی ڕەنج و ئازار، وەک خوری شی دەکرایەوە.

پەڵە لە دوای پەڵە گەواڵ گەواڵ لە یەک دەتەرازان. تا لە ئاکامدا لە بەر تیشک و تینی هەتاودا توانەوە. ئەوەی کە هانای بۆ چیاکان بردوبوو و بە شێوەی شاڵ و بەروانک لەشی رووتی کەسک رەنگی چیای داپۆشاند. سەر و سمێڵی بەفرینی پیرە چیا، لە ژێر ئاسمانی شینا سەربەرز وەک هەمیشە سەیری نێو شاری دەکرد.

تیشکی هەتاویش لە دەلاقە و پەنجەرەکانەوە دەچووە نێو ژووری سارد و سڕی ماڵان. بۆ خەڵات کردنی تین و رووناکی. چاوانی خەواڵوی ئازار دەدا و مرۆڤی هان دەدا ژبۆ ژیانەوە و ڤەژین بوون. بۆ ئەوەی کە ڕابن و چەرخی ژیان هەڵسووڕێنن .

ئارام بەماچی کازیوەی بەربەیان لە خەو هەستا. رەپ بوونی ماسولکەکانی جووڵانەوەی لێ ئەستەم کردوبوو. بۆ ئەوەی کە لەشی دەستەمۆ بێت، بۆ فەرمانی مێشکی، لە نێو حەوشدا بە بێ وچان کەوتە نەرمە وەرزشی بووژانەوەی لەش و گیان.

چەک و دراخی خۆی بەست و ڕێگای بریڤانی گرتە پێش. گورچ و گۆڵی ڕێگای جارانی نەما بوو. چون ئێسک و ماسولکەکانی لە شەکەتی و ژاندا دەیان زریکاند و لەوانەیە بەم زووانە مان بگرن.

بە خۆی دەگوت: دەبێ خۆم بڕەتێنم تا ئارەق بکەم و لەشم نەرم بێت. بە ڕاکردن و خێرا ڕۆیشتن ئەمڕۆش لەشی ماندوی دەستەمۆ کرد. ئەمە چەند ڕۆژێکە ناکۆکی نێوانی مێشک و لەشی زێدەتر پەرەی سەندووە.

زەنگی تەلەفۆن سرنجی سیروانی بۆ لایخۆی ڕاکێشا. خێرا وڵامی دایەوە. بە نیازی بیستنی دەنگی ئەوینەکەی بوو، کەچی وا دەرنەهات. یەکێ لە هەواڵانی بنکە بە سیروانی ڕاگەیاند واتووەری بڵاو بووەتەوە کە ئەمڕۆ هێزەکانی ڕژیم دەیانەوێ لە جادەی فەیزاواوە هێرش بهێنە نێو شار. ئێمە چەند کەسێکین کە بە نیازین بچین بۆ یارمەتی. حەز دەکەین کە تۆ لە گەڵماندا بیت، گەر کارێکت نییە؟

سیروان: خۆتان ئامادە بکەن ئەوە هاتم.

خۆشکی ئاگای لە ئاخاڤتنی سیروان بوو و وتی: برا گیان ئاگا و هۆشی خۆت بێت. سیروان: باشە بەسەر چاوان! کەمێک ناشتای بە پەلە خوارد و چەک و ڕەختی خۆی بەست. کە گەیشتە ئاپۆرەی بەربنکە، هاوڕێیانی چاوەڕێ بوون. پێکەوە بەرەو سەنگەرەکانی فەیزاوا ڕۆیشتن.

لە روومەتی دایکی سیرواندا هەست بەخەم دەکرا. ئەو نیگەرانی سێ کوڕەکەی بوو کە هەرکامیان لە شوێنێک، لە بەرەیەکی شەڕدان. ئەو لە تیری چڵکنی دوژمن دەترسا، کە بۆ ئەو بە هۆی سێ کوڕەکانی، سێ ئەوەندە جێگای مەترسی بوو. لە بەر خۆیەوە بە دەنگێکی نووساو دەیگوت: کوڕەکانم ئاگاتان لە خۆتان بێ. ئێوە چرای رووناکی ماڵ و هێزی ئەژنۆی ئێمەی لەرزۆکن.

تیشکی گەرمای هەتاو و هەڵمی شێ زەوینی پاش نمە بارانی شەو گەرمایەکی ئەوتۆی ئافڕاندو بوو. کە ئەمانیش بە چەک و تەقەمەنییەوە خێرایی ڕۆیشتن، هەمو لەشیان لە ئارەقدا خووسا بوو. جار و بار نەرمە بایەک دەشنی و ئارەقی نێو چاوانیان فێنک دەکردەوە. هەرچی بەرەو دوندی بەرزاییەکان دەڕۆیشتن شنەی با زۆرتر دەبوو و ئەوان هەستیان بە فێنکی زۆرتر دەکرد.

سیروان بە بەرپرسیاری ئەو سەنگەرەی وت: کاک سەربەست ئێمە بە گوێرەی واتووەری نێو شار وا بە پەلە هاتوین بۆ یارمەتی ئێوە. جا کام سەنگەر پێویستی بە یارمەتی هەیە، ئێمە ئامادەین.

سەربەست: کاک سیروانی بەرێز! خۆش هاتن سەرچاوان! سپاس بۆ ئەوەی کە هەمیشە یارمەتیدەر بوون و هەن. تا ئەو جێگایە من ئاگادار بم دوژمن لەم رۆژانەدا وا شپرزە بووە کە بە زەحمەت خۆی دەپارێزێت تا بگات بە هێرش هێنان. ئەوە رەنگە سیخورەکانی رژیم ئەو واتووەریانەیان بڵاو کردوتەوە بۆ تێکدانی ئارامی ژینگەی شار. واتە تاکتیکی شەڕی رەوانی کردن.

دیدەوانەکانمان کە چاودێری دوژمن دەکەن، دەڵێن جوولەیان لێبڕاوە. ئێستا کە ئێوە ئەو هەموو رێگایە هاتون دەتوانن هەتاکوو نیوەڕۆ بمێنەوە. گەر دوژمن هێرشی هێنا، هەمووومان پێکەوە بریڤانی دەکەین. ئەگینا پاش نیوەڕۆ بگەڕێنەوە و ئاگاتان لە نێو شار بێ. دەتوانن لەم دوو سەنگەرە بڵاوە بکەن تا بزانین چۆن دەبێ.

هێلیکوپترەکان بە ئاسمانی شاردا دەفڕین و دەنگی تەقەی دەبیسترا و دووکەڵی هاوێشتنی راکتەکانی دەبینرا. هەروەها چەند هێلیکوپترێکیش بەسەر مۆڵگەی هێزەکانی رژیم لە سەر رێگای نەنەڵە سوورەدزە و پادەگان دەبینران. تانگەکانی سەر کێوی شەوبۆیش لە بەر ئاگری پێشمەرگە گەڕابوونەوە نێو پادەگان. پێشمەرگەش لە جێگەیاندا پارێزیان چێکردبوو، و ستارۆ ببوون.

ئارێز بەیانی تەلەفۆنی لە سیروان کرد، بۆ ئەوەی پلانێک بۆ ئەمڕۆ داڕێژن.

ئامێدیا خانم دایکی سیروان، لە وڵامدا گوتی: بەیانی زوو سیروان لە گەڵ هەڤاڵانیدا چوون بۆ بەرەی فەیزاوا، بۆ یارمەتی پێشمەرگەکانی ئەوێ.

ئارێز: مەگەر لەوێ شەڕ دەستی پێکردوە؟

ئامێدیا خان: هێشتا نا! دەنگۆ داکەوتوە کە دوژمن دەیەوێ لەوێرا هێرش بێنێتە نێو شار.

ئارێز: باشە دایە گیان، هەر کارێکت بە من بوو لە خزمەتت دام.

ئامێدیا خان: سپاس رۆڵە گیان! هیچ کارێکم نییە. بەس ئاگات لە خۆت بێت.

ئارێز چوو بۆ بنکەی گەڕەکی خۆیان. یەک دوو کاتژمێرێک لەوێ مایەوە و بە ئاخاوتن کاتێ بردە سەر. وەک ئەوەی شتێکی ون کردوبێت، وەرەز و وەڕەزتر دەبوو. گەڕایەوە ماڵێ تاکوو بزانێ کە سیروان پەیوەندی نەکردوە. کە هاتەوە ژووریّ لە خۆشکی پرسی: ئەری دادە شیرین سیروان تەلەفۆنی نەکرد؟

شیرین: نا ئارێز گیان! کەس تەلەفۆنی نەکرد.

ئارێز: ئەگەر تەلەفۆنی کرد پێ بڵێ چووە بۆ لای چنوور. باشە!

شیرین: باشە برا ئەویندارەکەم، بەڵام ئاگات لە خۆت بێت.

ئارێز: باشە لای ئێوە خۆش.

ئارێز هەر کات بەرەو چوارباخ و ژوانی چنوور دەرۆیشت، ئەرڤایی و هێزی ئەژنۆی خێراتر دەبوو. خورپەی دڵیشی چڕتر لێدەدا. کاتێک چنووری دەدی هەمو رەوتی دەروونی ئاسای دەبووەوە. لە نێو گۆمی مەنگی چاوانیدا دەکەوتە سەمای مەلەی ئەوین.

ئاریز گەیشتەماڵی چنووری خۆشەویستی. وەکوو هەمیشە کاک کامەران تینۆی باس و وتوویژ بوو.

چنوور: من دەمەوێ بچم بۆ بنکە بۆ هێنانی هەواڵنامەی تازە.

ئاریز: دانیشە پیویست ناکات، چۆن من لە تەک خۆمدا هێناومە. فەرمو بەدەنگە خۆشەکەت بیخوێنەوە.

ئارام وەک ڕۆژانی پێشو لە ژێر ئاگری بۆردومان و تۆپبارانی ڕژیم دەرفەتی وچانی نەبوو. هێزە تێکشاوەکەی دوژمن کە دوێنێ وا شپرزە ببوون، هێشتا سەرەڕای هێنانی هێزی تازە. خۆی بۆ کۆ نەکرابووەوە کە هێرش بێنێ. تۆپخانەکانی ڕژیم بەبێ وچان و پسا پس ماڵانی نێو شاریان دەکوتا.

ئەوان ئەم شێوازەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردو بوو کە زیانی گیانیان تێدا نەدەکرد.

میترا پاش ئەوەی تەلەفۆنی لە سیروان کرد و بیستو بووی کە ڕۆیشتوە بۆ بەرەی شەڕ، زۆر بە پەرۆش بوو. پاش خواردنی فراوین لە وەڕەزیدا چوو بۆ بنکە، تا بلاۆک یان هەواڵنامە بێنێتەوە. لە بنکە ماوەی چارەکە کاتژمێرێک لە تەک هەڤالانیدا مایەوە ئەوسا بە چەپکێکی بلاۆک گەڕایەوە بۆ ماڵ.

هێشتا نیوەی ڕێگای ماڵی خۆیانی نەبڕی بوو، دەنگی هاژەی گولله هاوەنێکی بیست. ئاوڕی دایەوە بزانێ چ باسە، و لە کوێ کەوت. چەند چرکەیەکی نەخایاند و هاوکات لە تەک دەنگی ئاژین بوونی هەستی کرد کە بوو بە ژێر لادیوارێکەوە. تۆزی خشتی لادیوارە رووخاوەکە گەروو و دەوروبەری ئاخنی بوو و دەنگی دەرنەدەهات. چاوانی ولاّیی و خۆی لە ژێر خشتی لادیوارەکەدا بینی. هەردوو گوێ کپ ببوو. ویستی هەڵسێت، نەیتوانی و هەستی کرد کە لاقی ناجووڵێتەوە. هێشتا دەنگی ئاژین بوونی گولله هاوەنەکە لە گوێدا دەزرنگایەوە، و تۆز و خۆڵ چاوانی لێل کردو بوو. گوێ لە دەنگی کزی پیاوێک بوو کە دەینالاّن و دەیگوت: ئاخ، باوکەڕۆ مردم!

بەرە بەرە ئاپۆرەی خەڵک زۆر بوون. دەیانوت: زووکەن خێرا ئەم خشت و بەردانە لاوەن!

میترا هێشتا پەشۆکا بوو و ئێش و ژانی هەست پێنەدەکرد. نەیدەزانی کەچی ڕوویداوە.

گولله هاوەنەکە لە نێو حەساری ماڵی گوڵزار خانمدا تەقییەوە.

گوڵزار، بێوەژنێکی هەژار و نەدارە. شوەکەی شانزە ساڵ لەمەوبەر لە وەرزی بەهار و مانگی گولاّندا، خۆیو و چارەواکەی دەکەونە بەر دەستڕێژی ئەمنییەکانی شا لە سەر سنووری مەریوان پێنجوێن، و دەکوژرێن.

کا زنار پیاوێکی زەحمەتکێش و نەدار بوو. بۆیە لەو دیوی سنووری دەستکردی ئێران، واتە کوردستانی باشور(ئەودیو) چای دەهێنا و دەیفرۆشت. لەبەر بێکاری کا زنار چارەی نەبوو. بۆیە ئەوکارە پڕمەترسییەی دەکرد. تاکوو بتوانی بەبێ شێو ژن و مناڵەکانی بەخێو بکات.

بەکوشتنی زنار، پێنج منداڵی ورد بۆ گوڵزاری خۆشی نەدیو مایەوە، کە بە خێویان بکات. گوڵزاریش وەک هەر ژنە کوردێکی دیکە هەموو ژیان و تەمەنی جەوانی خۆی بۆ منداڵەکانی تەرخان کرد.

بەتەشی رستن، تەون کردن، کاری نێو ماڵی ئەم و ئەو، توانی مناڵەکانی گەورە بکات. سێ کوڕ و دوو کچ، کە تەمەنیان لە نێوان هەڤدە تا بیست وپێنج ساڵەیدایە، بە تەنیایی بەخێویانی کرد. دوو کوڕە گەورەکەی ببوون بە پێشمەرگە. ئەوانی دیکەش لە تێکۆشەرانی بنکە بوون.

کاتێک هاوەنەکە لە نێو حەوشەکەیاندا دەتەقێتەوە، بەخۆشیەوە کەسیان لە ماڵ نابێت. دیواری حەوشەکە، بەدەروازەکەیانەوە لە بەر تەوژمی شەپۆلی ئاژین بوونی هاوەنەکەوە بەرەو نێو کۆڵانەکە دەرووخێت. لەو کاتەدا مامۆ ئەودەی هەژار، کە تازە نانی کڕی بوو و دەیبردەوە بۆ ماڵی خۆیان، بوو بە ژێر دیوارەکەوە. هەروەها میتراش هەر دولاقی لە ئەژنۆ بەرەو خوار.

خەڵکی گەڕەک بە پەلە دیوارە رووخاوەکە و خشتەکانی لە سەر لەشی مامۆ ئەودە و لاقی میترا لا دەبەن. مامۆ ئەودەی کولۆڵ هەموو لەشی لاواز و زراڤی لە ژێر دیوارکەدا ورد و خاش ببوو. میترای هەژاریش هەر دوولاقی بریندار دەبێ و لاقی چەپیشی دەشکێت. بەدارتەرم دەیانبەنەوە ماڵی خۆیان.

ئامبولانس نەبوو و هەروەها نەخۆشخانە و دەرمانگای شێر و خۆرشیدیش جێگەیان نەبوو. نەخۆشخانەکانی دیکە بە بۆردومان رووخا بوون، یان لە بەر بێ وزە و ئاو، و هەروەها لە بەر تۆپباران و بێ دەرمانی داخرا بوون.

دوو برینپێچ لەگەڵ دوکتور رەزگار، کە خەڵکی چوارباخ بوون. پاش بۆردومان کردنی ئەو نەخۆشخانەیە کە کاری نەشتەرگەری و پەرسداریان تێدا دەکرد، کە بوو بە هۆی رووخاندنی بەشێک لە نەخۆشخانەکە و کوژران و بریندار بوونی چەند بریندار و برینپێجێک، ئەمان بوون بە دوکتۆر و برینپێچی گەڕۆک.

ئیتر ئەوان لە دەڤەری چوار باخ کاریان دەکرد. بنکە بە بنکە و ماڵی برینداران دەرۆیشتن و ئەوانیان دەرمان دەکرد.

دوکتور رەزگار پاش سەردان و دەرمانی برینەکانی مامۆئەودە رۆیشت بۆ ماڵی میترا. یەکێ لە برینپێجەکان هەڤاڵی میترا بوو، کە لە تەک دوکتور رەزگاردا کاری دەرمانی دەکرد. برینەکانی میترایان لە خۆڵ و زیخ پاخش و خاوێن کردەوە. لاقە شکاوەکەیشی بە تەختە و کۆتاڵ بەست. تاکوو کەرەسەیەکی باشتر تەدارک ببینن. هەندێک ناوی دەرزی و دەرمانی بۆ برینەکانی میترا نووسی و دای بە دەستی کا میروەیس و وتی: گەر بتوانی ئەم دەرمانانە پەیدا بکەی زۆر باش دەبێت. دەزانم دەرمان لە دەرمانخانە وەگیرناکەوێ یان داخراوە. لە ماڵان یان لە بنکەکانی نێو شاردا لەوانەیە دەست بکەوێت.

لەم ماوەی ٢٣رۆژی گەمارۆی شاردا هیچ کەرەسەیەک، چ دەرمان بێ یان خواردەمەنی نە هاتووەتە نێو شار. سەرەڕای ئەوە بژیو و کەرەسی پێویستی ژیانیش خەریکە بن بڕ بێ، لەم لا و ئەو لا شانسی دوزینەوەی هێشتا ماوە .

میترا بە باوکی وت: بابە گیان! مەگەر سیروان ئەو دەرمانانە پەیا بکات. ماریانۆ زەخمەتنەبێت ئەو تەلەفۆنەم بۆ بێنە. دەمەوێت بە سیروان بڵێم گەر لە شەڕ گەڕاوبێتەوە ماڵێ.

میترا تەلەفۆنی لە ماڵی سیروان کرد. ئامێدیا خانم وڵامی دایەوە.

میترا سڵاوی کرد و وتی: دایە گیان سیروان گەڕاوەتەوە؟

دایە ئامێدیا: نا کەنیچکە شیرینەکەم! هێشتا نەگەڕاوەتەوە!
میترا: دەی باشە دایە گیان! هەر کاتێک هاتەوە پێ بێژە زوو تەلەفۆنم لێبکات. میترا بە شێوەی ئاسای قسەی کرد و هیچ باسی برینداری خۆیشی بۆ نەکرد .
سیروان و هاوڕێیانی هەتاکوو پاشنیوەڕۆ لەو سەنگەرنە مانەوە و چاوەڕێ هێرشی دوژمنیان کرد. بەڵام هێزە چەواشەکانی رژیم، وەک ماری گەستو هەموو هێز و توانای خۆیان بۆ پاراستنی مۆڵگەکانیان تەرخان کردوبوو. ئەو واتۆوەریانەی کە گوایا ئەوان هێرش دێنن، بۆ ئەوە بوو کە هێزی پێشمەرگە بخەنە شێوازی بەرگیری کردن.
سیروان و ئەوان گەڕانەوە بۆ بنکەی خۆیان. سیروان هەستی بە دڵەخۆرپێ و وەڕەزی دەکرد. هەندێک پرس و جۆ کردن لە بەرەی گردیگەڕۆڵ و بار و دۆخی ئەوێ بۆی دەر کەوت کە ئارامە. بیری لە میترا و ئارێز دەکردەوە. لە بنکە نەیتوانی بمێنێتەوە و خێرا گەڕایەوە ماڵێ.
کە سیروان هاتە ژووری دایکی زوو پێوت: رۆڵە گیان زوو پەیوەندی بە میتراوە بکە! ئەمڕۆ چەند جار هەواڵتی پرسیوە، و کاری پێتە.
سیروان ژمارەی ماڵی میترای گرت. پاش دوو زەنگ میترا وڵامی دایەوە و، گوتی: ئای سیروان گیان! چەندە باش بوو کە دەنگتم بیست. ئەمڕۆ زۆر نیگەرانت بووم.
سیروان: لەوە دەچێت حاڵت باش نەبێت. چ روویداوە؟ دڵپڕ و وەڕەز دیاری. زوو پێم بڵێ!
میترا: هیچێ نییە! تەنیا کەمێک بریندار بووم.
سیروان: چی؟ بریندار! لە کوێ و چۆن؟
میترا: برینەکانم سووکە! وەرە بۆ ئێرە ئەوسا بۆتی دەگێڕێمەوە.
سیروان: باشە چیت پێویستە؟ وەکوو دەرمان و کەرەسەی برینپێچی و ...
میترا: گیانا دوکتور رەزگار چەند ناوی دەرمانی بۆ نووسیوم. بۆت دەخوێنمەوە! تۆیش بینووسە گەر توانیت پەیای بکەی چ باشتر. ئەگێنا هەر وەرە بۆ ئێرە.
سیروان ماوەیەک حەبەسا و ئاوی زاری لە گەروویدا قەتیسما. ئەوسا بە دەنگێکی گەڕ و نووساوە وتی: بە سەر چاو فەرمو بێژە لە بن هەوریش بێت بۆتی دەیان بینمەوە. تۆ دەزانیت کە چەندە خۆشتم دەوێت. هەر وا بە ورە بە گیانەکەم.
سیروان ناوی دەرزی و دەرمانەکانی نووسی ماوەیەک راما و بیری لەوە دەکردەوە کە لە کوێیەوە دەست پێبکات. تەلەفۆنی لە هاوڕێیەکی کرد کە دەرمانخانەیان هەیە.
براچکۆڵەکەی وڵامی دایەوە و سیروان خۆی ناساند و وتی: زەحمەتنەبێت کاک دڵشاد لە ماڵە؟
هاوکات بانگی دڵشادی کرد وتی: سڵاو کاک سیروان! بۆ دیار نیت؟
سیروان: سپاس کاک دانیار! رووی مەلا رەش بێت. ژیانی ئاسای شارێکیان تێکداوە. دڵشاد گوشیەکەی لە دانیار وەرگرت و وتی: سڵاو پایزە برا بۆ لێمان ناپرسێت؟ ئێژن دۆسی سنەیی تا بەر حەوزەکەیە راستە، وانیە سیروان؟
سیروان: ئەوە دورشمی مەست و سەر خۆشانە! ئەگێنا دۆستایەتی سنەیی وەکوو پۆڵا پتەوە. دڵشاد گیان! چەند جۆرێ دەرمانم پێویستە بەشکو لە ئەمبار، ژێرخان، یان دەرمانخانەکەتاندا بۆم بدوزیتەوە! زۆر پێویسم پێیە !

دڵشاد: ناوی ئەمبارت برد. شتێکم وەبیر هاتەوە. لەوانەیە یەک دوو کارتۆن دەرمانم لە ئەمباردا ما بێتەو کە ئێستە وەبیرم هاتەوە. وەرە بۆ ئێرە تا بزانین شتێکی تێیا هەس یان نا.
ناوی دەرمانەکانم پێ بڵێ تاکوو تۆ دێی بۆ ئەگرە بەشکوو لە شوێنێک بۆت پەیدا بکەم. سیروان ناوەکانی بۆ خوێندەوە و ئەویش بە وردی نووسی.
سیروان بە بنەماڵەکەی وت کە میترا بریندارە و لەوانەیە ماوەیەک لای بمێنێتەوە. ئەگەر کارێکتان پێم بوو لەوێم. جڵ و بەرگی بەری گۆڕی و خێرا چوو بۆ بنکە. لە بەختی ئەو دوکتور ڤیان لە وێ بوو. چەند دەرزی و هەندێک دەرمانی لێوەرگرت و لە نێو کۆڵەپشتییەکەی نا و بە خێرا رۆیشتن و هەڵاتن خۆی گەیاندە ماڵی دڵشاد.
سیروان و دڵشاد پێکەوە دەرگای ئەمبارەکەیان کردەوە، و چوونە ژوورەوە. ئەمبارێکی گەورە بوو لە قوژبنێکیدا کۆمەڵێک کارتۆنی بەتاڵ کۆ کرابوونەوە.
دڵشاد: وەرە با ئەم کارتۆنە بەتاڵانە لەوێ لابەرین و سەیری نێویشیان بکەین. لەوانەیە دەرمانی تێدا بەجێمابێت. یەک یەک کارتۆنەکانیان سەیر کرد و گواستیانەوە چەند میترێکی ئەو لاتر. هەر لە نێوکارتۆنە بەتالەکاندا چەند بەستە دەرمانیان دیەوە.
دڵشاد: نەتوت کێ بریندارە؟
سیروان: میترای دەزگیرانم!
دڵشاد: بەداخەوە! هیوادارم بە زووی چا بێتەوە. راستی دوکتوری باش لەو گەڕەکە هەیە؟ گەر پێویستت بە دوکتور بوو بە تەلەفۆن ئاگادارم بکەوە.
سیروان: سپاس! بەسەر چاو!
دڵشاد: ئەم کارتۆنە بەتاڵانە دەبینیت؟ هەموویانم بە خۆڕای داوە بە دوکتور و بنکەکان بۆ دەرمانی بریندارانی شار.
لە بنەوەی هەموویاندا دوو کارتۆنی گەورەی نە کراوەیان دیتەوە.
دڵشاد بە چەقوی گیرفانی چەسپی سەر کارتۆنەکانی دڕاند و هەموویانی دەرهێنا.
سیروان: شتێکی تێدایە بە کەڵکی میترا بێت؟
دڵشاد: وادیارە میترا زۆر خۆش شانسە، یەک تۆی هەیە و دوو ئەم دەرمانانە لە ئێرە لە بیر کراوە. ئێستا سێ کارتۆنت بۆ پڕدەکەم، لە هەموو دەرمانی پێویست بۆ بریندااران. بۆ جێبەجێ کردنیشی یارمەتیت دەدەم.
ئەوان پێکەوە سێ کارتۆنیان لە دەرزی و دەرمان و کەرەسەی برینپێچی پڕکرد، و بە باشی بەستیان. سیروان دوو کارتۆنی هەڵگرت و خۆیشی یەکێ تا پێش دەرگا.
دڵشاد بانگی لە دانیاری برای کرد و وتی: وەرە یارمەتیمان بدە تا ئەم کارتۆنانە دەبەینە چوارباخ.
دەرمانەکانیان پاش چارەکە رێگایەک لە بەر دەروازەی ماڵی میترا دانا. هەر چەند سیروان خولکی زۆری لێکردن کە بێنە ژووری و وچانێک بەدەن. بەڵام ئەوان وتیان با زەماوەند بکەی ئەوسا دێن بۆ لاتان.
سیروان: سپاس! بە هیوام لە خۆشیدا بتوانم وڵامی خزمەتەکەتان بدەمەوە. دووبارە سپاس و لای ئێوە خۆش!
سیروان لە زەنگی دەروازەکەی دا.

ماریانۆ هات تاکوو بزانێ کێیە. کە سیروانی دی بە سێ کارتونی گەورەوە، بە دڵپڕی سڵاوی کرد و پرسی ئەمانە چین؟

سیروان: ئەمانە دەرمانن بۆ میترام هێناوە. یارمەتیم بدە کە بیبەینەماڵەوە.

ماریانۆ: بە سەر چاو کاک سیروان! ئاریز و چنوور لەوێ بوون کە سیروانیان دی خێرا هاتن بۆ لای. لە ئامێزیان گرت و یەکێ کارتۆنێیان لە تەک ماریانۆدا هەڵگرت و پێکەوە چوونە ژوورێ.

سیروان سڵاوی کرد و رێزی لە بنەماڵی میترا و مێوانەکانیانی گرت. چووە لای میترا رۆنیشت و سەری لە سەر سنگی دانا و ماچی کردەوە. هەستی کرد کە دڵۆپەی فرمێسکی چاوانی میترا بە سەر گونای زەردیدا شۆڕ بووەتەوە، و روومەتی سیروانیشی پاراو کرد.

سیروان بە لەپی دەستی فرمێسکەکانی سڕی و سرنجی چاوەکەسکەکانی میترای دا کە وەکوو جەنگەلی رۆژانی بارانی، ئەسرینی تێزا بوو، و تەمی خەمی لێدەباری.

بە چاوان بە سیروانی دەگوت ئەم برینداریە چۆن بوو بە کۆسپێک لە رێگەی ئامانجەکانماندا.

سیروان بە دەسترەیەکی ناسک فرمێسکی گۆشەی چاوانی میترای سڕی. لە کاتێکدا خەم گەرووی ئاخنی بوو. هەناسەی قەیسما بوو بە قووتدانی چەند جار ئاوی زاری بە دەنگێکی کپکراوەوە وتی: میترا گیان! خۆشەویستم دەبێت ورەت بەرز بێت. بە سەر ئێش و ژانی برینەکانتدا زاڵ بیت. من تۆم خۆش ویستوە و ئێستاش زۆرتر لە جاران. بەڵێنم پێبدە کە خۆت توشی خەم و پەژارە نەکەیت.

د. رەزگار کارتۆنی دەرمانەکانی کردەوە. شاگەشە بوو کە سەرنجی ناواخنەکانی دا بە بزەوە وتی: سیروان! ئەم هەموو دەرمانەت لەکوێ هێناوە؟

سیروان: بەختی میترا، بوو بەهۆی ئەوە کە ئەم دەرمانانە فەراموش بکرێن.

د. رەزگار: من بەم دەرمانانە دەتوانم گیانی دەیان بریندار رەزگار بکەم. زۆر شتێ باش و بە دەگمەنی تێدایە. ئافەرین سیروان! میترا راستی کرد کە وتی مەگەر سیروان ئەم دەرمانانە پەیدا بکات.

سیروان: بەشی میترای لێدانە و بەشی بریندارانی دیکەش ببە. ئەوسا سەیری چاوانی میترای کرد و درێژەی بە وتەکانی دا، ئەمن بۆ میترا لە بن هەوریش بێت پێویستیەکانی دەبینێمەوە. ئەگەر لە ئێرە پەیام نە کردبایە، بە پێ لە شار دەچوومە دەرێ و بە ماشینیش دەرۆیشتم بۆ کرماشان یان هەمەدان، لە وێ بۆم دەکڕی.

راستی دوکتور برینەکانی تا چ رادەیەک ناسۆڕن؟

دوکتور: ئێسکی لاقێکی شکاوە برینەکانیشی دەبێ ئاگامان لێبێت، کە چڵک نەکەن چون خۆڵی دیواری کۆن تێکەڵی برینەکانی بووە.

میترا: زیز مەبە سیروان! هەموو شتێک چاک دەبێ، بەس ماوەی دەوێت. ئێستا باسی بەرەی فەیزاوامان بۆ بکە!

سیروان: هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەوە لە هێرشی پێشمەرگ بۆ سەر مۆڵگەکانیان لە دەرەوەی بازنەی شار خۆیان بپارێزن، واتووەریان بڵاو کردەوە، کە گوایا ئەوان لە جادەی کەلی فەیزاواوە هێرش بۆ نێو شار دێنن. ئێمەش رۆیشتین بۆ

یارمەتی، هەتاکوو پاش نیوەڕۆ لەوێ ماینەوە و هیچ جوولانەوەیەکمان لە وانەوە نەدی. دوایش هەر وا گەڕاینەوە.

ئاریێز: لە ماڵی کاک کامەراندا بووم کە دەنگی ئاژین بوونی گوللە تۆپەکەمان بیست. خێرا بەرەو شوێنی تەقینەوەکە رۆیشتین. بە داخەوە میترامان لە بن دیوارەکەدا دی. ئای چەندە لە تەک چنووردا پەشۆکاین. خێرا لە بن دیوارە رووخاوەکە دەرمان هێنا و هێنامانەوە ماڵی خۆیان. هیوادارین هەرچێ زووتر خاس بێتەوە و کەوێتە سەر پێ.

هاوسێیەکانیان دەهاتن بۆ هەواڵپرسی میترا. لە نێوانیاندا کاکامەران دۆستی دێرین کامیروەیس لە تەک خاسێ خانمی هاوسەریدا هاتن.

خاسێ میترای راموسی و چاوانی پڕ بوو لە فرمێسک و ئەوەندە دڵپڕ بوو، نەیتوانی بیدوێنێ. چوو لە تەنیشتی تریفەوە دانیشت. وتی: چنۆ، کە گەڕایەوە بە خەمێکەوە پێ وتم دایە، میتراخانم هەردوو لاقی بوو بە ژێر دیوارە رووخاوەکەوە. چنوور و کاک ئاریێز بردیانەوە بۆ ماڵی خۆیان. لە گەڵ کامەراندا بە قەد منداڵی خۆمان ناراحەت بووین. چەکردن لە تەک دوژمنی هۆڤدا.

تریفە: ئێمە خەڵکی ئەم شارە هیچ دەستەڵاتێکمان نییە. تۆپباران بووە بە بەختەبارانە، لە کوێ ببارێت کەس نازانێت. ئەوە نییە کە هەمووومان خۆمان بۆ ئامادە کردووە؟

کێ ئەڵێت سۆزی بارانی ژەهراویشمان بە سەردا نابارێنێ ؟

تارمایی شەو باڵی بە سەر کۆڵانەکانی نێو شاردا راکیشا. هەموو رێی و بانەکان چۆڵ و هۆڵ بوون. پەپوویش لە شاردا دەست نەدەکەوت کە تێدا بخوێنێت. مێوانەکانی ماڵی میترا، جگە لە بنەماڵەی کاکامەران هەموویان گەڕابوونەوە ماڵی خۆیان.

کاکامەران وتی: لە هەواڵنامەی کۆمەڵە خوێندومەتەوە کە"نەخۆشخانەی شەهیدان کە تاکە نەخۆشخانەی شارە کە کاردەکات، کەوتوتە بەر تۆپبارانی هێزەکانی ئەرتەش و پاسدارەکانی رژیم. کە بوو بەهۆی بریندار بوونی چەند پەرەستار و کارمەندیکی ئەوێ، هەروەها بریندار بوونی دووبارەی ئەو زامدارانەی کە لە وێ کەوتو بوون. هەر ئەمڕۆ کۆمەڵەی شێروخۆرشیدی سنە کە جیگای دەرمان کردنی بریندارانی بۆردوومانی شارە، ئەوێش بۆردوومان کرا. لەوێدەرێ کۆمەڵێکیتر خەڵک بریندار دەبن".ئەمەیە رێز نانی کۆماری ئیسلامی لە نەخۆشخانەکان! ئاریێز هەواڵنامەی تازەی پێیە. گەر پێتان خۆشە تا داوای لێبکەین بیخوێنێتەوە؟

کا میرویس تکایە فەرمو بزانین چ باسە. میتراش بۆ هەواڵنامە رۆیشت کە توش بوو.

ئاریێز:" هەواڵنامەی ژمارەی ٤٠ی کۆمەڵە. "نەخۆشخانەی شەهیدان لە لایەنی ئەرتەش و پاسدارارانەوە بۆردوومان کرا.

هاونیشتمانانی تێکۆشەر! ئەرتەشی دژ بە گەل، و پاسدارانی پاشەڕۆ نەخۆشخانەی شەهیدان و کۆمەڵەی شێروخۆرشید، کە تەنها ناوەندی دەرمانی شارن و زۆرتر لە هەزار برینداری تێدایە لە بۆردوومان بێ بەش نەکرد. لوژیکی ئەم دڕندانە لە لایەن ئێمەوە ئاشکرا و رۆشنە. لە شەڕی نێوانی گەل و دژ بە گەل، لە دیرۆکی گەلانی جیهاندا لەم شێوازانە زۆر بینراوە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەمان ڕێباز دەپێوێت کە ڕژیمە فاشیستەکان پێدا چوون. ڕژیم لە هەموو شێوەیەکی سەرکوت وکوشتووبڕ، بۆ ڕاگرتنی دەستەڵاتی خوێنڕێژانەی خۆی کەڵکی وەرگرتووە.

بوێر و ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابوردوو. کاتی ئاگربەستی پاش بزووتنەوەی یەکەم لێک بدەینەوە، تا بزانین کە چۆن بۆ ڕێکخستنی شەڕی دووهەم بەرنامەیان دارڕشتوە.

لە پێشدا بە چەمرانیان فەرمان دا کە بەبێ دەنگ، تاکەکەسە شۆڕشگێرەکانی نێو ئەرتەش دەر بکات. ئەرتەشیش بۆ شەڕ لە گەڵ کورداندا ئامادە بکات. ئەوان بەو ئاکامە گەیشتوبوون کە ئەرتەش لە خولی یەکەمدا وا کارا، و کارامە نەبوو. دەستە و کۆمەڵی خۆفرۆشی نێو خۆیی و دەرەبەگەکان، ساواکییەکانی هەڵاتوی کوردستانیان لە تاران و کرماشاندا کۆ کردەوە، و بەناوی پێشمەرگەی موسلمان لە کامیاران و بیجاڕدا ستارۆ دران.

شوێنەکانی ئەرتەشیان لە کوردستان یەک لە دوای یەک بە هێز کرد. لە سەر تەپۆڵکەکانی دەڤەری مەهابادا، زاڵگەی ئەرتەشیان چێکرد. دوو بنکەی پاسدارانیان لە نێو شاردا بە هێز کرد. بەشەش لەشکەر فرمانی ئامادەباشیان ڕاگەیاند. کارەوان کارەوان هێزیان لە شارەکانی ورمێ، مەراغە، زەنگان ، بیجار، هەمەدان، و کرماشان کۆکردەوە. پاشان هێدی هێدی بەرەو کوردستان وەڕێکەوتن.

بە سەر ئەم بابەت و مژارەدا، ئێستگەی ڕاگەیاندنی پڕوپاگەندەی ڕژیم، ناکۆکی خۆیان و بەعسیە فاشیستەکانیان هێنا پێشەوە و گەورەیان کردەوە. تاکوو بە گەورەکردنی دوژمنی دەرەوە، هێرشیان بۆ سەر گەلی کورد لەکوردستاندا بشارێتەوە.

ئەوسا نۆرە بە پشتی بەرەی شەڕ واتە کۆمەڵگاکانی نێو شار و دێیەکان گەیشت کە سەرکوت بکرێن بۆ ئەوە بزووتنەوەی پشتیوانی لە گەلی کورد دروست نەکەن. هێرشێکی بەربڵاوی لە ٢٨ی گوڵانی ساڵی ڕابوردوو کردە سەر ناوەندی گروپ و ڕۆژنامە پێشکوتوەکان. هێرش بۆ سەر زانستگەکان...پاش ماوەیەک هەستیان کرد کە پیلانەکەیان تەواو نییە. ئەم جارەش ڕۆژنامە دەستپەروەردە و بێدەستەڵاتەکانی وەک کەیهان و ئیتلاعاتیان ناچار کرد کە زۆرتر بێ دەنگ بن. ئەوان سیستەمی دەستەڵاتیان لە سەر زەبر و زەنگ دامەرزاندوە. نەیاندەهێشت تەنانەت نەختێک لە ڕاسڵی و ڕاستییەکان بەرەو جیهانی دەرەوە بڕوات.

پاش ئەوەی گەمارۆی ئابووری کوردستانیان تەواو کرد، هێرشی بەربڵاویان هاوکات دەست پێکرد. فەرماندەی لەشکەری ٢٨ی کوردستانی ڕژیم، سوێندی خوارد کە کارەوانی ئەرتەشی ناردراو لە کرماشانەوە نیازی داگیر کردنی شوێنێکی نییە. تەنیا بۆ گۆڕانی هێزەکان دەڕوا.

ئەم بەکرێگیراوە خۆفرۆشانە، بۆ کارەوانێک کە لە ورمێیەوە بەرەو شنۆ؟ بۆ کاروانێک لە نەغەدە تا قەڵاتان هاتە پێشەوە؟ بۆ کارەوانێک لە هەمەدانەوە و بەرەو سنە بەرێیەوە؟ بۆ کارەوانێک لە بیجارەوە بەرەو دیواندەرە خۆی ئامادە کردووە؟ بۆ کارەوانێک بە کاتیوشا و چەکیگران لە مەراغەوە بەرەو میاندووئاو هاتوە و جێگیر بووە؟ چ وڵامێکیان هەیە؟ بۆ بێدەنگن! ؟

بەم شێوەیە باژێر و گوندەکانی کوردستان کەوتونە ژێر ئاگری تۆپخانەکانی رژیم. ئەوان بە دروستی تێگەیشتون بۆیە لە کوردستاندا لە گەڵ گەلی کوردا بەربەرەکانێ دەکەن. نەتەنیا لە گەڵ رێکخراوە رامیارییەکان. ئەوان دەبێ هەموو گەلی کورد سەرکوت بکەن.

لە قارنێوقەڵاتاندا خەڵکی سیڤیلیان قەڵاچۆ کرد. بە تۆپ و کاتیوشای جێگیر لە میاندووئاودا بە بێ ئاماج دێیەکانی ئەو دەڤەرە تۆپباران دەکەن. لە سنە، بانە و سەقز بە بۆردوومانی ئەم شارانە نزیکی ٢٠٠٠کەسیان بریندار کردوە. سەدان کەسیان لە خوێندا گەوزاندوە. تەقە لە ئامبۆلانس و نەخۆشخانەکان دەکەن. بەکورتی خەڵکدەکوژن و گەلێک قەڵاچۆ دەکەن.

گەمارۆی ئابووری کوردستان بەشێکە لەو پیلانە دارێژاوەی رژیمە، بۆ لە کار خستنی بەرهەم و ژیانی هەموو خەڵک. لە هاتنی بەنزین و گازوئیل بەرەو زۆربەی شارەکانی کوردستان بەرگیری دەکەن. تاکوو پۆمپەکانی ئاودێری لە کاربکەون. تا مەزراکان ئاودێری نەکرێن. تەراکتورەکان نە جووڵێنەوە و زەوییەکان نە کێڵدرێن. ئایا ئەم بەرنامەیە دژ بە هەموو گەلی کورد نییە؟

لە راستیدا ئەوان بۆ لە ناو بردنی ماسییەکان زریا وشک دەکەن."

پاش ماوەیەک باس و ئاخاوتن بنەماڵەی کاک کامەران ماڵئاوایان کرد و گەڕانەوە ماڵی خۆیان. ماڵباتی کامیروەیسیش بە سیروانەوە بە تەنێ مانەوە.

میترا رووی لە سیروان کرد و گوتی: سیروان گیان! حەز دەکەم ئەمشەو لامان بمێنیتەوە.

کا میروەیس درێژەی دا بە وتەکانی میترا و وتی: راست دەکات سیروان لەو کاتەوە تۆ لە ئێرەی میترا ورەی باشترە و کەمتر هەست بە ئێش دەکات.

سیروان: بە سەر چاوانم من تەنها بۆ دیبەنی نەهاتم، بەڵکو بۆ ئەوە هاتوم کە ببم بە پەرەستاری میترا. چون ناتوانم لەم کاتەدا دوور لە هەناسەی میترا بژیم. کە بیستم میترا بریندارە هەر دوو ئەژنۆم لەرزا. ئەوەندە خەمبار و پەشێو بووم کاتێک کە وا میترام دیی نەمتوانی قسە بکەم.

لەم کاتەدا دوکتور رەرزگار هاتەوە. برینەکانی میترای خاوێن کردەوە و بانداژی تازەی لە سەر برینەکان دانا. سرۆمەکەی کە بەرەو تەواو بوون دەرۆیشت گۆڕای و سیروانی فێر کرد گەر تەواو بوو چۆن بیگۆڕێ. پاشان هەندێک دەرمانی لە نێو کارتۆنەکە خستە نێو کۆڵەپشتییەکەی و هندێکیشی بۆ میترا دانا و وتی کە چۆنا و چۆنی بیخوات.

هەستا سەرپێ و وتی: بە یارمەتیتان دەبێ بچین. دوو برینداری دیکەشمان هەیە کە برینەکانیان زۆر ناسۆرە. یەکیان کا ئەودەی هاوسێ خۆتانە. رووی لە میترا کرد و وتی هەتاکوو بەیانی دەگەڕێمەوە لای گشتان خۆش.

سیروان تەلەفۆنی لە ماڵی خۆیان کرد، تا هەواڵی ئارام بزانێت.

ئارام وڵامی دایەوە: بیستومە میترا بریندارە حاڵی چۆنە برینەکانی خۆ ناسۆڕ نین؟ لە لایەن هەموومانەوە لێیپرسە.

سیروان: بەش بە حاڵی خۆی ناسۆرە و ئێسکی لاقی شکاوە و برینیشی زۆرە. لەم کاتەدا دایکی گوێچکەدانەکەی لە ئارام وەرگرت و گوتی: رۆڵە گیان سیروان بیدە بە دەستی میترا! با کەمێک لە گەڵیدا قسە بکەم.

سیروان: باشە! فەرمو، میترا دایکم دەیەوێ لە تەکتا قسە بکات. سیروان تەلەفۆنەکەی دا بە میترا.

میترا: سڵاو دایە گیان!

ئامێدیا: سڵاوت وەبان چاوانم وەوییە شیرینەکەم! دەردت لە گیانم کەفێت! نازانیت لە ئێوارەوە ئێمە گشتمان چەنێ پەشۆکاوین. ئەی رۆڵە گیان هەر چێ ئێش و دەردتە بێ بۆ من. بە هیوام هەرچێ زووتر خاسوبیت. دەی دڵەکەم ئەوە ئاریان گەرەکییە تەکتا قسە بکات.

میترا: سپاس! دایە خانم زەحمەتت کێشا و شەوت خۆش... سڵاو کا ئاریان! شەوتان باش!

کا ئاریان: شەو باش کچم! بەڵا دوورە! چاوی ملاکانی تاران کوێر بێ! میترا خانم ورەی خۆت لە دەست نەدەیت! تەنها تۆ نیت بە هەزاران وەکوو تۆ ئێستا بە دەم ژانی برینەوە دەناڵێنن. ئێستا لەم شارەدا بریندار بوون، بووە بە مۆد " گەر کەسێک بریندار نەبێت دەڵێن مۆدی نییە " ئەمە گەمەی تازەی منداڵانە بە ناوی مۆدی برینداری. لە کۆمەڵگای ئێمەدا هیچێکی دیکە بۆ گەنجان نەماوە، بەس دروست کردنی جۆکی ژینگەی شەڕ بۆ وەرەز نەبوون لە ژیانی یەکجۆری. شەوت خۆش باوانەکەم سڵاو و رێزم بە بنەماڵەی بەرێزت راگەیێنە!

میترا: سپاس بابە گیان لە مێهر و دڵوڤانیتان. شەوتان خۆش! راستی چاوەڕێی هاتنەوەی سیروان نەبن. ئەو جارێ لە لای من دەمێنێتەوە.

ئاریان: باشە کچم! تا ئەمڕۆ سیروان لە لای ئێمە بوو، ئیتر ئەو بە تۆ رەزامەندە لای تۆی پێخۆشترە پیرۆزت بێت. ئەوەت لەبیر نەچێت هەر دووکتان وەکوویەک جگەرگۆشەی ئێمەن، و وەکوویەک خۆشتانمان دەوێ بەبێ جیاوازی.

میترا: سپاس! وایە من هەمیشە هەستم پێ کردوە .

ئارام: میترا خانم لەوەی کە بیستم بریندار بوویت، زۆر پەشێو بووم. چەکردن ئێمە کە لە ژینگەی شەڕدادەژین، دەبێ چاوەڕێ هەموو رووداوێکی ناخۆش بین. بەهیوام هەرچێی زووتر چاک بیتەوە. شەوتان خۆش!

میترا: پڕ سپاس ئارام گیان، ئاگات لە خۆت بێت! شەو خۆش!

سیروان بە ئەسپایی پچاندی بە گوێ میتراوە و وتی: ئەرێ میترا بۆ کاری دەست بە ئاو چدەکەی؟ خۆ تۆ ناتوانی بە سەر پێتەوە بوەستی و نابێت بوەستی؟

میترا: نازانم سیروان گیان چی بکەم. لە ئێوارەوە گمێز زۆری بۆ هێناوم. تا ئێستا توانیمە خۆم بگرم. دەبێت رێگا چارەیەک بدوزینەوە. من نا توانم بە خۆم بسەلمێنم کە دایکم تەڕو وشکم بکاتەوە.

سیروان: تا من کورسییەکی رەورەویت بۆ چێدەکەم، بە یارمەتی دایکت ئەم جارە خۆت رەزگار بکە. ئێمە دەچینە ئەو ژێرخانەکەی تر بۆ ئەوە تۆ شەرم نەکەی. باشە!

میترا: باشە! ئای چەندە خۆشتم دەوێت سیروان، ئەگەر ئێستا تۆ لە ئەگرە نەبوایت من شێت دەبووم.
سیروان: ئەمنیش تۆ دەپەرەستم گیانا.
سیروان بە کامیروەیسی وت: ئەمن دەستی دارتاشیم خراپ نییە. ئەگەر کورسییەک و چوار چەرخم بۆ بێنن، کورسییەکی جووڵێنەر بۆ ئەم لا و ئەولا کردنی میترا چێدەکەم با یەکجۆر هەر رانەکشێت تا وەرەز بێت.
کامیروەیس: زۆر باشە منیش لە بیری شتێکی وادا بووم کە بۆی تەدارک ببینم. بەڵام بازار و دوکان داخراون. لە ئەو ژێرخانەکەی دیکەمان هەموو شتێکی تێدایە. وەرە تا بچین بزانین کە چیت دەوێت؟
سیروان: زۆر باشە  فەرموون! وەرە ماریانۆ یارمەتیم بدە. سیروان گۆنای میترای ماچ کردەوە و گوتی شتێکی بە کەڵکت بۆ دروست دەکەم کە بتوانی جێبەجێ بیت. ئەوسا ئەوان چوونە ئەو ژێرخانەکەی تر.
ماریانۆ یەخانێکی تەختەی کە پڕ بوو لە کەرەسەی پێچ و مۆرە تاکوو چەرخی رەوڕەوە هێنایە پێش سیروان. کامیروەیسیش کورسییەیەکی باشی هێنا کە لە داری ئەستوری گوێز چێکرا بوو. سیروان چەند پارچە تەختەی ئەندازە گرت و بەکێشانی هێڵێک دیاری کرد. دای بە ماریانۆ کە بیانبڕێتەوە. خۆیشی کورسییەکەی هێنا پێشەوە و لە سەر شوێنی دانیشتنی هێڵێکی بازنەیی کێشا، و ئەوسا بە مەتە کونی کرد و بە مشار بڕیەوە.
تەختەدارەکان کە ماریانۆ بڕی بووینەوە. بەبزمار بە چەشنێک لە ژێر شوێنی دانیشتنی کورسییەکە بەستییەوە کە بە سانایی و ئاسانی دەکرا دەفرێک بخشنیتە ژێر کۆنی کورسییەکە. لە نێو چەرخەکاندا چوار چەرخی رەوان و گەورەی هەڵبژارد، و ئەوسا بە شێوەیەک لە ژێر هەر چوارلاقی کورسییەکە چێکرد، کە کورسییەکە وەک رەوڕەوەیەک دەکرا بە هەموولایەکدا بچەرخێت.
بۆ ئەوەی کە لاقی زۆری لێنەکەوێت بە چەند پارچە تەختە و چەرخێک وای چێکرد کە میترا لاقی لە سەری بە بێ ئازار راگرێت.
سیروان: ئێستا رەوڕەوەکەمان تەواوە بەس پێویستم بە شتی نەرم هەیە وەکو چەرم و خۆری یان دۆشەکەی هەوری زیدی گەر هەتانە.
میروەیس: دۆشەکەی هەوری تازەمان هەیە کە تاکوو ئێستا بە کارمان نەهێناوە، بەڵام چەرمان نییە جگە لە باڵتەیەکی چەرمی خۆم نەبێت.
سیروان: زۆرباشە! ئەگەر باڵتەکەت ئیتر لە بەر ناکەیت بیهێنە.
میروەیس: نا ئیتر بۆ رەورڕەوەکە بێت باشترە. ماریانۆ ئەوانەی هێنا پێشەوە.
سیروان دۆشەکە تازەکەی پارچە پارچە کرد. باڵتە جوانەکەش کە رەنگە یەک دووجار لە بەرکرابێت بە مەقەس بڕی. ئەو شوێنانەی کە لەشی میترا بە سەر کورسییەکە پەیوەندی دەکرد، هەوری لێدا و چەرمی بە سەریدا گرت. وا چێکرد کە گەر چەند کاتژمێریش لە سەری دانیشێ لەشی وەژان نەکەوێت و نەتەزێت.
کورسییەک بوو بە رەوڕەوەیەکی پێنج چەرخ کە چواری هی چوار لاقی کورسییەکە بوو و پێنجەمیش لە ژێری ئەو بەشەدا بوو کە لاقی بە سەریدا رادەکێشا.

ماریانۆ کورسیە رەوڕەوەکەی برد بۆ لای میترا. وتی: خانم گیان فەرموو ئەمە ماشینی نوێ تۆیە، منیش دەبم بە لێخۆڕ و شوفێرت.
میترا بە زەردەخەنە و پێکەنین وتی: سپاس سیروان! سپاس ماریانۆ و بابۆ! رووی لە دایکی کرد و وتی دایە گیان زەحمەت نەبێت یارمەتیم بدە تاکوو تاقی بکەمەوە بزانم چۆنە.
تریفە خانم رەوڕەوەکەی هێنا تەنیشت میترا. هەندێک راوستا و بیری کردەوە کە چۆن لە سەری دانێت.
سیروان هاتە پێشەوە، و وتی: تریفە خانم دەبێ دوو کەس پێکەوە و هاوکات بە شێوەیەک میترا بەرزکەنەوە کە لاقی نەکوڵێتەوە. میتراش دەبێت ئاریکاری بکات و هەر دوو باڵی لە سەر شانی ئەو دوو کەسە دانێ و بیکات بە لەنگەر بۆ ئاسانکاری. ئێستا من و ماریانۆ ئەو کارە دەکەین ئێوەش چاومان لێبکەن.
سیروان و ماریانۆ بە ئەسپایی و هاو کات میترایان لە سەر جێگاکەی هەڵیانگرتو لە سەر کورسییەکەیان دانا.
تریفەخانم هەندێک رەوڕەوەکەی بە میتراوە لە نێو ژێرخانەکەدا گەڕاند و ئەوسا بەرەو رێرەوەکە رۆیشتن.
سیروان: تریفەخانم! لە چوارچێوەی دەرگاکە رەوڕەوەکە بە سەر ئەو تەختەدارانەدا ببە کە دامان ناوە بۆ ئاسانکاری.
تریفە: بە سەر چاو و لە ژێرخانەکە چوونە دەرەوە .
کا میروەیس رووی لە سیروان کرد و وتی: دەستت خۆش بێت. کارێکی زۆر بەجێت کرد. ئافەرین بە راستی ئافەرین. میترا راستی دەکرد کە دەیوت بابۆ سیروان زۆر دەستی هونەری هەیە و لە زۆربەی کارە دەستییەکاندا شارەزا و خاوەن بیری تازەیە. لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا پێویستییەکی زۆر گرنگت چێکرد، کە من بیریشم پێنەدەگەیشت.
سیروان: سپاس و دەستی ئێوەش خۆش بێ. من جگە لە ئەرکی خۆم کارێکم نەکردوە بۆ میترا.
کامیروەیس: ئەم کچەم تۆی زۆر خۆشدەوێت. لە ئێوارەوە کە تۆ لە ئێرەی خۆ دەیبینی کە چەندە ورەی بەرزە و ئێش و ژانی لە بیر خۆی بردوتەوە. من لە بارودۆخی تازە زۆر نیگەرانم. تایبەت لەو کاتەوە میترا بریندار بووە.
سیروان: لەم شەوانە هێزە رامیاریەکان بریندارەکانیان لە شار دەبەنە دەرێ. ئەگەر ئێوە رازی بن من میترا لە گەڵ ئەواندا لە شار دەباز دەکەم. لە دەرەوە نەخۆشخانە و دوکتوری باش هەیە. تا میترا چاک دەبێتەوە من لە لای دەمێنێمەوە. ناهێڵم هەست بە تەنیایی بکات.
کامیروەیس: نازانم بارودۆخی برینەکەی چۆن دەبێت. ئایا دەتوانیت لە سەر ئەسپ یان لە ماشیندا خۆی بگرێت، سەرەرڕای ئەو هەموو مەترسییە؟ ئەوەش دەزانی کە میترا لە تەک هیچکام لەم رێکخراوانەدا نییە. نامەوێت بە رێکەوت یان بە زۆر کچەکەم بکەم بە لایەنگری رێکخراوەیەک، کە هێشتا خۆی لە سەری ساق نەبووەتەوە.

هەرچەند لەوە دڵنیام لە گەڵ تۆدایە. بەڵام خودی میترا و دۆزی برینی لاقی، دەتوانێت وڵامت بداتەوە. میترا پێش ئەوەی کە بریندار بێت، نازانی چەندە خۆشحاڵ بوو کە لە تەک تۆدا دێتە دەرێ و خەباتی خۆی لە وێوە درێژە دەدات. بەڵام ئێستا کە بریندارە و هەڵسووڕانی بۆ زەحمەتە. تا ئێسکی شکاوی لاقی بگرسێتەوە یەک دوو مانگ دەخاینێت.
ئێوەش لەوانەیە بەم زوانە شار بە جێبهێڵن. چۆن ئێوە لە بەر کوشتن و وێران کردنی شار، لە لایەن دوژمنەوە ناچارن شار چۆڵ بکەن. بۆ ئەوەێ ئیتر کەمتر خەڵک تێدا بچێ و ماڵان وێران بێ. ئەوەیە کە رۆژانە دەیبینین کە دوژمن تەنانەت لە نەخۆشخانەکانیش دەست ناپارێزێت. ئازووقە و خواردەمەنی لە تەواو بووندایە. وزە و ئاوی نیوەی زۆرتری شار پچڕاوە. خەڵک لەم ژیانە پڕمەترسییە و چەرمەسەریە بێزارن.
ئەمڕۆ بیستوسێ رۆژانە کە خەڵک لە ژێر ئاگری بۆردوومانەدا دەسووتێن و دەژین. ئیتر پەیوانەی دەروونیان لێوەلەر بووە.
سەرەڕای ئەوە خەڵک بە گشتی ئەوە دەزانن، کە ئێوە شار بەجێبهێڵن، ئەوە نییە کە ئەوان هەست بە بەهەشت و ئاسایش بکەن. ئەوسا رەشبگیری و ئەشکەنجە، کوشتن و سێدارەدان و زیندان، دەستی دانیشتوانی ئەم شارە ماچ دەکات.
لە ساڵی رابردوودا واتە بزووتنەوەی یەکەم کە رژیم شاری داگیر کرد. جگە لە دوو زیندانی ساواک و شارەوانی لە تەک بەندیخانەی ناوەندی شار، هەموو دەبستان و هۆڵ و خوێندنگە و شوێنە گەورەکانیان کرد بە زیندان و پڕیان کرد لە رۆڵەی خەڵک.
لە بن هەر دیوارێک و تەنانەت لە فرۆکەخانەشدا پوڵ پوڵ خەڵکیان تیرباران کرد. جا کێ ئەو رۆژە رەشانەی فەرامۆش کردوە. ئەم جارە زۆر خراپتر دەبێت. ساڵان دەکێشێ تاکوو خەڵک بەکەوەنە سەر رەوتی ئاسایی ژیانی خۆیان.
خۆفرۆشانی موفتی، وەکوو جاری پێشو دەبن بە چاوساخی دوژمن. دەکەونە پێش پاسدار و پۆلیس بۆ گرتن و کوشتنی منداڵانی خەڵک. رژیم تا کاری بەو خۆفرۆشانە بێت کاریان لێدەکێشێتەوە و باریان لێدەنێت. کە سەقامگیر بوون ئەوسا سەگی هاری وەکوو ئەوانی ناوێت کە گزی بدا لە خەڵک. بەس سیخوریان پێدەکات. چۆن بڕوای بە ئەو خۆفرۆشە سونیانە ناکات کە ئەمەکیان بۆ گەلی خۆیان نەبوو.
میترا و دایکی گەڕانەوە ژوورێ. بە پێکەنینەوە وتی: سپاس بۆ ماشینەکەت سیروان! زۆر بە کەڵکە و زۆریش دانیشتنی نەرم وخۆشە.
سیروان: باشە چ هەستێکت بوو بۆ لاقت؟ ئایا هەستت بە ئێش نەکرد؟ یان نەتەزی و قورس نەبوو؟
میترا: نا زۆر باشە. دەتوانم بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەریدا بە راحەتی دانیشم.
کا میروەیس: ئەمجارە من و تریفە، میترا لە سەر رەوڕەوەکە دادەبەزێنین. باشە وەک وانەیەک بۆ فێر بوون دووپاتی بکەینەوە. تریفە وەرە تا ئێمە میترا داگرین. ئەگەر رۆژێک ئەوان لە ماڵدا نەبوون با ئێمەش ئەم شێوازە بزانین.
ئەوان پێکەوە میترایان لە سەر جێگاکەی خۆی دانا. پاشان رووی لە سیروان کرد و وتی فرە ئاسانە.

میترا، چاوانی وەکوو جەنگەلی گەش و روونی دەمەوبەیان، سەرنجی چاوە قاوەییە بەڕۆییە ڕەنگەکەی سیروانی دا و وتی: چەند خۆشە کە لە ئێرە لام مایتەوە! هەست دەکەم کە زوو و بە خێرایی چاک دەبمەوە. بە بینینی تۆ ئێشەکانم لە بیر دەچێتەوە.

سیروان لە لای میترا دانیشت. دەستی لە نێوان هەر دوو لەپی دەستی خۆی نا، و بە ئارامی پێوت: میترا ئێش و ژانی برینەکانت جاروبار زۆر تا کەم هەستی پێدەکەی. دەبێت ڕاوستاو و خاراو بیت. خۆت نەدۆڕێنیت تاکوو ئێش بە سەرتا زاڵ نەبێت. قەد بیریشی لێمەکەوە.

شەوان و ڕۆژانی برینداری نەبڕاوەیە و دژوارە. دەبێ خۆت بە خوێندنەوەی پەڕتووک یان بە هەر شتێکی دیکەوە کە حەزی لێدەکەی سەرقاڵ بکەی. ماوەیەک تۆ ناتوانی وەکوو جاران بجووڵێتەوە. پەلەی لێمەکە، کات و زەمان زوو دەڕوات. گرنگ ئەوەیە کە برینەکانت بە باشی سارێژ و زون بن. ئێسکە شکاوەکەت دەبێت باش بگرسێتەوە.

میترا بە دەم وتەکانی سیروانەوە ئارامی گرت. سەری لە سەر کۆشی نابوو و وەنەوزە دەیبردەوە.

سیروان: واباشە دەرمانەکانت پێبدەم، ئەوسا بنوە. لەوانەیە شەو چەند جار لە خەو ڕاپەڕی. بەئەسپای سەری میترای لە سەر سەرینەکەی دانا، و دەرمانەکانی پێدا .

تریفەخانم جێگای بۆ سیروان لە تەنیشتی میتراوە ڕاخست. هەموو لە یەکتر شەوخۆشیان کرد و چرای ژوورەکەیان کوژاندەوە.

سیروان کاتێک دەستی میترای لە سەر سینگ و دڵی خۆی دانا بوو، خەوی لێنەدەکەوت. هەستوبیری بە بریندار بوونی میتراوە خەمبار بوو. بۆچی لەم کاتە هەستیارەدا دەبێت بریندار بێت؟ ئەویش ئێسکی لاقی بشکێت و نە توانێت بجووڵێتەوە. لە دڵی خۆیەوە دەیوت: ئاخۆ چۆن لە گەڵ خۆمدا لە شار دەربازی بکەم، ئەگەر برینەکانی ناسۆر نەبن؟ خۆ مانەوەشی لە نێو شاردا جێگای مەترسییە.

لەوانەیە سیخۆرێک ڕاپۆرتی بدات و دوژمن لە سێدارەی بدا. ئەوەش گەر پێش نەێت، دووری ئەو دەمپرووکێنێت.

سیروان هەر چێ زۆرتر بیری لێدەکردەوە، خۆی لە گێژاوێکدا دەبینی کە بە پەلەقاژەش ڕەزگاری نەدەبوو. پەڕۆشی باری تەندورستی میترا سەری لێ شێواندوە. شەوگاریش تەمەنی کورت دەبووەوە و سیروان لە نێو گێژی خەماندا نەیدەتوانی خۆی ڕەزگار بکات.

سیروان، نیوەخەو و خەوەر ئاگاداری لە میترا دەکرد. تا کاتی دەرمانەکانی هات و سرومەکەی بەرەو تەواو بوون دەڕۆیشت. گورج هەستا. چەند جار میتراش بە دەم ئێش و خەونی ناخۆشەوە ڕاچەڵەکا.

سیروان ئارامی کردەوە و دووبارە کردیە خەو . بەم چەشنە شەوگاری شەق کرد.

سیروان نەخەوتن و ئاگاداری لە میترا وەکوو ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی. نەماندوی نەشەونەخونی کاری تێنەدەکرد. ئەوەنە میترای خۆشدەویست ئامادە بوو هەموو کارێکی بۆ بکات.

میترا کە لە ئێش و یاو دا لە خەو رادەچەڵەکا، کاتێک دەستی لە نێوان دستی سیرواندا دەدی ئارامی و ئەرخەیانی دایدەگرت و بە زەردەخەنەیەکەوە سەیری سیروانی دەکرد و دەیگوت: ئەوە هێشتا نەخەفتگی؟ بخەفە با سۆزی شەو بتوانی ئاگاداریم لێبکەیت.

## بەشی ٢٤

سێ شەمە(وەهرامڕۆژ)ی ٢٣ی گوڵانی ٢٦٨٠ی کوردی. ڕۆژی دەئۆش دەئینا، دەی پاد دەئینا، ئافەریدەی دین. ١٣مای ١٩٨٠ ی زاینی

---

سیروان بە درێژایی باڵای شەوگار، نەیتوانی سەرخەوێک بشکێنێت. لە نێو ڕەوەندی بیرەوەریەکانید، لەتەک میترا دەژیا. هەر چەندە لە گێژاوی زێی نیگەرانیدا بوو. بەبێ ئەوەی مەلە و ئاڤژەنی بزانێت، کەوتوە پەلەقاژەی ژیان و مان.

جەوهەری پەڕۆشەکانی ژیانی، بارودۆخی ئێستای ئەوینەکەی بوو، لە ئێستا و داهاتوێکی نادیاردا.

ڕەنگی شەو بەتیشکی کازیوەی بەربەیان هەڵپرووزا و بەچەشنی ئەستێرە لە ناخی ڕووناکیدا توایەوە. لە شوشەی پەنجەرەکانەوە یەکەم فەڕی ڕووناکی ڕۆژ، چاوانی خەواڵوی سیروانی رامووسی. ئیتر هیوای نۆستن بۆی بوو بە سەهۆڵی بەر خۆرەتاوی هاوین. لە نێو پێخەفەکەیدا هەستا. سرنجی یاری دا دیی لە قووڵای خەوی ئارامدایە. لێفەکەی دابەسەر سینگی دا و بە بێ دەنگ ژێرزەوینییەکەی بەجێهێشت. کە چووە نێو حەوشەکە، باخێکی پڕ لە دار و گوڵی بەبۆن و برامەی بەهارەوە هاتە پێش چاوانی. مژێکی تەنک دەوری لەق و چڵی دارەکانی گرتبوو. شنەی فێنکی دەمەوبەیان شەونمی سەر پەڕەی گوڵ و پرچی گەڵای هێنا بووە سەما.

سیروان لە تەنیشت ستێری نێو حەوشەکەدا، لە سەر کورسییەک رونیشت. لە فوارەکانی ستێرەکەشەوە، ئاو بەهێزەوە هەڵدەقوڵا و ئاهەنگی ژیانەوەی سروشتی دەژەند. بۆنی خۆشی گوڵەکانی نێو حەوشێ بە دەم شنەی باوە لووتی پڕ لە دووکەڵی باررووتی دەسرِی و مێشکی دەحەسانەوە. دەنگی جریوەی مەل و گۆرانی بولبول ئیتر نەدەبیستران.

دەنگی مێشک تەزێنی چەک و قەناسە، ئاهەنگی مەرگیان دەگێڕا. ماسییە ڕەنگینەکانی نێو ستێرەکەش ژیانی سروشتیان وەبیر سیروان دەهێناوە. مزگێنیان پێدەدا کە گەشبین بێت، ژیان هێشتا لە ڕەوتی خۆی نەکەوتوە.

ڕەنگی سووری ئەرخەوانی ئاسۆی ڕۆژهەڵات سەرنج و بیری سیروانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. بەدەم سەرنجی ئاسۆ و جوانی بەهاری نێو حەوشەکەوە، سیروان بەئاهەنگەوە دەیگوت: شەڕوانانی هایا و وریا، پارێزەر و پاتی پەرێزن. ئەوان پاپۆن و خەڵکیش

ئەرخەیان. خۆشەویستن و شیاوی ڕێزن. شەونەخونی پارێزوانی، بۆردومان و ماڵوێرانی. بە هیوای گەش، دواڕۆژی خۆش. دەسڕێنەوە تارمایی دەستەڵاتی ڕەش. چاوەڕوانی تیشکی ڕۆژین، تاکوو ئازاد بین و ئازاد بژین.

دەنگێک سیروانی لە نێو ئارووەکانی ڕاچەڵەکاند. کاتێک ئاوڕیدایەوە، کاک میروەیس باوکی میترای دیت. هەستا و سڵاوی کرد. پاش خۆش دۆشی کردن هەر دووکیان لە سەر کورسییەکە و لە تەنیشت یەکترین دانیشتن.

کامیروەیس: سیروان منیش وەکوو تۆ، خەوەر بووم. ئاگام لێت بوو کە ئەو شەو نەتتوانی بنوێیت. منیش هەر لە بیری ئێوەدا بووم. چەکردەن ڕووداوە و هاتووەتە گۆڕێ. خەم و پەژارە هیچ یارمەتییەک نادات. تەنها کات و زەمانە کە چارەنووس دەئافەرێنی و بۆخۆیشی دەیگۆڕێ.

ئەو شەو چەند جار دڵم پڕبوو. تەنانەت گریام، کاتێک دەمدیی کەئێوە چۆن شێتوشەیدای یەکترن و یەکتردەپەرەستن. چۆن تۆ شەونەخونیت دەکێشا .لەگەڵ هەر ناڵە و جووڵانەوەیەکی میترادا، خیرا هەڵدەستای و دەستی میترا دەگرت و ئەویش ئارامی دەگرتەوە.

میتراش سەرەڕای ئەو هەموو ئێش و ئازارەی برینەکانی، کە تۆی دەدی یاکوو هەستی بەدەست و هەناسەتی دەکرد، لە هەزاران دەرمانی ئارامشبەخش بۆی باشتر بوو. ئارامی دەکرد و بەئەرخەیانی دەنوستەوە. نازانی چەندە خۆشحاڵ و شانازی دەکەم بەو خۆشەویستییە ڕاسڵ و ڕاستەقینەی نێوان ئێوە.

بۆ ئەوەش گریام کە ئەم بارودۆخە شایانی ئەویندارێ ئێوە نەبوو، و بوو بە لەمپەرێک لە ڕێگای خۆشەویستیتاندا.

سیروان: میترا یەکەمین ئەوینی منە. پڕ بەدڵ دەیپەرەستم، و خۆشم دەوێت. هەست دەکەم بەبێ ئەو ژیان مانای ڕاستەقینەی نییە. ڕەنگە دوایین ئەوینشم بێت. تا دواین هەناسەی ژینم ناتوانم بۆ کاتێکیش بێ، بیر لە میترا نەکەمەوە.

ئەوین و خۆشەویستی ئەو لە دڵمدا وا ڕواوە کە ڕیشەی لە هەموو دەمارەکانی خوێنمدا داکوتاوە، و لەهەموو گیانمدا بڵاو بووتەوە. مەگەر دڵم برزێ و هەموو دەمارەکانم وشک بن، تا لە بیرم بچێتەوە.

ماوەیەک هەر دووکیان بێدەنگ بوون و بە سەیری جووڵانەوەی ماسییەکان کپ و کڕ دانیشتو بوون.

لە پڕ کا میروەیس وتی: هێشتا هیوا زۆرە و گەشبینی تەنیا چارەی بە ئامانج گەیشتنە. وانییە سیروان؟

سیروان: وایە ئێوە ڕاستدەکەن. ڕەشبینی، واتە گۆڕی خۆ هەڵکەندنە.

بە تیشکی هەتاو ڕەنگی ئاسمان هێدی و ئارام بەرەو شینی سورمەیی و فیرۆزەیی هەڵگەڕا. ئاسمان ساو و یەکدەست، تاکە پەڵە هەورێکیش تێدا بەدیی نەدەکرا. ماسییە سوور و وردیلانەکان کۆڕیان بەستو بوو و بە دوای یەکتردا لە گەڵ بۆبڵی ئاوی فوارەکاندا کایەیان دەکرد.

ئاوی فوارەکانیش بەبێ وچان لە کونی بەردە تاشراوەکەوە هەڵدەقوڵان و بوبڵیان دەخولقاند. خوناوی سەر گەڵا و لاسکی گوڵان لە بەر تیشکی زێڕینی هەتاودا دەدروشانەوە.

ماریانۆ هاتە لایان و پاش سڵاو و رۆژ باش کردن، وتی: کاک سیروان میترا کە لە خەو هەستا. تۆی لە نێو پێخەفەتدا نەدی نیگەران بوو. لە دایکم هەواڵتی پرسی. ئەویش پێوت لە لەگەڵ بابمدا لە حەوشێن. ئەوسا دڵنیا بووەوە و بە منی راسپارد کە بانگت لێبکەم.

سیروان: باشە بەسەرچاو هەر ئێستا دەچم بۆ لای. کاتێک کەچووە لای میترا سڵاویان لە یەکتر کرد و یەکتریان لە ئامێز گرت.

میترا: ببوورە سیروان گیان! ئەمشەو نەمهێشت بحەسیتەوە! ئەگەر تۆ لام نەبوای دڵم دەتۆقی. بە بزەیەکەوە درێژەی بە وتەکانی دا: پەرەستار و برینپێچێکی باشی. ئەگەر هەر وا کار بکەی بەرگەی حەفتەیەک ناگریت.

سیروان: ئەوە مەرجە کە ئاگات لە کێ بێت، و بریندارەکەت چۆن بێت. وا نییە گیانەکەم؟ من بە بینینی بزەی سەر خونچەی لێوانت و ژیانی جەنگەڵی کەسکی چاوانت دەگەشێمەوە و ماندویم دەرەوێتەوە. بەئاهەنگی هەناسەتیش دەبووژێمەوە.

میترا: سپاس ژبۆ میت و مێهرت. مرۆڤێکی دڵوڤان و بە ئەمەکی، بۆیە منت وا شێت و لێوەی ئەوینی خۆت کردوە. زەحمەت نەبێ لە تەک ماریانۆدا یارمەتیم بدەن تاکوو لە سەر رەوڕەوەکە دانیشم. ئەوەندە بەگازی پشتەوە راکشاوم، پشتم تەزیوە و ئێسکەکانی بڕبڕەی پشتم دەزریکێنن.

سیروان و ماریانۆ بە ئەسپای لە سەر رەوڕەوەکەیان دانا. هەر چەند بە هەر جووڵانەوەیەکی لاقی هەستی بە ئێش دەکرد، بەڵام ددانی بە جەرگیدا دەنا و بە رووی خۆیدا نەدەهێنا.

سیروان لە نێو چاوانی میترادا، دەیخوێندەوە کە ژان و ئێش، ئازاری دەدا. هەروەها لەپی دەستی لە سەر توێڵی دانا و هەستی کرد کە لە باری ئاسای خۆی گەرمترە و یاوی هەیە و وای بە باش زانی تاکوو دوکتور رەزگار دێتەوە باسی نەکات.

تریفەخان: رۆڵە میترا حەز دەکەی کەمێک پیاسە بکەین و هەوایەک هەڵمژین؟

میترا: ئەرێ دایە گیان ئەو کارە هەر ئێستا بکەین.

تریفە خانم، میترای بە رەوڕەوەکەی لە ژێرخانەکە بردە دەرێ.

سیروان و ماریانۆیش رەختی جێگای میترایان رێکوپێک کرد.

لە پەنجەرە کراوەکانی ژێرخانەکەوە دەنگی خوڕەی ئاوی فوارەکان دەهاتە ژوورێ. هێشتا هاوسێیەکان بە دەفرەوە نەهاتوو بوون بۆ ئاو بردن. بۆیە حەسارەکەیان چۆڵ بوو، جگە لە دەنگی خوڕەی ئاو و تەقە و هاژەی تۆپباران هیچ دەنگێکی دیکە نەدەهات.

ماریانۆ تەختەنەردێکی جوانی هێنا. کە لە کاری هەرە جوانی هونەرمەندانی ناسکاری سنەیی بوو. لە گرێی ریشەی دار گوێز و هەرمێ چێکرا بوو. نەخش و نیگارەکانی نێو تەختەنەردەکە هەمووی نەخشی سروشتی گرێ و ریشەی دارگوێزە بوون، جگە لە چەند هێڵی سپی لە داری هەرمێ کە نەبێ. لە پشتی نەردەکەوە شاتورونجیان لە داری

سپی هەمرۆ و ریشەی دێزی پڕ لە نەخشی گوێز رازاندوبووەوە. سەیر کردنی سەرنجی هەموو کەسی رادەکێشا و هەستی کایەی دەبووژاندەوە.
ماریانۆ: کاک سیروان لە گەڵ نەرددا چۆنیت؟ دەستێک کایە بکەین؟
سیروان: بە سەرچاوان جا کێ بێت، دڵی تۆ بشکێنێت. ئەوان سەری خۆیان بە تەختەنەردەوە گەرم کرد تاکوو میترا و دایکی گەڕانەوە.
کا میروەیسیش لە حەوشێ خەریکی دار و گوڵەکانی بوو. ئەو ئەوەندە دڵی کەیلی میترا بوو حەزی نەدەکرد کە وا بە ئێشەوە ببینێ. سەرەڕای ئەوە مانەوە لە نێو حەوشدا پڕ لە مەترسی، ئاژین بوونی گوڵە هاوەن بوو.
لە بەر خۆیەوە دەیوت: دەروون کەیلە، دڵ بریندارە. چاو کانیاوی وەرزی بەهارە. هەناسەی تاسە کزەی زریانە، باڵەخانەی دڵ وێرانە. ئاخ لەم ژیانە، داخ لەم گیانە. لە تاو ژانی دەروونمدا، هەڵدەلەرزێم هەڵدەچۆقێم. لە هێڵنجی هەناومدا، خەم و خۆێناو هەڵدەرێژم. ئای لەم ژیانە ئای لەم گیانە.
ئارام وەکوو جاران لەگەڵ تاریک وروونی کازیوەی بەربەیاندا، لەخەو هەستا و لەتێکی نانی بە دەستەوە گرت، و بەرەو گردیگەڕۆڵ وەڕێ کەوت. سەنگەرەکانی ئەوێ ببوو بە ماڵ و کاری رۆژانەی ئەو. لە ماوەی ئەم 24رۆژەدا بە درێژایی رووناکی رۆژ، کە پتر لە15 کاتژمێر لە نێو ئەو مەتەرێزانە دەمایەوە. هەمیشە بەدڵ و بەگیان پارێزگەر و پاتیوانی ئەو سەنگەرانەی دەکرد.
نە هەڕەشە و مەترسی هێلیکوپتەرەکان، نەبۆردومانی چەکە گرانەکانی پادەگان، نەهێرشی رۆژانەی هێزی داگیرکەران، نەیانتوانی بوو ورەی ئارام و هاوڕێیانی بشکێنن یان کزی بکەن.
ئەوان لە سەنگەری بریڤانیدا لەم ماوە دوور و درێژەدا خارا بوون. هێرشەکانی دوژمنیان پێ گەمە و گاڵتە بوو.
دوکتور رەزگار لەتەک دوو برینپێچدا لە دەروازەیان دا. کاک میروەیس کە لە حەوشێ بوو خێرا رۆیشت و دەروازەکەی کردەوە .پاش سڵاو و رۆژپاش پێکەوە هاتنە ژووری بۆ لای میترا.
دوکتور رەزگار: ئەرێ میترا خانم ئەمشەو چۆن بوویت؟ توانیت بخەوی یان نا؟ میترا: باشترە لە سیروان بپرسیت. چۆن ئەو شەونەخونی بە دیارمەوە کێشا و ئاگای باشتری لە ئێش و خەوی من هەیە تاکوو خۆم.
سیروان: بەگشتی شەوی یەکەمی برینداری میترا باش بوو. بەڵام بەیانی هەستم کرد کە کەمێک یاوی هەیە. ئەگەر برینەکانی چڵکی نەکردووبێ، باشە. شەو چەند جار بە دەم خەوەوە راچەڵەکا. رەنگە خەونی ئەو کارەساتەی دی بێت، کە شتێکی سروشتییە و بەم زووانەش لە بیری ناچێتەوە.
دوکتور: هەر ئێستە پەیجۆری دەبم، و برینەکەیشی دەکەمەوە و چاوی لێدەکەم. باشە میتراخان ئەم کورسییە رەورەوەتە لە کوێ هێنا. چۆن شتی وام لە هیچ کوێدا نەدیوە. ئەندازیارەکەی لەوانەیە زۆر زیرەکە و خاوەن بیری ئافراندنە. کە لە کورسییەکی ساکار شتێکی وا گرنگ و بە کەڵکی چێکردوە.

میترا: ئەندازیارەکەی سیروانە و لە کەمتر لە یەک کاتژمێردا، دوێنێ شەو لەگەڵ بابم و ماریانۆ دروستیان کرد.
دوکتور: ئافەرین سیروان بەراستی کارەکەت بەجێبوو.
سیروان: سپاس دوکتورا!
برینپێچەکان کەرەسەی تایبەتی دوکتوریان لە کۆڵەپشتییەکەیان دەرهێنا، و ئامادەیان کرد. دوکتور یاوی میترای گرت و وتی: یاوی هەیە بەڵام جێ مەترسی نییە. دەرزییەکی هەڵگرت و گوتی میترا ئێستا هەر دوو لاقت سڕ دەکەم، بۆ ئەوە ئێش وژان هەست پێنەکەی. لەوانەیە خۆڵ و پارچە کۆتاڵی کراس و شواڵەکەت لە نێو برینەکانت بە جێ ما بێت. دوێنێ خۆڵپانی خوێن بوو و دەرزی سڕ کردنیشم پێ نەبوو. تا بە دووای ئەوانەدا بگەڕیم.
دوکتور: دەرزییەکەی لە چەند شوێنی لە خوارەوەی رانی وەشاند. برینپێچەکان دەستماڵێکی چوارگۆشی سەوزرەنگیان کردەوە کە پڕبوو لە کەرەستەی تیژی نەشترگەری.
سیروان بە یارمەتی ماریانۆ گڵۆپێکی سەد واتییان هێنا و هەڵیان کرد بۆ ئەوە دوکتور رووناکی باشی بێت بۆ دوزینەوەی شتی زیدی لە نێو برینەکانی میترادا.
بانداژەکانیان کردەوە. دەستماڵێکی گەورەیان لە ژێر هەر دوو لاقی راخست. شوێنی برینەکان هەڵماسی بوو. لە بڕی شوێندا رەش وکەوەگ هەڵگەڕا بوو.
ماریانۆ گڵۆپەکەی روو بە برینەکان گرت و دوکتور رەزگاریش بە مەقەسی تایبەتی خۆی، تۆ تۆ برینەکانی سەیر دەکرد و گەر شتێکی زێدی وەکوو وردە زیخ و پارچەی کۆتاڵی تێدا دیبا، دەری دەهێنا و بە دەستماڵێکی ئیزولێرە دەی شوشت.
ئەو لاقەی کە ئێسکەکەی شکا بوو برینی لە چاو ئەو لاقەکەی دیکەی کەمتر بوو، بەڵام زۆر شین هەڵگەڕابوو.
پاش ئەوەی کە برینەکانی خاوێن کردەوە، بە بانداژی نوێ بەستی. ئەوسا بە میترای وت: لە بەر ئەم چەند برینە ناتوانم لاقت لە گەچ بگرم تاکوو ئێسکە شکاوەکەت رێک بگرسێتەوە. بە داخەوە دەبێ چاوەڕێ بین تاکوو ئەم برینانە چاک و ساڕێژ دەبن. دەبێ بە هەر شێوەیەک بووە وێنەی لێبگرێ تا بزانین لە کوێیەوە و چۆناو چۆنی شکاوە.
دەرمانی دژ بە چڵکی دا بە سیروان و وتی: دەبێ هەر شەش کاتژمێر یەکیان بخوات. سەرەڕای ئەم سرۆمە، باشترە خواردنیش باش بخوی. چۆن ئەم دەرمانانە پێویستی بە وزەیە. ئێوارە دێمەوە تا بزانم حالت چۆنە. بەیارمەتیتان دەبێ بڕۆین. چەند بریندارى دیکەش چاوەڕێمانن.
کاتێک هەستان و ویستیان بڕۆن بە سیروانی وت: دووبارە سپاس بۆ دەرمانەکانت چۆن گیانی دوو کەسی دیکەی جگە میترام رەزگار کرد.
سیروان: سپاس بۆ خۆت دوکتورا ئەوە ئەرکی سەرشانی منە. سپاس بۆ ئێوە کەوا کارێکی گرنگ دەکەن و گیان لە مردن رەزگار دەکەن. ئێوە کە هەموو کاتی خۆتان بۆ ئەم کارە پیرۆزە تەرخان کردوە و بەبێ وچان خزمەتی برینداران دەکەن. ئەم کارەتان جێگای شانازی ئێمەیە. هەر بژین بۆ شۆڕش و گەلی شۆڕشوان.

لاقی سرِی میترا هێدی هێدی بە خۆ دەهاتەوە و کەوتە مرووژانە. ئەویش هەستی بە گەرم بوون و وردەژان دەکرد. نەیدەویست لە پێش چاوی سیرواندا وا بنوێنێت کە ئێشی برینو ئێسکی شکاوی ئازاری دەدات.

بەڵام سیروان بە مەردەئارەقی نێو چاوانی و سوورهەڵگەڕابوونی گۆناکانی هەستی بەوە کرد و وتی: پێموایە سرِی لاقت تەواو بووە ئێستا دەیشێت. وانییە گیانا؟

میترا: باشە چۆن تۆ دەزانیت؟

سیروان: ئێژن "کە هیچ دوکتورێک بە قەد دەردەدارێک نازانێت "منیش کە چەند جار بریندار بووم و هەر جارەش ئەزمونێکی لێفێر بووم. بەکورتی ئەم بارودۆخەی ئێستای تۆ بۆ منیش پێش هاتوە. بۆیە هەست بە ئێشی باری تەندورۆستی ئێستای تۆدەکەم. ها ئەم دەرمانە بخوە تا راژەی ئێشەکانت کەم کاتەوە.

زەنگی دەروازە لێدرا و خێرا چنوور بەبێ راوستان دەروازەکەی کردەوە و هاتە ژووری. پاش سڵاو و لێپرسین میترای لە ئامێز گرت و ماچی هەر دووگۆنای کردەوە. هەر وەها سیروانیش.

لە ئەولای دەستی میترا رونیشت و گوتی: میترا! ئەوشەو هەرچێکم کرد خەوم لێنەکەوت. هەر لە بیری تۆدا بووم. نازانیت چەندە بە پەلە بووم کە رۆژ بێتەوە و بێم بۆ لات. ئەو کارەساتەی تۆ زۆر کاریتێکردوم. هێشتا هەر گێژم. گەر بە چاوی خۆم نەمدیایە، ئێستاش باوەڕم نەدەکرد.

سیروان دامۆڕا بوو، لە دەلاقەی ژێرخانەکەوە سەیری گەڵا و چڵی سەرلەقی دارەکانی نێو حەوشەکەی دەکرد. گەڵاکان بە ئاهەنگی شنەی با، سەمایان دەکرد.

تیشکی رۆژیش لەتۆی سەمای گەڵاکانەوە بازی دەبردە سەر پاتای شوشەی پەنجەرە و دەلاقەکانی ژێرخانەکە. لەوێرا دەبووە مێوانی ژێرزەوینەکە و لە سەر فەرشی ماسیدەرهەمی ئەوێ درێژەی بە سەمای خۆی دەدا. نەخشی مافورە ماسیدەرهەمی بەر تیشکی خۆرەتاو، بە رەنگە سروشتیەکەیەوە باشتر دەبینرا.

سیروان گۆرانی بەر تەونانەی ژنگەلی تەونکەری وەبیر هاتەوە کە بەدەم تەونکردنەوە دەیان خوێند" نەخشی قالییەکەم ماسی دەرهەمە، پڕ زک ماسییەکان زووخ و وەرهەمە" ئێستاش بۆ سیروان هەموو شتێک هەر زووخ و وەرهەمە. خەمی میترا بۆی ببوو بە خۆرە و بەبێ پشودان دەروونی دەخواردەوە. لە هەلومەرجی باری تەندرورۆستی میتراوە دەچووە نێو ژێرخانێکی مەزنتر، کە هەزاران ماڵباتی تێدا دەژیان. گەرەکێک و شارێک نا، بەلکوو شارو باژێرەکانی کوردستان، تەواوی ئاخ و خەڵکی ئەم نیشتمانە بە رۆژهەڵات و رۆژئاواوە، یان باشوور و باکووریشەوە. ئاخۆ بۆ لە نێو بابۆڵەی مردندا بژین؟

بۆ نیشتمانی پڕ ئاو و بەفرینمان بە خوێنمان ئاو بدرێ؟ هەزاران میترا بە ئێش و ژانەوە دەتلێنەوە.

گەر بێتو لاقی میترا چڵک بکات، بەبێ نەخۆشخانە و کەرەسەی پێویست. گەر ئێش و ئازار نەیکوژێت دەبێ لاقی ببڕێنەوە. ئەو تازە چەند رۆژە تەمەنی هەژدە بەهاری خۆی دیوە. بەبێ لاق، وەکوو کەم ئەندامێک لە کۆمەڵگای پاشکەوتووی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چۆن بژیت؟

تازە کچ بیت و کەم ئەندام، ئای لەو ڕۆژە ڕەشە، کەتارمایی ژێر دەستەڵاتی عابای ڕەشی مەلا چاوەڕێ میترا و خەڵک دەکات.
چنوور و میترا سەیری سیروانیان کرد و پێکەوە وتیان: دەی کاسیروان کەشتییەکانت لە کوێ نووقم بوون؟
میترا: گیانا جیهان ئەوەندە چکۆلەیە، شایانی خەم و پەژارە نییە.
خەم و رامانی سیروان وەکوو پۆلی مەل راچەڵەکا، و لە پەنجەرەی ژوورەکەوە بەرەو داوێنی سروشتی دەرەوە هەڵفڕین.
سیروان: ببوورن! لە نەخشی ئەم فەرشە بیرم دەکردەوە.
لەم کاتەدا ئاریێز و کاکامەران هاتنە ژووری. هەروەها پاش ئەوان سێ کەنیشکی هاوڕێ و هاوسێ میتراش هاتن بۆ دیبەنی و سەردانی.
باس، باسی بارودۆخی نالەباری شارێکی پڕ لە کوژراو و برنیدار بە ماڵە رووخاوەکانی بوو. هەواڵەکان دڵتەزێن بوون. باسی ئەوەیان دەکرد ئەگەر دوژمن شار بخاتە ژێر دەستەڵاتی رەشی خۆی، بارودۆخ لەمە خراپتر دەبێت. بەڵام ئەم دۆزەخە کە تێدا ئێستا دەژین، لەو بەهەشتەی کە کۆماری ئیسلامی لە رادیوەکانییەوە مزگانی دەدا گەلێک خۆشترە.
هەرنەبێ ئێستا ئێمە سەرفەرازین و هەموو کەس بۆیان هەیە بیروبڕوای خۆیان بە ئازادی دەربڕن. مەترسی لە سپای هەجوج و مەجوجی رژیم، کە ئەزمونی ئەشکەنجە و کوشت وبڕی گەلانی دیکەی ئێرانیان هەیە، بووە بە خۆرە لە دەروونی خەڵکی ئەم شارەدا.
یەکێ لە مێوانەکان گوتی: ئەرتەش و سپای پاسدارانی مرۆڤکوژ، کۆمەڵێکی خەڵکی لادێی و دەڤەری شاریان گرتووە و بە ناوی پێشمەرگەروە تیربارانیان کردون. لە هەواڵنامەی ژمارەی ٤١ی کۆمەڵەدا هاتووە، دەقەکەی ئاوایە.
" هاونیشتمانانی تێکۆشەر! پادەگانی بانە خەریکە دەکەوێتە دەستی خەڵک. پادەگانی مەریوان لە ژێر هەڵمەتی جەرگبڕی خەڵک دایە. بازنەی گەمارۆی پاسگای قوڵتێی سەردەشت لە هەر کاتژمێرێکدا تەنگتر دەبێ. ئەرتەشی و پاسدارەکانی ستارۆ لەئەم شوێنانە ورەی خۆیانیان لە دەست داوە. هێلیکوپترەکان ناتوانن ئەو یارمەتییە پێویستە بە هێزەکانیان بکەن. هێرشی رێکوپێکی پێشمەرگەکان، پیلانی پاڵەوانە پەمۆیەکانی وەک چەمران و بەکرێگیراوانی دیکەی رژیمیان تێکداوە.
ئەوان بێشەرمانە لە دەزگاکانی پڕ درۆی خۆیاندا دەڵێن: کە هێزەکانی بزووتنەوەی بریڤانی گەلی کورد هەلاتون.
رۆژنامەی کەیهانی٢٣ی مانگی گولانی١٣٥٩لە زمانی حجت الاسلام پەرتەویەوە، دەنووسێ " هێزەکانی پێشمەرگە خەریکن هەڵدێن. ئێمە پەنجا کەسمان لێگرتون " ئایا کاتێک هێزەکانی سکارۆی فرۆکەخانەی سنە ئەم هەواڵە ببیسن، دەڵێن چی؟ لە هەمان کاتدا بە بیستنی ئەو هەواڵە لە زمانی حجت الاسلامێکی درۆزنەوە، ئەوان دەبینن لە ژێر ئاگری دەستڕێژی پێشمەرگەدان.
کەیهانی هەمان ژمارە ئاماژە دەکات " لە شاری سنەدا تەقینەوەی گوللە هاوەن بەبێ وستان شار دەلەرزێنێت. پاسدارەکان لە سەر تپۆڵکە و بەرزاییەکانی دەڤەری شاردا

سەنگەری گروپە چەکدارەکان، لە نێو شاردا دەکوتن." بۆردومانی نەخۆشخانەکانی نێو شار، هەزاران کوژراو و بریندای خەڵک کاولکردنی نیوەی شار، واتە کوتانی سەنگەری چەکدارانی کوردە کردەوەی رۆژانە و جێگای شانازیە بۆیان.

لەشکەری٢٨ی سنە خەڵکی بێ چەک و نیشتەجێ دەڤەری شار و گوندەکان، بە بارەمتە دەگرن، و دەیانبەنە نێو پادەگان. بە گوێرەی هەواڵێک بەدەستمان گەیشتوە، کۆمەڵێک لەو بارەمتانەیان تیرباران کردوە و لە بلاڤکی رۆژی٢ی٣ی ئەم مانگەی خۆیاندا دەنووسن "ئیتر مەترسن سەرکەوتن بۆ لای ئێمە گەڕاوەتەوە."دژبەشۆڕش و خائینەکان" بە دەستی هێزە جەنگاوەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە دیل گیراون. پاش چەک کردنیان گواسترانەوە بۆ نێو پادەگان."

ئەگەر خەڵک، لە" پاسدارە ئازا و دلێرەکان " پرسیار بکات کە ئێوە دەتانوت هەمووتان لە ناو بردووە و بە دیلتان گرتون. ئەی ئەمانە کێن کە لە هەموو کات و ساتێکدا هێرش دەکەنە سەر مۆڵگاکانی ئێوە؟ دەبێ وەڵامیان چیبێ؟ "

سیروان چووە لای میتراوە و دەرمانەکانی پێدا و بە ئەسپای پێگوت: میترا گیان! ئەمن بۆ ماوەی کاتژمێرێک دەڕۆم. کەمێک کارم هەیە و پاشان دەگەڕێمەوە بۆلات. باشە؟

میترا: باشە گیانا بە سەرخۆ کارەکانت بکە و پەلەی لێمەکە. خۆت دەزانی مێوان دێت و دەروات هەر وەها منیش وەڕەز نابم. بەڵام زۆر ئاگات لە خۆت بێت.

سیروان: بەبۆنەی تۆوەوە ئاگام لە خۆم دەبێت. چنوور خان بە یارمەتیت، ئارێزیش لە گەڵ خۆمدا دەبەم.

چنوور: فەرموو! تکایە کاک سیروان!

سیروان ئاماژەی بە ئارێز کرد کە هەستێ و چووە لای باوکی میتراوە و وتی: بەیارمەیتان ئێستە دەڕۆم و پاش ماوەی  کاتژمێرێک دەگەڕێمەوە. ئەوسا ماڵئاوایان لە مێوانەکانی دیکە کرد و رۆیشتن.

سیروان: دڵم بۆ بارودۆخی میترا خەریکە بتەقێت. دەبێ بیری لێبکەمەوە تا رێگا چارەیەک بدۆزمەوە. لەم دوایانەدا لە هاتوچووی خەڵک سەرم دەیشا. هەر چەند ئەوان داب ونەریتی کۆمەڵایەتی خۆیان بەجێدەهێنن. بەڵام من دڵەخۆرپەی ئەوەمە کە چۆن میترا لە شار دەرباز بکەم.

ئارێز: بەشکو رۆژی لە شار چوونەدەرەوە وەپاش کەوێت، تاکوو لاقی میترا دەگرسێتەوە، و برینەکانی سارێژ و زوون دەبن. ئەوسا دەتوانین بارگینێکی بۆ تەدارک ببینین.

سیروان: بێبەختی من ئەوە بوو کە لەم رۆژە ناسکانەی شەڕدا ئەو بریندار بوو. واتە کات رۆژ بە رۆژ کورت و ناسکتر دەبێتەوە.

ئارێز: باشترە ئەوەندە بیری لێمەکەوە. کە بێژی بۆ وا پش هات و بۆ چی و...؟ هیچی یارمەتیک نادات جگە لەوەی، لە سەر رەوان و دەروونت بە چەشنێکی خراپ شوێن دادنێت هیچ قازانجێکی نییە. ئێستە پێم بڵێ بۆ کوێ دەچین؟

سیروان: خۆیشم نازانم! پێم وایە باشترە بچین بۆ بنکەی گەڕەکی ئێمە، کە مەکۆی دەنگو باسی تازەیە. ئەوسا دەچینە ماڵەوە، و کەمێک لە لای بنەماڵەی خۆشکم دانیشین.

ئەو هەژارانەش لەماڵی خۆیان ئاوارە بوون و منیش هەر دەرفەتم نەبووە لە گەڵیاندا بم.
ئاریز: وابکەین! تۆ دەبێ بگەڕێتەوە لای میترا. منیش دەچمەوە ماڵی خۆمان. ئەگەر هەواڵێکی تازە و گرنگم بیست بە تەلەفۆن سۆزی ئاگادارت دەکەمەوە.
ئەوان پێکەوە چوونە بنکە. دەنگوباسێکی وا نەبوو جگە لە ماڵوێرانی و خوێنڕشتنی خەڵک بە بۆردوومانی دوژمن.
سیروان گەڕایەوە ماڵی بابی، هەموو بنەماڵەی جگە لە ئارام و ئاران دانیشتو بوون.
ئارام لە سەنگەری بریڤانی گردیگەڕۆڵدا بوو و ئارانیش لە دەرەوەی شار. بەهۆی گەمارۆی شار هاتوچوو نێوان شاری سنە و دێیەکانی دەوروبەری پچڕا بوو. بەم هۆیەوە بنەماڵەی سیروانیش ماوەی مانگێک زۆرترە ئاگایان لە ئاران نییە.
دڵوڤان بە دەور و بەری خاڵۆیدا هەر دەسووڕایەوە و حەزی لە کایە بوو. ئەویش وەکوو هەموو منداڵ دیکەی ئەم باژێرە لە نێو چواردیواری ژێرخاندا ماندو و وەڕەز ببوو. ماوەی24رۆژە منالان لە نێو ژینگەیەکی تاریکدا ژیاون و زۆربەی ژێرخانەکانیش بۆنی مچەئو و نمی لێدەهات. یان بە هۆی وەرزی زستان و بەهارەوە شێدار و نمناک ببوون. بۆ ئەوانەی کە ئاستما یان دەزگای ئەندامی هەناسە هەڵکێشانیان باش کاری نەدەکرد گەلێک دژوار و سەخت بوو ژیان لەو ژینگەیەدا.
سیروان هەستی بە دڵوڤان کرد کە بۆچی وا بە دەوریدا دەسووڕێتەوە. هەر چەند جاران سیروان کاتی زۆر بوو و خەمی کەم. ئێستە بە پێچەوانە خەمی زۆرە و کاتیشی نەماوە. دڵی دڵوڤانی نەشکاند و ماوەیەک بەدەم قسە و باسەوە لە گەلیدا کایەی کرد.
هەموویان نیگەرانی میترا و خەمی ئێستای سیروانیش بوون.
سیروان: ئەرێ باوکە لەم رۆژانەدا وتوبووت، کاروستەم لە بەر بێ تەفاقی واتە ئالف، دەیەوێ ئەسپەکەی بفرۆشێت. بۆ ئەوە لە برسیەتیدا نەمرێ و نە توپێت. گەر تۆ بزانی ئایا ئەسپەکەی ماوە؟
کا ئاریان: ئەرێ رۆڵە! ئەمرۆ لە نانەواخانەدا ئەو مرۆڤە دەگریا بۆ ئەسپەکەی. ئەو وتی تاکوو ئێستا چەند جار بە کۆڵ لە نێو گۆرستانی تایلەدا گیای دەستکەنە کردوە و هێناویەتەوە ماڵێ بۆ ئەسپەکەی. بەڵام ئەسپەکە نایخوا و حەزی لێناکات، لە وانەیە بۆژۆ بێت. دەیگوت، کەس نییە بە خۆرایش بیبا بۆ خۆی و لە شار رەزگاری بکات.
سیروان: باشە! پێ بێژە رەنگە من بیکڕم، ئەگەر بتوانێت یەک دوو رۆژێکیتر بەخێوی بکات تا لە برسیەتیدا نەمرێت.
باوکی: بۆ میترات گەرەکە؟
سیروان: ئەرێ!
باوکی: باشە لاقی چۆنە؟ ئایا دەتوانێت بە سەر ئەسپەوە خۆی رابگرێت؟
سیروان: نازانم! تەنانەت دوکتوریش نازانێت کە لاقی لە چەند لاوە شکاوە. ئەگەر چڵک نەکات باشە. دەتوانم بە ئەو ئەسپە لە بازنەی گەمارۆی شار دەبازی بکەم. پاشان بە ماشین بیبەمە نەخۆشخانەیەک یان دەرمانگەیەک کە کەرەسەی تیشکی وێنەکێشانی تێدا بێت. بابۆ زەخمەت بکێشە بەیانی بچۆ بۆلای کارۆستەم و پێبڵێ.

ئەوسا بە تەلەفۆن ئاگادارم بکەوە. سەیری کاتژمێرەکەی کرد و وتی: بمبوورن! برینداریکم هەیە دەبێ ئاگام لیبێت. رووی لە خۆشکی ئاسیرتا و ئاریوانی زاوای کرد و وتی: شەرمەندەم کە لەم ماوەیە کە هاتونەتە ئێرە نەمتوانی لە خزمەتاندا بم. ئێتر بەختی من وا پێش هات. دڵۆڤانی رامووسی و وتی خەمت نەبێ بەم زووانە شەڕ و بۆردومان کەم دەبێتەوە یان کۆتایی دێ. ئەوسا تۆ و منداڵانی شار دەتوانن بچنە پێش تیشکی هەتاو و هەوای دەرەو هەڵمژن.

ئێستا من دەچم بۆ لای میترا کە لە هەموو کاتێکی دیکە پێویستی زۆرتر پێمە. ئارام کە شەو هاتەوە، لێ پرسە و پێ بێژە خۆم تەلەفۆنی لێدەکەم. جارێک لای ئێوە خۆش!

ئاریوان: خەمی ئێمەت نەبێ! ئێرە ماڵی خۆمانە و هەلومەرجی ئەمڕۆ وای دەوێ. بڕۆ بۆ لای میترا کە بە بوونی تۆ لەوێ، هەست بە ئارامش دەکات. لە لایەن ئێمەوە زۆری لێپرسە. دایکی سیروان، خۆڵکێکی زۆری لە ئاریز کرد کە لەوێ بمێنێتەوە.

بەڵام ئاریز گوتی: دوو شەوە لە ماڵی خۆمان نەبووم. ئێوە بۆ خۆتان دەزانن کە ئێستا حاڵی دایکم چۆنە؟ دەی لای ئێوە خۆش!

پاش ماڵئاوای کردن، ئەوان بەرەو چوارباخ رۆیشتن. رێگا و کۆڵانەکان چۆڵ و هۆڵ بوون. دەتگوت کە خۆڵی مردوت بە سەر شاردا پرژاندوە. سێبەری چیای ئاوییەریش شاری لە ئامێز گرتو بوو. هێلیکوپترەکانیش بە سەر شاردا دەسوڕانەوە. دەنگی گڤە و هاژەی تۆپبارانی شار و تەقەی ئاژین بوونیان، شەق شەقەی باڵی هێلیکوپترەکان تەنها ئاهەنگی مێشکتەزێن و گوێ ئازاردەری ئێوارە بوون. کە ٢٤رۆژە بەبێ پسان و وچان هەر ئەم ئاهەنگی مەرگە دەژەنن و بەس.

ئەوان بە خۆشاردنەوە لە دیدی هێلیکوپترەکان، لە بن دیواران و ژێر پاساراندا گەیشتنە چوارباخ.

ئاریز لە سیروان ماڵئاوایی کرد و بەرەو ئاخەزەمان و ناو گەورەکان درێژەی بەرێگا دا.

سیروانیش درێژایی کۆڵانێکی ما بوو تا ماڵی میترا.

لەم ماوە کورتەدا لە رەوتی کات و مرۆڤ بیری دەکردەوە. کە چۆن مرۆڤ و زەمان لە رەوتی ژیاندان. مرۆڤ بە دوای کاتدا هەڵدێ و کاتیش پرۆسەی زەمانی خۆی بەبێ وچان و راوستان بەرەو پێش دەبات. بە وتەی پێشینیان زەمان واتە خودای ئارياییەکان "زروان" لەخاوی ئەسپی کاتی بە دەستەوە گرتوە و بەرەو پێش دەئاژووێ. هەرگێز بەرەو دوا ئاوڕ ناداتەوە.

ژیانی مرۆڤیش لە بازنەیەکی گەورەتردا بە ناوی تەمەن، لەخاڵی لەدایک بوونەوە تاکوو سەردەمی مردن، ئەو بازنەیە دەپێوێ. فراژە و گۆڕانکاری، خەم و خۆشی، ڤەژین و دامرکاندن لە تافی گەنجیەوە تاکوو بێ هێزی پیری، لەم پرۆسە و پێواژۆی بازنەی تەمەندایە. هەر کەس بە شێوەیەک لە ژیاری کۆمەڵایەتیدا بەشدار دەبێت. چەرخی ژیان هەڵدەسوڕێنێت. بەدوای زروانی رێزان و رێبیندا دەچێت. تا لە قافلەی کاروانی پێشکەوتن بەجێ نەمێنێت.

گەر خۆی لێ لادا، وەک کیسەڵ دەکەوێتە نێو قەڵخی ڕەق و تەقی خۆیەوە و لە ڕەوتی زەمان بەجێ دەمێنێت. خۆرە و مووریانەی نە بزووتن مێشکی دەخواتەوە و لەش و گیانی دەمرێنێت. فوسیلێکی نەبزووت و بێ گیانی لێ بەجێ دەمێنێت.

شاسواری مرۆڤ ئەسپی ئاڵی خەو و ئاڕووی خۆی دەئاژوێ، بەرەو ژیانی نۆژەن.

نە گڕ و تینی هاوین، نە کزەی هەناسەی زمای زمسان. نە گێژلوول وباڕۆبا، نە تۆز و خۆڵی سەمای پائیز، نە نەرمە ژان و گریانی هەوری وەهاران دەکارن ڕێی لێبگرن. بەلێبڕان لێدەخۆڕێ تاکوو پانتای چۆڵگە و تووڵەڕێ کێوستان دەپێوێ. شەپۆڵی زێ و بواری ڕووبار و بەفر دەشکێنێ بۆ گەیشتن بە ئامانج.

سیروان زەنگی دەروازەکەی لێدا و سەیری کرد هێشتا نەژەندراوە. بەبێ ئەوی بوەستێ چووە ژووری. لە نێو ڕێگا ماریانۆی دی کە خێرا و بە پلە دەیەویست بچێ و بزانێ کێیە هەر چەند ئایفۆنەکەیان هێشتا کاری دەکرد.

سیروان: من بووم زەنگی دەروازەکەم لێدا. ئاوەڵا بوو، بۆیە هاتمە ژوورێ. ڕاستی ماریانۆ کەی دەروازەکە دەژەنن؟ هەواش تاریکی کردوە.

ماریانۆ: ئێستا دەچم دایدەخەم. چاوەڕێ ئێوەمان دەکرد، بۆیە تا ئێستا نە بەستراوە.

سیروانیش هەر لەوێ ڕاوستا تا ماریانۆ ڕۆیشت و دەروازەکەی ژەند، و گەڕایەوە. پێکەوە چوونە ژوورێ. پاش سڵاو و لێپرسین، سیروان چووە لای میتراوە و لە ئامێزی گرت و ڕوومەتی ڕامووسی. ئەوسا وتی: ببوورە گیانەکەم کە درەنگ گەڕامەوە!

میترا: تکایە بیری لێمەکەوە! تازە چنووریش گەڕایەوە ماڵی خۆیان. دەمزانی وا بەم زووانە دێتەوە بۆیە دەربەست نەهاتم.

کامیروەیس: ئەرێ سیروان بارودۆخی نێو شار و بریڤانی خەڵک لە چ ئاستێک دایە؟

سیروان: بارودۆخی بەرەکان بەگشتی وەکوو جارانە. هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ کە بە قازانجی دوژمن بێت نەهاتوە پێشێ. بەس ڕژیم دووڕە پەرێز بە چەکیگران بۆردومانی شار دەکات. لە بەر کەم بوونی کەرەسەی نان کردن نانەواخانە کاتییەکان کاتی کارکردنیان کورت کردوەوە. ئەوانەی کە دەتوانن لە ماڵدا لە سەر ساج و سێڵ نان بکەن و سووتەمەنیشیان هەیە ئەو کارە دەکەن.

ئەمن بە باوکم ڕاسپارد، کە ئەسپەکەی کارۆستمم بۆ بکڕێت. ئەسپەکەم بۆ میترا دەوێت. گرتمان ڕۆژێک ناچار بووین شار بەجێ بهێڵێن، تا بتوانم میترا بە سواری ئەو ئەسپە لە شار دەرباز بکەم. لەوەش بیرم کردوتەوە کە بە هۆی برین و شکانی لاقی میترا، گواستنەوەی بە چاروا و ئەسپ سەخت بێت. بۆیە بەنیازم بە تەختەدار کورسییەکی کەژاوە ئاسای بۆ چێبکەم. کە هەر دوولاقی لە سەری دانم بە چەشنێک کە زۆر بۆ ئێسکە شکاوەکەی نەهێنێت، و برینەکانیشی کەمتر بکولێتەوە. ئەگەر چەند کاتژمێرێک میترا خۆی بە سەر ئەو ئەسپەوە ڕابگرێت، دڵنیام و گۆمانم لەوەدا نییە کە من میترا بناسم دەتوانێت، تا دەگەینە سەرجادە.

خۆم لە هەموو هەنگاوێکدا ئاگاداری دەبم. کاتێک کە گەیشتینە سەرجادە، ئێتر بە ماشین دەیبەمە نەخۆشخانەی چیا یان بەرەو بۆکان و مەهاباد دەیبەم.

بزەی نێو چاوانی میترا لە خۆشیدا وەک ئەستێرەی ئاسمانی ئەرخەوانی دەمەوبەیان دروشایەوە.

کامیروەیس: ئەگەر برینەکانی میترا ناسۆر نەبێت، کارێکی ژیرانەیە. هەم میترا گیانی ناکەوێتە مەترسی، هەم ئێمەش دڵەخۆرپێ و ترسی گرتنی میترامان نامێنێت. بەداخەوە وای لێهاتوە کە مرۆڤی نیشتەجێ ئەم شارە ئەوەندە لە دڕەندەیی و خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی ئێران دەترسن، ئەوەنە لەوە ناترسن کە ماڵی خۆیان بە سەریاندا بڕوخێ و بمرن.

سیروان لەپی دەستی لە سەر توێڵی میترا دانا. هەستی بەگەرم بوونێکی ئەوتۆ کرد. پرسیاری لە میترا کرد و وتی: گەرمای یاوت ئەمڕۆ لە چ رادەیەکدا بوو؟

میترا: ئەمڕۆ نەرمە یاوم بە درێژایی رۆژ هەبووە. جار و باریش زۆرتر دەبوەوە ویان دەبوو بە لەرز. بە هەر حاڵ ئەوەندە جێ مەترسی نییە. شەو کە دوکتور رەزگار دێتەوە پێ دەڵێم.

سیروان: راستی لە بەر هاتو چووی هاوسێیەکان، ناشێ ماوەی وەنەوزێکت هەبوو بێت.

میترا: نا نەکرا! هەر چەند هەستم بە ماندویی دەکرد، و خەوم دەهات. رەنگە بەیانی کەمتر خەڵک بێن بۆ لام. وەرە نزیکمەوە سیروان! حەز دەکەم پاڵت پێوە بدەم و سەرم لە سەر دڵت دانم، تا بە ئاهەنگی دڵت ئارام بگرم.

سیروان کە لە بنەماڵەکەی شەرمی دەکرد کە وا نزیکی بێتەوە. چارەی نەبوو و هەر چەند سوور هەڵگەڕابوو و هەموو گیانی پڕبوو لە مەردەئارەق. دڵی میترای نەشکاند و خۆی پاڵی دا بە کۆڵەکەی نێو ژێرخانەکەوە و میتراش پاڵی بە سیروانەوە دا. هەر دوو دەستی میترای لە نێو دەستانی خۆی گرت و روومەتی خۆی بە سەر قژی میترا چەسپاند. هەناسەی لە پێشدا سوار بوو و هێدی هێدی کەوتە سەر رەوتی ئاسایی خۆی.

میتراش ئارام و هێدی ئارامشی گرت. هەر دووکیان بێ دەنگ و کپ مابوونەوە.

باوک و دایکی میتراش هەستیان بەوە کرد کە رەنگە ئەوان بیانەوێ رازی خۆیان بۆ یەکتر بێژن. وایان بە باش زانی کە ئەو ژوورەیان بۆ چۆڵ بکەن.

کامیروەیس بە بیانۆی کەمێک کار ماریانۆی لە تەک خۆیدا بردە ئەو دیو.

تریفەخانیش وەکوو کابانی ماڵ بۆ  چێشت لێنان چوو بۆ چێشتخانەکەیان.

میترا: سیروان بەهێز لە ئامێزم بگرە و بمگوشە! پێویستم بە گەرمای لەشت هەیە. لەرز خەریکە دەمچۆقێنێت، هەموو گیانم دەلەرزێت. تەنیا ئامێزی گەرمی تۆیە کە ساڕێژم دەکات. دڵم کەیلە. لەوە دەترسم دۆزی برینداریەکەم رێگام پێ نەدات لە تەکدا بێمە دەرێ. یان ببم بە هاوسەر و هاوسەنگەرت. ئای چەند ناخۆش دەبێت کە نەتوانم بۆ رەزگاری نیشتمانم خەبات بکەم...

سیروان پڕ بە هەستی ئەویندارانەی، میترای راماوسی و وتی: گیانەکەم  ورەی خۆت لە دەست مەدە! هەموو شتێک بە باشی دەچێتە پێشەوە. پاش شەوەزەنگی ئەنگوستەچاو، هەمیشە رووناکی رۆژ دێتەوە. گەر تۆ لە ئاوێنەی دڵمدا خۆت ببینی، ئەستێرەی چاوەکانت پیشاندەری رێگەی هیوان لە نێو جەنگەڵی خۆشەویستی و ئەویندا. چاوانی بەهاری ئاسات، مزگێنی بووژانەوەی ژیانن. گڕ و بلێسەی ئاگری نەورۆزن. چرای ئازادی دادەگرسێنن. بولبول، گوڵ رادەموسێ و ئەوینیش تیشکی هیوا. دڵ کە

کانیاوی ژینە، باخی لەش ئاودێر دەکا. گوڵی دارستانی ژوان هەڵدەپێچێنێت بۆ میوەی ڕەنگینی ئەوین. مزگێنی مێهرەگانی سەربەستی ژیان دەدەن. هێما و ڕازی بریڤانی، دەست لە دەستی ئەوینداری، بۆ ئازادی سەما دەکەن.

میترای من، نابێت تروسکی هیوات کزبێت. گۆڕەپانی بریڤانی گەلێک بەرین و باڵا بەرزە. برین زوون دەبێت و ریزی تێکۆشان بەتەمەن دەبێت. گیانا کەژاوەیەکت لە دار بۆ دەتاشم کە لە نێویدا وەڕەز و ماندو نەبیت. ئەسپە شینەکەی کارۆستەمیش بە لەنجە ولار، بە ڕەوتی نەرمو بە غار، دەبێت بەتەخت و کورسی حەسانەوەت. لە لات دەمێنمەوە تاکوو دەکەویتەوە سەرپێ.

ئەوسا پێکەوە دەچینە سەنگەری تێکۆشان بۆ بریڤانی لە ئاستی هێرشی دوژمنان. شان بە شان و دەست لە نێو دەستی یەکتر، هێزی ئەوین بە نیشتمان و ئەوین بەیار دەکەین بە ورەیەکی پۆلاین. دەیکەین بە چەکی بیر و بڕوا. دەیکەن بە هێزی گەیشتن بە تروپکی ئامانج و ڕەزگاری. ئەوسا دەیگێرین مێهرەگانی میت و ئازادی.

گەر چارەنووس مێهرەبان بێت، تەمەنێکی درێژمان لە پێشە، بۆ خەبات و تێکۆشان. ئەگینا هاتو لەم ڕێگە پیرۆزەدا گیانمان بەخت کرد، دەبین بە مەم و زینێکی تر. بەو جیاوازیە کە ئەوان تەنیا ئەوینی خۆشەویستیان بۆ یەکتر بوو. ئێمەش بە دوو ئەوینەوە. ئەوینی پیرۆزی نیشتمان و ئەوینی ئارتای خۆمان.

تریفەخانم خوانی شێوی ڕاخست. سیروان گورچ ڕۆیشتە یارمەتییەوە تاکوو خوانەکەیان ڕازاندەوە. ئەوسا تریفە بانگی لە کامیروەیس و ماریانۆیش کرد.

پاش خواردنی شێو، کامیروەیس بەسیروانی وت: من و ماریانۆ هەندێک تەختەدارمان لە گەڵ کەرەسەی پێویست وەدەرخستوە بۆ چێکردنی کەژاوەکە. هەرکاتێک ماندو نەبووی، سەیری بکە بزانە بە کەڵک دێن یان نا.

سیروان: پڕ سپاس! کارێکی باشتان کرد. ئەمن بە نیاز بووم تاوێکیتر لە تەک ماریانۆدا ئەو کارە بکەین. ڕووی لە ماریانۆ کرد و پێوت زەحمەت نەبێت دەتوانی پێنووس و لاپەڕەیەکی سپیم بۆ بێنیت؟ دەمەوێت نەخشەی ئەو کەژاوە داڕێژم کە لە مێشکم دایە.

ماریانۆ هەموو کەرەسەی نەخشەکێشانی بۆ هێنا و وتی: فەرموو کاک سیروان!

سیروان:سپاس! دەستت خۆش بێت! ئەوسا ئەو نەخشەیە کە لە بیری خۆیدا بوو کێشای و هێنایە سەر لاپەڕە سپییەکە. هەروەها بە میترای وت: کا ڕۆستەم بۆ ئەسپەکەی هەم زینی هەیە و هەم کۆپان واتە کورتان. کۆپانەکە بۆ هەڵگرتنی کەژاوەکە باشترە.

میترا: ڕاستی سیروان نەتوت ئەم کارۆستەمە کێیە؟

سیروان: ڕاست دەکەی! کا ڕۆسەم ماڵیان لە گەڕەکی ئێمەیە. پیاوێکی هەژار و ئازایە. خەرج و داهاتی بەسەر ئەسپە شینکێیە. کاری ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەسپەکەی دەڕۆیشتە کوردستانی باشوور یان خۆرئاوای شاری خۆمان. کە خەڵک پێدەڵێ ئەودیوو. بارە چایی، ویسکی و کۆنیاک یان هەر شتێکی دیکە کە لە ئێرەدا دەفرۆشا دەیهێنا. ئەسپەکەیشی تا بێژی ئارامە و بە هێزە. لە تاریکی شەودا سڵ ناکاتەوە و جێگەی متمانەیە بۆ سواری تازەکار.

سیروان هەستا و بە میترەکە، ئەندازەی پێ میترا تا ئەژنۆ و هەروەها ڕانی گرتو وتی: دەمەوێ جۆرێک دروستی بکەم کە لاقی شکاوت تێدا نەجوولێتەوە. بۆ ئەوە کە ئێش و ئازارت کەمتر بێت و برینەکانت ناسۆر نەبن یان نەکوترێن. تەختەکان بە شتی نەرم وەکوو خۆری یان لۆکە دەپێچمەوە بۆ ئەوەی نەتۆ نەئەسپەکە تۆشی ئازار و برینی تەختەکان نەبن. هەروەها پشتییەکت بۆ چێدەکەم کە ماندوبووی پاڵی پێیەوە بدەی. تکایە گەر شتێکم لە بیر چووە یان کەمو کۆڕییکی هەیە یارمەتیم بدەن تا پێکەوە چاکی بکەین.

کامیروەیس: نەخشەکەت زۆر باشە. بەڵام من پێموایە بۆ ئەملا و ئەولای کورتانەکە، لەولا دابنیت باشترە. بۆ ئەوە کە زکی ئەسپەکە بریندار نەکات.

سیروان: ڕاست دەکەی! بەڵام من بەدوو قایشی ئەستور هەر دوو لای کورسییەکە بە کورتانەکەوە دەبەستم کە لە لەولاکان نەرمترە. فەرموون سەیری ئەم نەخشەیە بکەن. کە لە دوولاوە بەم شێوەیە دەبێ وەکوو دوو پلکان. بۆ ڕاگرتنی ڕان و پووزی لاقی میترا. ئەمە ڕانی ڕادەگرێت کە زۆر نەخاتە سەر ئێسکە شکاوەکەی پووزی. ئەمەش پێ ڕادەگرێت کە لاقی لە هەڵتەکی ڕەوتی ئەسپەکە بێ ئێختیاری خۆی نە جووڵێتەوە.

کامیروەیس: زۆر باشە! دوکتور کاتژمێری نۆی شەو دێتەوە. ئێستە دەتوانین دەست بەکار بین.

هەر سێیانیان پێکەوە چوونە ئەو ژێرخانەکەی تر، کە ببوو بە کارگەیەک. بە ئەندازەی نەخشەکە تەختەدارەکانیان بڕیەوە و ژمارەیان لە سەر نووسی بۆ ئەوە دوایی لێیان تێکنەچێت. ئەوان کارەکایان زوو لە نێوانی خۆیاندا دابەشکرد و خێرا هەموو شتێکیان ئامادە کرد. یارمەتی یەکتریان باش دەدا و کارەکەش بە باشی و ڕێکوپێکی دەچووە پێشەوە. بەرهەمەکەیشی کەژاوەیەک بوو کە بە دڵی هەموویان چێکرا. کاتی کە تەواو بوو ماریانۆ و سیروان لە گۆشەیەکی ژێرخانەکە دایان نا.

سیروان: من دەچمە لای ئاوی ستێرەکە بەو ئاوە ساردە، خۆم فێنک دەکەمەوە.

ئەوانیش وتیان ئێمەش لە گەڵدا دینە دەرێ کە شیبای ستێرەکە لەشمان فێنک بکاتەوە.

پاش ئەوەی چەند خۆلێک وستان و دەموچاویان شۆرد شنەی با و فێنکی ئاوی سێتێرەکە ئارەقەکەیانی وشک کردەوە و چوونە ژووری.

کامیروەیس: تریفە ئێستا چای دەچەسپێت، کە ماندو بووین.

زەنگی دەروازە لێدرا. ماریانۆ لە ئایفۆنەکەوە گوتی: کێیە؟

ڕەزگارم ماریانۆ! ماریانۆ هەر لەوێیەوە دەروازەکەی کردەوە و خۆیشی چووە بەرەو بیریانەوە، و پێکەوە هاتنە ژووری. هەمان دوو پەرەستاری دوێنێ شەوی لە گەڵدا بوو. پاش هەندێک وتووێژ لە سەر بارودۆخی ڕۆژ و ڕێژەی زۆر بوونی برینداران لە هەموو کاتدا، دوکتور ڕووی لە میترا کرد و گوتی: دەی میترا خانم پێم بڵێ بزانم ساخلەمیت لە چ ڕادەیەکدایە؟

میترا: کەم و زۆر ئێش و یاو یان لەرزم بە درێژای ڕۆژ هەبووە.

دوکتور تەوژمی خوێنی میترای گرت و تەپ و یاویشی پێوا. وتی: ئاستی یاوت لە ڕادەی مامناوەندی کەمێک زۆرترە. باشترە برینەکانت بکەمەوە و سەیری بکەم. سۆما و لاوین بانداژی هەر دوو لاقی میترایان کردەوە و خەریکی خاوێن کردنی بوون کە

دوکتور ڕەزگار بە وردی سەرنجی برینەکانی دا. بە مەقەسێکی دەمباریک دوو سێ وردە پارچەی کوتاڵی لە نێو برینەکان دەرهێنا.
لاقی میترا لە چاوی بەیانی ئەستورتر ببوو و پێستی بە ڕەنگی شینی سۆرمەیی هەڵگەڕا بوو. هەندێک پەنجەی لە سەر پێستی برینەکە دانا و بە ئەسپایی فشاری دا. بۆ ئەوە بزانێ کە چڵکی نەکردوە. ئەوسا بە میترای وت: برینەکانت باشە! بەس هەندێک چڵکی کردوە. دەرمانەکانت کەم و زێدە دەکەم. بۆ ئێسکی لاقە شکاوەکەت بزانم دەتوانم کارێکت بۆ بکەم.
سۆما و لاوینیش هەرکام لاقێکی میترایان پاخش کرد و بانداژیان پێدا گرت.
تریفەخانیش خێرا چا و نانشیرینی کە بۆخۆی دروستی کردو بوو بۆیانی هێنا. پاش خواردنی بەرەو لای بریندارانی دیکە ڕۆیشتن. دەرمانێ دژ بە چڵکی میترای گۆڕا بوو و دبێ هەر شەش کاتژمێر یەکیان بخوات.
سیروان تەلەفۆنی لە ماڵی خۆیان کرد تاکوو هەواڵێکی ئارام بزانێت. ئەوسا کە زانی ئارام ئەمڕۆش گەڕاوەتەوە، دڵی ئارامی گرت و دڵنیا بوو.
میترا: ماریانۆ گیان دلۆڤان بە، بڕۆ نەردەکەم بۆ بێنە با دەستێک تەختە نەرد لە تەک سیرواندا کایە بکەم.
ماریانۆ بە سەرچاوان دادەگیان! خێرا نەردەکەی هێنا پێشەوە بۆ لای خۆشکی.
میترا بە بزەی سەر لێوانی وەکوو گوڵەباخی تازەپشکوت سەیری چاوانی سیروانی کرد و وتی: لە سەر چی بیکەن؟
سیروان: هەر شتێک تۆ حەزی لێدەکەی!
میترا: باشە! ئەگەر من بردمەوە ئەوسا پێت دەڵێم چیم دەوێت. باشە؟
سیروان: باشە!
ماریانۆ: ئەوە فێڵ و گخنییە میترا! دەبێ لە پێشدا دیاری بکرێت.
میترا: من و سیروان لەیەک دەرناچین. هەموو شتێکمان هی یەکترە. وانییە سیروان؟
سیروان: میترا ڕاستدەکات. تەنانەت گیانیشمان بۆ یەکترە.
کایە گەرم بوو و هەموویان تێدا بەشدار بوون. تا لە ئاکامدا میترا پێنج بە چوار لە سیروانی بردەوە.
ماریانۆ: ئێستە لە کاک سیروان چیت گەرەکە؟
میترا: ئێستا پەلەم نییە دایدەنم بۆ ڕۆژی خۆی.
خەو و ماندوی ڕۆژ پێڵوی چاوانی میترای قورس کردو بوو. خەوەنوسکە و وەنەوزی دەبردەوە. تینی یاو و ئێشی برینەکانی لە ناخەوە ئازاری دەدا و نەیدەخستە خۆی. هەر چەند ئەو دەیشاردەوە، بەڵام لە شێوازی ڕوومەتیدا ئەو ئازارانە دەخوێندراەوە.
تریفە خانم جێگای سیروانی لەتەنیشتی میترا ڕاخست.
سیروان دەرمانی شەوی جیاکردەوە و کاتژمێرەکەی دەستی لە سەر کاتژمێری دووی بەیانی دانا کە زەنگ لێبدات، گەر هاتو خەوی لێکەوت.
میترا لە بەر برینی هەردوو لاقی بەس دەیتوانی بە پشتەوە ڕاکێشی یان بنوێ.
سیروان سەرینەکەی خۆی چەسپاندە سەرنیاکەی میتراوە. دەستی ڕاستی خستە ژێر ملی و بەلاوە لە تەنیشتی ڕاکشا. بەپچە کەمێک باسی خۆیان کرد. هاوکات سیروان

دەستی چەپی خستتە نێو قژی میترا و ئارامشی پێدەدا تاکوو خەوی لێکەوت. ئەوسا بە ئەسپای دەستی لە ژێر سەری درهێنا و خۆیشی بە پشتەوە راکشا. ماوەیەک لە نێو خەون و ئارووی خۆیدا بوو و مەلی رەنگینی ئاواتەکانی بەرەو باخی ماندوی خەو فڕی.

شەکەتی و بێخەوی دوێنێ شەویش یارمەتی سیروانیان دا کە چاوانی بچێتە خەو. بەڵام چ خەوێک، بە هەر جووڵانەوەیەکی میترا رادەچەڵەکا و سەیری دەکرد.

میترا چەند جار لە ئێش و ژاندا لە خەو هەستا. سیروانیش دەستی دەگرت، و ئارامی دەکردەوە و تا دووبارە خەو دەبوو بە مێوانی.

هێدی هێدی شەو دەیەویست بەرەو رۆژئاوا پاشەکشێ بکات. دەنگی ناڵەی میترا زۆرتر دەبوو.

کاتێک سیروان ویستی کە دەستی بگرێ و ئارامی بکاتەوە، هەستی بەوەکرد کە یاو دەیسووتێنێت و هەموو لەشی وەکوو تەنوور دەگرێت. نەیدەزانی چیبکات. دەرمانێکیشی نە دەناسی کە یارمەتیدەر بێت تا یاوەکەی دامرکێنێت. دوو ئاسپرینی پێدا کەلایکەم ژانەکەی کەمکاتەوە. ئەوسا ئەوەی لە خەڵکی فێربوو، پەنا بردن بە ئاو و دەستماڵی هەڵبژارد.

بەئەسپای هەستا و چووە دەرێ و لە ئاوی فوارەی ستێرەکەی نێو حەوش دەفرێکی ئاوی هێنا. لە ژوور سەری میترا دانیشت و دەستماڵی تەڕدەکرد و ناوچاوان و رروومەت و ملی فێنک دەکردەوە.

میتراش نیوە بێهۆش و نیوە وریا سەری لە سەر رانی سیرواندا بوو تاکوو یەکەمین فەڕی تیشکی بەربەیان لە ئاسۆی رۆژهەڵاتەوە وەدەر کەوت.

سیروان دەستمالەکەی لەنێو دەفری ئاوەکەدا، دەخووساند و دەیگوشا، پاشان بەئەسپایی لەسەر رروومەت و نێوچاوانی خۆشەویستەکەی دادەنا تا گەرم دەبووەوە. دووبارە هەر ئەو کارەی دووپات و سەد پات دەکردەوە.

میترا بۆخۆی ورێنەی دەکرد. دەدوا و سیروانیش لێ تێنەدەگەیشت کە دەڵێت چی. ئەم جارە نۆرەی لەرز هات. وەکوو شۆرەبی دەلەرزی. سیروان دەیچەسپاند بەخۆیەوە و بە تینی لەشی خۆی گەرمی دەکردەوە. تاکوو هێدی و بەرە بەرە دەکەوتە سەر رەوتی ئاسای خۆی. کاتێک ئەیار دەبووەوە بە زەردەخەنەوە، بەسەرنجیکی تایبەتی ئەوینداری خۆی، سپاسی سیروانی دەکرد، و تا لە ئامێزیدا خەوی لێدەکەوتەوە.

سیروان لەوەی کە میترا تاوێک یاو دەیسووتاند و دەمێک لەرز دەیچۆقاند، گەلێک نیگەران بوو. لەخەم و نیگەرانی میترادا هەموو گیانی لە ئارەقدا خووسا بوو. تا رۆژ بووەوە نەیوێرا بنوێت. خۆی بە بەرپرسیاری مانەوەی میترا دەزانی.

لەم کارەساتە سکاڵای لە چارەنووسی خۆی دەکرد و بۆ خۆی دەیوت: دەک لە نەیاری چارەنووس. تازە گەرای هیوا بە ژین و خۆشی ئەویندارییم گرسا بوو. کەچی کزەی زریانی خەم هەڵیپرووزاند. کراسی تەنیایی هەرژی بە سەرما داپۆشاند. گەر کاتی شۆڕش نەبووبایە، ئاخۆ گێژی مەستی خەم بەرەو کام هەڵدێری ببردام. تا کەی بڵێم" خەم رەفێقە ماڵی ئاوا کە زوو زوو سەر ئەدات، شادمانی ماڵی وێران کە بە مێوانیش نەهات."

ئەی تیشکی ئەوین، ئەی دڵبەری ژین. کزنگی بەربەیان، بکە شادیم ڤەژین. ئیتر نامەوێ بێژم زمەگوڵ دەپشکۆی لە سەر هەناسەی ساردم. زمای هەناسەم زماکی خەمە، دەردی نەبڕاوەیە. ئای لەم زم و زمایە کە هەموو دەمارەکانی لەشمی پێ زوزک دەکا و دەلەرزێ. ئای بۆ تین و گەرمای هیوا کە خەمی لَم لابا.

## بەشی٢٥

چوارشەمە(تیشتریەڕۆژ)ی ٢٤ی گوڵانی ٢٦٨٠ی کوردی. ڕۆژی دەئینا، دینا، دین (بیرکردنەوە وناسین)ئیزەد بانۆی پارێزەری دینە. ١٤ی مای ١٩٨٠ی ز.

---

سیروان پاش ئەوەی کە میترا خەوی لێکەوتەوە و یاو و لەرزەکەیشی دامرکا، بەچاوانی ماندو دەفری ئاوەکەی هەڵگرت. بەنیازی گۆڕینی ئاوی دەفرەکە، چووە نیو حەوشێ و ئاوەکەی رژاندە بنی گوڵەباخەکان. دەفرەکەی لە ئاوی تازە و ساردی فوارەی ستێرەکە پڕکرد. چاوانی خۆی لە ئاوی فوارەکە شۆرد و هەندێک ماندویی و خەوی رەوییەوە.

سەرمای شنەی بەیان کە هەناسەی سەهۆڵینی کلیلە بەفرەکانی کێوستانی دەهێنا، لەشی ئارەقاوی سیروانی تەزاند. هەستی بە موچڕک و لەرز دەکرد. ئەوسا دەفرەئاوەکەی هەڵگرت و چووە ژووری بۆ لای میترا.

سەیری کرد کە خەوی لێکەوتوە و خۆی گوڵۆلە کردوە. لەپی دەستی لە سەر نێو تەویڵی دا نا. هەستی کرد کە لە دەستی ساردی خۆی ساردترە. خێرا لێفەکەی بە سەریدا راکشا، و لێفەکەی خۆیشی هەروەها دابە سەر لێفەی میترا دا. سەری میترای لە سەر کۆشکی خۆی دانا و هەر دوو دەستی نا نێوان دەستی خۆی. لە سەرمادا هەڵدەچۆقا و وەکوو زەردەوانی بەر زمی زستان.

سیروان بە ئارامی دەستی خۆشەویستەکەی دەولایی و ماساژی دەدا، تا هێدی هێدی گەرمی بووەوە، و لەرزەکەی نەما.

میترا چاوانی دلڕفێنی ماندوی هەڵهێنا، و سەیری سیروانی کرد. بەبێ هێز و شەکەت بزەیەکی جوان بە سەر لێوە ئاڵەکانیدا هات و بە ئەسپای گوتی: سیروان بۆ نەنۆستوی؟ کات چەندە؟

سیروان: من کە پەرەستاری تۆم دەبێ ئاگام لێت بێت. هەر کاتێک سەرنجی جوانیت دەدەم تێرخەو دەبم. کاتژمێر نزیکی چواری بەیانیە.

میترا: هەست دەکەم هەر دوولاقم وەکوو کڵی ئاگر دەگرێن. جلوبەرگەکانم لە ئارەقدا خووساون. وادیارە کە زۆر یاوم بووە. راستی ئەمشەو وڕاوە و وڕینەی زۆرم کرد بە دەم خەوەوە؟ ئاخۆ چیم گۆتو بێت ؟ ئەگەر شتێکی خراپم وتوە بمبوورە!

سیروان: گیانەکەم! ئەمن هیچ وتەیەکی خراپم نەبیست. تەنها بیرم لە ساخڵەمی تۆ دەکردەوە و بەس. دستی میترای لە سەردڵی خۆی نا و درێژەی بە وتەکانی دا، ئێرە بۆ تۆ لێدەدا. واتە تۆیش بەشێکی لە گیان و ژیانی من. بە ئەسپای لێوەکانی میترای راموسی و وتی: خۆشەویست، تاکوو یاوەکەت نەگەڕاوەتەوە، بەشکو کەمێکیتر بنوی.

ئەم چاوە ماژە جوانەت ببەستە، با برژانگەکانت کەمتر دڵم دەرزیاژن بکەن. چۆن بۆ خۆت دەزانی منی هۆگرە ناتوانم سەیری نەکەم.

باوکی میترا کە لە خەمی ئەوا خەوی لێنەدەکەوت. گوێ لە پچەی راز و نیازی ئەو دوو دڵدارە بوو، کە چۆن هۆگری یەکتر بوون. خۆشەویستی ئەوان وا کاری تێکردوبوو، کە رێزی لە ئەوینی ئارتا و بێگەردیان دادەنا. لە خۆی بێزار بوو کە دۆزی شەڕ دەستەڵاتی ئەوەی پێنادا کە ئە دوو دڵدارە بەگەینێتە یەکتر. ئاخۆ چۆن بتوانێت خۆشەویستی و ژیانی کچەکەی مسوگەر بکات؟

لە کاتێکدا داهاتوێکی رووناکیان نییە. ئاخۆ ئەو ئەوینە راسڵە چی بەسەر بێت؟

دەیان پرسیار و شیمانەی دیکە، بۆی ببوو بە گرێیە کوێرە، و گەرووی دەگوشا. نەیدەتوانی بە ئاسانی هەناسە هەڵکێشێ. تەنها بۆی دەکرا بەبێدەنگ فرمێسکی خەم کە لە چاوانیدا پەمی خواردوبووەوە، هەڵڕێژێت.

میترا بە ئەرخەیانی لە سەر کۆشکی سیروان خەوی بردەوە. سیروانیش پێڵوی چاوانی داهێزا بوو و وەنەوزەی دەبردەوە. لەکاتێکدا پاڵی بە کۆڵەکە بەردینەکەی ژێرخانەکەوە دابوو، دڵی نەدەهات سەری میترا لە سەر سەرینەکەی دانێت و خۆیشی لە تەنیشتی بنوێت. جارو باریش بۆ ئەوە خەوی لێنەکەوێت، و نەکا میترا خەوەری بێتەوە، بە پەنجەکانی لە ئاوی نێو دەفرەکە چاوانی تەڕ دەکرد. بەشکو خەوەکەی برەوێتەوە.

سیروان لەناخی دڵەوە سەیری روومەتی میترای کرد و بەئەسپایی گوتی: رووگەی ئەوین! گوڵی ژینگەی بەهارانم. کە لاپەڕەی مێژووی دڵم دەکەمەوە، گەڵا گەڵا چەمۆڵەی خەزانە. تابلۆی دیمەنت، لەنێو چوارچێوەی هەستمدا قەتیسماوە. دەروونت وەرزی خەزانە، گوڵی هیوات گەڵارێزانە. وەرزی ژیانت خەمی پاییزە، راپێچی زمای زریانە. تەمی هەناسەت سواری خەمە، لە هەڵدێری کەلی زریانەوە، بەرەو ئاسۆی تارمایی شەو دەئاژۆێت. نیشتمانی ئەستێرەکان، لێوەلەری ژان و خەمە. سنووری ئاسۆی رۆژهەڵاتیش پڕ لە تەمە. ئەسپی هۆڤی کزەی زمایە، لە ژینگەی کۆمەڵ سڵ دەکا. بەخیرایی قامچی زریان، بەرەو ناخی نادیار دەچێت.

شەوی درێژ و نەبڕاوەی ئەمشەویش بە توانەوەی ئەستێرەکان، لە نێو تیشکی رووناکی بەربەیاندا ماڵئاوایی کرد. تینی گەرمای لەشی میترا سیروانی لە کەروێشکە خەو وریا کردەوە. نێو ژوورەکە رووناکتر لە جاری پێشو بوو.

سیروان دەستماڵەکەی لە نێو دەفری ئاوەکە دەرهێنا و گوشی. بە ئەسپای دەموچاو و ملی میترای پێ فێنک کردەوە. ئەم کارەی چەندپات کردەوە، تاکوو یاوەکەی دامرکێنێت. یەک لە دوای یەک لە خەو هەستان و هاتنە لای ئەمان، تا هەواڵی تەندۆروستی میترا بزانن.

کامیروەیس: سیروان ئەمشەویش نەتتوانی بنویت!

سیروان: نا ! میترا یاو و لەرزی زۆر بوو.

میروەیس: دەزانم! منیش خەوم لێنەکەوت. ئاگام لە شەونەخونیت بوو. لەوە دەترسم رۆژ بە رۆژ خراپتر ببێ. لاقیشی نارێک بگرسێتەوە. دوێنێ شەو لە کاتی رەوانە کردنی دوکتوردا پرسیارم لێکرد، کەنگی وێنەی لاقی دەگرن؟

لە وڵامدا وتی: بەداخەوە! ئەو دەزگایە کە لە نەخۆشخانە، وێنەی ئێسکی پێدەگرن لە ژێر بۆردوماندا زیانی پێگەیشتوە. تازە فیلم و کەرەستەی وێنە گرتنیشی تەواو بووە. بەداخەوە ئەوەیە بارودۆخی نەخۆشخانە بۆردومان کراوەکانی نێو شار.

میترا: قەینا، بابۆ! تۆ خەمی منت نەبێت! تەنها چەند رۆژێکیتر بۆ من سەختە، دوایی چاک دەبمەوە.

میروەیس: ئەزانم دڵەکەم! تۆ ورەت زۆر باشە. زوویش خاس دەبیتەوە. بەڵام دڵی من بریندارە و چاک نابێتەوە.

ئارام وەک جاران لە ناخی تەمولێڵی بەیان و ماڵئاوایی ئەستێرەکانی شەودا چووە نێو سەنگەرەکانی گردیگەڕۆڵ. ئەو نیگەرانی هاوڕێیانی بوو کە بە درێژایی شەو لە ژێر کزەی با و شێ شەوێن، شەونەخونییان کێشاوە. ئێستا ماندو و سڕ، بەچاوانی خەوالوو پارێزگاری شار دەکەن. نۆرەی ئەوانە بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان و سەرخەوێک بشکێنن. تاکوو وزە بگرن بۆ شەوێکی تر و بریڤانییەکی تر.

ئارام لە هەڤاڵانی باسی شەوی پرسی؟

ئەوان لە وڵامدا وتیان: هێزەکانی دوژمن نەیانوێرا هیچ چەشنە هێرشێک بکەن. بەڵام بە هەر نیوە کاتژمێرێک چەند گوللە تۆپ و هاوەنیان لێدەداین. هەروەها شاریشیان بەبێ وچان تۆپباران کرد. سەرەڕای بۆردومان لە لایەن دوژمنەوە، بای زریانیش خۆڵی ماڵە رووخاوەکانی گردیگەڕۆڵی سوڕ دەدایە نێو چاوانمان. ئیتر لەرز و سەرماکەیش هیچ.

ئارام: ئێستە ئێوە دەتوانن بگەڕێنەوە ماڵی خۆتان. کات کاتێ حەسانەوەیە.

پارێزگەرانی شەو جێگای خۆیان دا بە ئارام و هەڤاڵانی، کە پارێزی رۆژیان دەکرد.

کا ئاریان بەیانی لە نانەواخانە، توشی کارۆسەم بوو. پاش هەواڵپرسی پێوت: رۆسەم کارێکم پێتە، دەمەوێ بتبینم.

کارۆسەم: بە سەرچاوانم، لە خزمەتت دام.

ئاریان: پاش ناشتا واتە کاتژمێرێکی تر باشە؟

رۆسەم: زۆر باشە! من کارێکم نییە و هەمیشە لە ماڵدام. باشە تاوێکیتر چاوەڕێتم!

دوای ناشتا کائاریان رۆیشت بۆ ماڵی رۆسەم.

کارۆسەم و خێزانەکەی بە گەرمی پێشوازیان لێکرد وتی: ئەوە چۆن بوو لەم ئاگربارانەدا ئێمەت بە سەر کردەوە؟

ئاریان: ئاگرباران، خۆ تەوار نابێت. باشترە ئێمە باری ئاسایی ژیانمان لە ژێر ئەم ئاگربارانەدا بخەینەوە گەڕ. ئەگینا مێشکمان دەپڕوکێت. وانییە کارۆستەم؟

گوڵباخی هاوسەری کارۆسەم: بە راستی وایە! نزیکی مانگێکە وەکوو ورچ چووینە کونا. دەک وێران بێ ئێران، ئەمە کەی ژیانە، کە ئێمە دەیکەین. ئەمە زیندان و چەرمەسەرییە. تازە ئەوانەی کە دیلی زیندانن، مەترسی بۆردومان و روخاندنی زیندان بە سەریاندا نییە. تاکەی چاوەڕێ بین کەنگێ گوللە تۆپێک بەمانکوژێ یان ماڵمان وێران بکات.

دەک کۆستان بکەوێت مەلا چڵکاو خۆرەکانی دوێنی شا و خوێن خۆرانی ئەمڕۆی گەلی کورد.

کائاریان: ڕۆسەم بیستومە ئەسپەکەت دەفرۆشیت، دیارە لە بەر بێ ئالفی. ئەگەر وایە کڕیارم بۆت دیوتەوە.

کارۆسەم: هەر چەند ئەسپە شینکێم زۆر خۆش دەوێت و بژیوی ژیانمان لە بەر رەنجی ئەو بەستە زمانیە. بەڵام لە بەر بێ ئالفی ناچارم بیفرۆشم. ئەگێنا لە برسیەتیدا دەتۆپێت. باشە پێم ناڵیت ئەو کەسە لەم کاتەدا ئەسپی بۆ چییە و چۆن بە خێوی دەکات.

کا ئاریان: بۆ کەسێکم دەوێ کە برینداری هەیە و دەیەوێت لە شار دەربازی بکات. ئەویش پێویستی بە ئەسپ یان بارگین هەیە. هەر ئەوەندە بریندارەکەی لە بازنەی گەمارۆی شار دەرباز کرد ئیتر بە ماشین دەیگوزێتەوە.

ڕۆسەم: ئاخ! داخیگرانم بۆ بریندارانی نێو شار. ئەمنیش دوو برازام لە ماڵی خۆیاندا بە برینەوە کەوتون. باشە دووایی ئەسپەکە چی لێدەکات؟

ئاریان: ئەگەر خێرا مشتەری بوو دەیفرۆشێت. وەگەرنا دەیبەخشێت. خۆ ناتوانێ ئەسپەکەش بە هەمان ماشین ببا.

ڕۆسەم: ئەسپەکەم زۆر خۆش دەوێت. نامەوێ لە دەستی بدم. ئەگەر ئێوە ئەو کەسە باش دەناسن و جێمتمانەیە، ئەسپەکەی دەدەمێ لە ئاستی پارە و دراڤی ئەو چەند ڕۆژە. هەر وەها دراڤێکی دیکەش وەکوو بارمتە لێوەر دەگرم. تاکوو ئەسپەکەم لە دێیەکدا بەجێنهێڵێت. ئەوسا کە ئەسپەکەم وەرگرتەوە، من دراڤەکەی دەدەمەوە. ئەویش لە بەر ئەرخەیان بوون ئەو پارەیە وەردەگرم. بەڵام لە هەر گوندێکدا بەجێهێشت تۆ ئاگادار بکاتەوە، تاکوو پێکەوە بچین و بیهێنینەوە. باشە؟

کائاریان: زۆرباشە! ئەمن پێڕادەگەێنم. پارەی کرێ ڕۆژانەی ئەسپەکەت هەرچێ بێت، بە سەر چاوانم. دڵنیاش بە ئەسپەکەت دەگاتەوە دەستت.

ئەوان دەستیان لە نێو دەستی یەکترین نا. ئەوسا چا و قلیانێکیان پێکەوە کێشا.

ئاریان لە ڕۆستەم و گوڵباخی خانم ماڵئاوای کرد و گەڕایەوە ماڵی خۆیان تاکوو سیروان ئاگادر بکاتەوە.

ئاسیرتای کچی: ئەرێ بابۆ ئەسپەکە بوو بەچی؟

ئاریان: ڕۆڵە گیان! لە سەر ئەوە ڕێکەوتین کە ئەسپەکەمان پێ بە کرێ بدات. بەڵام دەبێ زۆر ئاگای لێبێت. تۆ نازانیت ڕۆسەم و ئەسپەکە بەبێ یەک ناتوانن بژین، تایبەت ڕۆسەم.

ڕووی لە ئامێدیا خانم کرد و وتی: بێزەحمەت ژمارەی ماڵی میترام پێ بێژە با سیروان ئاگادار بکەمەوە.

ئامێدیاخان کە ژمارەکەی لە بەر بوو بۆی خوێندیەوە. ئەو ڕۆژێک دوو تا سێ جار تەلەفۆنی لە میترا دەکرد و هەواڵی ساخلەمی لێدەپرسی. ئەوان پێکەوە زۆر دۆست و هەڤاڵ بوون. ڕێزێکی ئەوتۆیان بۆ یەکتر دادەنا.

کائاریان حەزی لە تەلفۆن کردن نەدەکرد بەڵام میترای خۆش دەویست. ژمارەکەی گرت.

کامیروەیس وڵامی دایەوە. ئەوان پێکەوە بەگەرمی خۆشدۆش و هەواڵپرسی یەکتریان کرد. سەرەڕای ئەوە تاکوو ئێستا یەکتریان نەدی بوو. لەم ماوەی شەڕەدا سیروانیش

ئاموشۆی ئەوانی دەست پێکرد، ئیتر بنەماڵەکان دەرفەتی ئەوەیان وەدەست نەهێنا بوو کە بچنە ماڵی یەکترین.
پاشان لە تەک میترادا ماوەیەک قسەیان کرد و لە کوتایی دا پێوت میترا گیان تۆ خۆت دەزانیت لە گەڵ سیرواندا جیاوازییەکتان بۆ دانانین. بمانبوورە کە لە بەر بۆردومان و شەڕ نەمان توانی بینە دیدەنتت. خۆت دەزانیت هاتوچوو زەحمەتە بۆ کەسانێک لە تەمەنی ئێمەدا. پاش ئەوەی کە وتووێژیان دوای هات وتی دڵوڤانبە بیدە بە سیروان. میترا گوشیەکەی دا بە سیروان کە لە تەنیشتی رونیشتو بوو.
باوکی لەتەک کا رۆسەمدا چۆن ساق بوونەوە، بۆ سیروانی گێراوە، و دڵنیای کرد.
سیروان: باوکم ئەسپەکەی بۆ کریٚ گرتوین. هەرکاتێک میترا هەست بکات کە دەتوانیٚ بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک خۆی بە سەر ئەسپەکەوە رابگریٚ، دەتوانم لە شار دەربازی بکەم. کاتێک دوکتور رەزگار هاتەوە دەتوانین پرسییاری لێبکەین. هەروەها پێبڵێن دەرمانی چەند رۆژمان بۆ تەدارک ببینیٚ، تا دەگەینە نەخۆشخانەیەک. هەموویان خۆشحاڵ بوون. تایبەت میترا و سیروان.
هەرچەند سیروان دڵەخۆرپەی ئەوەی بوو، کە نەکات ئەم یاو و لەرزەی میترا ببیٚ بە کۆسپێک لە سەر رێگای بەرنامەکانیدا.
میترا: رەوڕەوەکەت زۆر بەکەڵکم هات. دڵنیام کە کەژاوەکەش یارمەتیم دەدا. چاوەڕێم کە بەم زوویە تاقی بکەمەوە. تۆیش لەخاوەی ئەسپەکە رابکێشی. لەم ژینگەی پڕ لە ترس و مەرگەساتە رەزگارمان دەبیٚ، و لە داوێنیٚ خاوێنی سروشتدا هەوای ئارتای ئازادی هەڵمژین.
یاوەکەی میترا گەڕایەوە. وردە مرواری ئارەقەی نێوچاوانی، گۆنای وەک ژیلەموو داگرساوی، باری لێوانی وشکی، بێهێزی تیشکی سۆمای چاوانی، هاواریان دەکرد کە چەندە یاوی لە سەرەوەیە.
سیروان کرژ دەستماڵەکەی لە نێو ئاوی دەفرەکە خووساند و گۆشای و بە ئارامی لە سەر رووەمەتی داگرساوی دانا و فێنکی کردەوە. بە ماریانۆی راگەیاند: زەحمەت نەبیٚ ئەم ئاوی دەفرە بگۆڕە و ئاوی ساردم بۆ بێنە!
ماریانۆ: بە سەرچاوانم! خێرا رۆیشتە حەوشیٚ و لە فوارەکە پڕیکرد و هێنایە ژووریٚ بۆ لای سیروان. ئەوسا وتی: کاک سیروان گەر تۆ ماندوی، با من ئەو کارە بکەم. چۆن حەز دەکەم بە هەر شێوەیەک بێت یارمەتی خۆشکم بدەم.
سیروان دەستماڵەکەی پێدا و وتی: فەرموو چاوەکەم! بۆخۆی دەستی میترای لە نێو دەفەرە ئاوەکە دانا و ماریانۆیش بە دەستماڵەکە گەرمای نێو چاوانی دادەمرکاند. یاوی ئەوەندە زۆر بوو کە بە دووکەسییەوە دەرەقەتی نەدەهاتن.
میترای هەژاریش بیٚ هێز و بیٚ حاڵ کەوتو بوو، و بۆ خۆی وڕاوەی دەکرد و کەسیش تێنەدەگەیشت کە دەڵیٚ چی. تاکوو هێدی هێدی پلەی یاوەکەی دابەزی و ئەویش هەندێک ئەهوەن و وریا بووەوە. بەڵام هەموو لەش و جلوبەرگەکانی لە ئارەقدا خووسا بوون.
سیروان: تریفەخانم بێزەحمەت بە دەستماڵێک لەشی میترا بشۆرە و بەرگەکانی بگۆڕە، با ئارەق نەیسووتێنێت و ئازاری نەدات.

تریفەخانم: وایە! من بۆخۆم لە بەیانییەوە لە بیریدا بووم. ئێستا تاکوو دوکتور نەهاتوەتەوە ئەو کارە دەکەم. تۆ دەڵێت چی میترا گیان؟

میترا: من قسەیەکم نییە دایە!

ماریانۆ رەوڕەوەکەی میترایان هێنا و لە گەڵ دایکیدا لە سەریان دانا. دایکی بردی بۆ گەرماوەکەیان.

سیروان جێگای میترای رێک وپێک کرد و ئەوەی کە پێویست بوو بگۆڕدرێ گۆڕای.

ئارێز پاش واردنی ناشتا، رۆیشت بۆ بنکەی گەڕەکی خۆیان تا بزانێت چە باسە. بنکە مەکۆی هەواڵی تازە بوو. وای بۆ دەرکەوت کە بارودۆخی شار وەکوو دوێنێیە. هێزەکانی رژیم لە بازنەی گەمارۆی شارەوە پساپەس بەبێ وچان شاریان بە چەکی گرانی خۆیان دەکوتا. هێلیکوپترەکانیش بە سەر شاردا دەفڕین و هەر جووڵانەوەیەکیان دەدا بەر رێژنەی رەشاشەکانیان، یان بە راکت لێیان دەدا.

دوژمن تاکتیک و شێوازی شەڕی گۆڕی بوو. جاران کە لە چەند بەرەی شەڕەوە هێرشیان دەهێنا. ئێستا لە دوورەوە و دوورەپەرێز تۆپبارانی شاریان خەستتر کردوتەوە. رادەی کوژران و بریندارانی خەڵکی سیڤیلی شار، کات بە کات فرەتر و تەشەنەی دەسەند. تا ئەو رادەیە کە لە زۆربەی ماڵانی خەڵکدا برینداری لێکەوتو بوو.

لەو گەڕەکانە کە دوژمن بە سەریدا زاڵ بوو، بە چەکی دووربیندار و تۆپباران، خەڵکی زۆریان کوشتو بوو و دەیان کوشت.

دوژمن دەرفەتی ئەوەشیان نەدەدا بە باوانی کوژراوان، کە خۆشەویستە کوژراوەکانیان ببنە گۆڕستانەکان و ئەسپەردەیان بکەن. وای لێهاتو بوو کە زۆربەی حەوشی ماڵان ببوو بە گۆرستانی خۆشەویستانی خۆیان.

لە بەر دەستڕێژی چەکی ئەوان خەڵک نەیدەوێرا بژیوی رۆژانەی خۆیان تەدارەک ببینن. زۆربەی منداڵان، پیر و نەخۆش یان بریندارن بەبێ خواردن و خواردنەوە شەو و رۆژیان دەبردە سەر. تەنیا لە تاریکی شەودا دەیانتوانی لە ماڵی هاوسێیەک یان لە هەر شوێنکی دیکە کە شکیان دەبرد، بژیوی نەخۆشەکانیان وەربگرن.

گیانی مرۆڤ لە دین و دادی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، هیچ بایەخێکی نەبوو. رژیم بە کردەوە سەلماندی کە چەندە دڕندە و هۆڤە. نە لە مانای مرۆڤایەتی تێدەگەن، نە خاوەن بەزەیی و خرەد و لۆژیکن. ئەوان لە ئاژەڵی هۆڤی برسی، دڕندەترن.

ئارێز لە بنکە لە گەڵ هەڤاڵانی گەڕەک خەریکی ئاخافتنی رامیاری و گێڕانەوەی دۆزی شار و شەڕ بوون. هەواڵنامە و بڵاوک بڵاو کرایەوە.

ئارێز هەواڵنامەی ژمارەی ٤١ی رۆژی ٢٤ی گوڵانی دەست کەوت و بەمجۆرە بۆ خۆی خوێندییەوە.

" سنە لە ئووشە و بەیانی زووی ئەمرۆکەوە فرۆکەخانەی سنە لە ژێرئاگری چەکی پێشمەرگەکاندایە. ئەم هێرشە بوو بەهۆی ترس و سەرلێشێواوی پاسدارو ئەرتەشییەکانی ستارۆی ئەوێ. ئەوان پێیان وا بوو کە پێشمەرگەکان تەنیا سەرقالی پاراستنی سەنگەرەکانی بریڤانین. بەڵام ئێستا مۆڵگە و شوێنەکانی دوژمن لە دەڤەری شاردا لە هێرشی پێشمەرگەکان بێبەش نین.

ماوەیەکە هێرشی پێشمەرگە لە دەرەوەی شاردا پەرەی سەندوە و هیچ زیانێکی گیانی بە پێشمەرگەش نەگەیوە. بەڵام زیانی دوژمن زۆرتر بووە.
ئەمڕۆ تانگێکی رووسی پاسدارەکان کەوتە بەر دەستڕێژی پێشمەرگەکان و دوو پاسداری تێدا کوژران.
پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەکاتی شەودا بە چەکی گران و سووک پادەگانی لەشکەری ٢٨ی کوردستانیان بە خەستی کوتا. کە مۆڵگای خوێنڕێژترین و هۆڤترین هێزی رژیمە. ئەمەش بوو بە هۆی زیانی قورسی گیانی و ئابووری دوژمن.
رۆژانە دەیان هێلیکوپتر هێزی چەکداری زیندو دەهێنێتە کوردستان و کوژراوەکانیشیان دەبەنەوە. ئەمانە جگە لەو کارەوان کارەوان هێزی تازەی چەکدارەن کە بە چەکی گران و تۆپ و تانگەوە، بەرەو کوردستان بەرێیەوەن.
بەنیسەدەر و سەرکردەکانی دیکەی رژیم وەکوو ئەبۆشەریف فەرماندەی پاسدارە پاشەڕۆ و بەکریَ گیراوەکانی رژیم. هەمیشە لە پیلان گێڕانن کە ژێربنای ئابووری کوردستان بروخێنن."
چنوور دەمەو نیوەڕۆ چوو بۆ لای میترا. چەپکێکی گوڵی جوانی حەوشی خۆیانی گوڵبژێر کردو بوو. لە تەک خۆیا هێنا بووی و وتی: میترا گیان ئەمانە گوڵی حەوشی خۆمانە هەر چەند شیاوی تۆ نییە. بەڵام چەکردەن! دیاری ژینگەی جەنگە.
میترا: دەستەکانت خۆش بێت! سپاس بۆ دیاریە جوانەکەت کە وەکوو خۆت دلڕفێنن. چنوور هەستا چوو بۆ لای تریفەخانم و گوڵدانێکی جوانی هێنا و تا نیوەی ئاوی تێکرد و چەپکە گوڵەکەشی تێنا. ئەوسا هێنای و لە سەر مێزی لای دەستی میترای دانا.
تریفە خانم سەر و ملی میترای شۆردوبوو و کراسێکی شینی سورمەیی رەنگی پڕ لە گوڵی سپی و وردیلانەی لە بەر کردو بوو. کە وەک ئەستێرەکانی ناخی ئاسمانی دەمەو بەیان دەدرۆشانەوە. هەروەها قژە کاڵەکەی شانە کردوبوو و بە چەشنی شەپۆلی تیشکی زێڕینی خۆر رژابووە سەر شان و ملیا.
میترا و چنوور هەروەکوو جاران قسەی خۆش و پێکەنینی خۆیان دەکرد. هەرچەند لە روومەتی میترا وەدیی دەکرا سۆزی ئێش وژان. بەڵام بە رووی خۆیدا نەدەهێنا و حەزی نەدەکرد کەس بە ئێش وژانی ئەو بزانێت. چۆن لە وشەی بەزەی پێهاتن بێزار بوو و حەزی نەدەکرد تەنانەت ناویشی بژنەوێت.
سیروان و کامیروەیسیش خەریکی تەختەنەرد بوون و ماریانۆیش لەو ژێرخانەکەی دیکە تەقەی دەستی دەهات. ئەو حەزی لە دارتاشی و ناسککاری بوو. جار و باریش لە دار پەیکەری چێدەکرد و بە لاک ئەلکول، لاکی دەکرد و دەیرازانەوە. یان کاری شێوەکاری بە رەنگ دەکرد و ئەو ئاروو و بیرانەی لە میشکیدا هەبوون، دەیکێشا سەر بۆم و رەنگی دەکرد. سیروانیش کە ئەو کارانەی پێخۆش بوو سەیری دەکرد.
ئەمڕۆ هاتنی دوکتور رەزگار وەپاش کەوتوبوو. هۆوەکەشی ئەوە بوو کە هەر ئەمڕۆ لەو گەڕەکەدا دوومالَ کەوتوبوونە بەر گوللەی هاوەنی ١٢٠ میلیمیتری دوژمن. لە ئاژین بوونییاندا سیَ کەس کوژرا بوون و شەش کەسیتریش بریندار بوون، کە زۆربەیان پیر و منالَ بوون. دوکتور بە دەرمان و برینپێچانی ئەوانەوە سەرقالَ بوو. کوژراوەکانیش

ژن و مێردێک بوون کە چوار منداڵی برینداریان لە پاش خۆیان بەجێهێشت. هەروەها میرمنداڵێک لە بنەماڵەیەکی دیکەش کوژرا.

تەرمی ئەو کوژراوانەیان لە ساردخانەی بنکەدا دانا بوو و خەڵکی گەڕەک چاوەڕێ تاریکی ئێوارەیان دەکرد کە بیانبەن بۆ تایلە و بیاننێژن.

ئارام و هاوڕێیانی تاکوو نیوەڕۆ دووجار هێرشی هێزەکانی دوژمنیان بەرپەرچ دایەوە. بۆردومانی سەنگەرەکانیان لە زەوی و ئاسمانەوە بە خەستی هەر درێژەی هەیە. هەموویان لە نێو تۆز و باروتدا هەناسەیان توند ببوو. چەند شەڕوانێکی بەرەی پاراستن بە پرشە و پریشکی بۆردومان بە سووکی بریندار ببوون.

شەونەخونی، پارێزوانی. بۆردومان و ماڵوێرانی نەیانتوانی ورەی بەرزی شەڕوانانی هایا و وریا بشکێنێ. بریڤانی ئەمان لە دەروونی رەشی مرۆڤ کوژانی رژیمدا ببوو بە گرێ کوێرە و ناخیانی ئازار دەدا. ببوو بە جێ پرسیار، ئاخۆ بۆ ناتوانن بەو هەموو هێز و چەک و تەقەمەنییە نۆژەن و مودڕنە کە هەیانە پارێزی ئەوان تێبشکێنن و جێگاکەیان داگیر بکەن. پاش دەیان هێڕشی گەورە و بە کوشتدانی سەدان چەکدار لە ماوەی٢٤رۆژدا وا دۆڕاو و بێدەستەڵاتن، لە ئاستی چەکی کۆن و بێتەقەمەنی پێشمەرگە و خەڵکدا. کە بەئەوپەڕی لێبوردووییەوە بریڤانی لە ئاخ و زیدی خۆیان دەکەن.

کۆمەڵێکی گەنج و لاو، یان پیرە پیاو، کە نە دەورەی شەڕیان دیوە نەئەزمونیشیان هەبوو. هەتاکوو ماوەیەکی پێش شەڕیش، نەیاندەزانی کە چۆن لە چەک کەڵک وەربگرن. ئێستا وا ئازا ونەبەزن. ئەوان سینگیان کردوە بە قەڵخان و سەنگەری بیر و بڕوا. شورەی پۆلاینیان لە لەشی خۆیان چێکردوە. بە چەکی بیر و بڕوای ژیانێکی پێشکەوتو بۆ دیموکراسی و ئازادی. بە گیانیان پاراستنی ژن و منالی شاریان بە ئەستۆ گرتوە، لە ئاستی سپای مەغول و تاتاری سەردەمدا، کە هەر کوێ بگرن کاولی دەکەن. بە کەللەسەری مرۆڤ مەنارە، گومەز و محراو بینا دەنن.

ئەم بریڤانیەی گەلی کوردستان وا ناکۆکی و دژایەتی خستوە نێوان فەرماندە خوێنرێژەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران. تا ئەو رادەیە کە بەنیسەدر سەیادی شیرازی لە کار دەردەکات. یەکێک لە هۆوەکانیشی ئەوە بوو، کە سەرهەنگ سەیادی شیرازی بە پانسەدچەکداری تایبەتەوە لە ناوچەی سەردەشت دەچن بۆ سەرکوت کردنی خەڵک. ئەم فەرماندەیە تەنها لە گەڵ پەنجا چەکداردا دەتوانن هەڵبێن و بگەڕێنەوە. ئەوانیش پاسەوانانی خۆی بوون، لە پشت بەرەی شەڕەوە. کە خۆیان لە تیرێژی پێشمەرگە پاراستوبوو. لەو هێزە تایبەتەش٤٥٠ کەسیان دەدا بەکوشت و ویزای بەهەشتیان پێ دەبەخشێت.

بەنیسەدەر لە کردەوەی سەیادی شیرازی ترسەنۆک تورە دەبێت، و پێدەڵێت بەم شاکارە کە تۆ ئافڕاندوتە، ورەی هێزەکانی رژیمت رووخاند. ئەوسا لێدەپرسێت بۆ ئەو کارەت کرد؟

لە وەلامدا سەیادی شیرازی دەڵێت: "قوربان دەچنە بەهەشت!" سەرکۆمار پێدەڵێت: مەگەر خۆدا تۆی مەئمور کردوە کە لاوانی خەڵک بنێریتە بەهەشت!؟

"سەیاد: بەڵێ قوربان ئێمە هەموومان مەئموری ئەوەین. ئەوە نییە تەوقی کلیلی بەهەشتمان کردوەتە ملیان".

بەنیسەدەر ئەوەی لە بیرچووەتەوە، کە خۆیشی نانی ئەوە دەخوات. ئێوە هەمووتان تاوانکارن، چ بەکوشتدانی خەڵکی ساویلکەی ئاینی ئێران بێ. چ بە قەلاچۆ کردنی خەڵکی کورد هەروەها ئەهلی حەق، بەهاییەکان، فەلەکان (کریستیانەکان) جووەکان و هەموو کەمایەتیە، نژادی و ئاینیەکانی ئێران.

دوکتور رەزگار لە تەک سۆما و کچێکیتردا هاتنە ژووری. ئەوپەرەستارە تازەیە خۆی بە میترا ناساند و وتی: من ناوم رۆژینە و خەڵکی گەڕەکی گوڵشەنم. دەورەی پەرەستاریم دیوە. لە دەرمانگەی شێرو خۆرشیدا کارم کردوە، و هەر لەوێش کارم دەکرد.

رۆژین سپیکەلە و دەموچاوی خڕو سپی بوو لە نێو قژی تۆخی رەشیدا وەکوو مانگی شەوانی ئەنگوستەچاو دەدرۆشایەوە.

دوکتور رەزگار رووی لە سیروان کرد و وتی: دەزانی چ باسە ئەمڕۆ؟

سیروان: نا ئاگام لە هیچێ نییە!

د.رەزگار: هێزە رامیارییەکانی نێو شار ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەیەک دا لە سەر ئەوە ساق بوونەوە، کە لە تاریکی ئێوارەی ئەمڕۆدا شار بە جێبهێڵن. بۆ ئەوەی کەمتر خەڵکی شار بە بۆردوومان بکوژرێن.

سیروان بە بیستنی ئەم هەواڵە، حەبەسا و لە جێ خۆیدا وەکوو پەیکەر وشک بوو. هەر چەند ئەو سوور دەیزانی کە لەم رۆژانەدا شار چۆڵ دەکەن. بەڵام لە بەر بارودۆخی برینی میترا گێژ و وڕ ببوو. خەم لە گەروویدا بوو بەگرێ، و نەیتوانی هەوا هەڵمژێت. روومەتی سوور و شین هەڵگەڕا. مەردە ئارەقی ساردی نێو چاوانی بە لەپی دەستی سڕی. بە زمان، لێوی وشکی پاراو کرد. پاش چەندجار هەناسەبڕکێ، بە سەر ئەندامانی لەشیدا زاڵ بوو. پاش ماوەیەکی کورت بێدەنگی، بەخۆیدا هاتەوە و وتی: دوکتور! من بە نیازم میترا لە گەڵ خۆم لە شار بەرمە دەرێ.

بۆ ئاسانکاری ئەسپم بە کرێ گرتوە. بە داریش کەژاوەیەکمان لە دار چێکردوە. بۆ ئەوە کە میترا لە سەری دانیشێ. بێ ئەوەی قورسایی بە سەر لاقیدا بکەوێت. یان لاقی شۆڕ ببێتەوە و تەکەی بێت. تکایە دەرمان و باندارژی چەند رۆژم بۆ نێو رێگا پێبدە تا دەگەینە نەخۆشخانەیەک.

میترا: راست دەکات دوکتور! یارمەتی سیروان بە، کەرسەی دەرمانی پێبدە!

دوکتور هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: ئێستا برینەکەت بە وردی سەیر دەکەم و باری توانینی لێکدەدەمەوە. بزانم ئایا دەتوانێ یان نا.

دڵی سیروان توندتر و خێراتر لێدەدا. وردە ئارەقی نێو چاوانی گەرمتر دەبوون و روومەتی وەکوو سکڵی ئاگر سوورهەڵگەڕا.

د.رەزگار لە ژێر چاوەوە سەرنجی سیروانی دەدا. بەڵام سیروان لە نێو جیهانی ئاوات و خواستیدا بواری نەدەدۆزییەوە.

دەبێ بە چنگ و نینۆک دوو لەمپەری مەزنی سەر رێگای لابا. یەکیان بریندار بوونی خۆشەویستە هاوژین و هاو سەنگەرەکەیە و نالەباری ساخلەمی و تەندۆروستی لەم کاتە هەستیارەدا. ئەوی دیکەیان، ماڵئاوایی کردنی ناچاری لە خۆشەویستان و شارێک کە هەموو بیرەوەریەکانی لە رۆژی لە دایک بوون و تاکوو ئێستای لێیە. هەر چەند

کوسپی دوایی بۆ گرنگ نەبوو. ئەویش وەکوو هێزە رامیاریەکان پێوابوو پاش ماوەیەک دەگەڕێنەوە نێو شار.
سۆما و ڕۆژین دوو برینپێچی شۆڕشگێڕ هەموو کاتی خۆیانیان بۆ دەرمانی برینداران تەرخان کردو بوو، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی دراڤ یان پارە لە کەسێک بن.
کاتێک بانداژی برینی میترایان کردەوە، برینەکانی هەر دوو لاقی زۆر خراپ ببوون. بە رەنگی رەش و شین هەڵگەڕا بوون. هەر دوو لاقی لە چاو دوێنی شەودا فرەتر ئەستور و هەڵماسی بوون.
کاتێک دوکتور بە ئارامی دەستی نا بە سەر برینەکاندا، چڵک و زووخاوی زەرد دەهاتە دەرێ.
میترا لە بەر ئەوەی کە ئێش وژانی خۆی نەدرکێنێت، چاوانی دەبەست و لێوانی گاز دەگرت.
دوکتور رەزگار: ئەرێ میترا ئەم ماوەیە یاوت زۆر بوو؟
سیروان: ئەرێ دوکتور! لە شەوەوە تاکوو تاوێکی لەمەو پێش چەند جار یاو و لەرزی کرد. لەو کاتانە زۆریش بێ ئێختیار دەبوو. بەکورتی  بێژم نیوە بێهۆش دەبوو.
برینە ناسۆرەکانی میترایان شۆرد و پێچایان.
دوکتور رەزگار: میترا ساخلەمیت باش نییە. نازانم چە چەشنە باکتریەک لە نێو خۆڵی ئەو دیوارەوە چووەتە نێو برینەکانت. زۆر دڕە و کارایە. لەم ماوەیەدا دوو جاران دەرمانی دژ بە چڵکم گۆڕا. بەڵام هیچ کارا نە بوون. بۆ دۆزینەوەی ئەم چەشنە باکترییە یان  ویروسە پیویستی بە تاقی کردنەوەی لە لابراتۆر و تاقیگە هەیە. ئەوسا رووی لە سیروان کرد و وتی: سیروان شتێکت پێدەڵێم لە دڵی مەگرە و لێم زیز مەبە.
میترا ناتوانێ لە شار دەرباز بێت. واتە بەرگەی هەڵتەک هەڵتەکی رێگا ناگرێت چە بە ئەسپ بێ یان بە ماشین، لە سەر جادەی پڕ لە کەند و کۆسپی کوردستان، کە ئەسفاڵت نەکراون...
ئەگەر میترات خۆش دەوێت و دەتەوێت زیندو بمێنێتەوە. یان لاقی لە دەست نەدا. لێگەڕێ بزانین چی بە سەردێت! ئەمە راسڵێکە و کەس ناتوانێت حاشای لێبکات. کچێکی ژێر بیست ساڵ، هەر دوو لاقی لە دەست بدات لە فەرهەنگی کۆمەڵگای جیهانی سێهەم و دواکەوتووی ئێراندا، چ داهاتوێکی هەبێت؟
واتە هەموو کاتێکی ژان و مردنە. دەی ئەمە کەی دەبێت بە ژیان.
سیروان سەری گێژی دەخوارد. ئیتر درێژەی قسەکانی دوکتوری بۆ نەدەبیسترا. تەنیا بۆڵەی دەنگی لە گوێدا دەزرنگایەوە. بەشی زانستی و تێگەیشتنی مێشکی لە یەک تەرازا بوون. بەس لە گوێدا وشەی ناتوانێت دەنگی دەدایەوە.
زار و لێوانی وشک ببوون. دەتگوت لە چۆڵگەیەکی نامۆدا ماندو و تینۆ بەبێ ئامانج دەسووڕێتەوە، و بێ ئەوەی رێگای رەزگاری لەم بیاوانەدا بدۆزێتەوە. ئەسرینی قەتیسماو لە چاوانیدا، خێرا تەژی و لێوەلەر بوو. تا لە ئاکامدا بەبێ خواستی ئەو ببوون بە جۆگەلەی فرمێسک و روونک، تا گۆنای سووتاوی خەمیان ئاودێر کرد. بەقۆڵی کراسەکەی چەپو راست دەیسڕی. کە سەیری ئەوینە بریندارەکەی دەکرد لێڵ دەیبینی. چما لە نێو تەم و شەستە بارانی پشتی شوشەوە سەیری دەکا.

سیروان بە زمانی، زاری وشکی پاراو کرد. ویستی پرسیارێک بکات. بەڵام زوو پەشیمان بووەوە. لە بەر ئەوەی نەکا لە کاتێی وتنیدا ئاهەنگی گریان بە دەنگییەوە دیار بێت. بۆیە هەر بەبێدەنگ مایەوە. مەردە ئارەقی ساردی لەشی ئازاری دەدا. دەیەویست پەرۆشەکانی دەروونی دەستەمۆ بکات و بە سەرهەست و بیریدا زاڵ بێت. بۆ ئەوە ببێتەوە بە سیروانەکەی جاران.

میتراش دەستکەمێکی لە ئەو نەبوو. ئەویش کپ و بێدەنگ سەرنجی چاوانی سیروانی دەدا. بێدەنگی بە سەر ژینگەی نێو ماڵەکەدا زاڵ بوو.

دکتور رەزگار کەڵ و پەڵی پزیشکییەکی هەڵگرت و چوو بەرەو لای سیروان. دەستیدا و وتی: سیروان هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم! میترا لە شاردا شانس و بەختی ئەوەی هەیە کە بکەوێتە سەرپێ. رۆژێک بە پێ خۆی دێی بۆ لای تۆ. جیهان گەلێک چکۆلەیە،، راست دەکەن دەڵێن "کێو بە کێو ناگات، بەڵام مرۆڤ بە مرۆڤ دەگات"

سیروان بە دەنگی نووساوە وتی: سپاس دوکتور! ئاگات لە میترا بێت. دووبارە سپاس بۆ ئەوەی بە دەم بریندارانی ئەمشارە بە گشتی و میترا بە تایبەتی بووی. سپاس سۆما و رۆژین خانم! ئەوسا سیروان لە گەڵ ئەواندا تاکوو بەر دەروازە رەوانەیانی کرد. لە نێو رێگادا جارێکی تر بە دوکتوری وت: من میترا بە پەلە و خێرا بە ئەسپ و ماشین لە شار دەرباز بکەم باشتر نییە تا بە مەترسی لە ماڵدا بمێنێتەوە؟

خۆت دەزانیت مەترسی گرتنی هەیە لە لایەن سیخۆڕەکانی موفتیزادەوە. ئەگەر میترا بەو برینە ناسۆڕەوە بەبێ دەرمان زیندانی بکەن چی؟

دیتمان کە خلخالی بە ئیمزای موفتیزادە، چۆن ئەحسەنی ناهیدیان بە برینداری تیرباران کرد لە فرۆکەخانەی شاردا. نازانم چی بکەم؟

مێشکم خەریکە دەتەقێ.

دوکتور: راست دەکەی هەموو ئەوانە منیش دەزانم. ئەمانە هەمووی پەنجا پەنجایە. لە ئێرەدا میترا پەنجا لە سەد شانسی ئەوەی هەیە زیندو و بە سەر پێ خۆیەوە بمێنێت. بەڵام بردنەدەرەوەی ٢٥لە سەد بەختی مانەوەی هەیە. ماڵئاواییان کرد و ئەوان رۆیشتن و سیروانیش گەڕایەوە بۆ لای ستێرەکە.

لە سەر بەردە شیرماییە داتاشراو بە نەخشی پوڵەکە ماسییەکە دانیشت. هەر دوو لەپی دەستی لە ژێر چانەی نا و کەوتە نێو گێژاوی خەون و خەمانی بێ میترا. کاتێ سەیری ماسییە وردیلانە سوورەکانی دەوری فوارەکانی دەکرد، رەوتی ژیانی دەبینی. کە چۆن لە گەڵ بوبڵی ئاوی فوارەکان کایەیان دەکرد. لە بەر خۆیەوە دیگوت خوزگم بە خۆتان کە ئێش و نۆشی ئەوینتان نە چەشتوە. تەنها ژیان بۆتان گرنگە و بەس. بەڵام منی دڵشکاو کە سینگم دەکرد بە قەڵخانی رەزگاری چینی چەوساوەی نیشتمانەکەم و بیرو باوەڕم، دەربەست نەدەهاتم و پێم وابوو و هەیە کە ژیان گەمەیە. بەڵام ئەوینی میترا بۆ وا کاری تێکردم؟

رەنگە هۆی ئەوەیە لە کاتێکی ناسک و پرمەترسیدا بەجێیدەهێڵم. لە بەر باری تەندۆروستی رەنگە باشترە لە ماڵدا بمێنێتەوە. ئەگەر هەر دوو لاقی لە دەست بدات چی؟

دەبێ هەموو تەمەنی چاوەڕێی خەڵک بێت کەجێبەجێ بکەن. واتە ژیان لە نێو چوارچێوەیەکی لەش پرووکێندا.
بە ئاوی نێو ستێرەکە دەموچاوی شۆرد. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گەڕایەوە ژێرخانەکە بۆ لای میترا.
لەم ماوەیەدا کە سیروان لە حەوشدا بوو، بنەماڵەی میتراش ئاخاوتنی خۆیان سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای میترا راڤە کردوبوو، و میترایان رازی کرد کە لە ماڵدا بمێنێتەوە.
کامیروەیس: ژیان لە دەرەوە بەبێ دوولاقی بەهێز کە بتوانێی بە سەریدا راوەستێ، دەبی بە سەربار بۆ سیروان. ژیان، خەبات و بریڤانی پێویستی بە جووڵانەوەی خێرا هەیە. دوژمن بە چەکی نوێژەن هاتوەتە گۆڕەپانی سەرکوتکردنەوە.
پێشمەرگە دەبێت بە چەکی سووکی خۆی لە هەموو شوێنێک ببێت و زوویش ون بێت، تا کارامە بێت. رۆژێک کە تو چاک بوویتەوە و بە سەر پێ خۆتدا راوستای، ئەو کاتە دەتوانی بچیتە دەرێ بۆ لای سیروان.
میترا نابەدڵ و ناچار کۆڵی بە بارودۆخی خۆی دا.
سیروان هاتەوە ژوورێ. پاڵی دا بە کۆڵەکە بەردینەکەوە و بە ئەسپایی سەری میترای لە سەر سەرینەکەی بەرز کردەوە و لە سەر کۆشکی خۆی دانا. سەیری چاوانی هەرژی و دڵڕفێنی میترای کرد. چاوانی وەکو گۆی خۆری رۆژئاوا سوور و لێڵ بوون. هەستی بەوە کرد لەو ماوەیە کە ئەم لە حەوشدا بیری لە خەم و پەژارەی خۆی دەکردوە. ئەویش دوور لە چاوانی سیروان پڕ بەدڵ گریاوە. بۆیە چاوانی بوو بە خۆری ماڵئاوایی و گۆمی خوێن. هێشتا ئەسرینی تۆی برژانگەکانی وریشەیان دەهات.
سیروان بە پەنجەکانی هەر دوو گۆشەی چاوانی میترای سڕی و بە ئارامی دەنگ و دەروونی پڕ لە ئاژاوەوە وتی: میترا! هەرچی کات تێدەپەڕێت ئەوینی من بۆ تۆ وەکوو ژیلەمۆی ئاگر بە هەناسەی ژیان زۆرتر دەگەشێتەوە. فرەتر جەرگودڵم دەسووتێنێت. دەمەوێت لە شاردا بە دزییەوە و دوور لە چاوانی سیخۆران بمێنمەوە، و لە دوور و نزیکەوە ئاگام لێت بێت.
میترا: هەناسەیەکی هەڵکێشا و بەسەرخۆ وتی: نا سیروان نا ! ئەگەر منت خۆشدەوێت شار بە جێ بهێڵە. چیاکان چاوەڕێتن. تۆ پەروەردەی رەنج و خەباتی. بچۆ خەباتی خۆت دژ بە چەوسێنەران، داگیرکەرانی پاشەڕۆ درێژەپێبدە. بۆ ئەوەی من و کۆمەڵگای چەوساوەمان لە دەستی ئەو مرۆڤ کوژانە رەزگار بەکەن.
تا هێزی بریڤانی گەل بە هێزبێ ئەوان ناوێرن وا بە ئاسانی زەبروزەنگی خۆیان بە سەر کۆمەڵگاکەماندا داسەپێنن. یان قەلاچۆمان بکەن. مانەوەت لە شاردا بە بۆنەی منەوە هیچ قازانجێکی نییە. گەر لە سێدارەت بدەن، ئەوسا من چیبکەم؟ چۆن خۆم ببەخشم؟ نا! دەبێ هەر ئێستا بەڵێنم پێبدیت با دڵنیا و ئەرخەیان بم.
سیروان سەری میترای لە سەر سینگ و دڵی نا. بە پەنجەی دەستی تاڤگەی قژە کاڵ و کرچەکەی بەرز دەکردەوە و دەهێنا بە رووومەتیدا و بۆنی دەکرد و رایدەمووسی. چاوانی ببوو بەگۆمی ئەسرین. دەیەویست پڕبەدڵ بگری و نەختێک لە ئاگری خەمی دەروونی پێبکوژێنێتەوە. بگری بۆ خۆشەویستەکەی. بۆ گەنجێک کە هەموو ئاوات و ئامانجی وەکوو دەفرێکی ئاو رژا و ئیتر بۆی کۆ ناکرێتەوە. بۆ کەسێک بە برینداری

چاوەڕێی گرتن و سێدارەدەکات. بگرێ بۆ ڕەنجەڕۆیی خۆی، و ئەوینەکەی کە جگە لە ئەمڕۆ ئیتر لەوانەیە یەکتر هەرگیز نەبینن.
کات ئەمڕۆ ڕژد و چاوچنۆک بوو. خێرا تێدەپەڕی. مێشکی سیروانیش لە هەموو شتێک وەڕەزوماندو بوو. خەریکبوو کە بتەقێتەوە. خەم لە گەروویدا ببوو بە گرێ و ئەستورتر دەبوو. وەکوو توپەڵەیەک خەریک بوو سیروان بخنکێنێت. لە ناخەوە حەزی دەکرد ئەگەر مردن وا نزیکە، هەر ئێستا لە ئامێزی خۆشەویستەکەیدا بمرێت. بەڵام گیان هەر چەند وەکوو پەڕەی گوڵ ناسک و کەمبەرگەیە، لە هەندێک کاتدا لە پۆڵا سەختتر و خاراوترە.
میترا و سیروان بە قەد چارەکە کاتژمێرێک لە ئامێزی یەکتردا بێدەنگ بوون. هەردووکیان لە ناخەوە دەگریان و لە یەکتریان دەشاردەوە.
سیروان لە کاتێکدا سەیری چاوانی میترای دەکرد، بە ئەسپایی پێوت: وا بەسەیرەوە لێم مەڕوانە، بورکانی دەروونم لەئاژین بوونە. لە گۆمی قەتیسماوی چاوم ماسی ژیان نامرێت. لە باری خەمی سەرلێوانم، گوڵی هیوا ناژاکێت. لە شەوەزەنگی چارەنووسمدا، تیشکی خۆر هەر هەڵدێت.
بۆ بنەماڵەی میترا ئارامییەکی سەرنج ڕاکێشەر بوو. دایکی بە پرمەی گریانەوە ژێرخانەکەی بەجێهێشت. باوکیشی بە دەستماڵ فرمێسکی قەتیسماوی چاوانی سڕی، و لە سووچێکی ژێرخانەکەدا سەیری گومەزەکانی سرمیچی ژوورەکەی دەکرد.
سیروان: بەجێهێشتنت تانوپۆی ژینم هەڵدەوەشێنێت، مووریانەی خەم بێژنگی دەروون دەپچڕێنێت.
ئەوسا بە ئارامی و تێر وپڕ لێوانی میترای ماچ کردەوە. سەری لە سەر سەرینەکە دانا و وتی: میترا گیان هەر چەند حەز ناکەم لێت دوور بکەومەوە. هەندێک دەرمانم بۆ نێو ڕێگا تەدارک دیوە. دەچم دەیهێنم بۆت. ڕەنگە بەکەڵکت بێت. هەر وەها لە بنەماڵەیشم ماڵئاوایی بکەم. خێرا دەگەڕێمەوە بۆلات. باشە گیانەکەم؟
میترا: ئای بمبوورە سیروان! چەند جار لە بیرم بوو کە پێت بڵێم کە بچی لە ماڵی خۆتان ماڵئاوایی بکەی. بە داخەوە هەرلە بیرم چوو. لە لایەن منەوە سڵاویان بگەینە.
سیروان بە پەلە گەڕایەوە ماڵی خۆیان. هەموو بنەماڵەکەی جگە لە ئاران دانیشتو بوون و چاوەڕێی ئەو بوون.
باوکی: ڕۆڵە سیروان تۆ گورج شێوەکەت بخوە تاکوو من ئەسپەکەت بۆ دێنم.
سیروان: نا بابۆ زەحمەت مەکێشە! ئیتر ئەسپم پێویست نییە. چۆن باری ساخلەمی میترا باش نییە و بەرگەی ئەم ڕێگایە ناگرێت.
ئارام: مەبەست ئەوەیە کە ئیتر میترا ناتوانێت لە گەڵماندا بێت؟
سیروان: بەداخەوە نا! باوکە دراڤێکی باش بە کارۆسەم بدە و داوای لێبووردنی لێبەکە، کە وا پێش هات.
کائاریان: باشە کوڕم! من کرێ چەند ڕۆژی هەر ئەم شەو پێدەدەم.
سیروان: ئەرێ ئارام کەس لە نێو سەنگەرەکانی لای ئێوە ماوە؟

ئارام: هەندێکیان شەو درەنگتر دەێنە دەرێ و بەشێکیان شەوێکیتر. ئەمڕۆ پێشمەرگەکان یەک دوو شوێنی بازنەی گەمارۆی شاریان لە دوژمن وەرگرتەوە، بۆ ئەوە بە بێ مەترسی ئەو خەڵکە، شار بەجێبهێڵن و دەرباز بن.
لە نێو تایلەوە بەشی ئەم بەری شار کۆ دەبنەوە و ئەوسا لە ڕێگای بەرەو چەمی شێخ، واتە هەمان ڕێگا کە خۆمان پێدا چووین بۆ کەو سوار دەرباز دەبین.
سیروان و ئارام لەیەک یەکی بنەماڵەکەیان ماڵ ئاوایان کرد. سیروان دلۆڤانی گرتە باوەشەوە و وتی: دڵی من ئاگات لە بابە و دایە گەورە بێت. ئێستا تەنیا تۆ کوڕی ئەوانی. باشە چاوەکەم؟
دلۆڤان: باشە خاڵۆ گیان!
سیروان: ئافەرین! ئەشێ مرۆڤ بەرپرسیار بێت تا گەورە بێت و لە نێو کۆمەڵدا ڕێزی بێت.
ئەوان چەک و تەقەمەنییەکانیان بەست. لەم کاتەدا باوکی دەمانچەیەکی چواردەخوری لەتەک ١٢٠ گوللە، دا بە سیروان و وتی: ئەمە هی کا نەورۆزی خزمی خۆمانە خەڵاتی تۆی کردووە.
سیروان دەستی خۆش بێت، لە لایەن منەوە زۆر سپاسی بکە و ماڵئاوایش لێ بکە.
ئارام کۆڵەپشتییەکی پڕ لە دەرمانی هێنا و وتی: ئابرا سیروان، ئەمە چی لێدەکەی؟
سیروان: ئەوە دەیبین بۆ میترا. کاتێک کە هەستان و بچن، زەنگی دەروازەکەیان لێدرا. ئارام رۆیشت وکردییەوە. لەگەڵ ئاریز و چنووردا هاتنەوە ژوورێ.
ئاریز: هاتین بۆ ئەوە کە ماڵئاوایتان لێبکەین. گەردنمان ئازاد بکەن، هیوای سەرکەوتنمان بۆ بخوازن. پاش ماڵئاوایی هەر چواریان بەرەو گەڕەکی چوارباخ وەڕێ کەوتن.
دایکی سیروان گۆزەڵەیەکی گڵێنەی سووری پڕ لە ئاوی تاکوو بەر دەروازە هێنا و ڕژاندی بە دوایاندا. بۆ ئەوە کە زوو بگەڕێنەوە. ئاو وەکو دیاردەی خاوێنی و ڕووناکی بە شوێنی ڕێبواران دا دەیانرژاند بۆ ئەوە بە تەندۆروستی و خێرا بگەڕێنەوە.
سیروان ئاورێکی ماڵ و کۆڵانی خۆیانی داوە. دەستی بۆ دایکی و بنەماڵەکەی کە لەبەر دەروازە راوەستا بوون تەکاندا. دوا ماڵئاوایی ڕێگایەکی نادیاری لێ کردن. خۆیشی نەیدەزانی کەی یان هەرگیز بتوانێت بگەڕێتەوە. تا ئەوانی لە نێو تارمایی تاریکی ئێوارەدا بەجێهێشت هەر سەیریانی دەکرد.
دایکی بە پرمەی گریان دەروازەکەی بەست. دڵی لەوە کەیل بوو کە هەر سێ کوڕەکەی خۆی و ئاریزیش کە وەکوو ئەوان خۆشیدەویست بە ناچاری و ڕەنگە بۆ هەمیشە بە جێیان هێشت.
لە نێو ڕێگادا، پوڵ پوڵ خەڵکیان دەدی کە بەرەو نێو تایلە دەرۆیشتن. دەنگی پەژارە و گریانی دایکەکان گوێ ئازاردەدا. پاش ماوەیەک ئەوان گەیشتنە بەر ماڵی میترا.
ماریانۆ کز و خەمبار بە تەنیا، لە سەر خواجەنشینی بەر دەروازەکەیاندا دانیشتو بوو.
سیروان دەستی کردە ملی و وتی: گیانی من بۆ تەنها و خەمگین لەم تاریکییەدا رونیشتویت؟ بۆیەرێک رووی داوە؟
ماریانۆ: نا کاک سیروان! دڵم گیراوە. حەزمکرد کەمێک تەنها بم.

سیروان: وەرە با بچینە ژووریٚ بۆ لای میترا. خەم خۆرەیە و لە دەروونەوە مرۆڤ دەخواتەوە.

سیروان کۆڵەپشتییەکەی دا بەکامیروەیس، وتی ئەمانە دەرمانی میتران، کە بۆ نێو ڕێگا تەدارکم دیبو. گەر بە کەڵکی میترا نەهات بیدە بە دوکتور ڕەزگار بیدا بە برینداڕانی دیکە.

میروەیس: سپاس سیروان! تۆ لە بیری هەموو شتێکدا هەی.

ئارام یەکەمین جاری بوو کە هاتە ماڵی میترا. تەنیا میترای دەناسی.

میترا خێرا ئارامی بە بنەماڵەکەی ناساند و وتی: ئەمە ئارامی برای سیروانە کە من هەمیشە ناوی دەبم. خۆش هاتی سەرچاوانم ئارام گیان. ئەوانیش بە گەرمی پێشوازیان لێکرد.

ئارام: ببوورە میترا خانم کە دەرفەتم نەبوو کە بێمە دیدەنت لەم ماوەیە کە بریندار بوویت. چون هەموو بەیانییەک لە گەڵ هەڵاتنی تیشکی هەتاودا دەرۆیشتمە سەنگەر و لە تاریکی ئێوارەدا دەگەڕامەوە ماڵ.

میترا: من باش ئاگام هەیە کە ئەم25ڕۆژە کوڕی سەنگەر بوویت نە ماڵی خۆتان. ئەمن بە تۆوە شانازی دەکەم.

سیروان سەری میترای لە سەر کۆشی خۆی دانا. دەیەویست ئەوەندە سەیری نێو چاوان و جوانی ڕوومەتی بکات، تا لەنێو نیگایدا ون بێت. تا هەموو ئێش و دەردی ماڵئاوایی فەرامۆش بکات. بەڵام چاوانی میترا وەکوو زریای پێش باوبارۆکە بوو. بە برژانگی نیگای پڕخەمی جەرگی سیروانی دەرزیاژن دەکرد. ریزە برژانگ و مژۆڵی ڕەش و کەوانی چاوانی، لە نێو گۆمی تورەیی ئەسریندا خووساون. دوو دوو و سیٚ سیٚ پێکەوە نووساون، و یەکتریان لە باوەش گرتووە.

چاوانی سەوز و بەهاری ڕەنگی کە تەژی ڤەژینی ژیان بوو، لە نێو گۆمی پڕ لە فرمێسکی خۆرئاوادا دەدرۆشانەوە. پڕ لە نیاز و بە پارانەوە هاواری دەکرد بە جێم مەهێڵە. ئەهریمەنی دڵڕەشی پاشەڕۆ ددانم لیٚ ڕیچ دەکاتەوە. دەیەویٚ خوێنی دەمارەکانم هەڵمژێت. کورسی ئەشکەنجەم بۆدادەنێت. پەتی سێدارەم بۆ دەبەستێت، بەجێم مەهێڵە. مردن لە ئامێزی تۆدا خۆشترە.

نامەویٚ ژینی پڕ لە چەرمەسەریٚ، لە ژێر چەپۆکەی دوژمندا. ئای سیروانی خۆشەویست، بۆنی قرچەی دڵت، و لەرزوکی ئەژنۆت هەست پێدەکەم. دەزانم کە کۆچی بیٚ منت ناوێت. دەبیٚ برۆیت بەرەو بەدی هێنانی ئامانجەکانمان. هەرچەند ڕێگای خەبات سەخت و دژوارە، بەڵام خۆشترین کاتی ژیانە. بەداخەوە ناتوانم هاوڕیٚ و هاوسەری تێکۆشانت بم. گەر سێدارە وازم لیٚ بێنێت، ڕۆژێک دەتبینمەوە.

گۆمی ئەسرینی چاوانی تەژی و لێوەلەر بوو. لافاوی فرمێسک و ڕوندک بە سەر گۆنای سووریدا وەکوو شەتاوی بەر هەتاوی بەهار خۆڕەی دەهات. خەم و ژان ناخی دەگوشا. ئاوی زاری بۆ قورت نەدەدرا. پاش چەند پرمەی گریان زمانی کرایەوە و وتی: سیروان دوایین نەهێنیم ئەوەیە، کە هەرگیز لە بیرت ناکەم. تاکوو ماوم خۆشتم دەوێت بە تەواوی ئەوینمەوە.

سیروان بە زامی دەروون و چاوانی پڕ لە گرین، ژبۆ ماڵئاوایی نابەدڵ، بەدەنگێکی کپ و ئاخنراو لە ژانی جیایی. لەکاتێکدا هێشتا ئەژنۆی سست و لەرزۆکی هەڵدەلەرزی وتی: میترا! ئەوەندە خۆشتم دەوێ هیچ ئەیارەیەک شک نابەم بیپێوم.

من هەرکات بە بیستنی ناوی بەهار و هەموو وەرزێک. گوڵی ئەرخەوان و وەنەوشە، بەدەنگی هەر تەقەیەک. بە شنەی هەر بایەک. بەهەڵاتن و ماڵ ئاوایی هەتاو. بە هەزاران مژار و بابەت سیمای جوان و تەژی لە ئەوینت دێتە پێشچاوانم. دووبارە ئەوینی تۆ لە دەروونمدا دەبووژێتەوە.

گیانا ڕێ خەم مەدە بە دڵی ئارتا و خاوێنی خۆت. گەش بین بژی و بە ورەی چاکبوونەوە. ئامێزی من و شۆڕش هەمیشە بۆ تۆ ئاوەڵایە. هەر چەند منی کوڵۆڵ لە ناخۆشترین کاتی ژیانمدا، لە هێزی ئەژنۆ و سۆمای چاوانم ماڵئاوایی دەکەم. ئەوە بزانە هەر خۆشتم دەوێ و وەکوو ڕۆژ دەتپەرەستم. لە دەڤەری شاردا دەمێنمەوە و بەهەر چەشنێ بێت پەیوەندیت پێیەوە دەکەم.

میترا بە هەموو هەستیەوە لێوانی سیروانی ڕامووسی و بەهێزەوە لە ئامێزی گرت و وتی: هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. ڕێگای تازەتان لێپیرۆز بێت. ئاگات لە خۆت بێت. هەمیشە لە دڵمدای و بە هیوای تۆوەوە زیندو دەمێنم. هەستن بڕۆن با وەپاش نەکەون. دەزانم کە ئێستا لە وانەیە بکەونە پاش کارەوانی شەو.

دووبارە یەکتریان لە ئامێزگرت و هەر چەند حەزیان نەدەکرد هیچ هێزێک لە یەکتریان جیا بکاتەوە. بەڵام بە چاوانی سوور و لێڵ لە ئەسرین، لە ئامێزی یەکتر جیابوونەوە. ماڵئاوایی نابەدڵ و ناچاریان لە یەکتر کرد.

سیروان تەک تەکی بنەماڵەی میترای لە ئامێز گرت و باری ساخلەمی خۆشەویستەکەی پێ سپاردن. بە کامیروەیسی وت: لە ڕێگایەکی متمانەوە نامەتان بۆ دەنووسم. ئێوەش هەر لەو ڕێگایەوە وڵامەکەی بنووسنەوە بۆم. ڕەنگە تاکوو ماوەیەکیتر هات و چوو لە ژێر چاو دێری دوژمندا شل بێتەوە. کەس پەیا دەکەم کە بوێرێ ئەو کارەم بۆ بکات. ماریانۆی لە ئامێز گرت و پێراسپارد نەهێڵێ کە میترا خۆی توشی ناهۆمیدی و خەفەت بکات. تۆ بە جێگای من شەو و ڕۆژ ئاگات لێبێت، بە تایبەت کاتی یاو و لەرز.

ماریانۆ: بەسەرچاو کاک سیروان. منیش ئاواتی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، و لای تۆ خۆش.

سیروان لە کەوشکەنی ماڵەکە گەڕایەوە لای میترا و دووبارە ماچی کردەوە و تێر و پڕ بۆنی هەناسە و قژی کرد. بە دەنگی کپ و ئارام لە ناخەوە بێ ئەوەی میترا ببیسی، بەس بە سەرنجی چاوانی وتی: لە چاوانم مەڕوانە، بارۆبای زریانە. خنجەری ژاراوی خەم، زەردە دڕکی جیهێشتن، لە نێو جەرگودڵما،خەریکی ئازاردانە. لە ڕوومەتم مەڕوانە بورکانێکی دووگیانە. لە ئاژینی خەموژانە. گۆمی هەنیسکی گریانە. مەهەژێنە سروشتم، ئارامی پێش تووفانە. مەکە سەیری ڕوومەتم زەردەگڕی بورکانە. ئاوێنەی خەموهەستم، لافاوی دەردوژانە.

ئەوسا بە خێرا لە نێو تاریکی شەودا ون بوون.

سیروان بە چنووری وت دەبێت لە بنەماڵەی ئێوەش زوو ماڵ ئاوایی بکەم. باشترە من بە تەنیا بچمە ژووری با خەمی ئێوە و ئەوان دووپات نەبێتەوە.

ئاریز و چنووریش بە قسەی سیروانیان کرد و لە سەر کۆلانەکەیان راوەستان.
سیروان لە زەنگی دەروازی دا. چنۆ خێرا هات دەرگاکەی لێکردەوە. پاش سلاو و لێپرسین پێکەوە وەژوورکەوتن.
سیروان پاش هەواڵپرسی وتی: هاتوەم کە ماڵ ئاواییتان لێبکەم. پاش کەمێک وتو وێژ دایکی چنوور وتی: سیروان گیان ئاگات لە ئاریز و چنوور بێت. نامەمان بۆ بنووسن.
سیروان: تاکوو پێکەوەین وەکوو چاوانم دەیانپارێزم. لە دوورەوەش هەر ئاگام لێیاندەبێت. ناهێلم هەست بەبێکەسی بکەن. لای ئێوە خۆش و ئاگاتان لە میترا بێت!
سیروان ئەوانی بەجێهێشت و لە تەک هاوڕێیانیدا بەرەو نێو تایلە رۆیشتن. کاتێک ئەمان گەیشتنە تایلە، بەرایی کارەوانەکە لە مێژ بوو وەرێی کەوتو بوو. تاک و تووک خەڵک دەبینرا کە ئەوانیش وەکوو سیروان وەپاش کەوتو بوون. ئەمان و چەند کەسێکیتر بوون بە دوایین گرووپی کارەوانەکە، کە بەرەو چیاکانی کوچەڕەش بە دوای ریزی خەڵکدا وەڕێ کەوتن.
ریزی خەڵک بە خێراییەکی ئیجگار کەم و بە پێ مرۆڤی پیر و بە ساڵدا چوودا دەرۆیشتن و لە دۆڵ و هەورازەکان سەردەکەوتن.
سیروان و ئاریز وئارام ئەم رێگەیان بە باشی دەزانی و چەند جار پێدا هات و چوویان کردو بوو. تایبەت لەم ماوەی٢٥رۆژەی شەڕدا.
ئەم رێگەیە جاران کە جادەی ماشینڕەو نەبوو و تەنانەت ئێستاش بۆ ئەوانەی کە بە پێ، یان بە چارەوا لە گوندەکانی باوەرێز، کۆڵەهەرد، مزرە ، گزەردەرە، ماچکە ماچکەگەڵ دەیەکانی سەر بناری لەیلاخ وەکوو تازاوای کانیگوڵزار، باخچەمریەم، ئاڵپینەک و ناوگەڕان و هتد...ئامشۆی شاریان پێدادەکرد.
هەرچەند، ئەمان لە هەورازەکان سەردەکەوتن شار بە باشی دەبنیرا. ئاگری شین و بەنەوشی ئاژین بوونی راکت و گوللە تۆپەکانی رژیم لە نێو ماڵی خەڵکدا دەبنیرا. پاش چەند چرکەیەک دەنگەکەیشیان دەبیسترا.
تەقە و ئاگری ئارپیجی لە دەڤەری تەپەی رادیو تێ ڤێ دا سەرنجی ئەمانی بەرەو لای خۆی راکێشا. چمەس پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بوون، هێرشیان کردەوەتە سەر یەکێک لە بنگەکانی دوژمن لە وێ.
سیروان پاش هەر هەنگاوێک ئاورێکی بەرەو نێو شار دەدایەوە. تیشکی گڵۆپی دارتەلەکان وەک ددانی پیاوی پیری هەژاری لێهاتو بوو. تاک و تووک رۆشن بوون و بە رووناکی زەردی کەم تیشک، کەمێک لە دەوری خۆی روون دەکردەوە. پەنجەرەی ماڵانیش هەموو تاریک بوون. دەگوت خۆڵی مردوت بە سەر شاردا پرژاندوە. بۆنی دووکەڵی باروت و بۆسۆی لەشی سووتاوی منداڵانی شار بە دەم شنەی بای شەماڵەوە دەگەیشتە لووتی سیروان و ئەوان.
سیروان کە نەیدەتوانی بە خێراییەکی وا کەم رێگە بڕوات زوو زوو لە سەر بەردێک دادەنیشت و بەدڵی کەیلەوە سەیری چواریاخ و جار جاریش ماڵی خۆیانی دەکرد. هەر چەند لە تاریکیدا هیچی نەدەدی.
لە بەر خۆیەوە دیگوت: ماڵئاوا بەجێتدێڵم ئەوینەکەم، خۆشەویستەکەم. چەند ناخۆشە ماڵئاویی زۆرەملێ. بەجێهێشتنی نابەدڵێ. چارەنووست نادیارە. ئاسۆی وەرزی هیوات

بێبەهارە. ماڵئاوا ئەی بیرەوەریەکانی کاتی منداڵی و گەنجیم. خۆشەویستان یاران. خەم و پەژارەی ئێوە دەکەم بە ورەی هیوا، بۆ خەباتی ڕەوا. بۆ ڕەزگاری زید و کۆمەڵ لە چنگی ئەهریمەنی دەماروشکی دوژمن. گەڕانەوە و بریڤانی بە سەربەرزی، تەنیا ئاوات و تروسکی هیوایە.

بە ئێشی قامچی زریان دەڕۆم، و بە شنەی شەماڵ دەگەڕێمەوە. گوڵ و گوڵزار بەجێ درک و داڵ دەڕوێنمەوە. کۆمەڵگایەکی یەکبوون وەک یەکژین، ئارام و نیان بینا دەنێمەوە. دەنگی قەلی ڕەشی شین و پەژارە دەبەستم، ئاهەنگی خۆشەویستی دەچرمەوە. پەڕۆی ڕەش و دێزی چەوسانەوە دەسووتێنم، جلوبەرگی رازاوە پڕ بە دڵی من، تۆ و ئەو دەدووریێنمەوە.

گیانەکەم هێزی گەل لە لولەی چەکدا نییە، بەڵکۆ لە زانایی و تێگەیشتن دایە. ئەم چەکەی دەستمان ویستو خوازی مە نەبوو. دوژمن بوو کە بە سەرماندا دایسەپاند و ناچاری کردین کە لە مان و ژیانی خۆمان پارێز بەکەین. بەڵام ڕژیمێک کە لۆژیکی بۆردومان و ماڵوێرانیە، قەڵاچۆ و خونێڕژاندنە. چارەیەکی دیکەمان نییە جگە لە شەو نەخوونی و پارێزوانی. تێکۆشان بۆ هیوای گەش، و دواڕۆژی خۆش. دەبێ بسڕینەوە ئاسۆگەی ڕەش. چاوەڕوانی تیشکی ڕۆژ بین، ئازاد بین و هەرواش بژین.

شنەی با ئارەقی ماندویی نێو چاوانی کارەوانی تاراوەی شاری دەسڕی. هێز و وزەی پێدەدان تا لەو هەورازانەوە سەرکەون.

ئارام کە هێشتا شانزە بەهاری پڕ نەکردوبووەوە. لەم ماوەی٢٥ڕۆژەدا وەکوو شەڕوانێکی کارامە خاراو بوو. ئەم شەویش بەرەو ڕێگای تازە و ژیانێکی نوێ هەنگاری دەنا. جار جارەش بەرەو مەکۆی هەموو بیرەوەریەکانی ئاوری دەدایەوە. گەڕەکی خۆیان و سەنگەرەکانی گردیگەڕۆڵی سەیر دەکرد.

لەپادەگانەوە پساپس تۆپزی ڕووناکیان هەڵدەهاویشت بۆ ئەوەی دەڤەری خۆیان ڕووناک بکەنەوە. تا لە هێرشی پێشمەرگە خۆیان بپارێزن.

چنوور یەکەمین جاری بوو، بەبێ بنەماڵەکەی شاری بەجێدەهێشت. زوو زوو سەیری گەڕەکی خۆیانی دەکرد. یەک یەک ئەندامی بنەماڵەکەیان دەهاتنە پێشچاوانی. دوو خۆشکە لفودووانەکەی زریا و ئاریا بە پێکەنینەوە دەنگیان لە گوێدا دەزرنگایەوە. خەمی دووری ئەوانی بە بۆنەی ئارێزەوە خێرا لە بیر دەکرد. ئەو هەستی دەکرد کە ئێتر دەبێ بە سەرپێ خۆیەوە بوەستێت. ئێستا کە دەست لە دەستی ئارێز بەرەو ترۆپی ئاواتی دەڕۆیشت، خۆشحاڵ بوو. دەربەستی هیچێکیتر نەدەهات.

ئارێزیش هەروەها، گەیشتو بوو بە ئامانجی خۆی. کە یەکەمیان واتە خەبات و تێکۆشان بۆ ڕەزگاری نیشتمان. دووهەمین چنوور شان بە شانی بەرەو گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان دەڕۆیشتن. ئاخۆ شتێکی دیکە هەیە لەوە خۆشتربێت؟ بۆ مرۆڤێکی وەکو ئارێز و چنوور! بە دڵنیایەوە نا!

تریفەی مانگە شەو ئاسۆی لوتکەی کێوەکانی لە ئاسمان جیا دەکردەوە. ڕێگای بەرپێ کۆچەرانی زۆرەملێ بەرەو تاراوگە و داوێنی چیاکان ڕوون دەکردەوە. تا لە کوێرە ڕێی شەودا بەرپێ خۆیان ببینن.

سیروان قومقومەی ئاوەکەی دەرهێنا و چەند قومێکی خواردەوە، و گەرووی وشکی پێ پاراوکرد. بەچەند دلۆپێک ئەسرینی قەتیسماوی گۆشەی چاوانی کە وشک ببوونەوە شۆرد. چۆن سوێری ئەسرینە وشک هەڵگەڕاوەکە، چاوانی ئازار دەدا.

نە ئاسمانی ساو و جریوەی ئەستێرەکان، نەتریفەی مانگە شەو، نە هیچ جوانێکی سروشت، ئەمڕۆ سەرنجی سیروانیان بەرەو خۆیان ڕانەدەکێشا. لە هەموو کات و چرکەیەکدا لە بیری میترادا بوو. تا گەیشتنە سەر دوایین لوتکەی کەڵ. شنەی شیبای چۆم و دارستانی ئەو دیو، پێشوازی لێدەکردن و بە روویاندا دەشنا.

سیروان لە لای ڕاستی ڕێگاکەوە لە سەر بەردێک ڕۆنیشت. ئارام و ئاریز و چنووریش لە تەنیشتی دانیشتن. سیروان لە کاتێکدا سەیری نێو شاری دەکرد وتی: هاوڕێیان تاکوو دەتوانن تواشای شار بکەن. ئەمە دوایین بەرزایی ڕێگایە کە شار دەبینن. بۆ خۆتان ماڵئاوایی بکەن. چۆن کاتی گەڕانەوەمان ون و نادیارە.

سیروان لە بەر خۆیەوە بە ئەسپایی دەیگوت: خۆشەویستەکەم ماڵئاواییەکەم نابەدڵە، بەجێ هێشتنت بە زۆرەملەیە. ڕۆژێک دەگەڕێمەوە، باوەشێک پڕ لە گوڵت بۆ دێنمەوە. لە گوڵانی بناوانی هۆڤی کێوستان، دەگەڕێمەوە. ئەگەر چارەنووس دلۆڤان بێت، و مەرگیش پێم نەوێرێت. بە باوەشی پڕ لە تاسەوە لە ئامێزت دەگرم، هەنگوینی لێوانت هەڵدەمژم. بۆ دواجارە ماڵئاوا ئەی ئەوینی هەڵپڕووزام و ئەی خۆشەویستانی بیرەوەریەکانم. ئەهریمەنی گرژ و تاریکی و ژێرچەپۆکەیی داگیرکەر چاوەڕێتانە.

لە سەروخواری نشێوی ڕێگاکەوە کارەوانەکە بەبێ ئێختیار خێرا دەڕۆیشتن. هەرچەند لە چۆم و دارستانەکەوە نزیک دەبوونەوە هەست بە ژینگەی جیاواز دەکرا. دەنگی بۆردومانی شار ئیتر گوێ ئازار نەدەدا. بۆنی خوێن و بارووتیش نەدەهات. بێدەنگیکی ئەوتۆ باڵی بەسەر دارستانەکاندا راکێشا بوو. تەنیا بە نزیک بوونەوە لە چۆمەکە دەنگی بۆق و خشە و چرپەی گەڵای دار چنارەکان دەهات و بەس.

دەمێک بوو ریزەکانی پێشەوە لە بوارەکەیان دابوو. ریزەکانی پێشەوەی ئەمانیش، وستان و لە قەراخی ڕێگاکە دانیشتن. ئارەقەی هەورازی ئەو دیو و سەرکەل بە شی و کزەی بای ساردی ئاوی چۆمەکە وشک ببووەوە. خەڵکێک کە جلوبەرگی ناسکی لە بەردا بوو مووچرک دەیانیچۆقاند و دەلەرزین. شیبا و سەرمای ئەوەی بوو بە هۆی دابەزینی پلەی گەرمای لەشی کارەوانەکە.

شەوێن و شەونمی شەو کە لە سەر گیا و گوڵی ڕێگەی نساری هەورازەکە نیشتو بوو. کەوش و پێڵاوی ڕێبورانی شەوی دەخووساند. کەسیش حەزی نەدەکرد کە دانیشی و تەڕ بێت.

ئەمان کە لە تەک دوایی کارەوانەکەدا بوون، گەیشتنە قەراخی چۆمەکە. چەند پێشمەرگەیەک یارمەتی خەڵکیان دەدا کە چۆن لە بوارەکە بپەڕێنەوە.

ئەمان دەرپاچەی شواڵەکەیان هەتاکوو سەرەوەی ئەژنۆیان هەڵکرد. کەوش و گۆرەویەکانیان لەتەک چەکەکانیاندا لە سەر شانیان دانا.

ئاریز و سیروان هەر دوو دەستی چنووریان گرت و کەڵو پەڵەکەیانیش هەڵگرت.

ئارام بن باڵی ژنێکی گرت و پێکەوە لە بوارەکە پەڕینەوە. ئەمانیش خێرا لەتەک چنووردا لە بوارەکەیان دا. ئەمجارە سیروان و ئاریز چەکەکانیان لای چنوورەوە دانا. لە

بوارەکە پەڕینەوە ئەو بەر، بۆیارمەتی بنەماڵەیەک کە سی منداڵی ژێر سێیانزە ساڵەیان پێبوو. سیروان و ئاریێز هەریەکە کچێکی سێیانزە و یانزە ساڵەیان گرتەکۆڵەوە، لە بوارەکە هێنایانە ئەمبەرەوە. باوکی منالەکانیش ئەو منداڵەکەی دیکەیشی هێنا لای ئەمان، و زۆر سپاسی سیروان و ئاریێزیان کرد.

ئاوی بوارەکە مەنگ بوو و لە پانتایەکی بەربلاودا بلاوەی کردو بوو. هەتاکوو سەر ئەژنۆی پیاوێکی بالا مام ناوەندی دەهات و لە بڕی شوێندا تا بن رانیش دەگەیشت. ئاوەکەی زۆر سارد بوو. سەهۆلاوی هاوینی وەبیر دەهێناوە.

ئاوی کلیلە بەفری چیاکان و کانی و کاریزی هەلتۆقیوی بەهار، لاق و پێ گەرمی نێو کەوشی دەتەزاند. خەو و ماندویی شەوی دەرەواندەوە. سەرەڕای ئەوە کەخەلک پانتوڵ و شواڵەکانیان تا سەرەوەی ئەژنۆیان هەلکردو بوو، قوولای هەندێک شوێن بۆیانی خوساندو بوو.

لەوبەری ڕۆبارەکەوە کەوش و گۆروایان لەپێکرد، و بەرەو جادەی نەنەڵە بۆ باوەرێز کەوتنە رێ. جادەکە لە بن چیای هەفت سەیارە بە بەرزایی ٢٣٠٠ میتر لە بەرەی زریا و لە تەنیشتی دارستانەکەی چەمی شار بە پانتایی٥٠٠ هەتاکوو١٥٠٠میتر دارستانی میوەیە. ئەم جادە بەرەو گوندەکانی باوەرێز و کۆڵەهەرد و مزرە و...دەرۆیشت. کارەوانەکە بە پانایی دارستانەکە و لە تەنیشتی کەوسوارەوە، چوونە نێو جادەی مەرگی کارەوانی یەکەمی دوژمن.

## بەشی ٢٦

پێنج شەمە(ئەهورامەزدرۆژ)ی٢٥ ی گولانی٢٦٨٠ی کوردی رۆژی ئەرد، ئەردرۆژ ئیزەد کابانی ئەشی ئارت. ١٤ی مای ١٩٨٠ی ز.

---

کاتێک ئاریێز گەیشتە تەنیشتی کەوسوار، بەچنووری وت: یەکەم شەڕی بریڤانی من ئێرە بوو. ئەو ماشینە سووتاوانە دەبینیت هی رۆژانی یەکەمی جەنگ بوون.

سیروان لەوێ لاقی بریندار بوو. ئارامیش یەکەمین سەنگەری بریڤانی بوو. وانییە ئارام؟

ئارام راستە ئەو رۆژانە، رۆژانی خۆشی ژیانی منن و یەکەم وانەی پارێزگاری لە نیشتمان و دیموکراسی فێر بووم. پێموایە لەو رۆژەوە هەست بەوە دەکەم کە پێگەیوم و گەورە بووم. هەست بە بەرپرسیاری دەکەم. سپاس بۆ ماموستاکەم کاک سیروان.

سیروان لە خەمی میترادا دەنگی دەرنەدەهات. هەست و بیری لای میترا بوو و تەنیا لاقی بە دوای کارەوانەکەوە دەرۆیشت. لە بیری ئەوەدا بوو کە ئێستا خۆشەویستەکەی یاو دەیسووتێنێت یان لەرز دەچۆقێنێت. رەنگە ئێش و ژانی برینەکانی بێزاریان کردوبێت. شەوانی رابووردوو کە من لای بووم بە هیوای منەوە ورەی باش بوو و بە سەر دەرد و ئازارەکانیدا زاڵ بوو.

ئەی ئەوینە بێبەختەکەم. ئەو بەختەم نەبوو کە خۆشەویستەکەم بەگات بە ئاواتی خۆی. ئەو ئاواتەی کە دەیەویست بۆ ڕەزگاری ژنان و گەلو نیشتمانەکەی ببێ بە پێشمەرگە و هەموو ژیانی بۆ بەخت بکات.

میترا پاش ڕۆیشتنی سیروان، و هەڤاڵانی کپ و بێدەنگ بە دەردی برینی دەروون و زامی لاقییەوە نەیدەزانی چیبەکات. بۆخۆی لەوە بیری دەکردەوە کە بەم جۆرە ناتوانم ژیانی ئاسایی خۆم درێژە پێبدەم. ژینگەی ئەم ماڵەشم تێکداوە، و هەموویان لە خەم و پەژارەی مندا دەسووتێن. خۆ ئەوان هیچ تاوانێکیان نییە. بۆ بەخەمی منەوە بسووتێن؟ سیروانیش خۆ چاوەڕێمە کە زوو چاک ببمەوە و ئەوسا بچم بۆ لای. دەبێ هەروەها بەڵێنم بە سیروان داوە وابکەم. ورەی خۆم نەشکێنم. لەگەڵ مەرگ و ناهۆمێدیدا بەربەرەکانێ بکەم. دەبێ بژیم بۆ ژیان نە ژبۆ مردن. هەر چەند دەیەویست کە بیری لێنەکاتەوە، بەڵام کۆگای بیری لە یەکتر دەترازان و دەگەڕایەوە سەر ئەوینی هەرژی و ئارتای بۆ سیروان.

لەم دواییانەدا کە زۆرتر یەکتریان دی بوو، و زێدەتر یەکیان ناسی بوو. گۆمان و دوودڵیان لە ئاستی یەکدا نەمابوو. هەرچەند مەودای نێوانی ئەو و سیروان لە یەکتر دوور بوو، بەڵام هەمووکاتێک لە یەکتر بیریان دەکردەوە.

کارەوانی تاراوە لە ماڵ و ژیانی خۆیان، بەخێراییەکی لە سەرخۆ بە ڕێگەوە بوون. خەم و پەژارەی بەجێهێشتنی دار و نەدار، خۆشەویست و کەس و کار. لانکی پەروەردە بوون، و پەڕتووکی بیرەوەرییەکانی ژیان. خەڵکی وا گێژ کردو بوو کە هەستیان بەوە نەدەکرد کە شێوەیەکی دیکەی ژیانیان دەستی پێکردوە. بەبێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ دەچن بە دوای کارەوانەکەوە هەنگاویان دەنا.

ماندویی٢٦ڕۆژی نەحەسانەوەی دەروونی و جووڵانەوەی لەشیان، دەمار و ماسولکەکان، وتەنانەت مۆخی ئێسکەکانیانی تەزاندو بوو. ئەوان بەوە نەدەپرژان کە بیری لێبکەنەوە کە لە کوێ دەگرسێنەوە. هەموو ئەوەیان بە باشی دەزانی کە چارەنووس و داهاتوویەکی نادیار و ون چاوەڕێیان دەکات.

شیبا دەشنێ و ئارەقی ڕێبواری ڕێگا دەسڕێ. شەوێنی سەر پەڕەی گوڵ و گیای لاڕێ، بە تیشکی شەرمێنی ئۆشە و کازیوەی بەربەیان دەدرۆشایەوە. وەک مرواری ملی یار بە ئاهەنگی لەنجە و لار سەمای دەکرد. ئاسۆی چیاکانی شاخەچەرمگ و یوسۆسیا. سۆمای دەدا بە چاوی کاڵی ئاسمان. هانای لاوێنی هێنا بۆ ڕێبوارانی ڕێی گۆڕان.

لەکەلی زۆزانەوە دێنی مژدەی بەیان بە تیشکی زیوێنی گوڵی بەفرینی لانساری کێوستان. تیشکی زێڕینی خۆرنەی خۆرەتاو، راودەنێ تاریکی شەو. دەسڕێ فرمێسکی شەتاو لە سەر گۆنای دڵ برینداران. بولبول دەخوێنی گۆرانی ئەوین بۆ گوڵ. مەلی باڵ ڕەنگین دەفڕن ئەم چڵ بۆ ئەو چڵ. سروشت جوانی خۆی دەنوێنێ بە کراسی ڕەنگینی بەهاریەوە.

هێشتا زۆربەی دار میوەکان گوڵی خۆیانیان هەڵنەپێچا بوو، و لە بەر تیشکی رووناهییەوە چاوانی ماندو و خەواڵووی ڕێبورانیان دەڕفاند. خۆڕەی ئاوی چۆم و جۆگەکان، ئاوێنەی ڕووناکی ڕۆژ بوون. کە کزنگی بەیانیان دەشکانەوە نێو چاونی پڕ لە ئەسرینی بە ساڵدا چوان. نەرمە بای سارد لە دۆڵ و هەورازی چیاکانەوە، بۆنی خۆشی

مەرزە و سەدان چەشنە گوڵی کێوستانی دەهێنا، بەرەوپیری مێوانانی شار و رایانی دەمووسی. بەپێشوازییەوە ژیانی نوێ چیای پێ فێر دەکردن.

کۆڕی سەگانی سەر بانانی باوەڕێز کە ئەوەندە خەڵکی نامۆیان نەدی بوو بە ریتمی نیگەرانییەوە سەگوەڕیان دەخوێند. کە بۆ رێبورانی ماندو و برسی مزگەینی ئاوەدانیان دەهێنا.

بۆنی دووکەڵ و نانی تازە، هێزی خستە ئەژنۆی کارەوان. ریزی کارەوان کە گەیشتنە سەر بەرزایی رێ، کەوتە دەر دیمەنی دێ. دۆڵێکی چەند سەد میتری، نشیو و هەورازێک تا باوەڕێز مابوو. ئەم دێیە لە سەر بەرزاییەک هەڵکەوتووبوو.

ماڵانی دێ پاڵیان بە یەکەوە دابوو. سەگانی پەشۆکاو لە سەر بانانەوە بە بێ بڕانەوە دەوەڕین. دووکەڵی تەنوور و کۆانۆی نان ساجی. ئالای هەموو ماڵێک بوو. کە پێش لە تیشکی بەربەیانەوە بۆ رێبوارانی رێی چیا نان دەکەن و ناشتا دەدەن. ئەمڕۆ خەڵکی باوەڕێز بە دڵفرەوانی هەزاران مێوانیان، مێوانداری کرد.

ئیتر جادەکە بەرەو دەستی چەپ بایداوە و بەجێ روو بە رۆژهەڵات بەرەو باکوور لە نێو شیوێکی تەنگەبەردا بەرەو کۆڵەهەرد دەڕۆیشت. لە قەراخی باخی گەورەی رەزاندا بەرەو مزرە لە تەنیشتی باخو مەرزاکانی کۆڵەهەرد درێژەیان بە رێدا.

رێگای نێو دۆڵەکە بە قەراخی چۆمێکی خوڕدا بەرەوژوورا تا دوو ئاوی کۆڵەهەرد رۆیشتن.

ئەم دێیە لەو بەری چۆمەکەوە بوو و رێگای کەلی دارمراد بە بەرزایی ٢٤٠٠ میتر بەرەو دێی تازاوای کانیگوڵزار و پێدەشتەکانی ناوچەی لەیلاخ لەم کەلەوە بە پێ یان بارگین دەڕۆیشت. لە لای چەپی رێگاوە باریکە رێگەیەک بە بناری کێوی کوچەرەشی نادەر بەرەو گوندی گزەردەرە سەردەکەوت.

کارەوانەکە دووڕیانی کۆڵەهەردیان بەجێهێشت. هەتاو ببوو بە سرمیچ و تیشکی بە تینی خۆی دەهاوێشتە نێو دۆڵەکە. بای سەریش لەم شوێنە نامۆ بوو. گەرمای تاو و هەوازی رێی لە تەک ماندویی و شەونەخوونی، کارەوانەکەی شل و فل کردو بوەوە. دەستە دەستە لە مانوییدا کەوتبوونە هەناسە بڕکێ و لە قەراخی رێگادا راکشا بوون یان لاقیان لە نێو ئاوی بەفراوی چۆمەکە نابوو. تاکوو فێنکیان بێتەوە و ماندوییان بحەسێتەوە.

چنوور لاقی لە نێو کەوشەکەیدا بلۆقی کردووبوو، بەلام باسی نەدەکرد. هەر چەند ئەویش وەک زۆربەی خەڵک حەزی دەکرد پێلاوەکانی دەربێنێت و هەر دوو لاقی کوتراو و ماندوی بخاتە نێو ئاوی چۆمەکە.

سیروان کە ماوەیەک بوو چەکەکەی لێ سەندو بوو و کردوبوویە شانی خۆی. بۆ ئەوە کەمتر ماندو بێت و باریشی سووک ببێتەوە. ئارێزیش کۆڵەپشتیەکەی و رەختەکی هەڵگرتو بوو.

سیروان سەرنجی چنووریدا. لەرێ رۆیشتنیدا هەستی کرد لاقی ئیتر باش نایکێشێ. وتی: من پێم باشە بەجێ ئەوە لە سەر کەم خێرای رۆیشتنی کارەوانەکە بە سەر پێیەوە راوستین. لەلای چۆمەکە ماوەیەک بحەسینەوە و پێمان بشۆرین تاکوو بووژێنەوە.

چنوور: دەم خۆش کاک سیروان! ئەمن لە مێژە دەمەویست پێتان بڵێم، بەڵام پرکێشیم نەکرد. خۆ ئەو خەڵکە ناجووڵێنەوە.
سیروان: بەدوای مندا بێن ئەوسا بەقەراخی ئاوی چۆمەکەدا رۆیشتن تا لە ژێر سێبەری چەند دار بییەک دانیشتن. پێڵاوە و گۆرەوییەکانیان دەرهێنا و لاقیان خستە نێو ئاوی وەکوو تەرزەی چۆمەکە.
چنوور: کاک سیروان دەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟
سیروان: فەرموو چنوور گیان هەر پرسیارێک یان هەر کارێکت هەیە بە برا و هەڤاڵی خۆت بڵێ. حەزدەکەم لەتەکما شەرم نەکەی و من بە نامۆ نەزانیت.
چنوور: سپاس! ئێوە تەنیا کەس و کاری منن. پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا ئێوە هەستان بەوە کرد کە من بە زەحمەت پێم بە سەر رێگاکە دەنا؟
سیروان: ئەرێ خانم گوڵ! بەداخەوە درەنگ ئاوڕم دایەوە و سەیری دوام کرد. ئەگینا زووتر ئەم کارەمان دەکرد. لەوانەیە پێت کوترابێت یان بلۆقی کردوبێت؟
چنوور: پەنجەی پیم بلۆقی کردوە.
سیروان: پێتم پێ پیشان بدە بزانم لە چەند لاوە بلۆقی کردوە. کە چنوور پێ لە ئاوەکە هەڵبڕی و پیشانیدا سیروان دوو بلۆقی لە نێوان پەنجەی پێ راستیدا دی، و وتی: چنوور ئەم دوو بلۆقەیە کە ئازارت دەدا و ئاو لە ژێریدا کۆ بووەتەوە. دەبێ بیتەقێنی تا بتوانی بە ئازاری کمترەوە رێگا بچیت.
سیروان چوو بۆ لای بنێکی تووڕک و یەک دوو دڕکی لە تووترەکە کەندەوە و گەڕایەوە بۆلای چنوور و گوتی: ئێستا ئەو لاقەت بێنە پێشەوە.
چنوور لاقی هێنا پێشەوە و سیروان بە دڕکی تووترەکە پێستی بلۆقەکانی کون کرد و دەستی پێدانا تاکوو ئاوی نێو بلۆقەکانی رژادەرەوە. چەسپی برینی لە کۆڵەکەی دەرهێنا و چەسپی کرد و وتی ئیتر ئەم پێتە مەخە نێو ئاوەکە.
چنوور: باشە سپاس!
ئەوان ماوەی چارەکە کاتژمێرێک لەوێ حەسانەوە. هەرکامیان بەچەشنێ یادی میترایان دەکردو خۆزگایان دەخواست لەلایان ببایە.
چنوور: دەزانم کاک سیروان بۆ تۆ چەند سەخت و دژوارە. لە رووومەتتدا دیخوێنمەوە کە چەندە خەمباری میترای و هەمیشە بیری لێدەکەیتەوە. چارە چیە؟ هیچێ! من هەم بۆ میترا کە دۆستی گیانی گیانمە خەمبارم هەم بۆ ئەوینی ئێوە.
سیروان: چارە نییە دەبێ من و میترا هێدی هێدی بەوە رابێن. فێری دووری لە یەک بێن. ئەمانە کردەوەیەکە کە مرۆڤ پاش ماوەیەک خووی پێدەگرێت. بەڵام مەترسی و خەمی من ئەوەیە کە رۆژێک سیخورێک راپۆرتی بدات و بکەوێتە دەستی مرۆڤ کوژانی کۆماری ئیسلامی ئێران.
ئارام: منیش وەک ئێوە لە رۆیشتنی وا بە پێ پیران وەرڕەز بووم. گەر هێدی و هێواش رێگا بچم وزە و هێزم کەم دەبێتەوە. گەر خێرا بچم وزە و هێز دەگرم.
ئارێز: راست دەکات خۆ شەو نییە و جێگای مەتریش نییە تاکوو بە دوای خەڵکدا بچین و ئاگامان لێیان بێ.
سیروان: باشە من لە بەر ئێوەمە. چنوور گەر دەتوانێت خێرا بێت تا وا بکەین.

چنوور: منیش وا باشتر دەتوانم ڕێگا بچم.

سیروان: باشە ئێستا کە ڕێکەوتین خێرا دەچینە دێ مزرە و لەوێ شتێک دەخوین بۆ فراوین. ئەم ڕێگایە من شارەزام تاکوو دەچین ڕێگاکە هەورازتر و دژوارتر دەبێت.

ئەوان بە خێراییەکی باش ڕێگا دەڕۆیشتن. بەرە بەرە و کۆمەڵ بە کۆمەڵ خەڵکیان بە جێدەهێشت. بەڵام درێژایی کارەوانەکە ئەوەندە درێژ بوو کەلە چەند کیلومیتر تێدەپەڕی. یەک دوو جار بە بۆنەی چنوورەوە وچانیان دا تا گەیشتنە دەراوی دێ مزرە. کە لەلای ڕاستی چۆم و ڕێگاکەدا بوو. لە هەورازی سەختی دەراوەکە سەرکەوتن تا گەیشتنە خوارەوەی ئاوای. خەڵکێکی زۆر لە سەر هەسێڵ و کانیاوی خوارەوەی دێ دانیشتو بوون. لەوە دەچوو کە نێو ئاوییش پڕ بووبێ.

چەند گەنجێکی خەڵکی مزرە ڕێگای ژێر دار تووەکانیان پیشاندا و وتیان: فەرموون خۆش هاتن لە بن ئەو دار تووە دانیشن، خواردنتان بۆ دێنن. ئەمانیش لەوێ ڕوونیشتن.

شنەی شەتاوی بەفراوانی چیای شاخەچەرمگ لە نێو دارستانەکانی ئەو دۆڵەوە دەشنێ و ئارەقی ماندویانی دەسڕێ. ئەمانیش کەوش و گۆرەوییان دەرهێنا بوو. پاش ماوەیەک کەشەفێکی مەزن لە نانی تازە، دۆ، ماست و پەنێریان هێنا لایان. دۆەکە کە ئاوی کانیاوی چیاکان بوو بە تام و تێژی تورش تینۆیەتیانی شکاند. پاش خواردنی فراوین، یەک دوو چایشیان وەبەر کەوت. دوای نیوە کاتژمێرێک وچان قۆمقۆمەکانیان لە ئاوی چایگی کانییەکە پڕ کرد و گەڕانەوە سەرڕێی ماچکە و ئاڵیپینەک.

لە دێ مزرەوە توولە ڕێیەک بەرەو باخچەمریەم لە بناری چیاکانی شاخەچەرمگ و یوسۆسیاوە بەرز دەبووەوە، تاکوو٢٥٠٠میتری لە بەری زریاوە.

میترا بەیانی زوو لە خەو ڕاچڵەکا و سەیری جێگای سیروانی کرد. چاوانی وڵایی و بە وردی سرنجێکیتری دا نەپێخەفەکەی دی نە سیروان. ماوەیەک ڕاما تاکوو هێوەر بووەوە. ئەوسا وەبیری هاتەوە کە دوێنێ شەو سیروان ماڵئاوایی لێکرد. ئای لە وشەی پڕ ئازاری ماڵئاوایی. وەکوو دیوار و سنوور لە نێوانیان دا ئەستور دەبێت. ڕۆژ بە ڕۆژ دوورتر و دوورتر دەبێتەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشا. چاوانی پڕ بوو لە ئەسرین. زوو وەبیری هاتەوە کە بەڵێنی بە خۆشەویستەکەی داوە کە دژی خەم و پەژارە بوەستێت. کرژ بە قۆڵی کراسەکەی چاوانی سڕی، و بانگی لە دایکی کرد و وتی: دایە گیان ئەمڕۆ چ باسە؟

تریفەخان: کچە شیرینەکەم سەرەڕای ئەوە کە دوێنێ شەو خەڵک و پێشمەرگە شاریان بە جێهێشتوە، بەدرێژایی شەو هەتاکوو ئێستا بۆردومانی شار لە جاران چڕ وپڕترە.

میترا رووی لە ماریانۆ کرد و گوتی: ئەرێ ئەمشەو بە دەم خەو و یاوەوە قسەی هەلیت و پەلیتم زۆر کرد؟

ماریانۆ: لێگەڕێ بیری لێ مەکەوە! ئا. لە دوێنێ شەو زۆرتر. من بەس لە وشەی سیروان نەبێت ئێتر تێنەگەیشتم. ڕەنگە کە بڵێم سەدان جار ناوی سیروانت بردووە، درۆنەکەم. شەو منیش ئاواتەخواز بووم کە سیروان لە ئێرەدا بوایە و یارمەتیی بدایە تاکوو ئارامت بگردایە.

میترا هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: خوزگا وا بوایە! بەڵام سیروانی هەژار دوو شەوان بە دیاری منەوە نەنوست و شەو نەخونی کێشا. ئیمشەویش دەبێ بە سێ شەوان کە شەونەخوونی دەکێشێت. ئاخۆ چەندە ماندو بێت؟ ئێستا لە کوێیە؟

دڵنیام لە هەرکوێ بێت بیر لە من دەکاتەوە. خۆزگا دەبووم بە مەلێک بە ئاسمانەوە دەفڕیم و سیروانم دەدی. ئەزانی ماریانۆ من لە چی دەترسم؟ من لە ئەوە دەترسم کە سیخوڕێک راپۆرتم بدات و بەم برینە ناسۆڕ و کەوتەکاریمەوە تۆشی زیندانی رژیم بم. ئیتر نەتوانم سیروان ببینم.

ماریانۆ: تاکوو ئەوان شار بخەنە ژێر ریپی دەستەڵاتی خۆیان ماوەیەک دەخایەنێت. لەم ماوەیەدا تۆ چاک دەبیتەوە و ئەوسا بچۆ بۆ لای سیروان. لە گەڕەکی خۆماندا گەر سیخور نەبێت، کەس راپۆرتی تۆ نادات. ئەگەر بێتوو خەڵک بگرن دەبێ ئەوانەی کە ئامشوی بنکەیان کردوە هەموویان دیل بکەن. دەبێتە دوو بەشی دانیشتوانی ئەم شارە.

کاک میروەیس بە بیانوی نان کڕین رۆیشت بۆ نانەواخانە. تاکوو بزانێ چ باسە. گوێی لە وتووێژی خەڵک گرت. هەرکام باسی شتێکیان دەکرد و وەک جاران باسی بۆردومان مژاری رۆژ بوو. بە گشتی هەواڵ و دەنگوباسەکان وای دەگەیاند کە سەرەڕای چوونە دەرەوەی زۆربەی پێشمەرگە و خەڵکی چەکداری بنکەکان، هێشتا هێزەکانی دوژمن نەیان وێراوە بێنە پێشەوە.

پاش ماوەیەک بە چەند نانی تازە برژاوی سەنگەکییەوە، گەڕایەوە بەرەو ماڵ. چەند هەنگاوێک لە نانەواخانەکە دوور نەکەوتو بوو دەنگێکی بیست کە ناوی دەچڕێت. ئاوڕی دایەوە کاکامەرانی هەڤاڵی و باقی چنوور سڵاوی لێکرد. پاش خۆشدۆشی هەواڵی ساخلەمی میترای لێپرسی؟

میروەیس: برینەکانی زۆر ناسۆڕن. گەر یاوی نەبوایە کە هۆی ئەوەیە چڵکی کردوە، لە گەڵ سیروان و ئەواندا دەچووە دەرێ. سیروانی هەژار ئەسپی بۆ تەدارک دی بوو و دراڤی کرێیەکەیشی دابوو. دوکتور وتی رۆیشتنی میترا لەوانەیە ببێ بە هۆی لە دەستدانی هەر دووڵاقی.

کامەران: زۆر بەداخین بۆ میترا. ئەمشەو تاکوو بەیانی خاسێ لە خەفەتی میترا و چنووردا نەنوست. سیروان مرۆڤێکی باش و بە ئەمەکە. دوێنێ شەو کە بۆ ماڵ ئاوایی هات بۆ لامان  زۆر کز بوو.

میروەیس: ببوورە کامەران ئەوەندە گێژی خەمی میترا بووم، لە بیرم نەمابوو کە چنووریش شاری بە جێهێشتوە. جێگای پڕ بێت، و داوای تەندوروستی و سەرکەوتنی بۆ دەکەم. باسی سیروانت کرد. ئەم ماوەیە وا پێڕاهاتوبووین، ئێستا جێگای لەنێو بنەماڵەکەماندا کەم دەبینین. شەوێکە نەمان دیوە هەمووومان تاسەمان کردوە. هیوادارم لە هەر کوێ هەیە سەرکەوتوو بێت.

ئەوان لە یەکتر جیا بوونەوە کا میروەیس گەڕایەوە ماڵی خۆیان و کا کامەرانیش چوو بۆ نان کڕین.

میترا خەریک بوو سەیری ئالبۆمی وێنەکانی دەکرد. تایبەت ئەو وێنەگەلەی لە تەک سیرواندا گرتو بوو. ئەو نەتەنیا تاسەی ئەوینی خۆی کردو بوو جێگای چنووری هەڤاڵیشی چۆڵ دەبینی. لە جووڵانەوەی روومەتیدا کە سەیری وێنەکانی دەکرد، بەبزەی

سەر لێوانی دەر دەکەوت کە لە ناخی بیرەوەرییەکانی تاک تاکی وێنەکاندا دەژیا. وێنەی سیروانی بە ئالبۆمەکەوە هەڵدەگرت و بە لێوی ئاڵی ماچی دەکردەوە و دەیلاوانەوە.

ماریانۆ: میترا ئەشێ هەر ئەمڕۆ ئەو وێنەگەڵە کە سیروانی تێدایە و تەنانەت چنووریش دەبێت بیشاریتەوە. چۆن تەواوی جاش و سیخۆڕەکانی دوژمن سیروان دەناسن. وێنەی ئەو لە هەر ماڵێکدا پەیا بکەن دەبێت بە هۆی گرتنو ئەشکەنجە. گەر بتەوێ دەتوانم لە شوێنێکی باش وا بیشارمەوە کە خراپ نەبن و دوژمنیش نەیاندۆزێتەوە.

میترا: باشە دڵەکەم! وابکە بیشارەوە با تێدا نەچن. با ئێستا تێروپڕ سەیریان بکەم تا تاسەم لێدەشکێ، ئەوسا هەڵیبگرە بۆم. تێدەگەی لەوانەیە کە زۆر تاسەم کرد داوات لێبکەم کە بۆم بێنیت.

ماریانۆ: مەبەستت تێدەگەم! هەرچەند تێناگەم لە دەردی ئەویندارێت. چۆن من هێشتا توشی ئەو دەردە نەبووم. بەڵام ئەم ماوەیە زۆر شت و وانەی ئەوینداری لە تۆ و سیروان فێر بووم. بۆیە بەدڵ و بەگیان سەری نەوازشتان بۆ دادەنەوێنم و کرنۆش بۆ ئەوینی ئارتا و خاوێنتان دەبەم.

میترا: سپاس! هیوادارم تۆ قەد تۆشی ئەوینی وا نەبیت. چون مرۆڤ دەسوێ و دەپیڕووکێنێت. دەبێت وێنەکان لە هەموو ڕووداوێکی سروشتی بپارێزدرێت. چۆن ئەمانە یادگاری یەکەمین و دوایین ئەوینمە.

ماریانۆ: بەسەرچاوانم! ها دادەگیان بەو دەستماڵە فرمێسکی چاوانت بسڕە. لە بیرتە بەڵێنت بە سیروان دا کە ورەت بەرز بێت و خەفەت نەخویت؟ ئەمن وێنەکان لە نێو دیواری ژێرخانەکەدا دەشارمەوە و بە سەری دا کەچکاری دەکەمەوە.

میترا: بە زەردەخەنەوە وتی سپاس!

بنەماڵەی سیروانیش بە نەبوونی ئەو و ئارام، هەم خەمبار بوون و هەم خۆشحاڵ. خەمبار بۆ ئەوەی کە جێگایان چۆڵ بوو. خۆشحاڵ بۆ ئەوەی کە دوژمن دەستی پێیان ناگات کە لە سێدارەیان بدات. ئەوان پێشمەرگەن و وەکو هەڵۆی چیاکان دەتوانن دوژمنی خۆیان ڕاو بکەن. بە وتەی پێشینیان " مرۆڤ مەلی بێ باڵە، ئەمڕۆ لێرەیە و سۆزی لە یاڵە "

دڵوڤان بۆی ساق نەدەبووەوە کە بۆچی ڕژیم خەڵکی خۆی بۆردومان دەکات یان لە سێدارەیان دەدات. پرسیاری زۆر بوو بەڵام لە وڵامەکان تێنەدەگەیشت. لۆژیک و خرەدی مێشکی بچوک و ئارتای ئەو تێنەدەگەیشت لە بەرژەوەندییەکانی ڕامیاری و ئابووری، یان دەستەڵات و نەتەوەکوژی ڕژیم بۆ چییە. ئەو لە ژینگەیەکی ئاشتیخوازانە و دیموکراسی ئەم ماوەیەی شاری سنەدا پەروەردە ببوو. فێر ببوو کە ڕێز لە بیری خەڵکی دیکە بگرێت. فێری ئەوە ببوو کە ناکۆکی بە شێوەی ئاشتیخوازانە و دوور لە بەرژەوەند خوازی چارەسەر بکرێت.

ئەو لە ژێر دەستەڵاتی دینو ئائیندا نەژیا بوو و نەیدەزانی کەلە شارانی دیکەی ئێراندا کەمایەتیە ئائینییەکان ئازار دەدرێن، ئەشکەنجە دەکرێن یان دەکوژرێن. ئەو بۆ خۆیشی گیانی لە مەترسیدا بوو کە لە کۆمەڵگایەکی سۆنیدا لەدایک بووە و سەرەڕای ئەوە ماناکەیشی نازانێت. ڕۆژێک وەبەر گوللەی ڕیش پانێکی مێشک کوێر بکەوەی تاکوو ویزای بەهەشت بۆ خۆی پێ دابین بکات.

دلۆڤان: ئاخۆ کەی خالۆکانم دەگەڕێنەوە؟ یان ئێستا لە کوێن و چیدەکەن؟
کا ئاریانی باپیری: باوانەکەم تۆ خەمی ئەوانت نەبێت. ئێستا ئەوان لەو چۆم و دۆڵانەی چەم شارن، لە تەقە و بۆنی بارووت دوورن. ئەوان جگە لە پانتای شارەکان نەبێت هەموو کوردستانیان بە دەستەوییە. ئەوان ئازاد و سەربەستن. دەستەڵاتی رەشی رژیم ناگاتە لایان. ئەگەر چەکدارانی دوژمن لە تۆ پرسیاریان کرد هیچ وەڵامیان نەدەیتەوە و لە نزیکیانەوە دوور بکەوە. لە بیرت نەچێت، نابێت سڵاوی دوژمن بکەیت.
ئامێدیا خان: باش بوو کە مناڵەکان رۆیشتنە دەرێ. ئەگینا خەیڵی کاکە ئەحمویەکان شێتیان دەکردین.
ئاریان: خانم تۆ لە دڵی ساکار و دلۆڤانی خۆتەوە سەیری ئەوان دەکەیت. پێتوایە وازمان لێدێنن؟
نا! ماڵمان دەپشکێنن. لێمان دەدەن. کەلوپەلی ماڵمان تاڵان دەکەن. بێگۆمان زیندانیشمان دەکەن. هەر لە ئێستاوە من خۆمم بۆ زیندان ئامادە کردوە. ئەگەر ئەوان ئەم کارانە نەکەن، کەی پاسداری خوێڕی قومی یان ئیسفەهانی ئێمە دەناسێت؟ یان ماڵمان پەیدا دەکات؟ پێشینیان راستیانگوتووە " دار پوازی لە خۆی نەبێت ناشکێت "
رۆڵەکانی ئێمە بوون، نەیانهێشت کەس لە گوڵ ناسکتر بە ئەو خۆفرۆشانە بڵێت. چۆن ئەوان بۆ دابین کردنی دیموکراسی، گیانی خۆیان خستوە مەترسی. ئەوان بۆ فرەحیزبی تێدەکۆشن، و دژی تاکە حیزبی و دیکتاتوری وستاون. هەر چەند کارێکی زۆر سەخت و ئەستەمیان لە بەرە، لە کۆمەڵگای ئێرانێکدا کە مەلا سواری خەڵک بووە و خومەینیش لە نێو مانگدا دەبینن.
خاسێ خانم دایکی چنوور، لە سوچێک دوور لە چاوی منداڵەکانی کزدانیشتوو بوو، و بەتاسەی کچەکەیەوە دەسووتا. ئەمە یەکەمین جارە کە چنوور لە ماڵ و ماڵباتی دوور کەوتوەتەوە. نۆزکی خاسێ بوو و پێکەوە جگە لە دایک و مناڵ دووهەڤاڵیش بوون. خاسێ رۆیشت و چاوانی بە ئاو شۆرد. بۆ ئەوە منداڵەکانی، چاوی سوور و پڕ لە فرمێسکی نەبینن.
خۆشکە لفودوانەکان، زریا و ئاریا پەشێو و خەمباری چنوور، کپ و بێدەنگ دانیشتبوون. تەمەنیان چەند رۆژێکتر دەچووە نێو حەوت ساڵان. ناویشیان لەو خوێندنگە گەڕەکی خۆیان نووسرا بوو، کە چنوور بە منداڵی رۆیشتو بووە ئەوێ. پۆلی یەکەمی دەبستانیان دەست پێدەکا. ئەوان وەکوو هەموو مناڵی ئەم شارە ماوەی٢٧رۆژە دیلی ژێرخان بوون. تەنانەت نەیان توانی بوو منداڵانی هاوسێیەکانیان ببینن. دەنگی ئاژین بوون و لووشەی تۆپباران وا لە سەر رەوان و دەروونیاندا کاری کردو بوو، بە هەر دەنگێک هەڵدەلەرزان.
چنۆی برایشیان زۆری بۆ باوکی هێنا بوو کە رێی پێبدات با بچێ ببێ بە پێشمەرگە. باوکیشی پێدەگوت: رۆڵە گیان تۆ هێشتا چواردە ساڵتە. پێم وا نییە چەک بدەنە دەستی میر منداڵی چواردە ساڵە. خۆ پێشمەرگایەتیش گەمەنییە. ژیانیان هەمیشە لە مەترسیدایە و برسییەتی و شەونەخوونی چاوەڕێیانە.
خاسێ کە هاتە نێو ژێرخانەکە، کامەران سەرنجی نێو چاوانی دا. بزەیەکی گرت و وتی: خاسێ ئەوە قورەت گرتوتەوە کە چاوانت سوور بووەن؟

خۆ هێشتا هاڵە پێنەگەیوە؟
خاسێ بە دڵی کەیلەوە وتی: خاسە وازم لێبێنە. کەی پیاو لە هەستی دایکانەی ژن تێگەیشتوە؟
کامەران: ڕاست دەکەی خانم گیان! دڵی پیاو بەردە. بۆ چنوور پەشێویت؟
کچ کە گەورە بوو شو دەکات و دەچێتە ماڵی هاوژیانی، و ماڵباتی خۆی بە جێدەهێڵێ. ئەم کچەی ئێمەش وەکوو هەزاران کەنیشکی تری ئەم شارە، ئەوینداری شۆڕش بوو. بەسنییە ئەم لە تەک خۆشەویستکەی پێکەوە چوونەتە ریزی شۆڕشەوە.
گەر تەنیا بوایا چی؟ بۆ چنوور هیچێک لەوە خۆشتر نابێت کە لەیەک کاتدا بە دوو ئاواتی گەورەی خۆ گەیشت. دانیشە خەمی ئەوت نەبێت. ئەو خۆی رەزگار کرد. ئێستا دەبێ خەمی خۆمانت بێ لەم زیندانە گەورە و پڕووکێنەرەدا، دەبێ چاوەڕێ ئەشکەنجە و سێدارە بین. تاکاتێک لەگەڵ ئاریز و سیرواندا بێت هیچ خەمێکم نییە، و تۆیش نەت بێت.
کامیران وەکوو هەر باوکێکیتر بە بیانۆی کڕینی نان، پەیجۆری هەڤاڵی تازە و گۆڕانکارییەکانی نێو شار، رۆیشت بۆ نانەواخانە. ئێستا کە بنکەکان نەماون، ئەوێ مەکۆی هەواڵ و دەنگوباسی تازەیە.
نێرگز خانم چێشتی نیوەڕۆی لێنا بوو. مندالەکانی لە سەرخوانی فراوین کۆ کردەوە. شیرین، منالەکانی ئاروین و ئارشینی لە هەردوو لای دەستی خۆی دانا بوون و زوو زوو بە تاسەی ئاریزەوە لە ئامێزیانی دەگرت. هەرکات سەیری نێو چاوانی ئاریوی برای دەکرد کە تەمەنی دە ساڵەیە. شێوەی کاتی توڕەبوون و خەمبار بوونی ئاریزی دەهێنایەوە پێش چاوانی.
ئەوینی دڵسۆز و دلۆڤانیش، وتەکانی ئاریزی وەبیر کەوتو بوو کە وتو بووی " ئەوین تۆ کە گەورە بوویت، کەی ئەویندار دەبیت. کە پێت بڵێم ئەوینی ئەویندار" چاوانی رەش و گەشی تەژی ئەسرین بوو. هەر چەند لە دوێنێ شەوەوە تاکوو ئێستا چەند جار گریاوە بۆ ئاریز.
ئەوین کە دەورییەکانی لە سەر خوانەکەیان دانا بوو، هی ئاریزیشی دانا. باوکی بە گەمەوە وتی: ئەرێ پێم ناڵێت ئەم دەورییەت بۆ کێ داناوە؟
ئەوین: کامە بابا ؟
میران: ئەم دەوریە! ئەوین دەیەویست بە زەردەخەنە بێژێت ئەوە خراپ ژماردومە. بەڵام دڵی پڕ بوو و بە گریانەوە وتی: ئەوە بۆ کاکم دامناوە!
میران: وەرە ئێرە کچم!
ئەوین چووە پێشەوە. باوکی لە ئامێزی گرت و وتی: رۆڵە گیان خەمی ئاریزت نەبێت. ئەو لە بن بەردیش بێت نانی خۆی پەیدا دەکات. خۆ ئەوان لە چۆڵگە و بیاوان، یان لە نامۆییدا نین. ئەوان لە نێو نیشتمانی خۆیانن و مێوانی گەلی خۆیانیشن. ماچی کردەوە و پێگوت کچم ئیتر برۆ فراوینی خۆت بخوە، و بەڵێنم پێبدە کە ئەسرین و فرمێسک بە چاوە جوانەکانتەوە نەبینم.
ئەوین: باشە بابا گیان!

ئاریو سەرەڕای تەمەنی دەساڵەی زۆر تۆخس و هار و هاژ بوو. بە قاقا پێکەنی و وتی: دادە ئەوین گیان، هەر جار خواردن دادەنی بەشەکەی ئابرا ئاریزیش داکە بۆ من. من لە ئێستاوە جێگای ئەو دەگرمەوە. هەم بەشی ئەو، هەم بەشی خۆم دەخوم. تا من لە ئێرەم تۆ خەمت نەبێت.

ئەوین: لاچۆ چڵمن! تۆ جارێک فرەت ماوە کە جێگای ئاریز بگریتەوە. هەموویان پێکەنین، و باوکیان وتی: بەسە تەواوی کەن، و خواردنەکەتان بخون.

دەنگی تۆپارانی شار وەکوو جاران بە پڕوچڕی شوشە و پەنجەرەی ماڵانی دەلەرزانەوە.

دوکتور رەزگار لە گەڵ تارادا هاتن بۆ لای میترا. پرسیاری لە میترا کرد کە شەوی رابردوو باری ساخڵەمیت چۆن بوو؟ ئایا لە گەڵ شەوانی رابوردوو جیاوازییەکی هەبوو یان نا ؟

میترا: نا دوکتورا لەرز و یاوم زۆرتر بوو، و ئێش و ژانیشم لە جاران فرەترە.

دوکتور بە پێکەنینەوە وتی: ئەریَ ئێش و یاوی سیروان بوو یان هی برینەکەت؟

میترا: جاران تەنها ژانی برینی لاقم بوو، بەڵام ئێستا ئێشی زامی دڵیشم هەیە. بەس خۆم دەزانم کە دەردی چەندە گرانە. رووی لە تارا کرد و وتی: رۆژین و مێهری دیار نین؟

تارا: ئەوان دوێنیَ شەو شاریان بەجێهێشت.

میترا بێدەنگ بوو و برینی دڵیشی کۆلایەوە. لە بیری خۆیدا دەیگوت ئەگەر ئەم بوویرە پێش نەهات بایە، منیش شان بە شانی ئەوان و سیروان خەباتی خۆمم دژ بە ئەهریمەنی تاریکی لە دەرەوە درێژە پێدەدا.

تارا بانداژی برینەکەی میترای کردەوە. هەر دوو لاقی هێشتا هەر رەش و شین ما بوو. دوکتور بەئارامی پەنجەی لە سەر برینەکانی دانا. هەندێک زووخاوی زەرد و خەست لە تۆی برینەکانەوە هاتە دەرێ. ئەوسا بە میترای وت: برینەکانت هەر وەکوو دوێنیَ ماوەتەوە. دەرمانەکانت ناگۆڕم. لەوە دەچیَ ئەم دەرمانانە باشتر بن.

تارا برینەکانی بە وردی شوشت و پاشان بە باندی تازە بەستی. دوکتور لە گەڵ کامیروەیسدا خەریکی باس و راڤەکردنی دۆزی رۆژ بوون.

دوکتور لە وتەکانیدا وای دەگەیان کە زۆر نیگەرانە کە تۆشی دادی بێدادی کاربەدەستانی رژیم بێت. لە ئەشکەنجە، زیندان و سێدارە نیگەران بوو. بەتاوانی خزمەت کردن بە مرۆڤی بریندارى ئەم شارە. دوایش دڵخۆشی خۆی دەداوە، و دەیگوت: خۆ من لە گەڵ هیچ هێزێکی رامیاری نەبووم. تاوانی من بەس ئەوەیە کە وەکوو دوکتورێک خەڵکی بریندار و بیَ دەرەتانی دەستی تۆپباران خۆدی رژیمم دەرمان کردوە.

ئەگەریش لە سێدارەم دەدەن با بیدەن، خۆ خوێنی من لە خوێنی ئەم هەموو خەڵکە سوورتر نییە.

کامیروەیس: ئێمە دەیان ساڵە وەکوو هاووەڵاتییەکی دەستی دوو و سیَ لە ئێراندا سەیرمان کراوە. بەدەستەڵاتی رەزاشا، رەگەزپەرەستی فارس گەشەی کرد. لە ئێرانێکی فرە نەتەوەدا ناوی ئێرانیان واتە نیشتمانی ئارییەکان، لە دەرەوەی ئێراندا گۆڕایان بە

پەرشیەن واتە (پارس) (فارس). ئەمە سەرەتایەک بوو کە فارسە نەتەوە پەرەستەکان بە یارمەتی لەشکەری پالەوی دژ بە گەلانی دیکەی ئەم وڵاتە وستان.

هەموو ماڤی نەتەوەکانی تریان پاوەن کرد. ئێستەش هەر ئەو ڕەگەزپەرەستانە دەمو چاو و گوێ مەلاکانن. ئەوان دوێنێ سیخوری ساواک بوون و ئەمڕۆش هی ساوامای کۆماری ئیسلامی ئێرانن. جاران بە لۆکە سەری شۆڕشوانانی وڵاتیان دەبڕی ئێستا بە شیری تێخی ژەنگاوی ئیسلام. واتە هیچ گۆڕانکارییەک نە هاتوە پێشێ. بە پێچەوانە خراپترە.

میترا لە تارای پرسی: تۆ بۆ نەچویتە دەرەوە؟

تارا: تۆ خۆت دەزانی کە دایکم زۆر پیرە. داژیارێکی نییە جگە لە من نەبێت.

دوکتور ڕەزگار ڕووی لە میترا کرد و وتی: ئەمن سۆزی پێش فراوین دێم بۆلات. تۆ دەرمانەکانت هەر وەکوو دوێنێ بخوە. بزانین بارودۆخی شار چی بە سەر دێت. پاشان لە تەک تارادا ماڵئاوایان کردو و ڕۆین بۆ لای بریندارێکی تر.

"هەر وەها رژیم لە دەنگو باسەکانیانیدا رایگەیاندوە کە٢٠میلیارد ریالمان، بۆ ئاوەدانی کردستان تەرخان کردوە" ئەوان لە هەر کاتژمێرێکدا٢٠میلیارد زیان دەگەینە ماڵانی ئەم شارە. لەم دراڤەش 9 میلیونیان داوە بە مەلا هەسەنی و کمیتەی تازەقەلا، بۆ ئاژاوە نانەوە و هەڵخراندنی شەڕی تورک و کورد لە دەڤەری ورمێ."

سیروان و هەڤاڵانی لە گەڵ کۆڕەوی کارەوانەکەدا بە دۆڵێکی تەنگەبەر لە شەقی نێوان چیاکانی شاخەچەرمگ لە لای راستەوە و کێوی کوچکەرەشی نادر، یان دەکەڵی خلیچیان لە لای چەپی ڕێگاکەوە دەرۆیشتن. هەورازی ڕێگاش خێرایی جووڵانەوەی کۆرەوەکەی دابەزاندو بوو.

لە دووڕییانی گزەردەرە بە داوێنی کێوی کوچەرەشی نادەر تێپەرین. گیاو گوڵی سەرڕێ و کروێشکەی پەڵە کەنمەکان لە لاییەکەوە و لۆتکەی بەفرینی چیاکان و خوڕەی جۆگەلەی ئاوی شەتاوان، دیمەنێکی جوان و رازاوەیان بە دۆڵەکە بەخشی بوو.

تیشکی زێوینی قەڵبەزەی ئاوی کانی و شەتاوان بە سەر بەرد و هەڵدێردا، دەیان تاڤگەیان ئافڕاندو بوو. کە سەرنجیان رادەکێشا و چورتە خەوی ڕێبوارانی ماندو و خەواڵوویان بەدەم ڕێگەوە دەرەواندەوە.

ڕێگاکە ئەوەندە بەرز بووەوە تا ئاستی زۆرتر لە دووهەزاروسەد میتری بەرەی زریا. سێبەری چیای کوچکەرەشی نادر دۆڵەکەی لە ئامێز گرت. شنەی فێنک و ساردی بای بان لەیلاخ لە سەر کەلی ئاڵپینەکەوە دەشنێ و بەرەو چۆمی باوەرێز بەتەوەژمەوە دەهات. نە تەنیا ئارەقی ماندوی ڕێبوارانی وشکدەکردەوە، سەرما و مووچڕکی نەرمە لەرزی دەخستە نێو لەشیانەوە.

کزەی سەرمای بەرزایی پتر لە دووهەزار و سەد میتری بەرەی زریا و کزەی بای ساردی لەیلاخ، گەرما و تینی ئێوارەیان تاراندو بوو. کارەوانی کۆڕەوەکە لە دوێنێ شەوەوە تاکوو ترۆپی سەرکەل نزیکی دەیان کیلومیتر ڕێگایان بڕیوە. ڕێگاکەش زۆربەی هەوراز و هەڵدێرە. ئێستا لە سەر کەلەوە تا دێی ماچکەی ژوورگ چەندکیلومیتر ڕێگای سەرەوخواریان لە بەرە.

نشێوی ڕێگا  و سەرمای ئێوارە کارەوانەکەی کرژ و خێرا کردو بووەوە. جار جار ئەوانەی کە لە بێخەوی و ماندوییدا بە سەر پێیەوە و لە کاتی ڕێگا ڕۆیشتندا خەویان لێکەوتو بوو، لە ڕێگەکە لایان دەدا و بە سەر کەند و کۆسپی سەرڕێدا دەکەوتن و لە خەو رادەچەڵەکان.

تیشکی زەردەپەڕی هەتاو لە سەر لوتکە بەردینەکانی کێوی سوڵتانەوە هێدی و بێ دەنگ ماڵئاوایی لە ئەمرۆیش کرد. مانۆیی خەڵک، بێدەنگی ئافراندو بوو. تەینا دەنگی قورواق و بۆقەکانی نێو چۆم و هەسێڵەکان دەهات. هەرچەند لە دێی نزیکتر دەبوونەوە دەنگی سەگوەڕیش بەرزتر دەبووەوە.

ماچکەی ژوورگ، کە گوندێکی چکۆڵەیە، لە نێوان چیای بەردینی سوڵتان لە ڕۆژهەڵات و چیای چوار ملان لە ڕۆژ ئاو ئاوەدانکرابوو. خەڵکی ئەوێ زۆر مێواندار بوون و بە گەرمییەوە هاتنە پێشوازی هەزاران کارەوانچی ماندو، برسی و تینوو.

ئەرکی سەرشانی ئەوان گەلێک زۆرتر لە باوەڕێزی و مزرەیی بوو. ئەو هەزاران کەسە دەبێ خواردنی شێو و جێخەویان بۆ تەدارک ببینن. ئەوەش لە دێیەکی وا چکۆڵەدا زۆر سەختە.

بەرایی کۆڕەوەکە، کە زووتر گەیشتو بووە ئەوێ لە ماڵاندا دابەش کرا بوون.

سیروان و هەڤاڵانی گەیشتنە نێودێ. چنوور لەگەڵ چەند ژن و کچی دیکە کەوتنە ماڵێک و سیروان، ئارێز و ئارام لە گەر دەکەسی دیکە کەوتنە ماڵی کامیزا. ژووری دیواخانەکەیان زۆر چکولە بوو پانتاییەکەی دوو و نیو لە سێ و نیو میتر دەبوو. سێیانزە کەسی تێدا روونیشتن. پاش خواردنی شێو و یەک دوو پیاڵە چای، نیوەی رێبوارن وەنەوزەیان دەبردەوە. ماندویی مەودای دانیشتن و ئاخافتنی نەدا.

ماڵی کامیزا ئەوەندە پێخەفەیان نەبوو کە بەشی ئەو هەموو مێوانانە بکات. ئەوان ژوورێکی دیکەشیان لە ژن و کچ مێوان هەیە.

سیروان و هاوڕێیانی گوتیان ئێمە بە هەر دوو تا سێ کەس بە لێفەیەک دەخەوین. شەش کەسیان سەریان نا پاڵ دیواری لایەکی ژوورەکە و ئەو هەفت کەسەکەی دیکەیانیش سەریان نا پاڵ دیواری ئەم بەری ژوورەکە. وا بوو کە لاقی ئەو بەر دەکەوتە سەر زک و سینگی ئەم بەر و بە پێچەونە.

سەرەڕای بۆنی تیژی ئارەقی گۆرەوی و پێ، لە هەر جووڵانەوەیەکی تاکەکەسیدا، لەقە لە زک و سنگی ئەوبەر دەکەوت. ئەمانە هەموو نەیانتوانی ببن بەکۆسپ و پێش بە خەوی لەشی ماندویی ئەو خەڵکە بگرن. بە وتەی کا بەنگین کە وتی: کوڕگەل ئێتر ناز پەروەردەیی تەواو بوو. هەروا چۆن پێشینیان وتیان ئیسە هاتوەتە دیی. ئەمەسە ئێژن " گەر برسیتە پێخورت بۆچەس، گەر خەوت تێ ژێر سەرت بۆچەس" ئێتر لەمولا ئەشێ کوچک بنە ژێر سەرتان بەجێ سەرین.

سیروان کە چەند شەو بوو بە دیاری میتراوە نەیتوانی بوو بنوێت. ماندویی ڕێگا و بێخەوی ئەم ماوەیە زۆری بۆ هێنا بوو. پاش ماوەیەک بیر کردنەوە لە میترا، خەوی لێکەوت. تەواوی شەو لە خەونیدا لەتەک میترا پێکەوە بوون. ئاروو و خەونەکەی پەرەستاری کردن لە میترا بوو.

وەکوو پەردەی سینەما ئەو ڕۆژانەی کە پەرستاری و ئاگاداری لێدەکرد بۆی دووپات دەبووەوە.
جار و باریش بە لەقەی پێ ئەوانەی کە لەو بەرەوە نوستو بوون لە خەو رادەچەڵەکا و ئەو خەونە خۆشەی لێ تێکدەچوو. سیروان هەموو بیر و هەستی لە سەر خەو لێکەوتنەوە کۆ دەکردەوە. بەشکو دووبارە لە ئاروویدا میترا، ئەوینە بریندارەکەی ژوان بکات و بزەی هەرژی سەر لێوانی دڵڕفێنی بیبووژێنێتەوە. لانیکەم دەردی دووری کەمتر هەست پێبەکات. تاسەی ئەم شەو و ڕۆژەی کە نەیدیوە لێ بشکێت.
نیوەشەو سەرمای کێوستان لەشی شلی ڕۆژی بردەیەک. دەنگی سەگوەڕی نێو دێ، و لووره و هاژەی بای زریان، ئاهەنگی شەویان دەژەند. تەم و مژی داوێنی چیاکان و نێو دۆڵی دەهێنا و وەکوو هەلاج بە ژێ و کەوانەی هێزی، شی دەکردەوە.
سیروان جارێکیان وا بە لەقە لە سەر سینگیان دا و لە خەو ڕاچەڵەکا، ئیدی خەوەکەی تێکچوو. هەستا و چووە بەر پەنجەرەکە و کردییەوە تاکوو هەوای نێو ژوورەکە بگۆڕدرێت. سەیری کرد هەموو دۆڵەکە وەکوو بەفری زستان سپییە. چمەس مژ دۆڵەکەی ئاخنیوتەوە. پاش ئەوەی نێوی ژوورەکە فێنک و خاوێن بووەوە پەنجەرەکانی بەست و خۆی خزاندە نێو جێگاکەی تا سەرخەوێکیتر بشکێنیت. بەشکو ئەوینەکەیشی بێتەوە نێو خەونەکانی. چۆن ئیتر تەنها ڕێگای بینینی خۆشەویستەکەی خەون بوو و بەس.

## بەشی ٢٧

هەینی(ئاناهیتاڕۆژ)٢٦ی گوڵانی٢٦٨٠ی کوردی، ڕۆژی ئەرشتات. ئەرشتاد ناوی ئیزدە کابانی ڕاستی و دروستییە ١٦ی مای ١٩٨٠ی زایینی

---

ئەستێرەکانی ئاسمانی بەرتەسکی دۆڵی ماچکە. هێدی هێدی لە بەر ڕووناکی کازیوەی بەربەیاندا هەڵدەپرووزان، و لە نێو ئاسۆ وئاسمانی ئەرخەوانی چیای سوڵتان و کێوەکانی گوندی ناوگەڕاندا، ون دەبوون. تیشکی زێڕینی هەتاو لوتکەی چوارملانی لە ئامێز گرت، و تاجی فەڕی میترایی ڕۆژی لە سەر نا.
قوقەی کەڵەشێر و بۆڕەی گا، مزگێنی بەیانیان هێنا. سیروان لە خەو هەستا. ئەویش خێرا ئارام، ئارێز و هەڤاڵانی دیکەی خەوەر کردەوە و وتی: دەهەستن ڕۆژ دیسان هاتەوە. ئەرکی ڕۆژانەش دەستان ماچ دەکا. ئێرە دێیە و خەڵک بەیانان زوو لە خەو هەڵدەستن، تاکوو بگەن بە کار و فرمانی ئاسایی خۆیاندا.
هەر سێیان چەک و ڕەختی خۆیان بەست و چوون بەرەو مزگتی ناوەندی دێ. کاتێک ئەمان گەیشتنە ناوەندی دێ، بەگەرمی لەلایەن خەڵکەوە خۆشدۆش کران. لە هەموو کۆڵان و ماڵاندا بە کۆمەڵ خەڵک بەرەو ئەوێ دەهاتن. دیمەنێکی وا فراویرەی ئافراندو بوو، لە نێو دێیەکی وا بچوکدا. سەرنجی دانیشتوانی بەرەو خۆی ڕاکێشا بوو.

سەگەکانی نێودێی ئەوەندە لە خەڵکی نامۆ وەڕی بوون ئیتر وەڕەز و ماندو ببوون، و دەنگیان نووسابوو. لە سەر خۆڵەکۆان و سەربانانداا بێدەنگ وستا بوون یان پاڵکەوتو بوون. بەس بەچاوی زید و گێژو وڕ سەیری ئەو هەموو خەڵکە نامۆیەیان دەکرد. بڕێک لەو سەگانە هێشتا دڵنیا و دەستەمۆی کۆڕەوەکە نەبوون. گەر لە نزیکیانەوە بڕۆیشتبای مۆڕیان دەبردەوە و دەیان مڕخاند. گەر بۆیان بکرا قەپیشیان دەگرت.

هەرکەس گەڕایەوە ئەو ماڵە کە شەو تێدا نوستو بوو، بۆ خواردنی ناشتای بەیانی. وا بڕیار بوو پاش ناشتا هەموویان لە خوارەوەی ئاوایدا کۆ ببنەوە.

سیروان و هەڤاڵانی پاش خواردنی ناشتا لە بنەماڵەی کامیزا سپاس و ماڵاواییان کرد. کوڕە گەورەکەی کامیزا، ژیوار ئەمانی هەتاکوو خوارەوەی دێی ڕەوانە کرد.

ئارێز چاوانی وەکوو دووربینی دەستی نەچیرەوان، لە نێو ئەو فرایرەی خەڵکەدا بە دوای خۆشەویستەکەیدا دەگەڕا. لە دوورەوە چاوی پێکەوت و خێرا بە دوایدا چوو و لە گەڵ خۆی هێنایەوە بۆ لای هاوڕێیانی. چنوور هاتەوە لای ئەمان و سڵاوی لێکردن.

سیروان: سڵاو باوان! چۆنی؟ ئەمشەو توانیت بخەویت؟

چنوور: باشم کاک سیروان! ئەمشەو ئەوەندە شەکەت و خەوم دەهات هەر ئێوارە بۆی نوستم. دەزانی کاک سیروان کێم دی؟ ڕۆژین و مێهری برینپێچەکان کە لەتەک دوکتور ڕەزگاردا دەهاتنە ماڵی میترا. ئێستا دەیان ناسیت؟

سیروان: ئەرێ باشیان دەناسم. ئەوان زۆر کچی باشن. هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم.

چنوور: ئەوان هەواڵی تۆیان دەپرسیو سڵاویان دەگەیاند. ڕەنگە لە نێو ڕێگا بیانبینیت.

سیروان: وایە لە دوێنێیەوە بگرە سەدان هەڤاڵ و ئاشنام دیوە.

چنوور: بلۆقی پەنجەی پام باشترە و بەڵام هەموو ماسولکەکانی لەشم ڕەپ بوون. لەوانەیە کۆڵنجم کردو بێت.

ئارێز: نا کۆڵنج نییە! ئەوە ماسولکەکانت کوتراون. ئەمڕۆ کەمێک ڕێگا بچین، ئیتر نەرم دەبنەوە.

خەڵکی گوندی ماچکەی ژوورگ بەدڵفراوانی و دڵوڤانێکی بێ وێنە، مێوانداری ئەوتۆیان لە ئەم کارەوانە کرد و بە ڕێزەوە تاکوو یەک دوو باخی ئەوپەڕی دێی ئەمانیان ڕەوانە کرد.

ژنانی دێی کە ئەو شۆرە کچ و کوڕانەیان دەدی بە خەمێکەوە دەیان وت: ئای ڕۆڵە بە نازپەروەردەکان! دایکتان بمرێ لەو ناز و خۆشیە کەوتن. ئای من بمرم بۆتان ...

ڕێگای بەرەو ماچکەی خوارگ سەرو خواری بوو و لە تەنیشتی چۆمەکە و لە نێو سێبەری دارستانی قەراخی ڕۆبارەکە تێدەپەڕی. بەگەرم بوونی ژینگەی نێو دۆڵەکە بە تیشکی هەتاو، بەرە بەرە مژەی نێو دۆڵەکەش توایەوە.

زۆربەی خەڵک هەموو لەشیان ڕەپ و کوترا بوو. تاکوو یەک دوو کیلومێترێک ڕێگا بە ئەستەم دەیانتوانی ماسولکەکانی لاقیان بجووڵێننەوە. هێدی هێدی کە گەرم بوون و ئارەقەیان کرد، ئیتر لەشیان نەرم بووەوە و خێراتر دەڕۆیشتن. مەودای نێوان هەر دوو ماچکە، نشیو بوو. پێنج تا شەش کیلومیترێک ڕێگەیان بڕی تا گەیشتنە ئەوێ.

ماچکەی خوارگ لە سەر گردێکی رووتەن لەوبەری دووئاوی چۆمەکە ئاوەدان کراوە. کارەوانەکە لە چۆمەکە پەڕینەوە ئەو بەر، بۆ خواردنەوەی ئاو یان دۆ چوونە نێو دێی ماچکەی خوارگ.

لەم ماوەی وچانەدا بەرپرسیارێکی کۆمەڵە، کۆمەڵێک لە ئەو گەنجانەی کە تەمەنیان لە ژێر هەڤدە ساڵدا بوو، و لەگەل رێکخراوەکەیاندا ئاریکاریان دەکرد کۆ کردەوە. ئارامیش یەکێک لەو گەنجانە بوو. پاش راڤە کردنی تەمەن و بارودۆخی رۆژ، پێیانی راسپارد کە لە ئەم ماچکەیە بمێنەوە. تا لە دەرفەتێکدا بگەڕێنەوە نێو شار بۆ کاری نهێنی کردنی رێکخراوەیی.

ئارام هاتەوە لای سیروان و پرسی پێکرد کە چیبکات؟ ئایا بگەڕێتەوە نێو شار بۆ کاری نهێنی یان ببێ بە پێشمەرگە ؟

سیروان لە دوو دڵیدا بوو. یەک حەزی دەکرد کە ئارام کە تەمەنیی پانزە ساڵەیە، بگەڕێتەوە نێو شار و ئاگایشی لە دایک و باوکی بێت. هەر وەها خوێندنەکەیشی درێژە پێبدات. دوو، مەترسی ئەوەشی بوو کە خۆفرۆشان بیناسنەوە، و توشی ئەشکەنجە و سێدارەی رژیمی بکەن. لە لایەکی دیکەوە تەمەنی بۆ پێشمەرگە زۆر کەمە تاکوو لە گەڵ خۆیدا پێشمەرگایەتی بکات.

ناچار بە بۆنەی بنەماڵەکەیەوە وتی: ئارام گیان تۆ هێشتا تەمەنت نەگەیشتوە ئەو رادەیە کە چەکت پێبدن. ئەگەر بێژیت کە خۆت چەکت هەیە. مەبەست ئەوە نییە کە ناتوانیت چەک هەڵگریت. تۆ٢٦ رۆژان لە سەنگەردا باشترین بریڤانی خۆت پیشان داوە. مەبەست ئەوەیە کەم تەمەن لە نێو دەستووری رێکخراوەدا بۆی نییە بەم چەشنە کارا بێت. تۆ لەوێ واتە لە شاردا بە وریایی کاری نهێنی خۆت بکە و هەم ئاگات لە دایک و باوکمان بێت. لە دوورەوە ئاگات لە میترایش بێت چ باشتر.

دەبێت زۆر ئاگات لە خۆت بێت. بۆ ماوەی دوو تا سێ مانگ ئەوەندە خۆت پیشانی ئەم و ئەو مەدە. تا گرتن و راپۆردانی خەڵک کەمتر دەبێتەوە و ژینگەی بارودۆخی ژیانی خەڵک ئەهوەن دەبێتەوە. لەم دێیە ماڵێکی دوستم هەیە. پێیان دەڵێم کە بە شێوەیەکی ژیرانە تۆ بەرنەوە نێو شار. بەڵام نابێت پەلە بکەی تاکوو ئەوان هەلومەرجەکە بەباش دەزانن. باشە ئارام گیان؟

ئارام: بە نابەدڵیەوە بە سەر وتی باشە!

سیروان و ئارام پێکەوە لە تەک ئارێز و چنووردا، رۆیشتن بۆ ماڵی ناسیاوەکەیان.

کا هەرمان بە چاوانی گەشی ئاسمانی و هیوای بەرینی زریاییەوە. کە سیروانی دیی یەکتریان لە ئامێز گرت. زۆر خۆشهاتنی لێکردن. وتی دەی پاییزەبرا بۆ لێمان بووی بە نامۆ. لەبەر خۆمەوە لێت تورە بووم. هەواڵتم لە ئەو مێوانانە پرسی کە تازە رۆیشتن.

چوار کەسیان کە تۆیان دەناسی وتیان لە گەڵ کارەوانەکەیە. بۆیە لێت زیز بووم و وتم بۆ وا سیروان بێ ئەمەک بووە. ئەگەر نەهاتبای بۆ ئێرە ئیتر لە تەکدا قسەم نەدەکرد.

سیروان: لەخۆت سەخت مەگرە کاهەرمانی بەرێز! ئێمە بە نیازی ماڵی ئێوە تاکوو ئێستا نەچوینە ماڵی کەس. ئارام هەندێک کاری بوو بۆیە وا وە درەنگ کەوتین.

هەرمان: خۆش هاتن سەرچاوان. وەرنە ژووریَ با دانیشین و چاشتانەی بخوێن. بانگی لە کچەکەی کرد و وتی: واژین گیان! قلیانقاوەتونێک بۆ کاک سیروان و هاوڕێیاننی تەدارک ببینە.
واژین: بە سەر چاو باوکە گیان! چاوانی کەسکی واژین میترای هێناوە پێش چاوی سیروان.
دادە نەخشین بە سینییەکی پڕ لە چایی هاتە ژوورەوە و لەتەک سیروان و هاوڕێیانیدا بەگەرمی خۆش دۆشی کرد و گوتی: ئەیەڕۆ ئارامم نە ناسی بێچاوی بێت چەندە گەورە بووە. پاریَ کە هاتم بۆ ماڵتان میرمنداڵێک بوو و ئێستا پیاوێکە بۆخۆی.
سیروان: وایە نەخشین خانم! کات خێرا تێپەر دەبێت. هاوین ئارام دەبیَ بە شانزە ساڵ. راستی واژین تەمەنی چەندە؟
نەخشین: کەنیشکەکەم ئیتر گەورە بووە و خوازبینیشی فرەس. نەورۆزمانگ پانزەی پڕکردەوە.
سیروان: کاهەرمان نەکەی وا واژین بە تەمەنی ژێر هەژدەساڵدا بدەی بە شو. پەلەی لێنەکەی تاکوو باش پێدەگات.
لەم کاتە واژین هاتە ژووریَ بە کەشەفێکی گەورەی مسی کە خواردنی لە سەر نا بوو. سەیری سیروانی کرد و وتی: من پەلەی مێرد کردنم نییە! دایکمە ئێژێت باشترە کە زوو بچیتە ماڵی بەخت. بەڵام من پێم وتوە جارێک کەم تەمەنم و ئەگەر تووشی خەسو وخەزورانی خراپ بم چیبکەم؟
هەرمان: خەمت نەبیَ کچەکەم تاکوو خۆت هەست بەوە نەکەی کە کاتی هەڵبژاردنی هاوسەرە، کەس بۆی نییە پەلەت لێبکات.
سەرخوانەکە لە بەرهەمەکانی بەهار رازاوەبوو. واژین جوان و بەدڵی خۆی لە تەنیشتی یەکتر دای نابوون. کەرە، فرۆ ، سۆڵەکە و رۆنەکەرە ،ماست و دۆ لە تەک برساق و کولێرەماژەی  تۆتۆیی و هەر وەها هێلکەوقاورمە.
سیروان پاش خواردنی قلیان قاوەتون، نامەیەکی لەسەر لاپەڕەیەکی زۆر ناسک و تەنک بە هێڵی ورد بۆمیترا نووسی. دوولاپەڕەی لێدەرهات. بەستەیەکی سیگاری ئەشنۆیەی پێبوو. سیروان جگەرەی نەدەکێشا، ئەو پاکەتەش بە مەبەستێکەوە لە گەڵ خۆیدا هێنا بوو. توتونی دوو جگەرەی خالی کردەوە و بە سەرخۆ و بە وردی لاپەڕەی نامەکەی لوولە کرد و ئاخنییەوە نێو کاغەزی جگەرەکان. ئەوسا تا جێگا بوو توتونی کردەوە نێو جگەرەکان. پاشان تێکەڵی جگەرەکانی نێو پاکەتەکەی کرد و دای بە هەرمان و وتی: کاکە گیان! ئەم پاکەتە جگەرە لای خۆتەوە هەڵگرە.
خۆ دیت چی تێدایە؟
خۆت یان هەرکەسێک کە جێی متمانەیە، ئەم پاکەتەی پێبدە. کە بیبا بۆ شار و بیدا بە باوکم. ئەویش بیدا بە دەزگیرانەکەم. ئەگەر ئەوکەسەی کە دەچێت بۆ شار بە تەمەن بێت زۆر باشترە. چۆن دڵنیام دوژمن لە سەر رێگاکاندا پشکنینی زۆر دادەنن.
هەرمان: خەمت نەبێت! کە بیستمان خەڵک دەتوانێت ئامشوی شار بکات، تایبەت بۆ کاری تۆ باوکم دەنێرم بۆ ماڵتان کە پەیامەکەت بگەیێت.
سیروان: کا هەرمان گیان کەلێکی ترم لێتکەوتوە؟

ئەویش ئارام لای خۆتانەوە راگرن تا هەندێک بارودۆخی شار هێمن و هەر وەها هاتو چوو کەمێک ئاسایی دەبێتەوە. ئەوسا بە شێوەیەکی ژیرانە ئارام بەرنەوە نێو شار. بۆ ئارام پەلە مەکەن بەڵام بۆ نامەکەم تاکوو بۆتان دەکرێ زووتر باشترە.

کاهەرمان: سیروان گیان ئەوە کەل کەفتن نییە! ئەوە ئەرکی دۆستایەتی و شۆڕشگێڕی منە. دڵنیا بە ئەو کارانە بە ژیرانە جێبەجێ دەکەم.

نەخشین خانم: ئارام گیان ئێرە ماڵی خۆتانە. ئیتر لە ئێستاوە نابێت شەرم بکەی. وارگەی کوڕم ئەویش هاوتەمەنی تۆیە و ئێستا لە مەزرایە. ئێوارە دێتەوە و تۆیش هەست بە تەنیایی ناکەی.

سیروان: من هەر لە دەوروبەری شاردا دەمێنمەوە. دێم بۆ ئێرە و سەرتان لێدەدەم. وڵامی نامەکەیشم بۆ بێنەوە ئێرە.

کاهەرمان بە قاقای پێکەنینەوە گوتی: ئای لە ئەوینداری! هەروا کوڕگەل ئێژن" دوو ساڵ سەروازی بە هیچ ناوێت، بۆ کەسێک خراوە یاری جێماوێت" وانییە سیروان؟

سیروان: بەراستی دەردێکی گرانە. دەی دادە نەخشین و کاهەرمانی بەرێز، هەروەها تۆیش واژین خانمی دڵۆڤان! دەستان خۆش و ماڵتان ئاوەدان. ئێمە دەبێ بچین تاکوو لە کارەوانەکە بەجێ نەمێنین.

یەک یەک ئارامیان لە ئامێز گرت و رایان مووسی، و ماڵاواییان لێکرد. هەروا هەموو بنەماڵەی کا هەرمانیان لە ئامێز گرت و لەوانیش ماڵاواییان کرد. ئەوسا رۆیشتن بەرەولای کارەوانەکە.

دوایی کارەوانەکە لە دوو پێچی رێگای لای چۆمەکە دوور کەوتو بوونەوە.

کارەوانەکە کە هێز و وزەی گرتو بوو و رێگاکەش نشیو بوو بەخێراییەکی باشەوە رێگایان دەبڕی. رێگاکە لە قەراخی چۆمەکەوە بەرەو گوندی جەورێلان دەڕۆیشت. ئەم بەرو ئەو بەری چۆمی "شۆر" دارستان و مەرزا بوو. دەکیلومێتر زێدەتر رێگایە هەتاکوو دێی جەورێلان.

ئاوی چۆمیشۆریش کە لە کێوەکانی کەلی ئاڵیپینەک و چیای چوارملان و هەروەها چیای سۆڵتان و زەوییەکای باکووری ناوگەڕان سەر چاوەی دەگرێ، زۆر بوو.

چۆمەکە بە تەوژم و خوڕ کەفی دەچەراند. رۆبارەکە لە خوارەوەی جەورێلان و لە دۆڵێکی تەنگەبەردا، دەرژا نێو ئاوی رۆباری قشلاخ واتە سیروان.

سیروان لە خەمی میترادا، ئارامی لێبڕابوو. گێژ و وڕ لاقی بە دوای کۆڕەوەکەوە دەڕۆیشت، بەڵام بیر و مێشکی لە ژێرخانەکەی ماڵی میترادا بوو. دەنگی ناڵەی ئێش وژانی خۆشەویستەکەی لە مێشکدا دەزرنگایەوە. بەدەنگێکی ئارام و نزم بۆ خۆی دەیخۆێند: من کۆچەری تۆتۆی زامی نیشتمانم، دەرزیاژنی برژانگی نامۆیی، بە سەردا دەبارێ. من لە ماڵی خۆم تاراوەم و قەفی هاڕەی دیلی، ملی نیشتمانم دەهاڕێ. من ئەوینداری چاوانی گەشی ئازادیم. تیشکی خۆرەتاوی زێڕین، وتریفەی مانگەشەوی زیوین دێنم. تا هەناسەی خەمی زریان، سەمای زوزکی ساردی تۆفی پرشەپۆلی زێی رەشبینی، بڕەوێنم. بەژەندنی رەوتی سەمای سەربەستی، بەتەو و هێزی خۆشەویستی، ئەهریمەنی مەرگ و تەم بتارێنم.

جەوریلان لە سەر لالێژی بەرزایەکدا چێکرا بوو. لە چاو ماچکە ماچکەگەل گەورەتر بوو. دێیەکەش بەرەو باشووری رۆژهەلات و بە سەر چۆمەکەدا زال بوو.
کارەوانەکە بۆ خواردنی فراوین لەوێ مانەوە و خەلکی دلۆڤان و بەرێزی ئەوێ هەر وەک ماچکەییەکان هاتنە پێشوازیانەوە.
تا کارەوانەکە دەگەیشتنە نێو ناوەندی دێ، خێرا بە سەر مالاندا دابەش دەکران.
میر مندالێکی قژ کال و قسەخۆش کە نۆرەی هات بە کوێخای وت: من هەشت کەس مێوانم گەرەکە.
کوێخایش سیروان و ئاریز لە تەک چنووردا، و هەر وەها مالباتێک کە پێنج کەس بوون، لە تەک کوڕە قژ کالدا بەڕێکردن.
سیروان: ئەرێ کوڕی باش ناوت چییە؟
لە ولامدا وتی: من ناوم سەربەستە! مالیشمان ها لە سەرەوەی ئاواییا. باوکم چووە بۆ کار لە مەزرا. بۆیە ئەو نەهاتوەتە بە شوێنتانا.
ئەو بنەمالەیە کە لە گەل سیروان و ئەواندا، بوون بە مێوانی مالی سەربەست. ژن و پیاوێک بوون لە گەل دوو کچ و کوڕێک. ئەوان لە ترسی دڕندەیی ڕژیم پەڕەوازە و تاراوە لە مال و ژیانی خۆیان بوون. پاش کاتژمێرێک وچان و خواردنی فراوین، مالاوایان کرد و لە سەرەوەی دێی و لە سەر رێی حسێن ئاوا کۆ بوونەوە.
ئەمڕۆش خەلکی شاری سنە وەکوو جاران لە ژێر چڕ و پڕی بۆردوماندا، بەبێ پێشمەرگە و خەلکی چەکدار، و بەبێ بریڤانی، بیستوهەفتەمین رۆژی بۆردومانیان تێپەڕاند. سەرەڕای ئەوە هێزەکانی دوژمن، لە لایەن سیخۆر و خۆفرۆشانی موفتیزادەوە ئاگادار کرا بوونەوە. کە پێشمەرگە و چەکدارانی بنکەکان دوو رۆژە شاریان بەجێهێشتوە. بەلام ئەوان وەکوو "ماری گەزتو لە گوریسی رەش و سپی دەترسان" نەیان دەوێرا بێنە نێو شار. بەس بە چەکی قورس و گران شاریان وێران دەکرد و خوێنی ژن و مندالیان دەرژاند.
خیابان و کولانەکانی نێو شار چۆل و هۆل ببوون. هەموو خۆیان لە نێو ژێرخانەکانیاندا حەشار دابوو. لە بەر ترسی بۆردومان و هاتنی هێزی خوێنڕێژی ڕژیم. خەلکی شار ئەمە دوو رۆژە چاوەڕێ گرتن و ئەشکەنجەی دوژمنن. خواردن و خواردەمەنی کەمتر و کەمتر دەبووەوە. مندال و پیران لە بەر کەم بوونی خواردەمەنی کز و بێهێز ببوون. لە بەر تاریکی27رۆژ لە ژێرزەوینەکاندا، رەنگیان زەرد هەلگەڕا بوو.
میترا لە ئێشی برینی ناسۆرێدا لە ناخەوە دەینالاند. لەترسی گرتن و ئەشکەنجە یان سێدارە و تیرباران ئارامی لێبڕا بوو.
بە ماریانۆی برای وت: ئەزانی چییە ماریانۆ؟
بڕیا بە قسەی دوکتورم نەکردبایە، و لەگەل سیرواندا شارم بەجێبهێشتبایە. چۆن ئەگەر لە نێو رێگادا بمردبام، باشتر و خۆشتر بوو تاکوو لە زینداندا لە ژێر ئەشکەنجەی دوژمندا. تۆ نازانیت کە من چەندە ئاواتەخوازی ئەوە بووم، کە رۆژێک وەکوو ئەو هەموو گەنج و لاوە بۆ رەزگاری نیشتمانەکەم دژ بە داگیرکەری چەوسێنەر خەباتم بکردبایە. بە تایبەت لە نزیک و شان بە شانی سیروانەوە.

ماریانۆ: دادە گیان کەم بیری لێبکەوە! گەر بارودۆخی تەندوروستیت باش ببێتەوە، و کەوتیتە سەر پێی خۆت. ئەوسا بچۆ بۆ نێو ریزی پێشمەرگە. ئێژن کە "ماسی هەر کات لە ئاو بگریت تازەیە" .

میترا: تۆ نازانی چەندە بێزارم لە ژیانی نێو ئەم ژێرخانە تاریکە. هەروا بیری لێبکەوە لە وەرزی گەشی بەهاردا، نەتوانی تەنانەت بچیتە نێو حەوشیماڵی خۆت. دەی ئەمە زیندان نییە؟

ماریانۆ: ورەی خۆت مەشکێنە! لەبیرتە کە پەیمانت بە سیروان دا کە کۆڵنەدەی بە ئێش و ژان، خەم و پەژارە یان رەش بینی.

میترا: ئەریَ باشم لەبیرە! ئەگەر بەڵێنم بە سیروان نەدابایە، ئێستە شێت دەبووم. نەمدەتوانی بەسەر ئێش و ئازاری برینەکانم و زامی دڵمدا زاڵ بم. باشە ئیتر باسی ناکەم. ئەمشەویش هەتاکوو بەیانی سیروان لە خەون و ئارووومدا بوو.

چنوور و سەدان کەسیتر، ئەمە یەکەم رێپێوانی وا سەخت و دژواریان بوو لە تەمەنیاندا. بەشێک لەو خەڵکە لە رێپێوانی نێوان شاری سنە و مەریواندا بەشدارییان کردوبوو. بەڵام بارودۆخەکەیان لە گەڵ یەکتر جیاواز بوو. ئەمجارە کەس نەیدەزانی بۆ کویَ دەچێت. هیوای گەڕانەوە زۆر کزە و نادیارە.

سیروان و هاوڕێیانی لە سەرەوەی دێی جورێلان لە سەر کەڵەکە بەردێک روونیشتن و چاوەڕێیان دەکرد تاکوو هەموو کارەوانەکە کۆ ببنەوە.

ئاسمانی ساوی ئەمڕۆ بە دەم شنەی شەماڵەوە پەڵە پەڵە هەوری لە زریای ناقینەوە، دەهێنا. گەواڵ گەواڵ بەرەو رۆژهەڵات و ناوچەی گەڕووس کۆچیان دەکرد. کاتێک پەڵە هەورێک پێش بە تیشکی هەتاوی دەگرت، کزەی با لەشی دەهێنایە لەرزە و سەما.

پاش ماوەیەک راوستان بەرایی کارەوانەکە لە هەورازی پشتی ئاوایەوە بەرەو دێی وسێناوا وەرێکەوت.

هەورازەکە پاش سەد میترێک دەچووە سەر جادەی وسێناوا و شێخ وەجیم کە لە سەر ریزە تەپۆڵکەیەک کێشرا بوو و هەتاکوو گوندی وسێناوا پنج کیلومیتر رێگا دەبوو. ئەم رێگایەش نشیو و سەروخوارایی بوو. بە هۆی نزیک بوونیان لە سەر جادەی سنە دیواندەرە و شیمانەی هاتوچووی دوژمن، هەڤاڵ شوان فەرماندەی کۆمەڵە بۆ پاراستن و ئاگاداری ئەو کارەوانە، چەند دیدەوانێکی هەڵبژارد. کە لە پێشەوە و لە هەردوو لای ریزی کارەوانەکەوە بڕۆن و، ئەو خەڵکە بپارێزن.

سیروان و خەسرەو ئەم بەرو ئەو بەری رێگاکەیان وەئەستو گرت. جادەکە کە نە ئەسفاڵت کرا بوو نە زیخرێژ، لە برِی جێگادا بە ئاوڕۆی جۆگەی هەڵتۆقیوی بەهار ببوو بە قوڕ و شڵپاو. پاش ماوەیەک رێپێوان لە دۆڵێکەوە دابەزینە نێو دێی وسێناوا کە لە نێو دۆڵێکی پڕ لە دارستاندا بوو.

جادەی سنە بۆ دیواندەرە و بیجار وسەقز لە ئەوبەری چۆمەکەوە تێدەپەڕی. کارەوانەکە وچانێکیان لە دێی گرت و بە خواردنەوەی دۆ و ئاو یان چا شەکەتیان دەرکرد.

لە وسێناواوە بەرەو رۆژهەڵات و باشوور، واتە ئەو رێگایە کە ئەمڕۆ ئەمان پێدا هاتو بوون سنووری لەیلاخە و هەروەها لە ئەو بەری جادەکەوە و بەرەو باکوور و

باکووری ڕۆژئاوا، ناوچەی سارالّ دەست پێدەکات. خۆدی وسێناوایش بەشێکە لە چەمشاری سنە، واتە ئاوی چۆمەکەی دەڕوات بۆ سنە.
کارەوانەکە ئەم دێیەیشیان بەجێهێشت. لە نێو دارستانی چۆمەکە و لە هەورازی بەرەو جادەکە سەرکەوتن. بە سەر جادە ئەسفاڵتەکە و لە تەنیشتی چایخانەی سەرجادەدا، بەرەو باکووری خۆرئاوا پەڕینەوە.
ئەمجارە ڕێگاکە تادەهات بەرەو هەورازێکی نەرم دەڕۆیشت. ناوچەکە زۆرتر لێڕەوار بوو و تاک و توک باخێکێکی میوە یان چەند دار بی و چنارێک دەبینرا.
کارەوانەکە هەتاکوو نزیکی دێی گەزانی خواروو، پێنج کیلومێتر ڕێگا بە هەزار ماندویی ڕۆیشتن. ئیتر لە ئەو دێیەدا لایان نەدا و درێژەیان بە ڕێگادا. تا کات تێدەپەڕی کارەوانەکە هەستی زۆرتر بە ماندویی دەکرد. وای لێهات بەتاک و کۆمەڵ لە قەراخی ڕێگاکەوە خەڵکی شەکەت ڕاکشان یان ڕوونیشتن. خێرایی ڕۆیشتنی کارەوانەکە زۆر دابەزی. تیشکی بەهێزی هەتاو سەرلووت و نێوچاوانی هەندێک کەسیان سووتاندو بوو.
پێنج کیلومێترێکی ڕێگا تا گەزانی ژووروو هەرچەند هەوراز و نشێوی وای تێدا نەبوو، بەڵام بۆ ئەو خەڵکە ماندوە کە دووڕۆژ و شەوێکە بە ڕێگەون زۆر ئەستەمە.
هێدی هێدی سێبەری چیای شێخ مارف بەلۆتەکی بەفرینیەوە و بەرزای٢٨٩٥میتر لە سەر ئاستی بەرەی زریاوە، کارەوانەکەی لە ئامێز گرت. لە ئاکامدا کارەوانەکە پاش بە جێهێشتنی دووڕێیانی باینچو، دوای ماوەیەک گەیشتنە گەزانی ژووروو.
کارەوانی ماندو بە شەڵە شەڵ و یارمەتی داردەست، بە لێوی ناسکی ژینگەی شارەوە کە لە بەر گەرمای هەتاو و وزەی با شەقی بردوبوو و خوێنی لێدەتکا. یان سەر لووت و گۆنای لە گوڵناسکتری کچان و ژنان بە تیشکی هەتاو سوتاو، کە ماندوییان لێدەباری.
بەخەڵک ڕاسپێدرا پاش دوو کاتژمێر وچان و حەسانەوە لە ماڵاندا بێنەوە پێش مزگت و ناوەندی دێی.
سیروان، ئارێز و چنوور هەروەها ڕۆژین بوون بە مێوانی ماڵی کاسوارۆ. خواردنی نان لە گەڵ ڕۆن و دۆشاوی تووی ناو خیە، واتە پێستی بزن یان مەڕیان خۆشە دەکرد و ڕۆن و دۆشاو یان ڕۆن و هەنگوینیان تێدا بە تێکەڵی هەڵدەگرت بۆ زستان. پاش خواردنەوەی دۆەتورشەی ئاوی کانیاو، و یەک دوو پیاڵە چایی گەڕانەوە بۆ بەر ناوەندی دێی.
لەوێ کۆمەڵێک گەنج و لاو کۆ ببوونەوە و کا شوان و سەی ئەیوب خەریکی ڕێکخستنیان بوون.
کاشوان: هاوڕێیان! ئەوانەی کە دەیانەوێ بچن بۆ ئەو شارانەی کە هێشتا لە دەستی پێشمەرگە دایە، وەکوو مەهاباد و بۆکان ... فەرموون وەرنە ئێرە. بەتایبەت بۆ ئەو خانمانە هیچ بەرنامەیەکمان جاری نییە کە ئێستا بیانکەین بە پێشمەرگەی چەکدار. ئەوانیش دەتوانن پاش ماوەیەک حەسانەوە لە ئەم دەڤەرەدا، لە گەڵ کارەوانێکدا بەرەو باکوور بەڕێیان بکەین.
ئەوانەیش دەیانەوێ لەم دەڤەرە بمێنەوە ئێمە بەس دەتوانین لە هێرشی دوژمن پارێزگاریان لێبکەین. چۆن دەژین ئیتر ئەوە بە ئەستوی خۆیانە. ئەو هاوڕێیانەش کە

دەیانەوێ ببن بەپێشمەرگەی کۆمەڵە، فەرمون بێنە ئەوێ، کە بەدەست ئاماژەی بە ئەو شوێنە کرد.
ئارێز: ئەرێ سیروان من چیبکەم؟ خۆ چنوور ئێستا ناتوانێت ببێت بە پێشمەرگەی کۆمەڵە. هەروەها سەرەڕای ئەوە بەرنامەی رامیاری کۆمەڵەمان بە تەوای بە دڵ نییە، بەس لە ڕێبازی چریکەکان و هێزەکانی دیکەمان پێباشترە.
سیروان: گوێ بگرە ئارێز! تۆ نابێت چنوور لەم کاتە هەستیارەدا بە تەنیا بەجێبهێڵیت. ئەو ئێستا لە هەموو کاتێکی دیکە بە تۆ پێویستی زۆرترە. لە گەڵیدا بچۆ بۆ باکوور واتە مەهاباد یان بۆکان بزانین دەبێ بەچی.
با پێشمەرگایەتی گۆڕەپانی شەڕ نەبێت. رەنگە لە نێو بەشەکانی دیکەی جگە لە چەکداری کار بکەن و خۆتان ڕێکبخەن. من پێم وایە پاش ماوەیەک ناچار دەبن کە پێشمەرگەی ژنیش چەکدار بکەن.
چنوور: کاک سیروان راست دەکات! ئەمن حەز ناکەم لە تۆ دوور بکەمەوە. بۆ هەرکوێ بچیت لە گەڵتدا دێم. ئەی تۆ چ دەکەی کاک سیروان؟
لە تەکمانا دیی یان لە دەوری شارادا دەمێنیتەوە؟
سیروان: چنوور گیان! منیش هێشتا رامیاری کۆمەڵەم تەواو بە دڵ نییە، بەڵام لە هێزەکانی دیکەم پێ باشترە و زۆربەی ئەو مرۆڤە دڵسۆز و خەباکارانە کە من دەیان ناسم لە ریزی کۆمەڵەدا خەبات دەکەن. بەهیوام ئەو مرۆڤە باش و خەباتکارانە نەهێڵن کاربەدەستان و ناوەندی کۆمەڵە، ئەم هێزە مەزنەی خەڵکە، لە سەر بڕوای راسڵی خۆیان لابدەن و بیانکەن بە داردەستی بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان.
هەرچەند هەندێک کەس لە ناوەندی کۆمەڵە، لەدڵی شۆڕشەوە گەشەیان نەکردوە. کۆمەڵێکی رووناکبیر و دەستو پەنجە سپین. ئەو چەشنە مرۆڤانە لە تەنگانەدا زوو خۆیان ون دەکەن و کۆڵ دەدەن.
ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە مرۆڤی باش و شۆڕشگێریان زۆر تێدایە. ئێستا لێیگەڕین هەر چی زۆرتر باسیان بکەین مەودای بیر و باوەر تەسکتر دەبێت. ئەم دوو سێ کەسە کە لە ئێرە بەرپرسیارن مرۆڤی باشن و جێ رێز و متمانەن، و هاوڕێی چەندسالەی منیشن. هەرچەند لە چەند میتری کۆمەڵەوە، ڕێخراوەی چریکەکان خەریکی رێکخستنی لایەنگیرانی خۆیانن.
من هەر ئێستا دەچمە نێو ئەو پۆلەی کە دەیانەوێ ببن بە پێشمەرگەی کۆمەڵە. کارێک دەکەم لە نزیک و دەڤەری شاردا بمێنمەوە. تا بتوانم پەیوەندی بە میتراوە بکەم. لە دوور و نزیکەوە ئاگام لێبێت، تاکوو چاک دەبێتەوە .
سیروان، ئارێز و چنووری لە ئامێز گرت و تێر و پڕ ماچی ماڵاویی یەکتریان کردوە. دەستەکانی رۆژینی گووشا و لە ئامێزی گرت و ئەوسا پێگوت: دووبارە سپاس بۆ ئەوەی لە دەرمان کردنی میترادا زەحمەتت کێشا. هەروا بۆ ئێوەش ئاواتەخوازی ژیانێکی باشتر و پڕ لە سەرکەوتتان بۆ دەکەم. بەداخەوە هێشتا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پێشمەرگەی ژن باو نییە. دڵنیام بەم زووانە دەبێت و ئێوەش دەگەنە ئاواتی خۆتان. بۆ دوا جارە رووی لە ئارێز و چنوور کرد و وتی: لە بیرتان نەچێ نامەمم بۆ بنووسن و ئاگاتان لە یەکترین بێت.

سیروان پاش چەند ساڵ دۆستی و هەمیشە پێکەوە بوون، ئاریزیشی بەجێهێشت. بەیانیش ئارامی برای بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە لە ماچکە بەجێهێشتبوو. هەروا چنووریش کە بۆن و بەرامەی میترای بۆ زیندو دەکردەوە، ئەویشی بەجێهێشت. بە هەموو گیان و دەروونی، هەستی بە تەنیاییەکی ئەوتۆ دەکرد. بەبێدەنگی و بە دەروونی پڕ لە خەم، چاوەڕێ بوو تا لەتەک هەڤاڵانی تازەیدا بەرەو گوندی ئەفراسیاو وەڕێ بکەون.

سیروان بە کۆڵێکی پڕ لە خەمی ئەوین و تاسەی میترا و دوور لە ماڵباتی خۆی سینگی کرد بە قەڵخان بۆ جیهانێکی نوێ و خەباتێکی نوێ. بە هیوای سەرکەوتنی گەلی چەوساوە و رەزگاری نیشتمانەکەی لە ژێر چەپۆکەی دوژمنی داگیرکەری پاشەڕۆ.

ئەو بە هەنگاوی بەهێز و دڵی پڕ لە ئاوات بۆ خەبات، بەرەو چارەنووسی نادیار رۆیشت. لە نێو تیشکی زەرد و سووری خۆرئاوادا لە چاوانی ئاریز و چنوور ون بوو.

سیروان لەبەر خۆیەوە بەپچە دەیگوت: دڵی من و بالآی چیاکان، پڕ لە خەم و تەمە. ئەوان دەردی هەزران ساڵەیان لە دەروونا قەتیسماوە. منیش بە تەنیاییەکی بێهاوتا. چیاکان وا چنگیان لە ئاخی نیشتماندا هەڵپێکاوە، تاکوو داگیرکەران نەتوانن سەربەرزییان لێی بستێنن. بە لوتکەی بەرزتر لە هەوران، تیشکی هەتاو رادەمووسن. ئامۆژی رێی خەباتن بۆ رێبوارێکی وەکوو من.

منیش دەتپارێزم رووگەی ئەوینم. لە کەماجاڕی سارآڵ بێت یان جەنگەلی چاوانت، گوڵی هیوات بۆ دێنم. لە ژێر پەڵکە زێرینەی رۆژی ڤەژین، وەک کەرویشکەی پەڵە گەنم، چین چینی پرچت دادێنم. ئیتر گڕی خەمی ناخم، دەکەم بە سکڵی ئاگر. دڵی داگیرکەری پێ دەبرژێنم.

دەتپارێزم ژینگەی ئەوینم. خۆشتم دەوێ وا دەتپەرەستم ئەی هەتاوی ژینم. رۆژێک دەگەڕێمەوە خۆشەویستەکەم، ئێوارەیەک لە نێو گۆمی مەنگی زێرینی خۆرئاوادا. لە نێو شنەی شیبای فێنکی خۆشەیستیدا.

ئاریز و چنووریش لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆری خەڵکی تاراوە، کە رێبواری رێی باکوور بوون، تاکوو رۆژی کۆچی کارەوانەکەیان لەو دەڤەرە مانەوە.

میترا کە لە نێو ژێرخانەکەیاندا وەڕەز ببوو، بە دایکی وت: دایە گیان مێهرەبان بە! بە رەوڕەوەکە بمبە نێو حەوشێ. قەێناکات بۆردومان هەر درێژەی هەیە. با نەختێ لە ژێر گزنگی هەتاودا دانیشم و تینی بوژانەوەی هەست پێبکەم.

دایکی ئەوی بردە لای ستێرەکەی نێو حەوشە. میترا سەیری زەردەپەڕی ئێوارەی دەکرد وگوتی: ئێوارەیە و دیسان خەمی دووریت ئەبارێت، دڵی لەرزۆک دوور لە رووگەی ئەوین چۆن بسرەوێت. زواری زامی ئەوین و هەستم، ژی دڵم دەهەژێنێت. ئاخۆ تاکە زەردەوانی خۆشەویستم، لە کوێ زمەگوڵی باهۆز بچنێت؟

سوور دەزانم کە ئێستا سیروان لە هەرکوێ بێت هەست و بیری لە لای منە. بە بینینی هەر گوڵێک دەڵێت: لە توی گزنگی زەردەپەڕی ئێواران، لە ئامێزی تارمایی پرچی شەوان، بەبالی شنەی شەماڵ دەفڕم. چەپکە گوڵی ئەمەکداریت بۆ دێنم. خۆشەیستم!